# ئەودیوی چیا

بەشی دووەم

**زەوی ئاسن و ئاسمان مس**

یەشار کەمال

# ئەودیوی چیا

بەشی دووەم

## زەوی ئاسن ئاسمان مس

شوکور مستەفا

لە تورکییەوە کردوویەتی بەکوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرینی (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

یەشار کەمال
زەوی ئاسن ئاسمان مس – ڕۆمان
وەرگێڕان لە تورکییەوە: شوکور مستەفا
کتێبی ئاراس ژمارە: ٩٩٨
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٥٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٨٠ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
پیت لێدان: کوردستان کەیفی
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
ڕێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

١

حەسەن لە پێشەوە و ئومەخان لە پاشەوە، لە سەرەخۆ بەرەو لێڕەکە دەڕۆیشتن. حەسەن هەردوو دەستی لە باخەڵی نابوو، بەپێشدا کووڕ بووبووەوە. ئومەخان لە یەکبینە سەیری پەنجەکانی پێی خۆی دەکرد.

ورتەیان لێوە نەدەهات. سرک و سڵ بوون لەوانەبوو باڵدارێکیان لەلاڕا لێ هەڵفڕیبا یەکسەر زارەتەرەک بووبوونا، تەیار و پەنجە لەسەر پیتکە. چاویان بەحاڵ دەترووکاند.

دەوروبەر نوقمی ناو بەفر بووبوو. بەفر دۆڵ و شیو و تەپە و تەلانی، دارماڵ پڕ کردبوو. دنیا یەک پارچە سپیایی بوو و هیچی تر. پەڵەیەکی پەڵە ئاسایی چییە، بەسەر ئەم سپیاییەوە نەدەبیندرا. تەنانەت پەڵەی پەڕەوڵێ، مێشێکیش. ڕووی ئاسمانیش تا بڵێی سپی بوو، تەنیا لە دوورەوە، لە باشوور، شینێکی سەوز ئاماڵی گەرمۆکە و نیوەتێن لەسەر لێڕەکانی تۆرۆسەوە دەچریسکایەوە. ئەم ڕوون و ڕەوانییە بەسەر ئەو سپیاییە بێ سەرحەد و سنوورەوە وەک دەسماڵێکی چکۆڵە دەچوو هەڵخرابێ. لە سەرێکیشەوە پیاو کە لەو دوورەوە سەیری حەسەن و ئومەخانی دەکرد سەد سوێندی دەخوارد، بێچووە پەڕەسێلکەن و لە هێلانە کەوتوونە خوار و گرمۆڵە بوون و بۆ فڕین باڵەفڕێیانە.

جا هەتاوێکی بەبەلای وەک هەتاوەکەی چقورئۆوایش لەم سپیاییەی دنیا دەدا و ورشە و ئاورینگێکی ئاواوایش دەنیشێتە سەر بەفر و بەستەڵەکان، چاوت لەبەری هەڵنایە.

هەر پێت هەڵێنابایەوە بەفر و بەستەڵەک قرپوقۆپ شەقی دەبرد. ئومەخانیش و حەسەنیش هەرتک پێخواس، پێ و پلیان سوور سوور

هەڵگەڕابوون، دەتگوت پێ بەسەر ئاسنی سووردا دەنێن و لەبەرئەوە ڕۆیشتنەکەیان زۆر سەیر بوو.

هێشتا بۆ لێڕەوارەکە زۆری مابوو.

حەسەن پاشەوپاش گەڕایەوە، بەڕەقییەکەوە گوتی:

«... بڕوانە. کچێ.».

ئومەخان بەنەرمێکەوە پرسی:

«چییە؟»

حەسەن:

«هەر کە گەیشتینە لێڕەوارەکە و نەگەیشتین...» بێ دەنگ بوو.

ئومەخان پرسی:

«هەر کە گەیشتینە لێڕەوارەکە و نەگەیشتین چی؟»

حەسەن:

«نایڵێم» گوتی. «پەشیمان بوومەوە. ئەرێ، هەر کە گەیشتینە لێڕەکە و نەگەیشتین.».

ئومەخان بەبێ پەرواییەکەوە گوتی:

«جا مەیڵێ، چش... پێی وایە ئەگەر بیڵێ داخوا چ دەقەومێ؟»

حەسەن بەڕەقییەوە پێیدا هەڵکالا، گوتی:

«کوێراییی مردووت دەقەومێ.»

ئومەخان سەیری کرد حەسەن لە شەڕ و گۆبەند دەگەڕێ، کڕ بوو.

«پێت دەڵێم کوێراییی مردووت دەقەومێ، تێ گەیشتی چم گوت؟»

ئومەخان:

«تێ گەیشتم برام، تێ گەیشتم. چ بکەم، مەیڵێ.»

حەسەن بەڕەقترەوە، قیژاندی:

«نایڵێم.»

دیسان بەپێشدا کووڕ بووەوە. گورج دەستی بەڕۆیشتن کردەوە. ئومەخان

بەزەحمەت پێی دەگەیشت. خۆ ماوەیەک بەحاڵێ گەیشت وەخت بوو پشووی هێند سوار بێ، بکەوێ و هەرلەوێ بۆ خۆی بمێنێتەوە. لە پاشان توان و گوڕی بەرەبەرە دایە کــزی و تا دەهات دوا دەکــەوت. هەرچی حــەســەن بوو چۆن دەڕۆیشت هەر لەسەر ئەو تاوە دەڕۆیشت. ڕەوتی خۆی تێک نەدەدا. تا دەهات دوورتر دەکەوتەوە. ئومەخانیش وەنەبێ بڵێ، «ئەرێ حەسەن، نەختێ هێواش، بەپێتدا ڕاناکەم،» دەیزانی بەجێ مابا حەسەنی لە چاو ون دەبوو و چی بەسەر دەهات. هەڵی کــوتایە غــار لە دووی. نەخــتــێکی لێ نزیک بووەوە. دوایی ماندووبوو. دیسانەوە دواکەوت.

شــەوێ بەدەم خــەوەوە ســیــرەی ددانی دەهات. لە خــەونیــدا ڕادەپەڕی، دەیزریکاند. لە پاشانیش تا ئێوارە زاری بەکێرد هەڵنەدەهاتەوە. دەتۆرا، گرژ و مۆن، ئەوەندەی دیکەی خراتر بەسەرهات. ئاکامی منداڵێکی بەم جۆرە بیر بکاتەوە زۆر خراپە. بەزۆری دەردەباریکە دەیکوژی و دەیباتەوە. منداڵێ هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە نە بکا و نە بخوا کار و پیشــەی هەر بیرکردنەوە بێ تێداچووە و کاری کراوە. حەسەن جاران لە یەکبینە گۆرانیی دەچڕی، کەچی ئێستا هەر هیچ هیچ ناڵێ. حەسەن بەجارێ بووە بەدارێکی باریک و بنێس. ئومەخان لە پاشەوە بەترس و لەرزەرە بەدەنگ هات، گوتی: «حەسەن گیان لە دەورت گەڕێم، نەختێ ڕاوەستە، برا شیرینەکەم.» ئەوەندەی بەهێواشییەوە گوت، حەسەن گوێی لێ نەبوو.

«وای برا بەستەزمانەکەم سەری خۆی هەڵگرتووە دەڕوا.»

ها لە پاش چەند، حەسەن ئاوڕێکی پاشەوەی دا، تەماشای کرد ئومەخان دیار نییە. دەبێ کەوتبێتە ناو تەپکەیەکەوە. ددانی چیڕ کردەوە. ڕۆژ بەرە بەرە گەرم دادەهات. گەرماییەک بەلامل و ناوشانیدا تەشەنەی کرد، وەک بیلاوێنێ وابوو. چاوی یەک دوو جارێ ترووکاند، دەستی بەهەنییەیەوە گرت، سەیرێکی کرد. بەفرە بێ سەرحەد و سنوورەکە پەڵەیەکی پەڵە ئاساییی پێوە دیار نەبوو.

بانگی کـرد: «ئومــەخــان، ئومــەخــان.» بانگەوازەکــەی وەک بڵــێی لە ناو تاوێرەکان لە دوورەوە دەنگی دایەوە.

«چیت لێ هات ئومەخان؟»

ئومەخان نووزەیەکی لێوە هات، بەسپیاییی بەفر و بەستەڵەکاندا داغان بوو:

«وا هاتم.»

حەسەن گەڕایەوە، لەسەر تەپۆڵکەیەک ڕاوەستا. ئومەخان لە خوارێ، وەک مێرووێک بەزەوییەوە نووسابوو، وردە وردە دەهات.

«کچێ برۆ، خێراکە، هەی لێ نەبییەوە.»

ئومەخان ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو. هەموو توان و گوڕی بەخەرج دابوو.

کاتێکی گەیشتە لای هەناسەبڕکێی بوو.

گوتی: «کچێ، ئەوە چیت بەسەرهات؟»

ئومەخان:

«پشووم سواربوو».

حەسەن گەڕایەوە، دیسان هەر بەو تاو و گوڕە دەستی بەڕۆیشتن کردەوە و ئومەخان لە دواوە:

«دە نەختێ بوەستە برا شیرینەکەم هەناسەم لەبەر بڕا».

حەسەن ڕاوەستا، چاوەڕێی کرد. وەک تووڕەییەک لەو سەر بەفرە ڕەق ڕاوەستابوو، سێبەرەکەی بەسەر نووکی پەنجەکانی پێیدا دەکەوت.

کاتێکی گەیشتە لای ئومەخان، گوتی:

«بمزانیبا لەگەڵ خۆمم نەدەهێنای. لەگەڵ مێچکان مەکەوە ڕێیان، تووشت دەکا سەد بەڵایان».

کە ئەم قسانەی کرد دەنگی نێر کردەوە، وەک پیاوی پیر دەستی بۆ چەناگەی برد. هەر دەتگوت کوتومت لە چل گەزە ڕیشەی بستە باڵای نێو حیکایەتەکە دەچوو. سەیر ئەوەبوو ئەم حاڵەی حەسەن ئومەخانی زۆر تووڕە دەکرد. هەر کە وای دەکرد، هەر ئەوەبوو شێت و شبر نەدەبوو. پیاو لە داخی

ئەم گەورە لاسـاییکردنەوەیەی هەر ئەوەبوو شـەق نەبا، شـتەکـە دەسکرد بوو، حـەسـەن هەمـوو ڕەوشت و ئاکـارێکی چاک بوو، بەڵام پیـاو ئەمـەی بۆ قـووت نەدەچوو. ئێستـا بەشەڕ بێ... زۆرم لێ پڕە. تا کونەلووتی هاتووە. بەشـەڕ بێ دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکا. خۆ ئەوەی دەبوو لە جەنگاڵستانەکە، بەقسەی خۆی، بیدرکێنێ، نەیدرکاند... ڕێ و ڕاست نەگەڕێتەوە. خۆ لە دەستی دێ! چڵمنی پیسی میزن... شەو نییە کوندەیەک میز نەکاتە ناو جێگاکەی، ناو جێگاکەی بۆنی سـەگی تۆپیـوی لێ دێ. وەخت بوو، بڵێ «مـیـزننن» لەسـەر زمـانی گەڕایەوە.

حـەسـەن، وەک سـمکۆڵ بکا، لە ڕکـان ڕەق ڕاوەسـتـابوو، هەر جـار ناجارێکیش پەنجەکەڵەی بەمەودای تەورە چکۆلەکەی دەستیدا دێنا و بەچۆکدا دەهات. ئەم بەزمە ئومەخانی شێت و هار دەکرد، دەیزانی.

دیسـان چووەوە کلێشـەی پیـاوی پیرەوە، دەسـتـی وەک ئاشـقـە کـەچەڵ لە سەرەخۆ، بۆ لای چەناگەی برد:

«مەکە هاوڕێتیی بێ نامووس و بێ عار لە ئاکامدا دەبی گرفتار».

ئەمەی بەجـۆرێ گوت، بێ سێ و دوو ئومـەخـانی لەگەڵ بەشەڕ دەهات. بەڵام زۆر سەیر بوو. ئومەخان کرکەی نەکرد. یا وەک کرکە نەکا وابوو. چ بەرازێکە، چ بەرازێکە!

«تەنیا بڕۆ، مەکە هاوڕێتیی بێ ئاووڕوو».

چاکە، ئەم ئومـەخـانە گڕی ئاگرە چۆن ئـەم هەموو ڕیسـواکردنەی بۆ قـووت دەچوو؟ وەختێکی تر بووایە، ئەمانەی قەت بۆ قووت دەچوو؟

«ئەوانەی نێرینە نین درۆیان زۆرە».

«داوێن کورتان ئاوەزپووچن».

ئەمـە بەکوشتن دەیکوشت، شێت و شـبری دەکرد. چاوەڕێ بوو. چاوی بە تیز و تەشـەرەوە لە دوور چاوی کچە بڕی. ئومـەخـان هەر ورتەی لێوە نەهات. تەنیا هەر هەناسەیەکی هەڵکێشا و چی تر.

تۆ بڵێی ئەمەیش، ئەمەیش کاری خۆی نەنوێنێ؟

فەرقی بەوە کرد. ئومەخان هەردوو چاوی پڕبوون لە فرمێسک. ئەوەندەی بەزەیی بەکچەدا هاتەوە. یەکسەر لە قسەکانی پەژیوان بووەوە. چوو، دەستی گرت، گوتی: «تۆ خوشکی شیرینمی، ڕۆح و گیانمی. لە قسەکانم پەژیوانم.. بەتۆم نەبوون... لە دڵی خۆمدا گوتم، بزانم دەزانێ ئەو قسانەم لەگەڵ وی نین؟ لەبەرئەوەم گوتن».

ئومەخان دڵی خۆش بوو، گوتی:

«تێ گەیشتم لەگەڵ منت نەبوون. پیاو قەت بەخوشکی خۆی دەڵێ، داوێن تەڕ؟! زانیم بەمنت نین».

حەسەن لەپڕ بەزەییەکەی بووەوە بەتووڕەیی، لە دڵی خۆیدا گوتی: «پیاو خوشکی وەک تۆی هەبێ داوێن تەڕیشی پێ دەڵێ و بەفاڵیشی پێ دەڵێ».

لەپڕ گەڕایەوە:

«یالا، بەس نییە؟ هەناسە نەما، هەمووت هەڵکێشا».

هەر بەو تاوشت و گوڕەوە بەڕێ کەوتەوە.

ئومەخان تەواو پشووی خۆی دابوو. بەفرەکەیش پێ و پلی دەچووزاندەوە. وەدووی حەسەن کەوت.

لە پاش ڕۆیشتنێکی چاک حەسەن هەڵوێستێکی بۆ کرد. ئاوڕێکی پاشەوەی دا. لالا مووی دەکرد. هێندەی نەمابوو تووڕەییەکەی بە ئومەخان بڕێژێ، با ئەو کچەتیوە نزیک کەوێتەوە. جا دەزانێ چۆنی لە لووت دێنمەوە. با ببینێ.

ئومەخان نزیک کەوتەوە. دەیزانی چیی بەسەردێ. بەترس و لەرزەوە هەنگاوی دەنا. حەسەنیش وەک واشەیەک دەچوو خۆی بۆ نێچیر خڕ دابێ.

بەدەنگێکی وەک مەودای کێردی تیژ، گوتی:

«کیژێ ئومەخان». دوایی وەستا، چاوی بەر پێ و پلی ئومەخان کەوت. ئومەخان جلەکانی لە ناو چڵک و قڕێژدا بووبوو بەپەلاس و شڕ و شپڕێو بووبوو، پێ و پلی، سەر نینۆکەکانی وەک پشتی سەرگەڕیان لێ هاتبوو،

سوور سوور هەڵگەڕابوون. کرژ بووبوونەوە.

حەسەن نەرم بووەوە، گوتی:

«یاڵا برۆ، کچێ ئومەخان. کە گەیشتینە لێڕەکە...»

دەنگی، وەک دەستێکی گەرموگوڕ چۆن یەکێ بلاوێنێ، ئاوها بەهەموو ئازای جەستەیدا گەڕا.

ئومەخان هەر سەیری دەموچاویشی نەکرد. حەسەن لە سەیرنەکردنی کچە دیسان تووڕە و جنگز بوو، گوتی:

«کە دەگەینە لێڕەکە...» دەم و پلی بەوپەڕی تام و لەزەتەوە، لستەوە. «کە دەگەینە لێڕەکە... تۆ با بگەینە لێڕەکە! یەکەم کارم...»

ئومەخان هەر بەڕاستی وەڕەز بووبوو، هەر وەختەبوو لە داخان بتەقێ، بەڵام لە یەکبینە پەرێشانی و شڕ و شپرێویی ڕۆژانی دوایی حەسەنی دەهاتە پێش چاو. هەمدیس گوێی نەدایە. بێ دەنگ بوو.

حەسەن کۆڵی خۆی بەکۆڵیدا دا، گوتی:

«کە دەگەینە لێڕەکە».

ئومەخان خەریک بوو تووڕە دەبوو. بیری دەکردەوە: ئێستا دەیلێ، نەیلێ دەتەقێ، شەق دەبا.

حەسەن هات، ڕێک لە بەردەم ئومەخاندا ڕاوەستا، گوتی:

«کە دەگەینە لێڕەکە».

ئومەخان بزەیەکی فێڵبازانەی هاتێ:

«بە من چی؟!»

حەسەن وەخت بوو کاسەی سەری بتەقێ، گوتی:

«تۆ دیارە کە گەورەبووی، دەبی بەداوێن تەڕ».

حەسەن شتێکی کە قەتی چاوەڕوان نەبوو ڕووی دا، ئومەخان بەرانبەری ڕاوەستا، گوتی:

«کە گەورە بووم، دەبم بەداوێن تەڕ، دەبم بەداوێن تەڕێکی وا... داوێن

تەڕێکی وا... هێند جوان!»

حەسەن بڕوای بەگوێی خۆی نەکرد. لە پێشان سەرسام بوو، دوایی قوشقی بوو، حەز لە تێ هەڵدانێکی بەبیر داهات. تێی هەڵدابا یەکسەر دەچوو، بەباوکی دەگوت، باوکیش لەم ڕۆژانەدا تا بڵێی جنگز بوو ئەما جنگز. لالای دەکرد. بۆ ئەوە نەدەبوو توخنی کەوێ، کابرای تاین بەجارێ گڕی ساندبوو. زاری بەکێرد هەڵنەدەهاتەوە. گوتی: «کچەتیو، دەبوا لەبن پێم نابای، بەڵام شوکرانەبژێربە. تۆ با بگەینە لێرەکە...»

دەم و لێوی خۆی لستەوە.

ئومەخان خۆی بێ نەگیرا، چوو بۆ کن برایەکەی، دەستی گرت، گوتی:

«لە دەوری باڵات گەڕێم دە بیلێ، حەسەن گیان، کە گەیشتینە لێرەکە چ دەقەومێ؟»

حەسەن دیسان ملچەملچێکی لە دەم و لەوسیەوە هێنا، بەرەو لێرەکەی تێ تەقاند.

ئومەخانیش لە پاشەوە گوتی:

«دە من نایەم، یا ڕاوەستە، چاوەڕێم کە، یا هەر ئێستاکێ ڕێ و ڕاست دەگەڕێمەوە. دە تۆ ئازای هەنگاوێ بەرەو پێشێ هەڵێنە!»

یەکسەر گەڕایەوە، دەستی بەڕۆیشتن کردەوە.

حەسەن تەماشای کرد، ئومەخان کردی بەڕاست، وا خەریکە دەگەڕێتەوە زاتی نەدەکرد بەتەنیا بچێتە ناو لێرەکەوە، نەیدەوێرا بچێ، جگەرەکێشێ لەوێ بمێنێتەوە.

بانگی کرد:

«دە وەرە باشە، دە وەرە».

«نایەم، دەڕۆم، قسەکانیشت ورد و باریک. یەکە بەیەکەیان بۆ باوکم دەگێڕمەوە. سەرلەبەریان... یەکە بەیەکەیان».

«دە بڕۆ چاوت دەردەهات، جەحەنمت ڕێ بێ، خۆ باوکشم تا بڵێی لە گیانی

خۆی جاڕس و وەڕسە، لە زارت دەربێ، بەم تەورەی دەستم سەرت دەپەڕێنم. دایکی خۆم گابێ، سەرت دەبڕم. دە خێرا وەرە!»

«نایەم».

«تەماشاکە، دوایی هەقم نییە ها! بێم بۆ لات...»

ئومەخان:

«ئاخر تۆ پێم بڵێ کە دەگەینە لێڕەکە چ دەقەومێ، ئینجا دێم».

حەسەن گوتی:

«دە وەرە، یالّا دە وەرە. وەرە ئەوەشت پێ دەڵێم».

ئومەخان گوتی:

«دە بیڵێ،» و ڕۆیشت.

حەسەن هەر بەڕاستی لالا مووی دەکرد. دیسان لە خۆ ڕۆچوو، ملی وەکو کیسەڵ هەڵکێشایەوە نێو قەپێلکی خۆی، دای کێشا، ڕۆیشت.

لە ناوەندی سپیاییە بێ سەرحەد و سنوورەکەوە، وەک پەڵەی ڕەش ڕەش بەبۆشاییەکەوە وەرکرابێ، پۆلێ تەیروتوو بەسەر سەریاندا فڕکەیان کرد.

حەسەن دڵی دەگوشرا. هێند سەغڵەت بوو، هێند سەغڵەت بوو، لە وەسپ و تاریف نەدەهات. چاوە قیچبووەکەی هەڵێنا، هەرچەندی دەکرد پێنج هەنگاوێ برِی بەولاترەوە نەدەکرد. پیاو چۆن بەهاوینان، لە دەشتێکدا لە خەو هەڵدەستێ، بەجارێ چاوی لەبەر هەتاو هەڵنایە و سەرتاپای لە هەتاو دەنیشێ و هەر چەند دەکا و دەکۆشێ لە ژێر باری تیشک و شەوقی هەتاوەکەدا پرزەی لێ دەبڕێ، جووڵەی پێ ناکرێ، لەو سەر زەوییە ناتوانێ ڕاست بێتەوە و هەر چەنیش دەکا چاوی بۆ هەڵنایە... حاڵی حەسەن ئا بەوجۆرە بوو... بەڵام بەزەوییەوە نەنووسابوو، چاوی نەقووچابوو، بەچاوی قیچەوە، بێ ئەوەی سەیری دوو هەنگاو پێشەوەی بەرپێی خۆی بکا، دەڕۆیشت. جار جار، کە بەخۆیدا دەهاتەوە، چاوی هەڵدێنا، تەماشای دەکرد، وردە وردە چاوی ڕادەهات. هەر کە دە خۆشی ڕۆدەچوو، وەک لە خەو بەخەبەرهاتبێ، لە

هەتاوەکە هەڵدەنگووت، ئەمدیو و ئەودیوێکی بۆ دەکرد، دەلەرزی، ڕەتێکی دەبرد، خۆی دەگرتەوە، دوایی دیسان دستی بەڕۆیشتن دەکردەوە.

مەلێ هەیە، بەهەر لایەکدا بجووڵێ ڕەنگێ دەنوێنێ لە سەد تەرزە ورشە و ئاورینگ دەدا...

لە ڕۆخ ئاوان، وەک کونی مار کەندان دەسمێ، کەندی تووش و سەخت، هەڵدێرگەی هەزار بەهەزار، دەیانسمێ و تا دەتوانێ کونان دوور دەسمێ، تا بنی بنەوە دەڕوا و لەوێ هێلانە دەکا. لەبەر کونەکەشیدا گوڵووکێ دەڕوێ. یا گوڵە مێکوک، یا تێروو، یا ژاڵە، یا گەوەنێکی لێ دەڕوێ.

ئەو بێ گوڵووک هەڵناکا. دەبوو یەک لەو مەلانەی بگرتایە. ناگیرێ. مەل، مەل نییە، بەڵای خوایە. بشگیرایە، تەنیا خەلیلە پیری هەبوو بیگرتایە و بەس. خەلیلە پیریش بەجارێ دایە باری پیری. ماڵی کوێرەوە بێ. ماڵی کوێر بوایەوە و بووبوایە بەخۆڵەمێش کابرا. بەڵای سەری ئەم گوندەیە. لەسەر وەختی لۆکە چنیندا، کە لە چقورئۆوا سەروشوێنی کوێر بووەوە، گوندی، سەرلەبەر، وایان زانی مردووە. کوڕەکەشی قورئانخوێنێکی بۆ ڕاناگرێ، قورئانی بۆ بخوێنێ؟

مرێمۆک لە یەکبینە هەڵی دەدایە، دەیگوت:

«نامرێ، کۆڵەکەی نووح لەسەر دنیا دادەکوتێ. قەت دەمرێ؟»

ئەوەی دەیکرد، دەیکرد، بەهەر نرخێ بوایە ئەو مەلە بەورشە و ئاورینگدارەی ژێر زەویی دەگرت. مەلی تاین دەندووکێکی درێژووکەی جوانی بەبریقوباقی ڕەش ڕەشی هەبوو. خەلیلە پیر سەری ئەو مەلەی، بۆ چاوەزار، بەشانی منداڵەوە هەڵدەواسی. منداڵێکی سەری ئەم مەلەی بەشانەوە، بۆ چاوەزار، هەڵاواسرابێ لە چاوی پیس بەدوور دەبێ و ئەوەی پێی دەڵێن چاوی پیس توخنی ناکەوێ.

حەسەن بەبیری دێ، ئەویش سەری مەلێکی دەندووک درێژی لەگەڵ چەند کووژەکەیەکی شیندا بەتەک هێسکی لاجانگی شامارێکەوە بەسەر شانەوە هەڵاواسرابوو. خەلیلە پیر بۆ مرێمۆک بەدیاریی هێنابوو.

گوندییش هەڵیان دەدایە:

«هیزه مرێمۆک وەجاغت کوێرەوە بێ، ئەویش بنیادەمە. نامرێ، هەیە؟»

«ئەوە خەلیله پیره. نه گاڵتـه. ئەو خەلیلـه پیره؟ ئەو بمرێ؟ ئەو له تیـرەی جندۆکەیە. ئەوە بەرازێکە، بێ دین، بێ ئیمان، زاڵم، نەگریس، کوشتنی له هەر چوار کتێباندا بەفەرز گەڕاوە. نامرێ، ئەو چۆن دەمرێ، هاوسێیینه!»

هەر منداڵێکی سەری ئەم باڵندەیەی بەسەر شانەوە هەڵاواسرابێ بەهره و بەشی له دنیا زۆر دەبێ و دەسکورتی و نەبوونی قەت بەخۆیەوە نابینێ. ئەمه قسەی باوو باپیرانه.

باو و باپیران... منداڵ و تواڵ، پارەکە، کاسه سەرێکیان له نێو ئەشکەوته هەلۆرکەی دیتبووەوە. چاوی نەبوو، گوێی نەبوو، قژی نەبوو، بەڵام ددانەکانی، تا بڵێی جوان بوون. زپ و زیندوو، هەر دەتگوت پێ دەکەنێ.

منداڵێک گوتبووی:

«باو و باپیرمان، باوو باپیرمان مردوون».

«حەسەن یەکسەر زەندەقی دەچێ، بیر له مردن دەکاتەوە، ڕۆژێکیان دەڵێ منیش ڕۆژێ دێ، سەرم وای لێ دێ. بەنەمانێکی بەسام و بێ چارەییەکەوە دەگلێ، له پاشان بەبیری دێتەوە که منداڵه و ئەو له کوێ و مردن له کوێ. جارێ زۆری بەبەرەوە ماوە. هێشتا هەرزەکاریەتیی ماوە، هەڕەتی لاوێنیی ماوە. ئینجا وەک خەلیله پیری لێ دێ، دوایی دەمرێ، بەم بیرکردنەوەیه نەختێ دڵی فێنک دەکاتەوە. بەڵام هێشتا هەر بەو دەردەوە دەتلێتەوە. کاسه سەرەکەی هەر له بیر نەدەچووەوە.

له پاشان دەرووی بۆره ئومێدێکی دیکەی دیتبووەوە. پیاو که مرد، چی بەسەر دێ؟ که دەمرێ بەخاکی دەسپێرن. هەموو ئازای لەشی دەڕزێ. کرمی تێ دەدا. تۆپەڵ تۆپەڵ کرمی له چاو دەورووکێن، تا تەڕایی له لەشیدا بمێنێ، کرم تا سەر هێسکانی دەخۆن، له پاشان ڕۆژی قیامەت دێ. قیامەت چۆن هەڵدەستێ؟ بایەک له ستێرانەوە هەڵدەکا. بایەکی توند و قایم. هەر هێندەی چاو هەڵێنی نه ئینسان دەمێنێ و نه هیچ. ئەو بایه کەژ و کێو و هەردە و هەڵەتان ساف له ساف تەخت دەکا. شیو و دۆڵان پڕ دەکاتەوە، هێلکەیەک لەو

سـەری ڕۆژاواوە دانێی، لەم سـەری ڕۆژهەڵاتەوە تەمـاشـای کـەی، بەبتـوونیی دەبینـی. لە پاشـان ئینسـانان وەک کـوارگی سـەوز، هێندەی پەنجـەی زەلامێ هەڵدەزۆپن. ترازووی خـێر و شـەڕ دادەندرێ، گوناهبار بۆ دۆزەخ و بێ گوناهـ بۆ بەهەشت دەڕۆن.

حـەسـەن ئێسـتـا مـێشکی لە بارەی سـەرلەنوێ ئینسـان زیندووبوونەوە و دۆزەخـەوە، لـە بارەی چوونە بـەهەشـتـەوە مـاندوو دەکـرد. مـریەمـۆکـیش زۆر بەئـەشق و شــەوق و ئـاو و تاوەوە باسـی بەهەشـت و دۆزەخی بـۆ دەکــرد. ئەو گـاورە بۆ قــورئانخــوێندن دەشـێ؟ مــەولوودی پـێ دەشێ ئەو بـێ دینـە؟ ئەو گومڕایە لە هەر چوار کتێبان بەدەرکراوە؟».

ئۆزونجــەعــەلیش هەر بەوە ڕادەگــەیشت دەمـی دایکی بـەدەســتی بگرێ و دەیگوت:

«هیـزە وا مــەڵێ دایە، شــەیتــان بەشـەیتـانـی خـۆی دەسـتی لە مـردووان شـوشتـووە، پیاو قسـە بەمردوو دەڵێ؟ مـردوو مـردووە، دایە. مردوو دەسـتی لە هەرچی ئەم سـەر دنیـایە هەیە، هـەڵگرتووە بـۆ گـونـاهـی گـەورە لە خـۆت بار دەکەی؟ پیـاوی مـردوو هـەر چەندە خـراپ بووبێ، هـەرچی خـراپە هەیە دەسـتی لێ هەڵگرتووە و ڕۆیشتووە.»

«خەلیلە پیر نامرێ.»

کـوڕەکەی خـەلیلە پیـر لەو ڕاسـتـانی کـێڵگە لۆکە گـەچۆڕە بۆش و بـەتاڵە مەولوودێکی کرد. گوندی بەگەورە و بچووکەوە، سەرلەبەر، هاتن. مـەولوودەکە ئاشـقـە کـەچەڵ خـوێندییـەوە. وەک گـۆرانـی بڵـێ وای خـوێندەوە. ژنان بۆ دەنگە بەسـۆزەکـەی هـەر ئەوەبوو ئاگریان تێ بەر نەبێ، بوون بەکـەباب. تەنیـا کـەسێ لە گـوند نەچووبوو، ئەویش مـریەمـۆک بوو. مـریەمـۆک لەو سـەر خـۆڵە گـەرمـەی چقورئۆوا چوارمشقی لێی دانیشت. دەیگوت:

«با گـوێم لەو مـەولـوودە جـوانە نـەبێ کـە بۆ ئـەو لە دین وەرگـەڕاوە بەچوار کتێب کوشـتنی حەڵاڵە دەخوێندرێ. باوکـە حـەزرەتی محـەمـەد پێغـەمـبەرمـان ئەگەر دەبیستێ مەولوودە جوانەکەی بۆ خەلیلە پیر دەخوێندرێتەوە، دەهات، لە

گۆڕەکەی هەڵدەستایەوە، تا ئەم ناوانە دەهات، مەولوودەکەی لە دەستی ئەمانە دەستاندەوە... دەیبرد و دەڕۆیشت. جا ئیدی خوامەوخوا چاویان بەمەولوود بکەوتایەوە جارێکی تر...»

لە پاشان هەڵدەستا، دەڕۆیشت. دەنگ و ئاوازی ئاشقە کەچەڵیش ڕاوی دەنا. پەنجەکانی هەر ئەوەبوو بەخوێنی نەدەهێنان، توند توند لە گوێی دەئاخنین، چاوی دەنووقاند، بەو ڕاستانەدا، بەهەڵسوکەوت تەپاوتل دەڕۆیشت، دەنگ و ئاواز لە بری وەی سووکتر بێتەوە هێندەی دیکە گوڕی دەستاند، لە جیاتی ئەوەی دوورتر کەوێتەوە کەچی نزیکتر دەبووەوە.

ڕاوەستا، لەو سەر زەوییە لاڵوپاڵ لێی کەوت، گوتی:

«خوایە، خوای گەورە، ڕزگارم کە، ڕزگارم کە، با کەڵەبابێکی ڕازاوە و بەتەنتەنەت بەگوری و گاوگەردوون کەم. بۆ بێ دینێ مەولوودی ئەم پیاوە جوانەت، ئەو پێغەمبەرەت، ئەو محەمەدەت دەخوێننەوە. دە مەیەڵە ئەو ئاشقە کەچەڵە زمانی لە دەمیدا بگەڕێ، دە زمانی لاڵ کە. دەڕۆستی زمانی ئاشقێکی کەچەڵ نایەی. جوانکەلەکەم؟»

یەک دوو جارێکی دەست بەزەویدا داو بەرزی کردەوە. نێوچاوانە بەئارەقەکەی تۆز و خۆڵاوی بوو.

«دایکە زەوی، ئەو ئاشقە کەچەڵە لە گوناهە هەرە گەورەکان دەکا. زمانی لە دەمیدا بکا بەداری ڕەق. لەگەڵ ئەو خوا جوانەماندا خراپە دەکا. لە هەق ڕدێن سپییەکەم، لە هەق دەموچاو ڕووناکییەکەم خراپەی زۆۆر، زۆۆر دەکا، دایکە زەوی ئەمانە چۆن لە باخەڵتدا دەحەوێنییەوە؟ تۆیەکی هەموو بوویەکت قوبووڵ کردووە. ئەمانە قوبووڵ مەکە... چ دەبێ دایکە زەوی! دەزانم چاکیشیان و خراپیشیان هەموو هەر ڕۆڵەی تۆن. چما هەر پێنج پەنجەکانت وەکو یەکن، هێندێ درێژ، هێندێ کورتن، بەلای تۆوە چ کورت، چ درێژ هەموو یەکن...»

دەنگەکە هەر دێ، هەر دێ...

هەڵستا، پەنجەکانی لە گوێی ئاخنیبوون، هەڕای دەکرد. تا نەگەیشتە دارستانی سەر ڕووبارەکەی قەرەبوجاغێ پەنجەکانی لە گوێی دەرنەهێنان.

دەنگەکە دەهات، بەڵام وانەبوو، کەم بووبووەوە، لەو دارستانە تێ پەڕێ، بەو دۆڵەدا شۆڕبێتەوە... دەنگ ناگاتە دۆڵ.ترووکەی ئومێدێکی لێ بەدیارکەوتبوو.

پەنجەکانی سەرلەنوێ لە گوێچکەی ئاخنییەوە، بەرچاوی ڕەش داگەڕا، ناوەوەی سەری دەیگرماند. هەر لە دارستانەکە وەرسووڕایەوە و بەدۆڵەکەدا شۆڕبووەوە پەنجەکانی کێشایەوە. ڕۆژ چۆن لە پاش لەنگێزە بارانێکی تاریک هەڵدێ و دەشت و دنیا لە تیشکەوە دەپێچێ، تیشکێکی شەوق نماوی ئاواوا دەشت و دنیای داگرت. چ نەما. دەنگەکە بڕابووەوە.

لە ناکاو دنیای بەبۆش و بەتاڵی و بێ سەروسەدا هاتە پێش چاو. خۆزگە دەنگی ئاشقە کەچەڵ نەبڕابایەوە. ئەو لە دین وەرگەڕاوە، بەچوار کتێبان لە ڕەحمەتی خوا بێ بەری بووە خوێندرابا، بۆ بەندەیەکی دیکەی خوا خوێندرابا تێروپڕی گوێ لێ دەگیرا. زیندووی لەدوو نەبووەوە، چ جای مردوو. زیندە بەڵا مردە بەڵا. مرێمۆک زۆری بەزەیی بەخۆداهاتەوە. لاڵوپاڵ لێی کەوت. سەری درینگەی لێوە دەهات. مرێمۆک قەتی حەز لە چۆڵ و هۆڵی و کڕوکپی نەدەکرد. هەر لەبەر هەندێش زۆر لە مردن دەترسا.

دەنگێکی باریک، وەک بڵێی چریکەی لاوژەیەکی زۆر بەسۆز و زاڵە و هەرای قەرەباڵغییەکی بەرگوێ کەوت. ئەمجارەیان گوێی نەئاخنی. ڕابوو، دەستی بەچەپڵە و چەقەنە لێدان کرد و دایە سەما و سووڕدان. وێجا لەولا و لەولای خۆ وردبووەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی، جا چییە، با بمبینن. دەبا زۆر چاکم ببینن. قەت بووە مەولوود بۆ بێ دینێ بخوێندرێ؟»

بۆ دەمە و نیوەڕوانێ بەرەو هەوار گەڕایەوە. مەولوودەکە بڕابووەوە. تووشی بەتووشی ئاشقە کەچەڵەوە بوو. ئاشقە کەچەڵ ویستی گەڕی پێ بکا، بەڵام ئەم خێسەیەکی وای لێ کرد ئاشقەکەچەڵ یەکسەر لە شەڕ پێ فرۆتن و سەر لەسەرکردنی پەژیوان بووەوە.

بۆ قەرەباڵغییەکە هات، لە ناوەندیاندا قوت بووەوە. هەر دەتگوت، یەک پارچە ڕک و تووڕەیی بوو. ڕەگی ملی ڕەپ بووبوو. گوندی لەوە ڕامابوون، داخۆ مرێمۆک چ دەکا. دەستی ڕاستی بەرز کردەوە، لەوەدابوو دای گرێ و

دەست بەقسـان بکا، لاقی لەرزی، شلّپ بەچۆکدا هات. بەدەسـتی ڕاستی لەپی بەزەویدا دا، گوتی:

«شۆخەکەم، سیاخاک، هەیە و نییەکەمان، زەوییە ڕۆشنا کە، لەوانی لێرەن بەکەسیـانم نییە، لەگەڵ تۆمـە، تۆ گوێت لێ بێ. پیاو نابێ هیچ کاتێ تەماشای سەر و فەسالّی ئەم گوندییانە بکا.

بۆ ئەوە نابن نە ئەسپیان بدوێنی، نە سپەیان، نابێ مەرحەبای منداڵیشـیان بکەی. ڕووی دەمم لـە تۆیە زەوییـە شـیـرینەکـەم، زەوییـە بەئـاوەز و ژیرەکـەم، باوکەکەم زەوی، ئـەم گوندییـانە سـەرلـەبەریان فرِیان بەسـەر دین و ئیـمـانەوە نەمـاوە، ئـەی ئەگـەر مـاوە، قـەتیـان مـەولوود بـۆ گـەمـارێکی لـە دین وەرگـەڕاوی بەچوار کتێبان کوشتنی حەڵاڵکراو دەخوێند، قەتیان دەخوێند و دڵی حەزرەتی محـەمەد پێغەمبـەریان، خـۆی جوان و ناویشـی جـوان، لەخۆ دەرەنجـاند. من لە ناو ئەم گوندییانە نەدەمامەوە، بەڵام... پیری پشـتی کوور کردووم، دەنا قەت لە ناو ئەم گوندییانە، لەم کـافرسـتـانییـە دەمامـەوە؟ لەگەڵ تۆمـە، لەگەڵ کەسـێکی ئەم گـونـدە گـەورە و گـرانەدا زار هەڵنـاهێنمـەوە، سـوڵتـانەکـەم، زەوی! من جارێکـی دی بێت و تـا دەمرم، مێرووەکـی مێـروو ئاساییی ئەم گوندە نادوێنم. من لەگەڵ تۆمـە، تۆ گوێت لێ بێ. خـەلیلە پیر نەمـرد، بشـمـرێ مەولوود بۆ ئەو، بۆ ئەو بێ دینە ناشێ بکرێ. گوێت لێ بوو؟ شەهێنەکەم زەوییەکە؟»

عەلی دوور بوو. بەهـەڕاکردن هات زاری دایکی گرت. مرێمۆک زریکاندی.

گوندی گوتیان:

«ئەم مرێمۆکە هـەر بەجارێ هار بووە، گوندی نەما جنێوی نەداتێ.»

«پیر کە هـاربوو زۆر بەرباد دەبێ، هـەر لە کۆنیشـەوە...»

«هـەر لە کـۆنـیشــەوە مـەیلـەو هار بوو، بەڵام ئێـسـتـا هـەر بەجـارێ کـەڵکی بڕاوە.»

مرێمۆک هـەر لە پاش ئەوە ئیدی لەگەڵ گوندی، لەگەڵ مێرووی گوندی ببڕای ببڕای قسـەی نەکرد. زاری لە زاریان نەگەڕا.

ئەو بـاڵندە بەورشـــە و ئاورینگە بەهـەر نرخێ بێ، دەبێ دەردەست کـــەین.

بەدارییەوە هەلاّواسی دوو جاران بەر دەگرێ، لە نێو مەزرای هاوێی بەرەکەتەکەی یەک و پێنج زیاد دەکا... ئاغاکانی چقورئۆوا ئەگەر دەزانن باڵندەیەکی وا هەیە!..

«هەر کە دەگەینە لێڕەکە و ناگەین.»

ئومەخان بە تەوسەوە پێ کەنی:

«هەر کە دەگەینە لێڕەکە و ناگەین.»

ددانی لێ چیڕکردەوە:

دایانە غار. لە دوور هەر دووکەڵ بوو و لە دووکێشی هەموو ماڵێکی گوندە ژێر بەفر کەوتەکەوە نیشتبووە نێو شینایییەکی بەشەوق و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشان و لەسەرەخۆ بەرەو ڕۆژهەلاّت شەپۆڵیان دەدا.

قاتەکانی سەرووی لێڕەکەیش، ئەوەندی چاو بڕ کا، تا چیاکانی تۆرۆس هەڵدەکشان و درێژ دەبوونەوە. هەر نەختێ سەرکەوی. یەکسەر بەمل ئەشکەوتەکەدا دەکەوی. جا کۆشکی پاتشای پەرییان لە پشت ئەم قاتانەی سەرووەوە بوو. دەیانگوت لە پشت قاتانەوە قاتێکی بەرز و بڵیندی دیکە هەیە. کەسیش نەچووبوو، ئەم قاتانەی پشتەوە تاقی بکاتەوە. تەنانەت یاخی و ئەشقیایش زاتی ئەوەیان نەکردبوو بچنە ئەو قاتانەی پشتەوە.

شەوێکیان خەلیلە پیر بۆچی ڕێی لێ ون نەبێ و نەکەوێتە پشت ئەو قاتانەوە... کە تەماشا دەکا لە شوێنێکەوە دوو هەزار سێتار، دوو هەزار بلوێر پێکەوە... ئاهەنگ و نەغمە و ئاواز لە هەزار تەرز، کچۆڵە سەما دەکەن. شایی لۆغانە ئەما شایی لۆغان. دنیا چرا و چراخان. تاوێر و بەرد، دار و درەخت، گیاوگۆڵ، ئاسمان، ڕووی زەوی، سەرلەبەر بوون بەیەک پارچە تیشک و ڕووناکی. سەدان هەزار ئینسان لە نێو تیشک و ڕووناکیدا، سەد تەرزە ڕەنگ دەنوێنن. هەر کە چاویان بە خەلیلە پیر دەکەوێ و ناکەوێ، جۆش و خرۆشێ ڕوودەدا. کچێکی بەژن بڵیند دێ لە پێش خەلیل دەوەستێ، کچە زەردەخەنە و پێکەنینی، ددانەکانی، نینۆکەکانی، چاوی، وەک چرا تیشک داوێن.

کچە دەڵێ:

«بۆچی بۆ ئێرە هاتووی ئەی ئادەمزاد؟»

خەلیلە پیر زمانی تێک دەئاڵێ، دەڵێ:

«ڕێم لێ ون بووە.»

لە درێتی نەگەڕابایتەوە دەتتوانی بێیە نێومان. درییەتییەکەت نەبێ، ئەتۆ پیاوی چاکی، پیاوێکی خاسی. دەنا...»

خەلیلە پیر دەیەوێ یەک دوو قسان بکا، دەمی دەکاتەوە، بەڵام دەنگی دەرناچێ، دەحەپەسێ. کچە دەڵێ «خەلیلە پیر دەستم لێ دەوەشاندی، شان و باسکم وەک ئارد ورد دەهاڕیت، بەڵام بەزەییم بەلاویتدا، بەئازاییەکەتدا هاتەوە. دە چاوت، خێرا چاوت بقووچێنە.»

خەلیلە پیر چاوی دەقووچێنێ. لە پڕ کاتێ بەخۆی دەزانێ لە ئاسمان دەفڕێ و ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد نییە.

کچە دێ، دەڵێ: «چاوت بکەوە.» خەلیلە پیر چاوی دەکاتەوە. تەماشا دەکا لە ناوەندی گوندێیە. بەڵام چی؟! گوندی تاین، وەک ئاسمان برووسکە بدا، سەرتاپا رووناک دەبێتەوە. هەرچی هەیە و نییە، بەئاشکرا دەیبینێ. بەڵام هێنای، لە ناوەندی گوندەکەی دانا، هەر ئەو دیار نییە.

حەسەن گورجێ باوەشێ چڵەداری خڕ کردەوە. ژێر کەمەرکاجێ بەفر نەیگرتبوو، لەوێوە بۆ بن تاوێرێ دەچوو، وەک بڵێی لە ئەشکەوت دەچوو. بن تاوێرەکان، وشکان و خۆڵاوییە. حەسەن چڵەدارەکانی ورد ورد شکاندەوە و لەسەر یەکی کەڵەکە کردن، ئومەخان لەو ناو قاتە چۆڵانەدا نەختێ ڕاوەستا، لەرزی لێ هات. چووبایە بەر هەتاوەکە. هێشتا هەر ناو بەفرەکە چاتر بوو، لەوانەبوو لەرزەکەی لە کۆڵ کەوتبا.

حەسەن چڵەدارەکانی چاک چاک پەستاوت و شقارتەکەی داگیرساند. قوتووە شقارتەکە نرت و نوێ بوو، قووتووە شقارتەیەک بوو، لێواولێو پڕبوو لە دەنکە شقارتە. حەسەن ئەم شقارتەیەی لە کوێ کڕیبوو؟ ئومەخان نەیدەپرسی، بەڵام دەشترسا. فێڵێکی بەبیردا هات.

پرسی:

«تۆ گوتت، هەر کە گەیشتینە لێرەکە پێت دەڵێم ئەم شقارتەیەت لە کوێ کڕیوە.»

حەسەن تووڕە بوو، قیژاندی:

«نەخێر، دیارە زۆرت مەبەستە پێت بڵێم؟ دەبا پێت بڵێم، لە هیچ کوێم نەدزیوە. بەئارەقی نێوچاوانم کڕیوە. برۆ بەباوکم بڵێ. حەز دەکەی برۆ، بەدایکیشم بڵێ، با لێمی بستێنن. منیش ورد و باریک، ئەو سەرە ڕشکنەت بەم تەورە دەپەڕێنم».

ئومەخان پێ کەنی، گوتی:

«من دەزانم ئەم شقارتەیەت لە کوێ کڕیوە».

حەسەن ڕابوو، قیڕاندی:

«دە باشە بزانم، بزانم لە کوێم کڕیوە؟ بەڵام ئەگەر نەتزانی زۆر چاکت دەکوتم. هەر ئەلێرەیش».

ئومەخان شتێ، وەک برووسکە لە مێشکیدا چەخماخەی دا، گوتی:

«ئەدی بەپارەی ئەو داردەستە گەرازانەی بڕیتن، نەتکڕی؟»

حەسەن ئەمەی هیچ لێ چاوەڕوان نەبوو. ئای لەو کیژە دەڵەسەگە زیقەڵەیە. وچانێکی درێژ، کشوماتییەکیان بەسەردا هات. حەسەن دەنکە شقارتەیەکی هەڵایساند، بەچڵەکانییەوە نا، چڵ و چیلکەی تاین یەکسەر گڕی گرت و گەرمایی و تینێکی خۆش ئەوناوەی تەنییەوە. حەسەن هەڵستا، گوتی، «ئای چۆن لە سەرما دەلەرزی ئومەخان». کچەی گرت، وەک بیلاوێنێتەوە، گوتی: «دە هەستە وەرە ئێرەوە، خۆت گەرم کەوە».

ئومەخان چۆکی دادا، حەسەنیش چوو بەتەنیشتیەوە دانیشت. چۆکیان لە لاچۆکی یەکتر دەکەوت.

تاوێرەکان پەڵە پەڵەی سەوزیان پێوە بوون، پەڵەکان تا بەرەو بنەوە دەچوون، گەورەتر دەبوونەوە. دوو شاپەڕی سپی بەتەنیشت یەکەوە لەسەر خۆڵەکە بوون. خۆڵەکە زۆری شۆپ و شوێن پێی جۆرجۆری پێوە دیاربوو. حەسەن

قـەدەرێ لە شـوێن پێیـەکـان ڕاما. شـوێنی پێیـەکان شـوێن پێی کـەو بوون. شـوێنی پێی کـەو دیارە. وەک شـوێن پێی تیـرە باڵندەی تر نـاچێ. کـە پێ دادەگرێ، قورس دای دەگرێ، شوێن پێیەکەی وەکو جێ شەقڵ، شەقڵ دەگرێ. هەر دەڵێی شـوێن پێی خـەرتەلە. هێندەی بەری دەسـتێ پانە. شـوێن پێی چەقـەڵ، شـوێن پێی ڕێوی، هەروەها شـوێن پێی کـەروێشک، بەسـەر خۆڵەپەتانییەوە هەر دەڵێی لۆکەیە پێوەی وەرکراوە.

سەری هەڵبڕی:

«ئومەخان دەزانی؟ بەڵام سوێند بخۆ، بەکەس ناڵێی. دە سوێند بخۆ».

«وەڵڵا بیللا بەکەس ناڵێم».

«دایکم بمرێ بەکەس ناڵێم».

ئومەخان لە ناکاو کەوتە دوودڵییەوە، بیری کردەوە. لە پاشان گوتی:

«دەڵێم، دایکم بمرێ بۆ کەسی ناگێڕمەوە».

حەسەن کـەیفساز بوو. دەموچاوی گـەشایەوە و هەر بەو کەیفسازییەوە مایەوە.

«لەم شقارتەیەم زۆر هەن، نۆی دیکەم هەن. بەداردەستە گەرازەکانم کڕین. لە بڕانەوە نایەن. دە ساڵ، پازدە ساڵی تریش بڕۆم بەشم دەکا، هەر بڕۆ و ئاگر بکەوە، چی تەواوی دەکا».

ئومەخانیش زۆری کەیف پێ هاتەوە، گوتی:

«لەبن نایە، بەشی دە ساڵ، بیست ساڵیش دەکا...»

دەنگی، مەرایی و پشی پشییەکی تێدابوو بۆ حەسەن. حەسەنیش هەستی بەوەکرد، پێشی خۆش بوو.

«هەر کـە هاوین هات... بڕوانە» دارلاسـتیکەکـەی لە بەریکی دەرێنا. «ئەمەشم کڕی. هەر کە هاوین هات بەمە هێندە چۆلەکە دەکوژم».

ئومەخان بۆی هاویشتە سەر:

«زۆر دەکوژی، ئێکجار زۆر».

«بەشقارتە ئاگر دەکەینەوە».

«من توێ توێ و خوێیان دەکەم و دەیانبرژێنم...»

حەسەن:

«خوا دەکا هاوین دادێ. ئەو با دابێ، خوشکە شیرینەکەم».

بەرە بەرە یەکترییان خۆشتر دەویست و خۆشەویستییەکەیان زیادی دەکرد. نە سرکی و سڵۆکییەکەی ئومەخان و نە ترۆ و تووڕەییەکەی حەسەن..

ئومەخان کەڵک لەم هەلە وەرگرتنەی لە دەست خۆ نەدا:

کە دەگەینە لێڕەکە چی چی؟ ئەوە چی بوو حەسەن؟»

حەسەن ئەنگوستەکانی بۆ دەم و لێوی هێنا، گوتی:

«وسـ سـ سـ س! دەزانی من چەند دەترسم... بەڵکو بێ. وا زراوم دەتۆقێ».

ئومەخان چاوە ڕەشە گەورە قووڵەکانی لە دورچاوی حەسەن بڕی. لە شتگەلێ گەڕا. تەماشای کرد حەسەن چاوی پڕە لە ترس.

گوتی:

«منیش هێند دەترسم، زۆر دەترسم زۆر».

حەسەن:

«باوکم هەژارە، ئەویش سەری لێ شێواوە. ئەویش...»

ئومەخان:

«دایکیشم...»

حەسەن:

«نەنە مرێمۆک لە هیچ، هەر لە هیچ هیچ ناترسێ».

ئومەخان بە وەخۆوە نازینەوە، گوتی:

«ئەو ناترسێ».

حەسەن:

«لەگەڵ خەڵکی گونددا قسان ناکا، بەڵام من دەزانم لە ژێرەوە لەگەڵ تۆدا

بەدزییەوە قسان دەکا، وەنییە؟ درۆ دەکەم؟»

ئومەخان گوتی:

«نا هیچ قسەم لەگەڵ ناکا. هەر ئەوەندەیە خۆشی دەوێم. بەچاویدا دەزانم».

حەسەن:

«تۆ مەڕوانە ئەوە، ئەو کە تووڕە نەبێ هەروا دەڕوانێتە هەموو کەس».

ئومەخان خواخوای بوو حەسەن تووڕە نەکا، گوتی:

«لەگەڵ مندا، هەروام تەماشا دەکا، بەخۆشەویستییەوە تەماشام دەکا».

حەسەنیش نەیدەویست لێی هەڵەنگوێ. لە سەرەخۆ بوو. بەهەناسە هەڵکێشانێکەوە گوتی: «بەشکو وابێ، بەشکو بەخۆشەویستییەوە بڕوانێتە تۆ، بەڵام ناترسێ، گوێ ناداتێ، دێ، نایە؟»

ئومەخان:

«من، هەر دەڵێی، یەکێ بەهەردوو دەستی دڵم دەگوشێ، بەڵام چۆن گوشینێ».

حەسەن گوتی:

«با خۆ جوان جوان گەرم کەینەوە، دەمەدەمی عەسر هەڵدەستین سووتەنی خڕ دەکەینەوە، لەگەڵ ڕۆژئاوابووندا دەگەڕێینەوە». دەنگی هێند گەرموگوڕ بوو ئومەخان قەتی وا لێ چاوەنۆڕ نەبوو.

ئومەخان لێوی گەست، گوتی:

«من لەو دێیە دەترسم. بۆ گوندێکی تر... هەر دەڵێی گورگی تێ کەوتووە».

حەسەن دیسان تووڕەبوو:

«بەسە ئیتر، پێم نەگوتی گورگ و مورگ نییە؟ تۆ...»

ئومەخان لەوە دەترسا ئەم نێوان خۆشییەیان تێک بچێتەوە، خێرا خێرا، گوتی:

«نییە حەسەن گیان نییە، من وام نەگوت».

حەسەن ئاوڕێکی پاشەوەی دا. قاچوقولی زەرد هەڵگەڕابوو. شەقار شەقار

بووبوو، زەردێکی بەتەنی سـواغ دراو. ملی درێژ درێژ بووبووەوە. دەمـوچاوی دەتگوت لـە هێسـک و پێسـتـێکی ڕەق و هیـشک بەولاوە چیـتـری پێـوە نەبوو. پێسـتی بەهێسکیـیـەوە نووسـابوو. لێـوی تـەنک و باریک قـرتماخـەی گـرتبـوو. نەخـتـێکیش مـۆر هەڵگەڕابوو. ددانەکـانی سـپی سـپی بریقـەیان دەهات. چاوەکانی گـەورە و ڕەش و گەش. لاجانگی چەپی جێ سـووتاوییـەکی پێوەبوو وەک ڕەگی لامل بەگەردنیدا هاتبووە خوار. دایکی قژی چین چین هەڵپاچیبوو. شـوێن هـەڵپـاچینەکـە دەتگوت جـێی دەمــە برینگە لە پاش بزن بڕینەوە. پەنجـەکانی لە بڕوابەدەر درێژبوون. باریک بوون. پـەنجـەکانی پێـیـشی هەر بەوجـۆرە بوون. حـەسـەن و ئومـەخـان زۆر لێک دەچوون. باریکەلـەییـیـان، دەستیان، چاویان، تەنیا هەر ئەوە نەبێ کە ئومەخان لێوی پڕتر و سوورئاڵتر بوو. کچە دەموچاوی کەم ڕەنگ و بێ حاڵ و خەمناک و زەردێکی کاڵ بووەوەی بەرەو سـپیواش بوو. لێـوە سـوورەکـانی لە ناو ئەم ڕەنگ و ڕووە پەژمـردەیەدا سـوور سـوور، بەبریقـەبریق و بەئاووتـاو بوو. هەر دەتگوت گـوڵووکـێکە لە ناوەندی گەڵای زەرد هەڵگەڕاو و سووتاوی پایزی ئەو هەردەیە پشکوتووە.

«لەگەڵ زەردەپەڕدا لە ماڵەوە دەبین. چەند خۆشە...»

حەسەن دەم و لێوی لستەوە، گوتی:

«چەند خۆشـە، ئێستا دایکم چاوەنۆڕیە، کەوتووەتە مەراقەوە... دەبا بکەوێ پیاو...»

ئومەخان:

«ئەم پیاوە هاتبا و ئێمەیش ڕزگار باین».

حـەسەن لە ئاگرەکە نزیک کەوتەوە، وەک بچێتە ناویەوە، لەبەری دانیشت. ئەمجارە بەتەنیشت یەکەوە نەبوون، بەرانبەر یەک دانیشتبوون. پارچە پارچە، دار و دەوەن، لەگەڵ سوورایی بەشەوقی دار کاژێکدا گڕ و زمانەی کڵپەی ئاگر درێژ دەبوونەوە و دەشکانەوە.

چاویان بڕییە گـڕ و بڵـێسـەکان هەر جارە بەبارێک بەشکڵ و شـێـوەیەک بەدیار دەکەوتن.

گڕ و بڵێسەی دەوەن سەیری هەیە. لە پڕیش نەبێ خێرا دەسووتێ و دەبڕێتەوە کە دەوەنت سووتاند. دەبێ زۆرت لەبەر دەستدا بێ، هەر ڕووی لە کوژانەوە کرد و نەکرد، دەبێ دەسک بەدەسک بەدەمەوەی دەی.

گڕی تاین لە قژی درێژی پەرێشانی کەزیی پەرییەک دەچوو. یەکسەر بەیەکدا ئالا، کوژایەوە. پاش نەختۆکەیێ لە ناو خاک و خۆڵەمێشەکەدا دامرکایەوە نەما. ڕەوە گورگێ... گورگی نواینەیان گوێی قوت کردووەتەوە، سەری هەڵبڕیوە، بەسەر نووکی پەنجەوە دەڕوا. تا چاو هەتەر دەکا دەڕوانێتە دوور، چاو دەگێڕێ. گورگێکی دیکەیش لە دوایەوەیە. گورگەل لە مەیدانی شەڕ و هەڵمەتدان، لا دەکەنەوە، دەنووشتێنەوە، هەڕا دەکەن. دەردەکەون، هەڵدەستێنەوە، یەکتر دەغلێنەوە. ئەها، گورگەکەی پێشەوەیان بوو بەنەخشی سەر زەوی... بۆ کوێ چوو، چیی لێ هات؟ ئەوەتا، هێشتا، هێشتا وا دادەنەوێتەوە و دەنووشتێتەوە، دەکەوێ، هەڵدەستێتەوە، گوێچکەکانی قوت دەکاتەوە. ئەوەتا بۆ بن قایەکان، بۆ بن ڕەگ و دەمارە سەوزەکانیان دادەکشێ. بەزمانی، زمانە سپی هەڵگەڕاوەکەی سەوزاییی قایەکان دەلێسێتەوە، دوایی بایەک، بایەکی وەک سرتە داغانی دەکا. وێجا، گورگ لە گڕ و بڵێسەی، ئاگری سوور سوور، باریکتر، تاڵ تاڵ بەرز دەبێتەوە و لە پاشان تێکەڵ بەگورگەکانی تر دەبێ. گەلەگورگی تێکەڵوپێکەڵ... ئەوەتا لێڕێکی سەوز سەوز لە گڕ و بڵێسە.

لێڕەکە کڵپەکڵپ دەسووتێ، کەژ و کێو گڕی تێ بەربووە، هەڵدەگڕێن. لە پاشان هەموو شتێ ڕەش دادەگەڕێ. گورگی لە گڕ و بڵێسە نامێنن. لە جێی لێڕە گڕ گرتووەکە با هەڵی کردووە.

حەسەن هێشتاکانێ چاوی هەر لە دووکەڵەکە بوو، دووکەڵەکە لە پاشماوەی ئاگری نێو ئاگردانەکە دەردەچوو. دووکەڵی تاین بۆن و بەرامەیەکی هێند خۆشی لێ دەهات... دەوەنی تەڕ کە دەیسووتێنی، لە پێشان بۆنێکی تورت و تاڵی لێ دێ، دوایی هێواش هێواش، بۆنەکەی کەم دەبێتەوە. ئەوجا کە گڕ و بڵێسە دامرکایەوە، بۆنی دووکەڵی لێ دێ. دووکەڵی دەوەن جیاوازە، دووکەڵی

داركاژ جیاوازە، دووكەڵی داربەڕوو جیاوازە، هی سەدیر و نارەوەن، هی ئیزگیل، هی كنگردڕک، هی پەڵۆشە هەریەكە بۆنی خۆی هەیە.

حەسەن دەسكێكی لە دەوەنەكانی لای خۆیەوە خستە نێو ئاگرەكەوە، هێشتا هەر دووكەڵی دەكرد. دوو كنگر دڕكیشی خستە سەر. قەدەرێ دووكەڵی كرد. دووكەڵەكە بەسەروگژی حەسەن داچوو، چاوی ئاوی كرد. ئومەخان كە زانی چاوی ئاوی كرد، لار بووەوە، دەستی بەفوو لێكردنی كرد.

حەسەن دەنگی خنكابوو، هاواری كرد:

«كچێ فووی لێ مەكە».

«بۆیەم فوو لێ كرد، چونكە چاوت پڕبوو لە دووكەڵ... لەگەڵ دوو فووم لێ كرد، یەكسەر هەڵایسا.» لە پاشان تووڕە بوو: «بەڕاستی تۆیش سەیرت لێ بەسەرهاتووە حەسەن ها. لە یەكبینە هەر دەقیژێنی، ئەوە چیتە؟ دە بەسە برام حا!..» چرچرچاوەی گرژ كرد. لاقی هەڵكێشایەوە و ڕووی لە ئاگرەكە وەرگێڕا.

دڕک و دەوەنی ناو ئاگردانەكە قرچەیان كرد، بۆنیان بڵاو بووەوە. لە پڕێكدا هەڵایسان. گڕێ تا بەرەو سەرووی قایەكان باریک بووەوە، خاو خاو هەڵكشا. حەسەن گوتی، ئەمەبوو بەئەسپیندارێ. ئەسپیندارێكی لێک و لووس لە گڕ و هالاو.

هەڵستایە سەر پێیان. لە سەرووی گوندەكەوە تا چاوی هەتەری كرد ڕوانی. دەشتەكە بەهەموو سپیاییەكییەوە ڕاكشابوو، سەراپا نیشتبووە نێو تیشک، نێو هەتاو، لە نێو سپیاییدا ڕاكشابوو. تەنیا ئەسپیندار، ئەویش ئەسپیندارێكی تا بڵێی درێژ و بەرز لەو ناو بۆشاییی هەڵەتەدا لەرزانەیەكی كرد. زۆر لە دوور بوو، بەڵام ئەم ئەسپیندارە لە زەردەپەڕدا بەدیاردەكەوت. كە ڕۆژیش هەڵدەهات، وات دەزانی هەر لایەكی بەر هەتاو كەوتووە. ئەوجا كە ڕۆژ بەژنە زەلامێ بەرز دەبووەوە نەختێكی بەدیاردەكەوت. بەڵام هەر كە ڕۆژ بەتەواوی گەرمی دەكرد داری تاین ئیدی نەدەدیترا. سەراپا لە نێو تەمومژ و تیشكدا نوقم دەبوو. حەسەن ئەسپیندارەكەی نەدیت. سپێتیی دنیا، تیشكی

خۆر لەم تەمومژەیە.

لە ڕاسـتـانە بەبریسک و باسکەکـەی دەشـتـەوە، لە ڕاسـتـانێکی هـێندەی دنیایێ، فرەوان و بەربڵاوەوە، وەک بلێی دووکەڵێکی شین ئامال دیاربوو.

لەوسەری دنیاوە، لە ناوەندی ئەم سپێتییەی ڕۆژی حەشرەوە کێ ئەو ئاگرە هەڵدەکا؟ خۆ وەنەبێ بلێی، لێرێ، دارستـانێکیشی لێ بێ. تۆ بلێی پەری و مەریش ئاگر هەڵکەن؟

گـڕی تا سـەرقـایەکـە هەڵچـووی تاین بەرە بەرە نیـشـتـەوە. هـەر ئەوەندی پشـووێک بدەی لە ناوەندڕا پچڕا، فڕی ڕۆیشت، کە ئەسپیندارەکە لە نیوەڕا پچڕا و ڕۆیشت، بلێسە بڵاو بووەوە، دەستی بەگڕگرتن کرد. ئەوەتا بەسەدان هەزار مـێـروو بەوناوە وەربوون... مـێـرووی بەوناوە وەربووی تاین تـا هات سـوورتر هـەڵگەڕان، بوون بـەیەک پارچـە لـە بریقـوباقی بلوور. هـەر بریسکانەوەیەک بەهەزار مێروو، بەڵام مـێروو و مێرووستـانێ، هەر دەتگوت کانە و لێی هەڵدەقوڵێن.

جا، لە سۆنگەی هەرچییەک بوو، ڕکی لە مێرووەکان هەستا. هەر دەسکە دەوەنێ دەسکێ گنگردڕکی داویشتە سەر... لە ناکاو ئەسپێک لە گڕ، بەتاو لە ئاگردانەکـەوە دەرپەڕی، ئەسـپـێکی زەلام... سـوارەکـەی سـەرپشـتی، خـۆی بەسەر پشتییەوە گرمۆڵە کردبوو.

حەسەن:

«تەمـاشـاکـە ئومـەخـان، تەمـاشـا چۆن غـاردەدا؟!» زریکاندی. ئومـەخـان ڕاچەنی، «ئای کـە چەندیش جـوانە...» هەر هـێندەی بلێی یەک و دوو، ئـەسپی تاین، بەپڕتاو لە ئاگردانەکەوە دای کێشا، ڕۆیشت. «ڕۆیشت،» گوتی، حەسەن هەناسـەیەکی هەڵکێـشـا. هەر وەخت بوو... هـەی وەجاخت کوێرەوە بێ، من شـتی وام نەدیوە، کـورە خـۆ دامـاڵکا، ڕۆیشت. هـەر هێندەی چاو داخـەی و هەڵی هێنی فڕی، ڕۆیشت. هەی لە دایەی، چ ئەسـپێکی جوان، چ ئەسـپێکی بەباڵفڕ بوو، کـیژێ! خـۆ هـەر دەتگوت بـایە دەفڕێ. هەر بـەتەواوی لە کلکیـڕا پچڕا و ڕۆیشت.»

ئومەخان:

«دیسانەوە گڕ؟» گوتی، بەپێکەنینەوە. «چما ئەسپی لە گڕیش هەیە، ئەدی من بۆ نەمدیت؟»

حەسەن:

«تۆ نایبینی،» گوتی.

ئومەخان:

«کار وا بڕوا، تۆیش ئەقڵت لە دەست دەدەی، وەک ئەحمەد ورغون. وەکەکەی ئەو دەدەیە کێوان.»

«دەدەمێ،» گوتی، شەقێکی لە خۆڵەکە هەڵدا. «ئەحمەد ورغون خراپە؟ چییەتی؟»

ئومەخان کەوتە بیرکردنەوە، دۆش داما.

«ئەی شێت نییە، دە بڵێ وا نییە؟»

حەسەن:

«کێ دەزانێ، بەشکۆ شێتیش بێ،» گوتی. «تۆ هەر هێندە مەترسە. نەدەیە باری سەرەڕۆیی. چاک چاوی تێ بڕە، ئەسپ دەبینی، گەزندە و مار و مێروو دەبینی، کەژ و کێو، دار و بەرد، بنیادەم، جندۆکە، زۆر شت دەبینی، جندۆکەیەکی ئێکجار زۆر هەن، پەری، پەرییەکی زۆۆۆۆر هەن، سەرلەبەریان لە گڕی ئاگر دەبینی. گڕ هەموو شتێکی لێ دەکەوێتەوە، ئاویشی لێ دەکەوێتەوە. تەنانەت ئاویشی لێ پەیدا دەبێ. جارێکیان باوکم کۆتەرەدارێکی خستە ئاگردانەوە، پازدە ڕۆژی ڕێک، بێ وچان سووتا، ئەو گڕ و هەڵاوانەی لەو کۆتەرە دارەوە هەڵدەگڕان وەک ئاوی سپی دەردەپەڕین، دوایی بەدەشتێکی تەختانی کاکی بەکاکیدا، پڕ پێچ و تاو دەڕۆیشتن. هەروەک ئاوەکانی چقورئۆوا...»

ئومەخان:

«دەزانم، دەزانم،» گوتی. «هەموو یەکە یەکە دەزانم،»

حەسەن:

«تۆ خوشکە جوانەکەی خۆمی،» خۆی درێژکرد، دەستی گرت. «ئەی تۆ خوشکە جوانەکەی خۆم نیت؟ چاکە؟ خۆ بەکەس ناڵێی گژوگیا و مێروو و تەیروتووم لە گڕی دیتووە، چاکە؟ وەڵاهی درۆ نییە. یەکە بەیەکەیان دەبینم. هەروەک گیانیان لە بەردابێ وان. زپ و زیندوو. بەڵام لە گڕ و بڵێسە. ڕاوەستە، بڕوانە...» هەستا هەندێ دەوەنی بەدەم ئاگرەکەوە دا و پێنج کنگردڕکی دیشی هاویشتە سەر.

«جا ئەمێستاکە زۆر چاک چاوت بکەوە بنواڕە. یا ئێستا ئەسپێ دادەپەڕێ، یا ئەسپیندارێ دادەکشێ، دەڕوا.»

ئومەخان:

«زۆرم نواڕی،» گوتی. حەیفی هاتێ. «زۆرم تەماشا کرد، بەڵام بێ سوود. لە گڕ و بڵێسەی وەک گوریس لێک ئاڵاو بەولاوە چی دیکەم نەدیت...»

حەسەن دایە قریوە:

«دە تۆ چاوت بکەوە سەیرکە، سەیرکە... سەیرکە سەیر... ها ها ئەوە تاژییەکە بۆی هەڵکشا، ها ها چۆن بۆی دەرچوو.»

ئومەخان بەخەمبارییەوە:

«نەمدیت حەیف،» گوتی.

حەسەن:

«پیاح، تاژییەکی چەند جوانیش بوو،» گوتی. «ئای کە چەند جوان بوو! ئەگەر دەتدیت...»

دیسان لە کن ئومەخان دانیشتەوە، دەستی گرت، وەک دڵی بداتەوە:

خەمت نەبێ، ڕۆژێ دێ تۆیش دەیبینی،» گوتی.

خۆر بەرەو خۆرنشین، بەسەر چقورئۆوا دادەکشا و ئاوا دەبوو. قسەیان نەدەکرد. بیریان دەکردەوە. حەسەن ئیدی ئەسپ و تەیروتووی لە گڕ و ئاڵاو نەدیت. هەرتکیان بیریان لە یەک شت دەکردەوە، ڕەنگە بیریشیان نەدەکردەوە.

تا ناو خوێنیان، پێستیان، مۆخ و مەلاژگیان کاری کردبوو. بگرە لە پشـوو و هەناسەدانیشاندا هەبوو.

کێ بـوو ئەمــە؟ چـی بوو ئەمــە؟ گــۆڕســتــانـێ بـوو لە تاریکە شــەوێکدا. هەورەتریشـقـەیەکی ئاسـمـان قـەلاشـی باوبۆرانـێ بوو؟ دێوێ بوو، حـەزیایەک بوو؟ زەوی دەهـەژا، بوومەلەرزە بوو؟ لافاوێکی بێ ئامانی بێ بەرە هەڵدەستا و مالآنی سەرانسەر ڕادەماڵی؟

زریانەکەی ڕۆژی حـەشـر؟ نە ماڵ دەما و نە خـانوومـان، نە گوند، نە چیـا و کەژ و کێـویش. وەک یەکێ چۆن لانکێ ڕابژەنێ، ئاوا زەویـی رادەژەند؟ داپیـرە مـرێمـۆک چ بلێ باشـە؟ گوایە زوو زوو، شـارێ لەو ناو چیـا بەفـرانەدا زەوی قووتی داوە. بەئینسانەوە، بەدووکان و بازاڕەوە، بەچقورئۆوا، بەکێڵگە لۆکەوە، بە مـار و مێرووەوە، بەئاوبارە و بەسـتێنەوە، بەکەژ و کێوەوەی هەمـوو قـووت داوە. کاتێ کە دێن، تەماشا دەکەن، نە شار ماوە و نە هیچ.

کێیـە ئەوەی دێ؟ هەر کەس ناوی ناهێنێ، کەس ترسـی خـۆی لە لای کـەس نادرکــێنێ. ڕۆژ دوای ڕۆژیش ترســەکــە تا دێ دەتەنێــتــەوە و تـەنگیــان پێ هەڵدەچنێ. تەنانەت سـەگـەلی ئاواییش حـەپەیان لێ دەبڕێ. مێـچکە زەردی شــەلەیشـمـان ناگـەفێ. ملـی کیـســەڵ هەڵکێـشـابـووە نێو قـەپێلکی سینگی، بەچاوێکی پڕ ترس و پرسیارەوە لە هاتوچۆکەرانی دەڕوانی.

قـەیتـانێکی وەک بـرۆی سـپـی بەســەر چاوی مـەلەکـەوەیە؟ لاقـەکـانی ڕەشن، سـوورن؟ مـەیلەو سـەوزن؟ سـەوزێکـی سـەوزن، وەک چیمــەن؟ شـینییـەکـەی لە شــینیـی ئاســمــان بەبریقــەترە؟ دەنووکی زۆر درێژە، زۆر جــوانـە؟ ئەم مــەلە جێگەیەکی دیی نا، تەنیا دەندووکی، چەندی تـەماشاکـەی تێری لێ ناخـۆی. بە تۆ بێ، هـەر تەمـاشـای کـەی و تەمـاشـای کـەی. جـا ئـەم مـەلە بەڕۆژ ئاورینگ و شەوق دەداتەوە، بەلام بەڕۆژی باوباران و تەڕوتووشـی دەبێ بەشینێکی تێر.

دەگێـڕنەوە لە سـەردەمـانێکی کـۆندا، زۆر کـۆن، هـەزار سـاڵێ لەمـەوپێش تێل وەلییـەکی شـوێن هـەڵگر هـەبووە، ئەم مـەلەی زۆر خـۆش ویسـتـووە... دەڵێن ئەم مــەلەی لە پێش خـۆ داناوە، بێ پـشـوودان، بـێ چاوترووکـاندن تێی ڕامـاوە، لە

ڕۆژی بەباران و تەڕوتووشیدا زێتری تێ ڕاماوە. هەر لەبەرئەوەی کە بەڕۆژی باران جوانتر دیاربووە، (مەلە بارانۆکە)یان پێ گوتووە.

ئاوێ دەڕوا، حەسەن هاتووەتە ناوەندی ئاوەکە، هێند بەتاوە ها ئێستا ها نەختێکی دی دەیبا. ماسی فرک و هۆڕیانە، بەرەژوور هەڵدەکشێن. شەوقی ڕۆژ لەبن ئاوەکە دەدا، چۆن لە بەفری پشت ئەو کێوە دەدا ئاوها. بن ئاوەکە نیشتووەتە ناو چریسک و هۆڕ. پوولەکەماسی دەدرەوشێنەوە. حەسەن لاقی هەڵدەخزێ، لەو ناو ئاوە. بەسەر بەردە ئاوە سوورە درشتەکانی ناو ئاوەکەدا بەگازی پشتدا دەکەوێ و هەڵستانەوەی یەک دەبێ.

چاوی سەوز... لووتی نەختێ بەرەژوور هەڵکشاو. ڕادەوستێ، دەڕوانێ. بەچاوسووکییەوە، وەک ئەم عالەمولایە سەرلەبەر بزن بن، لە بەرچاوی، سەیریان دەکا. کێیە؟ نەوەی خاوەن بەرەجووتەکەیە.

دەموچاوی تا خەیاڵ بفەرمووی سپییە. حەسەن وای تێ ڕاماوە، وەک مەخلووقێ بێ لە دنیایەکی ترەوە هاتبێ. ئەویش هەروا لە یەکبینە سەیری حەسەنی دەکرد. حەسەن بۆ قسە لەگەڵ کردنیدا هەر ئەوەیە کام ناکا و سوێی نابێتەوە. قژی کاڵی لە شە دراو، پاک و خاوێن دەبریقایەوە. پێڵاوەکانی پێی نەختێ تۆزاوین. بەڵام هەر دەشبریقێنەوە. پانتۆڵەکەی تا چۆکێتی، ڕێکوپێک. کراسەکەی بێ پەڵەیە، هەر دەڵێی هەوری سپییە. شتێکی سووری لە ملی پێچاوە، لە ناوندیڕا گرێی داوە. حەسەن هەر ئەوەتا فراقی ڕەش ناکا. هەر ئەوەندە توانیبای قسەیەکی لەگەڵدا بکا، ئەم کوڕە چ جۆرە مەخلووقێکە؟ کوڕەیش بەسەرسامییەکەوە تەماشای حەسەن دەکا.. چاوی تێ بڕیوە وەک سەیری بکا، بەڵام قسەیش ناکا. قسەی کردبا حەسەنیش قسەی دەکرد. حەز دەکا یەکێ لە داردەستەکانیشی دەداتێ. منداڵەکە ڕوو لە حەسەن وەردەگێڕێ. بە کەستەک بەر نووکەشەقدانەوە بەناو مەزراکەدا دادەکێشێ، دەڕوا. توخوا حەیف نییە؟ هەر نووکەشەقێ دە سێوی لە نەمامە لۆکەکان لەگەڵ هەڵنەدەوەرین. شێتە، چییە ئەم کوڕە؟

ئۆزون چاوی وەک کووژەکەی شین دەکرێتەوە. حەسەن سەرتاپای

مچورِکێکی پێ داهات. ئەم پیاوە سەری بەچییەوە گلاوە؟ ئەم گوندە سەری بەچ حاڵێکەوە بەگیرهاتووە؟ لە پاشان لەرزی. چەپکێ دەوەنی دیی دە چاوی ئاگرەکە خست. ئومەخان حەسەنی لە داڵغەلێدان بەخەبەر هێنا:

«وا ڕۆژ ئاوادەبێ، دایکم شێت دەبێ، تاریکمان لێ دابێ،» گوتی.

جا بەڕاستی سەرماکەیش تا دەهات زێتر دەبوو.

«تاریکمان لێ دابێ گورگ...»

حەسەن قسەکەی لە زاریدا بەنیوە و نیوەچڵ بڕی:

«وس،» گوتی. «نەمگوت نێوی گورگ لە لای من نەهێنی.»

حەسەن مووی لەشی وەک دڕوو ڕەپ بووبوون.

کیژە هەڵی دایە: «جا چ بوو، ئەوا ناویشم هێنا؟»

حەسەن بەسەریدا نەڕاندی: «وسسسسس، دەتکوژم ها،»

دەسەوارەێی دەوەنی هەڵگرت و دوو کنگردڕکی دیکەشی وەسەر خست، دە ئاگرەکەی هاویشت.

وێجا بەبن تاوێرەکاندا ئەمسەر و ئەوسەرێکی کرد و پێی لە خۆڵەپەتانییەکە نوقم دەبوو و شوێن پێی قووڵ قووڵ بەجێ دەمان. بەجارێکی هەر شوێن پەنجەکانیشی.

لە باش ئەمسەر و ئەوسەرکردنێکی چاک، دوای ئەوەی بیری لە مەلە شینەکە کردەوە، هەمدیس گەڕایەوە بەر کوانووەکە، دانیشتەوە:

«ترسێکم لە زگدایە. هیچ حەز ناکەم بیگێڕمەوە بۆ ئەو گوندە،» گوتی. دەنگی بۆنی گریان و بەزینی لێ دەهات.

هەزار دانە لە و باڵدارە بەگیر کەوێ... گۆشتی هەر هەزارەکەی بخۆن و سەرەکانیشیان بۆ چاوەزار، بەچواردەوری گونددا، وەک چەپەر و تەیمان بەمێخدا هەڵاواسین. جارێکی تر نەهامەتی و شەڕ و شوومی ڕووی لەم گوندە دەکرد؟ بۆ نایکەن؟ ئەرێ خەڵکینە هەزار دانە باڵدار گرتن هێندە سەخت و گرانە...

هەر لەو جێگەی لێی کەوتبوو، کە سەرتاپا بەو تەڕییەوە لە ئاوەکە دەرچووبوو، فرت مەلەبارانۆکەیەکی بەئاورینگ لە کونێکیان دەرپەڕی، ڕۆیشت.

ئومەخان:

«منیش، خۆزگە دایکم نەگریابا... خۆزگە شەویش نەهاتبا...» گوتی. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

حەسەن:

«برسیشمان نەبوایە.»

ئومەخان:

«ئا ئا،» گوتی. «ڕاست دەکەی، خۆزگە برسیشمان نەبوایە...»

حەسەن:

«ئاخ ئەم زگە نەبوایە!»

ئومەخان:

«تەماشای ڕۆژ کە، حەسەن، خۆ وا خەریکە ئاوا دەبێ. با وەخۆکەوین.» حەسەن ڕاپەڕییە سەر پێیان، بەرەو جەنگەڵستانەکە خەیاڵ بردیەوە. ئومەخان گوتی:

«وشکەکانی، ناسکیشن و چاکیش دەسووتێن.»

حەسەن چوو بۆ لای پیرە داربەڕووێک، تەورەکەی بە لکێکی وشکدا دا. پیرە تەور زرینگەی لەو ناوە وای دەنگ دایەوە...

دەوروبەر هێواش هێواش تاریک دادەهات، چریسکەی زەردەی سەر کەل و یالان بەرە بەرە ڕەنگیان کاڵ دەبووەوە و دنیا تا دەهات هێندەی دیکە دەیبەست و دەبوو بەیەک پارچە شەختە و بەستەڵەک. لەولاوە هەورێکی دەهێنا، بەسەر هەڵەت و پێ دەشتاندا شۆڕ دەبووەوە، هەورێکی ڕەش ڕەشی تووڕەی، هار، بەفری زەوی و سپێتیی ئاسمانی ڕادەماڵی، دەهات.

حەسەن:

«ئەوانی بڕیوتن خێرا خڕیان کەوە، گورج گورج. با بەڕێ کەوین دەی. وا هات.»

حەسەن ترس و سامێکی لە جاران خەست و خۆڵتری لێ نیشتبوو. تەورەکەی، شەلم کوێرم ناپارێزم، بەهەموو بارێکدا ڕادەوەشاند، پێ و پلیشی دەسووتایەوە. سەرماکەیشی تا دەهات پەرەی دەستاند.

«خڕی کەوە، خڕی کەوە، لە گوریسەکەوەی پێچە. کۆڵەکەی منیش خڕکەوە. لە گوریسەکەوەی پێچە. دایکم فراقی ڕەش دەکا».

تاریکاییەکەی نێو دڵ و دەروونی تا دەهات گەورە دەبووەوە. بۆ گوند گەڕانەوە. چەند نزیک دەبووەوە ئەو لای وابوو فەلاکەتێ نزیک دەکەوێتەوە.

باڵدارە دەندووک جوانەکە... هەر لکە داربەڕووێک قلێ باڵدار. تا ئێستا فڕکەیان کردبا...

لە هەر تەور داوەشاندنێکدا دنیایێ بەستەڵەک لە داربەڕووەکە دەکەوتە خوار. سپێتییەکە لەوەدا نەبوو... سپێتییەک بوو، بەبێشەوە، بەدار و درەختەوە، بە لک و چڵ کەوە، بەگەڵا و وەڵگەوە، بەڕەگ و ڕیشەوە، بە بەژن و بنکەوە سپێتییەک بوو بەستبووی.

ئومەخان بەپەلە سووتەنییەکی حەسەن بڕیبووی کۆی دەکردەوە و لەسەر گوریسەکەی کەڵەکە دەکرد. وردە چڵی وشکی لە داربەڕووەکانیشی هەر کۆ دەکردەوە.

«تەواو حەسەن» گوتی.

حەسەن وەک لە خەو بەخەبەرهاتبێ ڕاوەستا بەلۆژەلۆژە هات، تەورەکەی لەسەر کۆڵەکەی دانا.

«چاکت شەتەک دا؟»

«چاک چاک.»

حەسەن بەگومانەوە:

«نەختێ چاوەڕێ کە،» گوتی. «لە دواوەیش سەیرم مەکە. ئەو شوێنەی بۆی

دەچم پشتی تێکە، ئاوڕ بدەیەوە، لە پاشەوە سەیرم کەی بەکوشتن دەتکوژم. بەم تەورە لەت لەتت دەکەم، هە ئا لێرەدا».

هەموو جارێ، کە دەهاتنە بێشەیەک، ڕێک لە کاتی لێکدابڕاندا حەسەن ئەم بەزمەی دەکرد. بۆ کوێ دەچوو؟ هەڵپەی چیی دەدا؟ ئەمە سیحرێ بوو. ئومەخان ئەگەرچی دەشترسا و بەتیلاییی چاو سەیرێکی هەر دەکرد، بەڵام هەر کاتێکی دەزانی حەسەن لە پشت گاشەکانەوە لە چاو ون دەبوو. ئەمە ئومەخانە نە گاڵتە... یاڵای دەکرد حەسەن بەتەور ڕێزە ڕێزەی دەکرد، خوای دەکرد تا مردن زاری لە زاری نەدەگەڕا، ئەو لە سەیرکردنی خۆی نەدەکەوت، بەڵام ئەوەندە هەبوو، تا حەسەن دەچوو و دەگەڕایەوە ئومەخان لە جێگەکەی خۆی جووڵەی نەدەکرد. وەک بەو شوێنەوەیان بەستبێتەوە، لەوێ نەدەبزووت، هەر ئەوەبوو فراقی ڕەش نەکا.

حەسەن بەهەڕاکردن، بەسەر دار و بەرد و کۆتەراندا بازی دەدا، ڕۆیشت، دڵی کوتەکوت لێی دەدا. هەر چەند بۆ ئەوێ چووبا وای بەسەر دەهات. سەرتاپا هەست و خوستێ دای دەگرت لە مچوڕک و گومان و ترسیش و لە خۆشی و شادمانیش دەچوو.

لەجێ ئاگرەکە دوورکەوتەوە. چوو بەپشت گاشەیەکدا کە وەک دوڕگە زەقوزۆپ لە ناو بێشەکەدا قوت بووبووەوە، وەرچەرخایەوە، قەدەرێ هەر ڕووی لە گاشەکە بوو و بەو ڕەنگە مایەوە. لە پاشان بەردێکی گەورەی، وەک توخنی شتێکی پیرۆز کەوێ، بەهێواشی بزواند و ڕاستی کردەوە، قەدەرێ سەرنجی شوێنەکەی دا، ڕووانی دوو سێ گیانلەبەر، لە مێروو دەچوون، لە شوێنەکەی دەجووڵانەوە. وەک لەوە بترسێ نەکو شتێکیان لێ بێ و سیحریان بەتاڵ بێتەوە، بەردەکەی سەرلەنوێ بەهێواشی لە شوێنەکەی خۆی دانایەوە.

حەسەن لە نزیکبوونەوەدا بوو، ئومەخان بەدەنگ هات، گوتی:

«بگەڕێینەوە حەسەن؟»

حەسەن بەشایی بەخۆبوون و هەست بە بەختەوەریی کەسانێکی کاری خۆیان جێبەجێ کردبێ، بێ باکانە، گوتی:

«بگەڕێوە».

لە پێشان کۆڵەکەی بەپشتی ئومەخاندا دا، ئینجا خۆیشی لە کۆڵەکەی خۆی نەوی، هەڵی گرت.

ڕۆژ لە ئاوابوون و ئاوانەبووندا بوو. دەبوا بەر لە ڕۆژ ئاوابوون گەیشتبانە گوند.

ئومەخان لە ڕێگە گوتی:

«حەسەن».

حەسەن ڕاوەستا. لووت و بزووت سەریان بەیەکدا تەقی. لێکیان نۆڕی.

حەسەن:

«وس!» گوتی. ڕۆیشت.

ئومەخان گوتی:

«کوا، تۆ گوتت کە گەیشتینە بێشەکە پێت دەڵێم، هەڵت فریواندم».

حەسەن بەڕەقترەوە:

«وس!»

## ٢

لەبەر ئاگردانەکە بوون، مریەمۆک پشتی بەدیوارەوە دابوو، سەری بە بەرسینگیدا شۆڕبووبووەوە. بێ جووڵە، کرکەی لێوە نەدەهات. عەلی بەرانبەری دانیشتبوو، هەر تاو ناتاوێ سەری هەڵدەبڕی، سەیرێکی ئەم حاڵی کەشەنگی و شەکەتییەی، ئەم حاڵی وەک بەردەی دایکی دەکرد. مریەمۆک نەختە نەختە ڕوو لە چاکی بوو و بەخۆ دەهاتەوە. بەڵام زاریشی بەکێرد هەڵنەدەهاتەوە. مریەمۆک پێش مردنی ئەسپەکە هێندە قسەی خۆش، هێندەی دڵ خۆش بوو، ئەو ماڵەی پڕ دەکرد لە کەیف و خۆشی. وەخت و کات چۆن بەسەر دەچوو، کەس فەرقی پێ نەدەکرد. شەوگاری زستان هێندەی قسەی خۆش دەگێڕایەوە لە بڕانەوە نەدەهات. نازانم ئەم هەموو چیرۆکە خۆشانەی لە کوێ دەهێنا؟ لەم ڕۆژانی دەرد و مەینەتییەشدا بەو جۆرە بوایە... وای لێ

هاتبا... کەچی ئێستا وەک دار و بەردی لێ هاتووە.

چەند بەسەر نوێژی شێواندا تێ پەڕیبوو؟ کەس قسەی نەدەکرد. منداڵەکان گرمۆڵە بووبوون. شەکەت و ماندوو وەک مردوو. ئەلیف دەڵێی، جار جار دەکرایەوە، ماڵەکەی بەدوو قسان دەکرد بە چراخان، بەڵام لە پاشان هەموو شتێ دەکوژایەوە. عەلی نەیدازانی چ بکا چ بڵێ. لە دەرێڕا، لەو هەڵەتانەوە گرموهۆڕ دەهات. ئەم گرموهۆڕە عەلیی شێت و پەتیارە دەکرد. جاری جاران بوایە مرێمۆک لە مەڕ ئەم گرموهۆڕ و شنوە و لوورە گورگەلەوە، ئەم هەردە و هەڵەتەوە چی و چیی نەدەگێڕایەوە.

شیرازەی دنیا تێک چوو، ڕابرد. گوندیش هیچ تامێکیان تێدا نەما. دەڵێی هەر کەسە لەسەر ئاسنی سوورەوەکرا و دانیشتبوو. ئەم ساڵ بەفرێکی چاک باری. ساڵەکەی هاتە و زۆر بەئیرووە و بەروبوو زۆر دەهێنی. دەیهێنێ ئەما دەیهێنێ...

عەلی بەدوا هەڵدانەوە:

«دایە لە دەرەوە شنوە و لوورەلووری گورگ دێ...»

مرێمۆک وەک لەگەڵ ویشیان نەبێ.

عەلی دەنگی نەرم کردەوە، گوتی: دایە، ئێستا بەم سەرمایە هەموو دنیا بەستوویە و بووە بەیەک پارچە سەهۆڵبەندان و بەستەڵەک، ئەم گورگانە چ دەخۆن، چ دەخۆنەوە؟»

دەیزانی، مرێمۆک هەر کە باسی گورگ کرا، خۆی ناگرێ، لەسەر باسی گورگ یەکسەر تێ هەڵدەچێ. ئەما تێ هەڵدەچێ عەلی فێڵێکی لێ دەکرد. دەیویست مرێمۆک لە شادەماریڕا بگرێ. ئەو هەر هێندە وەقسان کەوێ. جا خوای دەکرد لەگەڵ گڕی ناو ئاگردانەکەدا، لەگەڵ گڕ و بڵێسە بەکڵپەکڵپدا، لەگەڵ ئەو دوو کێشەدا قسەی دەکرد. ئەو خوا دەکا بەقسە دێ. لەگەڵ هەرچییەکی دەکرد، دەیکرد.

مرێمۆک بەقسەی گورگیش گوێی نەبزووت.

عەلی گوتی: «دایە.» ئەمە دوافێڵ بوو عەلی پەنای پێ دەبرد. بەمە قسە نەکا

ئیـدی تا مـردن قـسـه ناکا. «دایه دەڵێن خـەلیلە پیـر، خـەلیلە پیر نەمـردووه. گوندی هێشتا لە چقورئۆوا بوون کە ئەو گەڕاوەتەوه بۆ ماڵ، خۆی لە ژووێ شـاردووەتەوه. کـوڕەکـەی کـە دەرکـە دەکـاتەوه، تەمـاشـا دەکـا بۆ خـۆی لێی نووستووه. ئەو مەولوودەی بۆشی کرا بەفیڕۆ چوو. توخوا وەنییە دایە؟ تۆ هەر زوو وەڵا باوه گوتت، خـەلیلە پیر نامریّ. قسەکەت بەڕاست گەڕا. تۆ لە هەموو شـتیّ دەزانی، هیـچ نیـیـه نەیزانی. چاکـە کـەواتا، خـەلیلە پیـر لەبـەرچی دەرناکـەویّ، دەبیّ لەبەرچی دەرنەکەویّ، تۆ بلّێی شـەرمـەزاری ئەوە بیّ، چونکە گوندیی لە لۆکە دواخست و ڕەزیل و سـەفیـلی کـردن. یا لەوه ترسـابیّ بەگیـر گوندی کەویّ لەتوپەتی کەن؟ بەکوڕەکەی گوتووه، گوندی بەگەڕانەوەم بزانیّ، یانەکو تۆ پێـیـان بلّێی، سـەری خـۆم هەڵدەگرم، مـەگـەر خـوا بەخـوایی خۆی بزانیّ بۆ کویّ دەچم. گوتوویە بەردەستی گوندی کەوم هەنجن هەنجنم دەکەن. کـوڕەیش سـوێندی بۆ دەخـوا، بەعـەبدلبـەشـەر نـەڵیّ. ڕەنگە بلّـێـی، باشـە تۆ ئەمانەت لە کویّ بیستەوه. داپیـرە زەڵە ڕۆژێکیان بۆ نەچیّ بۆ ماڵیان، تـەماشا دەکا ئەو خـەلیلە پیرە بەسـەر دەست و پێیدا دەکـەویّ، زەڵە گیـان! من کردم تۆ نەیکەی. هیـزە نەکـەی ڕاسـتیم لیّ بلّـێی... یەکسـەر ڕا دەکـا، خـۆی لە ناو عـەمبـارەکـەدا حـەشـاردەدا. دەڵیّ من نیـم و نەبووم، من حەوت زەمـانە مـردووم. من تازەبووم بەخەڵکی ئەو دنیا. ئیتر ئا بەوجۆرە دایە گیان».

مرێمۆک جووڵەی لێوە نایە.

دەشـتی کـاکی بەکـاکی دەنگ دەداتـەوه، سـووتەنییـەکی ئومـەخـان حـەسـەن خڕیان کردبووەوه چرکەچرک دەسووتا و ئەو دەوروبەرەی بەبۆن و بەرامەیەکی خـۆش قـانـگ دابوو. دیواری لای پشـتـەوەی ژوورەکـە لـە گـلـّی لاپاڵیّ بنکەن کـرابوو، هەرچی دیواری لای پشـتـەوەیشی بـوو، سـا هـەرچونیّ بوو، بەقـوڕ و بەرد هەڵنرابوو. دارودەسـتەکی سەر خـانووەکە لە داری بەڕوو بوون، ڕوختە و سـاغـڵـەم بوون. ئەم خـانوو و بەرەیە پشـتـاوپشـت بۆ عـەلی مـابووەوه. عـەلی بەتۆف و باوبۆران دەترسـا خـانووەکـە بڕووخـیّ، بەڵام دەیزانی زسـتـان، ناڕووخـیّ، وای نەبەسـتـبـوو بڕووخـیّ. خـانووی تاین بە بـەردیەوه، بەخـۆڵ و

گڵیەوە، بەدار و دیواریەوە بەجارێ بەستبووی. خانووبەرە مەگەر لەگەڵ بەفرچوونەوەی بەهاردا تلیسابانەوە و داتەپیبان... خانووەکە پەنجەرەیەکیشی هەبوو، هەر هێندەی بەری دوو دەست دەبوو و نە دەبوو. ئەم پەنجەرەیە قەتیش نەدەکرایەوە. لە تاریکییەکەدا مانگایەک و گوێرەکەیەک و سێ بزنیشیان لە گۆشەی ئەوسەرەوە هەبوون، لەوێ دەحاوانەوە. لە لایەکیشەوە کا هەڵدرابووەوە، ژوورەوە زۆر سارد بوو. خانووبەرەی بەحاڵوباڵ و خێوی ڕەشەوڵاخ و ئەسپ و ماین و پەز و مەڕوماڵات گەرموگوڕ بوون. ماڵان بەهەناسە و پشووی ئاژەڵ گەرم دادێن. ئاژەڵ لە هەموو شتێ پتر بۆ ماڵ گەرمکردنەوە پێویستە، تۆف و وەیشوومە بەچی چار دەکرێ. ئەم ساڵ بێتەوە عەلی مەزرالۆکەیەکی چاکی وەگیر کەوتبا، مانگایەک و پێنج سەر بزنی کڕیبا و ئەم منداڵانەی لەم سەرما و سۆڵەیە قوتار کردبا.

«دایە»، گوتی، «ئەمساڵ بێتەوە لۆکەیەکی زۆر خڕ دەکەینەوە. ساڵی پار بەفری چاک باری. ساڵەکەی هات و بەئیروو دەبێ. پێنج سەر بزن و چوار سەریش مانگا دەکڕم بەشی گەرم داهێنانی ئەم ماڵە دەکەن و بەزیادیشەوە وەنییە؟»

بەرد بەوەڵام هات مریەمۆک بەوەڵام نەهات. داخۆ بیری لە چی دەکردەوە؟ چیی بەبیردا دەهات؟ مریەمۆک پێش ئەوەی بمرێ خۆی کردبوو بەمردوو. مردوو چین؟ کەسێ قسەی لە زار دەرنەیێ بەمردوو حسێبە، ئەی بەچی حسێبە؟ ئەدی ئینسان بەچی ئینسانە؟ ئێستا فەرقی مریەمۆک و مردووێک چییە؟

کوێخا چووبوو قسەی لەگەڵ کردبوو. بەکوێخای گوتبوو بەم نزیکانە دێم بۆ گوند، جلی سەرپشتی ئەسپەکانیان، لبادی نێو ماڵەکانیان، مانگایان، ڕۆن و چەوریی ناو هیزەیان، زەخیرەی نێو کەندوو و تێر و هەمبانەیان، دەرپێی ژنەکانیشیان سەرلەبەر دەبەم و دەڕۆم. گوندییەکانی تر هەرچییەکیان کرد، کرد. خۆ قەرزەکانیان دایەوە، بەڵێ ئەوانیش گوندین و ئێوەیش گوندین؟ خۆ ئێوەیش وەک ئەوان چوون بۆ چقورئۆوا. ئەوان لۆکەیان خڕ کردەوە، پارەیان

دەس کــەوت، ئەی ئێــوە بۆچی هـیــچــتــان دەسکەوت نەبوو؟ ئێــوە درۆزنن. لەمەوپاش شتێکتان بۆ دەرمـان چییە، نادەمێ. چاوەڕێ کەن، هـەر بەم نزیکانە کاتێکتـان زانی گـەیشتمـە گوند. ئەمـە سـەد سـاڵە ئەم گوندانە ئاڵووێرمـان لەگەڵدا دەکەن. لە زەمـانـی باپیـرمـەوە، لە سـەردەمی باوکـمـەوە، ئەمـە یەکـەم جـارە گوندی لـە چقورئۆوا دەگـەڕێنەوە و قـەرزم نـادەنەوە و ڕوو لەبەر دەرکـەم ناکەن. دێم بۆ گوند دێم. جا هـەینێ با بزانم گوندی بەچ ڕووێکەوە چاوم لەبەر هەڵدێنن؟ ئەم دنیـایە ژێروژوور نەبێ، منیش ئەم دەستـانەم دەبڕم، دەیانهـاوێمە بەر سـەگان. ئێـوە گوندییـەکانی یالاخ، ئەمـە یەکەم جـارە، پەیمانێکی لە شکان نایە، شکانـدتان. سبـەینێ ئێـوەیش کە دەچنە خـوارێ، بـۆ چقـور گوندەکـەتان بەچۆڵـی بەجێ دێڵن، ئەگـەر دە زەلام خـۆیان پێدا کـرد و سـاف لە سـافـیـان چەپاودا و وەسـەر سـاجی عـەلییـان خستن، مـاڵیـان ئاور تێ بەردان، سـەرتان سـورِ نەمێنێ و بـەسـەیری مـەزانن. یەکـەم پەیمانشکێن ئێوەن. تۆوی خـراپە ئێوە بەم کەژ و کێوانەوەتان وەرکردووە.

عەلی سـەری هـەڵبڕی، گوتی:

«بەدایکی خۆم بڵێم ئاواوا».

مـرێمـۆک خـەیـاڵ بردبوویەوە، بـەجـارێ چووبووە ژێری. گـوێی لە شـنوە و لوورەلووری گـورگـان ڕادەدێرا. لەپڕ ڕاچەنـی، سـەری بڵـیند کـرد، لـە پاشـان سەری بەسەر سینگیدا شۆڕ بووەوە.

لە پەنجەرەکەوە دەنگێ هات:

«عەلی عەلی، دەرکە بکەوە».

«ئەوە تۆی تاشباش ئۆغڵۆ؟»

دەنگەکەی دەرەوە:

«منم،» گوتی،

عـەلی هـەڵستا دەرکـەی کردەوە، ترسـێکیشـی کـەوتە دڵەوە. تاشـبـاش بەم نیوەشـەوە، هـەروا بۆ کـارێکی خواسایی نەدەهات. دیارە بـۆ کارێ هـاتبـوو کـە بەجارێ گووی تێ بووبوو. خوا ئاخری خێر کا.

«چی هەیە، چی نییە؟ برا.»
تاشباش هەناسەیەکی هەڵکێشا، گوتی:
«قۆڕە، دەڵێن عادیلەفەندی دێ.»
لە جێگەکەی ئەلیف دانیشت، پرسی:
«داپیرە مرێمۆک چۆنی؟»
مرێمۆک خۆی لێ بەخاوەن نەکرد، بگرە هەر نەشبزووت.
تاشباش ئۆغلۆ بە سەرسامییەوە پرسی:
«عەلی، ئەوە داپیرە مرێمۆک تا ئێستایش، هەر زاری لێک نەکردووەتەوە؟
عەلی بەسەری گوتی، نەخێر، هەروەکو خۆیەتی.
بەدەنگێکی بێ حاڵ و نیوە مردووەوە پرسی:
«کەنگێ تەشریف دێنێ؟»
«کێ دەزانێ، نازاندرێ. هەر بینا وەک مووی بۆ هەڵکرووزێنێ پەیدابوو.»
عەلی:
«جا چ بکەین؟»
تاشباش:
«بووین بەڕیسوای حەفتا و دوو میللەت، بووین بەڕیسوای چاک و خراپ..

خۆ کاتێکی ئێمە بۆ لۆکە دەچینە خوار، بێت و گوندەکەمان لە بنەوەڕا هەڵگرێ و بیبا، هیچ هەقێکمان هەیە پێی بڵێین، برۆ بەسەر چاوتەوەیە؟ ئێمە پەیمانمان شکاند پەیمان.»
عەلی:
«ئێمە شکاندمان، هەقی هیچمان نییە.»
تاشباش ئۆغلۆ:
«چ دەڵێی بچین بڵێین، عادیلەفەندی، کارێکە و لە دەسمان قەوما، دەسمان بەزاخدا چووە، کەوتینە مەزرایەکی بێ خێرەوە. سەربار درەنگیش گەیشتینە چقور.ساڵێکی دی، دوو هێندە وەرگرە؟»

عەلی:

«تۆ بڵێی قایل بێ؟»

تاشباش ئۆغڵو:

«قایل بێ، قایل بێ و نەشمانکا بەپەندی زەمانە و گێرەشێوێنی و داوودەستوور شێوێنیمان بەچاودا نەداتەوە... بەڵام دەڵێن بەجارێ هار و شێت بووە. گوتوویە، ئەو گوندە بوومەلەرزە وێرانی دەکا، لافاو ڕای دەماڵێ. ئەو گوندییانە، ئەو گوندییە بێ دین و بێ ئیمانانە بەردیان بەسەردا دەبارێ، خڕکیان بەسەردا دەبارێ... ئەو گوندە مار و حەزیا دەیماشنەوە. گوتوویە، ئەو گوندییانە، هەر کێهەیان بگری لە ورغون ئەحمەدی خراتر بەسەردێ.»

عەلی بەبێ چارەیییەکەوە پرسی:

«جا چ بکەین، ئەتۆ بیرێکت لێ کردووەتەوە؟»

تاشباش:

«بیری چی دەکرێتەوە؟ ئەمساڵ چووش و بڕایەوە، گەزێ خامیشمان نەکڕی. ئەو ئافرەتەی ماڵێش ڕووتوقووتە. بزگوڕی لە بەردا نییە. سەر لە ماڵێ دەرناهێنێ.»

عەلی:

«هەموو ئەوە حاڵێتی، گوند سەرلەبەر ئەوە حاڵێتی.»

تاشباش ئۆغڵو:

«ئەوەی ئەم کارەساتەی بەسەر گوندی هێناوە، یەک کوێخا سەفەر، دوو خەلیلە پیر...»

کە گوتی خەلیلە پیر یەکسەر سەری ڕاست بووەوە، لێوی بە تەتەڵە کەوت، وەک بڵێی شتێ بڵێ، نەیگوت.

تاشباش ئۆغڵو لەسەر قسان ڕۆیشت:

«دەزانی خەلیلە پیر نەمردووە. پێش مە گەڕاوەتەوە بۆ گوند. لە نێو عەمباردا...»

عەلی گوتی:

«دەزانم.»

٣

خەلیلە پیر جێگەی لە نێو عەمبارێ لە بۆ خۆ چێ کردبوو. هەر بەشەو دەردەکەوت، ئەویش کە زۆر تەنگاوبایە و سەرپێشاوێ شتێکی هاتبا، دەنا، شەو و ڕۆژی هەر لە نێو عەمباردا بەسەر دەبرد. خۆ ڕەنگی ڕووناکی چییە، ئەوە هەر نەیدەدیت. لە هەر دەرکە کردنەوەیەکدا یەکسەر ڕادەچەنی، لە ترسان دەخزایە قوژبنێکەوە و خۆی وەکو ژیژک گرمۆڵە دەکرد. ترسی بەدەست گوندی کوژرانی بەڕەنگێ چووبووە دڵەوە قسەی کوڕەکەی هەر بەگوێشدا نەدەچوو. هەرچییەکی دەگوت لەم گوێیەوە دەچووە ژوورێ و لەو گوێیەوە دەهاتە دەرێ.

کوڕەکەی دەیگوت:

«باوە، خۆ تۆ چی وات لە گوند نەکردووە کە... ئەوەی بەگوندیی کرد کوێخا کردی. ئەو گوندی بەدرەنگدا خست و مەزرالۆکەی خراپی بەسەردا ساغ کردنەوە. گوندی چی لە تۆ ناکەن. دەتۆ جارێ وەرە دەرەوە. هەر کاتێکی گوندی گوتیان برۆ بەسەر چاوتەوەیە، هەینێ بچۆ خۆت وا بشارەوە ئیتر جارێکی دی دەرچوونت نەبێ.»

خەلیلە پیریش وەڵامی دەدایەوە، دەیگوت:

«تۆ نازانی، تۆ هێشتا منداڵی و بۆنی شیری کاڵت لە زاری دێ. لە فەند و کەڵەکبازیی ئەم گوندییانە ناگەی. لە عەمبارێم بەدەرهێنان دەدەن، ئەوجا دەڵێن، ئەها دیتمانەوە، بیگرن تیکەتیکەی کەن. تۆ نایانناسی.. تۆیش یەکێکی لەوان. تۆیش مردنمت دەوێ. چما من لە فەند و فێڵێان ناگەم...»

«باوە تۆ شێت بووی. لەم ناو عەمبارەدا بەتاریکی بەجارێ دەپووکێیەوە. حەزیش دەکەی مەیە دەرێ. کەیفی خۆتە.»

خەلیلە پیر دەیگوت:

«بشـــمـرم لێـــره نایەمــه دەرێ،» و لێــفــەکـــەی بەخــۆدا دەدایەوە. لەم دوا دواییيانەدا وەک بڵێی هێندێ شتی بەرگوێ کەوتبووەوە. لە ناو گوند هەست بەترسێ، بەهەراسانی و دڵەخورپەیێ دەکرا. خۆ کوڕەکەی ترسێ لە ڕەنگ و ڕووی نیشتبوو هەروا بەدەست گرتبات.

لەپڕ سەری لە عەمبارەکە دەرێنا، بانگی کوڕەی کرد، گوتی:

«وەرە ڕۆڵەکەم وەرە، دەڵێی تۆیش حاڵێکت بەسەرهاتووە. چییە؟ بەتەمای کوشتنی تۆیشن؟ کێ دەتکوژێ؟ گوتت بەردیان لێ دەبارێ؟ چییە. بەتەمان گوند لە جێی خۆی بلەقێنن؟ بەرگوێم کەوتەوە، گوایە... دەبێ من چ بم، هێندەم خۆ پێوە خەریک بکەن. گوایە بەکوشتنم ئەوەندە... ئێمە تووشی چ سەرەخولێیەک بووین؟»

کوڕە خۆی بەدیواری عەمبارەکەوە دا، ورد و درشتی کارەکەی لە باوکی ڕاگەیاند. ئا ئێرە بوو زوڕناکەی لێ دەژەندرا. عادیلەفەندی ئەمڕۆیش نەیە، سبەینێ دەگاتە گوند.

خەلیلە پیر بڕوای نەکرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سەرودڵی ڕوون بووەوە، وەک ئاوێکی ساردی بەسەردا بکەی ناو هەناوی بەوجۆرە فێنک بووەوە. ئێستاکانێ ئومێدی ڕزگاربوونێ هەبوو. لەوانەبوو گوندی لێی خۆشبان، دەنا قەت ڕێی تێ نەدەچوو، گوندی هەر دەیانکوشت. نەیاندەگوت، پیرە، کەنەفتە، لە دەستوپێ کەوتووە، هەر یەکسەر دەستیان لە بینەقاقای دەخست.

ڕووی لە کوڕە کرد:

«ڕۆڵەکەم، منیش دەمزانی گوندی سەریان بەحاڵێکەوە گێژ بووە. منیش دەمزانی فەلاکەتێ بەسەر سەری گوندییەوە دەخولێتەوە. گوندی شیرازەی داو و دەستووری پساند. ئەم گوندییە ئیتر ڕزگاربوون بەخۆیەوە نابینێ. بەڵام بێ چارەسەریش نییە، چارەسەرێکیشی هەر هەیە. دەی خەلیلە پیر، لەمنت نەکەوێ، ڕێگەی چارەسەرێکی بۆ ببینەوە، چارەسەرێکی وای بۆ بدۆزەوە، ورد و درشتی گوندی واقیان لێ وڕبمێنێ، لە سەرسامییان قامکی خۆ بگەزن. ئەگەر دەست لە کوشتنم هەڵگرن، بەڵێنم بدەنێ، منیش گوندی لەم کارە قوتار

دەکەم. بەڵام نەکەی بەگوندی بڵێی، لێرەم. پێش ئەوەی کارەکە جێبەجێ بکەم لەت لەتم دەکەن ها!»

«باوە تۆ شێتی. کێ لەت لەتت دەکا؟»

«ئەتۆ گوێت لە باوکی خۆت بێ، چۆنی دەڵێم وام گوێ لێ بگرە، تۆ نازانی، تۆ هێشتا منداڵی دوێنێی. ئاوەزت بەهەموو شتێ بڕ ناکا.»

«باوە تۆ شێتی؟ منداڵی چی. من وا پێم لە شێستی ناوە.»

کە کوڕە ئەمەی گوت خەلیلە پیر قەدەرێ کڕبوو، بیری کردەوە، لە پاشان دیسانەوە تێ هەڵچووەوە.

«نا نا،» گوتی. « تۆ منداڵی، ئاوەزت بڕ ناکا. پێیان بڵێی لێرەم...»

کوڕە سەرێکی هێنا و سەرێکی برد، گوتی:

«دەزانن.»

خەلیلە پیر کوتوپڕ زریکاندی:

«فەوتام، تیاچووم، هەر ئێستا دێن، واهاتن، دەرکە پێوە دە!. هیزە خێرا دەرکە کلۆم دە. هەر ئێستا، هەر ئێستا...»

یەکسەر لە ناو تاریکاییی عەمبارەکەدا لێی ڕاکشا، کەچە لێفەکەیشی بەسەرخۆدا دا. چۆقەچۆق دەلەرزی.

«بووی بەخوێنرێژم، دەرکە دااااخە. خێرا، خێرا...» لە کوڕە وابوو، خەلیلە پیر شێت بووە، بەبێزارییەکەوە دەستێ بەمدیو و دەستێ بەودیودا، بەرەو دەرکە چوو. بەگاڵتەوە قیڕاندی:

دایدەخەم، دایدەخەم، لەبەر دەرکەیش ڕادەوەستم، نایەڵم کەس وەژوور کەوێ.»

خەلیلە پیر دەیناڵاند، دەیگوت:

«ئاااه، ئاااه، ئاااه کوڕە سەوەوکارەکەی مەرگم. کوڕە بەچاوەکەم، کوڕە بەبیبیلەی چاوەکەم گوتنەوە گەورە کردووەکەم، کوڕە لە زاری خۆ گرتووەوەی لە زاری وی کردووەکەم، کوڕە لەبەری خۆ گرەوەکەی لەبەر وی کردووەکەم

وەجاخت کوێر کردمەوە، کوڕە ماڵ بەسەردا وێران و خاپوور کردووەکەم!»

خەلیلە پیر چاوەڕێی دەکرد، جیکڵدانەی بەیەکجارەکی تەنگ هەڵاتبوو. هەر کە سرتەیەکی دەبیست ڕادەچەنی و سەرلەنوێ خۆی خڕ هەڵدەدایەوە، چاوەڕێی دەکردەوە، ئەها وا هاتن، ئەها وا دێن. گوناهی هەرچی هەبوو و نەبوو، هەموو کەسێ لەوی بار دەکرد.

کوێخا، گوندی، هەموو کەسێ، هەموو کەسێ گوناهەکەیان سەرلەبەر لە ستۆی وی دەخست، کە دەشیانکوشت، دەیانگوت تاوانبارە گەورەکەمان کوشت، لێمان خۆش بە عادیلەفەندی، ئەگەرنا ئەو خەلیلە پیرە نەبوایە گوندێکی وا زل و زەلام قەت حاڵێکی وای بەسەر دەهات، قەت بەسەری دەهات؟

خەلیلە پیر دوو جۆرە هەست و خواستی تێدا بەشەڕ هاتبوون، یەکیان مردن... لە مردن دەترسا. لاشە لەتوپەت کراوەکەی بەپێش چاو دەهاتەوە، وەک عەشاماتێکی زۆر لەبەر دەرکەی ماڵیان خڕ بووبێتەوە و هەر لەتێکی بەدەست یەکێکەوە بێ. ئەمەی هەرگیز لە بەرچاو لا نەدەچوو. دیمەنی ئاغایەکی کە زۆر لەمێژ بوو، ژنان بەنوێژی نیوەڕۆیێ، لە چقورئۆوا تێی ڕۆهاتبوون، بە بەردباران و سەنگەسارکردنی کوشتبوویان، دەهاتەوە پێش چاو. ژنانی تاین هەروەک هار و شێتیان لێ هاتبوو، لە مێچکەی زار بەخوێن دەچوون. گوندییەکی بتوانن ئاغایەک بەنوێژی نیوەڕۆیێ بکوژن، خەلیلە پیر بۆچی نەکوژن؟

دووەم لە ناو کورۆکییەوە، لە بنەبانی دەروونییەوە هەستی بەوەتەنگ خۆوە هاتنێکی تێ گەڕابوو. گوندی، تەنانەت نەیاندەکرد، بێنە بەری مەیدانێ، کوێخا سەفەریش بکوژن. سەفەر چ کارەیە؟ ئەو منداڵی دوێنێیە... بەڵام خەلیلە پیر کابرایەکی بەنێوساڵدا چووی، دنیادیتە بوو. سەرەک دزانی ئەسلان ئاغایش بوو.

دەشترسا و چاوەڕوانی ها ئێستاکانێ، ها ئێستاکانێ دەرکە لێکردنەوەی دەکرد. لە پێش هەمووانەوەیش کێی لێ وەژوور کەوتبا باشە؟ مرێمۆکە

هاربووی، قژ وەک گەسک ڕەقوڕەپ. «تێی هەڵدەن»، دەیگوت. «ئەمڕۆ ڕۆژێتی. تێی هەڵدەن براینە، تێی هەڵدەن منداڵینە. ئەم بێ مەزەوە لەتوپەت کەن. تێی هەڵدەن ئەم گوند لە ناو خەڵک و ئالەمدا ڕێسواکەرەی بەچوار کتێبان کوشتن واجب کراوە...»

خەلیلە پیر بەدەنگی بەرز گوتی:

«ئاخ، ئاخ مرێمۆک! ڕۆژگار بەسەرچوو، لەبەر دڵی برایم، ئەو برایمە جوانە نەبوایە، چم لێ دەکردی، دەزانی؟ ئاخ مرێمۆک!»

ئێوارەیەکی پایز لە جغشارەوە دەهاتە خوار. گەڵای چنار سوور هەڵگەڕابوو سوورییەکی لە پشتەوەڕا بەرهەتاو کەوتوو... لە ترسان، هەر کە هەلی خۆی دەهات، هەمیشە ئەمەی وەپێش چاو دەهاتەوە، کێ دەزانێ لە سۆنگەی چی؟ ئاوێ دەڕۆیشت. ئاوەکە بەگەڵای سوور ڕاخرابوو. ئاو نەبوو، سەد سوێندت دەخوارد گەڵا چنارە، ڕووبارە گەڵا چنارە بەرەو خوار دەڕوا.

ئەسپێکی شێ ئاڵی وەختی خۆی دزیبوو. لە گوێکسوینی ژووروو. ڕەنگی ئەسپە بەلای ڕەنگی گەڵا چناریدا دەڕوانی. ئەسپەکە لە بنیدا هەر دەتگوت باڵی گرتبووەوە، دەفڕی. لە ناکاو ئەسپە ڕاچڵەکی و بەنێسکە کەوت. فێرە بەزمی وا نەبوایە یەکسەر دەبوو بەنەخشی بن سمی ئەسپەکە. زەلامێکی لە خوێندا گەوزیوی لە نێو دەوەن و دڕوواندا بەدی کرد. کابرا بەناڵەناڵ، بەرەو سەر ڕێگەکە خۆی پەلکێش دەکرد.

لە ئەسپەکە دابەزی، کراسەکەی داتلیشاند، لە برینی کابرای وەرپێچا، ئەنجا هەڵی گرت، لە تەرکی خۆی کرد و ئاژوای.

کابرا پاڕایەوە:

«ئامان! بۆ شارم نەبەی بۆ پزیشک و حەکیمانم نەبەی، ئەمن مەمۆی سەرەک یاخییانم پێ دەڵێن.»

ئەویش زەلامەکەی ڕێ و ڕاست بۆ ماڵی ئەسلان برد، لەوێندەرێی دانا.

«ئەمیش برای منە. تا برینەکەی ساڕێژ دەبێتەوە، چاوتان پێوەبێ،» گوتی، «لە ئێوەم دەوێتەوە.»

لە داوێنی چیای تەکەچ ئێستا بەفر کرێوە دەکا. لەوێ ئەشکەوتێ هەیە. با هەستم بڕۆم بۆ ئەوێ، ئاگرێکی لێ بکەمەوە، کارێکیش بکوژمەوە. ئێستا کارمامز هەراش بوون.

مەمۆ گورگی دەو بەخوێنی چیا و کەژان بوو. هەر تکاکارێکی لەلای خەلیلە پیرەوە هاتبا، دژمنی باوکوشتەیشی بووایە لێی خۆش دەبوو، ئێستا ساغ بووایە و ئەم گوندییانەی...

ئەوا گوندی بەردەرکەیان لێ گرتووە، پڕ بەدنیا دەنەڕێنن:

خەلیلە پیر وەدەرکەوە، بێ دینی بێ ئیمان، وەدەرکەوە هەی لە چوار کتێباندا جێگەنەبووی دژمنی گوندی!»

جا خەلیلە پیر قەت دەرکە دەکاتەوە؟ خۆ دەرکە بشکێنن! هەر پاش نەختێ کوڕوکاڵ، کیژ و بووک مرێمۆکە بەرازیان لە نوواوە. سواری دەرکە بوون. دەرکە بەشەقوهۆڕ کەوتووە و دەکرێتەوە، لەسەر گاز زرم ها دەکەوێ. قەرەباڵغییەکە لە هاتنە ژوورەوەدان، دەرزیکێنن. پاشەوپاش دەکشێنەوە، هەڵدێن، بەسەر یەکدا کەڵەکە دەبن. بەردەرکە حەشرێکە نەبێتەوە. بڵێ کوتوپڕ چی ڕووبدا باشە؟ هەر کە دەرکە دەکرێتەوە و ناکرێتەوە گوندی کاتێکی دەزانن سێ لوولە تفەنگیان تێ کراوە. سێ یاخیی سەرتاپا لە ڕەخت و فیشەکلغدا بەرانبەریان ڕاوەستاون. سەرەکیان کێ بێ چاکە؟ مەمۆ!

خەلیلە پیر هاوار دەکا:

«مەمۆ دەسرێژێ، نامەردت نەکەن! دەسرێژێ لەم گوندییە بێ نامووسانە. ئەی تۆ برای من نیت؟ دەسرێژێ مەمۆ.»

مەمۆ پێ دەکەنێ:

«ئەوان بێ دەسرێژ زاڵەتەرەک بوون. سوێند دەخۆم. ئەمانە هیچ یەکیان بەساغی دەرناچن. حەیفت لە گوللە نایە کا خەلیل؟»

ئینجا بەنێو گوند دەکەوێ، بەسینگ دەرپەڕاندنەوە سەرانسەری دەگەڕێ. گوندی دەیانەوێ بەدەنگ بێن. لێمان خۆشبە خەلیل ئاغامان، چ دەبێ؟ بەدەست یاخییانمان لە نێو مەبە...»

دەرکە کرایەوە. خەلیلە پیر داپەڕی، بوو بەیەک پارچە گوێ.

کوڕەکەی گوتی:

«مەترسە، باوە، منم.»

خەلیلە پیر دڵی تەپەتەپ لێی دەدا. لە دڵی خۆیدا گوتی: «دەک دوای تۆم بڕییەوە، خوێنڕێژی باوک. تۆیش هەر لەو بەرەی گوندییە بێ دین و بێ ئیمانانەی.»

«عادیلەفەندی ئەمڕۆ دێ؟»

«نا، باوە، کەی دێ؟ نازاندرێ.»

«کۆبوونەوەیەک، جموجووڵێ لە نێو گونددا هەیە؟ بێ ئەوەی بەکەسم پێشان بدەی، دەتوانی بەرەو داوێنی چیای تەکەچم ببەن، لەبەر زارکی ئەشکەوتەکەم دانێی؟»

«زستانە، تۆف و وەیشوومەکە بە باوە، زستانە، تۆف و وەیشوومەکە! پیاو نەک بۆ چیای تەکەچ، لێرە تا ئەوێ بڕوا ڕەق دەبێتەوە و دەمرێ!»

«تۆ بۆ ئەوێم ببە، بۆ ئەشکەوتەکە با مەمۆی هاوڕێی گیانی بەگیانیم...» لەگەڵ گوتی مەمۆ، کزە لە جەرگییەوە هات. «ئاخ، ئەگەر ئێستا ساغ دەبوو... ئەم گوندییانەم سەرلەبەر گوللەباران دەکرد.»

«باوە، تۆ شێت بووی. گوندی هەر بیریشت لێ ناکەنەوە. گوندی بەدەردی سەری خۆیانەوە گلاون. خەڵک چ کاری بەسەر تۆوەیە؟ وەرە دەرێ، وەک بەرزەکی بانان بۆخۆت بگەڕێ و وەرە و بڕۆ. هەرکێت تووش بێ دەستت لە مل دەکا. کاتێ ون بووی مەولوودێکم بۆ کردی. گوندی بەورد و درشتەوە فرمێسکیان بۆ ڕشتی. ئەی من ئەمەم پێ نەگوتی؟»

خەلیلە پیر لە نێو عەمبارەکە ڕاست بووەوە، هەر لەگەڵ ڕووناکییەکەی لە دەرکەوە بۆ هات، یەکسەر هەردوو چاوی قووچاند، سەرسامانە، قەدەرێ سەری ڕاوەشاند، ئەنجا دەستی بەقیڕوهۆڕ کرد:

«کوڕە هەی چڵمن، هەی هەتیوی چڵمن، گوایە گوندی من بەپیاو نازانن؟

ئەی مـن ئەوانم لە لـۆکــەچـنین دوانەخــست؟ ئـەدی من وەجــانـی ئەوانم کــوێر نەکردەوە، من تووشـی قـەرزاریم نەکردن؟ لە ناوچاوانی مـنەوە تووشـی ڕەزیلی و سـەفـیلی نەبوون؟ بە زگی برسـی و پشـتی ڕووتوقـووتـەوە نەمـانەوە؟ ئێسـتـا وەدەرکەوم، نامکوژن؟ پارچە پارچەم ناکەن؟ تۆ شێتی، شێت، حاجییە چڵمن! کـەواتـا گوندی من بەهـیچ نازانن؟ کـەواسـە من بەپـیـاو نازانن، ها؟ حـاجـیـیـە چڵـمنەکـەم، کوڕە شـێـرەکـەم، جووتە جـەرگـەکـەم. دەوجا وەرە سـاڵانی سـاڵ لە زاری خـۆتـی بگرەوە دەرخـواردی کـێـی دەی، لە بەری خــۆتی بگرەوە لە بەری کێی کەی. حـەیف، حـەیف. سـەت حـەیف و مـخـابن! تۆ دەبی بەکوڕی خـەلیلی وەک خەرتەل!»

وچانێ بێ دەنگ بوو. حاجی بزە گرتبووی.

«سـەرمـامـە، سـەرمـامـە، لێـفـەیەکم بـۆ بێنە. بەو ژنـە ڕووسـپـیـیـەشـت بڵێ ترخێنەیەکی چاک وەسەر ئاگر خا. تا نەمـردووم با بەگەرموگوڕی جوان جوان و بەخوایشتی خۆم فڕی کەم.»

حاجی بە مڕەمڕەوە:

«ئا ئێستا دەردی خۆت دەربڕی.»

حـاجـی دەیزانی ئەم قـیـژوهۆڕ و هـاتوهاوارە بەچ ئـاکـامێ دەگـا. دەیزانی بەترخـێنەیـەکی گـەرمـوگـوڕ و بەهـاڵاوەوە دواییی دێ، هـەر کـەسـە و دەردێکی هـەیە، هـی ئاشەوانیش ئاو...

«هەر ئێستا پێی دەڵێم، گورج لێی دەنێ، باوە. تۆ زەوقی خۆت تێک مەدە.»

«لێفەکە، لێفەکە بێنە حاجی.»

خــەلیلە پـیـر هێـشـتــا هـەر بڕوای بەکـوڕەکـەی نەدەکـرد. ئـەگـەر گـوندی دەیانزانی لە مـــاڵەوەیە، ئـەدی بۆچـی نەدەهـاتـن بیکوژن؟ حـــاجی درۆزنـە، ڕاستییەکەی ناڵێ. مومکین نییە، ئەمە هیچ مومکین نییە.

لە ژێر لێـفـەکـەوە، بەلەرز و هەڵچـۆقـینەوە گـوێی وا بۆ چرتەی درگـاکـە ڕاهێشتبوو، دەتگوت ها ئێستا ها نەختێکی تر دێن. تا شەوێیش داهات بەدڵە کــوتێــوە هـەر چاوەڕوانی کــرد، ســەری نەگــرت، نـەهـات «ئاااخ، گــوندیی

قورمساخ، ئاااخ!»

هەر چەند بۆن و بەرامەی شۆرباکەی خۆش خۆش بەلووتدا دەهات، هەر ئەوەبوو نێو هەناوی نەتوێتەوە.

بووکێ بانگی کرد:

«باوە، شۆرباکەم داگرت، وەرە بخۆ. چاوەنۆڕتین.»

«دنیا تەواو تاریک داهات؟ تەواو بوو بەشەو؟»

حاجی گوتی:

«بوو بەشەو باوە، بوو بەشەو.»

«دە سەیرێکی دەرەوە بکە، بزانە چ باسە. با تووشی هەڵەیە نەبین. هیزە ئامان!»

حاجی لەسەر سفرە و خوانەکە ڕابوو، چووە دەرێ، گەڕایەوە.

«دەرەوە تاریکستانێکە، تاریکستانێکە تەور نایبڕێ، چاو چاو نابینێ.»

خەلیلە پیر لە پڕ بەچوست و چالاکیی منداڵێکەوە، لە عەمبارەکەوە بازدێکی بەم دیودا دا، هات لەسەر سفرە و خوانەکە دانیشت، پەلاماری کەوچکێکی دا وەک ژەمبردەی لە ساڵەگرانی و قاتوقڕ بەجێماو، نە سەیرێکی ئەملا و نە سەیرێکی ئەولای نەکرد. گرمۆڵە بووبوو، پیرە ترخێنەی وەک هار و شێت وەبەر کەوچکان دا، شۆربایەکەی هەر هێندەی یەک و دوو فڕ کرد و زگی چاک چاک تێروتەسەل کرد. گەڕایەوە عەمبارەکەی خۆی و چووەوە نێو جێگەکەی، لێفەکەی بەسەر خۆیدا دایەوە. وێجا دوای ئەوەی سەری لەسەر بالیفەکە دامەزراند، هەر دوو دەستی برد لە ژێر ڕدێنیدای ئاڵقاندن و هەردوو ئەژنۆشی بەرەو چەناگەی هەڵکێشا، گرمۆڵە بوو. لەشی وەک بلەرزێ وابوو.

خۆ گرمۆڵەکردن و کرژبوونەوەکەی، ناو جێگەکەی گەرمتر کردبووەوە، خەلیلە پیر کەیفی بەگەرماییی خۆدا دەهاتەوە.

پیاو کە ترسی چووە دڵەوە بەگوڕ و توانی چل هێستران دەرنایە.

گوندی نایەن؟ سەلا لە خۆت و ئاوەزت چڵمنەکەم، حاجیلە هەژارەکەم! قەت

دێن؟ بەردەستی گوندی بکەوم، هەر بەئاسمانەوە، بێ ئەوەی ئاگر ببینم، بەکاڵی دەمماشنەوە. نا نا، حاجی کوڕی چاکە، کوڕێکی زۆر زۆر چاکە. پیاو سوور بزانێ گوندی باوکی دەکوژن، دەچێ، دەڵێ گوندیینە، وەرن باوکم وا لە ماڵێیە؟ هەیە ببێ بەخوێنڕێژی باوی خۆی؟ ئەمە حاجییە چڵمنە، نەک گاڵتە، لەوانەیە پیاو ببێ بەخوێنڕێژی باوکی، دایکی، بەرەی حەوت پشتی، بەڵام دەترسێ. مەمۆ هێند لە یاخییان دەترسێ... مەمۆی یاخی بزانێ حاجییە چڵمن پیاوێکی ئەوەند خراپە، ڕێ و ڕاست دێ بەتاساندن دەیتاسێنێ. حاجییە چڵمن بڕوای بەوە نییە کە نەمردووە، با بڕوا، بڕوای نەبێ، با هەر بێ بڕوا بێ. ئەوانەی بڕوایان نییە چاویان بەحاڵی خۆیان دەکەوێتەوە! مردنی مەمۆێ بەچاوی خۆی دیتووە؟ مەمۆ بەو کەژەوەیە، جا مەمۆ کەی مردووە؟ قسەیە؟ دوو تاک، دوو جەندرمەی هێلکەفرۆش قەت دەتوانن توخنی کەون؟ خۆ هەروا بەخۆڕایی مەمۆیان پێ نەگوتووە. برای کێیە ئەو؟ خەلیلە پیر.

ئەوە حاجییە چڵمنە، هێشتا منداڵە. بیر لە بەرودوای کار ناکاتەوە، سەروقنگی کار تاوتوو ناکا. ئەو لەو بابەتانە نییە مەمۆی کەژ و کێوانی بەبیردا بێتەوە. بەگوندیی گوتووە، باوکم لە ماڵێیە، گوتوویە، چەنەی لە چەنەی پیرێژنان دەچێ. هیچ ڕازێ لە دڵیدا وەناشێرێ. دەروونی وەک بەستۆڕەی بەر کانیی سپی وایە. ئەویش نەیگوتبێ، زەڵەجە پیر گوتوویە. بەخەونەکانیەوەی وەرپێچاوە و یەکراست چووە بە کوێخای گوتووە، کوێخا، کوێخا سەفەر. ئەویش نەیگوتبێ عەلی داڵیت گوتوویە. کۆکەیەکی بەر گوێ کەوت. ئاوڕیشی دایەوە. ئەم کۆکەیە کۆکەی کێیە؟ ناڵێ لە کێهە لاوە دێ؟ ئەوا گوتمان کۆکەی عەلییە، تۆ بڵێی بەدایکە بەهەڵترۆپین چووەکەی نەڵێ؟ ئەوە ئەولا ڕاڕایە، ئەولا زلحیزە خوێڕووە، وا لەوسەرەوە هات. نەڕوا بڵێ، خەلیلە پیر لێرەیە، هیزە بیگرن! گریمان ئەمانە هەموویان نەیانگوت. ئەی بووکە چڵکن و ڕشکنە لە مەنجەڵی قەتراندا بەکوڵ چووەکەی نایڵێ.

تیرەی گوندی بە فڕ و گزین بەدەک و دەهۆن. ئەدی پێشینان نەیانگوتووە، گوندی دایکی کەمیتار بێ، باوکی بێ سێ و دوو ڕێوییە. دەنا تیرەی وا لە

هیچ مەخلووقان ناکەوێتەوە. بەڵێ بەم جۆرەی دەفەرموو مامۆستای قەرەتۆپاخلیمان. جا گوندی بۆ پیاوکوشتن چاوەنۆڕی شەو داهاتن دەکا، بۆ ئەوەی چاکی تام و لەزەت لێ وەرگرێ. شەو پیاوکوشتن زۆر لەبارە، یەکاویەکە.

لە کوڕە وەدەنگ هات:

من دەزانم هەرتک چاوەکەم، کوڕم،» گوتی. «جووتە بیناییەکەی چاوم، کوڕە لێهاتوو و هەڵکەوتەکەی سەرلەبەری گوند، هەڵکەوتەی سەرانسەری دنیا. کوڕ، شەوێ دێن، دەمکوژن. سێ پشتکۆڵان بەپشت دەرکەوە دە، دەرکەی بە سێ پشتکۆڵان گارە دا، لە داری بەڕوو ها! پێنج شێرەیشی لێ دە لە پۆڵای ڕووت و پەتی. لە پۆڵای ئەڵەمان. مەگەر ئەوها باوت لە چنگوڕکی ئەم دڕندانە قوتار کەی، هێشتا هەر ناتوانی قوتارم کەی. ئەوان چاوەڕێی شەو داهاتن دەکەن. چاوەڕێی ئەوە دەکەن. چاوەڕێی ئەوە دەکەن شەوی مەرگمان بەسەردا بکشێ، چاوەڕێی ئەوە دەکەن تاریکییەکمان بەسەر دنیادا بکشێ وەک بەردی قورس و گران. جا ئەوساکە بەدەم تاریکی بەدەست گرتنەوە، بەپەلەکوتێ و هەڵپەوە لە ماڵ دەردەچن، دێن لە پێش دەرکەی ئێمە، یەکە یەکە دەوەستن، ئیدی هەروا دێن و دەپەنگێنەوە، وێجا لە پاشان پاڵ بەدەرکەوە دەنێن. کە پاڵیان پێوە نا، دەرکە ناکرێتەوە، هەر کە دەرکە نەکرایەوە، هێندەی دی پێ زێتر دادەگرن. هەر نەشکرایەوە دیوارەکە کون دەکەن. من دەزانم لەجیاتی خۆ بەکردنەوەی دەرکەیەکی ڕوختە و قایمەوە خەریک کردن، دیوار کون کردنەوەکەیان پێ ساناتر دەبێ. من بەمە بزانم، ئەوان پێ نازانن، جووتە سۆمای چاوەکانم کوڕ! ئەوساکە لێم وەژوور دەکەون، هەروەک بێچووە کەروێشک لە ملم دەگرن، دەمبەنە دەرێ. لە پاشان یەکێ لەم پیلم و یەکێ لەو پیلم دەنەوێ، بەسەر زگمدا، بەوشەوە ڕام دەکێشن، دەرم دێنن. مەشخەڵ بەدەست، مەشخەڵ بەدەست، گوندی سەرلەبەر، منداڵ و مەزن، هەتیو و مەتیو ڕدێنم وەبەر تفان دەدەن. وێجا وەک گورگی هار هەڵم دەکەنێ، هەر پەلێکم دەست یەکێکیان دەکەوێ.» هەناسەیەکی هەڵکێشا، «ئەرێ ێ ێ، کوڕۆ،

مەرگی چیا و کەژ بەو جۆرە دەبێ. خەلیلە پیر دەڵێ چ بکەین، چ دەسەڵاتە: چارەنووس وا بووە. ئەی پیاوێ ئەم هەموو زەرەر و زیانەی لە گوندی دابێ، بەچ جۆرێکی دەکوژن. ژنان ئاغاکەی چقورئۆوایان چۆن لەتوپەت کرد، ئاوهای دەکوژن. پیاو لە کوشتنی یەکێکی وەک خەلیلە پیر بێ، دەبێ وا بیکوژێ، ئەدی وەنییە کوڕۆ؟ بەڵام چ دەقەومێ بەم حاڵی پیری و کەنەفتییە نەمکوژن! وەنییە توخوا، وەنییە کوڕۆ؟

حاجی سەری لێ شێوابوو، بۆ خۆیشی نەیدەزانی چ بڵێ. بڵێ: «دەتکوژن،» خەلیلە پیر هەر بەجارێ زارەتەرەک دەبێ، تا سبەینێ لە نێو جێگە دەلەرزێ، کفران دەکا دەناڵێ. بڵێ: «هەر ئاگاشیان لە تۆ نییە، چت لێ دەکەن، بەدەردی سەری خۆیەوە گلاوە، یەکڕاست دەڵێ ئەی هاوار هەی خۆ بەپیاوم نازانن، هێندەی دیکە دەیکا بەکارەڕات و ڕۆژی حەشر.

حاجی دیسان بەنەرمییەوە، بێ پەروایانە:

«باوە، گوندی هەر چەند ناپەرژێتە سەر کاری خۆی، قەساو بەهۆڵی گۆشتەوە بزن بەهۆڵی سەریەوە. تۆ لە زەوقی خۆت مەدە. لە عەمباری خۆتدا بۆ خۆت جوان و زەریف بنوو، باوە. گوندی چت لێ دەکەن؟»

خەلیلە پیر نەڕاندی:

«ئەمشەو، هەر ئەمشەو، ئەمشەو دێن و دەشمکوژن، پەل پەلم دەکەن دڵت خۆش بێ حاجییە چڵمن، دڵت خۆش بێ. ئەو پارووە نانەی دەیخۆم، ئەویش بۆ تۆ بمێنێتەوە، چڵمنیش و هەزار جار چڵمنیش...»

حاجی بەبێ گوێدان و بەبێزارییەوە:

«نازانم باوە، لە هاتن بن، دێن و دیوارەکەشمان کون دەکەن و دەشیرووخێنن. ئەم هەموو مەینەتییەی گوندی دەیکێشن لە نێوچاوانی تۆوەیە. ئەوی ئەمساڵ گوندیی بەپەرێشانی دەهێڵێتەوە تۆی. چما گوندی نازانن؟ بزانن، ناتکوژن و ڕێزە ڕێزەت ناکەن؟»

خەلیلە پیر هێشتا هەر کەیفی ساز بوو:

«دەکوژن، کوڕۆ، دەکوژن بینایی چاوانم. دە وەرە بۆ لام، گەردنم ئازا کە،

دە وەرە کوڕۆ، دەستم لە نێو دەستت خە، با بووکەکەشم، نەوەکانیشم، بێن. هەرچی لەم گوندە، لە بنەچەکەی من کەوتبێتەوە، با هەموو بێن، من ئیدی وا دەڕۆم. با گەردنم ئازاد کەن. ئەم گوندییانە هەروا بە سەرساغییەوە نامهێڵن. لێم ناگەڕێن. ئاخرییەکەی بڕوات هێنا، کوڕۆ... وەنییە، لاوۆ؟»

«بە ساغیت لێ ناگەڕێن.»

«دەی کە وایە، وەرە کوڕۆ، گوندی نامگەیێننە سبەینێ. وا هەر لە ئێستاوە خەریکن لەبەر دەرکە خڕ دەبنەوە، هەر کاتێکت زانی دەرکەیان لە گرێژەنە ترازاندین، نا نا دیوارەکەمان کون دەکەن. جووتە بیبیلەی چاوەکانم، کوڕ.»

منداڵەکان و بووکە بەچاو لێ هەڵتەکاندنێکی، لە ژێر سوێڵەوە پێکەنین گرتنی و خۆیان هەڵداشتە نێو عەمبارەکە، حاجی چوو لە دەستێکی نەوی و بووکەکەی لە دەستێکی.

خەلیلە پیر:

«گەردنم ئازاد کەن ڕۆڵەکانم،» گوتی. دەنگی شەفەقەتێکی نەرمی، گەرمەڵەی تێدابوو، پیاوی بەجۆش دێنا. لەوەتی خەلیلە پیر خەلیلە پیر بوو حاجی، باوکی قەت بەو ئاوایە نەرم و دۆستانە نەدیتبوو.

«خەلیلە پیریش دەبێ چارەنووسی وابێ. سەرەنجام دەبێ گیانمان بەدەست گوندییەوە دەرچێ»، دەستی لە دەستی حاجی و بووکە کردەوە، دەستی منداڵەکانی گرت: «ئێوەیش گەردنم خۆش و ئازا کەن، چاو کەژاڵەکانم،» دەستێکی بەسەر و قژی ئەمیان و دەستێکی بەسەر و قژی ئەویاندا دەهێنا و دەیلاواندن. وێجا دەستی لەوان بەردەدا، ئەوانی دیکەی دەلاواند. لەوەتەی خەلیلە پیر خەلیلە پیر بوو، دەستی بەسەر و قژی کەسدا نەهێنابوو، کەسی نەلاواندبوو. ئەمەیش کارێ بوو سەری پیاوی لێ سوڕ دەما... هەر بەڕاستی خەلیلە پیر دەمرد؟

«گەردنم خۆش و ئازاد کەن،» گوتی. «بەڵکو ئێستا هاتن، ها ئێستا ها نەختێکی دی هاتن».

لە پێشان حاجی، دوایی بووکەکەی، ئەوجا منداڵەکان، گوتیان:

«گەردنت خۆش و ئازا بێ.» و لە عەمبارەکە وەدەرکەوتن، چوون، لەبەر ئاگردانەکە دانیشتن. قەدەرێ هیچ قسەیان نەکرد. لە عەمبارەکەوە ناڵەی خەلیلە پیر دەهات، دەیبۆڵاند، جنێوی دەدا، ئەوانیش گوێیان بۆ ڕاهێشتبوو بیریان لە مردن دەکردەوە.

کەڵەشیری نیوەشەویش خوێندی، خەلیلە پیر دەنگی هەر نەبڕا. بەکاوەخۆ، ڕەحەت و سەحەت، وەک ساوا، پشووی دەدا.

بووکەکەی نێوی فاتم بوو، فاتم بەمێردەکەی گوت:

«دەبێ ئەو پیاوە لەم دەردو مەینەتییە ڕزگار کەین. بەلەنگازە، زۆرم دڵ پێ دەسووتێ. قسەکانیشی هێندەیان کار تێ کردم، هەر وەخت بوو، لەو دەقەی دانیشم دەست بەگریانێ کەم. خۆ هێندەی نەمابوو، پەلاماری دەستی دەم ماچی کەم. کەساسە خەو و خۆراکی بەجارێ لێ حەرام بووە. من سبەینێ لەم دەردەی ڕزگار دەکەم.»

حاجی پرسی:

«چۆن؟»

فاتم:

«سبەینێ دەبینی، تا نووکە هیچ حەزم لە چارەی نەدەکرد، دەمگوت، با بڕوا، بیکێشێ، مستەهەقە. تەماشا، حاجی، ئەم پیاوە، ئەوە چەندین ساڵە پێم دەکا، خەم و خەفەت و دەردی دنیای بەزگەوە کردم، کەچی بەدوو قسان، دڵ و هەناوی لێ ساندم، هیچ شتێکی خراپی لە دڵدا نەهێشتم، هیچ ڕکێکم لەحەنی نەما. خۆشەویستییەکەیشی لە دڵ چەسپاندم. سبەینێ لەم ترس و دەرد و مەینەتییەی قوتار دەکەم. حەیف بۆ ئەو کەساسە.»

چوونە نێو جێوە، هەر سەریان وەسەر بالیفی نا و نەنا، نووستن.

خەلیلە پیر هیچ نوێژومۆێژی نەدەکرد. نەیدەکرد، بەڵام لەگەڵ بانگی سبەیناندا بەخەبەر دەهات. هەر لەگەڵ ڕادەبوو، هەوەڵ سووتەنی، ئەو لە ئاگردانی پڕ مشکیی داویشت. هەرچی بەخەبەر دەهات، تەماشای دەکرد، ئاگرێکی بەپۆلوو و پەرەنگی خۆش هەڵکراوە و ماڵ گەرموگوڕ داهاتووە.

بەڵام خـــەلیلە پیـــر لەوەتی لە چقــورئۆوا گـــەڕابووەوە و لە ناو تاریکیی عەمبارەکەدا خۆی شاردبووەوە، یەک جاری جار ئاسایی چییە ئاورودووی لە ئاگردانێ نەکردبوو.

ئەمرۆ هێندەی حەز لە ئاورودوو هەڵکردن بوو مەپرسە... بێگومان شتێکی لە دڵدا هەبوو. بەگورجوگۆڵیی کتکێکەوە لە عەمبارەکەوە بازدێکی دا، هات، خێرا ئاگردانەکەی هەڵایساند و هەر هێندەی بڵێی یەک و دوو، یەکسەر چووەوە نێو عەمبارەکەی خۆی و لێی نووستەوە، جا چەندیش سەرمابوو. وەجاخی حاجییە چڵمنم کوێرەوە کرد، خۆ هێند فەقیرۆکەیە، دەست نابا دوو سەر گاوگۆتاڵ بکڕێ و ماڵەکەیان پێ گەرم کاتەوە. هەر دەڵێی کوڕی خەلیلە پیری خەرتەلیش نییە، نەک لە پشتی وی، هەر دەڵێی لە پشتی زلحیزێکی گەلحۆ کەوتووەتەوە. هەر پاشی ئەوەی خەلیلە پیر لە خەو ڕادەبوو، دوای نەختێ فاتمی بووکیشی ڕادەبوو. کیژی ئەو وەلییە چڵکنە لامل گەڕوگولە. لە پاشان منداڵەکان، دوای ئەوان حاجییە چڵمن ڕادەبوون. خۆ جارێ حاجی چڵمن، ئەوە هەموو سبەینانی خوا شەڕێکی لەگەڵ بووکەکەیدا دەکرد. هەموو سبەینانێ. خەلیلە پیریش زۆری کەیف بەمە دەهات. خودک لە هار و شێتی خراترە. پیاو خوو بەشتێکەوە نەگرێ، لێی نەبێ بەخودک.

خەلیلە پیر ئەوێ ڕۆژێ چاوەنۆڕی کرد، شەڕ نەبوو، لە شەبەقەوە کەڵەشێر خوێندی، ڕۆژهەڵات. هەر نەبوو. هەی هەی، ئەرێ چییان بەسەرهاتووە؟ کار لەوەدا نییە، یانی چی شەڕ نییە. چاوەڕێی کرد، ئارامی لەبەر بڕا. سرتە نەهات.

بانگی کرد: «فاتم، بووکە فاتم،» نەخێر هەر دەنگ نەبوو، ئینجا گوتی:

«حاجی ڕۆڵەکەم. ئەو ژنە چی بەسەرهات؟ بۆ کوێ چوو؟»

«کاری هەبوو، سبەینێ زوو چووەتە دەرێ. کارێکی گەورەی هەبوو. دەتویست شتێ بڵێی باوە.»

خەلیلە پیر گوتی:

«ویستم بڵێم...» و کڕبوو.

«چی بڵێی باوه؟»

حاجی:

«ئۆف له دەست تۆیش، ده بڵێ، چییەکه بڵێی؟»

خەلیله پیر له ناو پێخەفەکەی قیت بووەوه، ڕدێنی گرت، گوتی:

«حاجی چڵمن، حاجی چڵمن، هەتیو تۆیشم لێ بووی بەپیاو، ئەتۆیش وات لێ هات پێمدا هەڵکاڵێی؟ تۆ هێشتا بۆنی شیری کاڵت له دەم دێ، منداڵی دوێکەی، دووردگەکەم. دەمویست، بڵێم وەک حاڵێکتان بەسەرهاتبێ؟»

«نا، باوه. حاڵی چی؟ بۆچی؟ گوندی هەموو چ حاڵێکیان بەسەرهاتووه ئێمەش ئەوه.»

«دەمویست بڵێم...»

«وەڵڵا تێت ناگەم، چ دەڵێی باوه؟»

خەلیله پیر له ناخی دڵیەوه، دایه پێکەنین، گوتی:

«حاجیم، ڕۆڵەکەم،» و نەختێ ڕاوەستا. «گوتم، ئەمڕۆ لەگەڵ بووکێ بەشەڕنەهاتی، گوتم، ڕەنگه سەرتان بەکەڵکەڵەیەکی گەورەوه گلابێ، زۆرم مەراق بوو.»

حاجی پێ کەنی، گوتی:

«نا، باوه، نەپەڕژاین. هەر لەگەڵ شیرەی شەبەقەوه بۆی دەرچووه، ڕۆیشتووه.»

خەلیله پیر لەپڕ زریکاندی:

«دەرگا، دەرگا! دەرگاکه پێوەده.

حاجی بەمەبەستەوه گوتی:

«دەرگا پێوەدراوه. باوه،»

«برۆ پێوەی ده!..»

دەرگاکه بەتاک بوو، حاجی پێوەی دا. هەمدیس کردیەوه.

خەلیله پیر:

«دەستەکانت خۆش بێ، بەڵام حاجی چڵمن، خەلیلە پیر فریو مەدە. بڕۆ ئەو دەرکەی پێوەت دا و کردتەوە، پێوەی دەوە.» لە پاشان شێتانە، هێندەی گوڕ تێدابوو، هاواری کرد: وا دێیێین! خۆت فریام کەوە پیر محەمەد، ئامانەتیی تۆ و ڕۆحە شیرینەکەم خوای گەورەم. لە شەفاعەتی خۆتم بێ وەر مەکە ناوجوانەکەم، گوڵووکی دەشت و دەران، لە هەموو گوناهێکم خۆش بە، ئەی پێم نەگوتی؟» کە گوتی ئەی پێم نەگوتی، دەنگی شادمانیی لێ هەڵدەوەری. من پێم نەگوتی، پێم نەگوتی، گوندی لەت لەتم دەکەن. دەرکەی پێوەدە. هیزە پێوەی دە! کڵۆمی دە، پشتکۆڵ و بەردەکانی بەپشتەوە هەڵپەسێرە. گوێت لە ترپەی پێ نییە؟ دەڵێی هەزار کەس وا دێن. ئەدی گوێت لێ نییە؟ منداڵ و مەزن، لاو و پیر. بە ئەسپیانەوە، بەسەگ و توولە و تاژییانەوە، گوندی بۆ پارچە پارچە کردنم، سەرلەبەر، وا دێن. وا دێن... فریام کەوە، فریام کەوە پیر محەمەد، پیر خدری ئەسپ بۆز، ئەو نەمگاتێ، تۆ فریام کەوە.» لەپڕ دەنگی بڕا. لێفەکەی وەسەرەخۆ هەڵکێشایەوە. لە یەکبینە دەیناڵاند.

حاجی لەپڕ دەنگە دەنگ و هەراوزەنا و تریق و هۆڕی پێکەنینی عەشاماتێکی بەرگوێ کەوت. دیاربوو، قەرەباڵغییەکی گەورە بەرەو ماڵ دەهات.

پاش نەختێ دەستیان بەدەرکە لێدان کرد. فاتم گوتی:

«دەرگاکە بکەوە.»

خەلیلە پیر لە ناو عەمبارەکەوە قیژاندی:

«مەیکەوە، مەیکەوە، بەگوریت بم حاجی، مەیکەوە. ئەی تۆ کوڕی من نیت؟ بڕوانە، وا هاتن بمکوژن. مەیکەوە حاجی گیان. ئەو قەحپەیەی ژنت ئەمەی بەسەرهێنام، مەیکەوە. باوکت بەقوربانت بێ حاجی گیان، مەیکەوە. بە بەندەی ئاڵقە لە گوێی ورد و درشتت بم، مەیکەوە. ئەم ساڵ بۆ چقور بچمە خوار، هێندەی پێنج زەلامت لۆکە بۆ خڕ دەکەمەوە. جگەرەی جگەرە ئاسایی ناکێشم. مەیکەوە حاجی.»

حاجی بەرەو دەرکە چوو:

«فاتم، چت دەوێ، دەرکە بۆچی بکەمەوە؟ ئەم عەشامات و هەرایە چییە؟»

فاتم لە سەرەخۆ:

«تۆ بیکەوە جارێ،» گوتی.

خەلیلە پیر لە عەمبارەکەوە دەرپەڕی:

«مەیکەوە کوڕە،» گوتی. حاجی دەرکەی کردبووەوە. خەلیلە پیر هەر هێندەی بەخۆ زانی ڕووبەڕووی قەرەباڵغییەکە، لە ناوەندی تاریکییەکەدا، وچانێ، هەروا مایەوە. چەند جارێکی چاو ترووکاند، لە پاش ئەوە، خۆی خڕ هەڵدا، هۆپ، بازێکی دایەوە بۆ نێو عەمبارەکە، چۆوە نێو جێگاکەیەوە، لێفەکەی وەسەرەخۆ هەڵکێشایەوە. هێندەی گلۆڵەیەکی لێ هات.

لە پاش ئەمە، قاقای پێکەنینی قەرەباڵغییەک وەک تۆپ تەقییەوە، لە ناو گوند دەنگی دایەوە. خەلیلە پیر بەمە تەواوێ شڵەژا، کە بەخۆ هاتەوە، هەر دەیگوت: «مەکەن، مەکەن، کوڕە، بەزەتان بەڕۆحە شیرینەکەمدا بێتەوە دراوسێینە، من کردم، ئێوە نەیکەن. ئیدی جارێکی تر بۆ لۆکە درەنگتان وەڕێ ناخەم. ئەم جارەم ببەخشن.» چ باس بوو، چ دەقەوما؟

لە قەرەباڵغییەکەوە قسەی بەگاڵتە و قاقای پێکەنین دەهات، هەریەکە شتێکی دەگوت، قسە و گاڵتەکان کێهەیانت دەگرت، وەک خەنجەر و نووکە نێزە لە سینگی خەلیلە پیر ڕادەچوو.

«هەر بەکاڵی...»

«گوندی هەر بەکاڵی دەتخۆن!»

«خەلیلە پیر، خەلیلە پیر.»

«مریمۆکیش هات، مریمۆکیش...»

«ڕدێنت لە دەستی قوتار کە، مام خەلیل!»

«وەرە دەرێ، مام خەلیل.»

منداڵەکان کارەکەیان هێندەی تر لەتام دەرکرد. قسە و گاڵتەکانیان بەگۆرانی و بالۆرەوە دەگوت:

«مام خەلیل، مام خەلیل،

بۆ چقورئۆوا دەچێ بە فیل.»

ئەمەیان دەگوت و ئەوجا هەموو بەیەک دەنگ دەیانگوت:

«مام خەلیلی وەک پڵینگ،

کلکی بەگێز و گوڵینگ.»

زۆری نەکێشا، هەرچییەکیان دەگوت، بوو بە شتی بێ مەعنا و لە حاڵیبوون نەدەهات. دابوویانە تریقوهۆڕ و قاقای پێکەنینێ، خۆیان لە بیرچووبووەوە.

کوڕی بێ کراس بەتووڕەییەوە نەڕاندی:

«ئەرێ ئەوە ئێمە بۆ چاکەی ئەم پیاوە، یا بۆ دانەباری تەشقەڵە و جەفەنگ پێکردنی هاتین؟ کڕ بن، بیبڕنەوە.» کوڕی بێ کراس، هەر تەواو، بەڕاستی بوو. هەموو بێ دەنگ بوون.

کوڕی بێ کراس لە سەرەخۆ چووە ژوورێ، دەستی لەسەر دیواری عەمبارەکە دانا، گوتی:

«خەلیل ئاغا، ئەوە لە چ دەترسی نامەردت نەکەن؟ تۆ دەزانی ئەم ترسەی تۆ لە بەلاش و حەلاشە. گوندی بۆ دەتکوژن، گوندی کەنگێ ڕکیان لە تۆ بووەتەوە؟ گوندی خۆشیان دەوێی. تۆ زۆر بەهەڵە بیر لە گوندی دەکەیەوە، خەلیل ئاغا. گوندی جوامێرن، گوندی ئاکاریان شۆڕەسوارانەیە، پیاون، بەهەرچی پیر و پیاوچاک هەیە نەیەیتە دەرێ، خۆم دێم، لە پیلت دەگرم، دەتهێنمەوە ناو ئەم خەڵکە، وەرە دەرێ، خەلیل ئاغام».

کوڕی بێ کراس هەر گوتی و گوتی، خەلیل نەهاتەدەر، ئاخرییەکەی کابرای بێ کراس بازێکی دا بۆ نێو عەمبارەکە، لێفەکەی لەسەر خەلیلە پیر هەڵدایەوە، خەلیلە پیر وا گرمۆڵە بووبوو، هەر هێندەی گولۆڵەیەکی مابووەوە. کوڕی بێ کراس ئەم کابرا پیرە گولۆڵەیەی لە هامێز کرد. خەلیلە پیری تاین لە هامێزیدا وەحەلوەلا و پەلەقاژێیەک کەوتبوو، مەپرسە. هێنایە دەرێ، بردی لەوناوە، لەسەر زگ داینا. خەلیلە پیر تا قەدەرێ، هەروا لەسەر زگ، چۆن

داندرابوو، هەر بەو ڕەنگە مـــایەوە. لە پاشـــان بە دوودڵی و گـــومـــانەوە، بەکاوەخۆ، کەوتە بزاوت. لە پێشان دەستی ڕاستی بە بەفرەکەوە گرت، کەمێ خۆی ڕاست کردەوە. ئەوجا دەستی چەپی، یەک دوو جارێکی لە ڕاست و چەپی خۆ نۆڕی، وێجا هەڵستایەوە سەر پێیان. قەدەرێ بەترووکەترووک، چاوی بەسەر خەڵکەکەدا گێڕا. هێشتا هەر چاوەڕێی ئەوەی دەکرد خەڵکەکە، جووڵەیێ، ئاخر کابرا وتەنی، تێ هەڵدانێ، دارکارییەکی بکەن. دەشیزانی کەس چیی لێ ناکا، بەڵام هەر چاوەنۆڕ بوو.

ئومێدێ...

لە کاتێکدا خەلیلە پیر لە ناوەندی قەرەباڵغییەکەدا بەو جۆرە چاوەنۆڕ بوو، کوڕی بێ کراس هات، چووە بن باڵیەوە، گوتی:

«گوێت لەمن بێ، خەلیل ئاغام، خۆ بەچاوی خۆت دیتت. گوندی بەگەورە و بچووکەوە وا لێرەن، بەورد و درشتیانەوە، سەرلەبەر لێروکانەن، خۆ وا بەچاوی خۆت دەبینی، کەسێ خوانەخواستە، پەلەپیتکەیەکت لێ نادا، قسەیەکت پێ ناڵێ. کەسێ گوتی برۆ بەسەر چاوتەوەیە،» بانگی کوڕەکەی کرد: «ئا، ئەحمەد، وەرە، کوڕم، دەستی لالۆ خەلیلت ماچ کە.»

منداڵەکە بەغار هات، دەستی خەلیلە پیری ڕاموست. حاجیش دەستی ماچ کرد.

ئیدی کچۆڵە و هەرزەکار تێی ورووکان، بەبزەوە دەستی خەلیلە پیریان ماچ دەکرد. پیری ولیانی نەبی ئەمە حاڵت بێ.

کوڕی بێ کراس:

«خەلیل ئاغا گەورەی هەموو لایەکمانە، لالۆمانە، هاپۆمانە، بەڵام، ئیدی بەســـە، وا لە ســـەرمـــان دەلەرزێ، وازی لێ بێنن. ئەوی دەست مـــاچکردنی بەرنەکەوتووە، با سبەینێ بێ، دەستی ماچ کا.»

جا بەڕاستی خەلیلە پیر هەر ئەوەبوو لە سەرما زیرە نەکا، لە سەرما چۆقەچۆق دەلەرزی. کوڕی بێ کراس هێنای، لەو ناوجێیەی، فاتم لەو دەمەدا لە نزیک ئاگردانەکەوەی ڕاخستبوو، ڕای کشاند، گوتی:

«خواحافیز، هاپۆ خەلیل، تۆ هاپۆی گەورەی سەرلەبەری ئەم گوندەی. خوا لێمانت نەستێنێ.»

قەرەباڵغییەکە بەکرکە و تریق و هۆڕی پێکەنین و سەما و سووڕدانەوە بڵاوەیان لێ کرد.

***

خەلیلە پیر کەوتبووە نێو بۆش و بەتاڵییەکەوە، کەواتا گوندی هەر هیچ هیچیان لێ نەدەکرد؟ جا ئەمە چەندی بەچەند بوو؟ کێ سەری وانی بەگەڕی عادیلەفەندییەوە ئاڵاند؟ کێ، پاش ئەوەی لۆکە بڕایەوە و گوندیی ئەملا و ئەولا چوونە لۆکەچنین و کاریان بەنیوە گەیاند، ئەوجا بۆ چقوری هێنانە خوار کێ ئیزگیلی بەدرۆکردن دا؟

ئەمڕۆ لاتەکێکیان گیرا. سبەینێ زوو دێن لەتوپەتم دەکەن. بەوپەڕی تامەزرۆییەوە و بەتریق و هۆڕی پێکەنین و شاییلۆغانەوە کوت کوتم دەکەن. خۆ چاوی ئەم کوڕی بێ کراسە چاو نییە.

نا نا، لە کوشتنم بان، هەر یەکسەر دەیانکوشتم. قیامەت هەڵستێ کاری وا ناکەن. ئەم گوندییانە خوێنیان بە شارەگدا ناگەڕێ. خوێنیان وشکاوی هێناوە بەرازێلە. ناو هەناویان بووە یەک پارچە چڵکاو. ئەم گوندە ژنیان ببە، ڕووتوقووتیان کەوە، لە ناوەندی گوندیان ڕاگرە، هەر تەواو لەو مەیدانە، هەر لە ئێوارەوە تا سبەینێ کوتیان پێوە بدە و خڕیان پێ بژەنە، نقە لە کەسیانەوە نایە. چییان لێ دەکەی، هەرچی نەشێ پێیان بکە، ئەم بەرەی گوندییانە فزەیان لێوە نایە، جقە ناکەن.

ئێوە هەروا نەختێ بیر بکەنەوە، بۆ چقوریان درەنگ بەڕێ دەخەی، جگێ لۆکە چییە خڕی ناکەنەوە. جا لەبەرئەمە قەرزەکانی عادیلەفەندی نادەنەوە. کە نەشیاندایەوە، چۆن چاوەڕێی پێمێردە دەکەن، ئاوا بەترس و لەرزەوەیش چاوەڕێی عادیلەفەندی دەکەن. لە هەژمەت چاوەڕوانی سەرلەبەر، هەموو شێت بوون، دەیووسانە، ڕوو سپی و داوێن تەڕانە. ئەوجا لە پاشانەکێش دێن دەستی ئەو کەسەی، ئەم کارەی بەسەرهێنان، دەستی خەلیلە پیر، مرچ مرچ

ماچ دەکەن. بێ ویژدانینە، بێ نامووسینە، بەچوار مەزەو کوشتنتان حەڵاڵ کراوە. ئەم گوندە هیچ مردوویێکی نوێژی لەسەر ناکرێ.

زۆری شەرم بەخۆدا هاتەوە، کوڕەکەی دووجاری بۆ ترخێنەی گەرموگوڕ فڕکردن بانگ کرد، خەلیلە پیر سەری لە ژێر لێفەکە دەرنەهێنا. شۆربا ترخێنەکە زۆر جوان بوو. بۆن و بەرامەیەکی هێند خۆشی لێ دەهات... وەجاخی کوێرەوە بێ شۆربا!

ئەوان شۆربای خۆیان خوارد و لێ بوونەوە. خەلیلە پیریش لە ژێر لێفەوە بزەی چاوی دەهات. تەماشای کرد بەر ئاگردانەکە، لە منداڵە ساواکە بەولاوە کەسی تری لێ نییە، لەپڕ هەڵستا، بازێکی دا بۆ نێو عەمبارەکە، لە قوژبنێکەوە لێی هەڵکورما.

«حاجی، کوڕەکەم،» بە نکەنکەوە گوتی. «ئا ئەو نوێنانەی بەر ئاگردانەکەم وێ دە.»

حاجی هات لە نوێنەکان نەوی، بۆ نێو عەمبارەکەی برد، هەر لە شوێنەکەی خۆیانی ڕاخستەوە.

«وەرە بنوو، باوە،» گوتی.

خەلیلە پیر پرسی:

«ئەرێ بەشی منتان لەو شۆربا بە بۆن و بەرامە گەرموگوڕە گلدایەوە، کوڕۆ؟»

حاجی:

«گلمان دایەوە، باوە،» گوتی. «چۆنی گل نادەینەوە؟ قابیلە نەزانم چەندت حەز لە شۆربای ترخێنەیە؟»

خەلیلە پیر بەهەراسانییەوە قیڕاندی:

«بیهێنە، بیهێنە.»

بەدەم خێرا خێرا شۆربا فڕ کردنەوە دەیگوت: «ئا، ئاوها، ئاوها، کوڕم، حاجی. تۆ دەماری پیاوەتیت نییە. من لە جیاتیی تۆ بم، ئەم شۆربا جوانە

هەڵم گەرموگوڕە دەرخوارد خەلیلە پیر دەدەم؟ نایدەم. چونکە خەلیلە پیر دژمنی سەرمە. درەنگی بۆ چقور بەڕێ خستم. لەبەر هەندێکە، پێمێردە چۆن چاوەڕێ دەکەم ئاوایش چاوەڕێی عادیلەفەندی دەکەم. ئەی چۆن؟ کوڕم. ئەم بەرەی گوندییە ناماقووڵییەکیان لەگەڵدا کردم، سەد خۆزی بەمردن. چییان پێ گوتم؟ گوتیان خەلیلە پیر، تۆ خراپەت لەگەڵ کردین، برسیت کردین، ڕەزیلت کردین، بەڵام ئێمە سەرەڕای ئەوەیش دەستت ماچ دەکەین.»

حاجی ویستی هێمنی کاتەوە:

«گوندی خەتای تۆ ناگرن، خەتای کوێخا دەگرن و هەر بۆ ئەوەیش دەستت ماچ دەکەن.» دەیزانی توورەییییەکەی خەلیلە پیر لە چییەوەیە. ئەمەی سەد هێندەی کوشتن و بڕینی گوندی پێ گرانتر بوو.

قەدەرێکی دووردرێژ بێ دەنگ بوو.

خەلیلە پیر گوتی:

«ها، بگرە لەگەنە شۆرباکە، لاکەوە لە بەرچاوم، حاجییە چڵمن. تۆیش هەر لە تیرەی ئەم گوندییە بێ نامووسانە نیت؟»

حاجی گوتی:

«باوە، گوندی تۆیان بەتاوانبار زانیبا کوت کوتیان دەکردی. گوندی تۆ بە زۆر دەزانن.»

خەلیلە پیر وەک بپاڕێتەوە، پرسی:

«بەڕاستتە، ڕۆڵە؟»

حاجی:

«بەڕاستمە، وەڵڵاهی، بابە.»

خەلیلە پیر لە ناخی ناخیەوە، دوعایەکی بۆ کوڕەکەی کرد، گوتی:

«خوا لەم دنیایش و لەو دنیایشت سەرتاپا سەوز کا، ڕۆڵەکەم. سەوز سەوز...»

حاجی لە ناو کرۆکیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا، گوتی:

«ئامین.»

دیسانەوە لێفەکەی بەسەر خۆدا کێشایەوە. دەستی بەلێکدانەوە و لە شتهایەک ترسان کردەوە. ئەوەی بەبیری خۆی دەهێنایەوە کە گوندی دەیکوژن. هەر لە کۆنەوە، تا دوێنێیش، چۆن دەترسا، ئێستایش هەر بەو ڕەنگە، سەعاتێ، دوو سەعات تەقەلای دا، لاشە خوێناوییە کوت کوت کراوەکەی بەپێش چاوی خۆی هێنایەوە. هیچ ورەی بەرنەدابوو، بەڵام چی، مووی سەرتاپای بەجۆرێ ڕەپ بووبوون و مچوڕکی پێدا هات، مەپرسە!

کەوتبووە نێو بۆشاییەکی گەورە و گرانەوە. بەئێش و ئازارێکی لە کێش بەدەرەوە دەتلایەوە. توانیبای نەختێ گریابا. لەمێژ بوو نەگریابوو. بگرە پازدە ساڵیش دەبوو. لە دڵی خۆیدا گوتی، داخوا مردن ئاوها بێ. هەر دەتلایەوە. بیری لە هەر لایەک دەکردەوە، دەستی بۆ هەر لایەک دەکوتا، هەر بۆشایی بوو و هیچی تر. دەیویست وەدەرکەوێ، لە یەکبینە، تا سبەینێ، هاوار بکا.

لە دەرەوە، لە دەشت و هەڵەتەکەوە گرمەوهۆڕ دەهات. تۆف و بۆرانێ هەڵی کردبوو، سەری خۆی بەدار و بەرددا دەدا، گڤە و سیرەی، پیاوی کەڕوکاس دەکرد. دەشتە بەفرگرتووە، دار و بەرد بەستووەکە وەک دەریایەکی گەورەی بێ سەر و سنوور هار و شێت دەبوو. قەدەرێ گوێی بەهەموو هەست و خواستێکیەوە شل کرد. بیری لەو مەخلووقاتی دەشت و دەرە دەکردەوە. بەم شەوە، هەر کەسێ لە دەرەوە با، یەکسەر، یا ڕەق دەبووەوە، دەبوو بە کەرتە شاخ، یا داخوا گورگ و ورچ چییان لێ دەکرد؟ ئەی تەیروتوو و قەل و دالاش؟ ئەی هەڵۆ و خەرتەلی لووتکە و ترۆپکان؟ ئەی کۆتری سپیی بەفرین؟ ئەی تیترواسک؟

بەدەنگی بەرزەوە:

«ئەم تۆف و وەیشوومەیە، ئەم زمهرە هیچ مەخلووقێ بەرگەی ناگرێ، خوای گەورەم، مەگەر هەر خۆت پارێزگاریان بی. مەگەر هەر خۆت بە هانای ئەم هەموو مەخلووقاتەوە بێی. خۆ هەموو جگەرگۆشەی خۆتن، پەروەدەی دەستی خۆتن، نووری دیدەی خۆتن، سۆمای چاوی خۆتن. چاکیان بپارێزە.»

تەیروتوو، مێروو، مارمێلکەی چاوکووژەکە چاوکووژەکە، دەڵەک، مامز، بزنە کێوی، چۆن دەژین، چۆن بەشەڕدێن، بێچوولەکانیان چۆن گۆش دەکەن، ئێستا لەو بن بەفرانە چۆن ئێرە و ئەوێ دەکەن و جێ بەخۆ ناگرن، ئەمانەی سەرلەبەر هەموو وە پێش چاوی خۆی هێنانەوە. لە پاشان دیسانەوە کەوتەوە نێو بۆش و بەتاڵییەوە. لە دەست و پێ کەوت و تەواو پەرێشان بوو. دڵی هەڵدەشێوا، هێڵنجی دەهاتێ، هەر ئەوەبوو، نەخنکێ. ماوەیەکی درێژ، وەک لە حاڵی گیان کێشان و سەرەمەرگدا بێ، سەری بەدیوارێکی تاریک و نووتەکدا دەتەقی. تەقەلای دا، لەم بۆش و بەتاڵییە قوتار بێ. هەر چەندی تەقەلا دا، هێندەی دی لە بۆش و بەتاڵی، لە تەنیایی، لە بێ کەسی ڕۆ دەچوو. لە ناکاو خوا کردی، چڵێکی دیتەوە، خۆی پێوە هەڵاواسی، جێگەیەکی پڕی دیتەوە. ڕزگاربوونێ، ئومێدی شادییەک، وەک تۆپە ڕووناکییەک لە پێش چاوی تەقییەوە. گوندی بۆچی دارکارییان نەکرد، لەبەرچی نەیانکوشت؟ وای گوندیی بێ نامووس، وای گوندیی پەست و ئاڵچاخ وای! وای دژمن بەڕک و کینە و دڵ و دەروون ڕەق وای! وای کە ئەرز و ئاسمان دڕندە و جانەوەریان هەن. ئەمە بەبیری کەس. بەبیری شەیتانی ژێر ئەرز، هی حەوت تەوەقەی ئاسماندا نەدەهات.

گوندی دەیانەوێ چ بڵێن؟ بەئاغام بڵێم، دەیانەوێ بڵێن، تۆ مەخلووقێکی هێند پەست و ئاڵچاخ و بەچوار مەزەوان کوشتن واجبی، خوێڕووی، هیچ و پووچی، تەنانەت ئەوەیش ناهێنی هەتا گوندی توخنیشت بکەون، توخنی ئەو لەشە گلاوەت بکەون، تۆ بەهیچ نازانن. بە پووشکەیەکت نازانن. ئەگەر ئەمەیش نەتکوژێ، بڕۆ جەنگەڵێ سووتەنی خڕ کەوە، خۆت بسووتێنە و تا دەمری هەر بەدەردی خۆتەوە بسووتێ خەلیلە پیر. چی دیکەش بڵێن چاکە گوندی؟ دەڵێن خەلیلە پیر، لەمەوپاش تۆ شایی و زەماوەندی گەورە و گرانی گوندی. سەری تۆ خۆش بێ گوندی شایی و زەماوەند، ڕابواردن، جێژنی بۆ چییە. هەر بەتۆ ڕادەبوێرن و بەتۆ پێ دەکەنن. بەڵێ، گوندی ناتکوژن، بەڵام تۆڵەیەکت لێ دەکەنەوە، مردن لە چاویا تۆڵەکە بێ. گوندی وایان نەکردبا،

هەزار جاریان کوشتبای، دەیانتوانی خراپەیەکی وات لەگەڵ بکەن؟ نەیاندەتوانی.

ئێستا، بەم بەفر و ڕۆژی حەشرە خوا عالمە، گوندی هیچ نەنووستوون، قەت دەنوون، هەموو هەر باسی خەلیلە پیر دەکەن. گاڵتە و قەشمەریی پێ دەکەن. ئەم ماڵ و ئەو ماڵ دەکەن، قسان دەبەن و قسان دێنن. جنێو دەدەن. بەورد و درشتەوە باسی خەلیلە پیر دەکەن. سەری زمانی و بنی زمانیان هەر ئەوە دەبێ، بلێن، خەلیلە پیر وا و خەلیلە پیر ئەوە... بەڕاستی یەکێکی چاکیان لێ هەڵکەوتووە، جەفەنگی پێ بکەن و تۆڵەی بەرودوای لێ بکەنەوە. گوێم دەرزینگێتەوە، یەکێ لە پاشملە ناوی نەهێندرێ قەت گوێی دەرزینگێتەوە؟ بۆ تۆڵەساندن سەرلەبەر گاڵتە و قەشمەریم پێ دەکەن. بۆچی نەیانکوشتم؟ هەر بۆ ئەوەی تا دەمرم، تا ڕۆژی قیامەت گەمەم پێ بکەن، بۆیە نەیانکوشتم. بەڕاستی گوندییەکی بەرازن! دژمنی گیانن، کینە وشترینە، بەڕکوکینەی، بەڕکوکینە وشترینە، دوو دینینە!

ئەوجا دڵی داساکیا، بۆش و بەتاڵییەکەی نێو ناخی پڕ بووبووەوە نووست.

سبەینێ زوو بەخەبەرهات. سەری بەدزییەوە لە عەمبارەکە دەرێنا، بووکەکەی لەبەر ئاگردانەکە قووت بووبووەوە، شۆربای لێ دەنا. بۆنێکی کرد، ترخێنە نەبوو. دەیزانی خەلیلە پیر حەزی لە ترخێنەیە، قەت ترخێنە لێ دەنێ؟ تۆڵە وەردەگرێ. لەمەوپاش ببڕای ببڕای لەم ماڵە ترخێنە لێ نانێ، بووکە جەفەنگ و گاڵتەیەکی بەڕەنگ و ڕووەوە بوو، بەهەموو دڵێکیەوە گاڵتەی دەکرد. تۆ تەماشای منداڵەکان کە، منداڵەکان! گۆڵە سەگینە! ئێوە بڕوانن دەموچاویان، سەی سەی، چۆن لە ژێر سمێڵەوە هەموو پێ دەکەنن. بە خەلیلە پیر پێ دەکەنن.

لە پاش نەختێ، حاجی چووە دەرێ. لە خۆشییان پێی بەزەوی نەدەکەوت. وای حاجییە چلمن وای! ئەویش بەباوکی پێ دەکەنێ. وای حاجی وای، بەشیری تەیروتوو بەخێوکردووەکەم، تۆیش بەباوکت پێ دەکەنی؟

هەر وەخت بوو کاسەی سەری بتەقێ، خراپ تووڕە بووبوو، قیژاندی:
«حاجی! ئەوە بە چی پێ دەکەنی، گاڵتەت لە چی دێ...»
لەپڕ بێ دەنگ بوو، دەنگی نەرم کردەوە:
«حاجییە جگەرگۆشە قۆچاخەکەم،» گوتی. نەشیدەوێرا بپرسێ. بەڵام نەشبەزی. «رۆڵە حاجییەکەم، دا وەرە کنمەوە، باوکی خۆت شتێکت لێ دەپرسێ. دا وەرە کورە دڵ و دەروون یەک پارچە زێڕی رووتەکەم.»
حاجی لەم لە ناکاو گۆڕانەی باوی سەرسام بوو، لە عەمبارەکە نزیک بووەوە.
پەیتا پەیتا لە دەرکەوە بەفر دەهاتە ژوورێ. تروسکەی رووناکیش دیاربوو.
«ئەوە لە کوێوە دەگەڕێیەوە رۆڵە؟ تەماشا، خۆ بژۆڵ و برۆ و ڕدێنت هەر بەجارێ هەموو بوون بە بەستەڵەک، بەم بەفر و تۆفە بۆ لە دەرێ دەخولێیەوە، مەخولێوە، نەخۆش دەکەوی ها، ئازایەکەم، گیانە شیرینەکەم، ئەوە خێرە، لە کوێوە وا؟ لە عادیل چ خەبەرە؟ خەبەرێ، سۆراخێکی نییە؟»
حاجی:
«گوندی سەرلەبەر چاوەنۆڕن. عادیل هێشتا نەهاتووە.»
«سەرانسەری گوند گەڕای؟ کێت دیت؟ کێت نەدیت؟ چ دەڵێن چ ناڵێن؟»
«چ بڵێن گوایە باوە، دانیشتوون چاوەنۆڕ دەکەن. هەر ئەوەیە لە داخان نەتەقن. لە ترسان رۆحیان وا گەیشتووەتە کونە لووتیان.»
«ئەی تاشباش چ دەڵێ، مەمەدی تاشباش ئۆغلۆ؟»
«چ بڵێ باوە، لە یەکبینە جنێو بەگوندی دەدا. چەمۆڵەیان لێ دەنێ، ئەوی خراپە پێیان دەڵێ. گوندیش لە تاوان، چ بکەن، داویانەتە بێ دەنگی و هەر ئەوەیان بۆ ماوەتەوە گوێی خۆیان بئاخنن. ئەگەر من دەڵێی، خۆزیی ئەوەمە، گوللەیەکم بەرکەوێ، گوللەیەکی چەور وەسەر دڵم کەوێ، نەک قسەیەکی تاشباشم بەرگوێ کەوێ.»
خەلیلە پیر قسەکەی بەکورە بڕی:

«دەتۆ نەختێ وێروەتر وەرە، ڕۆڵەکەم، دەمهەوێ شتێکت لێ بپرسم.»

حاجی خۆی بەسەر دیواری عەمبارەکەدا شۆڕ کردەوە:

«فەرموو باوە.»

خەلیلە پیر فزەی لە خۆی بڕی، ئینجا گوتی:

«حاجی، کوڕم، گوندی، تا سبەینێ، باسی منیان کردووە. وایان گوت. سبەینێ زوو، مرمرق دورسن بۆ دەست ماچکردنم هات، ئەو پێی گوتم. مرمرق گوتی، تا سبیانێ نەنووستوون. سەرلەبەر بە من پێ کەنیون. هەر باسی منیان گێڕاوەتەوە و پڕ بەدنیا پێ کەنیون. تومەز. بەم جۆرە تۆڵەی خۆیانم لێ دەکەنەوە. ئەدی وەنییە؟»

«باوە،» گوتی حاجی، «تۆ ئەقڵت لە دەس داوە.» حاجی سۆسەی شتێکی کردبوو. بەڵام چ بوو؟ «گوندی لە بەرچی دەبێ هەر باسی تۆ بکەن، بۆچی بەتۆ پێ بکەنن؟ گوندی بەدەردی خۆیانەوە گلاون. گوندی، وا عادیل دێ، لە تاوان وا دەمرن. گوندی حاڵی بەتۆ پێکەنینیان بەبەرەوە ماوە؟ باوە بەس ناوجەرگی خۆت بخۆ. تۆ بەچ کەڵکێکی گوندی دێی. گوندی تۆیان لە بیر نەما و بڕایەوە. تاکە قسەیەکم چییە لە بارەتەوە لێ نەبیستن، تۆ چ دەڵێی؟ مرمرق دورسنی چی و کەی سبەینێ هاتووە؟ ئەو قەت بۆ ماڵێ نایە... باوە بڕوات بێ، گوندی بێ و بەتۆ پێ نەکەنیون. بڕوا بە واتەواتی کەس مەکە.»

خەلیلە پیر تا هێزی تێدا بوو قیژاندی:

«وس بە، حاجییە چڵمن، حاجییە درۆزن! جارێکی تر خوامەوخوا، زارت لە زارم بگەڕێ... لاکەوە لە پێش چاوم.»

حاجی گوتی:

«باوە تۆ شێت بووی،» چووەوە دەرێ.

خەلیلە پیر داخی دڵی خۆی چاک هەڵڕشتبوو. چووەوە نێو جێگەکەیەوە. هەر دەتگوت نەشبووە. بەدەستی ڕاستی دەستی چەپی گرت، گوشی. ئەوجا گازێکی لە قۆڵی خۆی گرت. هەناسەبڕکێی بوو. لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد.

بووکەکەی شۆربای بۆ هێنا. خەلیلە پیر نەیخوارد. جنێوێکی پیسی مزری سرەواندێ. بووکە بەرتەکی نەدایەوە. ئەمە هێندەی تری شتێگیر کرد.

خەلیلە پیر، تا ئێوارە، وەک گیانی بکێشن، بەدەردی خۆیەوە دەتلایەوە. بیری لە ڕۆژگاری کۆن دەکردەوە، بیری لە دزییەکانی، لەو ئەسپانەی دزیبوونی، لە مەزرا لۆکەکان دەکردەوە، گوندییەکان چۆنیان تف لە چارە کردبوو، چییان بەسەرهێنابوو، بیری لە هەموو شتێ دەکردەوە، هیچ چلێکی بەدەستەوە نەهات خۆی پێوە هەڵاواسێ، لە تێداچووندا بوو، سەرلەبەری گوندی، سەرانسەری دنیای، با وەشتە هەڵکردووەکەی بەفرە بەترەفەکەی، سەرما و سۆڵەکەی هەموو بەدژمنی خۆی دەزانی، هەمووی بەدژمنی خۆی دانان، هەر سەری نەگرت. خۆی وەپەنای خوا دا، تەقدیسی کرد. وەک نەختێ بەخۆدابێتەوە وابوو. خراپەکانی وە پێش چاو هێنانەوە و جەحەنمی بەپێش چاو هێنایەوە، ئەوەی بەپێش چاو هێنایەوە کە چۆن قرچەقرچ دەسووتێ، کە بەسەر پردی سیراتدا تێ دەپەڕێ چۆن هەڵدەخزێ و دەکەوێتە ناوەندی دەریای ئاگرەوە... خۆ هەر چەندی بیر لەوە دەکردەوە کە گوندی دەیکوژن، تێی هەڵدەدەن و بەجارێ کردوویانە بەقەشمەرجاڕ و پێی ڕادەبوێرن، هەر ئەوەبوو لە پێستی خۆی دەرنەچێ.

کوتوپڕ بیرێکی بەمێشکدا هات، سەرتاپای لە خۆشییەکی سامناک نیشت، ڕاپەڕییە سەرپێیان، لە عەمبارەکە دەرچوو. پێ دەکەنی. نەوەکانی لە باوەش گرت، یەکە یەکەی ماچ کردن. سەری بووکەکەیشی ماچ کرد. لە برسان لاکەی سەری دەهات.

«بووکە شەنگەکەم، بووکە ڕەسەنەکەم،» گوتی. «شتێکم لێ دەوێ، دەڵێم شۆربایەکی ترخێنە لێ نێی، بەڵام چ شۆربا، ڕۆنێکی داخکراوی زۆری بەسەردا بکەی، بۆن و بەرامەیەکی لێ هەڵستێ، سەرانسەری گوند داگرێ، خۆ ئەگەر دەلووبیبەرێکی سووریشی وەپارسەنگ خەی ئەوە هەر نرخی تەواو نابێ. بۆم لێ دەنێی بووکە شەنگەکەم؟»

فاتم:

«وەی بەسەرچاوەکانم باوە،» گوتی. « هەر تۆ و شۆربای ترخێنە. لەوی خۆت دەتەویٚ زۆر بەتام و چێژتریشی لیٚ دەنێم. هەر تۆ و شۆربای ترخێنە.»

خەلیلە پیر دڵی خۆش بوو. دەستی بە سەروقژیدا هێنا، گوتی:

«با جاریٚ من سەرێکی ناو ئەم گوندە بدەم. سەریشی بدەم و ئەمسەر و ئەوسەرێکیشی بکەم. داخۆ بەم بەفرە گوند چۆن بیٚ؟ خۆ بەجاریٚ لە بیرم چووەتەوە. با بڕۆم بیبینم.»

شەوقێکی بەختەوەرانەی فرۆفێلاویی لە چاوەکاندا بوو. بەورە هاتبووەوە. فاتم لە دڵی خۆیدا گوتی: «دەبیٚ چۆن بیٚ ئێستا، بیست ساڵ لەمەوبەر چۆن بوو ئێستایش هەروەک خۆیەتی.»

خەلیلە پیر کوتوپڕ، خێرا دەرپەڕییە دەریٚ. فەرتەنە و وەیشوومەکە بەرە بەرە پەرەی دەستاند. بەوشەوە بای وەشتێکی بەسامی دەهات. کەس بەدەرەوە نەبوو تاکە مەخلووقیٚ لە دەشتەوە نەبوو. بەسەر بەفر و بەستەڵەکاندا، لە سەرەخۆ پێشکەوت. گیانلەبەریٚ چییە، لە نێو ماڵەکاندا نەدەدیترا. دنیا تاریک و ڕوون بوو.

ماڵ بەماڵی سەرانسەری گوند گەڕا. تەنیا شتێکی دەویست. لەبەر دەرکان وەستا، کەس دیار نەبوو، تەنانەت منداڵێکی منداڵ ئاساییش چییە نەدەهاتە دەریٚ. پاشانەکیٚ چوو لە دەرکەی ماڵی تاشباش ئۆغلۆی دا. دەرکە، تاشباش خۆی کردیەوە. تاشباش هەر کە دیتی گرژومۆنیەکەی خاو بووەوە و گەشایەوە، گوتی:

«فەرموو مام خەلیل، بەخێرهاتی، خێروبەرەکەتت هێنا، چی هەیە، چی نییە؟»

خەلیلە پیر گوتی:

«نیاز دانیشتنم نییە ڕۆڵە. دەمویست شتێکت لیٚ بپرسم. دەرکەوتم، بەنێو گونددا پشوویٚ بدەم و نەختیٚ بخولێمەوە... گوتم، با ئەم گوندە ماڵ بەماڵ بگەڕێم... هێند تامەزرۆی گوند بووم!... ئەوەندەم دڵ پێوەبوو! گوتم، شتیٚ لە تاشباش بپرسم. تاشباش خۆشی دەوێم.»

«خۆشم دەوێی و بەزیادیشەوە، مام خەلیل، ئەی چۆن..»

«ئەرێ ڕۆڵەکە تۆ بڵێی عادیل بێ؟ تۆ بڵێی بێ و گوندەکە بخاتە سەر ساجی عەلی؟»

تاشباش سەر و ڕووی ڕەش دەگەڕا. تیشکی ئاگردانەکە بەر نیوەی دەموچاوی دەکەوت.

«دێ، مام خەلیل. دێ گوند ساف لە ساف بەتالان دەبا، لە داوە دەزوویەکەوە بگرە تا دەرزییەک، بەجارێ گەسکی لێ دەدا و دەڕوا مام خەلیل. ئەمە چارەسەری نییە. فەرموو ژوورەوە.»

«جارێ بەنێو گونددا دەخولێمەوە، لە پاشان دەگەڕێمەوە، تاشباشەکەم. دوایی سەرێ دەدەم. گەردنم ئازاد کە...»

کە گوتی، گەردنم ئازاد کە زۆر کەیفخۆش بوو. چاوەڕوانی ئەوە بوو، بزانێ چەندی کار لە تاشباش کردووە.

تاشباش بەساردییەکەوە، پرسی:

«بۆ جێگایێ دەچی مام خەلیل؟»

خەلیلە پیر بەدڵشکاوییەکەوە گوتی:

«نا ڕۆڵەکەم، لەم تەمەنەدا، بەم تۆف و وەیشوومە، پیاو سەر بۆ کوێ دەردەکا؟ قسەیە و دەکرێ...»

دەنگی وەک بڵێی نەختێ بەتەوسەوە بوو. گوتی: «ماڵئاوا، تاشباش، بمێنە بەخێر،» و لێی دا، ڕۆیشت، تاشباشەکەمی نەگوت. دەنگیشی بەکین بوو. وەک هەڕەشە بکا و بڵێ خۆتان دەبیننەوە، ڕاوەستن بۆم، سەرلەبەرتان چاوتان بەحاڵی خۆتان دەکەوێتەوە. تاشباش دەرکی بەمە کرد.

لە گەڕانەوەدا. هەر لەڕێوە بۆن و بەرامەی شۆربای ترخێنەی بەلووتدا چوو. دەستی. پێ و پلی. گوێچکەی هەموو لە سەرما ڕچیبوون، پەنجەکانی گۆیان نەدەکرد. سمێڵیشی بەری لە بەفر بەستبووی. لەبەر دەرکە سەر و پۆتەڵاک و شمەکەکانی بەری لە بەفر داتەکاند. چووە ژوورێ.

فاتم:

«باوه،» گوتی بەشادییەوە، «ترخێنەیەکم بۆ لێ ناوی ئەما ترخێنە، لەوەتی هەم، ترخینەی وا جوانم لێ نەناوە.»

خەلیلە پیر دیسان دەستی بەسەروقژیدا هێنایەوە. ماچێکی کرد. نەوەکانیشی، یەکە یەکە، لە هامێز گرتن و ڕای موستن. باوەشی بەکوڕەکەشیدا کرد، قەدەرێ بۆنی کرد و ماچێکی ئەویشی کرد. ئەوجا یەکراست لەسەر سفرە و خواردنەکە لێی دانیشت لەگەڵ هەر مڵاک بۆ داهێنانێکدا «ئۆهـ، ئۆهـ، ئۆهـ»ێکی دەگوت. «ئۆهـ، ئۆهـ، ئۆهـ» دەستەکانت نەڕزێن کیژم. ئەمنیش لەوەتەی عومرم، شۆربای وام قەت نەخواردووە، کیژم.»

هەر لە شۆرباکەی بووەوە و نەبووەوە بازدی دایەوە نێو عەمبارەکەی خۆی، چووەوە نێو جێگایەکەی. لێفەکەی بەسەر خۆدا دایەوە

شەوگار بەرەو ڕاشکان دەچوو. خەلیلە پیر لەمێژ بوو گوێی هەڵخستبوو. با بنوون، جارێ با بەتەواوەتی بنوون. با بنوون، جا ئەوجا دەزانن خەلیلە پیر چییە و کێیە، با خەلیلە پیر پیشانیان دا ڕێی کاروان بەری بەکوێوەیە...

خەلیلە پیر لە گوێ هەڵخستندا چما خشەی مارومێرووی دەبەزاند! بەگوێ سووکییەکەوەی هێند دەنازی، سەرەک دزانی ئەسڵان ئاغایش بەو ڕەنگە نەبوو. پشووی یەکە بەیەکەی نێو جێگاکانی بەوردی سەنگ و ترازوو دەکرد. پشوودانی هێشتا بەخەبەران، هی تازە بۆرژاو و ئەوانی لە خەوی قووڵ ڕاچووان، هەریەکە بەجۆرێکە. چاوەنۆڕی پشوودانی ئەوانی لە خەوی قووڵ ڕاچووانی دەکرد. دڵخۆشییەکەیشی تا دەهات گەورەتر دەبووەوە. چاوەنۆڕیشی دەکرد و خۆی لەبەر حەز لە هەڵکردنە گۆرانی و بەرەقس و سەماکردنیشی بەزۆر دەگرت.

لەگەڵ بانگی کەڵەشێراندا، تەماشای کرد، دەوروبەر کڕوکپ. سرتە لە هیچەوە نایە. هەموو لە خرپەی خەودان. هەر دەتگوت خۆڵی مردوویان بەسەردا بێژراوەتەوە.

«یاڵڵا خەلیلە پیر، ئەمڕۆ ڕۆژیەتی! با بزانن خەلیلە پیر، خەلیلە پیر کێیە؟»

زۆری کەیف بەناوهێنانی خۆی دەهات.

مچوڕکێکی باریکۆکەی نیوەتێنی بەلەشدا دەهات.

بەبێ دەنگ لە عەمبارە بۆر وەدەرکەوت.

کەپەنەکێکی زۆر لەمێژینەی دەسکردی کوردەواریی ئۆزوون یایلـەی هەبوو، لە سەروبەندی ئەسڵان ئاغاوەی بۆ مابووەوە، نەیهێشتبوو دەستی کەسی وێ کەوێ. لە بنی بنەوەی نوێن و پێخەوە لەسەر ئەستێرک هەڵچنراوەکان، لە تۆ و لۆی جەواڵ و تێرو جیازییەکاندا بوو، چوو خێرا، دەری هێنا. کاڵە و پێتاوە لبادەکانی لە پشت دەرکە حازربوون. یەکسەر لە پێی کردن. ئەمانەی هەموو لە چاوترووکاندنێکدا کرد. چووە دەرێ. هەر چووە دەرێ و نەچوو، زریانێ وەک بەعاردیدا دا، هەڵی کردێ. بەک دوو جارێ بەم دیو و بەو دیودا لەنگی، چابوو لەنگەری خۆی گرت. «وەی دایە وەی! خەلیلە پیر! زۆر زریان، زۆۆۆر زریانی وا لە وادەی خۆ بەپاش کەوتوون. وەنییە شۆخەکەم؟»

سەرماکە لە کێشدا نەبوو، تفت هەڵدابا یەکسەر دەیبەست. دەڵێی ئێرە نە گوندی یالاخە و نە کلکەی پێدەشت، وەجاخی کوێرەوە بێ، خۆ بەجارێ بووە بەترۆپکی چیای تەکەچ.

داردەستەکەی لە ژوورێ بەجێ هێشتبوو. تۆیشەی هەڵنەگرتبوو. ڕێبواری بێ توێشە و شقارتە کێهە کارەساتی گەورەی بەسەرنایە؟

بێ ئەوەی سرتە لە دەرکەوە بێنێ، سەرلەنوێ چووەوە ژوورێ. نانی نێو سفرەکە و پەنیری نێو کووپەڵەکەی دەرێنا، لە پرێسکەیەکیەوەی پێچا و لە پشتی بەست. داردەستەکەی پشت دەرکەیشی بەپرتاو ڕاڕفاند، بێ دەنگ، بەرەو دەرێ دایکێشا.

زریانەکە تا دەهات هار و شێتتر دەبوو. دیسانەکێ بەدەموچاویدا دا. گوێی نەدایێ، زریانی تاین هەر دەتگوت ڕک و غەزەبە لە دواوە دێ، ئەویش نەیکردە نامەردی، داپەڕی پێشی کەوت. خەلیلە پیر بەرەو باشوور، هەمیشە بەرەو باشوور دەڕۆیشت. کاتێکی لە نێو عەمبارێ، گوێی بۆ لە خەو ڕاچووان هەڵخستبوو، گوێی لێ بوو، لە دەرێ، چ تۆف و وەیشوومەیەکی سەر بە بەڵا

دەینرکاند، ئەو پێدەشتە چۆن شێت و هارانە دەیلووراند. بەڵانەکێ قەتی بەوە نەزانیبوو، زریان بەو ڕەنگە، وەک ڕک و غەزەب هەڵی کاتێ.

دەوروبەر لێواولێو دارماڵ، تاریک بوو. خانووبەرەی گوند بەحاڵ دەبیندران.

جا چ بوو، لە پشتەوە لە کەپەنەکەکەی دەدا. کەپەنەک چ کەپەنەک، وەک بەرد سەخت بوو. کورد دروستی کردبوو. کەپەنەکی دەسکردی کوردەواری تنۆکە سەرمایێ چییە نایدەڵێنێتە ژوورێ.

کە لە گوند دەرچوو کەوتە ناوەندی زریانە لە هەر چوارلاڕا شێتانە هەڵکردووەکەوە. تەنانەت، تا قەدەرێکیش، هەنگاوێکی هەنگاوئاساییی هەڵنەهێنایەوە. بیرێکی ناهومێدانەی وەک برووسکەی بەمێشکدا هات بگەڕێتەوە؟

لە پاشان کەیفسازییەکەی سەرلەنوێ بەجۆش هاتەوە.

گوندی سبەینێ هەڵدەستن، دەڕوانن... ئەدی ی ی ی، هەڵدەستن و بەزیادیشەوە، تەماشا دەکەن، خەلیلە پیر نییە. بەم بەفر و قیامەتە چۆن ڕۆیشت؟ ڕۆیشتبێ بەرەو مردن ڕۆیشتووە، نەڕۆیشتبێ بەرەو ئاسمان هەڵکێشراوە. شڵەژان و شپرزەییی گوندیی وەپێش چاوە خۆ هێنایەوە. تا توانیی هەژیا، تەزوو و مچوڕکی گەرم بە سەرتاپایدا تەشەنەی کرد.

بەدەنگی بەرز و قیڕاندنەوە گوتی: «با ببێ، چ دەبێ با ببێ. خۆ هەر نەبێ، بۆ جارێکیش بێ، ئەم ڕۆحە شیرینەم لە گوند بردە دەرێ. خەلیلە پیر حەزێ دەکا لەوە خراتر بێ، حەزێ دەکا ئەو ئاسمانە بەرز و بڵیندە، سەرانسەر ببێ بە بەفر و هەرەس بێنێ، ببێ بەبۆران بەسەر زەویدا ڕێ بکا.»

بەدڵی خۆشەوە بەڕێ کەوت. هەر لە شیوەکە چووە خوارێ زریانەکە نەختێ خاو بووەوە. بەمە دڵی زیاتر خۆش بوو. لاقی گورج و گۆڵتر بووەوە. بەم تۆف و وەیشوومەیە دەبێ گورج و گوڵتر بڕۆی. ئاوها مردەلۆخانە بڕۆی ڕەق دەبییەوە.

زریانەکە لە هەر چوار لاوە بەجۆرێ بۆ بن بنەوەی شیوەکەی هەڵکردبوو، پیرەمێردی تاین بۆ خۆیشی نەیزانی بەری بەکوێوەیە. لەپڕ تەماشایەکی کرد،

ئەگەر پاشەوپاش بۆ گوند دەگەڕێتەوە... یەکسەر ڕووکاری خۆی بەدی کرد، بەرەو خوار شۆڕبووەوە. لە ناکاو هەستی کرد لە ڕێ لای داوە. بەجارێ سەری لێ شێوابوو. خەلیلە پیر قەتی سەر لێ دەشێوێ؟ دەڵێی چی، کە سەری لێ شێوا، دەشێوێ. بەردە زلەکەی دیتبایەوە ڕێی دەردەکرد. زریانەکەیش پشوویکی دابا... بەڵام لە بری وەی پشوویکی دابا، تا دەهات هارتر دەبوو. دەبا هار بێ پیاو. ڕاستی کرد، چەپی کرد، بێ سوود بوو، بۆ خۆی دەیزانی یەک هەنگاو پێشتر نەکەوتووە. سریشک و دوودڵی دای گرت. ترس و سامێکی لێ نیشت هەر مەپرسە. بگەڕێتەوە؟ لەم بیرکردنەوەیە هێند ترسا، هەر وەخت بوو زەندەقی بچێ. هەرچی وریایی و دریاییـیەکی هەبوو تەواو خەست و خۆڵی کردەوە، بەرەو بەردە دنگەکە دایقەڵاشت، خێرا خێرا هەنگاوی نا، بۆ ئەوێ چوو. بەفر لە پشت ملیەوە بۆ ناوپشتی دەچوو. ملی کێشابووە ناوەوە، لەپڕ هات بۆ شوێنێ، چەپەک، هەر دەتگوت کەنار دەریایە، وەک چوڕی شیر، بۆران نەیدەگرت. بیری کردەوە، ئەم ناوە جێگەی وای زۆرن. دەبێ لێرە حەسانەوەیەکی بۆ بکا. لەسەر بەفرەکە دانیشت.

لێرە بەرەو خوار ئۆزون دەرە بوو، لاشەی کوڕەکەی وەلی سونبولیان، لە ئۆزون دەرە، لەبن ڕەوەزێ دەرێنا. سمێڵی تازە ئارەقەی کردبووەوە. وەک لە ڕوکووع بردنی نوێژدا بێ، ئاوها نوشتابووەوە و بۆ خۆی ڕەق بووبووەوە. بەفرەکەیان لە سەروچاوی سڕییەوە. هەر دەتگوت پێ دەکەنێ. خۆزی دیتبات، کە چەند تەڕوبڕ بوو. تێوەت ژەندبا بەخەبەر دەهات. ئەوی لە ئۆزون دەرە ڕەق هەڵێ حیسابی دەرچووە.

ئەستێرەیێ بەئاسمانەوە دەبێ. کاروانێ بەرەو ئۆزون دەرە بەڕێ دەکەوێ. ئەم کاروانە بۆ ڕێی لێ ون نەبێ بەرەو ئەستێرەکە هەر دەڕۆن و دەڕۆن و بەڵەدێکیان نابێ ڕێ بەدێییان بکا. لەو ئەستێرەیە پێوە بەڵەدیان نابێ. بەهارێ کاروانەکە دەدۆزنەوە، تەماشا دەکەن بەخۆ و ئەسپەوە، بەخۆ و چارەوێوە، وەک خۆیان بۆ ڕێکردن ئامادە کردبێ، وەک بەدەم ڕێوە بن، بەوجۆرە ڕەق بووبوونەوە بەسەر پێوە وەستابوون.

کە لەم شوێنە چەپەک و کپ و مەندە دەرچوو دەیزانی بەتووشی بۆرانێکەوە دەبێ، لێرە تا سبەینێش چاوەڕێی کردبا، هەر کە ڕۆژبووەوە بەڕێ کەوتبا... بەڵام نەدەکرا، نەدەکرا. ڕێبوار دەبێ بەڕێوەبێ.

لە سەرەخۆ هەڵستایە سەر پێیان. هەستی بەوە کردبوو، کە وردە وردە خەریکە دەرچێ. گوتی، بەس نەبوو هەڵستام.

بەردە دیبەگ، نەختێ لە خوارترەوەیە، ئۆزون دەرەیش لەولای ئەوەوەیە. هاتبا تا سبەینێ بەوجۆرە ڕۆیشتبا، لەوانەبوو لە ئۆزون دەرە پەڕیبایەوە.

گوندی چییان دەگوت؟ دەیانگوت، خۆی بەناوەندی ئەو ئۆزون دەرە شێتە بە بەفر و بەستەڵەک و هەزار بەهەزار و تۆف و وەیشوومەیەدا داوە بەدەستی ئەنقەست خۆی پێدا داوە و ڕەق هەڵاتووە و مردووە. خۆ ئەگەر لە دۆزینەوەشی بان، مەگەر بۆ بەهار دۆزیبایانەوە. ئەوسا دەیانگوت لە سەرما کەسیرە بووە و بۆ خۆی ڕەق هەڵاتووە، وەک لە نوێژدا سوژدەی بردبێ. کە وایان دەدیت چییان دەگوت؟ خەلیلە پیر پیاوێکی زۆر موسوڵمان و لە خواترس بوو، پیاوچاک بوو بڕوانە، تەنانەت، دنیا گۆڕینەوەکەشی هەر بەدەم نوێژەوە سەروبەر نا. کەچی بەساغی نوێژێکی نەدەکرد.

هەر چەندی دەکرد. ڕێگەی بەردە دنگەکەی دەرنەدەکرد و نەدەچووەوە سەری. قەدەرێ لەوناوە خولایەوە، وا دیاربوو، گەیشتبووە بن ئۆزون دەرە.

ئەگەر سەرەو هەوراز هەڵدەکشایەوە، دەگەڕایەوە؟ تا سبەینێ بەسەر نەدەکەوتەوە...

بەهەموو هێز و توانیەکییەوە دەیویست بڕوا بەوە بێنێ کە ڕەق دەبێتەوە و دەمرێ. لەبن ئۆزون دەرە، تا بەهارێ، لە ژێر بەفردا دەمێنێتەوە. لە پڕێکیشدا بڕوای هێنا.

هەر بەلاچەپی ئۆزون دەرەوە لێرەوارێکی گەورەوگرانی دارکاژ هەبوو. قوتوویێ شقارتەی پڕاوپڕیشی لە گیرفاندا هەبوو. سەرمۆر، هێشتا نەکرابووەوە. قوتووە شقارتەکەی لە ماڵێ دزیبوو. لەو جێی فاتم لێی شاردبووەوە. خەلیلە پیرێکی سەرەک دزان، قوتووە شقارتەیەکی ئافرەتێ،

ئافرەتی ماڵەوەی خۆی، شاردبێتیەوە، نەیدۆزێتەوە، من قەت بەوە دەڵێم خەلیلە پیـر؟ بەفریش بێ، تۆف و قـیامـەتیش بێ، دە تۆ، با خـەلیلە پیـر هـەر ئەوەندە چیلکەیێ، چیلکەدارێکی وەچەنگ کـەوێ، ئیـدی لێی گـەڕێ. بۆ خـۆی دەزانێ ئاگر چۆن هەڵدەکرێ.

تۆف و بۆرانەکـەی بن ئۆزون دەرە، کە لـەو هـەردەوە هەڵی کـردبـوو، هێندەی دی شێت و هار بـووبوو. وەک چڵەدارێکی هیـشک و بێ هیـز بەمـلا و بەولایدا دەدا. کە گەیشتـە نێو شـیوەکە، زۆر چاک لەوە گەیشتبوو کە تۆف و بۆرانەکە لەوانە نییـە گاڵتـەی لەگەڵ بکرێ. گەیشتبـووە ئەو قـەناعـەتە کە سـەد لە سـەد کـوشنـدەیە و لەوجـۆرە بابـەتەیە کـە یەکـسـەر پیـاو ڕەق دەکـاتەوە. کـە لەمـە گەیشت کوتوپڕ دڵخـوشـییـەکـەی تا تۆقـە سـەری هـەڵکشـا، بەڵام دەست و پێی بەرەو ڕچین دەچوون. ئەوەیش زۆری ترساند.

لە ناکاو ڕەق ڕاوەسـتا. هـەر هێندەی بەخۆ زانـی، لە ناوەندی دەریای تۆف و بەفـر و بۆرانێکدا خـۆی دیتـەوە. هـەنـاسـەی هـەنـاسـە ئاسـاییی بۆ نەدەدرا. هـەسـتی کرد مـەرگ، لە سـەرەخۆ بەدواوەیەتی، هـەر وای کردبا بەڕێ دەکـەوت. زۆر ترسـا، تەنانـەت حـاڵی لە ترسـا هەڵچـۆقـینیـشی بەبـەرەوە نەمـابوو لە سـەرەخۆ چـەناگە بێ ددانەکانی هەروا لە خۆڕا دەهات و دەچوو. خۆی بەخۆی گوت، ئەمە تۆف نییە، ترس پیاو دەکوژێ. بـەهـەموو گوڕ و توانییەکیەوە، بەرەو خوار، بۆ ناو شیـوەکە چوو. ئاسمان تەنیا یەک ئەستێرەیشی پێوە بوایە، هـەر ئێ، ئەویش نەبوو، سـەرەڕای ئەوەیش چـاو چاوی نەدەدیت. دە بڵێ، لە خـوت و خۆڕایی بۆ ملی لەم شێتییە نابوو، لە ناو جێگەیەکی گەرموگوڕدا حەوابووەوە، بڵـێ بۆچـی وەدەرکـــەوتـی و خـــۆت لە بـاوەشـی ئـەم تۆف و وەیشـــوومـــە هـارە هـاویشتبوو؟

ئێـرە دەق ناوەندی شیـوەکـە بوو، جـێگەی مـردن. هـەر کـەسـێکی لێ هـاتبـا خـوار، گـەیشـتـبـا ئێـرە، ئیـدی جـارێکی دی چوونە دەرێـی بەچاوی خــۆی نەدەدیتەوە.

لە یەکبینـە بیری لە دوا بەدوا گەڕانەوە، یەکڕاست بۆ گەڕانـەوەی بەمێشکدا

دەهات. هەر تەواو هاتبووە بەر دەرکەی مردن. بۆچی بمرێ، چیی لە مردن، هەمیشە بیری لە مەرگ ڕزگاربوونی بەمێشکدا دەهات. مردن سەختە. مردن بەتاڵییەکی هەرە گەورەیە. لە ناخییەوە هەستی بەمە کرد. دەستی بەهاتوهاوار کرد. تا توانی هاواری کرد، بەڵام نەشدەگەڕایەوە، بەدەم هاوارکردنەوە هێزێ بەرەو نێو بن بنەوەی شیوەکەی پاڵ پێوە دەنا.

لێڕەوارەکە لە کوێ بەجێ مابوو؟ هەموو وریایی و دریاییەکی خۆی کۆ کردەوە، جێگەی لێڕەوارەکە بدۆزێتەوە.

لە ناکاو، دیسان ڕاوەستا. سەرتاپای تەزوو و مچوڕکە دای گرت.

لە چقورئۆوا ڕۆژێکی گەرم، لەبەر سێبەری دارتووێکی تا چڵەپۆپە لە تۆز و خۆڵ نیشتوو... شەو و ڕۆژێ، سەرومڕ لێی نووستبوو... ئێستایش زۆری واز لە خەو بوو. دەشیزانی هەر لە خەو ڕاچووبا، کاری کراوە و مردووە. بەڵام خەوێکی وایش بەرۆکی گرتبوو، هەر چەندی دەکرد خۆی لەبەر نەدەگرت. خەوەکە لەوەدا نەبوو... بەو سەرما و سۆڵەیە، ئە لێرەدا نووستن، بەڵام مردن... دە با بێ پیاو!

ساوایەکی شیرەخۆرەی مردووی هاتە پێش چاو. چۆن بەزەیی بەساوا مردووەکەدا هاتەوە، ئاوهایش بەزەیی بەخۆدا هاتەوە.

لە پێشەوە شوێنێ هەبوو، بەردە دیبەگیان پێ دەگوت. بەردە دیبەگ سێ داری لەسەر ڕوابوون. لک و چڵەکانیان هیشک بووبوون. ئێستا لە بەردە دیبەگ ئاگرێکی خۆشی لێ هەڵنەکەی، بەتەنیشتیەوە لێی ڕانەکشێی. خۆ ئەوەتا، ئەوە بەردە دیبەگە، وا لە پێشەوە، هۆوەتا.

تۆفەکە لە یەکبینە هەر دەینرکاند. خەو وەک ئاوێکی شلەتێن، تا دەهات پتری دادەگرت. لەوەدا نەبوو، پیاو خۆی لەبەر بگرێ. ئەم تامولەزەتی بەرە بەرە لە خەو ڕاچوونە لە هەموو تامولەزەتان خۆشترە و قەت دەستی لێ هەڵناگیرێ. خەلیلە پیر، خەلیلە پیرێ سالانی ساڵ لە چەندین بەفر و بۆرانی وا قوتار بووبێ، قابیلە نەزانێ ئەم خەوە بەری بەکوێوەیە؟ بۆ نازانێ بەرەو مەرگەسات دەڕوا؟ بەڵام دەشخەوێ. خەلیلە پیر بەئانی تام و لەزەتی

هەرەخـۆشـی ژیانیـدا بـوو. خـەوەکـە وردە وردە، بەهەمـوو تام و لەزەتێکیـەوە سـەرومرِ دای دەگرت. تام و لـەزەت بەهەمـوو ئازای جـەسـتـەیدا، بەباریکتـرین رەگ و ریشـەیدا بڵاو دەبووەوە. تۆفـەکە، بەفـر و بۆرانەکـە، تا توندتری دەکرد، خـەلیلە پیـر هێندەی تر بەرەو بەهەشـتـی خـەوێکی خـۆشـتـر دەڕۆیشت، دەفـڕی، لەشـی سووکتر دەبوو. بەڵام هـەر بەدەم ڕۆیشتنەوەیش بوو.

خـەو بەجـارێ تەنگی پێ هەڵچنی. ها ئێسـتـا چـۆکی دەدا. بۆ ئەوەی خـۆ لە دانیـشـتن ببـوێرێ و یەکسـەر لەوێدا، بـەناچاری لێی ڕانـەکـشـێ، خـۆی بەزۆر گرت.

خۆ کـەپەنەک هـەیە. دە با خـۆی چاک لە کـەپەنەکەوە وەرپێـچێ. با لاقی بۆ سـەر زگی هـەڵکێـشـێ و خـۆی گـرمـۆڵە بکا. خـۆی وا گـرمـۆڵە بکا، کـەشکەژنۆی بگاتە سـەر کەپووی. جـا ئـەوسـاکـە، بەڵـێ ئـەوسـاکـە بزانـە سـەرما مـانا دەتوانـێ لە هیـچ کوێیـەکەوە خـۆی بخزێنێتە ژوورێ. هـەر لەگەڵ ڕۆژیش بووەوە، خـەلیلە پیر خـەوی خـۆی کردووە، دەسـەبرای بەفر و بۆران و سـەرمـاوسـۆڵە سپ و ساغ و سـەرسـووک بەخـەبەر دێ.

ئەدی ئەگـەر بەفـرێکی زۆر باری و نـەیتـوانـی لەبنی بێـتـەدەر. بەفـر پیـاو بەگەرموگوڕی دەگرێ.

دەسـت و لاقی دەبڕانەوە. دەبڕانەوە... ها ئێـسـتـا دادەنیـشـت و لێـی دەنووست. هێـزوگوڕی بەخـۆ دەدایەوە و سـەرلـەنوێ تـێ هـەڵدەچووەوە. هێندەی نەمـا بۆ ئۆیوقـتـاش. بەر هـەزار بـەڵای خـوا کـەوێ، بەم شـەوەزەنگە، بەم تۆف و وەیشـوومـەیە ڕێگەی ئۆیوقتاشـیش هێند سانا نییـە... چاتر ئەوەیە بنووم، پیاو هـەر ئا لێرەدا لێی بنوێ لە هـەمووی چاترە.

هەروەک ئـەوانی بەدەم خــەوەوە دەڕۆن لارەلارەی دەکـرد، جـارێ بـەمــلادا، جارێ بـەولادا دەڕۆیشت. زریانەکە بەرەو کێـهـە ڕووکاری پاڵ پێـوە دەنا بۆ وێ دەچوو.

ئێسـتا لە ئۆیوقـتـاش ئاگرێ هەڵنەکەی، ئاگرێکی گـەورە، خـەرمـانە ئاگرێ... ئاگرێ بەدارەکـانی ئۆیوقتاشـەوە نەنێی... دەسـتـی ڕاسـتـی بەسـەر شـقـارتەکەی

بەرکیەوە بوو، نانێکی چاک لەو سەر ئاگرە گەرم نەکەیەوە، بیخۆی، ئەوجا بەکاوەخۆ لێی ڕانەکشێی، بنووی، هەر وەخت بوو شێت و هار بێ.

بیر و ئەندێشەی پچڕپچڕی بەمێشکدا دەهات. بەرەو کام لا دەڕوا، خۆشی نازانێ. بەسەرپێوە نیوە نووستوو، ها ئێستا ها نەختێکی تر دەکەوت.

خەلیلە پیر لە سەرێکەوە، بەحاڵ هەستی بەوە دەکرد کە کەوتووەتە نێو بەتاڵاییەکەوە. هەر ئەوەندەی دەزانی کە لەسەر سەهۆڵبەندانێکی ڕەق ڕاوەستاوە. باڵی هێند دێشا، تا ناو جەرگی دەسمی ئێش. ئازارەکە یەکسەر جێگای خەوەکەی دەگرێتەوە. بەدەستی چەپی باڵی دەگرێ، تەماشا دەکا خوێنێکی شلەتێن بەدەستیەوە دەلکێ. ئازارە، لە توان و تاو بەدەرە. یەکسەر ڕادەپەڕێ.

خۆشییەک: دەڵێ: «باڵم شکاوە، حەیف.» بەڵام بەخۆدا دێتەوە.

زریانەکە وەک خەشم و غەزەب، بۆ یەکەم جار هەست بەوە دەکا، کە زۆر بەسامە. کەپەنەکەکە توند بەخۆوە دەپێچێ.

٤

زەڵە دەیگوت: «بە گوریت بم، سەفەرەکەم، سەفەر ئاغام، هەر مەپرسە چم بەسەرهاتووە. خۆ لەبەر خەون دیتن چاوم هەڵنایە. لە نووستنی نووستن ئاسایی تۆقیوم. لە چوونە نێو جێوە زەندەقم دەچێ. ئەوە دە ڕۆژە وام بەسەرهاتووە.

وا لەو ڕاستانی چقورەم. لە سەرڕا هەورێکی ڕەش ڕەش، وەک تووڕەیی و غەزەب هەڵم دەکاتێ، منیش کەوتوومە ئەو ڕاستانی چقورە هەڵدێم. وەکو با هەڵدێم. لە پاشان هەناسەم لەبەر دەبڕێ. هەر کە هەناسەم لەبەر دەبڕێ، ئەسپی شێئاڵ شێئاڵ لە زەوی هەڵدەقوڵێن، ئەوجا ئەسپی بۆرە بۆرە. زەوی لە ناوەندڕا قرچ، دەبێ بەدوو کەرتەوە، ئەسپی لێوە دەردەپەڕن. هەر ئەسپێکی لێوە دەردەپەڕێ، بەغاردان، سەری قیت دەگرێ، کلکی دەکا بە بەیداخ، بەرەو پێدەشتان دای دەکێشێ، ئەوجا دەچنە نێو زۆنگاوی ئاقچەسازەوە. من

بەدوای ئەسپەکانەوە و هەوری تایینیش بەدوای منەوە. پڕ بەدنیا هاوار دەکەم. بەئەسپەکان دەڵێم ڕاوەستن، کوڕە، هیچ نەبێ یەکێکتان ڕاوەستن. هاڕەهاڕ هاوار دەکەم، ئەرێ ئێوە هیچ ئینسانەتێکتان تێدا نییە. نەخێر هاواری من بە چ دەچێ، هەر زەوییە و دەقەڵشێ و لە یەکبینە ئەسپی ناڵ بەبریقوباق دەردەپەڕن، وا دەستم لە پاڵی یەکێکتان، کە تازە سەری لە قەڵشی زەوی دەرێنا گیر دەکەم. ئەسپی تاین قەدەرێ ڕام دەفڕێنێ، دەمبا، هەورەکە نەختێ بەجێ دێڵم. بۆ خۆشم نازانم چۆن بوو، هەر هێندەم زانی ئەسپەم بەدەستەوە نەما. ئەملا، ئەولام، پێشەوەم، ڕوو لە هەر لایەکی دەکەم، ئەسپە و غاردەدا. چاوی ئەسپێکم دیت. هێندەی بڵێی گەورە بوو، هەر دەتگوت ئاوێنەیە و شەوق دەداتەوە، ئەسپێکی چاوجوان، گوتم چ دەقەومێ، دە هەڵم گرە، بمبە. چتاقیان ئاوڕیان لێ نەدامەوە. بۆ خۆم لەوناوەی ئەسپی لێ هەڵدەقولا مامەوە. ئەوا هەوریش گەیشتە سەرم، ها ئێستا بەسەرمدا دەدا، ها نەختێکی تر. خۆم لە چاڵێکدا خپ مات دا. هەرچەند هەورەکە نزمتر دەبێتەوە منیش هێندەی دی خۆم بەزەوییەکەوە دەنووسێنم. بۆخۆشم نازانم چۆن بوو، ئەسپ و مەسپ، هەوروهەڵا، هەموو لە دواوە بەجێ مان. سەیرم کرد تاژییەکەیش نەماوە، بەتاقی تەنیا هەر خۆم لە چاڵەکەدا ماومەوە. نە ئەسپ، نە دار، هیچ نییە. مێشی مێش ئاسایی چییە، نییە. هەیە و نییە تەنیا خۆم و ڕاستانەکە ماوینەوە. هەورەکەیش هەروا دێ. هەمدیس خۆم بەزەوییەوە نووساند. هەورەکە هات، هاتە خوارەوە بەسەرمدا. دەوروبەرم تاریک داهات. سەیریشم کرد، ڕووناکییەکی وەک پەنجەرە لە ناوەندی هەورەکە بەدیارکەوت. ڕووناکیی ڕۆژ لە پەنجەرەکەوە، وەک باران دەستی بەبارین کرد. ڕووناکییەکی وابوو، ڕەشەکەی لە ناوەندڕا کون کردبوو، وەک سێلاوی ڕوون ڕێی دەکرد. چاومی لەبەر هەڵنەهات. تیشکەکەی سۆمای چاوی بردم. لە ناکاو پیرە هەور، شراق، بوو بەدوو کەرتەوە. عارەبێکی لێ هاتەدەرەوە، لچێکی لە زەوی دەخشا، لچێکی لە ئاسمان. لە ترسان زەندەقم چوو، گوتم، کارکرا، تازە ڕابرد. ئیدی هەرچی ڕووی دا لەم دەمەدا ڕووی دا،

سەفەر ئاغام. ڕووبارێ بەسەرمدا دەستی بەڕێکردن کرد. بەبن ئاو کەوتم. کاتێکی بەخەبەرهاتم، سەرتاپا لە ئارەقەی شین و مۆر نیشتبووم. چەوریی دە ڕۆژانم بۆ خڕ کردوویەوە، بۆم هێناوی. دە دانە هێلکەیشم بۆ هێناوی، ئیدی ئاوها.»

کوێخا سەفەر بێ ئەوەی قسەیەکی لە بیربچێ، بەگوێی دڵ گوێی بۆ هەڵخستبوو، پرسی:

«چیی دی هەیە؟»

زەڵە:

«زۆرم هەن، بەڵام تۆ جارێ ئەمەم بۆ لێک دەوە.»

سەفەر:

«هەوری ڕەش نیشانەی خراپەیە. ئەو ئەسپانەیش کە لە زەوی هەڵدەقوڵان ئەو گوندییە هەژار و بێچارە و کەساس و سەرگەردانانەن کە سەریان لێ شێواوە، بۆ خۆشیان نازانن چ بکەن. ئەمە وا دەگەیەنێ، گوندی بەڵایەکی ناگەهانی زۆر گەورەیان بەسەر دێ. تاژییەکەیش مانای ئەوەیە، گوندیی کوڵۆڵ و کوێرەوار بەهیچ جۆرێ ڕزگاربوونیان بۆ نییە ڕزگاربوون بەتاڵە داوێکی خاوەوە بەندە. وەک تاژی لاوازە. خۆشت ئیشارەتی بۆ چاکە. بۆ چاکەیەکی کە هەڵدێ، بۆ چاکەی گوندی... ئەو هەورە ڕەشەیش کە چنگ لەسەر شان هەڵی دەبڕیت، ئەوە ئیشارەتە بۆ عادیلەفەندی. ئیشارەتە بۆ ئەوە کە دێ گوند وێران دەکا و داری بەسەر بەردیەوە ناهێڵێ. ڕووناکیی ناوەند هەورەکەیش، ئەوە ئیشارەتە بۆ ئەوە عادیلەفەندی چەند دڵ و دەروون چاک و ئاوایە و چەند و چۆن چاکە دەخاتە دڵی کوێخا سەفەرتانەوە. ئەو ئاوەی کە بە سەریشتدا ڕێی دەکرد، ئەوە ئیشارەتە بۆ ئەو شەوە تاریکەی کە دای پۆشیون، ئیشارەتە بۆ ئەوە، بێتو گوندی بەم جۆرە بڕۆن، دوای تاشباش و عەلی داڵیت بکەون، دەمانخکێنێ، لە ناومان دەبا. کەور و خڕکمان بەسەردا دەبارێنێ. ئەو هەورە ڕەشە ها کا، گەیشتە گوند. سواری ئەسپێکی ڕەش بووە دێ. ئێمەیش وەک ئەو ئەسپانە لە خانە و لانەی خۆ لانەواز دەبین،

هەڵدێین، دەدەینە ئەو چیاوچۆڵە. عادیلەفەندی، یانی هەورە ڕەشەکە دێ. لەمن بەولاوە کەسی تری بەگیر ناکەوێ. بەزەوییەوە نووسانی تۆیش ئیشارەتە بۆ من. واتە من لێی دەپاڕێمەوە، ئەویش وەک هەور دەگرمێنێ و بروسکە دەدا، دەڵێ، ئەم گوندە بەگوێیان نەکردم، قسەیان نەگرتم، ئیتر کەس لە شار متمانە بەگوندی ناکا، بایی قەرەپوولێکیان ئاڵووێر لەگەڵدا ناکەن. ئەمانە هەموو ئیشارەتن. چ بکەین ڕیشە و بووە بەکۆڵەوە. تۆ ئەوانی دی بگێڕەوە.»

سبەینێ بوو. زەڵەجە تا نیوەڕوانێ، تا ماڵی کوێخا سەفەر پڕبوو لە گوندی خەونی گێڕایەوە، کوێخا سەفەریش هەر خەونێکی زەڵەجە گێڕایەوە بەباری خێردای بۆ گێڕایەوە. زەڵەجە دڵی خۆش بوو، بەڵام قاروخەشمی هەورە ڕەشەکەیشی نیشتبووە دڵ.

کاتێکی وەدەرکەوت، بەهەوەڵ کەسێکی تووشی هات، گوت:

«وا دێ، هەورە ڕەشەکە وا دێ. دێ و گوندیش نوقم و نوغرۆ دەکا.»

«تۆ شێتی زەڵەجە؟»

«بچن لە کوێخا بپرسن. وا دێ.»

ژنەکان دایانە تریقوهۆڕی پێکەنین، یەکیان گوتی:

«لە هاتن بێ، لە دیتنیش دێ.»

«پێ بکەنن، پێ بکەنن،» گوتی. «پێ بکەنن داوین تەڕینە. نازانن چتان بەسەردێ، دە بابێ، هەینێ ببینن. لالوێچە خۆراکەکەتان، لێفە شڕەکانی سەرتان، بەڕە شڕەکانی ژێرتان بەرێ و بڕوا، جا هەینێ ببینن.»

ژنەکان دایانەوە قاقای پێکەنین. ترس و سامە لە نێو دڵ و دەرووندا پەپکە خواردووەکە گەورە بۆوە.

یەکێکیان بەتیز و گەپەوە پرسی:

«ناشێ دیسان خەونت دیتبێ زەڵەجە؟ هەمدیس لە خەونەدا کەڵێکت چووبووە باخەڵەوە؟ ئەوجا عادیلەفەندیش تەشریفی هێنا کەڵەکەی کوشت، وەیە؟»

زەڵەجە تووڕە بوو:

«پێ بکەنن، پێ بکەنن، بێ ئیمانینە، ڕوو سپی و داوێن تەڕینە. سۆزانیی حەوت دەوڵەتینە! با بێ، ئەوجا دەبینن. وەک ئەو ساڵە...»

زەڵەجەی دەم بەهاوار، هاواری شووم و ڕەشی ڕاگەیاند.

بەچاوی بۆش و بەتاڵەوە زەڵەجەی دەم بەهاواریان بەڕێ کرد. بەڵێ، ئەو ترس و سامەی چەندین ڕۆژ بوو چاوەنۆڕی بوون... بۆ نەگبەتی، ئەم ساڵ نەهات و بێ ئیروو بوو. بەگاوگۆتاڵەوە، بەگەنم و جۆوە، بە دەفر و ئامانەوە، بە لێفە شڕەوە، بە بالیف و سەرینەوە، بە خسیل و حەسیرەوە، سەرلەبەری دەپێچایەوە و دەیبردن.

خەبەرەکە هەر هێندەی بڵێی یەک و دوو لە سەرانسەری گوندا بڵاوبووەوە. منداڵ، کیژ، ژن، پیر، جوان، سەرلەبەر لە ناوەندی گوند خڕبووبوونەوە و ورتە لە کەسەوە نەدەهات. ئەو بەڵای ناگەهانەیان بەسەر دەهات کە چەندین ڕۆژ بوو لێی دەترسان و کەسیان زاتی ئەوەی نەدەکرد، لەلای کەسێکی دیکەی ئاشکرا کا. وەک قار و غەزەب دەهات. کەس فەرقی بەوە نەدەکرد، ئەم خەبەرە لە زەڵەجەوە، لە خەونەکانی زەڵەجەوە داکەوتووە. زەڵەجە گڕێ ئاگری لە کۆمەڵێ لۆکەی چەور بەردابوو. ئەو خەبەرە کێ هێنابووی؟ کەسێ نەبوو لە بنج و بناوانی بکۆڵێتەوە.

عادیلەفەندی لە هاتن بوو. ها ئێستا ها نەختێکی دی. هەر بینا سەری لە قایەجاڕەکانەوە بەدیارکەوت و نەکەوت. ئەی هەقی نەبوو؟ ماڵ و سامانی دابوو. سەربار پارەی نەختینەیشی دابوو، دەوجا وەرە تۆش. بەرانبەر بەم هەموو چاکەیە، لە لۆکە بگەڕێیەوە و هەقەکەی نەدەیەوە...

لە عادیلەفەندی پاڕانەوە و لالانەوەیش پوول ناکا.

چ دەبێ؟

ژنان بزاوتێکیان تێ کەوت. ڕوویان لە پێدەشتەکە کرد. لە دوورەوە، لە پێ دەشتەکەوە، لەوسەری گوندەوە، بەخۆ بەسەر دارعاسا داندا لە سەرەخۆ دەهات. ترووسکەیێ ئومێدیان تێ گەڕا؟ مرێمۆک چی لە دەست دەهات؟

هەمـــوو کـــەس دەیزانـی هیچ کـــارێکیـــان پـێ لەگـــەڵدا ناکـــرێ، دەرۆســـتـی عـادیلەفـەندی نایەن، دەیانزانـی، بـەڵام بە هـاتنی مـرێمـۆکـیش زۆر کـەیفسـاز بووبوون. بۆرە ئۆمێدێکیان بەو پەیدا کردبوو.

تا مـرێمـۆک گـەیشـتـە لای، هـەر بەو ئاوایە مـانەوە و سـەیریان کـرد. نە جووقەواریان لێوە هات، نە جووڵەیان کرد. چاویان لێی ڕانەگوێزت.

مـرێمـۆک هـات، بەرانبـەریان ڕاوەسـتـا. سـەر و سـوورەتی هـەر دەتگوت مەییوە. چاوی لە قووچاو دەچوو.

مـرێمـۆک کـە دیتی قـەرەباڵغـیـیـەکـە بـوو بەدوو بەشـەوە، لە ناوەندیـاندا ڕاوەستا. چاوی لە عاردەکە بڕی. هەموو کەسێ دەیزانی مرێمۆک قسان ناکا. دەیانزانی بیشیکوژن دەم ناکاتەوە، تا مردن هـەروا، وەک مردوو ڕادەوەستێ و چیی تر... دەی جا کەواتا ئەم ئومێدە ئەم کەیفسازییەیان بۆچی بەهاتنی ئەو، وا بەم جۆرە تێ گەڕا؟

لە سەر و چاوی کەسی نەڕوانی. سەرماوسۆڵەکەی لە کێشدا نەبوو. بەپێی پەتی بەسـەر ئەو بەفر و بەسـتـەڵەکەوە ڕچیبوو. بەفـری تاین لە ژێر پێـیاندا چرکە چرکی دەهات. گوند هێند کڕوکپ بوو لە چرکە چرکی بەفری ژێـر پێیان بەولاوە سـرتە لـە هیـچـەوە نـەدەهات. لە هـەر چوار لاوە ئاڵقـەیان لە دەوری مـرێمـۆک بەست و خـزانە بن دەسـتـیـەوە. وەک چاوەڕوانـی چارەسـەرێکی لێ بکـەن وابوون. دەیانـویسـت جـــارێکی دیکـە بڵـێ «وا هاتـین، وا دابـەزین،»، مرێمۆکیان بەولاوە هێزێ بوو.

لـە چواردەوری ئـاڵقـــــــەیان بـەسـت. لـێ هـەڵـەنـگوتـنـێکی بـەردەم و هەناسەکەوتنێکی دەبوو بەدەرمانی هەموو دەردێکیان.

مرێمۆک بەرەو ماڵی کوێخا یەک هەنگاوی هەڵێناوە. ژنەکانیش وەک ئەویان کرد. چەناگەی بەسەر دارعاسایەکەی دەستیدا دا، چاوی بڕییە ئەو پیاوانەی دەچوونە ژوورەوە بۆ ماڵی کوێخا. کە دواکەس چووە ژوورەوە، لەسـەر بەفرەکە لێی دانیشت، دارعاسایەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دانا. ژنەکانی دیکەیش وەک ئەویـان کـرد. چاوەڕوانـی شـتـێ، چاوەڕوانـی ئومـێـدێکیـان دەکـرد لە مـاڵی

کوێخاوە هەڵێ.

قەدەرێ بەو بێدەنگییە چاوەڕێیان کرد. هەر کە مریەمۆک هەڵستا، ژنەکانی دیکەیش، سەرلەبەر، دەسبەجێ، هەڵستان. مریەمۆک یەکڕاست بەرەو ماڵی کوێخا چوو. ژنەکانیشی وەدوو کەوتن.

ماڵی کوێخا پڕ پڕ بووبوو، یەکی دیی نەدەگرت.

لەبن سواندەکەدا کەڵەکەیان کرد.

لە ژوورەوە پیاوەکانیش دەنگیان نەدەهات. کوێخا دەمی نەدەکردەوە. ئافرەتێ پەردەی بێ دەنگییەکەی دڕی، گوتی:

«ئەمشەو خەلیلە پیر هەڵاتووە. کەپەنەکەکەی هەڵگرتووە و ڕۆیشتووە. چووە بۆ ئەشکەوتەکەی چیای تەکەچ.»

ئافرەتێکی تر هەڵی دایێ، گوتی:

«بۆ مردن چوو بۆ ئەوەێ. دەستی خۆمم بڕیبێ، هەر بۆ ئەوە چوو، نەیویست لە گوند، لە ناو خەڵکدا بمرێ.»

یەکێکی تر گوتی:

«هەناسە سارد، تەنانەت نەیویست تەرمەکەیشی کەس ببینێ. من دەزانم.»

قەرەباڵغییە لە سەرما ڕچیوەکە هاتە جۆش، بوو بەمرەمر و بۆڵەبۆڵ. هەریەکە قسەیەکی دەکرد.

«لە ترسان، لە ترسی مردن نەیدەوێرا دەرکەوێ، نەک لە گوندی، لە ترسی مردن...»

«پیرەمێردێکە. شەوێ بەڕێ کەوتبێ، ئێستا دووی کەوین، دەیدۆزینەوە.»

ژنێکی جحێڵ:

«دەیدۆزینەوە،» گوتی. «با بڕۆین، یا پیاوان بەدووی کەوین، بیدۆزنەوە، یا ئەوەتا ئێمە بڕۆین.»

ژنێکی تر:

«بەهاتنی ویی دەزانی. دەزانی دیسان گوندەکە ڕووت دەکاتەوە و دەیخاتە

سەر ساجی عەلی.»

«دەیزانی. هەر بۆ ئەوەی نەیبینێ سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت.

ژنەکان هەموو بەیەک دەنگ:

«چاوی بەراییی نەدا.»

ژنێکی قەیرە هاواری کرد:

«خوایە، خوایە سا چ دەکەی، ئێمەیش لە کوڵ کەیەوە، ئەو ڕۆژەمان پێشان نەدەی.»

هەموو گوتیان:

«ئامین.»

ئەوجا کوێخا هاتەدەر. ڕەنگی پەڕیبوو. چاوی هەڵنەدەبڕی لە کەسێکی بنۆڕێ.

«لەمە قوتار بین، هاوینی داهاتوو، دەگەڕێین، کێ مەزرا چاکە، دەیدۆزینەوە. ئەوەش گفت و بەڵێنی پیاوان بێ و بتاندەمێ. کارەکە کەوتە سەرپێچی و کەڵەوەکێشی. ئێمە بەدەستی خۆمان خراپەکەمان کرد. خۆمان لە خۆمانمان کرد. یەکمان نەگرت. هەریەکە بەلایەکماندا ڕاکێشا. تێک بەربووین.»

لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بووەوە:

«تێک بەربووین.»

«دەبێ بەهەر بەهایەک بێ، بچین خەلیلە پیر بدۆزینەوە، با نەبێ بەخۆراکی گورگ و قەل و دالاش، هەژارە، خوا هەڵناگرێ.»

کوێخا:

«با نەبێ بەخۆراک،» ئەمری کرد: «یۆسفەڕەش، تۆ بەگوڕی، دەی بەڕێ کەوە. وەسمانە سەوز، تۆیش، دوو زەلام بەسە. خەلیلە پیرم لە پەڕەی هەور بێ، بۆ بدۆزنەوە، بیهێنن.»

ژنان گوتیان:

«هیزە بیدۆزنەوە، نامەردتان نەکەن، بیهێننەوە.»

«نابێ عادیلەفەندی بۆ گوند بهێندرێ. کە هات چۆنمان لە ڕوو هەڵبێ سەیری دەموچاوی بکەین؟ کە هاتیش. حەز دەکا هەرچییەکمان هەیە و نییە با بیبا. کەیفی لێ بوو لە برسانمان بکوژێ. بەهاتنی سووک و ڕیسوا دەبین.»

گوتیان:

«ڕیسوا دەبین.»

لە پاشان کوێخا دیسان چووەوە ژوورێ، خەڵکەکەیش هەمدیس سەریان بە بەرسینگیاندا شۆڕبووەوە.

یوسف و وەسمان دریان بە ژنەکان دا، وەدەرکەوتن. هەر ئەوان وەدەرکەوتن و نەکەوتن مریمۆک چاوی لێ زەق کردنەوە. بەم چاو زەق کردنەوەیە تێ گەیشتن، دەیویست چ بڵێ.

یوسف و وەسمان تا لە گوند دەرچوون، تا لە شیوەکەیش سەرەو نشێو بوونەوە ژنان چاویان لە دوو نەترووسکاندن.

ئەوان لە دووی خەلیلە پیر دەگەڕان لەبەر چریسکە و شەوقی بەفر لە دوورەوە، هەریەکە هێندەی پنتێکیان مایەوە. لە پاشان لە ناو سپیاییی بەفرەکەدا بزربوون.

هەر لە چاو ون بوون و ون نەبوون، مریمۆک دڕی بە قەرەباڵغییەکە دا، لەوێ هەڵبڕا. ئومێدێ، هێزێکی لە پشتەوە دەرۆیشت. لەو دەمەدا ژنان شین و گرینێکیان بەدڵدا هات. بەخۆداشکانەوە و شەرمەزارییەک، بەزین و تێداچوونێکیان بەدڵدا هات. پێت وابوو شتێ مردبوو، بوومەلەرزەیەک سەرلەبەری گوندی ژێروژوور کردبوو، بێ دەرەتان مابوونەوە.

ئەم بەهارە بێتەوە گوڵووک بەهەردە و هەورازانەوە دەپژێن. ئەو هەورانەی لەسەر چیای تەکەجەوە دێن ڕەش ڕەش. بەفر، شەوق و چریسکەی لێ دەتارێ. ئەم بەهارە بەهارێکی سەوز و تەروبڕ نابێ. بەرخەل و ساوا نابارێن، کەژ و کێو ناکەونە بەزم و بالۆرە. ئوزون عەلی هەڵناکاتە بلوێر. ئەم ساڵ ئێزگیل نایەن. ئەم ساڵ دەرودەشت شین نابن. دەغڵ و دانیش دەسووتێن.

بەهار، گوند دوو شاییی لێ دەکرا. کوڕی سەقارجە کیژی سومبولە شێت و کوڕی وەلی قـڤـڕش کیـژی ڕەشـیـدە کـوێری دەگواسـتـەوە. شـایی چ تامـێکی دەبوو؟

لە ناکاو ژنـان هـەموو بەرەو ڕێگەی خوارێ گـەڕانەوە. لە پێشـان گرمـەگرمێ ڕووی دا. جـمـوجـوولێ. لە پاشـان هـەمـوو بوون بە مـاسـتی مـەییـو. کـوێخـا، گوندی، سەرلەبەر، دەرپەڕینە دەرەوە.

لە خوارێ یەکێ بەکڵاوبارانە ڕەشـەکەیەوە، هـەوراز دەهات.

کوێخا هـەر ئەوەبوو گیانی دەرنەدەچوو، بە هـەنسکە هـەنسک:

«وا دێ،» گـوتی. «عادیـلەفەندییـە. تازە کـار لە کـار ترازا. خۆ جـەندرمـەیشی لەگەڵدا نییە، زۆر خراتر.»

یەکسـەر چووە ژوورێ، دەرکەی لە سـەرەخۆ پێوەدا.

گوند کشومات بوو. ترس و سام، تێکشکان و بەزین لەسـەر و سیمای دار و بەردی گـوند نیـشـتـبـوو. دەرەوە بۆنی زیندەوەرێکی لێ نەدەهات، نە کـتک، نە سـەگ، نە مـریشک، هـەر هـیـچ هـیـچ. دەتگوت هـەزار سـاڵ بوو گـوند چۆڵ کرابوو. لە هـیچ دووکێشێکەوە دووکەڵ مانا چییە، دەرنەدەچوو.

تەنیـا مـەخـلووقێ لە دەرەوە بوو، ئەویش سـەگـە زەردەڵە شـەلەی هۆمـەرۆک بوو. لە پێش دەرکـەی مـاڵی تاشـبـاش سـەری لەسـەر دەسـتی دانابوو، خـەو دەیبردەوە.

ڕێبوارە سـەر بەکڵاوبارانەکەی لە خـوارەوە هـەوراز هـەڵدەکشـا، هـەر کە هـاتە نێو گوندەوە یەکسـەر هـەستی بەوە کرد، کە گۆڕانێ لە ناو گونددا ڕووی داوە.

لە پێشـان ئەسـپـەکەی بەرەو پێش دەرکـەی مـاڵی کـوێخـا ئـاژوا. تەمـاشـای کـرد، سـرتە نایە. بەڵام بەفـر و بەسـتـەڵەکی دەرکـەی دیت، بەسـتـرابووەوە و قـوڕاوی بووبوو. شـوێن پێی تازە شـەقڵ گرتوویشـی پێـوە دیاربوو. ئەگـەر دەڵێ گوند ئەمساڵ لە چقور نەگەڕاونەوە، ئەی ئەم شـوێن پێیانە چین؟ کەسیش دیار نییە. بڵێین وا گوندیشـیان چۆڵ کرد و هـەر کەسـە دەرکەی خـۆی لێ کڵـۆم دا، باشە ئەی بۆ کوێ دەیانتوانی بچن!

ڕێبوار خۆی بەسەر ملی ئەسپەکەیدا نووشتاندەوە، لە دەرکەی ماڵی کوێخاوە بانگی کرد:

«سەفەر ئەفەندی، سەفەر ئەفەندی...»

لە ژوورەوە دەنگ نەبوو.

«سەفەر ئەفەندی، سەفەر ئەفەندی.»

زۆر سەیرە. باشە بێ ئەوەی کەسێ لە گوند بەجێ بێڵن، بۆ کوێ دەتوانن بچن؟

کوێخا هەناسەی لەخۆ بڕیبوو، لە درزی دەرکەوە سەیری سوارەکەی دەکرد. یەکسەر سوارەی ناسییەوە. پازدە ساڵ لەمەوپێش دەبوو، جارێکی تر بۆ گوند هاتبوو، بۆچی هاتبوو؟ بۆ کاروباری حیزب هاتبوو؟ ئەمە کوڕە گەورەی کویپلوزادان بوو. دیارە پێوەندییەکی بەعادیلەفەندییەوە هەبوو. دەرکە بکاتەوە، نەکاتەوە؟ قەدەرێ دوودڵ بوو. سەرنجام بڕیاری دا دەرکە نەکاتەوە. کابرا کە بۆ شار دەگەڕایەوە دیارە چۆڵوهۆڵی گوندی دەگێڕایەوە، لە هەموو دنیای ڕادەگەیاند. هەینێ عادیلەفەندیش وادەزانێ هەموو چوون بۆ کار بۆ چقورئۆوا و تازە ئەم ساڵ ناچێ بۆ گوند. بەڕاستی کاری چاکە.

«سەفەر ئەفەندی، سەفەر ئەفەندی!»

کتکێ لە ژوورەوە بوو، دەستی بەمیاوەمیاو کرد.

سەفەر بەتووڕەییەوە، لە توێی ددانیەوە گوتی:

«ئەوە بێ دەنگ کەن.»

ژنەکان کتکەکەیان بێ دەنگ کرد.

سوارەکە لە پاشان قەدەرێکی دیی بانگ کردن ئومێدی بڕی، ئەسپەکەی ڕاست بۆ ناو گوند ئاژوا. داخۆ تووشی گیانلەبەرێ دەهات؟

کوڕی بەرەی کویپلوزادە ئاگای لە بەڵای سەری گوند هەبوو. ئەو ساڵە گوند پاش لە لۆکە گەڕانەوە قەرزوقۆڵەی عادیلەفەندییان نەدابووەوە. ئەم بێ شەرەفیی قەرزدانەوەیە بۆ گوندێ بێ شەرەفییەکی هەرە گەورە بوو.

داوودەستوور تێکدان، ڕێوڕەسم ڕووخاندن بوو. بەڵام شتێکی تر هەبوو ئەوە لە هەمووان خراتر بوو. هیچ دووکانداریّ لە شار بزگورێکی بەگوند نەدەدا، دەیانگوت قەرزی عادیلەفەندییان ساڵێکی خشتە نەداوەتەوە. گوندیّ لەم گوناهە و تاوانەی گەورەتر نەدەکرد. عادیلەفەندی ئەم تاوانی ساڵی قەرزنەدانەوەیەی چەند زل کردبوو، چۆنی توانیبوو، ئەم کارە بەم حاڵە بگەیێنیّ؟ کەواتا لە گوندێکی چکۆڵەی وادا پەیدابوونی ئەم هەموو دەوڵەمەندە هەروا بیّ سر نەبوو!

ئەمە چ داوودەستوورێکی بەسام بوو! لە ئاوەز و فام بەدەر بوو. گوندی کە بۆ لۆکە دەچوون، گیانلەبەریّ چییە، لە نێو گوند نەدەمایەوە. پێخەو و نوێنیان، دەفر و ئامانیان، جیازی و شمەکی نێو سندووقیان، سەرلەبەر، لە گوند بەجیّ دەهێشت و کەسیّ پەنجەی بۆ بزگورێکیان نەدەبرد. ئەم داوودەستوورەیش وەنەبیّ هەر لە گوندیّ، لە دووان، لە برێ گونددا هەر بەو جۆرە بوو. هەروا پشتاوپشت هاتبوو و دەرۆیشت. قسەیەک هەبوو: دەیانگوت ئەم گوندانە بە بەژنی زەلام زێرِوزێویان تێدا لیّ هەڵدرابایەوە، کەس نەمابا بەمەی نەزانیبا، کەژ و کێو، ملە و پشتەی شاخ، ڕێگەوبان، هەرچی هەیە و نییە پڕبان لە ڕێگر و دز و جەردە، چما بەندەی خوا دەستی بۆ زێرِیّ دەبرد، توخنی دەکەوت. ئەمە چ ئیشێکە ڕەبیلعالەمین؟ ئەم ئینسانانە چۆن ئینسانێکن هەردوو چاوەکەم؟

بەڵیّ بەم جۆرە، دەق وەک ئەمە. هەر گوندێکی لە چقورئۆوا گەڕاباوە، بیّ قەرزدانەوە، هەڵی نەدەکرد، سەری دنیای لیّ وێک نەدەهاتەوە. ئەدی ئەگەر نەیداباوە چ دەقەوما؟

کوڕی کویپلوزادان لە تەهی دڵەوە هەستی بەیاخیبوونیّ کرد. ئەم ساڵ نەیدەنەوە، ساڵێکی دی دەیاندایەوە. چۆن کار بەم حاڵە دەگەیێندریّ، چۆن تووشی سزا و ناشەرمیی هەرە گەورەی وا دەکرێن. لە دڵی خۆیدا گوتی ئەم عادیلە زۆر سامناکە. ئەم گوندە بۆ قەرزدانەوە، بەم ناوەندی زستانە چوونەتە خوار بۆ چقور. تا پارەی قەرزەکانیان خڕ نەکەنەوە ناگەڕێنەوە. بەم زستانە لە

چقور چ ئیشـوکاریٚ دەست دەکەویٚ؟ چ قازانجێکی لیٚ وەگیر دیٚ؟ دەبیٚ بە عـادیل بگوتریٚ، ئیـدی ئەم سـتـەم و زۆرە لەم گـوندییـانە نەکـا. دەبیٚ ئینسانانەتر، نەرمتریان لەگەڵدا ڕەفتار بکا. گەزیٚ جاوی یەک لیرەباییـیـان بەپێنج لیرە دەداتیٚ. با کار هەر لەوەندەدا بمێنێتەوە.

بەهیوای ئەوەی یەکێکی وەگیر کەویٚ، ماڵ بەماڵ گەڕا. گوندە کشوماتە، بۆش و بـەتاڵەکـە، وەک داڕزانیٚ، وەک مـچـوڕکیٚ، وەک ترس و سـامـێکی لە ئەندازەبەدەر لە ناو کـرۆکی پیـاو دەنیـشت. بـەو ڕووناکـیـیـە، بەو چریسکە چریسک و شـەوقی بەفـری بەر تیـشکی ڕۆژە تا دەهات نوقـمی نێـو تـاریکی، نوقمی نێو ڕەشبینی و ناهومێدی دەبوو.

گوند، هـەر دەتگوت، نەختیٚ لەمـە پێشـتر چۆڵ کرابوو. لە هـەر شـوێنیٚ بۆنی ئینسـانیٚ دەهات. خـۆ هـەر کـە چاوی بەسـەگـە زەرد کـەوت. هـەر ئـەوەبوو، لە خۆشییان باڵ نەگرێتەوە. سەگەکە تۆپیبوو؟ سەری ئەسپەکەی بەلای سەگەدا وەرسووڕاند. سەگە، کە هـەستی بەترپەی دەست و پێی ئەسپەکە کرد چاوی هـەڵێنا. سوارە هێندەی تر دڵی بەمە خۆش بوو.

دیسان دەستی بەنێـو گونددا خولانـەوە کرد. کزەبایەکی ساردی دەست و پیٚ ڕچین لە پێدەشـتـەکانەوە هەڵی کردبوو. ئاسمـان تا بڵێی سامـاڵ و ڕوون بوو، هێند شـین بوو، سۆمـای چاوی پیـاوی دەبرد. لەوانەبوو ئاسمـان بەرگـەی ئەو بایە ساردەی نەگـرتبـا و وەک سیـخـوار، پارچە پیـاوی دەبرد. لەوانەبوو ئاسمان پارچە، شین شین لە سەرڕا باریبایە خوار و هـەر هێندەت زانیبا ئەو ئەفر و بەستەڵەکە، بەملیۆن، پارچە سیخواری شینی لەسەر نیشتبانەوە.

تا دەهات خـەم و پەژارەیەک، ترسیٚ، بیٚ مـتمـانەیی و گومـانیٚ دای دەگرت. هێندیٚ شـتـی لە بین گیـرابوو. لەپڕ ئـەسـپـەکـەی تـاودا، تاودان ئەمـا تاودان، هـەروەک ڕەشـەبا، هـەر هێندەی چاو بکەیەوە، لە گوند دەرچوو، ها ها ئەسپەی لە سـەریەک لە سەریەک بـەر قامـچی دەدا. هـەر دەتگوت بۆ کوشتن و تۆپاندنی تـاودەدا.

تا نـەکـەوتە سـەر ڕێگەی شـار، تا گـوندی لە چاو ون نـەبوو، ڕێشـمـەی

ئەسپەکەی نەکێشایەوە.

گوندییەکان لە درزی دەرکەوە هەرچییەکی ڕێبوارەکە کردبوونی، وەک بەدەم هەڵیان گرنەوە تاقیویان کردبوو... پەشێویی دەموچاوی، بەسەرەوە ئازارخواردنی، کورە گوێ بوون و سڵەمینەوە، ترس و سامەکەی، ئەوجا، دڵخۆشبوونی بەدیتنی سەگەکە، ڕەنگ هەڵپڕووکانی لە کاتی تف لە بین گیربوونیدا، لە پاشان وەک لە چنگ دژمن، لە چەنگاڵی حەزیایێ هەڵێ بەو ڕەنگە ئەسپ تاودان و هەلاتنی، تەنانەت ئەوەی لە دڵیشیدابوو، سەرلەبەر هەموویان بەڕەنگ و ڕوویەوە خوێندبووەوە.

کە سوارە لە گوند ئاوابوو، خەڵکەکە لە ماڵ دەرچوون، بوو بەشایی لۆغان. لەوەتی گوند گوند بوو خۆشی خۆشی و هەرا و زەنای وای بەخۆوە نەدیتبوو. گەفەگەفی سەگ، بارەباڕی مەڕوماڵات، زەرەزەڕی کەر، زریکە و گریانی ساوای بەرمەمکان، بانگی کەڵەشێران، قووڕەی توولە و تاژی دنیایان لێک نابوو. پێش ئەوەی بوومەلەرزە ڕووبدا، چۆن لاور و ئاژەڵ سەرلەبەر ڕادەپەڕن و گرموهۆڕێکی بەسام دنیا دادەگرێ، گوند لە حاڵێکی ئاوهای پێش بوومەلەرزە قەوماندا بوو.

ئەوانی چەندین مانگ بوو بزەیان لەسەر لێو تۆرابوو و زاریان بەکێرد هەڵنەدەهاتەوە، ورد و درشتیان لە شادی و کەیفسازیدابوون.

کوێخا گوتی:

«زۆر شوکور بۆ خوای گەورەمان، خۆ بۆ ئێستاکانێ ڕزگاربووین، بۆ ئەمڕۆ قوتاربووین. بۆ دواییەکەیشی خوا کەریمە.»

ئوزوون عەلی لە پیرە بلوێری هەڵکردبوو، دەیژەند، دە پازدە لاوی خورتیش قۆڵیان بەقۆڵی یەکدا کردبوو چۆپییان دەکێشا.

٥

کەڵەبابی نێوەشەوێ دەیخوێند. حوسنە هێشتا نەنووستبوو. ئەورۆ ڕەجەب دەهات. ماوەیەکی دووربوو، نە ئەو دەهات، نە حوسنەیش چاوەڕێی هاتنی

دەکرد. حاڵێکی سەیر ڕووی دابوو. کەچی دوو ڕۆژ بەیەک نەگەیشتبان دەمردن، بێ یەک قەتیان هەڵنەدەکرد. بێ ژووان و دیدەنی هەرگیز دەریان نەدەبرد.

بەڵام دەبوو ئەوێ شەوێ بێ. گوێی هەڵخستبوو، چاوەڕێی دەکرد. هاکا فیتوو کێشرا. بۆ بەدبەختی باو و داکیشی نەدەنووستن.

لە ناکاو فیتوویەکی باریک وەک زریکەی مەلیچک کێشرا. دەبیسترا و نەدەبیسترا. باو و داکی بەخەبەریشیان چ لەو دەنگە نەدەگەیشتن.

دڵی خورپەی کرد. هەستی بۆ دەوروبەری ڕاگرت. باوکی لە نێو جێگەکەیدا ئەم دیوو ئەو دیوی دەکرد، دوابڕاوە، هەموو ڕۆژێ وەک مردوو لێی دەنوێ. کەچی ئەمشەو بۆ بەختی من هەر ئەمدیو و ئەودیو دەکا.

کێشمانێکی لاقەکانی دا. سەرتاپای لەشی بووبوو بەیەک پارچە گڕ و هالاو، دەبرژا. هەر ئەوەندە چاوی چووبا خەو.. مانگێکی خشت، مانگ و نیوێکی ڕێک، هەر هێندە چووە نێو جێگە و نەچوو، یەکسەر خەوی لێ دەکەوێ... کەچی پیاوی تاین. خوا بیباتەوە، ئەمشەو داوێتیە سەرکێشی، نانوێ و نانوێ. بەراستی زوڵمە. ئارامی لەبەر بڕابوو. جارێکی دی فیتوو کێشرایەوە. حوسنە لە ناوجێ ڕاست بووەوە. گوێی بۆ پشووی باوی هەڵخست. لە گۆشەکەوە دەنگی کاوێژی مانگا فندق دەهات. بزنەکان دەنگیان لێوە نەدەهات. کەرە بۆزەیش دەنگی هەناسەی ئاسایی لێوە نەدەهات. چەند شتی چاکە.

لە ناو جێگەکەیدا لەرزی لێ هات. باوکی پێ بزانێ، بیبینێ چ دەقەومێ؟ ئەوەی وەپێش چاوی خۆی هێنایەوە کە باوکی بەڕووتی و قووتی هەردووگیانی گرتووە، دەستێکی بەتەورێکەوە و دەستێکی بەقژیەوە و لە ملی دەدا و سەرتاپای لە ناو خوێن و خوڕدایە.

باسکی، لاقی لە کرژهەڵاتندا، لە چاوەنۆڕدابوون.

هەستی بەگۆڕانی هەناسەی باوکی کرد. لە خۆشییان وەخت بوو بتەقێ. باوی نووستبوو. بەترس و لەرزەوە، بەئەسپاییەکەوە، لە نێو جێگەیەکەی

وەدەرکەوت، بێ سرتە دەرکەی کردەوە، چووە دەرێ.

تارماییی ناو ڕێڕەوی ماڵی لای کەڵۆزەکەی دیت. ڕەجەب هەمیشە لەوێی چاوەڕێ دەکرد. هەرای کرد. ڕەجەبیش هەڵستا بەرەوپیری ئەو هەرای کرد لەسەر ڕێڕەوەکە بەیەک گەیشتن.

شەوقی بەفر و بەستەڵەک شەوەزەنگەکەی ڕووناک دەکردەوە، لە پێدەشتەکەوە کزەیەکی تیژی سامالّی دەهات، یەکسەر هەموو شتێکی دەبەست. هەموو شوێنێ بەستبووی. لە چرتەچرتی بەفر و بەستەڵەک و هەناسەدان بەولاوە سرتە نەدەهات.

حوسنە لە ڕەجەب ئالآبوو، هەم گڕی تێ بەر بووبوو، هەم دەلەرزی. هەناسەکەی دەموچاوی وەک گڕی ئاگر هەڵی دەپڕووکاند. حوسنە وای خۆ پێوە ئالآندبوو، سەد سوێندت خواردبا بەیەکدا نووساون. پاش نەختێ لەرزەکەی بۆ ناو لەشی ڕەجەبیش تەشەنەی کرد. باکیان بەسەرماکە نەبوو، بەفرەکە پێ و پلە ڕووتەکانی نەدەسووتاندنەوە، زاریان پڕ بووبوو لە تامی خوێنی سوێرمەزە. نە شەویان لە بیر مابوو نە خوێنی بەسەر لێوەوە مەییو.

ها لە پاش چەند و چەند بەخۆهاتنەوە، لێک جوێ بوونەوە، سەرما تەنگی پێ هەڵچنیبوون. ڕەجەب دەستی حوسنەی گرت، بۆ خانووە چۆڵەکەی حەسەنە کوێری برد. هەر کە دەرکەیان کردەوە و نەکردەوە شەپۆڵی هەلاوێکی گەرمیان بە سەروڕوودا هات. ڕەجەب پێشتر کوانووی خانووە چۆڵەکەی هەلایساندبوو، هاتن لە تەک یەکەوە، لەبەر ئاگردانەکە لێی دانیشتن. هەر کە گەرمیان دەبووەوە لە باوەشی یەک دەخزان. ڕەجەب لاقی چەپی هاویشتە سەر هەردوو لاقی حوسنە و باوەشی پێدا کرد. ڕەجەب دەلەرزی. حوسنە بەدەم خەو خاوبوونەوەوە دەخزی.

«نابێ،» گوتی. «نابێ. دەمانبینن. کە هاتم باوکم نەنووستبوو.»

ڕەجەب، بە پەلە، بە هەناسەبڕکێ و پشووسواری:

«با نەنوێ،» گوتی. «با بێن بمانبینن.»

لەپڕ ڕووت و قووت بوونەوە. دوو جەستەی ڕووتوقووت لەترووکەیەکدابوون

بەیەک. یەکێ لەوێوە تێ پەڕیبا. بەوشەوە گوێی لە نووزە و ئۆخژنیان دەبوو. لە ناو تام و لەزەتێکی گـەورەدا لە خـۆچووبوون. ئارەقـەی شین و مـۆریان دەردابوو. خۆڵەپەتانییەکەی ژێریان بووبوو بە قوڕەلیتە. چەندی خایاند، دیارنەبوو. ئەمیان بەملادا و ئەویان بەولادا کەوتن، لاڵوپاڵ لێی کەوتن، لێی کەوتن، هەناسەبڕکێیان بوو.

لە پێشان ڕەجەب بەخۆهاتەوە، دوایی حوسنە. گەڕانەوە بەر ئاگردانەکە. ئەوجا وەک شێت و هار، نامەخوا، بەماچوموچ و هەڵگوشین بەربوونە یەک. دەست و پێیان لە ئاگردانە پڕ سکڵ و پشکۆکە ڕادەچوو، بەخۆیان نەدەزانی. ڕەجەب جەستە تەڕەکەی حوسنەی سەراپا بەشڵپەی ماچ هەڵگرتبوو، هەر چەندی دەکرد تێری لێ نەدەخوارد و دڵی دانەدەکەوت. هەرچی کچەیش بوو، لە یەکبینە هەناسەبڕکێی بوو، بەجارێ حاڵی پەشێو و پەرێشان بووبوو، مچوڕکی قووڵ قووڵی دەهاتێ. لەشە تەڕوبڕەکانیان، تەڕو ئارەقاوی بوون، لە یەکبینە مچوڕکیان دەهاتێ، لەزەتیان لێ دەتکا و لەبەر شەوقی ئاگرەکە سوورتر هەڵدەگەڕان، بەڵام چۆن سوورێ، سوورێکی ڕەنگ ئیربار.

حوسنە برێ بەخۆهاتەوە، خۆی لە ماچ و هەڵگوشینی ڕەجەب قوتار کرد، خـزایە ئەوسـەری ئاگـردانەکـەوە. ڕەجـەب ئارامی لەبەر بڕابوو. هەر لە شوێنەکەی خۆی، سەرلەنوێ بەماچ و هەڵمژین دای گرتەوە، هەر چەندی دەکرد تێری لێ نەدەخوارد. حوسنەیش ناچار خۆی بۆ ماچەکانی شل کرد. ئەم شـەوباخـەڵی و شـەوڕامـووسـانە، تا هەرتکان پرزەیان لێ بڕا و تا بەرەبەیانێکی درەنگی خایاند، تەنانەت توانوگوڕی قسەکردنیشیان بە بەرەوە نەمابوو.

بەرانبەر یەک لەبەر ئاگردانەکە دانیشتبوون، حوسنە سەری هەڵنەدەبڕی، سەیرێکی ڕەجەب بکا. هەموو جارێکیش هەروا دەبوو. حوسنە و ڕەجەب لە پاش ئەوە هەموو شەوڕامووسان و یەکتر لستنەوەیە قەدەرێ بەو جۆرە لەبەر ئاگردانەکە دانیشتن، حوسنە بێ ئەوەی لە ڕەجەب بڕوانێ، مات دەبوو، وێجا لەپڕ ڕادەپەڕی، خۆی پۆشتە دەکردەوە، بۆی دەردەچوو.

حوسنه سەراپای لەشی نیشتبووە ناو ئازار، ئێش و ئازارێکی بەتام و خۆش. ئێش و ئازارێکی هێند بەتام بوو پیاو خۆی لەبەر ڕانەدەگرت، کوشندە بوو. پاش نەختێ خۆی لە بەرکردەوە. ڕەجەب چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد بۆی دەرچێ، بەڵام حوسنە نەڕۆیشت، لەبەر ئاگردانەکە دانیشتەوە. دیسان هەر سەیری ڕەجەبی نەدەکرد.

ڕەجەب هەستی بەوە کرد، کارەکە شتێکی گرینگی تێدایە. حوسنە چاوی داخستبوو و ڕەجەب تەماشای دەکرد، قەدەرێ هەر بەو جۆرە مانەوە.

ڕەجەب لەسەرەخۆ پرسی:

«ئەوە چییە، چی ڕووی داوە؟»

بە واقوڕمانەوە چاوەڕێی بوو وەڵامی بداتەوە.

حوسنە بەدەنگێکی شێواو و شەرمنانە و لەرزۆکەوە:

«مانگێکی خشت دەبێ،» گوتی. «بگرە مانگیش... لەوەتی لە چقور گەڕاوینەوە...»

ڕەجەب:

«نەهاتم،» گوتی. «ترسام. ئەم گوندە حاڵێکی لێ بەسەرهاتووە. حاڵێکی خراپمان لێ بەسەرهاتووە...»

حوسنە:

«شتێکت پێ بڵێم،» گوتی. لە دەنگی خۆی سڵەمییەوە، بێ دەنگ بوو.

ڕەجەب:

«دە بڵێ،» گوتی. ئەم کیژە چی بەسەرهاتبوو؟

حوسنە:

«با بڕۆین،» گوتی. دەنگی هێند خنکاو، هێند بێ گیان، هێند خەمناک بوو، هەر دەتگوت دەنگی کەسێکە لە سەرەمەرگدا بێ. لە پاشان لەپڕ دەنگی گۆڕا.

«ئیدی لەم گوندە مانەوە مەعنای نییە. ئیتر لێرە هەڵناگرێ،» گوتی.

«کەس دیار نییە، خۆ کەسێ نامانبینێ؟ دەترسم. هەر ئێستا با بەڕێ

کەوین، با بۆی دەرچین. با بڕۆین. باشە؟»

ڕەجەب:

«بڕۆین، بەڵام بۆ کوێ؟»

«بۆ چقورئۆوا... هەڵێین.»

ڕەجەب:

«بەم بەفر و تووشییە... هەر گورگ ورگمان دەدڕێ.»

حوسنە:

«با بیدڕێ،» گوتی بەتوندییەوە. «هەر ئێستا با بڕۆین، هەستە، با بڕۆین.»

ڕەجەب:

«بڕۆین، بەڵام...»

حوسنە:

«دەترسم، زۆر دەترسم. شتێکمان بەسەردێ. ئەوەی بەسەر ئەم گوندە هاتووە، هەموو لە نێوچاوانی ئێمەوەیە. تەنانەت وسڵێکی وسڵ ئاسایی چییە دەری ناکەین. با بڕۆین.»

ڕەجەب:

«منیش دەترسم. بەڵایەکمان هەر بەسەردێ.»

«دە دەی، تا نەهاتووە، تا لافاو گوندی ڕانەماڵیوە.»

ڕەجەب:

«تۆ شێتی؟» گوتی. بۆچی گوند لافاو ڕای ماڵێ؟»

حوسنە:

«تا بوومەلەرزەیێ ڕووی نەداوە.»

ڕەجەب:

«ئاخر لە ڕێگە دەرناچین، دەمرین.»

حوسنە:

«با بمرین، با بمرین، تۆ با بڕۆین.»

ڕەجەب:

«ئاخر بەفرە، قیامەتە، تا چقورئۆوا دە ڕۆژە ڕێیە. خۆ هاوین نییە.»

قەدەرێ کڕبوون. لەتاو بێچارەییيان سەری دنیایان لێ وێک هاتبووەوە.

جا بەڕاستی ئەوی بۆرە ئەقڵێکی هەبا بەم بەفر و قیامەتە لە ماڵ دەردەکەوت؟

ئاگرەکە ڕووی لە کوژانەوە بوو.

حوسنە خۆی خڕ کردەوە، دەستی ڕەجەبی گرت، دەستی ڕەجەب وەک شەختە ڕچیبوو.

«ئەم بەڵایەی بەسەر گوندی هاتووە، هەمووی لە نێوچاوانی ئێمەوەیە. خوا لە ناوچاوانی ئێمەوە ئەم بەڵای ناگەهانە بەسەر ئەم گوندەدا دەبارێنێ.»

ڕەجەب:

«ئەرێ ئەوە تۆ شێتی کچێ؟» گوتی. «تۆ پێت وایە، هەر ئێمە لەم گوندە، ئەم کارەمان کردووە؟»

«هەموو کەسێ دەیکا... لە ناوچاوانی ئێمەوەیە. هەڵم نەگری، جارێکی تر نایەمەوە. تا هاوینێ، تا سەروەختی گۆیزانەوەم نایەمەوە. دەنگی ئێکجار بە ڕکەوە بوو، بە سەرپێچییەوە بوو.

ڕەجەب زریکاندی گوتی:

«تۆ شێت بووی، ئەقڵت لە دەست داوە؟»

«نایەمەوە، نایەمەوە، بمکوژن نایەمەوە، ئیدی ئاوایە و بڕایەوە.»

لەگەڵ بانگی کەڵەشێران هەردووکیان لە ناکاو ڕاپەڕین، بەترسەوە لێکیان نۆڕی. ڕەجەب دەستی حوسنەی گرت. حوسنە دەستی لە دەستی ڕەجەب ڕاتەکاند، لە دەرکە ئاودیو بوو، ڕۆیشت. بەهەڕاکردن گەڕایەوە بۆ ماڵێ، چووەوە نێو جێگەکەی، خۆی گرمۆڵە کرد. هێشتا تەزوو و مچوڕکەکانی لە لەش دەرنەچووبوون. سەری دەبن لێفەی خست. چاوەنۆڕی شتێکی بوو، فەلاکەتێ، دەترسا، شەرمی بەخۆی دەهاتەوە. سەری دەبن بالیفێ ڕاکرد.

ئەوا تۆ پارەت هەیە و قەرزوقۆڵەی خۆت دایەوە، ئەدی گوندییەکانت؟

٦

مریەمۆک لە سبەینێڕا هات، لە پێش دەرکەی ماڵی کوێخا وەکو سنگ چەقی. چاوی لە دەرکە بڕیبوو، بەئامان و زەمان نەیدەترووکاند. بستێ نەدەبزووت. دەتگوت خۆی بەسەر داردەستەکەیدا داوە، ڕەق ڕاوەستابوو.

کوێخا لە درزی دەرکەوە چاوی پێ کەوت، هەراسان بوو. ئەم بەڵای خوایە دیسان چی دەویست، لە چ دەگەڕا؟ ئەو چاوەی لە دەرکە بڕیبوو، نەیدەترووکاند، ڕاوەستانی ئەم ئافرەتە لە خۆڕایی نییە، شتێکی لەبن سەردایە، بڕۆنێ بڕۆنێ، هەر دەڵێی بەڵای سەرە، وەستاوە. تەماشا چۆن وەستاوە؟ ئەم گوندە شتێکی لێ بەسەربێ یا لە ناوچاوانی بەرازەوە، یا لە ناوچاوانی تاشباش ئۆغڵووی[١] بێ دینەوە بەسەری دێ. سەرەبەردەکەی تاشباش نەبوایە هەرگیز کارێکی وا بەسەر گوند نەدەهات، گوندی قەت تووشیان بەتووشی کێڵگە و مەزرای وا خراپەوە نەدەهات. بچێ قەرزەکانی خۆی بەعادیلەفەندی بداتەوە دەبێ چ بڵێ؟ ناڵێ هاوڕێ ئەوا تۆ پارەت هەیە، تۆ داتەوە، یا گوندییەکانت؟ دەشڵێ، ئێوەبوون بەکەوڵسووری پێش لەشکری گوندییان، هیچ گوندێ پاش لە چقور گەڕانەوە پوولێ قەرز ناداتەوە و چاو لە ئێوە دەکا. ئەمەیش لە مردن خراترە.

دەبێ لەمەوپاش کە دەچنە چقور، دە دوازدە پاسەوان لە گوند دانرێ، دەنا گوند دەکەن بەپیفۆکی سپی، ڕووتوقووتی دەکەنەوە، عادیلەفەندی ئەم ساڵ، کاتێ گوندی لە چقورئۆوا دەبن ئاگر لە گوند بەردەدا، هەمووی دەسووتێنێ. دەیکا بەهەرا: گوندی داوودەستووریان شێواند، شیرازەیان پچڕاند، قەرزیان نەدایەوە، هەر دز و درۆزن و ڕێگر و ئەشقیا و خوێنڕێژ داوودەستوور دەشێوێن، ئەی کێ دەیشێوێنێ؟ دێن، داری گوند بەسەر بەردیەوە ناهێڵن. وە لە ئەرزەوە تا ئاسمانیش هەقیانە. وە گوناهیش هەموو لە ستۆی کوێخا

---

(١) تاشباش ئۆغڵو، واتە: سەربەرد زادە، کوڕی سەربەرد، کەسێ سەری لە بەرد دروست کرابێ.

سەفەرە... وە لە ستۆی تاشباشی بێ ئیمانی کوڕی بێ ئیمانە، ئەم دوو زەلامە تێک بەربوونایە.

نەخێر. نەخێر، نەبووە و نەکراوە. عادیلەفەندی بۆ ئەوەی ڕیسوایان بکا و بیانکا بە پەند بۆ گوندەکانی تر، ئەوەی دەیکا، دەیکا، سێ و دووی لێ ناکا. ئەم ساڵ گوند ڕووت دەکاتەوە. ئاگر لە دەرکەی هەموو ماڵی بەردەدا، دەیسووتێنێ، با بڵێین، لەمە ڕزگاربووین، ئەمەی نەکرد. هەر لەم یەک دوو ڕۆژەدا دێ گوند سەراپا ڕووت دەکاتەوە، هەر هیچ هیچ ئاوڕێ لە فرمێسکی کەسێ ناداتەوە، هەموو شتێ، لافاو، ڕەشەبا، بوومەلەرزە پێشی لێ دەگیرێ، بەڵام ئەمە پێشی لێ ناگیرێ. وە بەهیچ جۆرێکیش ناتوانی پێشی لێ بگرێ هاوڕێ!

لەبەرئەمە، بۆ ئەوەی بتوانین پێش لەم بەڵایە بگرین، دەبێ بەدەستیاوی بیر لە چارەسەرێ بکەینەوە.

کوێخا سەفەر لەو ڕۆژەوە بەناخی زەویدا دەچوو. ئەمە یانی چی؟ گوندیی کوێخایەکی وەک شیری بڕای سەد و شەست گوندێکی ئەو چیا و چۆڵە قەرزنەدەنەوە و داوودەستووری ئەم هەزار ساڵە بشێوێنن! ئەمە یانی چی؟ ئەی دوای کوێخا سەفەر نەبڕێتەوە دوای کێ ببڕێتەوە! ئیدی لەمەوپاش چوونە شار نییە! تا مردن چاو بەشارکەوتن نییە. چ دەڵێن؟ ئەو کوێخا دێیەی قەرزی نەداوەتەوە! بڵێ کێیش؟ کوڕی کوێخا خدری بەنامێ و بەشان و شۆرەت، کوێخا حەوت گوندان. تا بڵێن، تەنگاو کرا، بەگیرهات، بەهەڵەبرا، قایمقام بانگی کرد، بەناچاری چوو بۆ شار، دەیتوانی بەبێباکی، بەسەربڵیندییەوە بەکووچە و شەقامی شاردا بخولێتەوە؟ دەیتوانی چاوی بەچاوی ئینسانی ئینسان ئاسایی بکەوێ؟

کورە، دە چ دەبێ با ببێ، تازە کار لە کار ترازاوە. عادیلەفەندی ئەمڕۆ نەیێ سبەینێ دێ، بڵێ چۆنیش دێ؟ هەڵۆ چۆن هەڵدەکاتە پۆلە کۆترێ و پەڕوباڵیان چۆن پەرش و بڵاو دەبێتەوە و لەتاو گیانی بەملا و بەولادا هەڵدێن و سەریان لێ دەشێوێ، عادیلەفەندیش بەو جۆرە هەڵدەکوتێتە سەر گوند، دێ، لە

دەرزییەکەوە بگرە تا داوە دەزوویێ چییە، دەیماشێتەوە، دەیبا. شتی دیکەش دەقەومێ. ئەمە تیرەی گوندییە، نەک گاڵتە، کێ دەزانێ چ دەبێ. گوندی کە برسی بوو، دەبێ بە سەگی هار. گوندی نابێ برسی کرێن. لەوانەیە لەو دەمەدا عادیلەفەندی لەتوپەت بکەن، چەک و سیلاحەکانی پشتیشی.

بیرێ وەک برووسکە لە مێشکیدا چەخماخەی دا:

«سەرەک پاسەوان! سەرەک پاسەوان!» بانگی سەرەک پاسەوانەکەی کرد. «کورە ئەوە لە کوێی، خێرا وەرە!»

سەرەک پاسەوان گورجێ وەڵامی دایەوە:

«فەرموو ئاغام، لێرەم.»

«هەڕۆ نێو گوندی، جاڕێ بکێشە،» گوتی. «با هەموو کۆبنەوە. دەمەوێ یەک دوو قسەیان لەگەڵ بکەم. دەمهەوێ شتێکیان پێ بڵێم.»

پاسەوان یەکڕاست چوو بۆ ناوەندی گوند، دەستی بەجاڕکێشانێ کرد: «هۆ خەڵکینە، هۆ گوندیینە، گوێ دێرن، نەڵێن، نەمانبیست! هەموو گوێ دێرن. لە ماوەی پێنج دەقیقەدا، دەبێ سەرلەبەر لەبەر دەرکەی ماڵی کوێخا خڕبنەوە. گورج، دەسوبرد، خێرا، کەس پاش نەکەوێ، کوڕینە کارەکە ناسکە. کوێخامان، کوێخای سەرەک بریکاری حکومەتەکەمان فێرە ئەقڵتان دەکا، پەندتان بۆ دادەدا.»

مرێمۆک بێ چاوترووکاندن هەروا لەوێ ڕاوەستابوو، چاوەڕێی دەکرد. سێبەری خۆی و داردەستەکەی وەسەر بەفرەکە کەوتبوو، هەتاوی سبەینێ پیرە سێبەری تا دوور، تا مەیدانی نێوگوند درێژ کردبووەوە.

سەفەر دەترسا، ئەم پیرێژنە بەڵای خوایە، هەروا لە خۆڕایی لەم بەردەرکەیە نەدەوەستا. هەبێ و نەبێ، ئەم ڕاوەستانە ئۆینێکی لە بندایە، ئەقڵ نایگرێ، دەی بزانین ئەو کاسەیە چی لەبن دەردەکەوێ؟

چوو بۆ لای، بەنەرمێکەوە:

«داپیرە مرێمۆک،» گوتی. «هەروا بەپێوە، ماندوو بووی. وەرە ژووری دابنیشە.»

مرێمۆک چی نەگوت، هەر خۆیشی لە قسەکەی وەخاوەن نەکرد.

سەفەر لەمە هێندەی دیکە زەندەقی چوو:

«کارێکە و بەسەر ئەم گوندییانە هاتووە. نەک هەر مەزراکەی ئێمە، هەرچی مەزرای چڤورئۆوا هەیە، ئەم ساڵ لۆکەی نەهێنا... گوندی ئەم ساڵ، سەرپاکیان قەرزوقۆڵەی عادیلەفەندییان پێ نەدرایەوە. ئەدی وەنییە داپیرە مرێمۆک. دایکی هەموو دایکان، دایە مرێمۆکی کۆڵەکەی گوند... هەی خەلیلە پیریش و ئەو ئۆزونجە عەلییەشت کە گوایە کوڕتە، بەگوری بن. هەی بەگاوگەردوونی ئەو نینۆکانەت بن دەیانبڕی و فڕێیان دەدەی. هیچ قسەیەکت پێمە؟ هیچ فەرمایشتێکت هەیە؟ دە بڵێ دەی، با سەفەری کوڕت، هەرچییەکی دەیڵێی، بۆت بەجێ بێنێ. تۆ دایکی منی، دایکی خۆمی، وەنییە؟»

گوندی بە بانگەواز و جاڕکێشانەکە وردە وردە لە ماڵان وەدەرکەوتن، بۆ بەردەرکەی ماڵی کوێخا ئاژنیان هێنا.

کوێخا کە چاوی بە عەشاماتەکە کەوت، بەبێ سەبرییەوە گوتی:

«وا گوندی هەموو هاتن، دایە. ئەگەر قسەیەکت هەیە. بێڵێ، بەسەر سەرم. حەز دەکەی خەلیلە پیریشت لە گوند بۆ وەدەردەنێم. هەڵات، ئەستۆی ورد کرد، ڕۆیشت، جارێکی دی سەر بەم گوندەدا نەکاتەوە. وەرە ژووریٚ، دایە، کاتێکی لەگەڵ گوندیدا بەقسان دەکەوم، تۆ بەتەکمانەوە بوەستە.»

کوێخا مەچەکی مرێمۆکی گرت، مرێمۆک تا هێزی تێ دابوو، مەچەکی لە دەستی ڕاپسکاند، خۆی لە دەستی قوتار کرد. کوێخا قوشقی بوو، قیڕاندی:

«ئەمە چییە ئێوە بەمنی دەکەن؟ کەواتا منیش دەست لەم کوێخایەتییە هەڵدەگرم. کە دەستیشم لێ هەڵگرت هەینێکە گوندی، گوندی بێ سەروبەر دەمێننەوە. چتان لێم دەوێ؟ من نەبم، من هەر هیچ هیچ نەبم ، گوندی ئاسەواری دەبڕێتەوە، داری بەسەر بەردیەوە نامێنێ، دەبێ بە تۆز، دەبێ بە ئاردی نێو دڕوو. لێرە بوەستە، لێرە لە نێو گوندییان بوەستە... بەتەنیشت منەوە بوەستە. بەتەک منەوە وەک یەکەم ئەندام ڕاوەستان هەبێ.»

گوندی لە پێش دەرکە مۆڵیان دەخوارد. کوێخا هاتبووە بەرماڵێ،

عەشاماتەکەی بەچاو دابێژت. خەڵکەکە بەزیو، ناهومێد، بەترس و لەرزەوە دەهاتن، ورتەیان لێوە نەدەهات. تەنانەت منداڵ و زارۆکی سەر بێشکە و وەڕوێڕکەیش دەنگیان لێوە نەدەهات. لە حاڵێکدابوون، پخت لێ کردبان پەرتوبڵاو دەبوونەوە و هەر کە بەلایەکدا هەڵدەهات.

کوێخا:

«هەرچی ئەندامە بەتەنیشتمەوە ڕاوەستێ. دەستەی ڕدێن سپی و دەمڕاستی گوند بەتەکمەوە بوەستن،» گوتی. «گفتوگۆیەکی ئێکجار گرینگ دەکەم، لە سەروماڵ ڕزگاربوون دەدوێم. لە چارەسەر دەدوێم.»

دەستەی ڕدێن سپی و دەمڕاستی گوند، هەموو هاتن لە لای ڕاستی کوێخاوە ڕیزبوون. سەرلەبەری گوند، بەورد و درشتەوە، بەپیر و لاوەوە، هاتبوون، لە پێش دەرکە خڕ بووبوونەوە، بەڵام لە تەنیا کەسێکیان کەم بوو، ئەویش تاشباش ئۆغڵو بوو.

کوێخا لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئای کە چەند بێ نامووسە، بڕۆنێ، خۆی لە هیچ کارێکی گوند دەگەیێنێ. قسەیش ناکا. گوندی لە پیاوی کەمدوو دەپرینگێتەوە. تاشباش ئۆغڵو مرخی لە شوێنەکەمان خۆش کردووە. دیارە تەواو خۆی بۆ خڕهەڵداوە. کار وا بڕوا ئەم ساڵیش نەبێ، ساڵێکی دی کوێخایەتییەکەمان لە دەست دەکاتەوە. با بیکاتەوە، هەڵبەتە ئێمەیش خۆ هەروا دەسەپارچە دانانیشین، تەگبیرێ بۆ خۆمان دەکەین. ئێمە لە زۆر گێژاوی وا دەربازبووین، ڕۆڵە تاشباش، خەیاڵ نەکەی!»

گوندی بەبێ سەرییەوە چاوەڕێیان دەکرد. سرتە لە قەرەباڵغییەکەوە نەدەهات..

سەفەر، بیری کردەوە، نابێ گوندی بێزار کرێن، نابێ تەنگاو کرێن، کە سەبر و ئارامیان لەبەر بڕا ئیدی گوێ بەهیچ نادەن. دەستی بەقسان کرد، گوتی:

«ئەو فەلاکەتەی بەسەر گوندەکەمانەوە تەندوورە دەکا فەلاکەتێکی گەورە و گرانە. فەلاکەتی وا بەم جۆرە، ئەمە دووەم جارە بەسەرمان دێ. ئەوەی بەندەی

خوایە، هەرچی گوندییە، بەسەری نەیێ. ئەوی بیزانێ دەیزانێ، وە دەشیزانن، بیست و پێنج ساڵی خشت لەمەوپێش لۆکەی چقورئۆوا، سەرلەبەر سووتا. زۆریش سووتا. خاکی چقورئۆوا بێ و چڵێ گیای لێ نەڕوێ، هاتینە خوار بۆ چقورئۆوا، کاتێکی بەنێو کێڵگە و مەزرا کەوتین، چ ببینین، خاکێکی ڕەش ڕەشی مردوو، تەڵێ گیای گیائاسایی چییە، بەرچاو نەدەکەوت. ئەی هاوار هەی، جا چ بکەین، وەڵا ڕاست و پاک، بەدەستی بەتاڵ، هۆری هۆری دەست لە گونان درێژتر، گەڕاینەوە بۆ گوند.

عادیلەفەندی ئەو دەمانە زۆر گەنج بوو. گوندییش تا ناقرەیان بووبوون بەژێر قەرز و قۆڵەیەوە... گوندەکانی ئەولاتریش سەرلەبەر، تا سی گوند بگرە زێتریش، وەک ئێمەیان لێ بەسەرهاتبوو. کوتومت وەک ئەمڕۆکە، هاتین بۆ گوند، لێی کەوتین. ئەفەنم، لەپڕ، عادیلەفەندی بە دە جەندرمەوە هەڵی کوتایە سەر گوند. چەند پیاوێکی حوکومەتیش لێیان پرسین، هیچ قەرزی عادیلەفەندیتان بەسەرەوە هەیە؟ هەیە، گوتمان. پێ لە قەرز نەنان، واتە ددان بە خوادا نەنان، گوتمان. گوتمان، عادیلەفەندی دەستت بەسەر گوندەکەتاندا دەگرێ. هەرچیتان هەیە و نییە، دەیبا. گوتمان حەڵاڵی بێ، هەقی خۆیەتی. ڕەنگە زۆرتان لە بیرتان بێ، عادیلەفەندی هەرچی لە گوندی هەبوو، بردی. لە گەنم، لە جۆ، لە ئارد، لە ساوار، لە جووجەڵە و مریشک، لە کەڵەشێر، لە گاوگۆتاڵ، لە بزن و مەڕ، هەرچی هەبوو بردی، ئا، شتێکی تریشی کرد، دەرپێی ژنەکەی مچە کەچەڵیشی برد. گوتی، هەموو شتێ لە بیر دەکەن، دەرپێی ژن، دەرپێ بردنی ژنەکانیش لە بیر دەکەن. لەبەرئەوە ئیدی جارێکی دی، ببڕای ببڕای، بە لای قەرز نەدانەوەدا ناچن، ئەو ساڵە، بەهارێ، عادیلەفەندی بەئارەوانە، بەئەسپ و بارگین، بە چارەوێ ماڵی لە گوندڕا بۆ شار ڕاگوێزت. گوندەکانیش هێندەیان ماڵ و سامان تێدابوو، ئەوەند زۆر بوو، هەر ڕای دەگوێزت و لەبن نەدەهات. ئەوێ ساڵێ گوندی بەبرسێتی مانەوە. کەڕەی دار و درەختمان خوارد، دەغڵودانمان هەروا بەفەریکی ماشتەوە. ئەوێ ساڵێ زارۆک زۆر مردن. موستانە شێت خۆی لە تاو لە برسان مردنی هەر

سێ منداڵەکانی ڕانەگرت، چوو عادیلەفەندی بکوژێ. گوتمان، هیزە، موستان، چ دەکەی، بەسەر دەست و پێیدا کەوتین. تۆ ئەم کابرایە، بکوژی کێ بەقەرز شت بەگوندی دەدا، کێ بزگورێکی پێ دەفرۆشێ؟ عادیلەفەندی نەبێ، هەموو، وەک تازە لەدایکبوو، ڕووتوقووت دەمێنینەوە.

ئیتر ئەوەبوو، موسانە شێت، چابوو، عادیلەفەندیی نەکوشت. خوایش لە جێی هەر سێ جوانەمەرگەکەی سێ منداڵی دیکەی پێ بەخشی.

«جا ئێستا وا خەبەرتان دەدەمێ، بیستمەوە، عادیلەفەندی دیسان، دە جەندرمەی بەدووی خۆی خستەوە، دێ. گوایە هەرچی هەیە و نییە لە گوند دەیبا. خۆتان دەزانن، ئەم ساڵ ساڵەکەی ئەوەندە هات نەبوو. هەرچییەکمان هەیە بیبا، گوند زۆری خراپ بەسەردێ. جا دەمەوێ پرس و ڕایەکتان پێ بکەم. ناکرێ، نەهێڵین، عادیلەفەندی نەیێ بۆ گوند. هەر دێ، چار ناچارە، بڵێین و نەڵێین، دەمانخاتە سەر ساجی عەلی، پیر و ئیفتادە، ساواو زارۆکان هەموو لە برسان دەمرن. خۆشمان لە برسان بەهیلاک دەچین. شەرمەزاری و ئاوڕووچوونی گەورە، هەتایە هەتایە، لە شان نابێتەوە. جا بەرانبەر بەمە چ بکەین و چمان پێ دەکرێ؟ بۆیەم بانگ کردوون، ڕێ و شوێنێکم بۆ دەستنیشان کەن. دە بڵێن، دەی.»

لە پشتی پشتەوە ڕدێن سپییەک هەڵی داێ، گوتی:

«با گوند بەجێ بێڵین بۆی دەرچین. کە دێ، با گوند، بەچۆڵ و هۆڵی ببینێتەوە، با وا بزانێ هێشتا گوندی لە چقورئۆوا نەگەڕاونەتەوە.»

کوێخا ڕەگی ملی ئەستوور بوو:

«شتی وا چۆن دەبێ. بەم زستان و قیامەتە، گوند بەجێ بێڵین، بۆ کوێ بچین؟ چما عادیلەفەندی بەگەڕانەوەمان نازانێ، گوایە هێند گێلە، نازانێ، لە چقورئۆوا گەڕاوینەوە؟ کاتێکی دێ، گوند بەچۆڵ و هۆڵی دەبینێ، ورد و باریک ئاگر لە گوند بەرنادا چما؟ قسەکە بێ کەڵکە.»

«لە گوند بەجێ هێشتن و بۆ دەرچوون بەولاوە چارمان بەدەستەوە نەماوە.»

«دە فەرموو، منیش بەهەموو ئەقڵێکەوە، هومێدم بەوەبوو، ئێوە چارەیەک

بدۆزنەوە. پێم وابوو گوندیی خۆمان بەمێشک و بەئاوەزن. دەمادامێکی هیچ ئەقلێکتان بەکار نەهێنا، گوێ لە کوێخای خۆ بگرن، بزانن چ دەڵێم. وە هەرچییەکیشم گوت بیکەن. نەیکەن چ مەنسوولییەتێ وەستۆی خۆ ناگرم. بەهار، برسێتی، مەرگ و مەرگەساتی منداڵ و زارۆکانتان، مردنی نەخۆشانتان لە من مەزانن، لە ملی منی مەخەن. لە پاشان بەمن نەڵێن حاڵێ، تەورێ، یەک قسە لە کەس قەبووڵ ناکەم. ئەم ئەقڵەیش، داپیرە مرێمۆک، سبەینێ زوو لە دەرکەی دام، ئەو فێری کردم.»

خەڵکەکە هەموو تەماشای مرێمۆکیان کرد. مرێمۆک وەک خەوی پێدا کەوتبێ بەسەر دارعاساکەیدا داکەوتبوو. هە کە ناوی خۆی بەرگوێ کەوت و نەکەوت سەری هەڵبڕی، ئەوجا دارعاساکەی دوو سێ جار بەرکەوە، بەعاردیدا دا.

«وە داپیرە مرێمۆک داپیری هەرە بەئاوەز و ژیر، هەرە ئازا و بوێر، هەرە سەرڕاستی ئەو گوندەیە. پێی گوتم، کورە جوانەکەم، کورە کوێخاکەم، خوا تۆی وەک وەلییەک بەسەر سەری ئەو گوندییانەوە چەقاندووە. ئەم قسانەی دەیکەم، لە گوندییانی ڕاگەیێنە، گوتی. جا وا منیش، نووکە ڕاو دەگەیێنمێ.

مرێمۆک پەیتا پەیتا دارعاساکەی بەعاردیدا دەدا. پەلەقاژێ دەکا، بۆ خۆیشی نازانێ چ بکا، دەگەڕێتەوە، بەڵام بەڵێن و پەیمانی بەخۆی داوە، هەرگیز زاری لە زاری گوندی نەکەوێ، قسان ناکا. کوێخا بشمرێ هەر نایکا، دەزانێ قسان ناکا.

ئێستا دەچنەوە ماڵێ، خۆتان، گەنمتان، ئەسپتان، چارەوێتان، چێڵ و مانگاتان، گاوگۆتاڵتان، پێخەو و نوێنتان، ساوار و برۆێشتان، دەفر و ئامان و ئیربارتان، هەرچییەکتان لە ماڵێدا هەیە و بەکەڵک دێ، هەمووی، بشێرنەوە، لە کوێ دەشێرنەوە، لە کوێ؟ من چوزانم. هەر کەسە پەنایەک بۆ شمەک شێردنەوەی خۆی بدۆزێتەوە، منیش دەیدۆزمەوە. کاتێکی پیاوەکانی عادیلەفەندی، جەندرمەکانی دێن پووشکەیێ لە گوند نەدۆزنەوە ها، وا پێتان دەڵێم.

با ببینێ گوند چەند حاڵی پەرێشانە، پەرێشانانە، کاتێکی لە گوند دەچێتەدەر هەردوو چاوی بىن بەکاسەی خوێن. جا هەینێ کە لە گوند هیچیان وەگیر نەکەوت، ئەو دوای کارەکە بۆمن بەجێ بێڵن، باشە؟ تەواو؟ بڕیار؟ بەقسەم دەکەن؟

ژنەکان بەوسەر بەفر و بەستەڵەکەوە پێخواس بوون، هەر کە پێیان هەڵدێنایەوە بەفری تاین خرچەی دەکرد کڵاوقوچکەی ڕەنگاوڕەنگیان لە سەردا بوو. کراسەکانیان چڵکن و پڵکن و پیناوی بوون. پیاوەکان زۆریان بێ کورتەک و چاکەت بوون. شەرواڵەکانیان هەزار و یەک پینەیان پێوە بوو، بەسەر و پۆتەڵاکی شڕ و شپڕێو و دەموچاوی هەڵقرچاوی چرچولۆچەوە لەو گۆڕە وەستابوون. جووڵەیان نەدەکرد. هەمووشیان وەک چڵی دار باریک و بنێس بوون. هیشک و ڕەق بووبوونەوە.

کوێخا بێ ئەوەی جووڵە بکا ڕوانییە خەڵکەکە، گوتی:

«دراوسێینە ئیدی چتان دەوێ؟»

لە پشتەوە دیسان دەنگی کابرای پیرە هات، پرسی:

«ئەرێ هیچ چارەیێ نییە بۆ ئەوەی ئەم ساڵ عادیلەفەندی نەیە بۆ گوند؟»

عەشاماتەکە هورووژان، خرۆشان، بەجۆش هاتن، لە هەر کەللەیێ ئاوازێ، گوتیان:

«نییە؟»

کوێخا:

«لە من دەپرسن، نەخێر. من و بچم، پێی بڵێم ئەم ساڵمان لێ خۆش بە، ئەوە ناکەم. پێیشی بڵێم، نایکا. ئەم ساڵ گوندەکەمان بوو بەنموونەیێکی خراپ بۆ هەموو گوندەکانی تر. بڕۆن، بڕۆن، هیچ چار نییە، چیتان هەیە، چیتان نییە، بیشارنەوە. من وا لە ئێستاوە دەچم، ماڵ دەشارمەوە. یاڵا، وەخۆکەون، بچن شمەک بشارنەوە.»

کوێخا ئاوڕی پاشەوەی دا. مرێمۆک دارعاساکەی، کە پەیتا پەیتا بەعاردیدا دەکوتا، لە دوویەوە تووڕهەڵدا، دارعاسا چوو. لەوێ کەوت.

٧

نێو گوند، سەرانسەر، خۆشی خۆشیی تێ کەوت. هەموو کەسێ پێ دەکەنی، گەمە و گاڵتەیان دەکرد. ئەو خەڵکەی تا دوێنێ بوو، زاریان بەکێردیش نەدەکرایەوە و پێکەنینیان لە بیر چووبووەوە، هەموو زاریان کرابووەوە. ئەم فێڵە لەوەتی عادیلەفەندی، عادیلەفەندی بوو، فێڵی وا جوان و بەئاووتاوی لێ نەکرابوو.

لە دڵی خۆیاندا دەیانگوت، دەنگ مەکە، تا ئێستا فێڵی وا لە کەس نەکراوە. هەر بەتامی ئەم فێڵ لە عادیلەفەندی کردنەوە، هەر کەسە بەرەو ماڵە خۆی دای کێشا. هەر کەسە چی هەبوو، چی نەبوو، لە داوە دەزووێکەوە بگرە تا سەرە دەرزییەک، سەرلەبەریان دەشێردەوە. کەوتبوونە خۆشی خۆشی و تام و لەزەتی فێڵێکەوە، بیانگوتبا سەرتۆپی گوند، بە خانومانییەوە، دارودەستەکییەوە، بەهەرچییەکەوەی هەیە و نییە وەشێرن، دەیانشێردەوە و هەر ئەوەندە ڕێگەکەیان دۆزیبایەوە، گوندەکەیان سەرپاک لە بەرچاو ون دەکرد. ئەوی ڕووی لە گوندیش کردبا دەیڕوانی، نە گوند لە گۆڕێ ماوە و نە هیچ. پارچە پێدەشتێکی وشک و برنگ و تەخت و نەورایی و ساف لە سافی بەبن بەفر کەوتوو و چیی دی.

مرێمۆک بەهەڵەداوان بەرەو ماڵ بووەوە، قەدەرێ لە ناوەندی ماڵێ ڕەقوڕەپ ڕاوەستا، بیری کردەوە. چی هەبوو بیشارێتەوە، چی نەبوو، دەبوو لە کوێی بشارێتەوە، لە کوێی نەشارێتەوە، ئەوی بەندەی خوایە ڕێی پێ نەبا و قەتی نەدۆزێتەوە؟

لە پێش سندووقێکی دارگوێزی، کرمێی، ڕێ ڕێبووی، شەقوشڕی، تەمەن لە هەفتا ساڵ بەرەژووردا هەڵترووشکا. سندووقەکەی کردەوە. هەرچییەکی تێدابوو، لە کۆشی ڕۆکرد. لەودەمەدا، ئۆزون عەلی و ژنەکەی و منداڵەکانیشی هاتنە ژوورێ.

ئۆزون عەلی کە مرێمۆکی بەو جۆرە دیت، گوتی:

«دایە ئەوە خەریکی چیت؟ چ دەکەی لەوێ؟»

مرێمۆک بەرکەوەی ئاوڕدایەوە، نیگایەکی وەغەزەوانەی هاویشتێ.

عەلی:

«دایە مەترسە، متوموورووبی تۆ نابا. ئەوانی ئەو دەیانبا جرۆجەواڵ و پێخەو و نوێنەکانن، لاور و ئاژەڵەکانن، دەفر و ئامانەکانن. توخنی شمەکی تۆ ناکەوێ. لە سندووقەکانیان باوێوە و دایخەوە.»

مرێمۆک دیسان ئاوڕێکی لێ دایەوە، هەر بەو ڕک و غەزەوەوە سەیرێکی کردەوە.

شتی هەرە بە بەهای نێو سندووقەکە گوستیلکێکی زیوی بەنەخش و نیگار بوو، کە برایمی مێردی و خەلیلە پیر لە چەرکەزیان دزیبوو. نووسینی لەسەر هەڵکەندرابوو. فەرمایشتی پێغەمبەریان لەسەر هەڵکەندبوو. ماڵی دزێتییش بێ هەر پیرۆز بوو. هەر کەسێ ئەو ئەنگوستیلەیەی لە ماڵە خۆ دانابا خێروبێری دنیای بەسەردا دەباری. ئا ئاوها بوو. جا وەرە گوستیلک زێویش بێ، عادیل چۆنی نابا؟ دەیبا، دەیبا و چاویشی سپی دەکا، دەبێ وەیشێرم. لووتەوانە زێوەکەی لووتیشی لە داپیریەوە بۆ مابووەوە. لە داپیرە بۆ مانەوەکەشی ئەوەندە ڕاست بوو، ئاوی لێڵ نەدەکرد. عادیل لووتەوانەیەکی وای نەدەبرد؟ لووتەوانەیەکی وای لە بەها نەهاتوو. چما عادیل بێ ئاوەزە؟

دوو دانە کرێب، یەکیان ترنجی و ئەوی دیکەیان کەسکێکی قەنەوزی. لە بووکەکانی عادیلەفەندی نەدەهاتن؟ بۆچی نەیانبا؟ عادیلەفەندی هێند بێ ئاوەز با، هێند دەوڵەمەند نەدەبوو.

ئەم ملوانکە مووروووە داخوا لە کەنگێوەی بۆ مابووەوە. لە نێو دەستیت نابا وەک ئاوی ڕەوان، بە بریق و هۆڕ، چۆڕ چۆڕ دەچۆڕا. خوا دەزانێ، عادیلەفەندی هەر چاوی وێ کەوێ و وێ نەکەوێ، یەکسەر شێت دەبێ. گوایە بۆچی نەیبا، ئەدی وەنییە؟ تۆ بڵێی هێند بێ ئەقڵ و بێ ئاوەز بێ...

سێ تاکە بازنی شووشە. یەکیان زەرد، بەڵام چۆن زەردییەک! زەردیی زێڕی ڕووت و پەتی، یەکیان سەوزی قەنەوزی، یەکیشیان سوورێکی ئاڵ ئاڵ.

عادیلەفەندی ئەمانە بۆچی نەبا؟ بۆ نەیانبا، لە دەست و مەچەکی کیژەکانی نەکا؟ لەم بازنە شووشانە جوانتری لە کوێ وەگیر دەکەوێ؟

کراسێکی هاودامانی سەروبەندی بووکێنیی هەبوو، لەمێژ بوو مابووەوە. ڕەنگە هەر یەک دوو جاری لەبەر کردبوو یان نەکردبوو. عادیل ئەم کراسەیش بۆچی نەبا، لەبەر ژنەکەی نەکا؟

دەرزیدانێکیشی هەبوو، لە داری کاژ هەڵکەندرابوو، بەنەخش و نیگار بوو، سێ دانە دەرزیی تێدابوو. تۆ بڵێی ئەمەیش و دەرزیش بەکاری ژنەکەی و کیژەکانی نەیە؟ ئای ئوزونجە عەلیی بێ ئاوەز!

چەند پارچەیێ خامی ڕەنگاوڕەنگ، یازمەیێ، سەرپۆشێکی سپیی شڕی لە سندووقە بۆر دەرێنا. پێنج کووژەکەی شینی بەداوێکەوە کراویش. سندووقەکە بۆنی کرۆسکی کزری لێ دەهات.

بە سڵەوە لە دەوروبەری خۆی ڕوانی، ئەوجا دەستی قایم بۆ گۆشەیێکی نێو سندووقەکە درێژ کرد. شتێکی بەچاوی شەمێ کراوەوە، توندوتۆڵ پێچراوی پانی هێندەی چوار پەنجەی دەرێنا، خێرا لە نێو مەمکانی ئاخنی و شاردییەوە. ئوزون عەلی و ژنەکەی فەرقیان بەم دەستوبردە نەکرد. ئەم پارچە بەچاوی شەمێ کراو، توندوتۆڵ پێچراوە، کە لە نووشتە دەچوو، دە لیرە پارەی کفن و دفنی مرێمۆک تێدابوو.

دەرکەی سندووقەکەی داخستەوە، وردەواڵەکانی کۆشی هێنایە بەر دەرکە. هەرلەوێ بەرهەڵبێنێکی جاوی گەورەی ڕاخست. چارۆکەکە زۆر کۆن بوو. وردەومووردەکانی لە بەرهەڵێنەکە کرد. بەخرێنە موو توند توندی پێچا و شەتەکی دا. وردە و مووردەی تاین بەخرێنە موو بوو بەگڵۆڵەیێ. جا ئێستا چیی لەمە دەکرد؟ دەبوا ئەم گڵۆڵەیەی لە کوێ دانابا؟ لە پێشان لەلای دوو کێشەکەوە دانانی، بەدوو کێشەکەوە هەلاواسینی بەدڵدا هات. لە پاشان، دەدیترێ، گوتی. دەدیترێش و دەشیبەن و دەڕۆن.

بەدووردرێژی بیری کردەوە. ماڵەکەی، قەدەرێکی دووردرێژ، بە چاو بێژت. هیچ کوێی نەدۆزییەوە دوایی، تەق ها، بەبیری هاتەوە. ئەوەتا، وا بە

بەرچاویەوە دیارە. عەلی پارچە تەنەکەیەکی بەژێر هێلانە پەڕەسێلکەیەکەوە هەڵاواسیبوو، ڕیقنە و میقنە نەکەوێتە خوارێ نێو ماڵەکە پیس بکا. گلۆڵەکەی لەوێ شاردبایەوە کەس نەیدەبینی. ڕاستە نەیدەبینی، بەڵام دەستی نەدەگەیشتێ. جا کێ دەستی بەو ساپیتەیە دەگەیشت، تۆ بڵێ ئوزون عەلی بوو. جا ئەمەی چۆن لە ئوزون عەلی ویستبا؟ ها لە کەنگێوە بوو، تاکە قسەیەکی نە لەگەڵ ئوزون عەلی، نە لەگەڵ کەسی دی نەکردبوو. چیشی لە کەسێ نەویستبوو. بەڵام ئێستا ناچاربوو. شتێکیش نەبوو دە ژێر پێی نێ. کۆتەرەیێ لەوێدا بوو، بەڵام نەیدەتوانی بیبزوێنێ.

گلۆڵەکەی لە کۆشدابوو، چاوی بڕیبووە ئۆزون عەلی و هەروا سەیری دەکرد. عەلی خەریک بوو، گۆشەی لای ئاگردانەکەی هەڵدەکۆڵی. ئەلیف و منداڵەکانیش یارییان دەدا. بە تەما بوون ئارد و ساوارەکەی لێ دابنێن. عەلی ئاگای لە مرێمۆک نەبوو، چاوی بڕیبوویێ و بەداماوییەوە سەیری دەکرد.

مرێمۆک هێند شپرزە بوو، دەتگوت هەر ئێستا دێن، داراییەکەی سەرلەبەر لێ دەستێنن. بەرەبەرەیش بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ لە عەلی کە خەریکی قازمە وەشاندن بوو لە گۆشەیەکەوە، نزیک دەکەوتەوە. هات هات، تا گەیشتە بەر لووتی عەلی. عەلی قازمەکەی ڕاوەشاندبا لایەکی دادەپاچی.

کە چاوی بە مرێمۆک کەوت لە ژێر قازمەکەدا، هاواری کرد:

«دایە!» گوتی. «چۆن ئینسان ئاوها دەچێتە ژێر قازمەوە؟ خۆ هێندەی نەمابوو قازمەکەت بەرکەوێ.»

مرێمۆک هەروەک هیچ نەبووبێ، یەک دوو هەنگاو کشایە پاشەوە. سەیرێکی کوڕەکەی کرد، سەیرێکی ئەوەی کۆشیشی کرد. لە پاشان جارێکی تر، چەند جارێکی تریش. عەلی نەیزانی مەبەستی چ بوو بیڵێ.

لە پاشان هەموو خۆ بەزلزانینێکی لەبن پێ نا، چوو قۆڵی کوڕەکەی گرت، بردی لەبن هێلانە پەڕەسێلکەکەی ڕاگرت، بەدیاردیی، دەست تێی گەیاند ئەوەی بەدەستیەوەیە، بۆی لە هێلانەکە وەشێرێ.

عەلی بەبزەیەکەوە ئەوەی دەستی لێ وەرگرت، لە نێوان ساپیتەی ماڵەکە و

تەنەکەکەدا جێی بۆ کردەوە و دایمەزراند.

ئەوجا پرسی:

«چاکە دایە، خۆ دیار نییە، چاکە؟»

سەری بێ سامان بۆچی چاکە؟ مریەمۆک یەکەم جاربوو دەبەزی، داوای شتێکی لە کوڕەکەی دەکرد. تروسکەی بزەیەکی دەدیترا و نەدەدیترا بەڕەنگ و ڕوودا گەڕا. چوو لە قوژبنێکیماڵەکەوە خۆی داکەند. بەو دەرزی و دەزووەی لە پێشان حازری کردبوون پارە بەجاوی شەمێکراو پێچراوەکەی لەبن هەنگڵی دروو و خێرا خۆی لەبەر کردەوە.

عەلی ئاردەکە و ساوارەکە و هیزە رۆنەکە و دەفر و ئامانەکانی لەو چاڵەی لە قوژبنی لای ئاگردانەکەوەی هەڵکەندبوو شاردەوە و بەچڵ و چێو داپۆشین، بەڕە مووەکەیشی بەسەریاندا دا. ئەوجا لەسەر بەڕە مووەکەوە، چینێ چڵوچێوی دیکەشی دانا. لەسەر ئەویشەوە بەخۆڵ دایان پۆشین. ئەلیف جوان و زەریف سواغیشی دا. ئینجا، بۆ ئەوەی سواغەکە زوو هیشک بێتەوە، ئاگریان لەسەر کردەوە.

ئەوجارە کە نۆرەی دانەوێڵەی نێو عەمبارەکە هات. عەلی بیری کردەوە، قەدەرێ ڕاما دەبوو چ بکا؟ بەندە تا تووشی تەنگانە نەیێ خدری زیندەی بۆ نارەخسێ. یەکسەر بەبیریدا هات، دەبوا چاڵێکی لە ناوەندی عەمبارێ لێ دابا و دەغڵ و دانەکەیشی لەوێ شاردبایەوە.

هەر هێندەی چاو هەڵێنی دەغڵ و دانیان سەرلەبەر لە عەمبارێ ڕاگوێزتە دەرێ. لەم کاری ڕاگوێزتنەدا مریەمۆکیش بەشی خۆی یارییەدان. عەلی تا دەمەدەمی نیوەڕوانێ، چاڵێکی قووڵی لە ناوەندی عەمبارەکە هەڵکەند. هەژگ و چڵوچێوێکی چاکی لەبن چاڵەکە ڕاخست، ئەوجا کای پێوە کرد. بن چاڵەکەی بەکایەکی ئەستوور داپۆشی. دەغڵودانیان بەجەواڵ ڕاگوێزتە نێو چاڵەکەوە. ڕیز ڕیز وێنجە و کایان بەچوار دەوریدا هەڵچنی. نوێن و پێخەو و جڕ و جەواڵە جیازییەکان جاخ و توورەکە و هەرچییەکیان هەبوو و نەبوو تێ پەستاوت. ئەویشیان بەوێنجە سەروبەر گرت و سواغیان دا.

سەبەتە و سندووق و مندووقی ناوماڵەکە بەتاڵ و حەتاڵ بوون.

لە دەرەوە، لە پشت دەرکەی، بەتیەیەکی مەیلەوسەوز، کە لە یەکبینە ئاوی دەدەلاند و دەورییەکی مسی گەورە و قازانێکی ڕەش و دوو کەوچکی دار و کودییەکی ئاو خواردنەوە و بەشی دوو جەمە پلاو، ساواری لەسەر پارچە جاوێ و لاگوێلێ خۆی و گلێمێکی ئێکجار کۆن مابوونەوە.

دە با بێ، ئەگەر لە بردنیان بێ، با بیانبا عادیلەفەندی!

جا ئێستا دەبوو ئاژەڵەکە وەشێرن. ئەسڵی کارەکە لێرەدا بوو. عەلی بەتەنیا ئەم کارەی بۆ هەڵنەدەسووڕا. دەبوو لەگەڵ هەموو گوندیاندای یەک چاو کردبایەوە.

بەئەلیفی گوت:

«بۆ ئاژەڵەکان دەبێ لەگەڵ گوندییان قسان بکەم. ئێستا دێمەوە.» چووە دەرێ، ڕۆیشت.

ئەسڵی هەڵپە و تەقەلا، هەڵپەو تەقەلای حەسەن بوو، ئێکجار ئەو شپرزە بووبوو. شقارتەکانی لە درزی دیوارەکەدا شاردبووەوە، هەروایان کردبا دەیاندۆزییەوە. خێرا ڕای کرد، بەرانبەر درزەکە گلۆڵە بوو، شقارتەکانی دەرێنا، لە کۆشی کردن و چووە دەرێ. بەفر وردە وردە پرووشەی دەکرد.

حەسەن شڵەژابوو جێی بەخۆ نەدەگرت. لە جێیەک دەگەڕا شوێن متمانە بێ، شقارتەکانی لێ بشارێتەوە. بەنێو ماڵەکەدا یەک دوو جار ئەمسەر و ئەوسەری کرد، جێگەیەکی وای نەدۆزییەوە جێی دڵنیایی بێ. ئاخ، داپیرە مرێمۆک هێند کەڵەکباز نەبوایە! شمەکەکانی لە کێندەر شاردبووەوە؟ لە جێیەکی شاردبوونەوە کەس ڕێی پێ نەدەبرد، بەئەقڵی کەسدا نەدەهات. دەبوو ئەویش شقارتەکانی لە شوێنێکی وادا شاردبانەوە، کەس ڕێی پێ نەبردبان، ئا لەو شوێنەدای تەقەت کردبان. دەستی بەسەر شقارتەکانی نێو بەرکیەوە بوو. بایی سەت ساڵی ئاگرکردنەوە پێ بوو. سەرانسەری گوند گەڕابای هێندەت شقارتە لێ وەچەنگ نەدەکەوت.

هەر وەخت بوو زراوی بچێ. ئەگەر شقارتەکانی لە جێگەیەکی خراپ

دەشاردنەوە و لە پاشان نەیدەدۆزینەوە، لە تاوان دەمرد. شێت و هار دەبوو. خۆ شوێنێکی دوورەدەست. جێگە زۆر بوو لێی شاردبانەوە، بەڵام بەکەڵکی چ دەهات؟ پیاو سەروەت و سامانی، هەمیشە لە پێش چاوی خۆی نەبێ بەکەڵکی چ دێ؟

ئەویش وەک داپیرە مریەمۆکی، هەر وەخت بوو لە بێ ئارامییان تۆپیبا. پێی وابوو هەر ئێستا دێن، شقارتەکانی لە دەست دەستێنن و دەیانبەن. لە تاوان ئارەقەی کردبووەوە. هێند تەنگەتاو بوو، لە تاریف نەدەهات.

بەنێو گونددا دەخولایەوە. گوند وەک شارە مێشەنگ لە گەڕدا بوو. هەر کەسە خەریکی ئەوەبوو پەنایێ، پەسێوێکی چەپەک و کەس پێ نەزان و جێ متمانەی بەدەست کەوێ شمەکی هەرە بە بەهای خۆی لێ دابنێ کا. سەروقژی بەفر داپۆشیبوو. ناچار، هات، لەبەر ئەو بەفرە، لە پەنا دیوارێ ملی لارکردەوە، ڕاوەستا. ئەی نەدەکرا شقارتەکانی هەروا لە بەرکیدا مابانەوە؟ ئەو دەستەی لە سەری دانابوون، بەئامان و زامان لای نەدەبرد. ئەی شەوێ چ دەقەوما؟ ئەدی ئەگەر دایکی دیتی، گوتی، حەسەن، ڕۆڵەکە، ئەو هەڵمساوییەی نێو بەرکت چییە؟ چیی دەگوت؟

ئەو شقارتانە دەبێ چی لێ بکرێن؟ شقارتەی تاین لە بەرکیدا بووبوو بەیەک پارچە گڕی ئاگر و سەرتاپای هەڵدەپڕووکاند. ئەی چۆن بە یەکێکی بڵێ؟ کەسی وای شک نەدەبرد لە گوند ئەم ڕازە گەورەیەی لەلای بدرکێنێ. ئەی ئومەخان؟ ئومەخانیش نییە؟ خۆ ئەو بەمە دەزانێ.

دەستی لە سەرما مۆر هەڵگەڕابوو.

جا ئومەخان هی ئەوەیە متمانەی پێ بکرێ؟ لە لای ئومەخان درکاندنی و سەربەیەکدا کردن و بیر لێکردنەوەی بەولاوە هیچ چارێکی تری نەبوو.

چووە ژوورێ، ناو ژوورەکە تاریک و ڕوون بوو. ئاگردانەکە سووکە ئاگرێکی بەتوێژەمشکیی تێدابوو. ئومەخانیش لەبەر ئاگردانەکە هەڵکورمابوو، سەری بە بەرسینگیدا شۆڕ بووبووەوە، وەک وێژینگ بدا، بیری دەکردەوە. حەسەن بەئەسپایییەکەوە لێی نزیک کەوتەوە، بەر شانی کەوت:

«نەختێ وەرە دەرەوە باجی گیان،» گوتی. دەنگی، پاڕانەوە و نائومێدییەکی تێدابوو.

وەدەرکەوتن. کە قەدەرێ لە ماڵ دوورکەوتنەوە حەسەن ڕاوەستا، دەستی ئومەخانی گرت، بەجاوەجاوێکەوە:

«باجی گیان شتێکت پێ دەڵێم،» گوتی. ئەم ڕازە گەورە درکاندنەی پێ زۆر لە شان گران بوو. «تۆ باجیی خۆمی. لەم دنیایەدا لە تۆ بەولاوە کەس شک نابەم. ئێمە کەسمان نییە، وانییە؟»

دیاربوو ئومەخان لەم حالاّتەی حەسەن دەترسا. ئەم حاڵەتەی تەواو ترساندی.

«شتێکت پێ دەڵێم.»

دەنگی بە جەزمتر کرد. ئومەخان دەشیزانی چ دەڵێ و بەبێ ئارامییەوە چاوەڕێشی دەکرد.

«ئەمە لەلای کەس بدرکێنی، دەتکوژم ها! قیمە قیمەشت دەکەم.»

ئومەخان لە توندوتیژیی ئەو قسانە ڕاچەنی. لە سەرەخۆ:

«نایڵێم،» گوتی. «لەلای کەس زارم ناکەمەوە. چما تۆ نازانی من چەند دەمی خۆم دەگرم و سرِ قایمم؟»

حەسەن:

«دەزانم،» گوتی، بەمتمانەوە لێی نزیک کەوتەوە. بەچرپەوە! «ئەم شقارتانە لە کوێ بشارینەوە؟ گەڕام، گەڕام. لە گوند شوێنێکم وەچەنگ نەکەوت تێدا بیانشارمەوە. عادیلەفەندی بیانبینێ یەکسەر دەیانبا. دایکم و باوکم بیانبینن... گوندی بیانبینن ڕایان دەفڕێنن.»

ئومەخانیش بە پەنا گوێیدا لار بووەوە:

«ڕایان دەفڕێنن،» گوتی. «لە کوێیان دەتوانین وەشێرین؟»

هەر لەوێندەر، لەسەر زگ لێی ڕاکشان. بەفر کڵوو کڵوو دەهاتە خوار. قەدەرێ تەماشای شقارتەکانیان کرد. لە پاشان ئومەخان سەری هەڵبڕی.

چاوی سڵ بوو. دوایی زەردەی هاتێ.

«دیتمەوە،» گوتی. بەلای چەپدا ئاوڕی دایەوە: «ئەرێ!» دیاردی بۆ چنارەکەی پاین حەوشە دەکرد. «قەڵشەکەی بەبیری کەسدا نایە.»

حەسەن کڕبوو، چاوی لە چنارەکە بڕیبوو، خەیاڵ دەیبردەوە. پاشان پرسی:

«تۆ بڵێی بەبیری کەسدا نەیە؟»

ئومەخان دووپاتی کردەوە:

حەسەن هەڵستایە سەر پێیان:

«تۆ لێرە بوەستە. با من بچم سەیرێکی دارەکە بکەم. هەرچی تاماشای کردم، خێرا پێم بڵێ.»

بەپارێز و هەنگاوی سڵۆکانەوە بەرەو دارەکە چوو. چەند جارێ بەچواردەوری دارەکەدا جوولایەوە. پاشانەکونێ بەهەڕاکردن گەڕایەوە بۆ لای ئومەخان.

ئومەخان بەشایی بەخۆبوونەوە:

«من بەو کونەم دەزانی بۆیەم پێ گوتی.»

حەسەن ئەم شایی بەخۆبوونەی لەبەر گران بوو:

«منیش دەمزانی، بەڵام دڵنیا نەبووم. دارەکە هەمیشە لە بەرچاوە.»

ئومەخان:

«جا ئەو چاتر لە بەرچاوە، بەبیری کەسدا نایە ئێمە شقارتەمان لەوێ شاردبێتەوە.» گوتی. چاوی بەفێڵبازییەکەوە بریسکایەوە.

حەسەن:

«با ئێستا توخنی دارەکە نەکەوین، با کەس سۆسەمان نەکا.»

ئومەخان:

«بەڕۆژیش چاوێریی دارەکە دەکەین، نەکو کەسێکی توخن کەوێ. هەر کەسێ توخنی کەوت دسبەجێ شقارتەی خۆمان دەردێنین، بۆی دەردەچین.»

دوو منداڵ بەهەراسانی و نائارامییەوە خزابوونە بن دەستی یەکەوە، جار

جار پێ دەکەنین و جار جار دەکەوتنە دەریای بیرکردنەوەوە، تاوێ ترسیان لێ دەنیشت، دەمێ دڵخۆش، کاوێ نیگەران، تاریکانیان چاوەڕوان دەکرد. نیشتبوونە ناو تام و لەزەت و ئاگری ئەو سرە گەورەیە کە تێیدا هاوبەش بوون.

ئۆزون عەلیش پاش چەند سەعاتێ گەڕایەوە بۆ ماڵ. بە ژنەکەی گوت!

«شوێنی لاور و پەزیشمان دۆزییەوە. دەیانبەین بۆ ئەشکەوتی پەرییان. ئەشکەوتی پەرییان سەرلەبەری ماڵ و سامانی گوند دەگرێ و بەزیادیشەوە. بە گاوە، بە ئەسپەوە، هەموویان بۆ ئەوێ ڕادەگوێزین. هەر ڕۆژە پێنج زەلام بەنۆرە دەچین چاوێری لاور و پەز و وڵسات دەکەین.»

ئەلیف:

«ئەی مانگاکان چۆن دەدۆشین؟»

عەلی:

«ئەوی لە مانگا دۆشین بێ دەیدۆشێ، پەکی بەهیچ ناکەوێ. بیرمان لەوەیش کردووەتەوە. یاڵڵا ماڵات دەرەوە!»

خەریک بوو تاریک دادەهات. گوند وەک سرتەی لێوە نەیە، وابوو. بەڵام ئەم بێ سرتەییە شادییەکی فێڵاویی لە بندا بوو. ئەو ئۆیینەی لە عادیلەفەندییان کردبوو حەکایەتەکەی دەماودەم و ماڵ بەماڵ دەگەڕا.

لە ئینسان و پشیلە و سەگ بەولاوە گیانلەبەر مانا لە گوند نەمابوو. نە بزن، نە گا، نە مانگا، نە ئەسپ، نە مریشک، نە کەڵەشێر... خان و مانیش چۆڵ و هۆڵ بوون. جڕوجەواڵ نە ئاردێ، نە ساوارێ، نە بروێشێکی تێدا نەبوو. هیزەی هیزە ئاسایی چەوری مانا چییە بۆ هەسان چەورکردنی، تێدا نەمابوو. دەفر و ئامان و قاپوقاجاخ نەمابوون. گوندی وا دەسکورت و ڕووتوڕەجاڵ لەوەتی دنیا دنیابوو نەدیترابوو.

جلوبەرگی گوندی شڕوپڕ بوون. پێیان پەتی بوو، بەڵام تا ئێستا، بگرە لە ساڵانی گرانی و قاتوقڕیشدا هیچ کەسێکیان جلوبەرگی وا شڕوشپڕێو نەبووبوو، سەری هەر داوێکیت ڕاکشابا سەد پینە لە بەریەک هەڵدەوەشایەوە.

منداڵ، گەورە، سەرلەبەر ڕووتوقووت و پێخواس بوون.

لە گوند، تەنیا دوو کەس جلوبەرگیان نەگۆڕیبوو، کوێخا سەفەر و تاشباش ئۆغلۆ. کوێخا سەفەر ڕانکەکەی و چاکەتە شینە ماڵی قاچاخەکەی لە بەر کردبوو، چەکمەکەی، بەپێچەوانەی هەموو جارێکەوە، لە پێ هەڵکێشابوو. زنجیرە زێوەکەی سەعاتەکەی بەسەر سینگیدا بەردابووەوە.

تاشباش ئۆغلۆیش جاران چی لەبەر دەکرد هەر ئەو بەرگەی لە بەردابوو. ماڵەکەیشی جاران چۆن بوو، هەر بەو جۆرە بوو. هیچی نەشاردبووەوە. ئاژەڵەکانیشی بۆ ئەشکەوتەکە ڕانەگوێزتبوو. ئا ئەمە بوو گوندیی شێتگیر کردبوو. کوێخایش لە یەکبینە خەڵکەکەی لێ هان دەدا. ئەمێستاکە لە ماڵ دەرکەوتبا، کەس ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، سەیری چارەی نەدەکرد. نەک هەر سەیری چارەیان نەدەکرد، بگرە بەڵایەکیشیان بەسەر دەهێنا و خراپەشیان لەگەڵ دەکرد.

گوندی دەیانگوت:

«جا ئێمەیش ناکەینە نامەردی، یەکڕاست بە عادیلەفەندی دەڵێین ملیۆنێری گوند ئەمانەن. ئەم تاشباش ئۆغلۆەی دەیبینن. ملیۆنێری ئەم دێهاتی پشت تۆرۆسەیە. نەملیزادەی خێوی چل بارە هێستر زێڕ لە ئەنەدۆڵ چۆنە، ئەم تاشباش ئۆغلۆەیش لێرە وایە. ڕاستت دەوێ ئەمە نەملیزادی ئەم وڵاتەیە» دەیانگوت. «دەڵێن لەوەتی کوێخا کوێخایە چما بزگورێکی هەیە. بمرێ تاشباش ئۆغلۆ. نوقم و نوغرۆ بێ، نوقم بێ و بچێتە بن زەوییەوە. ئەو هەمیشە هەر لاڕێ دەگرێ.»

ئەوەی هاتبێتە ئەم گوندە و سەری بەهەر ماڵێکدا کردبێ، تێک نەچووبێ و یەکسەر چاوی نەبووبێ بەکاسەی... بەڵێ قەت نەبووە. مەگەر ئەو کەسە دڵی بەرد بووبێ.

کوێخا ماڵ بەماڵ بەنێو گونددا دەگەڕا، دەیگوت:

«ئافەرم، ئافەرم، هەزار ئافەرم. گوندێ هێند سڕقایم بێ، تا ڕۆژی قیامەت هەرگیز پشتی بەزەوی ناکەوێ. کوێخایەتیی گوندێکی وا لە والیتیی بەهەشت

چێتره. باشه ئەم هەموو ماڵ و سامانە. ئەم هەموو دەفر و ئامانە، ئەم هەموو پێخەو و نوێنە، ئەم هەموو گەنم و جۆیەتان چی لێ کرد، با بردنی، ئاو ڕای ماڵین؟ چۆنتان بۆ کرا؟ ئافەرم، ڕۆحم، دەک بتانرەژم. ئافەرم گوندییەکانم. وەی سەد ئافەرم. دەبا عادیلەفەندی بێ، بلێ چەند هەژار و داماون، چش لە قەرزەکانم. بەخشیمن. ئەم ساڵ بەقوربانی چاوی ئێوە بێ. بڕۆن مەیدەنەوە، ساڵێکی تریش مەیدەنەوە. بۆ ساڵی پاشترێیش خوا کەریمە. پیاوێ ئینسانەتییەکی وای لە دڵ و دەروونیدا بێ، چاوی بەحاڵێکی وەهای ئەم گوندە کەوێ، لەمە زێتر ناڵێ و لەمە پتر بیر ناکاتەوە.»

پێ دەکەنی. گوندییش تێکڕا، لە گەڵەوی لە گێژەنگی دڵشادییەکدا دەخولانەوە.

«بەڵێ، عادیلەفەندی و چاوی بەم حاڵە بکەوێ. بەڵێ چاوی بەم حاڵە، ئا ئا، بەم حاڵە بکەوێ. هەنگێ دەڵێ چتان دەوێ، لە منی داوا بکەن، لە منتان بوێ. چتان دەوێ بە تەقسیت دەتاندەمێ. خۆ ئێوە وەنەبێ لە بێ ناموسیتان بێ، لەتاو دەسکورتی و هەژاری قەرزتان پێ نادرێتەوە. شارنشین نەختۆکەیەک ئەحمەق دەبن. ئەو چوزانێ ئێمە وارویۆخی گوندمان شاردووەتەوە و بەم جۆرەمان ساف لە ساف کردووە؟ هەر بەلاقولینچکی ئەقڵیشیدا نایە. عادیلەفەندی، ئەمڕۆ نەبێ، سبەینێ هەڵدەزۆپێ، ئامادەبن بۆ ئەو دەمە. جا هەنگێ تا دەتوانن بەعادیلەفەندی پێ بکەنن. پێ بکەنن، تۆڵەی خۆتانی لێ بستێننەوە. ئێوە کوێخایەکی ئاواواتان هەیە.»

ئەو شەوە لە هەموو ماڵێ بوو بەشایی لۆغان. ئاشقەکەچەڵ لە ماڵی کوێخا شاخ و باڵی لە حەیران و لاوکە هەرە بەسۆز و سەربەبەڵاکانی دەڕواند و دەیفڕاندن. مستەفا زەرد تەنەکەیەکی کردبوو بەدەهۆڵ، دەیکوتا، هەرچی زوڕناکەیش بوو دوردومان دەیژەند. لاو و جحێڵیش هەڵدەپەڕین.

تەنانەت مریەمۆکی باوان شێواوی خەم و خەفەتباریش هەر ئەوەبوو هەڵنەستێ لەسەر هەوای دودگەکەی عەلیی کوڕی دەست بەسەما و سووڕدان نەکا. هەر وەخت بوو زاری هەڵێنێ، یەکسەر لەگەڵ عەلی کوڕی و سەرلەبەری

گوندییان ئاشت بێتەوە و بەقسان کەوێ. هێندەی نەمابوو بڵێ: «لێتان خۆش بووم. بنیـــادەم هـەر چەند خـــراپ بێ، هەر چەند زۆردار بێ، بەڵام لایەکی چاکەی هەر تێدا دەمێنێ.» لە دڵی خۆیدا دەیگوت: «ئەم خەلیلە پیرە، ئەم کەساسە، داخوا بەم بەفر و قیامەتە بۆ کوێ چووبێ؟ خۆزی دۆزیبایانەوە، هەژارە.» حەسەنیش کەوتبووە ناو شادی و خۆشیی گوندەوە، یاریی دەکرد، پێ دەکەنی، بەڵام بیرێکیشی هەر لای ئەو شقارتانەی بوو کە لە پەڕۆیەکیانەوە پێچابوون و لە ناو قەڵشی دارەکەی لەو تاریکییەدا شاردبوونیەوە. ناو بەناوێکیش خۆی لە قەرەباڵغییەکە دەدزییەوە، دەچووە دەرێ، بەگوێ هەڵخستنەوە دەهاتە لای دارەکە. بەترس و لەرزێکەوە دەستی بۆ نێو قەڵشەکە درێژ دەکرد، تەماشای دەکرد شقارتەکان لە جێگەی خۆیانن، ئەوجا یەکڕاست بەهەڕاکردن دەگەڕایەوە بۆ نێو زەماوەندەکە و سەرلەنوێ بەهەموو گوڕێکیەوە لە کەیف و شادمانی قەرەباڵغییەکە تێ هەڵدەچووەوە.

شەوگار ڕاشکابوو. حەسەن هێشتا خەوی نەدەهات. کەچی سەری وەسەر بالیفێ نابا و نەنابا یەکسەر خەوی لێ دەکەوت. بیری دەکردەوە. چیی بەبیردا نەدەهات؟ خۆ لە کاتی شاردنەوەدا کەسێ ئاگای لێ بووبێ... خەڵکەکە لە جەنگە و گەرمەی شایی و هەڵپەڕکێدا بوون، ئەم پیاوە ڕەنگە سەت جار چووبێتە دەرەوە. تۆ بڵێی لەم چوونە دەرەوانەدا یەکێکی دوانەکەوتبێ و جێگەی شقارتەکانی پێ نەزانیبێ؟ ئومەخان بە کەسی، بە دایکی، بە باوکی نەگوتبێ؟ نا نا، نەیدەگوت. حەز دەکا با یەک لە شقارتەکان بۆ ئەو بێ. ئەم ئیجاتەی پێ خۆش بوو.

ئومەخان لە ژوور سەریەوە نووستبوو. نوقورچێکی لێ گرت. کیژە زریکەی لێ هەڵستا، حەسەن ترسا!

«وسس، منم،» گوتی. «هەستە، هەستە دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم.»

ئومەخان ها لە پاش چەند، ئەوجا بەخۆهاتەوە.

حەسەن پرسی:

«تەواو بەخەبەرهاتی؟»

ئومەخان بەنەخواییشتەوە:

«بەخەبەر هاتم، چییە؟»

حەسەن:

«ئەگەر دەتەوێ، شقارتەکان، یەکێکیان دەڵێی. دووانیان دەڵێی، دەتدەمێ. خۆ بەکەس ناڵێی؟»

ئومەخان هەموو شتێکی لە بیرچووەوە، هەستی بەشانازییەک کرد.

«قەتی دەڵێم؟» گوتی.

حەسەن بەچرپەوە پێشنیاری خۆی کرد:

«دەبا بچینە دەرێ، سەیرێکی شقارتەکان بکەین، نەوەک یەکێ بردبنی.»

ئومەخان لە نێو جێگە هاتە دەرێ، گوتی:

«هێدی هێدی، با بێ سرتە دەرکە بکەینەوە. نەنکم گوێی زۆر سووکە. ناژنەڤێ... خۆ پێ بزانێ...»

ئومەخان بێ سرتە دەرکەی کردەوە. وەک با گڤەیان کرد، دەرپەڕین.

حەسەن دەستی درێژ کرد، شقارتەکانی بەسەرکردەوە، لەوێ بوون، گەرموگوڕ لە شوێن خۆیان بوون.

ئومەخان:

«با منیش سەیرێکیان کەم،» گوتی:

حەسەن:

«سەیری چییان دەکەی؟ وا لە شوێنی خۆیانن. با لێرە زۆر گیر نەبین.»

ئومەخان:

«دەبا بزانم. چۆن لەوێن؟»

حەسەن ئەم ئەتوارەی ئومەخانی پێ خۆش نەبوو. نەختێ ئێرەییی پێ هاتەوە. بەڵام یەکێ لە شقارتەکان ئیتر هی ئەو بوو.

«دە سەیرکە دەی، بەڵام زۆری درێژە مەدەیێ، خێراکە!» ئەمەی بە بەزینەوە گوت.

پاش ئەوەی ئومەخان دەستی لە قەڵشەکە کێشایەوە، حەسەن دەستی برد، قەدەرێ شقارتەکانی بەدەست گرت، بەسەری کردنەوە.

تا سبەینێ نەنووستن. مەراق دای گرتن، بیرتان کردەوە، کەیفخۆش بوون، ترسان قسەیان کرد. چەند جارێ هاتنە دەرێ، دەستیان لە قەڵشەکە ڕاکرد، شقارتەکانیان بەسەرکردەوە.

٨

حوسنە وەک تارماییەک لە سیلەی دیوارەکەوە بەرەو ڕەجەب ڕای کرد. دوو جەستە لە ناو تاریکایی بەر چریسکەی بەفرەکە بوون بەیەک. بەجۆرێ تێک ئالابوون و یەکدییان دەگوشی، هەر ئەوەبوو ئێسک و پروسکی یەک تێک نەشکێنن.

ها لە پاش چەند، دوو لەش لێکدی جوێ بوونەوە، ڕەجەب لە پێشەوە و حوسنە بەدوویەوە چوونە ژوورێ. لە ژوورێ ئاگرێکی گەورە و زەلام دەسووتا، بەگڕی سوور نێو ماڵەکەی پڕ کردبووەوە.

حوسنە یەکسەر خۆی ڕووت کردەوە. جلەکانی لە دەوروبەری ئاگردانەکە کەڵەکە کرد. بزەیەکی خەستی بەسەر لێوەوە بوو. گڕی سوور لە ئازای لەشی دەدا، لەشە سەوزەڵە بە گەندە مووەکەی، ڕەنگی دەبوو بەڕەنگی مسی سوور. ناو بەژنی لە پشتی بەخوار، تا دەهات باریک دەبووەوە و ئەوجا لە ناوەندڕا دەیدایە ئەستووری. لۆچێ، چرچێ چییە، پێوەی دیار نەبوو. هەردوو مەمانی لە نێو دەستی گرتبوون. مەمکی توندوتۆڵ و قوت لە تویێی پەنجەکانیەوە فیچقەیان دەکرد. گەندە مووی ناسک بە لەشە ڕەنگ مەیلە و مسەکەیەوە دەبریسکانەوە. ناوکی تەواوێ چاڵ بوو، بەهۆکەوە ڕۆچووبووە نێوەوە. وەک مچوڕکی پێدا بێ دانار دانار بووبووەوە.

لەبەر سوورایی گڕە ئاگرەکە نەختێ بەبەرا لار بووبووەوە و وەستابوو. بەسەری پەنجەکەڵەی لەسەر خۆڵەمێشی ئاگردانەکە برێ خەتخەتۆکەی دەکێشا.

ڕەجەب بێ ئەوەی هیچ بکا ڕەق ڕاوەستابوو، تەماشای ئەوی دەکرد و سووکە بزەیەکی خۆش. بەختەوەرییەکی خەوناویی بەسەر لێوەوە بوو. لە شتهایەک لە کۆڵ و بارێکی گران قوتار بووبوو. بەڵام کۆڵوبارە گرانەکە چ بوو؟ بۆ خۆیشی نەیدەزانی.

حوسنە لە ناکاو سەیرێکی ڕەجەبی کرد. تەماشای کرد ڕەجەب خۆی ڕووت نەکردەوە. لە ناو لەرز و مچوڕکی چاوەڕوانیدا بوو. چاوە گەورە ڕەشەکانی کردبووەوە، وەک بپاڕێتەوە، تەماشای ڕەجەبی دەکرد.

دوو کەزیی ئەستووری ڕەش بەسەر لاشانە ڕەنگ وەک ڕەنگی مسەکانیدا شۆڕبووبوونەوە. ئەمە ڕەجەبی شێت و شبر دەکرد، ئەما خۆی دەگرت. تام و لەزەتی لەشی حوسنە و جوانییەکەی لە دڵی خۆیدا دەشاردەوە و هەر چەندی دەکرد نەیدەتوانی چاوی لەو ئاگری شەهوەتە بترووکێنێ.

قەدەرێکی دوورودرێژ و سەرتاپا، تەماشای لەشولاری کچەی کرد، چی لە یەکێکی دیکەی جیا دەکردەوە، کێهە شوێنی لە هەموو شوێنێکی تری جوانتر بوو، هەمووی بەچاو بێژت. هەر چەندی تەماشا دەکرد. حوسنە هێندەی دیکە ترس و لەرزی زێتر دەبوو. بەڵام چۆن ترس و لەرزێ، ترس و لەرزی لەشێکی ساغ و پتەو و تامەزرۆ. ڕەجەبیش لەشی بەرەبەرە هاتە لەرز.

ئاگرە گەورە و گرانەکە ناو ماڵەکەی وەک هەوایەکی مەیلەوتەڕی هاوین لێ کردبوو.

ڕەجەب خۆی گرت، لەپڕ خۆی ڕووت کردەوە، کیژەی، کە لەبەر ئاگردانەکە هەڵکورمابوو، لە دواوە لە باوەش گرت.

شەوێکیان، لە چقورئۆوا، حوسنە ئا بەم جۆرە لە باوەش دەگرێ. ئاگایان لەخۆ نامێنێ، لەشیان نوقمی نێو خۆڵەنەرم و گەرمەکەی کێڵگە لۆکە دەبێ، کاتێکی بەخۆدێنەوە و تەماشا دەکەن، لە قوڕەلیتە نیشتوون، ڕاست خۆ داوێنە ئاوی خڕەکەی نزیکیانەوە، پاک پاک خۆیان دەشۆن. بەڵام چی، ئەمجارە شێت و شوورییەکەیان هەروا لەوناو خڕە دەست پێ کردبوو. گوند بەم کەینوبەینەیان سەرلەبەر، زانیبوو. جا چ بوو؟ با بزانن، هەر گوێشیان نەدەدایە.

ڕەجەب نوشتابووەوە، کیژەی، کە وەک بیی نێو ئاو دەلەرزی، لە هامێز گرتبوو، سەرتاپا ڕای دەمووست، لە یەکبینە، گەردنی، ڕوومەتەکانی، گوێچکەی، لامل و پشتی ژێر قژەکەی، لاسمت و کلۆتە پان و پۆڕەکانی، گوڵمەی ڕانی، بەلەکی ماچ دەکرد و گازی لێ دەگرتن. هەر ئەوەندەی بەخۆ زانی کیژە نەلەرزی ما، نە کرژهەلاتن و مچوڕکی ما، هەموو بڕایەوە، تەنیا هەر هەناسەبڕکێی بوو و قووڵ قووڵ پشووی دەدا. بە کەشەنگی و بێ حاڵییەوە لە ناو باوەشیدا وەک ببووڕێتەوە لە پەل و پێ کەوت. قەدەرێ هەر بەو جۆرە مایەوە. پاشان دەستی لە ملی ڕەجەب کرد.

هەردووکیان بەو نێو خۆڵە وەربووبوون. تەنانەت پەنجەشیان نەدەبزووت. سفتوسۆیان، شەهوەت و ئارەزوو و وازیان تکابووە ناو ئاگری کوانووەکەی بەردەمیان، ڕژابووە ناو خۆڵە لە ئارەقەدا بەقوڕە لیتەبووەکەی بنیان. ئاگری نێو ئاگردانەکە، خۆڵەکەی ژێریان، دەوروبەر، خولاسە هەرچی هەبوو و نەبوو، ئەوانیش هەناسەبڕکێیان بوو، ئەوانیش بێ حاڵ و کەشەنگ بوون.

ڕەجەب دەستی حوسنەی گرت، هەڵیساند، کیژە خۆی لەسەر پێ نەدەگرت، بەلادا دەهات. ڕەجەب قەدەرێ، ناچار، چووە بن شانی، بەسەر پێوەی ڕاگرت.

حوسنە لەسەر ئەم حاڵەیشەوە بەخۆهاتەوە، لەشی مچوڕکێکی بەسامی پێدا هات و گرژ هەڵگەڕا. خۆی خزاندە نێو باوەشی ڕەجەبەوە. ڕەجەبیش بەم خۆ بەدەستەوەدانەی کچەوە بەجارێ تێوە گلا. دیسان لەو سەر زەوییە لاڵوپاڵ لێی کەوتن.

ئیدی دوو لەش بووبوون بەیەک، بەیەکدا جۆشیان خواردبوو. ئەو دوو جەستە پێکەوە نووساوە، لێکجۆش خواردووە تا مردن، تا ڕۆژ بازاڕی قیامەت لێک جوێ نەدەبوونەوە. خوێنی ئەمیان دەچووە لەشی ئەویان خوێنی ئەویان دەهاتە لەشی ئەمیانەوە. دەست و لاقیان لێک جوێ نەدەکرانەوە، نەدەزاندرا کێهە دەستی کێهەیانە و کامە لاقی کامیانە.

خوێنی دڵی کێهەیان لە دڵ و هەناوی کێهەیان دەتکا؟ نەدەزاندرا.

کاتێکی لەشیان جوێ بووەوە، وەکو پەڕ، سووک بوون. شنەبایەکی لێ

دابان، وەک پەڕە کۆترێکی سپی چکۆلانە دەیفڕاندن و دەیبردن.

ڕەجەب دیسان حوسنەی لە باوەش گرت و هەڵی گرت. لەشی لە ئارەقەدا شەلاڵ و خلیسک بووبوو، چەند جارێ بەرەو خوار داخزا.

کاتێکی بەخۆهاتنەوە دەمەوبەیان بوو. حوسنە خێرا خۆی پۆشتە کردەوە. ڕەجەبیش خۆی لە بەرکرد. حوسنە هێشتا هەر سەیری ڕەجەبی نەدەکرد. پێی وەبوو ئەگەر لە پاش ئەو کارە سەیرێکی بکا، دووربێ، سیحرەکە بەتاڵ دەبێتەوە، تام و لەزەتی کارەکە بەجارێ دەبزرکێ و تێک دەچێ. هەر لەبەر هەندێ زاتی ئەوەی نەدەکرد و قەتیشی زات نەدەکرد. بشمردبا ئەو سیحرەی بەتاڵ نەدەکردەوە.

ڕەجەب هەر خۆی لە بەرکرد و لەبەر نەکرد ، پێی وابوو حوسنە وەک هەموو جارێکی هەڵدێ و دەڕوا. ڕوانی، نەخێر حوسنە ئەمجارە وەک جاری پێشوو چۆن هاتبوو، هەر بەو جۆرە، هات لەبەر ئاگردانەکە دانیشتەوە، چاوی لە گڕ و بڵێسەی ئاگرەکە بڕی. بژۆڵە درێژەکانی سێبەریان لە ڕوومەتەکانی کردبوو. دەموچاوی تەڕ و ئارەقاوی و پەمەیی بووبوو. لێوەکانی وەک گوڵنار، سوور سوور، هەر دەتگوت بلووری ئاگرن.

ڕەجەب چاوی لەسەر ڕانەدەگوێزت. لەوەتی ڕەجەب ڕەجەب بوو، هەر لە منداڵییەوە، بە سەرسامی و واقوڕمانەوە سەیری ئەم کچەی دەکرد. ئێستایش، هەروەک پێشوو چاوەڕوانی ئەوەبوو، قسەیەکی لە زار دەرێ. هەر ئەوە بوو بۆ قسەکانی شێت و شەیدا نەدەبوو.

چاوەڕێی کرد، چاوەڕێی کرد، حوسنە ئێستا و ئێستایش سەرێکی هەڵنەبڕی، قسەیەکی لەگەڵ بکا.

ڕەجەب نەیدەزانی چ بڵێ. دەبوو قسەیەکی کردبا، دەبوو قسەیەکی جوان و لەباری دیتبایەوە و گوتبای، بەلام چی گوتبا؟ ئاخرییەکەی دڵی وەخت بوو بتۆقێ، بەجاوە جاوێکی مندالانە گوتی:

«چابوو... گوندی هەموو... ئەم ساڵ لە پاش لۆکە... دەتبەم و بۆ چقورئۆوا...»

حوسنە بەوپەڕی بەختەوەرییەوە بزەیەکی هاتێ، چاوی لە ئاگرەکە دوورنەخستەوە.

«چقورئۆوا لە گوند چاترە، بەڵام بەم زستان و تۆف و وەیشوومەیە ناکرێ... حەز دەکەی پایزێ، کە لە لۆکە دەبینەوە، بۆ گوند ناگەڕێینەوە. من فێرە تراکتۆر ئاژوان دەبم، لەوێ پارەیەکی زۆر بەتراکتۆرڕان دەدەن. ئەمن بۆ خۆشم نەختێکی لێ دەزانم. وەستا حامید گوتی من، گوتی بەدوو ساڵ دەتکەم بەتراکتۆرڕان و پێت دەگەیێنم. بەم زستان و قیامەتە پیاو دەتوانێ بەڕێ کەوێ؟ گورگی گورگ ئاسایی بەم زستانە سەر لە کون دەرناهێنێ. ئەدی وەنییە؟ کێ دەڵێ لەو ڕێوبانە هەر لە سەرما ڕەق هەڵنایەین و نامرین. بەم زمهرِ و زستانە تووشە کێ چیای تۆرۆس دەبڕێ و بەسەری سەلامەت دەگاتە چقور؟ با بەهار بێ، هەنگێ بیرێکی لێ دەکەینەوە.»

حوسنە چاوی بڕیبووە ئاگرە یەک پارچە بەئەسکڵ و پۆلوو بووەکە، بزەی بەختەوەرییەکی بەسەر لێوەوە بوو، بەهەموو تام و لەزەتێکەوە، نەرم و لە سەرەخۆ، وەک لەوێش نەبێ، دابوویە بێ دەنگی و کڕوکپی.

ڕەجەب هەستا، ئەویش بزەی هاتبوویێ، چەند چڵێکی هەرە هیشکی ئێزنگەکەی کن دەستیەوەی هەڵاوارد، ئاگرەکەی پێ خۆش کردەوە، ئێزنگی تاین هێند خۆش، هێند تەڕوتاڵ بۆن و بەرامەی بڵاو دەبووەوە. هەر مەپرسە. هەمدیس هاتەوە، لە جێیەکەی خۆی هێورییەوە. ئەوجا، هات لاگەردنی حوسنەی ماچ کرد. حوسنە نێو هەناوی گەرم گەرم هەڵزۆپی. شێتگیرانە بەرەو بەجۆش هاتنێ هەڵدەفڕی. بەرە بەرە ئەفسوونێ چواردەوری لێ دەتەنی، تا دەهات گەورە دەبوو. بەرەو بەهەشتێکی گەرموگوڕی پڕ لە بەختەوەری دادەخزا.

ڕەجەب بەپێکەنینەوە:

«سبەینێ عادیل دێ، دە جەندرمەیشی بەدووەوە. ماڵ بەماڵ گوند دەگەڕێ. پووشکەیەکی وەگیر ناکەوێ. لە پاشان بە سڵەوە، هەر بەوە ڕادەگا، ئاوڕی پاشەوەی بدا و بەشڕوشپڕێوی بۆ خۆیشی نازانێ چۆنی سەر لێ تێک دەچێ،

شـــێت دەبێ و بۆی دەردەچێ. لە پاش ئەوەیش... ســـاڵێکی تر بابیی قـەرەپوولێکی بە سـەلەم نەدەدا. چما دووکانداریکی دی براوە؟ گوندی چۆن هەرچی هەبوو و نەبوو، شاردیەوە، ئەدی وەنییە؟ ئێمە چمان نییە بیشارینەوە. من لە شتێک گەڕام بیشارمەوە، دەرزییەکم وەگیر نەکەوت بیشارمەوە. هێندەی پێ گران بوو، کوڕینە... تا ئێستا، دەسکورتی بەو جۆرەی زۆر بۆ نەهێنابووم. ڕوانیم، گەڕام، سووڕام، چم نەبوو لە عادیلی وەشێرم... ئێمەیش ئەم ساڵ لە چقورئۆوا ناگەڕێینەوە. دەبم بە تراکتۆرڕان. پێخەو و نوێن دەکڕم. سندووقی ئاوێنەبەندی بوراقدار دەکڕم، ئیدی هەروا بەبرای خۆم بڵێم، ڕادیۆ دەکڕم، ئەمە دەکڕم، ئەوە دەکڕم... جا عادیلەفەندیی ئەو گوندانە، ڕۆژێ دێ، بەسەر گونددا دەدا، ئێمەیش ئەوەندەمان ماڵ و حاڵ دەبێ، بیشارینەوە. ئەدی وەنییە؟»

حوسنە، تا دەهات، بەقسەکانی ڕەجەب بەختەوەرییەکەی بەدەموچاوییەوە هێندەی دیکە زیادی دەکرد، ڕەجەبیش کە ئەمەی دەدیت، پتری درێژە بە قسان دەدا.

حوسنە بەجۆرێ نیشتبووە ناو بەختەوەری، هەر دەتگوت لە ناو ئاوی ڕۆخانەیەکدایە، ساف و ڕەوان، بەژێر دار چناری گەورە گەورەدا، بەسەر چەو و زیخێکی بریسکەداردا دەکشێ و ئەویش هەر ئەوەیە تێیدا نەتوێتەوە.

«چقـــورئۆوا باخ و باخـــاتی زۆری لێن، پرتەقـــاڵەکـــانی زەرد زەردن. باخچەکانی گەورە و درەختەکانی تا چاو برکا، بەرز و بڵیندن. شەوێ دێ، بۆی دەخزێینە نێو یەکێ لەو باخچانەوە. وەنییە؟»

دەمـوچاوە لە ئارەقـەدا شـەڵاڵبـووەکـەی حـوسنـە پەمـەیی بووبـوو. چاوی بڕیبووە ئاگرە خۆشە بەلرفەلرفەکە. زەردەخەنەکەی سەر لێوی کەمی نەدەکرد.

«لەوانەیە چاوەڕێی پایز نەکـەین، گـوێ نەدەینە سـەرووەخت داهـاتنی لۆکەچنین. هەر کە ڕۆژی خدرەلیاس هات و نەهات دەست دەدەینە دەستی یەک، بۆ چقـورئۆوا بەڕێ دەکـەوین، دنیـا، سـەرلەبەر، چیمـەن و گـوڵ و گوڵزارە...»

دەستی حوسنەی گرت. حوسنە بێ ئەوەی چاو لە ئاگرەکە بترازێنێ ئاورێکی لێ دایەوە. ڕەجەب هەستی بەوە کرد کە دەموچاوی حوسنە بووبوو بەیەک پارچە بەختەوەری، تا بڵێی دڵی خۆش بوو. ئەو دەستەی لە نێو دەستیدا بوو، توند گوشیی، دەستێکی گەرموگوڕ، تێنی لە ناو لەپیەوە بۆ ناو دڵ و دەروونی تەشەنەی کرد.

«با هاوینەکە بێ» گوتی.

حوسنە وەک لە نێو خەونێکدا بێ، گوتی:

«با هاوینەکە بێ، ئەرێ، بابێ» گوتی. ئارەزوویەکی وەهەی لە دەنگیدا بوو لە کێش و توان بەدەر، پیاو خۆی لەبەر ڕانەدەگرت.

کەڵەشێری مەلا بانگدانێ، دەستیان بەخوێندن کرد. حوسنە هەڵستایە سەر پێیان. چاوی هەڵنەدەبڕی، سێبەری بژانگی بەسەر ڕوومەتی کەوتبوو.

دەست لە نێو دەست، لە دەرکەوە بۆی دەرچوون.

«با هاوینەکە بێ، خوا دەکا دێ.»

لێک دابڕان.

## ٩

سبەینانێکی بەخۆرەتاوی ڕوون بوو. ساماڵێکی ساف و بێ گەرد، سروەی بای با ئاسایی نەدەهات. بەفری ئەو دەشتودەرە کاکی بەکاکییە سۆمای چاوی دەبرد، دەبریسکایەوە. هەر دەتگوت سلاوێکی بەگرموهۆڕی تیشک و ڕووناکی لەو دەشت و دەرە هەڵستاوە.

گوندی بەناوەندی گوند وەربووبوون، لە پێش دەرکەی ماڵەکانیان، لێرە و لەوێ، وەک پوورە هەنگ لێک ورووکابوون. سەری زمانیان و بنی زمانیان عادیلەفەندی و عادیلە فەندی بوو، ئەها وا هات، ئەها وا دێ. پاشی نەختێکی هێندەیان بڕوا بەهاتنی عادیلەفەندی قایم بووبوو هەر دەنگ مەکە... خۆ ئەگەر بڵێی، یەکێ خەبەرێکی هێنابێ، یا عادیلەفەندی کەسێکی ناردبێ: فلانکە ڕۆژ، فلانە سەعات دێم؟ نەخێر. بەلام هەروا بڕوایان بەهاتنی بوو و کورت و

موختەسەر، قسەیان لەوە دەکرد، کە هەموو جارێ دەهات چی دەکرد و چی دەکراند. بریقەیەکیان لە چاودا دەخوێندراوە، فرِوفێلاوی، وەک ئەوەی لە چاوی کەڵەکبازاندا دەخوێندرێتەوە...

«کاتێکی دێ، گوند... دەڵێ واخ یالاخییە هەژارەکان واخ، واخیش و سەد واخ. دە بڵێ بۆچی لە شار پیتاکێکم بۆ نەکردن و بێم. گوندێ، هەژار دەبێ، بەڵام ئێکجار وا بەم لەونە؟ ئێکجار وایش! دەڵێ ڕاستتان گەرەکە، شەرمم وەخۆ هاتەوە، داوای قەرزەکەو لێ بکەمەوە.»

«دەڵێ شیرازەی داوودەستوور تێکدانی چی، کورە بڕۆن سەت جاری تێک دەن، وەک شیری بەردایکتان، پێتان حەلاڵ بێ. گوندێ هێند هەژار بێ، ماڵی هێند بۆش و بەتاڵ بێ، نەک شیرازەی داوودەستوور، دین و ئیمانیشی تێک دەدا.»

«بەڵێ، عادیل ئاوها دەڵێ.» دەڵێ.

«بڵێ چیی دیکەش دەڵێ؟ لێم خڕبنەوە گوندییە بێ چارەنووس و بێ قسمەتەکانم، لێم خڕبنەوە، با چارەسەرێ بۆ ئەم چارە ڕەشییەتان بدۆزمەوە.»

«ئەمە دڵ و دەروونی ئینسانە! عادیلەفەندی دڵی لە بەردی ڕەقیش بێ، چارەڕەشی وا دەیتوێنێتەوە. دەیتوێنێتەوە و کونی دەکا.»

گوندییەکان پاش ماوەیێ چاوەنۆڕی قسەکردن، بەرەو باشوور، لە گوند وەدەرکەوتن، ڕوویان لە ڕێگای شار کرد. ڕێگایش لەبەر بەفر و بەستەڵەک دیار نەبوو، بەفر هەر بەجارێ داپۆشیبوو.

چاوەڕێی ڕێبوارەکەیان دەکرد لە خوارێ سەرێ هەڵدا... مریێمۆک ملی دوو بست درێژ کردبوو، بووبوو بەیەک پارچە چاوەنۆڕی.

لەسەر گاشەبەردێ هەڵتووتکابوو، سەد سوێندت خواردبا، هەڵۆیەکە و خۆی بۆ هەڵکردن خڕ هەڵداوە.

تاشباش ئۆغلویش چاوەڕێی دەکرد. مەراقی ئەوەی بوو، بزانێ ئاکامی ئەم گەڕ و پیلانە بەچ دەگا؟

گوندی بەم جۆرە دیتبا، گوندی وا بەو چۆڵ و هۆڵییە دیتبا، بڕوای دەکرد؟ عادیلەفەندی ئەم هەموو ساڵ و هەیامە فریوی دەخوارد؟ هەر کە دەهاتە نێو گوند و نەدەهات، ڕاست و پاک دەیزانی گوندی هەرچییەکی هەیە و نییە حەشاری داوە، تیرەی گوندی لە کاری وادا زۆر ئەحمەق دەبن، ڕەنگە ئەحمەقیش نەبن، بەڵام ئاین و ئۆین دەگێڕن. ئەم گوندە زل و زەلامە دەبینی؟ دەڵێی گەمەی منداڵانە. بیانڕواننێ، تەماشا لەم گەمەیەدا چەند بەختەوەرن. ئەم هەموو بەزمە هەر بۆ ئەوە دەکەن، نەختۆکەیەک هەست بە بەختەوەی بکەن. هەر بۆ ئەو نەختۆکە بەختەوەرییەی لە هاتنی عادیلەفەندی و گوندی بە چۆڵ و هۆڵ دیتنی پەیدا دەبێ.

گریمان وا عادیل بڕوای بەو هەموو هەژاری و ناگوزوورییەی گوندیش کرد، چما جارێکی دی متمانەی دەکرد، پووشێکیان بەقیست بداتێ؟

تا نیوەڕوانێکی درەنگ، بەدەم قسە و دەمەتەقێوە، بەدەم ڕابواردن و جەفەنگ و هەرا و زەناوە چاوەڕێیان دەکرد. پاش نیوەڕۆ وەڕەزی دای گرتن. بەختەوەری و کەیفسازییەکەیان وردە — وردە خاو بووەوە. جێگەی چاوەڕێکردنیان لەگەڵ بەختەوەری و کەیفسازییەکەیاندا بەجێ هێشت و بۆ ماڵی خۆیان بڵاوەیان لێ کرد. تا دەمە و ئێوارە، سەر ڕێگەکە، تەنیا هەر مریمۆکی لێ مایەوە. چاوی بڕیبووە خوارێ. ملی درێژ کردبوو، هەر چاوەنۆڕی دەکرد. مریمۆک، تا ڕۆژ ئاوابوو، تا تاریکانێکی درەنگیش هەر لەوێ مایەوە.

کاتێ بەجارێ هومێدبڕ بوو، ئەوجا هەڵستا، بەخۆ بەسەر دارئاسادانداا بەرەو ماڵێ بووەوە.

«دەی جا کەواتا، لە بەرچی عادیلەفەندی ئەمڕۆ نەهات؟» هەروا خۆبەخۆ زەردەیەکی هاتێ.» ئەدی نەدەبوو ئەوڕۆکە بێ. سبەی نەبێ، دووسبەی هەر دێ.»

مرێمۆک چاوەنۆڕی ئەوێ ڕۆژێی پێ خۆش بوو.

ئەوێ شەوێ گوندی بەڕەحەتی لێی نووستن. جرتوفرت و هەراوهۆریایەکی

ئەوتۆ ڕووی نەدا. ئەم ماڵ و ئەو ماڵ کردن و لێرەولەوێ خڕبوونەوە نەبوو.

بۆ سبەینێ زوو، دیسانەوە، بەخەبەرهاتن. دەیانگوت ئەمڕۆ، ئەملا و ئەولای ناوێ، هەر دێ. یەک دوو ئافرەت، مریەمۆکیان پێش کەوت، لە گوند بەدەرکەوتن، چوون، لەسەر ڕێگەی شار لێی دانیشتن. هەمدیس، تا ئێوارێ، هەر مریەمۆک لەوێ مایەوە. هەر لەگەڵ ڕۆژ ئاوابوو و تاریک داهات، بەخۆ بەسەر دارئاسادانداا بەرەو ماڵێ بووەوە.

دیسان لە دڵی خۆیدا گوتی:

«گوتمان ئەمڕۆکە دێ، ئەوا ئەمڕۆیش نەهات، دەی، سبەینێ دێ.»

ئەوێ شەوێش سەر ئاسوودە لێی نووستن.

ڕۆژ بووەوە، ڕۆژێکی بەخۆرەتاوی خۆش بوو، ئاسمان ساماڵ و بێ گەرد بوو. مریەمۆک، لەگەڵ منداڵەکاندا، لەگەڵ برێ ئافرەتی قەیرە، لە گوند وەدەرکەوتن، چوون لەسەر ڕێگەی شار لێی دانیشتنەوە.

١٠

لەوەتەی گاوگۆتاڵ و ئاژەڵ چووبوونە نێو ئەشکەوتانەوە گوند هێند سەیری لێ بەسەرهاتبوو. منداڵەکان بەهیچ جۆرێ گەرم نەدەبوونەوە. شتێکیان لێ ون بووبوو.

بێ لەوەیش، لە خانووی چۆڵوهۆڵ و خاڵی و خەواڵیش زۆر دەترسان. هەستیان بەتەنیاییەکی ڕەش و بە سام دەکرد. تاک و تەنیاییی کەسانێکی بەکەژ و کێوەوە، لە نێو جەنگەڵ و لێڕی بەسامدا مابنەوە.

مریەمۆک گوێرەکە مۆرباوەکەی خۆش دەویست. زۆری غەریبی دەکرد. کە ئەم غەریبی کردنەیشی هەروا بەڕاشکاوی دەرنەدەبڕی و وازی لە ڕێگەکە نەدەهێنا و نەدەچوو بۆ نێو ئەشکەوتەکان، سەبارەت بەوە بوو کە هەمیشە دڵی لای ئەو خەزێنەیە بوو کە لە هێلانە پەلەسیرکەکەدا شاردبوویەوە. کە سەروەت و سامانەکەی نێو هێلانە پەلەسیرکەکەی بەپێش چاویەوە بوو هەستی بەدڵنیایی و متمانەیێ دەکرد، گەرموگوڕییەکی دەدایە.

«ئۆف،» دەیگوت. «ئەم کابرا لەحنەتییە هاتبا، ئێمەیش ڕزگار باین!»

سبەینانێکی دیسان وەدەرکەوت. هەموو کەسێ پێی وابوو. دیسان، وەک جاران دەچێ لەو سەر ڕێگەیە دادەنیشێ، چاوی دەبڕێتە ڕێگەکە. ڕوانییان، نەخێر، مریەمۆک ڕووی لە لێڕەکە کردووە، بەرەو ئەشکەوتەکان هەڵدەکشێ. منداڵەکانی وەدوو کەوتن. حەسەن لە پێش هەمووانەوە. ژنان ئەمەیان دیت. ئەوانیش دووی کەوتن.

مریەمۆک لە لێڕەکە ترازا، گەیشتە ئەشکەوتی پەرییان. چەند ژنێ، لەوێ مانگایان دەدۆشی، برێ زەلام گاوگۆتاڵ و لاوریان ئالیک دەدا، کایان لەبەر دەکردن، وێنجە و سێپەڕەیان لەبەر دەکردن.

لە ژنێکی جحێڵی، مانگای دەدۆشی، بەئیشارەت پرسی:

«ماڵاتەکەی ئێمە لە کێهە ئەشکەفتە؟» ژنە ڕێگەکەی پیشان دا.

مریەمۆک لە چوونە ژوورەوەدا هەوایەکی گەرمی هەڵماویی بەدەم و لووت کەوت. بۆنی گەوڕی، کە لەمێژ بوو لە بیری کردبوو. بەلووتدا هات.

گوێرەکە مۆرباوەکە لە کونجێکەوە بوو. لەسەر وێنجەکان نووستبوو. لەبەر ڕۆشناییە شاش و لۆشەکە جوانتر دیاربوو، چوو، سەری لە هامێزی گرت، هەردوو چاوی گوێرەکەکەی ماچ کرد. گوێرەکەی تاین ڕاپەڕی، هەڵستایە سەر پێیان.

مریەمۆک سوێندی نەخواردبا، لەگەڵ مێرووی مێرووئاساییی گونددا قسان نەکا، لەگەڵ گوێرەکەکەدا دەستی بەقسان دەکرد و سەد جاری دەگوتێ، بەگوریت بم، لە دەورت گەڕێم. بیری کردەوە، ئەم ئەشکەوتانە دەبێ هی کێ بن؟ دەبێ هی خوای گەورەمان بن. دەیجا خۆ دەیتوانی قسان دەگەڵ ئەشکەفتان بکا. تیرەی پەرییانی لێ بوو ئێروکانە. خۆ لەوانەبوو ژنەکەی ئەحمەدیش و ورغونیشی بەتەنیشتەوە با.

«ئەشکەوت، ئەشکەوت،» گوتی. «ئەشکەوتی خوای گەورە و مەزن! ئەشکەوتی بەدیاری بۆ پەرییان نێردراو، ئەمن زۆرم غەریبیی ئەم گوێرەکە مۆرباوە کرد. بەکەس، بەگۆرە مۆرباوەکە ناڵێم، بەتۆ دەڵێم، خوا ماڵی کەس لە

بۆن و بەرامــەی گـۆرەی مـۆرباو نەکا. دەنا وەنـیـیـە توخـوا، ئەشـکەفـتـەکـە؟ ئەشکـەفـتـەکـە، ئەشکـەفـتـەکـە دەگـەڵ تۆمــە، تۆ گـوێت لێ بـێ، لەگـەڵ گـۆرە مـۆرباوەکەم نـیـیـە، ئەم پیـاوە بێ و بڕوا، هـەر لەگەڵ ئەو ڕۆیـشت و نەڕۆیشت، دێم گوێرەکە مۆرباوەکەی خۆم دەگەڕێنمەوە بۆ ماڵێ. بمێنە بەخێر، ئەشکەوت گیان.»

گـۆرە مـۆرباوەکـەی جـارێکی دی ڕامـوست، چـەند جـارێکی بەدەوروپشـتـدا هـات.

«بمێنە بـەخـێـر ئەشکەوتـەکە،» گـوتی. «ئامـانـەتیی تۆ و گـۆرە مـۆرم. ڕەنگە ئەمێستا گەیبێتە ئاوایی. هیزە، با بڕۆم.»

چووە دەرێ. وەک هـەمـوو ژنانی گـوند لێرە بن، لـە دڵی خـۆیدا گـوتی: «هـەر کەسـە گۆرەی مۆری خۆی هـەیە. خۆشـی بوێ. تەواشـا کەن، چۆن ڕژاونەتە ناو ئەشـکەوتەکـانی پـەرییــانەوە. جـاران هـیچ ژنێ لـەم ناوە نزیک نـەدەکـەوتەوە. دەترسـان. نەک هـەر ژنان، بگرە پیاوانیـشـیـان لێ نزیک نەدەکەوتنەوە. کەچی ئێستا بوون بەئاوەدانی. هەربینا گوندیان بۆ ئێرە ڕاگوێزت.»

بەڕێ کــەوت. زاڕۆکــانی لە دوو بوون. حــەســەن لە پێش هەمـووانـەوە بوو. مــرێمــۆک ڕوانـی، ئەو ژنانـەی لە گــوندەوە دووی کــەوتبــوون، ئێــســتــا، لە گەڕانەوەدا، شتاقیان دیار نییە. دارعاساکەی دەستی یەک دوو جار بڵێند کرد و ڕای وەشـاند، ویسـتی بڵێ، خـێراکـەن، وەرن بەڕێوە، بڕۆین. ڕەنگە ئێـسـتـا هـاتبـێ، با خـێـرا بـڕۆین.» کـەس گوێـی بۆ نەتەکـاند. هێندێ خـەریکی مـانگا بوون، بڕێ مـژوولی بزنەکـانیـان بوون، هێندێ خـەریکی مـریشکەکـانیـان بوون. مرێمۆک پیس توورە بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: «چاکە، مەیێن، مەیێن، ئیشـەڵڵا هـاتووە و ئێـوەیش چاوتـان پێ ناکەوێ. دێتـە گـوند، هـەر بۆ قـەرای سـەعـاتێ دەمێنێتەوە و دەڕوا. ئیشـەڵڵا هـەروایش دەبێ.»

ڕۆیـشت. مـنداڵە وردکـــە لـە دەوروبـەری ژاوەیـان دەهـات. دەیویـسـت، بڵـێ: «لایەنی هـەرە جـوانی بنیـادەم منداڵییە. گەورە بن، بەرخـوردار بن، عەمـر درێژ بن منداڵینە، کۆترە سـپـیـیـەکـانم.» بەڵام ئەو سـوێندە دوابڕاوەی خـواردبووی

زمانی بەستبوو، بەکێرد نەدەکرایەوە. خۆزگە ئەو سوێندەی نەخواردبا.ماڵی سوێندم بەقوڕێ گرت. جا توخوا، ئەمەی دەهێنا، با بڕۆن، مەولوود بۆ خەلیلە پیر بکەن. جا چ بوو؟ ڕیسوا بوون. خەلیلە پیریش بۆ خۆی هەڵات، بۆی دەرچوو. لەو بن بەفرانە مایەوە. بەڵام ئەو نامرێ. هەر کە بەهارێ، بەفر چۆوە، دەچن، دەنۆڕن خەلیلە پیر لەبن بەفرێ زپ و زیندووە و تازە بەخەبەرهاتووە. چ بەرازێکە چ بەرازێ! ئەو قەت دەمرێ. ئێستا دەگەڕێیەوە گوند، دەبینی منداڵ و مەزن دۆزیویانەوە و لەگەڵ خۆیانیان هێناوەتەوە.

لە لێڕەکە ترازان، نواڕی حەسەن بەدزییەوە لە قەرەباڵغییەکە لاتریسکەی بەستووە، بەرەو لایەکی دی دەڕوا. خۆی لێ نەبان کرد. زۆریشی مەراق بوو بزانێ چ دەکا، لە چاو خافڵی نەکرد.

حەسەن بەماتەمات لە پشت قایەکانەوە بۆ پەناجێیەک دەچوو. دڵی وەخورپە کەوت. ئەم منداڵەیش شتێکی هەبوو شاردبێتیەوە. بەڵام گوندێکی زل و زەلام هەبێ، بۆچی دێ، لێرەی دەشارێتەوە؟ دەبێ منداڵێکی وا چیی هەبێ بیشارێتەوە؟

حەسەن چوو لەسەر بەردە درێژەکە ڕاوەستا. مرێمۆک چاک چاکی دەبینی. حەسەن بەردەکەی گرت، وەک دەستی پێدا بێنێ، وەهەی کرد، لە پاشان ئەم منداڵە هەر هێسک و پێستێکی ڕووتە، ئەو گابەردە زلەی چۆن هەڵگرت و هەڵی دایەوە؟ حەسەن چاوی لەبن بەردەکە بڕیبوو، سەیری دەکرد، دەموچاوی دەگۆڕا. هەر پاش نەختێ بەردەکەی لە جێی خۆی دانایەوە و گورجێ لەوێ دوورکەوتەوە. بەڵام لەودەمەدا هەستی بەوەکرد کە مرێمۆک فەرقی پێ کردووە. نەترسا، جا با فەرقی پێ بکا، گوتی. خۆ دەم و زمانی نییە بیدرکێنێ، خۆ دەم و زمانی نییە، بپرسێ.

کە چوونە نێو گوندەوە تێ گەیشتن هیچ گۆڕانێ لە گوند ڕووی نەداوە. نە کەس دێ، نە کەس دەڕوا. تەنیا هەر ئەو جحێڵانە نەبن کە لە خەلیلە پیر دەگەڕان و نەیاندۆزیبووەوە، بەدەستی بۆش و بەتاڵ گەڕابوونەوە. مرێمۆک کەوتە نێوان دوو شتەوە. دڵی بەم ڕووداوە خۆش بوایە، یانەکو حەیفی لێ

هاتبا و داخی بۆ خواردبا؟ کە بەناوەندی گونددا تێ دەپەڕی، کوێخا بەپیریەوە هات، سەری لە پەناگوێی نا، گوتی:

«با شتێکت پێ بڵێم، چاکم گوێ بۆ شل کە، دایە مریێمۆک. تۆ دایکی منی. دایکی خۆمی. ئەم گوندە زمان بەدێکی تێدایە. ئەم گوندە دژمنێکی ئێکجار گەورەی هەیە. هەبێ و نەبێ، ئەم دژمنە چووە بەعادیلەفەندیی گوتووە، ئەو چووە پێی گوتووە، مەچۆ بۆ گوند. گوندیش، هەرچی هەیە و نییە، هەمووی شاردووەتەوە. هەر یەکسەر هەمووی شاردەوە، گوتوویە، ئەمەیش بە فیتی کوێخاکەیان ساز کرا . ئەم زمان بەدە داخوا کێ بێ، دایە مریێمۆک؟ شتێکت پێ بڵێم؟ ئەم چوار ڕۆژە کەس چاوی بەتاشباش ئۆغلو کەوتووە؟ گوندی سەرلەبەر، سەروەت و سامانیان، هەرچی هەبوو و نەبوو، شاردەوە، ئەو بۆ نەیشاردەوە؟ تەنانەت خۆ منیش شاردمەوە و ماڵی کوێخای گوندێکی زل و زەلام بەم بۆش و بەتاڵییە مانای بەچی؟ هیچ لەمە حاڵیت، سەرەودەرێکی لێ دەردەکەی؟ من ئەمەشم بەلاوە فشە بوو. گوندیم چ بکەن، منیش ئەوە دەکەم، گوتم. هەستام ماڵ و مڵکم، خشڵ و زێڕ و زێوی ژنەکانم، خەنجەرە کالان زێڕەکەی خدری باوم، هەرچیم هەبوو، نەبوو، سەرلەبەر شاردمنەوە. بێ شەرمی لەمە بێ شەرمیتر دەبێ. ئەم بێ شەرمییەشم تەنیا بۆ چاوە کاڵەکانی گوندیم کرد. چاکە، تاشباش ئۆغلو، مانای بەچی پووشکەیەکی خۆی نەشێردەوە؟ ئێستا حاڵی بووی، عادیلەفەندی لە بەرچی نەهات بۆ گوند؟ وە هەتاوەکو ماڵ و مڵکیشمان وا شاردرابێتەوە، خەیاڵ نەکەی، قەت سەر بەم گوندەدا ناکا. تێ گەیشتی؟»

مریێمۆک وەک بڵێ تێ گەیشتم، سەرێکی بۆ ڕاوەشاند، تاشباش ئۆغلو شتی وای دەکرد؟

هەر هێندەی بڵێی یەک و دوو، خەبەری تاشباش چوونە لای عادیلەفەندی و بۆ گوند نەیە پێ گوتنی، بە سەرانسەری گونددا بڵاو بووەوە. بەڵام هەموو کەسێ، لەم گوندە، یەکدییان وا دەناسی.. تاشباش ئۆغلو شتی وای لێ دەوەشایەوە؟ کەس نەبوو بتوانێ ئەم پرسیارە لە خۆی نەکا. ئەم قسەیە لە

هەق کوێخا کرابا، لە هەق سپاهیی بوودەڵە، لە هەق کوڕی بێ کراس، لە هەق بەکرە شێت کرابا، هەموو کەسێ بڕوای دەکرد، بەڵام لە هەق تاشباش ئۆغلۆ؟ نەختێکی لێ بوەستە.

١١

کوێخا دەیویست ڕک و تووڕەیی گوند بەهەموو خەست و خۆڵییەکەوە لە تاشباش ئۆغلۆ بارکا، بەڵام بۆی بەسەرنەدەچوو. تاشباش بەلای ئەم گوندییە بێ ناموسانەوە گەردی لێ نەدەنیشت. سەفەر، چۆن دەیزانی خوا یەکە و نابێ بەدوو و بەردێکی لە دەستیدا با، دەیزانی بەردە، ئاوهایش دەیزانی ئەم کەتنە لە مەمەد تاشباش بەولاوە کەسی تر نەیکێڕاوە. بەڵام پیاوم دەوێ گوندی بەبڕوا بێنێ؟ هەر بەجارێ لە گیانی خۆی بێزار بووبوو. دوای لۆکە بڕێتەوە، دوای کوێخایشی بڕێتەوە، بەڵام لە قەرزوقۆڵەیشی دا.

پاش دوو ڕۆژان کوێخا خەبەرێکی دیکەی گەیشتێ، بەڵام چ نەشێوا. گوندەکانی دەوروپشت و نزیک، تێکڕا، شار، سەرلەبەر، زانیبوویان گوندییەکانی یالاخ هەرچییەکیان هەبوو و نەبوو، هەموویان شاردووەتەوە. چۆنیان زانیبوو؟ کێ ئەو خەبەرەی ڕاگەیاندبوونێ؟ کوێخا ئەوەشی دەزانی هیچ شتێ لەم گوندانە بەشاردراوەیی نامێنێتەوە. شەرمی بەخۆدا دەهاتەوە. لە کردەوەکەی نیگەران بوو، شەرمەزار بوو. گوندی یالاخ، سەرلەبەر، سووک و ڕیسوا بووبوو. گوندەکانی دەوروبەر، شار... ئیدی چاوی لەبەر هیچ کەسێ هەڵنەدەهات. جارێکی دیکە چۆن بۆ شار چووبا. خۆی لەبەر تەوس و تیزی گوندییان چۆن گرتبا. کێ گاڵتەی پێ ناکا، کێ لە پاشەوە گزارەی لێ ناکێشێ، کێ دایک و ژنی لە نێرەکەران ناکێشێ.

چما شاری لە وەختی باج ئەستاندندا سەروەت و سامانی خۆیان نەدەشێردەوە؟ گوندیی دیکە لە کاتی پەزانە ئەستاندندا پەزیان بۆ کەژ و کێوان ڕانەدەدا و نەیاندەشێردنەوە؟ بەرێ وەڵا دەیانشێردنەوە و بەزیادیشەوە، بەڵام ئەمەیان لە کێ دەکرد؟ لە حوکوومەت، نەک لە عادیلێکی ڕۆحی

بەسەریانەوە دەردەچوو.

بێگومان عادیلیش بەم کردەوەیەی زانیبوو، زانیبووشی و شڵپ تفێکیشی ڕۆ کردبوو، ڕۆیشی کردبوو و گوتبووشی: چ دەکەی، بنیادەمە و بە شیری خاو گۆش کراوە. لەم دنیایەدا مەخلووقێ نییە، نەبێ بەپیاو، هەر بنیادەم نابێ بەپیاو. چونکە شیری خاوی خواردووە. ئێوە سەیرێکی ئەم هەموو چاکەیەی من، سالانی ساڵ لەگەڵم کردوون بکەن و سەیرێکی ئەو کردەوانەی ئەوانیش بکەن!» یەک دوو جارێ سەر ڕادەوەشێنێ و چەند تفێکی دیکەش ڕۆ دەکا، هاوار دەکا: «ڕشانەوەم دێ، هیزە وا دەرشێمەوە!»

گوندییش بەجارێ لە دەست دەرچووبوون. نە ژنان نان و چێشتیان دەکرد، نە پیاوان بەلای ئاژەڵ و وڵساتەوە دەچوون، منداڵی منداڵ ئاسایی وازیان لە گەمە و یاری هێنابوو. کەس دەستی نەدەچووە کار، زاریان بەکێرد هەڵنەدەهاتەوە. خۆلاسە، دەتگوت، گوند خۆڵی بەسەردا بێژراوەتەوە، بووبوو بەگوندێکی مردوو، گۆڕستان هەی گۆڕستان. کار و پیشەی خەڵکەکە هەر ئەوەبوو، بەدرێژاییی ئەم ڕۆژگارە، چاویان لە ڕێی شار بێ و چیتر. لە حەوت ساڵییانەوە بگرە تا حەفتا ساڵییان، هەناسەیان لەخۆ بڕیبوو، بە شەرمەزارییەوە، چاوەڕێی ترووسکەی هومێد، فەلاکەتە ڕەشەکەیان دەکرد. خۆشی خۆشیی داوبۆنانەوە بەدەک و دۆڵابەکە حەوت زەمان بوو فڕیبوو و لە بیرچووبووەوە.

هەموو تێکڕا، هەر لە عادیلەفەندی دەدوان، باس هەر باسی عادیلەفەندی بوو، سەرلەبەر بیریان لەوەی دەکردەوە. ئەوی لە عادیلەفەندی نەدوابا کەس گوێی نەدەدایێ. خەونیان، خەیاڵیان هەر لەلای عادیلەفەندی بوو.

ڕۆژێ دێ، تەنیا هەر مریمۆک لەو ناو قایەجارانەی سەر ڕێگەی شار دەمێنێتەوە. ڕۆژێکی، هەر هێندە دەزانی، گوند سەرلەبەر لەوێن. لە ناکاو تارماییی برێ سوار، هەڵیان کردووەتە چوارناڵ، بەر تیلی چاویان دەکەوێ. لە پێشیان لەسەر قایەکان دەبن بە ماستی مەییو، کێردت لێ نابان تنۆکێ خوێنیان لێ نەدەهات. لە پاشان دەگۆڕێن. لەسەر قایەکانەوە وەک پەلەوەر

بەرەو ناو گوند، بۆ ناو لێڕەکە، بەرەو نەواڵەکە پەرت و داغان دەبنەوە. هەر هێندەی چاو بقووچێنی و بیکەیەوە، کەس لەسەر ئەو قایەجاڕانە نامێنێتەوە.

هەروەها تەماشا دەکەن. نە کەس دێ، نە کەس دەچێ. ڕێگەی شار چۆڵوهۆڵ. چاویان هەڵدەگلۆفن. ئەوەی دەیبینن خەونە، خەیاڵە؟

لە پاشان سەرلەنوێ دەست بەچاوەنۆڕ دەکەنەوە. چەند ڕۆژێ هەر بەو هومێدەوە چاوەنۆڕ دەکەن. وێجا دووبارە واز لە چاوەنۆڕکردن دێننەوە و هەرکەسە دەرکەی ماڵی لەخۆ پێوەدەدا. عادیلەفەندی وەک تاریکاییەکی گوللەنەبڕ، گوندی داپۆشیبوو و عادیلەفەندی بووبوو بەئامێژنی هەموو شتێکی گوند، شاییی، شینی، نانی، شیوی، یاری و ڕابواردنی تەنیا هەر عادیلەفەندی و بەس.

چاوەڕێکردنەکە دەبێ بە بەڵای سەر.

دەگاتە ڕادەیەکی لەتوانبەدەر.

لە حەسەن دەپرسن، ئەو سەری بەهەزار بەڵاوە هالاَبوو. هەموو شەوێ لەگەڵ ئومەخاندا چەندین جار شقارتەکانی نێو کلۆرە دارەکەی بەسەر دەکردەوە. جارێکیان باوکیان لە ناخافڵ گرتنی:

«بەم نیوەشەوە بۆ کوێ، بۆ کوێ دەچن؟» دەپرسێ. حەسەنیش و ئومەخانیش یەکسەر دەحەپەسێن، ورتەیان لە زار دەرنایە.

عەلی پرسی، پرسی ئەوان دایانە بێ دەنگی و هیچی تر، دوایی وازی هێنا:

«بەڵای خواییینە،» گوتی. «چیتان بەدەستەوەیە بیکەن. من هەقم بەسەرتانەوە نییە. هەڕۆنە دەرێ، هەڕۆن بەم شەوە، وەک خەلیلە پیر، بەو بەفرە لە سەرما ڕەق هەڵێن و بمرن.»

حەسەن بڕیاری دا، ئیدی شقارتەکانی لەو نێو کلۆرە دارە وەنەشێرێ، ڕای گوێزتنە ژوورێ، لە کونەکەی جارانێی تەقەت کردنەوە، بەڵام هەر چەندی دەکرد متمانەی نەدەهات. خۆ ئیدی عادیلەفەندی نەدەهات، نەدەهات، ئەدی هات و ڕۆژێکی هات. تەقا هات و بەنێو گوند کەوت و یەکە و یەکڕاست، لە پێشیان گوتی ئەمە ماڵی مرێمۆکە و لە ماڵی ئەمان گەڕا. ئەویش نەیپەرژا

شقارته دەرباز کا.

چەند شەوێ شقارتەکانی دەگەڵ خۆ، لە نێو جێ نووستنێدا شاردنەوە. چەند ڕۆژێکیشیانی لە نێو بەڕکیدا هەڵگرتن. هێندێ جار لەبن دۆخینی شەرواڵەکەیەوە، بەدەوراندەوری پشتێنیدا قایمی دەکردن، کەڵکی نەبوو، هەر بە دیار دەکەوتن. وەک هەڵمسانێکی لێ دەهات، ئاشکرا دەبوو.

حەسەن دەیگوت: «ئەم پیاوە بهاتایە، ڕزگار بووینایە، ڕزگار بووینایە.» سەرپاکی گوندیش هەر وایان دەگوت.

کوێخایش ئیدی بەجارێ سەری لێ شێوابوو، بۆ خۆیشی نەیدەزانی چیی دەگوت، هەر جارە قسەیەکی دەکرد، لێرە شتێکی دەگوت و لەوێ شتێکی دەگوت:

«تۆ بڵێی ئەم پیاوە نەیە؟ ئەگەر بچین بەسەر دەست و پێیدا بکەوین، بڵێین هەرچییان گوتووە، درۆیە، گوندی یالاخ زۆر هەژار و دەسکورتە، وەرە حاڵی ببینە، گوزەرانی ببینە. هیچیان نییە بیشارنەوە عادیلەفەندی. دە وەرە بۆ گوند، بەچاوی خۆت حاڵ و باڵمان ببینە، تۆ بڵێی نەیە؟ ئەگەر پێی بڵێین، یان وەرە ڕۆحیشمان و منداڵیشمان لێ بستێنە، یا ئەم ساڵەکە وازمان لێ بێنە، پیاوی چابە، حەز دەکەی ساڵی داهاتوو، پاش لە لۆکە گەڕانەوە هەر قازانجێکمان وەگیر کەوت، سەرتۆپی بۆ تۆ بێ، سوێندی بۆ بخۆین، ئەم ساڵ بێتەوە، مەزری هەرە بەداهاتی چقور ڕۆژ بەدەم شەوەوە، شەو بەدەم ڕۆژەوە بدەین، ئێمە کۆی کەینەوە. پێنج هێندەی گوندەکانی دیکە، دە هێندەی گوندەکانی دیکە پتر خڕ کەینەوە، هەرچییەکیشمان بەدەس کەوت سەرلەبەریت بدەینێ، چ دەڵێی عادیلەفەندی؟ پێی بڵێین، بەندە تا تووشی تەنگانە نەیە خدر بەدەنگیەوە نایە. دە وەرە، مەردی خوا بە وەکو خدر فریامان کەوە و بەدەنگمانەوە وەرە، عادیلەفەندییە دڵ پڕ بەزەکە، داخوا لێمان خۆش نابێ؟

«ئەم گوندییە ماڵوێرانانە مەخلووقاتێکی لەحنەتین عادیلەفەندی. لەوانەیە، ئەم چاوەڕێ، چاوەڕێیە، شێتایەتییەکیان لە دەست بقەومێ. ئەم ترس و

ســـامـــه، ئەم چاوەڕێکردنە. هـەروا بەدەم چاوەڕێکردنەوە، تـاڵاو قـــووتدانـی عـادیلـەفـەندی گێـرەی بەگوندی شـێـواند، لە پێـسـتی خـۆیان دەرچوون، بوون بەگورگی هاری دەم بەخوێن، عادیلەفەندی!»

لە گـوندییش تووڕە دەبوو، گـوندی دەمـی خـۆی بگرێ، کێ دەیتـوانی بڵـێ شـمـەکـیـان هەمـوو شـاردووەتەوە. بـەڵێ، بەڵێ، لـەمـلا و لەولا خـۆیان پێـوە هەڵکێـشـاوە. ملیـان لە لەوچەلەوچ ناوە، بۆ خـۆشـیـان نەیانزانیـوە چیـیـان تێ فڵتـاندووە، دەمـیان پن کردووەتەوە، بەپێکەنینـەوە گوتوویانە، با عـادیلەفـەندی تەشریف بێنێ، ببینێ. دەبا تەشـریف بێنێ، بزانێ پووشـکەیەک دەدۆزێتـەوە. گوندیی بێ نامـووس! پیاو قەت لەگەڵ ئەم بەرەی گوندییـە دەردەبا، ئەمانـە هـی ئەوەن کـارێکیـان لەگەڵ بکرێ. دە بخۆن دەی، ئـەوا نـەهات. وە ناشـیـەت. شـەق ببـەن، بتـەقن، بتـۆپن. دەهـەر چاوەڕێ کـەن سـەگی لە سـەگ بـووینە. چاوەڕێ کــەن تا چاوتان دەبـێ بە چوار، بـە هـەشـت، بە شـــازدە، هـەر چاوەڕێ کــەن. چاوەڕێ کەن کافرینە. هـەر چاوەڕێ کەن و چاوەڕێ.

## ١٢

کـوێخـا سـێ ڕۆژ بوو دەسـتـەی دەمـڕاسـتی گـوندی خـڕ کردبـووەوە، قسـەی دەکـرد. جگە لـەمـەیش، پێـشـتـر قـسـەی لـەگـەڵ بەکـرە شـێت و بێ کـراس و ئوزونجە عەلی کردبوو. نەترسابا، زانیبای قسەی لەگەڵ کردبا، قسەی لەگەڵ تاشـبـاش ئۆغـڵـویشـدا دەکـرد. دەبوو بڕیارێکی گـرینگی دابا. ئـەم بڕیارەیش بڕیارێکی وابوو، کوێخـایەک، خوای دەکرد سـەرکۆمار دەبوو، هـەروا سـەربەخۆ نـەیدەدا.

بیروڕای لەلای هـەر گوندییەکی ئاشکرا کردبا، یەکسـەر دەیگوت:

«بڵـێین چی کوێخـا، خۆت دەزانی، ئەو خـوا دەکا عـادیلەفەندی دێ، چ دەکـا، با بیکا. تۆ هـەر هێندە ڕێگەی بۆ گوند هێنانی بدۆزەوە!»

ڕێگە و سـەرودەرێکی نیـیـە. تەنیـا ڕێگەیەکی هەیـە. لە کردنـی بەولاوە هیـچ جارێکی دی نییە.

هەر لە پاش ئەوەی سەرلەبەری گوند، تەنانەت تاشباش ئۆغڵویش، دەسبەجێ بیروڕاکەیان پێ گەیشتەوە. بڕیاری خۆی دا، بنەبڕ، ئەم بڕیارە گرینگەی دا. بۆ کن تاشباش ئۆغڵو، یەکەم ئەندامی دەستەی دەمڕاستی گوند، زەکەریای ناردبوو. زەکەریا کوڕی پلکی تاشباش بوو. بەوەیشەوە نەوەستا، زەڵەجەیشی خستبووە تەک بۆ کنی. زەڵەجە پلکی ژنەکەی تاشباش بوو.

بەیانییەکی، خۆر یەک دوو ڕم بەرزبووبووەوە، سەفەر جلە هەرە جوانەکانی لە بەرکرد، ئەو پانتۆڵەی کە هەموو جارێ بۆ شاری لە پێ دەکرد، ئەویشی لە پێ کرد. ملبەستێکیشی لە ملی بەست. تەراشێکی چاکیشی کردبوو. بانگی پاسەوانەکەی کرد.

پاسەوان لەبەر دەمیدا ئیکلامێکی کێشا، گوتی:

«ئەمرکە گەورەم.»

سەفەر بەدڵخۆشکردینەوە گوتی:

یاخوا هەر خۆش بی سەرەک پاسەوان. وەڵڵا سەرانسەری ئەم دێهاتی تۆرۆسە سەرەک پاسەوانێکی دیکەی لە سەرووی تۆوە هەبێ دەستی خۆم دەبڕم. جا ئێستا بڕۆ، بەنێو گونددا جاربکێشە. بیکە بەبانگەوازێ کەس لە ماڵی خۆی نەمێنێ، سەرلەبەر لەبەر دەرکەی ماڵی ئێمە خڕببنەوە. ورد و درشت، پیر و لاو، ژن و پیاو، بانگەشەیەکی وا بکێشە سەگ و توولەی گوندیش، هەرچی هەیە و نییە بڕژێنە ماڵی ئێمەوە. تێ گەیشتی؟»

«تێ گەیشتم کوێخام.»

پاسەوان وەک سەرباز، تاق، تەمەنایەکی تری بۆ کێشا و وەک سەربازیش پاشەوپاش بۆی کشایەوە، دای کێشا، چوو بۆ نێو گوند. دەنگی وەک دەنگی ئاشقە کەچەڵ بەسۆز بوو. پاسەوان بانگەوازێکی جوانی دەکێشا.

هەر هێندەی چاو ترووکاندنێ، پێش ماڵی کوێخا پڕبوو. ژاوەی دەهات. تەنانەت تاشباش ئۆغڵویش سوێندەکەی شکاندبوو، ئەویش هاتبوو. گوندی، سەرپاکیان، یەک پارچە بووبوون بەگوێ، چاوەڕێی ئەوە بوون، کوێخا دەست بەقسان بکا.

دڵیان لە مەراقێکدا بوو، تێکەڵ بە بۆرە هومێدێ.

حەشاماتەکە سرتەی لێوە نەدەهات. گوند دەتگوت هەورێ تۆزێ دای پۆشیبوو. ئاسمان ساف و سامالْ، دنیا ڕووناک، بەفر بەو خۆرەوە دەچریسکایەوە، سۆمای چاوی دەبرد. پەڵەیەکی پەڵەئاساییت بەدی نەدەکرد لەو ناوە. هەموو شتێ، لەشی ئینسانەکان، جلوبەرگە شڕوشپڕێوەکانیان، هەرچییەکی تۆ بڵێی، وەک پاک پاکت شوشتبن و لەبەر هەتاوێت هەڵخستبن وابوون. بەڵام وێڕای ئەوەش هەر دەتگوت هەورێ تۆزێ دای پۆشیبوو، خەڵکەکە پێیان وابوو وەیشوومە و فەرتەنەیەک لێی هەڵکردوون.

کوێخا هەر لە دەرکەی ماڵێ وەدەرکەوت و نەکەوت، هەر سەر بوو بەرەو لای ئەو وەرسووڕا، لە ناکاو قەرەباڵغییەکە کردیان بەهەرا، پەردەی کڕوکپییەکە دادڕا.

«دە بڵێ، دە بڵێ کوێخا، دە بڵێ جوانی بڵێ.»

مرێمۆک لە پێشی پێشەوە بوو، زاری کردبووەوە، هەر لەبن لووتی کوێخادا بوو. چاوەڕوان بوو، هەرچی لە زار هاتەدەر بیقۆزێتەوە و قووتی دا.

کوێخا گەرووی پاک کردەوە. یەک دوو کۆخەیەکی بۆ کرد، ئینجا ڕاوەستا. یەکە یەکە، چاوێکی بە قەرەباڵغییەکەدا گێڕا. کەسی هەڵنەبوارد لە دوادواییەکەیدا هات بەدیار تاشباشەوە وەستا. هەرچی خۆشەویستی هەبوو، لە ناو چاویدا خەستی کردەوە، دۆستانە، تێی ڕوانی.

دەیزانی گوندی ئێستا، نیوە شێتگیرێ بوون. هەر بەحاڵ لێیان هەڵەنگوتبا، لەوانەبوو کارێکیان بەسەر هێنابا، نەبووبێ و نەکرابێ. هیچ دوور مەڕۆ. بۆ نموونە، دەیانتوانی شەتوپەتیان کردبا. دەیانتوانی لەسەر زگی ڕووت، دەمەوڕوو، لە هەردوو لاقیان گرتبا، بەناو گونددا پەلکێشیان کردبا. دەبێ زۆری ئاگا لەخۆ بێ، هەمیشە دەستی لەسەر پیتکە بێ و زۆریان بەدانسقە لەگەڵ بدوێ.

کێشمانێکی خۆی دا، لاقی ڕاستی ڕەپێش کرد، یەک دوو جارێکی بەعاردیدا دا. کوتومت وەک مەلای قەرەتۆپاخێ دەستێکی بەڕدێنیدا هێنا،

جارێکی دیکەیش، دوو جاری دیکەیش کۆخەی بۆ کرد.

لەو بیرەی قەدەرێ پێشتر کردبوویەوە، پەژیوان بووبووەوە. لەو ڕۆژانەشدا ترسی لێ هاتبوو ئەمما ترس! ئای بۆ ئازایەکی ئەم گوندە لێی ڕاپەڕیبا؟

ئەگەر گوندی دەزانێ تۆ وا زەندەقت چووە، بشترسێی یەکسەر پێ دەزانێ، ئەوسا هەرچی خراپەیەکی بەخەیاڵتدا نەیە پێت دەکەن. سەگێکی هار، بە هاریی خۆی، بزانێ لێی ناترسێی، پرت ناداتێ، هەڵت ناکاتێ. ترسان نییە. مردن ڕووبەڕووت بێ، لە بەردەمتدا قوت بێتەوە، ترسان نییە. ترسان نیوە مردنێکە. ئەم گوندییانە تەنیا ڕۆڵەی ناموسن، تەنیا لە نێوچاوانی ترسەوە بەم حاڵە گەیشتن.

گوتی:

«وە برادەرینە، وە دراوسێینە. وە مامە و لالۆکان، هاپۆینە، وە برا گیانی بەگیانییەکانم، هاورێ دڵسۆزەکانم،» گوڕی بە خۆ دا. بڵێی نەختۆکەیەک ترس، لەرزینێ، هیچ هیچ بەدەنگیدا دیار نەبوو. دەنگی نێر، هێندەی بڵێی پڕبەزە بوو. «لە حاڵێکی زۆر بەگیروگرفت و بارێکی ئێکجار نالەباردایین.»

نەڕاندیان:

«ئێکجار نالەبار،» گوتیان.

ئەمە کوێخای هێندەی دیکە بەگوڕ هێنا و ئەوەندی دیکەی بەزەوق خست.

«هەرچییەکمان هەبوو و نەبوو، هێنامان شاردمانەوە. چاکیشمان شاردنەوە، وامان شاردنەوە، پووشکەیەکی پووشکەئاسایی چییە لە بیرمان نەکرد، شاردمانەوە. ئەمە چاکە و زەریفە، کارێکی تا بڵێی ئازایانەیە. هەرچی پۆلیسی کۆماری تورکیا هەن، هەرچی جەندرمەی هەن، هەرچی شۆپ هەڵگرباشیی هەن، هەرچی ڕمڵهاوێژ و لێزانی هەن، بیانهێنن، بگەڕێن، کون و قوژبنی گوند بپشکنن، سەرە دەرزییەک چییە نایدۆزنەوە. من لەبەر هەندێکە شانازیتان پێوە دەکەم. لە تەهی دڵەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم. گوندیی وا بەسەلیقە و هاودڵ و دەروونی یەکتر، نەک لە تۆرۆس، لە هیچ وڵاتێکی ئەو سەر دنیایە وەچەنگ ناکەون. بەڵام کارەکە ڕاستی نەهێنا. ئەوەی گوتمان

بەدی نەهات. ئەو پەڵەی هاویشتمان نیشانی نەپێکا. سەرلەبەری شار، گوندەکانی دەوروبەر، هەرچی هەیە و نییە ئەم قارەمانێتییەی گوندەکەی ئێمەی بیستەوە. ماڵ شاردنەوەمانیان تا چقورئۆوا بیستەوە. تەنانەت عادیلەفەندیش پێی زانیوە. هەر سەبارەت بەمەیش بۆ گوندەکەمان نەهات. هێندەمان چاوەڕێ کرد، تا پەرێشان بووین. هەروا چاوەڕێی دەکەین. بەم ڕۆژگارە چاوەڕێی دەکەین، هەر نایە. ئەوەندەمان چاوەڕێ کرد، مردین، تۆپین.»

قەرەباڵغییەکە دایانە خوتە و بۆڵە:

«مردین، تۆپین.»

«جا ئێستا دەبێ نامووس و ئابڕووی خۆمان بکڕینەوە. دەبێ هەموو کەسێ بزانێ، دنیا بزانێ، کە گوندیی یالاخ لەبەر قەرزدانەوە شمەکی خۆ ناشارنەوە. ئێمەیش هیچمان نەشاردەوە. چ بڵێین بیشارینەوە؟ با بێ، هەرچییەکمان هەیە و نییە، بیبا عادیلەفەندی. ئێمە هیچ شتێکمان نەشاردووەتەوە. هەرچیمان هەیە وا لە بەرچاوە. ئەدی وەنییە؟ ئەم بوختانە گەورەیە گوندەکانی دەوروبەر، دژمنە حیزبییەکانی ناوشار پێمانی دەکەن، بۆ ئەوەی ڕووی ئەوەمان نەمێنێ بچینە ناو پیاوان، چاومان لەبەر ئینسانانی سەربەرز هەڵنەیێ.

«ئەم پیاوە، عادیلەفەندی، بۆ گوند دەهات. مومکین نییە، هەر دەهات. من دەیناسم. لە گیانی خۆش دەبێ لە ڕێزەیێ مافی خۆی خۆش نابێ، ئەوە من دەیناسم و بەس. ئەمما و بەڵانەکینێ ئەم بوختانە گەورەیەی بەملیاندا هێناوین بیستووتەوە. بەوەی زانیوین کە ماڵ و سامانمان لێ شاردووەتەوە. ئەویش بەرکداچووە و نەهاتووە. لە هەلێ دەگەڕێ، خۆی بۆ ئەوە ناوەتەوە خراپەیەکمان دەرهەق بکا. خراپەیەکی ئێکجار گەورە. ڕەنگە بڵێین چ خراپەیەکی پێ دەکرێ. چما پێتان وایە خراپەی پیاوی شاری بەبیری شەیتانیشدا دێ. کێ دەڵێ هەر بۆ ئەوە وای نەکردووە تا دەمرین بەشەرمەزارییەوە گینگڵ بخۆین. سا هەرچییەک بێ، دنیا با بیلبتوون بزانێ

که ئێمه هیچ شتێکمان نەشاردووەتەوە. با عادیل بێ، هەرچیمان هەیە و نییە، بیبا و بڕوا. حەز دەکا با ئێمە، خۆمان هەرچییەکمان هەیە بۆی ببەین و لەبەر دەرکەی بۆ خڕکەینەوە. بەڵام بەسە ئیتر. بەسە! وا شەق دەبەین و دەمرین. یا ئەوەتا شێتایەتییەکمان لە دەست دەقەومێ.»

قەرەباڵغییەکە لەپڕ تەقییەوە:

«شێتایەتییەکەمان لە دەست دەقەومێ.»

بەهەر جـۆرێ بێ دەبێ چارێ بۆ هێنانە گـوندی ئەم پیـاوە بدۆزینەوە. لەوانەیە بێ و دەست بۆ بزگـوڕێکیـشـمـان نەبا. بەڵام بەم شـەرمـەزاری و سـەرشـۆڕییەوە قـەت دەرنابەین، ئەمـە تا کـەی؟ ئەمـە قـەت لـە ڕەسـەنایەتیی نەتەوەی تورک ناوەشێتەوە.

«دەبا بێ، دەبا بێ کەوڵەکانی ژێرمان، لێفەکانی سەرمان، دەفر و ئامان، ئیـرباری نێـو ئیـرباردانمان، ئێڵـەکی بەدیواردا هەڵواسـراومـان، دەرزی و دەزووی پینەوپەڕۆمان، سـەگەکانی بەردەرکـەمان کـە سەپکیان دەدەینێ، ببـاو بڕوا. ئەو هەر بێ و بەس. دەبا بێ لەم ئازار و ئەشکەنجەیەمان قوتار کا. حەز دەکا منداڵەکانیشمانی وەک شیری ببا دایکی پێ حەڵاڵ بێ و بیانبا. ڕۆحە شیرینەکانمان نین، دەبا ئەوانیش بەرێ و نۆشی گیانی بێ.»

زۆر سـەیر هاتبـووە جـۆش، زۆری حـەز دەکـرد بڵـێ و بڕێسـێ، بەڵام گـوندی زۆر حـەز لە درێژدادڕی ناکەن، زوو لە قسـەڕستنێ وەڕەز دەبن. دەبوو نەختـێ لە کورتیی ببڕێتەوە.

ئەوەندی لە دەستم بێ بۆ عادیل هێنانە گوند، دەیکەم و درێخی ناکەم. سێ ئەندام لە دەستـەی دەمڕاستی گوندی دەنێرمە خزمەت، پێی دەڵێن، یا وەرە هەقی خۆت بستێنە، یا ئەگەر لە هاتن نی، بڵێ، نایەم، خۆ ئەگەر ئەم ساڵمان لێ خۆش بی ئینسانەتییەکی هێند گەورەیە مەگەر هەر لە شان و شەوکەتی تۆ و خوێنی ڕەسەنی تۆ چاوەنۆڕ بکرێ.

ئیدی وا قسـەکەم لێرەدا دەبڕمەوە. فەرموون هەرکەسە بۆ ماڵی خۆی. ئەوە زۆر چاک بزانن ئێمـە مـاڵ لە مـەعمیل وەناشێـرین. وە قـەتیشی لێ داگیـر

ناکەین. خەڵکەکەیش لە سەرماوسۆڵە وەڕەز بوون. خواحافیز براینە، ڕۆحە شیرینەکانم، هاپۆ و لالۆکانم، خزم و خوێشەکانم. با شتێکتان پێ بڵێم، لێو ڕوون بێ، عادیل ئەوڕۆ بەوە دەزانێ ئێمە لەوان کەسان نین ماڵ لە مەعمیل بشارینەوە. ئەوی ئەو خەبەرەشی ڕادەگەیەنیتێ، دژمنی نێوخۆی گوندە. ئەو زارشڕەیە، ئەو نایەوێ چاکە لەگەڵ گوندی بکا. ئەگەر خەبەرەکەشی ڕانەگەیاندێ، هەینێ دەستەی دەمڕاستی گوندی دەنێرمە کن. ئیدی خواحافیز.»

۱۳

مرێمۆک بەهەڵەداوان گەڕایەوە بۆ ماڵ. ئەو کارەی هیچ بەدڵ نەبوو، زۆری پێ تووڕە بووبوو. هەرچیی بەزاریدا هات بەگوندی، بە کوێخا، بەدار و بەردی دنیا، بەتەیروتوو، بە هەرچییەکی هەیە و نییە، گوت.

هات لەبن هێلانە پەڕەسێلکەکە ڕاوەستا. چاوی لە بوخچۆکەکەی وێندەرێ بڕی. لەبەر بێ ئارامییان، وەخت بوو بتەقێ. پێی وابوو عادیلەفەندی هەر ئێستاکانێ پەیدا دەبێ. هەر لەگەڵ دەهاتە نێو گوند و نەدەهات، دەیپرسی، ئەرێ ماڵی ئوزونجە عەلی لە کوێیە؟ یەکڕاست وەژوور ماڵێ دەکەوت، دەستی درێژ دەکرد، پڕی دەدایە بوخچۆکەکەی بن هێلانەکە و دەیبرد. چ بکا، چ نەکا، دەبوو لەودەمەدا بوخچۆکە زەردی قوتار کردبا. دوابراوەکانی دیکە هێشتا نەگەڕابوونەوە ماڵێ. پاش نەختۆکەکی حەسەن وەژوورکەوت. مرێمۆک ئیشارەتی بۆ حەسەن کرد.

حەسەن:

«ئەوە دەستم نایگاتێ،» گوتی.

مرێمۆک دەستەوئەژنۆ لێی دانیشت، ملی لارکردەوە. بەئامان و زەمان چاوی لە هێلانەکە ڕانەدەگوێزت. پێی وابوو لە سەرووڕا دەستێکی نادیتەی بۆ درێژ دەکرێ و بۆخچۆکەکەی هەڵدەگرێ. دەیبا. پێی وابووترووکەیێ چاوی لێ خافڵ کردبا ڕای دەفڕاند، دەیبرد.

حەسەن هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، گوتی:

«ئاخ، بریا بەژنم نەختۆکەیەک بڵیندتر با، هەروام دەکرد، لەوێم دێنا خوار. پاش دوو ساڵی دیکە با، بەژنم نەختۆکەکی بڵیندتر دەبوو، با باوکم بێتەوە.»

مریمۆک لە بەرخۆیەوە دایە خوتە و بۆڵە.

بەدیاردیی دەست کۆتەی قوژبنەکەی نیشانی حەسەن دا. بۆ قوژبنەکە چوون، یەکیان لەولای و یەکیان لەولای نەوی، کۆتەکە بێنن، لەبن هێلانەکەی ڕانێن، مریمۆکی سەرکەوێ. بوخچۆکەی بن هێلانە پەڕەسێلکەکە بێنێتە خوار، هەر چەندیان کرد کۆتەیان پێ هەڵنەگیرا.

حەسەن گوتی:

«با تا ئەوێی خل کەینەوە.»

ددانیان بەجەرگی خۆیاندا نا، ویستیان پیرە کۆتە خل کەنەوە لەودەمەدا عەلی و ئەلیف وەژوورکەوتن. عەلی بەپێکەنینەوە:

«ئەوە چ لەو کۆتەیە دەکەن؟» گوتی. «ئەوە کەی بن هێلانەکەت دەوێ دایە؟ هەر ئێستاکانێ بۆت دادەگرم.»

بەسەر پەنجەی پێیەوە ڕاوەستا، دەستی برد، بوخچۆکەی بن هێلانەکەی هێنایە خوار، دایکی هێشتا هەر نیخەنیخی بوو، لە کۆتەکە دەنەوی. بوخچۆکەی بۆ دایکی درێژ کرد. مریمۆک لەپڕ، بەسەرپێچییەکەوە، لە کۆتەکەی لێی نەویبوو، گەڕا، باوەشی بەبوخچۆکەکەیدا کرد. دەموچاوی شادیی دایکێکی لێ دەباری بەدیداری ساوایەکەی شادمان بووبێ، لە هاسانەی دەرکەی لێی دانیشت. بوخچۆکەی کردەوە. لە پێشاندا کراسەکەی دەرێنا، گورج بەسەر کراسەکەی بەریدای لە بەرکرد. گوارەکانی لە گوێ کرد. لووتەوانەکەی لە کەپووی کرد. ملوانکەکەی لە مل کرد. گوستیلکە فەرمایشتی پێغەمبەر لەسەر هەڵکەندراوەکەی لە قامکی کرد. ئەوجا سەرپۆشە سپییەکەی بەسەر سەریدا دا و دوو کرێپی ئاوریشمی بەسەریەوە بەست و یەکڕاست چوو بۆ ناو ئاوایی. نیازی چوونە هیچ ماڵێکی نەبوو. دەیویست خولێکی نێو گوند بدا.

ئەوانەی بەم جلوبەرگەوەیان دیت پەلاریان هاویشتێ، گوتیان:

«داپیرە مریمۆک بووە بە بووک.»

ئاخ، خۆزی داپیرە مریمۆک بەقسان هاتبا، پەڕەی دڵی دەبەر قسە ژەهراوییەکانیان دابا. مریمۆک دەڵێ. چار چییە، چارەنووس وای هێناوە.

کە گەڕایەوە بۆ ماڵ تەماشای کرد حەسەن و ئومەخان دەستیان لە سەروقژی یەک ناوە، بەشەڕهاتوون. عەلی و ئەلیف خەریک بوون دەغڵی نێو عەمبارەکەیان دەردێنا، خۆیان لە شەڕوهەرای منداڵەکان نەدەگەیاند.

ئومەخان دەیگوت:

«بێنە، هی خۆم نییە؟ من بەم زستان و قیامەتە هیچ شەوێ نەنووستم، ئەدی تا بەرەبەیانێ پێکەوە شەوگارمان نەکردەوە، ئەمن ئێشکم نەگرتبا، تۆیش نەتدەوێرا پێ باوێیتە ئەودیوی دەرکەوە. ئەوسا دەهاتن ورد و باریک دەیاندۆزییەوە، دەیانبرد. بێنە هەقەکەم.»

حەسەن دەیگوت:

«نایدەم. نۆ دانەیە، نابێ هەشت بێ. قەیدی ناکا، با هی تۆ بێ، بەڵام با هەر لەوێ بێ.»

ئومەخان:

«ماڵی خۆم نییە، دەیبەم لە بەڕکمی دەکەم. ماڵی خۆم بۆ خۆم. نەیدەی بەتۆبزی، بەتۆبزیت لێ دەستێنم. دەنووی، شەوێ دەیدزم.»

دەکژا یەکرا دەچوون، بەرۆکی یەکدییان دەگرت، بەشەڕ دەهاتن.

مریمۆک لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

«گۆڵە سەگینە، بخۆن، یەکتر بخۆن. وەک سەگی برسی ورگی یەکدی هەڵدڕن.»

لە پاشان ئەم شەڕوشۆڕەی بۆ قووت نەچوو، لەوە زێتری خۆ پێ نەگیرا، چوو ناوبژیی کردن، لێکی جوێ کردنەوە. حەسەن کەپووی بەخوێن هاتبوو.

عەلی بەئەلیفی دەگوت:

«ئەلیف ئەمە بکە و ئەوە بکە. با نیوەی دەغڵەکە لە عەمبارەکەدا بمێنێتەوە. دوو سەحەن و چوار کەوچک دەرێنە. با ڕۆنەکە چیی لێ دەرنەهێنین. چاکە؟»

عەلیش دەیگوت:

«باشە.»

هەرچی مریمۆک بوو ترسێکی لە دڵدا بوو. تۆ بڵێی عادیل هاتبا، هەرچی لەبەر پیاودا با، ڕووتی کردبایەوە، بردبای؟ هەر ئەوەبوو نەدەتەقی. ئەو کرمەی تێی دابوو، دەیخوارد و دەیبڕییەوە. لە کێی پرسیبا؟ لە کوێخای پرسیبا، خۆی بەشتێ دەزانێ، دنیای لێ پڕ دەکرد، دەیگوت، مریمۆک هات ئەمەی لێ پرسیم، ئەوەی لێ پرسیم. ئوزوونجە عەلی دەڵێی، ڕۆحیشی دەرهاتبا لێی نەدەپرسی. هەر پیاوی جێ متمانەی گوند هەبوون سەرلەبەریانی وەپێشە چاوی خۆ هێنایەوە، بیری لەو کردەوە. ئاخری بڕیاری لەسەر تاشباش ئۆغڵو نیشتەوە. گورجێ چوو بۆ لای تاشباش ئۆغڵوو. تاشباش ئۆغڵوو لەبەر ئاگردانەکەی خۆیان هەڵکورمابوو، هێند گرژ و مۆن بوو، پەلەپیتکەت لێ دابا دەتەقی. کە چاوی بەمریمۆک کەوت لەبەری هەڵستا، فەرمووی لێ کرد. مریمۆک ڕۆنیشت، ئیشارەتێکی بۆ کرد، ها مانا، وەرە بەر ڕووناکیی دەرکەی. تاشباش ئۆغڵوو هاتە بەر ڕووناکییەکە.

مریمۆک بە قیافەتێکی سەیرەوە بوو. تاشباش پێکەنینێ گرتبووی لە تەهی دڵەوە دەکولا، بەڵام خۆی دەگرت. مریمۆک بەوەی زانیبا، خودا عالیمە، تا مردن نەیدەڕوانییە چڕوچارەی. ئەم ئافرەتە بۆچی خۆی وا ڕازاندبووەوە، بۆچی خۆی وا لە تەل دابوو. ئەمە خەسووی نووح عەلەیهیسسەلامە، ئەم بەزمە شتێکی لە ئالەم بەدەری تێدا بوو، هاتنی مریمۆکیش بێ سەوەو و سۆنگە نەبوو. مریمۆک لە پێشان گوارەکانی گوێچکەی، پاشان بازن و دەسبێنکەکانی دەستی، ئەوجا لووتەوانەکەی کەپووی، دوایی گرێپەکانی سەری، کراسەکەی بەری نیشان دا، گوارەکانی گوێچکەی دەرێنا، بەری بەلای شارەوە کرد، بەئیشارەتی دەست و بازوو، باسی عەلیی کرد.

تاشباش ئۆغڵوو لەوەی گەیشت کە باسی عەلی دەکا، بەڵام لێی حاڵی نەبوو چ دەڵێ.

«عادیل دێ، لەوە گەیشتم، بەڵام ئەگەر هات چ دەبێ، لەوە تێ نەگەیشتم.»

مرێمۆک کراسەکەی بەری نیشان دا، وەک خۆی ڕووت کاتەوە، بەو جۆرەی کرد. ئەوجا وەک هەموو کەلپەلەکانی لەبەر داکەنێ وای کرد و کردنی بە بوخچۆکەیەک.

تاشباش ئۆغلّو گوتی:

«تۆ سوێندت خواردووە، تەنانەت قسە لەگەڵ مێرووی ئەو سەرزەوییەی گوندیش نەکەی. هەقتە. منیش هەروەک تۆم. منیش دەڵێم و گوتووشمە، هەرکێ پێ لە میزی ئەم گوندییانە بنێ گەڕوگول دەبێ. ئەم گوندییانە بەر لەحنەت کەوتوون، تۆقی نفرِیان لە ستۆ کراوە. گوندییەکن مردوون و بڕاونەوە، گوندییەکی کەرن. تۆ بنۆڕە بنۆڕە ئەو ماڵ و حاڵەی دوێنێیان شاردبووەوە. ئەوڕۆکە چۆنیان دەردێن! لەگەڵ من باخێوە، چ نەبێ با لە قسەکانت بگەم. ببم بەدەرمانی دەردت، دە ورتەیێکت لێوە بێ، چ دەبێ!»

مرێمۆک بەسەری ئیشارەتێکی (نابێ)ی قایمی کرد. «نەخێر شتی وا هەرگیز نابێ،» گوتی سەرلەنوێ خۆی بۆ ئەوە خڕ هەڵدا، هەرچییەکی لە دڵدایە، بەئیشارەت دەری بڕێ، تاشباش ئۆغلّوو ئەم جارە، وەک لێی حاڵی بووبێ وابوو.

«دایە واتا دەتەوێ بڵێی کە عادیل هات بۆ گوند، هەرچییەکت لە بەردایە، ڕووتت دەکاتەوە و دەیبا؟ دەتەوێ وا بڵێی، وەنییە؟»

مرێمۆک پێ کەنی- دەستی تاشباشی گرت، لەسەر دڵی خۆی دانا. تاشباش ئۆغلّو:

«هیچ مەترسە دایە،» گوتی عادیل ئەمساڵ بۆ ئەم گوندە نایە، نایە. بشیێ لە هیچ قانوون و یاسایەکدا، لە هیچ داوودەستوورێکدا بنیادەم ڕووتکردنەوە نییە. زێڕ و زێوی دنیایەت پێوەبێ، نیوەی ڕێزەیەکیت لەبەر ناکاتەوە. ئەم گوندییانە لە ترسان زەندەقیان چووە، شێت بوون. تۆشیان شێت کردووە. بڕۆ بەکەیفی خۆت بکە، دایە شیرینەکەم.

مرێمۆک سەبوورییەکی هاتەوە. پاش ئەوەی دەستی تاشباش ئۆغلّوی چەند جارێکی دیش لەسەر دڵی دانا، لەوێ هەڵبڕا، گەڕایەوە بۆ ماڵێ. گەڕایەوە،

بەڵام، چی ببینێ، منداڵ هەر شەڕیان بوو، دیسان ناوبژییەکی کردن، لێکی کردنەوە. دەستی بەسەروپۆڕی هەرتکاندا هێنا و لاواندنیەوە، بەئیشارەت هەڕەشەی لێ کردن: جارێکی دیکە بەشەڕ بێنەوە، ئیدی هەقم بەسەرتانەوە نییە ها، گوتی.

عەلی پاش ئەوەی بەشێکی سەروەت و سامانەکەی، دەتوانم بڵێم لە سەتا دەی، لە حەشارگان دەرێنا، چوو بۆ لای خەلیلە تەوەزەل. چاکە بۆچی بۆ شوێنێکی تر نا، بۆ لای خەلیلە تەوەزەل؟ خەلیل کابرایەکی لەسەرەخۆ بوو. گوندی هەرچی ماڵ و سامانیان هەبوو، تا ئێوارێ، سەرلەبەریان تەقەت کردبوو، کەچی خەلیل تا ژێرخانێکی لێ دابوو، تا ماڵ و حاڵی خۆی لێ وەشێردبوو، تا سەری نابووەوە، پازدە ڕۆژی خشتی خایاندبوو، تا ئێستایش لەلای ژێرخانەکەی دانیشتبوو. چاوی قووچاندبوو، هەروا لە سەرەخۆ، بەدەستی خۆڵەکەی سەری هەڵدەدایەوە. جا ئەگەر هەرجارە لاگوێلێ خۆڵی لە زارکی بیرەکە بۆ هەڵکەندرابا، یا نە. کار وا ڕۆیشتبا، لەوانەبوو بەساڵێکیش شمەکەکانی بۆ دەرنەهێندرابان.

«خوا قەوەتت دا خەلیل ئاغا،» گوتی.

خەلیل بە لەبز و دەم و دوویەکی نەرم و لەسەرەخۆ هەڵوەرینەوە:

«خوا خۆشت کا،» گوتی. «هەروا خەریکین، جا بەشکو دەریان بێنین. بەڵام چی، هەربینا دیسان لە چاڵمان کردنەوە. جا وەنییە؟»

عەلی:

«بەرێ وەڵڵا وایە، کاکە،» گوتی. خوا کارت ئاسان کا. هەزار جار ئاسان.»

ژنان کە مریەمۆکیان بەو ڕەنگە دیت، وا ڕازاوەتەوە و خۆی لە تەلی تەمەبوورەی داوە، ئەوانیش بێ سێ و دوو جلوبەرگ و ئالاو والا و بەزەک و دۆزەکی جێژنیان هەموو لەبەر کرد. خشڵ و زێڕ و زێو و تەنکە و پلپلە و پۆیلەیان، چی هەبوو بەخۆوە کرد. ئەمەیان لە خۆ سووی، ئەوەیان لە خۆ سووی. گوند چووە پێستی جێژنێکەوە. کیژی لاو، بووک، لەوە ئێکجار دڵخۆش و مەمنوون بوون.

گوندی ئەوەی دەری هێنابوو، دەری هێنابوو و ئەوەی هی شاردنەوە بوو شاردبوویەوە. بەڵام چ دەرێنانێ! دیسان هەر ئەو تاس و هەر ئەو حەمام. هەرچییەکی بەنرخ و گرانبەها بوو و ددانی لێ گیر دەبوو، وەکە خۆ بەشاردراوەیی مایەوە. بەڵام خۆشیان هاتبوونە سەر ئەو بڕوایە کە هیچ شتێکیان. بگرە دەنکە جۆیێ چییە، لە ژێر زەویدا نەماوە.

لاور و وڵساتی نێو ئەشکەوتی پەرییان زۆر چاک بەوێندەر ڕاهاتبوون. ئیدی لەمەوپاش سەروەت و سامانی گوندی، تا ڕۆژی قیامەتێ هەر لە نێو ئەشکەوتان دەمایەوە. ئەکەر عادیل هات، بلا بچێ لاور و وڵساتان لەوێ دەرێنێ. هیچ نییە شاردبێتیانەوە.

بێ ئەوەی قسان بکەن، بەو جۆرە ڕێک کەوتبوون. جا هەنووکە دیسانەکێ هەر چاوەنۆڕی عادیل بوون. بەڵام ئەوجارە بە سەر و دڵێکی ئاسوودە و سووکەوە و بێ ئەوەی هەست بە شەرمەزارییەکی زۆریش بکەن، چاوەنۆڕیان دەکرد.

## ١٤

ڕۆژ ڕۆژی ئاشقە کەچەڵ بوو. شەش مانگ جارێ، دوو ساڵ جارێ ئاشقە کەچەڵ ڕۆژێکی وا بەجۆش و شەوق و شووری دەبوو. لەو ڕۆژانەدا سێ دانە گوڵینگی بەنووکی سێتارەکەوەی دەکرد. هەموو جارێکیش گوڵینگەکان، یەکیان شین، یەکیان زەرد، یەکیان سوور بوو. جگە لەو ڕۆژانە بەدرێژاییی وەخت تاکە گوڵینگێکی سپیی بەنووکی سێتارەکەوەی شۆڕ دەبووەوە. هەر کاتێکی دەبوو بەسێ گوڵینگ هەموو کەسێ دەیزانی ئاشقە کەچەڵ لە جەنگەی شەوق و شووره گەورەکەیدایە و گۆرانی و ستران دەچڕێ، داستان و ڕازێ دەگێڕێتەوە نەگوترابن و نەبسترابن.

ئاشقەکەچەڵ سەری لە هەموو وەختێکی دیکە جەنجاڵ و قەرەباڵغتر بوو. ئەوی چاوی بەگوڵینگەکانی دەکەوت یەکسەر دەیزانی ئەو شەوە شتێکی لە ئالەم بەدەر ڕوودەدا. ئاشقەکەچەڵ لەو ڕۆژانەدا کە دادەنیشت، قەدەرێ

خـەریکی تاری سـێتـارەکـانی دەبوو و ترازووی دەکـردن  بار و دۆزەنی خـۆی دەدانێ. سێتـارەکانی خۆش دەویست، دەسـتی پێدا دێنا، ئەمدیو و ئەودیوی دەکـرد، خـۆلاسـە لە هەمـوو حـاڵێکی ڕا ئاشکرا بوو، سـەرتاپا شـیـفـتـەی سێتارەکەیەتی. شەوێکی ساماڵ بوو. ئـەستێرەی بەئاسمـانەوە لە سەرما ڕەق هەلاتوو، تاکوتەرا نوقمی بریسک و باسک بووبوون.

مـانگێکی چواردە شـەوەی خشت لە ئاسـمـان، سێبـەری خانووبەرەی گوند. سێبەری داری بـەتەنیـا بەجێمـاو، سـێبـەری خەڵکەکەی لـە ئاشقـەکەچەڵ خڕ بووبوونەوە، بەو سەر بەفرە سپییەدا درێژ دەکردەوە.

ئاشقەکەچەڵ:

«ئێـزنـگی پتـر لـە ئاگـردانێ بـاوێن، زۆری تێ باوێـن،» گـوتی. «با ئاگـرەکـە بگڕێ، هار و شێت بێ.»

کردبووی بە خـوو، هاوین با، زستان با ئـاگرێکی گەورە و گـران نەکرابایەوە لاوژە و سترانی چاک بۆ نەدەگوتران.

تا تـوانیـیـان کـوتک ، کـۆتەرەیان لەسـەر کـوتک و کـۆتەران هـەلاًزنی. ئاشقەکەچەڵ پیرە سێتاری لەسەر ڕانی دانا، قیت بووەوە، قەدەرێ کڕبوو. لەو دەمی چاوی دەقووچا، وەک لە خۆ بچێ وەی لێ دەهات. ئەمەیش ئاین و ئۆینێ نەبوو ئـاشـقـەکـەچەڵ بۆ خـۆ دای هێنابێ. ئاین و ئۆین بـا هـەمـوو کـەس پێی دەزانی. فرتوفێڵ زوو پێی دەزانـدرێ، هەوەڵ جار پێ نەزاندرێ، دووەم جار پێ دەزاندرێ، دەیەم جار هەر پێ دەزاندرێ.

ها لە پاش چـەند و چەند، ئاشـقـە کەچەڵ لەسـەرەخـۆ سـێتـارەکـەی دەست دایێ. سـەر پەنجـەیەکی لە تـارەکـانـەوە ژەند، ئـەوجـا دەسـتی پێ کـرد. بەدوورودرێژی، بە لەخـۆچوونەوە، سـێـتـاری وە ئاه و نـاڵە هێنـا. لە پڕێکدا بڕیشیەوە، گوتی:

«ئەوڕۆ ڕۆژی پەند و شیـرەت لـە چیرۆک وەرگرتنە. هێـهێێێی، قورینگە بە بەزەک و دۆزەکـەکـان.» چاوێکی بە قـەرەباڵغییـەکەدا گێڕا. قـەرەبـاڵغیی تاین بەیەک دەنگ:

«بەسـەری قەرەجـە ئۆغلانی بـاپیرم. بەسـەری پیرسـوڵتـانی باپیرم، بەسـەری داداڵ ئۆغڵـوی باپیـرم. هێـهێیی قورینگە بەنەخش و نیگارەکان. ئەوڕۆکـەیش بەسـەری ئاشـقی کـوردان، ئەبدالی زەینکم.. هێـهـێیی قـورینگە بە بەزەک و دۆزەکەکان. هێهێیی چیا سەر بەکرێوە و بۆران و زریانەکان!»

«بەسـەری ئەبدالێ زەینکم. بەهونەر و بەهرەکـەی، هێـهێیی. کـەژ و کۆسـارە بە بەفرەکان. قورینگە بە نەخش و نیگارەکان.»

ئاشق دەسـتـێکی دیی لە سـێـتـارەکەی دا و ئـەوجـا دەسـتی بەسـەربهـورد گێڕانەوە کرد:

«پیـاوێک ئەبدالی زەینکی پێ دەڵێن. ئاشــقـێکی گـەورەیە، بـەیت و لاوژە بەسـەر دار و بەرد و کێو و تـەیروتوو و دڕندە و جـانـەوەردا هـەڵدەدا. ئەو وەک ئاشقی دیکە ناچێ. هەر لە سـبیانێرا تا ئێوارێ، هەر لە ئێوارێرا تا سـبیانێ، بێ وچان دەچڕێ و تـێ هـەڵدەکا و دەچرکـێنێ. ئاوی ڕەوان چۆن لە ڕۆیشـتنێ وەڕەز نـابێ و نـابڕێ، گــــۆتـنـی ئـەبدالـێ زەینـکیش لـە بـڕان نـایـە، بـەیـت و سترانەکانی نابڕێنەوە. لە ڕێگەوبانان، لە بانوو و ئاران و چۆڵ و دەشـتان، لە بێـروون سـارا و هەڵەت و زوورگـان، لـە نێـو لێـڕ و جـەنگەڵان، لە نێـو بەرەی ئینسـانان، لە هەموو شـوێنێ، بێ پشـوو، بێ نێوبڕ، بەیتان دەبێژێ، سترانان دەڵێ. ئینسـانی وەگـیـر نەکـەوێ بەدار و درەخت، بـەئاو و کـانیـاو، بەگـوڵ و گوڵووک، بەگەزندە و مێرووانـدا هـەڵدەڵێ. هـەرچییەکی لەو سەر دنیایە وەچەنگ کەوێ، لاوژەی پێدا هـەڵدەڵێ.»

«گـەلـەکی دوورودرێژ دەچڕێ. بەیتـێکی دەڵـێ، بەچل شــەوان و چل ڕۆژان نابڕێتـەوە. گۆرانییـەک ئـەبدالێ زەینک دەسـتی پـێ کردبێ، هـەر کـەسـێکی لە پاش هـاتبێ، تـا هـەنووکە نەیتـوانیـوە تەواوی بکا. بەیتـەکـانی بەکوردی دەڵێ. بەیتی کـورد نابڕێتـەوە. بەڵێ بەکـوردیی دەڵێ، بەلام لە تورکت، لـە عـارەبت، لە عـەجـەمت، لـە ڕووست، لە ئنگرێزت، هـەمـوو تێی دەگـەن. ئـەمـە سـڕێکە کـەس نازانـێ چییـە. ئەم ئەبداڵە هەمـوو شـەوێ لەگـەڵ ڕۆژاوابوونـێدا دەست بەلاوک گوتنان دەکا، هـەر کە ڕۆژ هـەڵدێ و هـەڵنایە، هـەرکـە چمکێکی وەدیار دەکـەوێ

و ناکەوێ، ئەویش کڕ و بێ دەنگ دەبێ.»

«ئەم ئەبداڵی زەینکە یارێکی هەیە، نە دیتوویە، نە دەیبینێ، نە دەستی پێ کەتییە. کە دەست بەلاوکان دەکا، دەست بەهەرکێهە لاوکێکی بکا، لەگەڵ خۆراوابووندا بەیارەکەیدا هەڵدەڵێ. ئەوجا لە پاشان دەچێتە سەر بەیتە ئەسڵییەکە. هەر گۆرانییەک بڵێ، دواییی پێ دێنێ و گۆرانی بەسەر یارەکەیدا هەڵدەدا. پێش بەدیارکەوتنی لچکێکی ڕۆژ، بەنەختێ، دەیبڕێتەوە. ئەوجا هەرکە تەواوێ ڕۆژ هەڵدێ دەست بە سترانی یارەکەی دەکا، ئیدی ئەو شەوەیش لە گوێن شەوانی دی بەسەر دەچێ.

«هێهێی قورینگە نەخشینەکان.»

قەرەباڵغییەکە:

«هێهێی چیا بە بەفرەکان،» گوتیان. « قورینگە غەریبەکان.»

ئاشقەکەچەڵ بەسێتارەکەیدا دانووسا.

ئەوی بەو ڕێگا چۆڵەدا دەڕوا ئەبداڵە. ڕۆژ بەهەڵەداوان دەڕۆیشت. ئاشقی کەژ و کێوی گەورەیە، ئاشقی پێدەشتی کاکی بەکاکییە، ئاشقی مار و مێرووە، ئاشقی ئینسانی چاکیش و خراپیشە. شەوێکی ئەنگوست لە چاو دەبێ، شەوێکی وەک بەرد قورس و گران، پشتی لە ژێر باری ئەم تاریکەشەوە گرانەدا کووڕ دەبێتەوە، دڕ بەو شەوەزەنگە، تاریک و نووتەکە دەدا، دەڕوا، پێدەشتەکە تا چاو هەتەر دەکا، تەخت و ڕاستان دەبێ، چۆڵوهۆڵ. ئەبدال لە حەفتا بەرەوژوورتر دەبێ. بەدەم ڕێگاوە بەیت و گۆرانیی خۆی دەچڕێ و دەڕوا. ئەبداڵ کوێرە. بەر پێی نابینێ. ڕێگەوبان نابینێ. دەست بەدیواری شەوەوە دەگرێ و دەڕوا. ئەمە، بۆ خۆی ئەوهای دەڵێ. لە دنیایەکی چۆڵوهۆڵدا، بەتاقی تەنیا، دەمێنێتەوە. هیچ مەخلووقێ لە ئەبداڵ بەولاوە، هەناسەی هەناسە ئاسایی نادا، ناجووڵێتەوە.

بێ وچان ڕێ دەکا. شەوگار بەدەستێکیەوە و کێردێکی مەودا بەبریقوباق بەدەستێکی دیکەیەوە، شەوگار دەبڕێ و دەڕوا. هەر بەوجۆرە ڕێ دەکا، گیانلەبەرێکی نەرمونیانی گەرموگوڕی بەر پێ دەکەوێ، دەستی بۆ دەبا، هەڵی

دەگرێ. تەماشا دەکا باڵندەیەکە. باڵندە دەبێ بفڕێ. نەدەفڕی. لەوە دەچوو ئەمیش کارەساتێکی بەسەرهاتبێ. ئەمیش شەوگارێکی قورس و گرانی وەک بەرد بەکۆڵەوە دەبێ. چیی بەسەرهاتبوو؟

باڵندەکە لە هامێز دەکا، دەچێتە گوندێ. گوندیی لێ خڕ دەبنەوە. ئەبداڵ دەپرسێ: ئەمە چ جۆرە باڵندەیەکە؟ چیی لێ قەوماوە؟ گوندی دەنۆڕنە باڵندەکەی باوەشی ئەبداڵ، توند توند هامێزی لێ وەردابوو، بەخۆوەی دەگوشی. دەڵێن ئەو قورینگێکە، باڵێکی بریندارە، یەک لە شاپەڕی باڵەکەی دیکەشی هەڵکەندراوە. ئیدی تا دەمرێ ناتوانێ بفڕێ. ئەم کارەساتە زۆر کار دەکاتە ئەبداڵ. دەڵێ کەواتا ئاوهایە، ها؟ ئەمن چاوم نییە، نابینم، ئەویش باڵی نییە نافڕێ.

ئەم دنیایە پڕە لە دنیا، چاوم هەبا سەرلەبەری گوڵووکی دنیاییم دەپژاند، دەریاکانیم سەرانسەر وەشەپۆلان دەیەخست، بەجۆش و خرۆشم دێنان، بارانەکانیم دەباراند، ئەستێرەکانیم بەجریوەجریوان دەئێخست، ڕۆژیم بەهەڵاتن دێنا. ئەمن بەفرم بەچیا و کەژ و کێوانی دەدا، ئەمن بەچریسکە ئارایشتم دەدان، ئەمن باڵم بەگەزندە و مێرووان دەگرتەوە و دەمرەنگاندن و دەمنەخشاندن. ئەمن هێلانەم بۆ پەلەوەران ڕادەنا، ئەمن خۆراکم بۆ بێچووەکانیان فەراهەم دەکرد، بەڵام چ دەکرێ، بارێ تاریکیم بەکۆڵەوە، کۆڵێ شەوگاری قورس و گرانم بەسەر شانەوە. کار و پیشەم هەر ئەوەیە هەمیشە لە نێو تاریکستانێدا بێم و بچم و بخولێمەوە.

قورینگەکە باڵی هەبا بەسەر چەندین ئاوی دوور و قووڵدا تێ دەپەڕی، بەسەر شارە گەورەکانەوە، لە ئاسمانێ دەیدایە شەقەی باڵان. گۆڵی وانی بۆ دەبوو بە باڵ. دەڵێن، چیایەک هەیە لە بەردەستێ، دەچوو لەسەر وی دەنیشتەوە.

ئەم قورینگانە بەهارێ دەژین، بەدرێژاییی تەمەنی بەهار لە دنیا بەرخوردارن، بەهارێ لە کێهە شوێن هەڵی دا بۆ وێندەرێ دەگوێزنەوە، ڕووی زستانێ، ڕووی هاوینێ نابینن. پەڕوباڵیان هەمیشە بۆن و بەرامەی بەهارێیان

لێ دێ، ڕەنگە ئەمە هەوەڵ جاری بێ چاوی بەزستان بکەوێ، ڕەنگە ئەمە یەکەم جاری بێ بەفر و بەستەڵەک بناسێ و لەگەڵ سەرماوسۆڵە ئاشنایەتی بگرێ.

دوو چارەنووس لە شوێنێ یەکانگیر دەبن.

ئەبداڵ قورینگ دەبا، دەچنە چیایەکی، هاوین وا لەسەر بەسەرچوونە و پایز لەسەر هاتنە. قورینگ پۆل پۆل بەسەریاندا تێ دەپەڕن و بەرەو بەهارستانێ هەڵدەکشێن. ئەبداڵ نابینێ، بەڵام بەقریوەیاندا دەزانێ.

ئەبداڵ قورینگ لە پێشەخۆ دادەنێ، بەرانبەری، لەگەڵ ڕۆژاوابوونێدا هەڵدەکاتە ستران و لاوژان. باشە، ڕۆژاوابوون چۆن دەزاندرێ. ئەبداڵ دەیزانێ. چاوی نابینێ، بەڵام بەگۆشت و خوێن هەست دەکا. لە گۆشت و خوێنیدا هەستی پێ دەکا. کە ڕۆژ ئاوادەبێ واز لە بەیاردا هەڵگوتن دێنێ، دەست بەگۆرانیی قورینگ دەکا و هەر بەویش دەیبڕێتەوە. ئەبداڵ تا ڕۆژ دەبێتەوە، هەر بەقورینگان هەڵدەڵێ. بەقورینگاندا، بەئینساندا، بەکەژوکێواندا، بە سەرکەل و بەندەناندا، بەملە و یاڵاندا، بەپشتە و ترۆپکان و دوندان‌دا، بەلووتکە و هەڵدێراندا، بە دایکە زەویماندا، بە ڕۆخانە و چۆم و ئاسماندا هەڵدەڵێ، بە شەوگاری تاریکاییدا هەڵدەڵێ.

قورینگ لە بەرانبەری، گوێی لێ دەگرێ.

ڕۆژێکی، پێنج ڕۆژان، مانگێکی، دوو مانگان لە سەریەک دەچڕێ و لە یەکبینە دەسترێ. دار و دەوەن، گوڵووک، گەزنە و مارومێروو تێرێتە زووان.

بەیانیانێکی، ڕۆژ هەڵدێ. کە ئەبداڵ لە گۆرانی چڕین دەبێتەوە شتێکی سەیر ڕوودەدا، لەپڕ تیشکێ لە پێش چاوی ئەبداڵ دەتەقێتەوە. ئەبداڵ خۆی لەبەر تیژیی ئەو تیشکە پێ ناگیرێ. بەرگەی هەپڕوونبوونی ئەو تاریکییەی، سالانی ساڵی تێدا دەخولایەوە و لێی دەرنەدەچوو، ناگرێ، یەکسەر دەکەوێ. لە ترسان چاوی هەڵناهێنێ. قەدەرێ هەروا لەو سەر زەوییە دەکەوێ. لە پاشان لەسەرەخۆ ڕاست دەبێتەوە، چاو هەڵدێنێ. دنیای لە پێش چاو دەکرێتەوە. لە پێشیان ئاسمانی شینی بێ سەر و سنوور دەبینێ. مات و

سەرسام دەبێ. لاڵ دەبێ، زمانی دەچێتە کلیلە. ئەو جارەکە بەرەژێر دەڕوانێ، تەماشای زەوی دەکا. چی ببینێ، سەر زەوی، مێروو، گوڵووک، گیاوگۆڵی وای لێ هەن هەرگیز نەیدیتوون. زەوی چ زەوی، هەر دەڵێی دایکێکی شفتەژێیە، هێند دەوڵەمەند، هێند بەهۆک و تامەزرۆ و شەهوانی. مات و سەرسامی ئەویش دەبێ. دادەنەوێتەوە زەوی، تیشکەکە ماچ دەکا.

لەو دەمەدا، قورینگی وا لە پێش دەمەدایە، هیچ نایبینێ. پاشانەکێ دەڕوانێ، قورینگە نەشمیلانەکەی خۆی وا لە بەردەمدایە، قورینگێکی جوانی قشتیلانە، ڕازاوەی خنجیلانە، دەستی بۆ دەبا، بیگرێ، بیلاوێنێ. ڕای مووسێ. هەر کە دەستی بۆ دەبا و نابا، قورینگی تایین دەداتە شەقەی باڵان، دەفرێ، بەرەو ئاسمانی دوور دەڕوا. ئەبداڵ چاو ناترووکێنێ، تا لەو ئاسمانە بێ سەر و سنوورەدا هێندەی خاڵێکی چکۆڵەی دەمێنیتەوە، هەر سەریری دەکا، لە پاشان لە چاو ون دەبێ.

ڕۆژ تازە گزنگی دابوو. ئاشقەکەچەڵ بۆ دواجار سێتارەکەی دەست دایە، گوتی:

«هێهێیی، قورینگە زێڕینەکان، قورینگەکانی ئەبداڵ. ئەی ئەوانەی پەند لە چیرۆکان وەردەگرن، شانازی وەردەگرن، شانازی بکەن، ئەمە بوو چیرۆکی هاپۆ ئەبداڵم. ئیدی لەوێ ڕۆژێوە هاپۆ ئەبداڵی کوردم، تا دەمرێ هەر گۆرانیی بەسەر ڕووناکیدا هەڵدەدا و بەڕووناکیدا هەڵدەڵێ. نفرِ و لەحنەتی لە هەرچی تاریکی هەیە کردووە. ئەوانەی پەندیان لە هاپۆ ئەبداڵی کوردم، لە چیرۆکان وەرگرتووە، شانازی بکەن، خۆشی لە خۆتان، لەنگۆی بەختەوەر. هێهێیی ڕووناکی، هێهێ قورینگە زێڕینەکان هێهێیی. خۆشی لە ئادەمزاد، با هەر شانازی بکا.»

قەرەباڵغییەکە قریواندیان:

«با شانازی بکا،» و هەڵستان.

ئاشقەکەچەڵ شەکەت بووبوو، سازەکەی ماچ کرد و لە لای خۆیەوەی دانا، سازەکە بەسەر چۆکیدا داخزییە خوارێ.

## ١٥

پێش گزنگدانی ڕۆژ، کاتێکی ئاسۆ ڕوون بووبووەوە و بەتیشکی سوور بەفری سپیی دەڕەنگاند، گوند سەرلەبەر لە خەو ڕابووبوون، هەر دەتگوت پێشوازییان لە جێژن، لە خدرلیاس دەکرد.

ئەم خۆگۆڕین و ڕازانەوەیەی مریمۆک بووبوو بەنموونە بۆ ژیانی دیکەی گوند. هەموو وەک مریمۆک جلوبەرگی هەرە جوانیان لە بەرکردبوو، خشڵ و زێڕ و زێوی هەرە بابەتیان لەخۆ دابوو و بەو ڕاستانی گوندەوە وەربووبوون.

لەگەڵ گزنگی ڕۆژدا، نێو گوند ڕەنگاوڕەنگی دەنواند. کچۆڵان ئاوێنەی چکۆلەیان لە سەرەخۆ دابوو، دەچریسکانەوە.

لاو و هەرزەکار قۆڵیان بەقۆڵی یەکدیدا کردبوو، چووبوون بۆ لای ئوزون عەلی، گوتبوویان:

«مام عەلی، دە دوردگەکەت لە بەرپشت دەرێنە، یەک دوو هەوامان بۆ بەنگێوە.»

عەلیش یەکسەر ڕادەپەڕێ، دەچێتە نێوەندی گوند، دوردگەکەی لە بەرپشت دەردێنێ، خڕ دەست بەدوردگ لێدانێ دەکا. لاومەت و خوێن گەرمی گوندیش دەست دەگرن، شایی و هەڵپەڕکی جۆش دەدەن، کچانیش لە لایەکی دییەوە بەدەفەلێدان و چەپڵەڕێزانەوە بەستە و گۆرانییان دەگوت.

ئاشقەکەچەڵ لە شەوێوە لە گۆرانی گوتنی خۆ بووبووەوە، بەڵام هێشتانەکێ دڵی دانەکەوتبوو، ئەویش ڕدێن سپی و قەیرانی لەخۆ خڕکردبووەوە داستانێکی پڕ تاسە و هەویای بەگوڕی، بەناڵەناڵ، دەژەند و دەگێڕایەوە.

گوندی دەتگوت ئێش و ئازاری ئەو هەموو ساڵانەی لە بیر کردبوو، سەغڵەتی و تەنگاسییێی لە کۆڵەخۆ کردبووەوە.

ئەمە دوادوایی دووەم چاوەنۆڕکردنێ بوو. ئیدی هەموو کەس لەو بڕوایەدا بوو، عادیلەفەندی ئەوجارە لە سەدا سەد دێ. عادیلەفەندی ورد و باریک زانیبووی هەموو ماڵی خۆیان شاردووەتەوە. یەکێ بزانێ چ ڕۆژێکیان

شـاردووەتەوە، بۆچی نەزانێ چ ڕۆژێکیـان دەرێناوە؟ هەرپێش دەزانـێ و پێش نازانێ بۆچی برێ جەندرمە وەدووی خۆ نادا و هەڵ ناکاتە سەر گوند؟

کوێخا سەفەر دەیگوت:

«گوندی نییە هێندەی گوندیی ئێمە ڕەسەن بێ. ڕووی زەوی تا وێستاکە تیرەی گوندیی وا جوان و بەدڵ و بەگیانی بەخۆیەوە نەدیتووە. گوندیی وا ئینسانی هەرگیز نەدیتووە. ڕۆحم بەگوریی ڕێگای گوندیی وا بێ. جا هەنووکە ئەو، کە عادیل دێ چ دەبینێ؟ لەبری وەی گوندی بەدوو چاوی وەک کاسەی خوێنەوە ببینێ، لەم خۆشی و شادییەیاندا دەبینێ.

ناو بەناو ئەندێشەیەکی خراپی بەبیردا دەهات، ئەدی ئەگەر عادیل نەهات، ئەدی ئەگەر بەوەی نەزانیبوو، گوندی ئەوڕۆکە، هەموو ماڵی شاردرایەی خۆیان دەرێناوە؟ ئەم ئەندێشەیەی، گورج لە بیر خۆی قاودەدا. نابێ نەیێ، ناکرێ نەیبیستبێ. ئەو تۆڕ و داوی خۆی بەجۆرێ بەو گوندانەوە ڕایەڵ کردوون، هەر لێروکانە، سبەینێ کیسەڵێ بفسێ، ناگاتە نیوەڕۆیێ، ئەو گورج پێ دەزانێ. خەبەرەکەی لەمێژە، لە دوێکەوە، بەر لە ڕۆژاوابوون بیستووەتەوە و وەڕێ کەوتووە.

خۆی هەستی نەدەکرد، درۆ لەگەڵ خۆدا دەکا.

تا نیوەڕوانێ بەپێکەنین و کەیف و خۆشی خۆشییەوە چاوەنۆڕیان کرد. نیوەڕوانێ ڕێک، بەشایی و گاڵە و قریوەی خۆشی خۆشییەوە ڕژانە سەر ڕێگەی شار. پاشانەکێ نواڕییان، نە کەس دێ، نە کەس دەچێ، چی بوو، کێهە خەبەر وا بەوجۆرەی بەرەو شاری بەهەڕاکردن بردن؟ کە بەدەستی پەتی گەڕانەوە، خۆشێ خۆشییەکەیان دایە کزی و ماتی دای گرتن، بەڵام ناهومێدیش نەبوون.

دەمەوعەسرانێ، دمگۆ داکەوتەوە، گۆیا دێ، سەرلەنوێ پەشۆکان، شڵەژان. هەمدیس بوو بە فشە. بەڵام تا ئێوارەیش داهات و ڕۆژیش ئاوابوو هەر ناهومێد نەبوون. هەر کە دنیا تاریک داهات. ئەوی قەوما، قەوما، بەجارێ ئومێدیان برا. ئەو دەستەی بە لاکەلەکەیانەوەیان گرتبوو، هەر بەو ئاوایە

بەلاکـەلەکـەیانەوە، مـاندوو و شـەلوکـوت و شـەکـەت و کـەشـەنگ بەرەو مـاڵێ بوونەوە. سرتە لە کەسێکەوە نەدەهات. یەکە یەکەیانت گرتبان، سەرلەبەرت سەربڕیبان تنۆکێ خوێنیان لەبەر نەدەڕۆیشت. ڕەق و هیشک هەڵاتبوون.

کوێخا لە ڕکان هار و شێت بووبوو، دەستی بەپشتیەوە گرتبوو، بەزیو و بۆڕخواردوو، لە ژووری ماڵێ هەر ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد. ژنە چکۆلەی خزابووەوە گۆشەیەکی ئاگردانەکەوە. منداڵەکەی، لە ڕێگەی لە چقورئۆوا گـەڕانەوەیدا بووبووی، بەدەستـــەوە دەدا و ئش ئشی پێ دەکـرد. تۆف و وەیشوومە لە دەرێ دەستی پێ کردبوو، بۆرانەکەی، بەسەر پێدەشتە بۆزدا دەهات، دەیلووراند، خـرچەخـرچی بەفـر و بەستـەڵەک گەورە دەبوو، دنیـا دەهەژی.

کوێخا لە یەکبینە هەر دەیگوت:

«ئەمە نەبوو، ئەمە نەبوو، لەسەر ئەمەمان نەکردبوو، عادیل. هەموو شتێکت چاکە، زەریفە، بەڵانەکێ ئەوەهێت چاک نەکرد عادیلەفەندیمان. بەرەی گوندی هەرگیز گەمەی لەگەڵ ناکرێ. ئەوە زۆر چاک بزانە، هاوڕێم. ئەتۆ کابرایەکی ئێکجار پەست و ئاڵچاخی، ئاڵچاخی ئاڵچاخانی، برادەر. تۆ ئازاری گوندیم دەدەی، بەملی مندا مەیە. وەڕەزم مەکە، عادیلەفەندی. ئێستا چۆنم گوندی ترساندوون، چۆنم ترسەبۆر لە دڵ هاویشتوون، هەر لە سبەینێ زووتر نییە، ڕادەبم، بەناوی تۆوە لە قەرزەکانیشیان خۆش دەبم. عادیلەفەندیی برادەری گیانی بەگیانیم. خۆش دەبم و تۆیش هەنگێ لە نێولەپ لستنەوەی خۆت بەولاوە چیی دیکەت بۆ نامـێنێتـەوە کـەسی برا. ئەمن داوودەستـوور و مـاوودەستـووران نازانم. سەری خـۆم بەوجـۆرە کـارانەوە ناگلێنم، کـەڵە ئازایەکەم، عەگیدەکەم.

بەسزمانێکی هێندەیش کەر نیم. من گوندی وەی تەرحە داوودەستوورێلە ناخاپێنم. کاتێکی بۆ چقورئۆوایێش چووم دوو پاسەوان بەدیار گوندی چۆڵەوە دادەنێم. ئەتۆیش چ زەرەر و زیانێکت لە بۆمان نابێ شێرەکەم، شێرە گەورەکەم. هەرچی قەرزوقۆڵەشت هەن پێ لە هیچیان نانێم و ئینکاری دەکەم.

دەشـڵـێم گـوندیـی هەناسـە سـارد پووشکەیەکـیـان لە عـادیلـەفـەندی چیـیـە، وەرنەگرتووە. کە مـن دامـە باری ئینکارییـێ ئەوسـاکینـێ ئەتۆیش کـێـهـە بەرد زەلامـە دەتوانی، ئەوەیان بەسـەرە خـۆتدا دەی. وە هیـچ بەردێکیـشت بەهاوارڕا ناگـا. دەڕۆم، لەمـەوپاش، ئاڵووێر دەگـەڵ قـرڵانغچ ئۆغـڵـوی دژمنی گـیـانتـدا دەکەم. ئەتۆ گۆیا، لە سـەتا یەکم قۆمـیـسیـۆن دەدەیێ، قرڵانغچ ئۆغلۆ لە سـەتا سێم دەداتێ. وە ئەمـەیش بەزمانی خـۆی پێی گوتم. تۆ هیـچ بەو خـەبەرۆکەیەت زانی، عادیلی سەت چاوی هەزار گوێ؟»

هەر دەتگوت عادیلـەفەندیی بەرانبـەر دانیـشتـووە، ئاوهـای قسـان لەگـەڵ دەکـرد. تـۆ بڵـێـی ڕووبەڕوو، ئاوهـای ڕەپـوڕووت و بەڕاشکاوی قـسـە لەگـەڵدا کردبا؟

«بەڵانەکێ ئێـمـە نان و نمەکـمـان لە نێـواندا هەیە. بەڵانەکێ تۆ ئەم کـارەی ئەمـرۆت زۆر قـۆڕ کـرد. بـە نەهاتنت دڵت وا برینداركـردم، دڵی گـونـدیت وا برینداركرد، هەرگـیـز سـارێژ نەبێتـەوە. دە هەر هیـچ نەبـێ سـبـەینـێ وەرە. ئەو کـوان و برینانەی تۆ لە دڵمـاندا هەڵتـدرین ناڵێم سـارێژ دەبێتـەوە، بەڵام هەر چۆنـێ بـێ هەر شـتـێکە بۆ خـۆی. کـەسی برا، دەمـەوێ دوو قـسـانت بەگـوێدا بچرپێنم. تۆ بۆ خـۆت دەمناسی، ئەمن تەنیـا هـەر گوندەکـەی خـۆمـان بۆ کن قـرڵانغچ ئۆغڵـو نابەم، پازدە گونـد، چل گوند، شـەست گوند، سـەرلەبەر، وەدوو خـۆ دەدەم، ئەوسـاکـانـێ دەچمـە خـزمـەتی. تۆ پێم ناڵێی کـێ ڕای گـەیاندیتـێ شمـەکیـان شاردووەتەوە؟ تۆ پێم ناڵێی کێ ڕای گـەیاندیتێ، لەمڕۆ زووتر نییە، خێرا بێی فریای کاری خۆ کـەوی، پێم ناڵێی ئەم خەبەرە کێ ڕای گـەیاندیتێ؟ قسـەی ئەو پیاوەی دە بـەرانبەرت ڕاوەسـتـاوە قسـەی سـەگ نییـە، قسـەی کـەر نییـە. خـاتری پیـاوانت لە کن نییـە، خـاتری دۆسـتـایەتیی چڵ سـاڵیشت لە کن نیـــیـــە؟ دە وەڵامــێکم بدەوە عـــادیل، وەڵام! ئەدی تـۆ نەتگوت، مـن قـــســـەی کـوێخـایەکی زل و زەلام، تاکـە کـوێخـایەکی ئەم دێـهاتی تـۆرۆسـە، هـەرچەندە وایش ناڵێی، چۆن وەک سـەگپشتگوێ خـەم؟ قسـەی من پشت گوێ ناخەی. من چی بڵێم هەر ئەوە دەبێ.

دەنا زەرەر دەکەی، زەرەر و زیانێکی زۆریش نەک کەم. خۆت دەزانی سەگ بەزەبری کلکی، هێسکان دەشکێنێ. هەڕوگوڕی داری قەبە لە سای لک و چڵیەوە دێ. پیاو کە دەوروپشتی چۆڵ بوو، چیی پێ دەکرێ؟ تۆ دۆستی وەکە منت نەبێ، بەتەنیا باڵە چیت لە دەست دێ؟ پیاو هەق بڵێ، تۆ نەبی ئێمەیش حاڵمان شڕە. با سەروەت و سامانیشت هەبێ، ئەوا هێندەی دنیا ماڵ و سامانیشت بوو، سوودی چییە؟ پاش ئەم کەتنەی تۆ کردت، ئەگەر پیازم لە جێ وەجاخت نەچاند، ئەم سوێڵە هی پیاو نەوێ، تا ئێستا زۆرت کردەوەی وا کردووە پیاوی پێ تووڕە و دەهری بێ، بەڵام تووڕە نەبووم. گوتم ئەم ساڵ مەیە بۆ گوند. گوتم، گوندی حاڵی زۆر شڕ و پەرێشانە. گوتت، هەر دێم، گوتم ئەو ساڵی دادێ، قەرزەکانت بستێنەوە، لێت پاڕامەوە، گوتت، نەخێر هەردێم، گوندی سەرتاپا ڕووت دەکەمەوە. گوتم، چاکە، وەرە ڕووتیان کەوە. تا دەتوانی زوو وەرە. بێ ئەوەی گوندی وەڕەز کەی، وەرە، بێ ئەوەی گوندی شێتگیر کەی وەرە، گوتم. نەهاتی. گوندی ماڵی و حاڵی، ڕۆح و گیانی خۆی شاردەوە هەر نەهاتی. ئێستایش هەرچییەکی هەیە، دەری هیناوە، کەچی هەر نایەی.

«جا هەورا گوێت، لە برای خۆت بێ، چیت پێ دەڵێم، ڕاستییەکەی، تۆ لەم کارە، بەزەرەر و زیانەوە، دێیە دەر، وەتێشدا دەچی و تەفروتوونایش دەبی. گوندی هەموو شتێ قوبووڵ دەکا، گەمە پێکردن قوبووڵ ناکا. گوندی گاڵتەی لەگەڵ ناکرێ، کوڕە ها! تا ئێستاکە زۆرت کەتن پێدام، زۆرت خراپە لەگەڵدا کردم لە هیچت تووڕە نەبووم، بەڵام ئێستا لێت تووڕەم، هەر بەجارێکی دەهری بووم. هێندەی باوکوشتەیەکت لێ تووڕەم. هەر ئێستا دەتوانم بتکوژم، تۆ هەروا بیر بکەوە بیر، کابرا، ئەم تیرەی گوندییە، ئەم بەسزمانە بەدبەختانە لە کەنگێوە چاوەنۆڕتن. کوتومت وەکو قۆچی قوربانی.. قۆچی قوربانی هەن، پشتیان ڕەنگ دەکەن، پەتیان بەشاخەوە دەبەستن، ئەوجا سەریان دەبڕن، ئەوڕۆکە ئەم تیرەی گوندییەیش ئاوها وەک قۆچی قوربانی ڕازاونەوە و خۆیان لە تەلێ دا، چاوەنۆڕیان کردی، کردیان بەجێژن و شایی لۆغان، هەرچییەکیان هەبوو و نەبوو، بۆیان حازر کردبووی، سەرلەبەریت وێدەنێ. هەر وەخت بوو لە

برسـان بمرن، کەچی هەر خـۆشی خۆشیی ئەوەبوون کـە گۆیا تەشـریف دێنی. لەوەتەی دنیا دنیایە شتی وا لە کێندەر دیتراوە؟ عادیلی ناکەس، عادیلی بێ ڕێز، هێندەی دنیایەکت ماڵ و سامـان هەیە. ئەو مـاڵ و سامـانـەت هەموو لە کوێوە هێنا؟ کەس نازانێ، ئەمنیش نازانم. ئەتۆ ئەو هـەموو سامـانەت بە چی پێکەوە نا؟ ئەمـە بەئـارەقـەی نێـوچاوان قـەت پەیدا دەبێ، عـادیل؟ ئێـسـتـا ڕاستییەکەت، بێ چەندوچۆن لە مست دەنێم، عادیل؟ ڕەنجی شێست گوند، کە هەموو سـاڵێ بەو گەرمـا زەردە لە کێش و توان بەدەرە بۆ کـار دەچنە خـوارێ، بۆ چقـورئۆوا و لەتاو کـار، بڕسـتـیـان لێ دەبڕێ و دەمـرن و تێکـوپێـک دەشکێن سـەرلەبەر لە کن تـۆ خـڕ دەبێتـەوە. عـادیل تۆ بەمـە نازانـی؟ نەدەبوو تۆ ئەمـە بکەی. ئەم حـاڵی کـەیفـسـازییـەی گـوندی بەجـێـژن و شـایـی و بەزمـەوە بەرەوپیرچوونی ڕووتکرانەوە، بەرەوپیرچوونی برسێتی.

زۆری کـار تـێ کـردم، هەر بەجـارێکی گـورچووی بڕیم، عـادیل. من بەدڵ و دەروونم، من گوندیی خـۆم خۆش دەوێن. دڵی من وەک سندانی ئاسنگەرانە، ئا ئەم دڵەیش بەرگـەی حـاڵی ئەمـڕۆکـەی گـوندیی نەگـرت، تووایەوە. سـێـڵاوی سروشکم، خـوێناوی هەناوم دنیایان هـەڵگرت، گوتم، کوێخـا سەفـەر، نامەردت نەکەن، دە هـەستە، ئەم گوندییە پاک و جوان و پوختانە لە دوڕ هەناوت، لە دوڕ ئەوجێی لە هەمووان گەرموگوڕترە، پەستێوە. ئەتۆ لەو حاڵەدا نەهاتی، عادیل، ئەمڕۆ بشـهاتبـای، گوندیت لە دەرزیرا تا داوە دەزوویەکی، ڕووت کـردبانەوە و وەسەر ساجی عەلیت خستبان، هێشتـاوەکونێ هەر لە خۆشییان شێت و شبر دەبوون. ئەگـەر بڵێی، ئێستـا من سـەرم لە هـیچ نوقـڵانە لێدانێکی نـاخـورێ. نازانم گوندی چ دەکا و چ دەکـەرێنێ. کەسیش ناتوانێ پێشـبینیی بکا. کـەس ناتوانـێ پێـشـبـینیی هـیچ بکا. کـار بەرەو کـوێ دەڕوا؟ کێ دەزانـێ؟ ئەوا من بەناوی تۆوە لە قـەرزەکـانیـان خـۆش بووم. بـڵێم دەنکە جۆیەکی عـادیل قـەرزار نین. هـەر مووشیـانی پێ نابزوێ و دڵیشـیـانـی پێ خۆش نابێ. ئومێدبڕت کردن، ئومـێربـڕ! ئومـێدبڕکـردن کـارێکی دزێوە عـادیل. ئەتۆ تیرەی گـوندی نـاناسـی، ڕۆژێ دێ بەپـێکـەنینـەوە بەرەو پـیـریی مـەرگـەوە دەچن، ئـەمـەیش بـەدەست

ئینسانەکە خۆیەتی. تۆ ئەمەت زانیبا، ئەمڕۆ بۆ گوند نەهاتنت لە دەست نەدەقەوما. جا چ دەبێ با ببێ، منیش لە پاش ئەورۆ بەدواوە لە قەرزەکانیان خۆش دەبم. ئەوجا تۆیش چت لە دەست دێ درێخیی مەکە. گوند بەئەشکەنجە و ئازارەوە ناژیێنم. چۆنیان لێ خۆش دەبم؟ تەماشا، عادیل، دەفتەرە زەردی تۆ بایی پوولێ بەهای قانوونیی نییە، هیچ کومپیالە و دەستاوێژێکی ڕەسمییان بەدەستەوە هەیە؟ نەخێر کەواتە دەیدەمە باری ئینکاری و پێ لە هیچ نانێم. ئەوجا پاش ئەوسا ڕێز و حورمەتی هەرە پایە بڵیندەکانت پێشکێش دەکەم و چاوە ڕەشەکانیشت ماچ دەکەم، عادیل. چاکە؟».

هەر چەندی ڕێ دەکرد، هەر چەندی دەڕۆی، دڵتەنگی، هێندەی دیکەی سەرودڵ دەگرت. دەبوایە شتێکی کردبا. ناکرێ. دەبێ تەگبیرێکی بکا. دەبێ چ بکا؟ خۆ نەدەکرا، سەرانسەری گوندی خڕ کردبایەوە، گوتبای، قەرزوقۆڵە گشت سڕایەوە، سەرپاکی بەخشرا.

«بابێ، لەمنی بستێنیتەوە عادیل، سا وەڵڵاهی لێیان خۆش دەبم و بیللاهیش! هەروەک لە ماڵی باوی خۆم خۆش بم، ئەوهایان لێ خۆش دەبم. وە زۆر جوانیشیان لێ خۆش دەبم. ئەگەر بەبیست جەندرمەوە هات؟ جا چ بوو، با هەر بێ! قابیلە کوێخا سەفەری پاتشای کوێخایان چارەیەکی لۆ نەدۆزیتەوە؟ ئەگەر نەیدۆزێتەوە، ئەدی چۆن بووە بە پاتشای کوێخایان؟ سەری بگری و بنی بگری هەر دەفتەرێکی زەردە و چیتر. چیت دەوێ دەنووسرێ. من دەساوێژ و قۆچانی ڕەسمیم گەرەکە، وە دەیشلێم قەرز مانایشمان وەسەرەوە نییە و ئینجا لە شوێنەکەی خۆی خپ دەبێ. ئەدی وەنییە! جا ئەوسا، با عادیل هەر شەقان لە قوونی خۆ هەڵدا. ئەی ئافەرم، هەی بترەژم سەفەر بۆ خۆت و بیری وردت، تۆ نەک پاتشای کوێخایان، پاتشای ئاقڵانی. هەی کوێراییی دایێ گەردوون، ئەگینا تۆ و سەرۆکایەتیی ئەم گوندە خوێڕییەیان گوتووە. دەنا بەو پێیە تۆیش، کە گەورە و بچووکی ماسی لە گوێرەی گەورە و بچووکی گۆلە، دەبووی بە سەرۆکێ، کاری دنیایەکی گەورە و گرانت گێڕابا.».

ئەمانە هەموو، لە قەرزاربوون بیرکردنەوە، جا چۆن لێ خۆشبوونێکیش، وەک لە ماڵی باوی خۆش بێ، نوقمی نێو دەریای شانازی بەخۆبوونی دەکردن، بەڵام بەختەوەر نەبوو، ترسێکی لە دڵدا هەبوو، سەغڵەتییەکی لە کێش بەدەر دای گرتبوو.

با بڵێین ئەوا لە قەرزیش خۆش بووین، چاکە، لە پاشان، کوڕی پەڕەسێلکە، داخوا متمانەی دەکرد، ئاڵوویریان لەگەڵ بکا. لە شار هەموو کەسێ بەچاوی دژمنیان سەیر نەدەکرد، نەیاندەگوت، ئەوانەی ئەمە لەگەڵ عادیل، لەگەڵ دەرووی چلساڵەیاندا بکەن چی لەگەڵ مەمانان ناکەن؟

«سەگ کلکی سەگ ناگەزێ، هیچ کاتێ.»

ئەم شەو ئەم گوندی یاڵاخە زل و زەلامە قەتی خەو لە چاو ناکەوێ. لەتاو دەرد و خەموخەفەتان داوەشا. دەبێ شتێ. چاکەیێ لەگەڵ ئەم گوندییانە بکرێ. لە ژووری ماڵێ وەک ماخۆلانی بێ، هەر دەهات و دەچوو، بەدەست بێ چارەییەوە گیری خواردبوو. هەناوی تا دەهات خێراتر دەبووەوە، لەپڕ هەر ئەوەبوو سەری بەدیوارەکەی بەرانبەریدا نەدەتەقی. دەگەڕایەوە، دەگەیشتەوە دیوارەکە و دەگەڕایەوە، دەگەیشت و دەگەڕایەوە، دەگەیشت و...

بەڵام بێ وچان هەر دەیگوت:

«چ دەبێ با ببێ پیاو، هەر لێیان خۆش دەبم و دەبم. وەک لە ماڵی باوی خۆم خۆش بم ئەوها لێیان خۆش دەبم و لێیان خۆش دەبم!»

هەوڵی دەدا خۆی بە بڕوا بێنێ. بۆ ئەمەیش هەرچی هێز و توانی هەبوو، بەخەرجی دەدا.

«لێیان خۆش دەبم، لێیان خۆش دەبم، لێیان خۆش دەبم...»

خەم و خەفەتەکەی بەم قسانە هەڵدەڕشت، بەڵام بەوەندە دڵی دانەدەکەوت. تا دەهات ئەم قسانە چەندە لە تواندا بوو خێراتریان بڵێ، هێندەی خێراتر دەگوتن.

سەرەنجام زاری هیشک هەڵات. شەکەتییەک دای گرت، سامی ڕێ نیشتێ، لەوەی بەپاش، ئەگەر جڵەوی ئەم گوندییانە بگری، بیگرە، دەنا وەک لافاوی

هار چۆن بناوانان دەشکێنێ، ئەوها بەرەو تاشباش دەکشێن و دەدەنە پاڵ وی. پاش ئەو هەموو چاوەنۆڕییە، پاش ئەو کەیف و شادییەی ئەمڕۆ شتێ هەر دەقەومێ. فەرتەنەیەک وا بەڕێوەیە، هەر دێ و دێ بەسەر سەرە کودییەکەی ئەم کوێخا سەفەرە فەندییەدا، بەسەر کوێخا سەفەری پاتشای ئاقلاندا، جوان و زەریف، دەتەقێتەوە.

شەوێ، ڕۆژێ، کە بەچاکی لەمڕۆ وەسەرنەچوو، هیچ خێروبێرێکت لەو ڕۆژە خۆی، چاوەڕوان نەبێ. تۆ بنۆڕە، ئەوی دەرێ چۆنی هەڵکردووە! هەربینا دەشت و دەری بەدار و بەردەوە لە ڕەگ و ڕیشە دەرێنا و هێنانی. هاکا گوندیشی بەحەلحەلەی ئاسمانێدا برد و لەسەر دوندی چیای تەکەچێی ڕانا. زەوی دەهەژێ، ئەوە چ بۆرانێکە هەڵی کردووە؟

«چ بۆرانێ، چ بۆرانێکە ئەمە؟»

وێستاکە وا کەڵکەڵەی ئەم بیرکردنەوە نائۆغرەی کەوتووەتە سەر، هەرچییەکی بکا، سەغڵەتییەکەی ناڕەوێتەوە، تا دێ هەر خەست و خۆڵتر دەبێتەوە. بەناخی ڕەشی سامێکی تاریکدا ڕۆ دەچوو.

سبەی بەیانی گوندی زوو لە خەو ڕابوون، چ ببین، دەڕوانن عادیلەفەندی بەبیست جەندرمەوە لە ناوەندی گوند چەقیوە. سەروملیان بە بەفرەوە، لە پێشان ترسێ، ترسێکی گرانیان لێ دەنیشێ. پاشان نەختۆکەک دڵیان خۆش دەبێ. پاشانەکێ، بەگەورەی خۆ بڵێم، سەرلەنوێ ترس و سام، سەرومڕ دایاندەگرێتەوە. لە ترسان لەرزیان، ترسیان دێنێ، دەلەرزن، دەلەرزن. ئەوجا لەرزەکەیان دەهێورێتەوە. نەخێر ئەم جارەکە، وردە وردە دەست بەتووڕەبوون دەکەن. لە سەرەخۆ، لە لایەکەوە خڕ دەبنەوە. تێک دەخزێن. وەک پەز کۆڕ دەبەستن. ئەوەندی دەتوانن لێک دەچڕژێن. خڕ دەبنەوە، دێن... ئەوجا پاش ئەوەی گرمۆڵە دەبن، وەک بروسکە تۆپەڵ دەبن و خۆ بە عادیلدا دەدەن و دەتەقنەوە. کە بڵاوەیان لێ کرد عادیل لە گۆڕێ نەمابوو. ڕەنگە تنۆکێ خوێن، پاژە لوولاقێ، پارە باسکێ، نیوە کەپوویێ... عادیلێکی زل و زەلام چیی بەسەرهات؟ ئەدی جەندرمەکان کوێوە چوون؟ گوندی کە خۆ بە عادیلدا

دەدەن، جەندرمە بۆخۆشیان نازانن چییان لێ دەقەومێ هەریەکە بەلایەکیدا تێ دەتەقێنێ و ئاسەواریان لەو نێوە نامێنێ.

گوندی ماندوو و مردوو، عادیل نییە و نییە. دەستێ بەم دیودا و دەستێ بەودیودا، سەریان بەسەر سینگیاندا خوار بووبووەوە. لە ناوەندی گوندی، بۆخۆشیان نەیاندەزانی چ بکەن، سەراسیمە، مۆڵیان خواردبوو. منداڵێکی دوازدە ساڵەیان بەکەچە حسکەیەکەوە، بەگاڕامێکەوە لێ وەخۆ کەوتبا. سەرلەبەری وەپێشە خۆ دەدان و ڕای دەپێچان. بۆ کوێی حەز لێبا، بۆ وێی ڕادەدان.

«کورە عادیل، کورە هەی بێ ناموس، ئەوەی تۆ بەگوندیت کرد، ئەوەی تۆ بەسەر گوندیت هێنا... ئاخ سەد ئاخ، ئەوەی تۆ بەسەرت هێنا.»

ئێستا بەم شەوە نەچی، ڕووتوقووت نەبیەوە، بەم تۆفە، لەبن ئەو بەفر و بەستەڵەکە لێی ڕانەکشێی، هەرچی خەم و خەفەتی دنیایەت هەن بە بای نەدی و فێنک بیەوە، بەڵام بۆرانەکەی بۆران نییە، پیاو ڕەق دەکاتەوە، بەفر هێندەی دیکەت کەسیرە دەکا، ناو هەناوت لە گۆ دەبا. خوێنت لە شاڕەگیرا هیشک دەکا.

«هیشکی دەکا، هیشکی دەکا.»

هەروا لە بەرخۆوە قسانیش دەکا و بەهەموو گورێکیشیەوە دەڕوا. هەر وەختە بخنکێ. لە یەکبینە پشوو دەدا، بەرچاوی ڕەش دادێ، سەرەخولێی دێتێ. خۆی بۆ دەرێ دەهاوێ. تاریکی، بۆران و زریانە بەتاو هەڵکردووەکە شراق بەر دەموچاوی دەکەوێ. سەفەر لەجێی خۆیدا مت دەبێ.

تاریکی، کلووکلوو بەفر... لە سەرما ڕەق هەڵاتن... سەفەر یەکسەر دەرکە پێوەدەدا، دەچێتە ژوورەوە. پشووێکی دا، بەڵام دڵی هەر سەغڵەتە لەوە دەترسێ سەغڵەتییەکەی تەشەنە بکا.

لە ناکاو لە دڵی خۆیدا گوتی:

«کچەکەی سمەبۆر... لەمێژە دوو ورتەمان لەگەڵ یەکدا نەکردووە.»

هەر کە گوتی کچەکەی سمەبۆر لەرزێ چووە دڵیەوە. گەرماییەک سەرتاپا

لەشی داگرت. دەستەکانی دەلەرزین. مچوڕکێکی خۆشی بەلەشدا دەهات.

بە ژنەکەی:

«بینوێنە بینوێنە بینوێنە منداڵەکەی باوەشت، لە لانکێی خە. خێرا بینوێنە. بینوێنە و یەکڕاست بچۆ بۆ ماڵی سمەبۆر، کچەکەی بێنە و وەرەوە. چیشمان بۆ ئەو کچە کەساسە نەکرد. خێرا بڕۆ بیهێنە.»

ژنە بەم حاڵ و ڕەفتارانەی سەفەری دەزانی. گورج منداڵەکەی نوواند، بەفڕکان ڕۆیی. هێندەی چاو بترووکێنی پاش کەوتبا، سەفەر لە مردنێی خراتر بەسەردێنا.

سەفەر لە دوایەوە چریکاندی:

«خێرا خێرا بڕۆ، زوو بیهێنە و وەرەوە.»

ئیشتیها و تاسە و ئەڵهایەکی لە دەنگیدا هەست پێ دەکرا، ژنەی بەجارێ هەژاند. بەهەمـوو هێـزێکیـەوە ملی لە تۆف و زریانەکە نا، بە هەڕاکردن ڕۆیشت.

سەفەر هەر دێ و دەڕوا، لە پێستی خۆیدا ناوەستێ. تا نێو مۆخی بووە بە شەهوەت و تاسە و ئارەزوو... هەر تاوناتاوێ مچوڕکێکی تیژی بەسەرتاپادا دەگەڕێ. «زووکە، زوو وەرە...» ترسێکیشی لە دڵدایە، پێش هاتنی کچە ئیشتیای دانەمرکێتەوە... دەستی بەگۆرانی گوتنێ کرد هەرکا و ناکاوێ دەرکەی دەکردەوە و پێوەی دەدا. لە هەر دەرکە کردنەوەیەکیشدا زریان بە بەفرەوە شاڵاوێکی بۆ ژوورەوە دەهێنا.

ژنە گەورەکەی و منداڵەکانی بەچواردەوری ئاگردانەکەدا ڕیز بووبوون، چاویان بڕیبووە ئەسکڵە بە بلووربووەکان، سرتەیان لێوە نەدەهات. سەفەر بەو شەرمەزاری و ترشکاوییەوەی دیتن، تووڕە بوو.

«لاچن لێرە دەی،» گوتی. «ڕاست بۆ ناو نوێن. کەس لە پێش چاوم نەمێنێ.»

ژنەکە لەسەرەخۆ:

«زۆر مەشیرێنە، سەفەر،» گوتی. «چ دەردتە، وا هەڵستاین، وا دەچینە ناو نوێنەوە. چ دەردتە؟»

«گۆڕی مردووته، گۆڕی مردووت! هەستە، بڕۆ بنوو!»

ژنە بە سەیرێکەوە تەماشایەکی کرد، گوتی:

«دیسان هارییەکەت گرتووە سەفەر. دیسان چ بەڵاتە؟»

سەفەر کڕ بوو. لەپڕ هەستی کرد، کەوا خەریکە بەرە بەرە خاو دەبێتەوە. سەحێکی خۆی کردەوە، تەماشای کرد، تام و لەزەتەکەی نەختێ لەمەوپێشی هێواش هێواش لە لەش دەتەکێتەوە.

«کچەکەی سمەبۆر... وەی دایە مردم وەی...»

دەرکە کرایەوە، لە پێشان کیژە، ئەوجا ژنەکەی، هەر پێ بەپێی وانیش زریانەبۆری ئەو زوورگ و هەڵەتە، زستان، وەیشوومە، ئەوانیش وەژوور کەوتن.

سەفەر لە دەستی کیژەی گرت. هەر دەستی بەدەستی کەوت و نەکەوت مچوڕکێکی تیژی بەلەشدا هات. تەزوویەک تا نێو مۆخی هەژاندی.

«وەرە،» گوتی. «وەرە کیژە جوانەکەم، وەرە. وەرە بەژن تووله نەمامەکەم، وەرە پەرییە تۆڵە بۆ نەستاندووە پەرێشان کردووەکەم... وەرە وەرە، چارەسەرێ بۆ دەردەکەوت بدۆزمەوە. وەرە، ببم بەهەتوانی برینەکەت.»

کیژەی هێنا، لەبەر ئاگردانەکەی دانیشاند. خۆیشی بەتەکیەوە دانیشت. بە ژنەکەیشی گوت:

«ئەتۆیش هەڕۆ ژوورێ. منداڵەکە ببە و هەڕۆ ژوورێ. دەبێ ئیفادەی کچە وەرگرم.»

ژنە بەلانک و منداڵەوە ڕای گوێزتە چاوەخانیی پشتەوە.

«دە بڵێ دەی... خێرا، خێرا بڵێ!»

کچە ئیدی بۆ خۆی فێرببوو، لە فیتووی کابرا ڕاهاتبوو. دەیزانی چ بڵێ. وەک جاران، یانی وەک ڕۆژانی هەوەڵ، لە شەرمان سوور هەڵگەڕان و تف قووتدان و شتی وای نەمابوو.

بەڵێ تەواو ڕاهاتبوو. بەڵام هێشتا هەر تۆزووکەک شەرمی دەکرد.

«بیگێڕەوە کیژم، بیگێڕەوە. دە بڵێ کارمامزەکەم! دە بڵێ، دە بڵێ جا!..»

ئیدی گێڕانەوەی مەسەلەکە وەهەی لێ هاتبوو لە کچەیش خۆش دەهات. ئیتر لەگەڵ سەفەردا دوو بەدوو لێی دانیشتن و باسی مەسەلەکەی هێندە پێ خۆش بوو، هەر ئەوەبوو، لە خۆشییان نەدەبوورایەوە.

«برایمێکی خەڵکی ئەو گوندە هەبوو، ئەو برایمە...»

«لە برایمی تێ پەڕێنە، ئەوێیمان گەرەک نییە.»

«لەگەڵ واندا دراوسێ خەرمان بووین.»

«خەرمان و مەرمانیش بوێرە، کارمان پێ نییە.»

«تاوی کردم، گوایە دەمخوازێ.»

تێ پەڕە، لەوانەیش بگوزەرێ، وەرە ئەشکەوتەکە. لەگەڵ هاوڕێیەکەیا، بۆ ئەشکەوتەکەیان هێنای. ئەشکەوتەکە، تا ناقرەی پڕ بوو لە شەمشەمەکوێرەی ئاوەژوو و بەرەواژ هەڵاواسراو. چوونە ژوورەوە.»

«چووینە ژوورەوە. برایم، هەر لەگەڵ چووینە ژوورێ و نەچووین، ڕاست دەستی بۆ دۆخینی برد. ئەمن خۆم بەدەستەوە نەدا. شەڕ و مشتومڕی نێوانمان تا نیوەشەوێ درێژەی کێشا. لە پاشان هاوڕێیەکەی هات، خۆم بەدەست ئەویشەوە نەدا.»

کوێخا دەموچاوی گڕی گرت:

«خێراکە، خێرا بیگێڕەوە!»

کچە هەڵوێستێکی بۆ کرد، زۆڵ بوو، تامی تامیی پێ دەکرد. چاوی داخست. گرژایەوە. لە ناخیەوە هەستی کرد، هەرچی ئازاری لەشی هەیە، سەرلەبەر بووە بەیەک پارچە شەهوەت و حەز و ئارەزوو و ئەڵها.

«بیگێڕەوە، بیگێڕەوە.»

ئیدی کچە کاری خۆی دەزانی. گوێی نەدایە. لەسەرەخۆ؛ لە نوێژەنەوە تێ هەڵچووەوە.

«هاوڕێیەکەی ڕۆیشت. من دەڕۆم، گوتی، خۆ لەگەڵ کچە تیوی وادا خەریک ناکەم. تۆ چ دەکەی بکە! فلانی هێندەم کەیف هاتەوە، گوتم، وا دەڕوا، ملی

دەشکێنێ. چاوێکیشم هەر لە برایمە. برایم وەک هەڵۆ هەڵی کردمێ. ڕوانیم کێردێ بەدەستییەوەیە. شەمەکەکانی بەری لەتوپەت کردم و لەو مەیدانە ڕووتوقووت مامەوە. دەرکی ئەشکەوتەکە ئاگری لێ کرابووەوە. جلەکانی بردم، لە ئاگرەکەی هاویشتن. تا هەمووی نەسووتا، ڕەهای نەکردم. پاشانەکێ، تێم ئالا، ئەمن خۆم بەدەستەوە نەدا. ئەویش ڕووتوقووت. بوو. هێندە گەرم بوو، دەتگوت ئاگرە هەڵدەگرێ هەر لەشی بەلەشم دەکەوت و نەدەکەوت چزەی لێ هەڵدەستا، ئۆف ئۆف ئۆف ئۆف، باوەڕۆ... دەسووتام، ئەمان دەسووتام! ئیدی بەرەبەرە کار لە بەرگەگرتن و خۆڕاگریدا نەما، دادەڕزام، دەتوامەوە، هەر وەخت بوو شێت و هار بم.»

سەفەر گشت ئازای گیانی کەوتە لەرز:

«ئێ، لە پاشان؟ چۆن چۆن، دە بڵێ بڵێ، پاشانەکێ چتان کرد؟»

کیژە گوێی نەدایە. هەروا لە سەرەخۆ و بەدڵ ساردییەکەوە، تامی تامیی دەدا و لەسەر قسان دەڕۆیشت:

«شێت و شبر، هەر وەخت بوو شێت و شبر بم. فلانی ئەم تامولەزەتەی لە لەشی پیاودا هەیە لە هیچ شتێکی دیکەدا نییە، درۆیە. هەر بەئاستەم لەشی بەر لەشم دەکەوت و نەدەکەوت، دەبوورامەوە. تەواو بوورابامەوە، بە بەرمەوە دەنیشت، هەموو شتێکی لێ دەکردم، بێ بنی دەکردم، وا لە دڵی خۆشمدا. دەڵێم هەر دەیکا، با بێ بوورانەوە بیکا، هێندەیشم پێ خۆشە، هەر وەختە لە خۆشییان زیرە بکەم، باڵ بگرمەوە، سەیریش ئەوەتا، ناشهێڵم. برایمیش بەهەموو توان و گورێکیەوە خۆی پێمەوە دەنووسێنێ ئەما نووساندن، دەمگوشێ، ئەمان گوشین، پەراسووم یەکە یەکە دەچریکێنێ، لەپڕ خۆم ڕاپسکاند، کاتێکم بەخۆ زانی وا لە ناو تۆز و خۆڵی ئەشکەوتەدا دەگەوزم، برایمیش خۆی پێمەوە نووساندووە، ئەمان نووساندن، بەئامان و زامان لێم نابێتەوە. بنووسێ پێمەوە، بنووسێ، بنووسێ...»

کچەیش گشت ئازای لەشی کەوتە لەزرین.

سەفەر ئارامی لەبەر بڕابوو، لە یەکبینە هەر دەیگوت:

«تێم ئاڵێ، تێم ئاڵێ، تێم ئاڵێ!»

کچە:

«تێم ئاڵێ، تێم ئاڵێ، تێم ئاڵێ... ناهێــڵم، خــۆم بەدەســـتـــەوە نادەم. دەموچاوی، هەناسەی بووبوون بەیەک پارچە گڕی ئاگر، لەشی هەموو بووبوو بەپێت و بڵێسەی ئاگر. لەزەتێ لە نێوچاویدا بەدی دەکرا، بەرگەیم نەگرت، هی بەرگەگرتن نەبوو، شلم کرد. شل، شل، شل...»

سەفەر هاواری کرد:

«بەسە ئیتر.»

دەستی کچەی گرت، هێندەی هێز بەخۆ شک دەبرد، گوشی. ئەوجا لە باوەشێی کرد. کچە لە نێوان باسکە ئەستوورەکانیدا لە باڵندەیەک دەچوو، هەر هێندەی تۆزۆکەک.

زریان و بۆرانەکەی ئەو هەڵەت و زوورگە، بێ سرەوت، هەر دەیگرماند.

## ١٦

ئوزوونجە عەلی لەبەر ئاگردانەکە دانیشتبوو، لەو بەرەوە لە دایکی دەپرسی:

«ئەدی وەنییە، دایە؟ عادیلەفەندییەکی، ماڵ و موڵکی هێندەی دنیایەک جێگە گرتووە و دووکان و بازاڕی شارێ، سەرتۆپی، هی ئەوە، هیچ ناکا، بیر لە مەمانان دەکاتەوە؟ ئێمە ئەو ساڵەکەیش قەرزەکانی نەدەینەوە، ساڵێکی دیکەی هەر دەدەینەوە. کێ دەڵێ، ئێمەی هەر بەبیریشدا دێین؟ ئێمە لێرە هەر لە خۆڕا تفەنگ بەتاریکە شەوەوە دەنێین، ماڵ وەدەشێرین و ماڵ دەردێنین. بێ لەوەش، ئەوە چەندین مانگە چاوەنۆڕی عادیل دەکەین. عادیلیش نایە. هاتبا، تا ئێستا، لەمێژبوو هاتبوو. تازە هاتنی ئەو کۆن بوو، بەسەرچوو. هاتنی ئەو و، بۆ دە پازدە قــرۆش، گــوند ڕووتکردنەوەی ئەو، کــۆن بوو و بڕایەوە. ئەو دەمانە عادیل لاتێکی پێخواس بوو. بەمەتەلگی دەگوت حەسەن پاشا. تفی ســەر ئەرزێی لێ دەبوو بە قــڕان. ئەو ســەردەمــانە دەهات، گــوندی ڕووتیش دەکردەوە و دەشیسووتاند... بەڵام ئێستا؟ ئێمە لە بەلاش خۆمان هەراسان

کردووە دایە. ئەدی وەنییە؟ کەروێشک لە چیا تۆراوە، چیا پێی نەزانیوە. ئەدی ئەگەر عادیلەفەندی ئاگای لەم کەینوبەینە نەبێ، دایە؟ ئەدی وەنییە؟»

مریەمۆک قسەی نەدەکرد، زاری هەڵنەدەهێنایەوە. عەلی هەر چەندی لێ دەپرسی، لە دڵی خۆیدا، هەر خۆی وەڵامی دەدایەوە. عەلییە هەژارە، غەریبە، بێ ئاوەزەکەی کورم، خەڵک قەت دەست لە مافی خۆی هەڵدەگرێ؟ حەزێ دەکا، هێندەی دنیایێ سەروەت و سامانی هەبێ.

بنیادەم قەت چاوی تێر دەبێ؟ عادیل دێ، چۆنیش دێ، هەروەک قەلەڕەش، وەک بارانی گرێ، ئالاوێ، دێ و بەسەر گونددا دەبارێ. گوند ڕووت دەکاتەوە و وەسەر ساجی عەلیی دەخا. مردن چارەسەری هەیە، ئەمە چاری نییە. هەتیوە بێ مێشکە، سەرشێتەکەم. ئاخ! زارم هەڵاتبا، قسەم کردبا، قسەم کردبا و ئەوسەرە بێ ئەقڵەتانم یەکە یەکە، پڕ لە هۆش و فام کردبا. ئەوانەی لە زارهەڵێنانیان کردم، دوای گەورە و بچووکتان بڕێتەوە، عادیل دێ، دێ! خاوەن هەق دەست لە هەقی خۆی هەڵدەگرێ؟ هێند چاوەڕێ دەکەن، تا دەتۆپن. چ دەردێکتانە؟ ئەمە هەر دەقەومێ. ناتوانن چیی لەگەڵ بکەن، هی پێش لێ گرتنێ نییە، نە. هەی بەناخی زەویدا چن، بۆ هەناسەی هەناسەئاساییتان لە خۆ بڕیوە و چاوەڕێی ڕووداوێ دەکەن، سوور دەزانن ڕوودەدا؟»

«ئەدی توخوا وەنییە دایە؟ پیاوێکی هێند دەوڵەمەند، ئەرز و ئاسمان هی وییە، ئێستا چ ناکا، دێ، گوندێکی هەژار ڕووت دەکاتەوە، توخوا، دەنا وەنییە، دایە؟»

ڕووتی دەکاتەوە، دەکاتەوە. جا چۆنیشی ڕووت دەکاتەوە! بەڕووتکردنەوەی لە خۆشییان دەشتەقێ.»

عەلی لەپڕ هەڵستایە سەر پێیان. بەوەی کە هەر لەگەڵ دایکی دەیگوت و دایکیشی چیی وەڵام نەدەدایەوە، تێک دەچوو.

بۆرانەکە هێندەی دیکە هار دەبوو. کسپەی بەسامی کە لەو پێدەشتەوە بەرەو تۆرۆس هەڵدەکشا، تەواو بەرگوێ دەکەوت.

عـەلی قـەدەرێ، بەپێـوە دوودڵ بوو، پاشـان، بەتاو بـەرەو دەرکـە تەکـانی دا چابـوو، لەنگەری خـۆی گـرت. بەهەڕاکـردن گـەیشـتـە بەر دەرکـەی مـاڵە تاشباشی. ڕووناکی لە درزی دەرکەوە دەدەڵی. «خۆمانین کاک مەمەد،» گوتی و وەژوورکەوت.

دەرکە کرایەوە.

لەبەر ئاگـردانەکـە، چـوار مـێـردەکی، بەرانبـەر یەک دانیـشتن. ئێـزنگی داربەڕوو ئـەسکڵ و پشکۆی وەک بلووریی سـووری لێ کـەوتبـووەوە. لە دوو کـێـشـەکـەیڕا ناو بەناو، بـایەکی دەهـات، ڕەنگی سکڵـەکـانی دەپـەڕاند، سوورایییەکەیان کاڵ دەبووەوە و مشکییان دەگرت.

مـاڵی تاشبـاش یەک چاوە خـانوو بوو. ئاگردانەکەیان گەورە و بەرفرە بوو. سەری بەقـەمیش گیرابوو، دیوارەکانی بەگڵی سپی سـواغ درابوو.. لە دیواری ماڵەکانی دیکە، کە یەک لەسەر یەک، سا بەهەر بارێکدا بگونجێ، هەڵنرابوون، نەدەچوو. لە زەویڕا پێنج بست بەرەژوور بەنەخش و نیگاری جـوان جـوان نەخـشـێندرابوو. پۆلە قـورینگ بەئـاسـمـانـەوە، لک و چڵی دار و درەخت بە بەرباوە، دارسـتـان و جـەنگەڵی بەگـوڵووک، ئاسک ، کـارمـامـزی وەگـومـەتە کەوتوو، ئەسپ و ماین... تاشباش دنیایەکی بەدیوارەکەیەوە جێ کردبووەوە.

وێنەیەکی مـسـتـەفـا کـەمـالیش، ڕێک بەناوچاوانـی ئاگـردانەکـەوە، لە ناوەڕاستەوە هەڵاواسرابوو.

قـەپلاخـێکی بەسـەرەوە بوو. برۆی زەقـوزۆپ بـوو. مـانایەکی تـەوسـاویی بەوردەوە لە دەمـوچاو و ڕەنگوڕوودا دەخـوێندرایەوە. تاشـبـاش هەر چـەندی سـەیر دەکـرد، هەسـتـێکی خۆشـیی وەک بەزەییی لە دڵ و دەروونـدا بەخـەبەر دەهات. بەلای ئەوەوە، مـسـتـەفـا کـەمـال پیـاوێکی چاک بوو، بگرە پیـاوێکی کەڵەمێردیش بوو. نەختێکیش گاڵتەچی. جا بۆ وابوو؟ گوایە، زۆری خـەبات کردبوو. وارویۆخی لە پێناوی میللەتدا بـەخت کردبـوو. مەلا و دوعاگۆ لە دژی ڕاست بووبوونەوە، گـوتبـوویان مـیللەت لە دین دەرچوو. زۆر شـتی کـردبوو، کۆسپ و هەڵەمووتی زۆر بڕیبوو... بەڵام لانەکی کەم و کاستی هەبوو. کارێکی

هەبوو، جێبەجێی نەکردبوو. دەرۆستی نەهاتبوو... ئەگینا پیاو قەت ئەوەندە بەوردەوە دادەنیشێ بەدنیا پێ بکەنێ. بێ ئەوەی لە کەسیشی ئاشکرا بکا.

تاشباش ئۆغڵو تەماشایەکی عەلیی کرد، خەمبارییەکەی لە ڕەنگ و ڕوویڕا دیاربوو.

تاشباش:

«ئەمە چییە، عەلی؟» پرسی و دەنگی تەوسامێزانە بوو. عەلی لە وەڵامدا:

«خێرە،» گوتی.

قەدەرێ چاویان لە ئەسکڵی نێو ئاگردانەکە بڕی، قسەیان نەکرد لە دوادوادا عەلی گوتی:

«گوندی زۆر هەراسانن، مردن هێند چاوەڕێ بکەن،» گوتی. «بۆ ئەوە هاتم بۆ لات. ئەو گوندییانە لەم دەردە ڕزگارکەین. ئەم عادیلە بەرازە تەنانەت بۆ ڕووتکردنەوەی گوندیش نایە. هاتم، گوتم، سبەینێ بەڵکو پێکەوە بچین بۆ شار، بۆ لای عادیل، پێی بڵێین، برادەر، حاڵ ئەمە، حیکایەت لەمە، ئەمە وا و ئەوە وا. یا خێرا وەرە، هەرچی لە گوند هەیە و نییە بیبە و برۆ، یا ئەوەتا ئەوەی دەیبەی دوای خە بۆ لۆکەی ئەم ساڵ دێتەوە، بۆ لۆکەی ئەم ساڵ وا دادێ. کار وا بڕوا، گوندی فەلاکەتێ. وەسەرەخۆ دێن. کوڕوکاڵ دەبنە ئەشقیا و پیرەکانیش بەشەڕدێن. گوندی سەرلەبەر دەکەونە ناو یەک، ئاسەواری یەکتر دەبڕنەوە. ئەوەتا لە ئێستاوە دەستیان پێ کردووە. دوێنێ وەخت بوو، شەڕێ بقەومێ، قەومابا بەمانگێکی ناوبژیت پێ لێ نەدەکرا. دەترسم کاک مەمەد، حەیفم لە گوندییان دێ... ئەم عادیلە ئەگەر لە هاتنێیە، با بێ، چاوەنۆڕی چ دەکا؟ با بچن پێی بڵێن. چ دەڵێی؟»

تاشباش ئۆغڵو لە سەرەخۆ، خۆی کۆ کردەوە. چاوی لە دوڕ چاوی عەلی چەقاند. چاوی گشتی بووبوو بە گلێنەی ڕەش. خەمێکی تێدا پەنگابووەوە لە وزەبەدەر. لێوی کرژ هەڵاتبوو.

«ئەم گوندییانە، ها؟ هەی لە دایەی گوندی، لە ژنی گوندی، لە گەورە و بچووکی گوندی، لە ماڵ و منداڵی... تێ گەیشتی ئوزون عەلی برا! ئەمن بۆ

ئەم گوندییانە نینۆکی ئاسایی چییە نایبڕم و فڕێی نادەم. ئەوی خۆی بکەوێ ناگریە. لە سەرخۆش گەڕێ با بڕوا تا دەکەوێ. ئەم گوندییانە بەقسەی برای خۆتیان کردبا، لە پلە سەختەکەی سویگۆیتلوو لە دژ کوێخا ڕاسیابان، پێیان نەهاویشتبا نێو مەزرای هەتیوەکەی میرئالایەوە، کە گیای گیائاسایی لێ ناڕۆێ، ئەم حاڵەیان بەسەر نەدەهات. برۆ بەڕێی خۆتەوە عەلی برا، ئەم گوندە تازە خێر لە ناوچاوانی منەوە نابینێ. تازە ڕابرد. بتەقن، شەق ببەن، با بڕۆن یەکتر بکوژن ئەم گوندییانە، ئەم گوندییە بێ نامووسانە. لەمڕۆیش بەدواوە خۆ لە هیچ کارێکی ئەم گوندە ناگەیەنم، قەت و قەت ناگەیەنم، بۆشم ڕێک کەوێ تاکە ڕۆژێ لەم گوندە نامێنمەوە، نایشمێنمەوە... هەر کە گەیشتمە بەهارێ و نەگەیشتمێ بۆ گوندێکی دیکە بار دەکەم. ئیدی لەوەی بەولاوە پیاو لەم گوند گوزەران ناکا. ئەمن وا دەتاسێم، کوڕینە. نازانم ئەتۆ چۆنی بەڵام... ئەمن...»

تا بانگی کەڵەشێری نیوەشەوێ، ئیدی نە ئەم ورتەی لێوە هات و نە ئەو.

چوار پێنج جارێ گوێیان لە تەقینەوەیەک بوو لە دوور، لەو پێدەشتە وەک تەقینەوەی تۆپان دەچوو، ڕاچەنین.

تاشباش ئۆغلو هەر چەندی کردبوو لایەن کوێخا گرتنی گوندییانی بۆ قووت نەچووبوو. لە تاوان شێت دەبوو. دەوجا وەرە پێنج شەش ساڵان ڕەنجی فەرهاد بدە، هەرچی گزی و فزی و تەڵەکەبازی و دەک و دەهۆی سەفەرە، هەمووی لە دوڕچاوی ئەم گوندییانە ڕاکەی، کەچی هێشتا هەر لێی نەتەکێنەوە! ئەمە چ ئیشێکە؟

جا دەبینی چ کارەساتێ بەسەر ئەم گوندییانە دێ، کارەساتیش نەک گاڵتە!

عەلی هەڵستایە سەر پێیان، لاقێکی سڕ بووبوو، لە دووی نەدەهات، نەیتوانی لەسەر لاقی، سڕبوو، بوەستێ بە هەنگڵەشەلێ بەرەو دەرکە چوو، گوتی:

«بەدووعا برا. هەقتە. هەر لە زەویڕا تا ئاسمانێ.»

تاشباش ئۆغلو هەر وەخت بوو لە داخان شەق ببا. زاری کردباوە، تا

سبەینێی قیڕاندبا، کێهە جنێو پیس و سووکە بەگوندیی دابا.

«خواحافیز عەلییەکەم،» گوتی. «دڵی خۆت سەغڵەت مەکە. تا گوریسەکە دەپچڕێنن با هەر ڕای کێشن.»

لە پێسیری عەلیی گرت: «کار بەم جۆرە بڕوا ئەقڵم لە دەست دەدەم.»

«ئامان برا، وەنەڵێی؟»

بۆرانەکە لەو هەورەوە، تا دەهات هێندەی دی هار و شێتتر دەبوو. دەرکەی لە دەست تاشباش ساند پێوەی دا، تاشباش سەرلەنوێ دەرکەی وەکرد.

«خواحافیز،» گوتی. «دڵت سەغڵەت مەکە. تا گوریسەکە دەپسێنن با هەر ڕای کێشن.»

عەلی بەهەڵەداوان گەڕایەوە بۆ ماڵێ. ئەلیف لە دەرکەیڕا وەپیریەوە هات. کە فەلاکەتێکیان بەسەر دەهات، ئەلیف هەمیشە بەوڕەنگی، لەپشت دەرکەی چاوەنۆڕی دەکرد. عەلی هەر کە دەستی وە دەرکەی دەکەوت و نەدەکەوت، دەرکەی دەکردەوە، بەخۆشی و ڕووگەشییەوە دەینۆڕییێ.

عەلی کە بەو ئاوایەی دیت زراوی چوو:

«چییە، چ قەوماوە؟» لەپڕ پرسی، چووە ژوورێ. نواڕی دایکی لەلای ئاگردانەکەوە نووستووە، لێفەکەی تا بەربینگی بەخۆدا داوە. چاوی قووچاوە، هۆنەهۆن ئارەقەی بەهەنیەیدا دێتە خوار.

«چ بووە؟»

«دەرکەی وەکرد، وەدەرکەوت. گوتم، ڕەنگە بچتە سەر پێشاوێ. بۆ نەبۆرژێم، کاتێکی بەدەین هاتم، دەمەدەمی نیوەشەوێیە، نۆڕیم داکم هەر نەگەڕاوە. چییە، لە کوێیە، لە ناکاو وەدەرکەوتم. دەرێ بۆران و وەیشوومەیەکە، فەرتەنە و هەڵلایەکە، پیاوم دەویست خۆی بەسەرپێوە ڕاگرتبا. بۆرانی تاین وەک تۆپ دەتەقییەوە. لە ناوەندی گوند چوومە دەرێ، سەرپێشاو گەڕام، هەرجێیەکی سەر پێشاوی لێ بکرێ گەڕام، ئەملا گەڕام، ئەولا گەڕام، نییە و نییە. هاتم بەحەسەنم گوت، ئومەخانیشمان بەگەڵ کەوت. بەنێو گوند وەربووین، ئەملا دایک، ئەولا دایک، شوێن نەما لە گوند لێی

نەگەڕێین، پەنا دیوار نەما نەیپشکنین، لەم دراوسێمان پرسی، لەو دراوسێمان پرسی، لە ماڵی کەس نییە، لە هیچ کوێیەک نییە دایکم. لەپڕ بەبیرم داهات، گوتم ئەم پیرێژنە لە گوند هەڵنەهاتبێ. بەڕێ کەوتم. کاتێکی گەیشتمە قایەکانی ڕێگەی شار، تارماییەکم لە لای ڕاستێ بەدی کرد، دەبزووت. لەسەر ئەو بەفرە، لە پەنا تاوێرێکەوە هەڵکورمابوو. دایە، گوتم، دەنگ نییە. کچێ دایە، دایە، جارێ، دوو جار، سێ جار... دەنگ لە تاوێرەکانەوە هات لەوەوە نەهات. بەلایەوە چووم، دایکی چی و حاڵی چی. هەر بەجارێ کرژ هەڵاتووە، چۆقە چۆقی ددانی ڕۆژەڕێیەک دەڕوا. هەر یەکسەر لە کۆڵێم کرد هێنامەوە ماڵێ.»

عەلی بەتەک دایکییەوە دانیشت، دەستی لە نێو دەستەخۆ خست.

«سەرت سەلامەت دایە،» گوتی. «لە بەلا بەدووربی.» ئاوڕێکی لە ژنەکەی دایەوە: «ئا، ئەلیف،» گوتی. «خێرا شۆربایەکی ترخێنە لێ نێ، دایکم بیخوا، وەسەرەخۆ دێتەوە.»

مریەمۆک کە ئەمەی بیست، لەسەرەخۆ نکەیەکی بۆ کرد، خۆی بەسەر باسکی ڕاستیدا وەرگێڕا.

١٧

ئاسەوار مانا لە بۆرانەکەی دوێ شەوێ نەمابوو. ڕۆژێکی بەچریسک و بریسک بوو. بەفر و شەختە سۆمای چاوانی دەبرد. دارچنارەکەی ناوەندی ئەو دەشتە، لە دووڕا، هێند نزیک دیاربوو، هەر وات کردبا، بەدەستت گرتبا. بەفری سەر لک و چڵەپۆپەکانی دەتگوت هەر ئێستاکانێ کزەبایەکی بێ، هەڵدەوەرێ. دنیا تێنی تێ گەڕابوو. دەتگوت یەک لە ڕۆژانی مانگی گوڵانە و هەر کاتێکت زانی بەهار بەخۆ و چووزەرە و چرۆ و خونچەوەی تەقییەوە و ئەم هەموو بەفر و بەستەڵەک و شەختانەی ڕاماڵی و بردنی.

حەسەن بەپێکەنینەوە چووە دەرێ. شاقەلی تا چۆکان لێ هەڵکردبوو.. تەوراسە چکۆلەکەی و گوریسەکەی بەدەستەوە بوون.

دایکی:

«له دەورت گەڕێم حەسەن گیان، ئێزنگی ئەم جارەت با کەمەک بەپێزتر بێ. ئەوی جاری پێشووت هەر لە ئاگردانێت داویشت و نە دەهاویشت تەواو دەبوو.»

«ئەمنیش دەچم،» گوتی.

حەسەن:

«بچۆ لۆ ناچی،» گوتی. «لەگەڵ من مەبە. لەگەڵ کێ دەچی بچۆ. لێڕێکی گەورە و گرانت لە پێشێیە.»

ئومەخان دایە کوڵی گریانێ:

«دایە،» گوتی بە چڵم هەڵلووشینەوە، «من دەمەوێ لەگەڵ وی بچم. دەمهەوێ لەگەڵ حەسەنی بچم. دە پێی بڵێ !»

ئەلیف دەنگی لێ زیت کردەوە:

«کچەیش لەگەڵ خۆتدا ببە. ئەویش کۆڵێکی پێ دێتەوە. خراپە؟ دوو کۆڵ سووتەنی دێننەوە!»

حەسەن گوتی:

«دەیبەم، بەڵام بەمەرجێ ورتەی لێوە نەیێ. بەگارەگار سەرم نەئاوسێنێ.»

ئومەخان:

«زارم ناکەمەوە،» گوتی.

بەڕێ کەوتن. هەر لە دەرکەی ماڵێ هەڵبڕان و هەڵنەبڕان منداڵانی دەر و دراوسێیشیان بەگەڵ کەوتن.

حەسەن لە کوڕە گەورەکەی پرسی:

«کوێوە دەچن؟»

کوڕەکە:

«بۆ هۆوەو لێڕە، بۆ ئێزنگێ.»

سێ زارۆکی دیکە کە چاویان پێ کەوتن بەکۆمەڵ دەڕۆن، ئەوانیشیان

بەگەڵ کەوتن. کە لە گوند دەرچوون ئاوڕێکی پاشەوەیان دا، چ ببینن، زارۆڵەی گوند هەموو بەدوایان کەوتوون.

هیچ منداڵێ نەداخاوت، بەڵان هێند بەلەز دەڕۆشتن، دەتگوت برێ دڕندەیان لەدووە و لە بەریان هەڵدێن. کە گەیشتنە لێرەکە هەناسەیان سوار بووبوو. سەلەبەریشیان پێخواس بوون. هێشتا ماندوویان نەحەسابووەوە، دەستیان بەزۆرانبازێی کرد. کوڕان زۆرانیان دەگرت، کیژان چاوشارکێیان دەکرد. هەر کەسە تەوراس و گوریسی خۆی بەدەستەوە بوو. پاش لە نێو بەفر گەوزین و دەم و کەپوو هەڵمسانێکی چاک، پاش شەکەت و کەشەنگبوونێکی بەدڵی تۆ، دەستیان بەئێزنگ بڕینێ کرد، بەڕەنگێکیان لە ئێزنگ بڕینێ نابوو، شەلم کوێرم ناپارێزم، نە لک، نە بەژن چییان نەدەبوارد، هەر دەتگوت پێکوڕەن بەجەنگەڵەوە وەربوون.

سەویلکێشێکی نەخایاند هەر کەسە کۆڵە ئێزنگی خۆی خڕ کردەوە لەسەر کۆڵ و باری خۆ لێی دانیشتن، دەستیان بەبیرکردنەوە کرد. کات لە نیوەڕوانێ بەدواوە بوو. لە ناکاو دوو منداڵ لێک بەشەڕ هاتن، ئەوانی دی ناوبژییان نەکردن، وچانێ سەیریان کردن. منداڵەکان کە نۆڕییان کەس لێکیان ناکاتەوە، ئەوانیش هەر لە خۆڕا، دەستیان لە گەڕ هەڵگرت.

حەسەن دیسان چوو لەبن تاوێرەکە ئاگرێکی هەڵکرد. هەر کە ئاوری هەڵکرد و هەڵنەکرد، گورجێ، شقارتەکەی وەشێرد. منداڵەکان لەگەڵ حەسەندا چاویان لە ئاگرەکە بڕیبوو سەیریان دەکرد. هیچیان نەدیت، یەکیان گوتی:

«جا ئەم ئاگرە کەی بوو بە شت، کوا خۆ هیچ دیار نییە. نە ئەسپی بەغار، نە ئاسک، نە مەزرای لۆکەی قۆزاخەپژیو..»

ئەوانی دیکەیش لچیان لێ هەڵقورتاند:

«جا ئەم ئاگرە کەنگێ بوو بە شت،» گوتیان.

ئەم کوڕە، ئەمە چۆن دەزانێ، لە کوێی دەزانێ، حەسەن تووڕە بوو. وەک بڵێ، لە تۆوە دەرچووە، سەیرێکی ئومەخانی کرد.

ئومەخان:

«وەڵڵاهی،» گوتی. «من بە کەسم...»

حەسەن:

«وسسسس»ێکی کرد.

ددانی بەخۆدا گرت، بێ ئەوەی چ خۆ تێک بدا، ئاگرەکەی لە سەرەخۆ، بەدەستی، بەقاچی کوژاندەوە، داغانی کرد. لە پاشانیش لە پەنا تاوێرەکانەوە، بە ماتەمات، بەنیازی وەی کەس نەیبینێت، سرک سرک، لە دەوروبەری خۆی نۆڕی و دەستی بەڕۆیشتنێ کرد. منداڵەکان بەدووی هەموو بزاوت و جرت و فرتێکیەوە بوون. ورد و درشتی کردەوەکانیان تاقیب دەکرد. ئۆمەخان خۆی لە پشت دارێکەوە وەشێردبوو، فرتەیەکی هەرە چکۆڵەی لە چاو خافڵ نەدەکرد.

حەسەن دەیزانی لە نێو قەرەباڵغییەکی وادا یەکێ هەر دەیبینێ، لە نێوچاوانی ئەمەوە شتێ بەسەر بەردەکەی دێ. قەدەرێکی دوورودرێژ لە بن تاوێرەکە ڕاوەستا. ئەورۆ نەدەبوو بن بەردەکە ببینێ. سبەینێ دەهات، ڕۆژێکی دەهات بەتاقی تەنیا هەر خۆی دەیدیت. بەڵام هێندەیشی مەراق بوو، هەرچەندی دەکرد بێ دیتنی بەردەکە هەڵی نەدەکرد، هەر وەخت بوو کام بکا. چ بکا چ نەکا؟ دوو دڵییەکەی زۆری برد، پاشانەکێ گوتی، جا چ بوو؟ وا دیتیشیان، ئەوی گڕ و بڵێسە نەبینێ هی بن بەردەکە چۆن دەبینێ؟ بێ لەوەیش، کێ بەکێیە، هەر کەسە لە خەیاڵێکە. کوا کێ تەماشای ئەو دەکا... دیسان هەر بە شک بوو، ئاوڕی لە چواردەوری خۆ دەداوە. بەقنگەخشگێ لە بن تاوێرەکانەوە دای کێشا، بۆی دەرچوو.

منداڵەکان سرتەیان لەخۆ بڕیبوو. نائارامانە چاویان لە دووی بوو، بۆ کوێ دەچوو. بەقنگەخشکێ ڕۆیشتنەکەی حەسەن زۆری خایاند. لە پاشان، جا بەهەر ڕەنگێکی بوو، بەهەڕاکردن، خۆی هاویشتە پشت تاوێرەکانەوە. منداڵەکانیش نەیانکردە نامەردی، هەر دوابەدوای ئەو، وەک تیر لە کەوان بترازێ، زرم بازدیان دا بۆ پشت تاوێرەکان. لە پەنا داران، لە پەنا تاوێران خۆیان حەشاردا.

حەسەن هەڵستایە سەر پێیان، تەواشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، پاشانەکێ هات بۆ بن تاوێرێکی زەق و زۆپ، هەر دەتگوت دارچنارە، بەحەلحەلەی ئاسمانێدا هەڵکشاوە. لەپڕ دانەوییەوە، بەردە زەلامەکەی وێندەرێی ڕاست کردەوە، سەیری بنی کرد. قەدەرێ هەر وا مایەوە، چاوی لەسەر جێگەی بەردەکە ڕانەگوێزت. وەک جادووی لێ کرابێ، لەوێ ڕەق هەلات. ئەوجا وەک شتێکی پیرۆز لەجێی خۆ دابنێتەوە، بەردەکەی، وەک دەست بەسەرومليدا بێنێ، لە جێگەی خۆی دانایەوە. بەگومان و دوودڵییەکەوە، نۆڕییە دەوروبەری خۆی، یەکڕاست لەوێ دوورکەوتەوە.

هەر کە ئەو لەوێ دوورکەوتەوە و نەکەوتەوە، منداڵەکان لە پشت دارو درەختەکانەوە فڕکەیان کرد. هەوەڵ منداڵێ کە هات، بەردەکەی، وەک جادووی لێ کرابێ، بەپیرۆزییەکەوە. هێدی – هێدی ڕاست کردەوە. منداڵەکانی دیکە هەناسەیان لەخۆ بڕیبوو، چاوەنۆڕ بوون، بزانن چی لەبن بەردەکە بەدیار دەکەوێ، منداڵەکە بەردەکەی ڕاست کردەوە. بەفرەکەی سەری هەڵوەرییە خوار. ڕەگی خاکێکی ڕەش – ڕەش لەبن بەردەکە بەدیارکەوت. خاکێکی زەردباو، ڕەنگ پەڕیو، سپی، دەمار دەمار دیاربوو، ڕەگێکی باریک لە بەردە زەق ڕاوەستاوەکە جوێ نەبووبووەوە، کرژ کرژ هەر پێوەی مابوو. خۆڵەکە ڕەش ڕەش، بەپێز و چەور بوو، ڕەگ ڕەگ بوو.

منداڵەکان بەچاوی زەق زەقەوە تەماشایان دەکرد، لە پاشان بەردەکەیان، چۆپ و زۆپ قوت کرابووەوە، وەکەخۆ بەجێ هێشت، لێیان دا، کشانەوە.

منداڵەکان هەروا بیریان دەکردەوە. گەلۆ چ لەو بن بەردەدا هەبوو، نەیاندەدیت؟ حەسەن، لە پەناڕا منداڵەکان بەردەکەیان چۆن ڕاست کردبووەوە، چۆن بەچاوی زەق زەقەوە تەماشای شوێنەکەیان کردبوو، هەمووی ڕەچاو کردبوو. منداڵەکان هەر لە کن بەردەکە دوورکەوتنەوە و نەکەوتنەوە، حەسەن هات، قەدەرێ بەدیار بەردەکەوە ڕاوەستا. چەند جارێ لە خۆڵەکەی نۆڕی. ئەوجا وەک بیلاوێنێ، چەند جارێکی دەست پێدا هێنا. لە پاشان بەردەکەی گرت، لە سەرەخۆ، بەئەسپایی، لە جێگەی خۆی دانایەوە.

منداڵەکان دیسان هەروا ڕاوەستابوون، تەماشای حەسەنیان دەکرد، بزانن چ دەکا. حەسەن هەر کە بەردەکەی لەجێی خۆ دانایەوە، هەر لە تەنیشتی بەچۆکدا هات، بێ بزاوت، هەر بەو ئاوایە مایەوە.

منداڵەکان لە پڕێکدا دەستیان بەهاتوهاوار و قیژوهۆڕێکی بە سام کرد. حەسەن لەگەڵ هاتوهاواردا چاوی هەڵێنا. منداڵەکان شێتگیرانە هەڵدەبەزین و دادەبەزین، سواری کۆڵی یەکتر دەبوون، بەو نێو بەفر و بەستەڵەکەدا گلۆر دەبوونەوە، شێت و شبر بووبوون. حەسەن هەڵستایە سەر پێیان، لە بەردەبۆری دوورکەوتەوە، دەستی بەپشتیەوە گرت، خەیاڵاوی خەیاڵاوی تێیان ڕاما. سەعاتێ زرمەزلێیان کرد، یەکدییان هەڵشێلا، ئومەخانیشیان تێدابوو. ئەویش بەشی خۆی زرمەزلێی کرد.

حەسەن لە دڵی خۆیدا: «بۆم بوەستە، بزانە چت لێ دەکەم،» گوتی. «برۆنێ، چۆن لەگەڵ منداڵی وا زەلام زەلامیشدا گەمان دەکا؟ هەر ئیزنیشم لێ ناخوازێ. سەرباریش لەگەڵ منداڵەکانیشدا دەست تێکەڵ دەکا، لە بەردی من دەگەڕێ.»

حەسەن هات بۆ لێرەکە، بارە دارەکەی لە کۆڵێ کرد، بێ ئەوەی چ بەکەس بڵێ، بەڕێ کەوت. ڕووی گرژومۆن بوو. منداڵەکانیش کە چاویان بە حەسەن کەوت کۆڵی خۆی بەگۆڵیدادا و بەڕێ کەوت، ئەوانیش هاتن بۆ لای کۆڵە دارەکانیان، هەر یەکە کۆڵی خۆی بەکۆڵیدا دا و بەڕێ کەوتن. خەمی هەرە گەورەیان ئەوەبوو بە حەسەن ڕابگەن. بەهەڕاکردن، جا هەرچۆنێ بوو پێی گەیشتن.

وەلی منداڵێکی ڕەق و هیشکی، ڕەشتاڵەی، بەلە باریکەی، شان و مل گوشراو بوو. لە وەخت ناوەخت، لە هەموو شتێ دەترسا. لە حەسەن نزیک کەوتەوە:

«دیتم،» گوتی، «بەڕاستی شتێکی جوانە. چاوی لە تیشک دروست کراوە. سەری چریسکە چریسک دەچریسکایەوە. هەر کە منداڵەکان هاتن، لەپڕ لە بەرچاو ون بوو. ئەرێ وەڵڵا ئەوهابوو، ئەی چۆن!»

حەسەن سەرتاپای بەچاو بێژت. وەک بزەی بێتێ، ڕووی بەولاوە کرد. وەلی بەمە دەمار گرتی:

«جا بۆ تووڕە دەبی کوڕی کەر،» گوتی، «نەوە سەرکێشەکەی مریەمۆکە پیس، باوکیشت داڵیتە درێژەکە، بەدرێژاییی ئەسپینداریّ، پێی لە زەوی و سەری لە ئاسمانە. بنیادەم چۆن هێندە درێژ دەبێ؟»

حەسەن پێی لێ هەڵگرت. هەروا لەخۆڕا هەستی دەکرد، بێت و لەگەڵ ئەم وەلییەدا تێ گیرێ، منداڵەکان هەموو گەلەکۆمەی لێ دەکەن، هێندەی دەکوتن، هێندەی دەکوتن، تا هێسکی هەپروون هەپروون دەکەن. دیارە وەلی بەمەی زانیبا خۆی لە قەرەی نەدەدا.

وەلی بەهەڕاکردن پێی گەیشت، بەترسەوە:

«هاوڕێ لێم مەگرە،» گوتی، «وام زانی، بەوە نیگەران بووی، شتی بن بەردەکەم نەدیتووە... ئەمن دیتم. ئەدی وەنییە؟»

حەسەن دەنگی نەکرد.

وەلی:

«دەمەوێ شتێکت لێ بپرسم،» گوتی. «تۆ بڵێی کابرایەکەی شار بێ؟»

حەسەن لەپڕ ڕاوەستا، چاوە وەک بڵێسە ئاگرەکەی لە دوڕ چاوی بڕی. وەلی خۆی لە چاوی لادا.

بەتووڕەیییەوە:

«دێ،» گوتی، «دێ... بەڕەنگێکیش دێ ئاگر لە گوند بەردەدا.»

بەتاوتر هەی پێی لێ کرد. دوایی لەپڕ هەڵوێستێکی بۆ کرد، گوێی هەڵخست. زریک و هۆڕێکی لە بڕوابەدەر لە گوندەوە هات. هەر دەتگوت دەستیان لە بینەقاقای گوند توند کردووە و دەیانخنکێنن. دەیانقیژاند ئەما چۆن قیژاندنێ.

وەلی:

«پیاوەکە هات، حەسەن،» گوتی. «وا گوندەکە هەموو دەخنکێنێ.»

منداڵ تێکڕا بەیەک دەنگ:

«هات، هات،» گوتیان. وەک ڕانەمەڕ ڕەوینەوە و خزانە نێو یەکەوە. پاشان کۆڵەکانیان داگرت، هەر یەکە لەسەر کۆڵەداری خۆی دانیشت.

گشت ئازای گیانیان بووبوو بەگوێ، هەستیان بۆ قیژە و هەراکە ڕاگرتبوو.

ڕۆژ بەودیوی چیایەکەی ڕۆژاوادا شۆڕ بووبووەوە، چیاکە سەرتاپا نیشتبووە نێو تیشکی زەردەپەڕ. چیای بەفر گرتوو لەبەر تیشک سۆمای چاوی دەبرد. سەرماکەی لە وزەبەدەر بوو، لەو هەردە و هەڵەتەوە بایەکی دەهات، وەک تێخ دەیبڕی، تا دەهات قایمتریش دەبوو.

منداڵەکان نە قسەیان دەکرد، نە جووڵەیان دەکرد. هێندەی دیکە دەخزانە بن دەستی یەکەوە.

لەپڕ، قیژوهۆڕی گوند، وەک بەکێرد بیبڕی، ئەوها بڕا و نەما دەوروبەر کڕوکپییەکی بەسامی ڕێ نیشت، هەر ئەوەبوو، پیاو شێت نەدەبوو.

منداڵەکان سەیری یەکدییان نەدەکرد.

وەلی بە مرەمرێکەوە:

«هەموویان کوشتن. وەنییە حەسەن؟»

حەسەن هەناسەیێکی هەڵکێشا، گوتی:

«کوشتیان.»

## ١٨

ئیدی هەروا بەو جۆرە مابوونەوە. ڕۆژ ئاوابوو، دنیا ساماڵ بوو. گەرد مانا بەڕووی ئاسمانەوە نەبوو. سەرما هەر چەندی زۆر بۆ دەهێنان هێندەی دی کرژ هەڵدەهاتن و لە پەنا یەکتر دەخزان. گوێشیان وا هەڵخستبوو، لە هەر لایەکەوە سرتەیەک هاتبا دەیانبیست. بەڵام گوند لە کڕوکپییەکی لە بڕوابەدەردا بوو.

کوڕەکەی مەمەد گویدویل خۆی پێ نەگیرا:

«من دەڕۆم هاوڕێینە،» گوتی. «با بێ، دەمکوژن، با منیش بکوژن. لە سەرما

مردم. کێم لەگەڵ دێ. با بێ.»

قـــەدەرێ چاوەڕێی کــرد. تــەمـــاشـــای کــرد، کــەس نابزوێ. بەتووڕەیی و هەنجەتەوە، سەرلەنوێ:

«کێ دێ، با بێ،» گوتی.

دیسان کەس نەبزووت.

قەدەرێ وەستا، هەمدیس چاوەڕێی کرد.

«دە کێ دێ با بێ.»

پێی بەزەویدا کــوتا، بــەڕفکان، بەرەو گــوند هــەیپــێـی لێ کــرد. هــەر کـــە قەرەباڵغیی منداڵەکانی لە پاشەوە بەجێ هێشت و تارماییەکانیانی لە چاو ون بوو، ترسی ڕێ نیــشت، هەر لە شــوێنەکــەی خــۆی ڕەق ڕاوەســـتـــا. نە هەنگاوێ بۆ پێشەوە، نە هەنگاوێ بۆ پاشەوە، نەیدەتوانی بڕوا.

ئەوها کە هەستی کرد، دەست و پێی وا خەریکن دەرچن و لە گۆ دەکەون، بیری لە هیچ نەکردەوە، یەکڕاست بەرەو پاش گەڕایەوە بۆ لای منداڵەکان و بێ ئەوەی هیچ بڵێ، چوو، لەسەر کۆڵە ئێزنگەکەی ڕۆنیشت، بەڵام تا دەهات دەست و پێی، هەموو ئازای لەشی، پتر دەرچین... هێندەی نەخایاند، ددانی دەستی بەچۆقەچۆقی کرد. چۆقەچۆقی ددان ئەو ناوەی داگرت. بەجارێ هەموو لە سەرما ڕەق هەڵدەهاتن.

حاڵاتی بەسامیان بەپێش چاودا دەهات.

حەسەن کەلاکی ئەسپێکی دەدیت، بڕێ سەگ، سەریان، تا خوار ملیان لە خوێن و خوڕدا بوو. لە کەلاکی ئەسپەکە وورووکابوون. لەتوپەتیان دەکرد. ئەوجا لەسەر ئەو هەرێزە سەوزە لە پەڵەپەڵەی خوێن و خوڕ و کاسە سەرێ بەولاوە چیی دی نەدەمایەوە.

وەلیش لە یەکبینە هەر کەللە سەری پێست لێ داماڵکاوی دەدیت.

منداڵەکان، تا دەهات، لە دنیایەکی، تاریک، دنیایەکی بەسام و داچڵەکێن ڕۆ دەچوون.

دوورمیش دەق لە تەمەنی یازدەساڵیدا بوو. قژی زەرد، ڕەپ و تەنک بوو. بەچاوە قاوەییە نەختێ شین ئاماڵە وەک شووشەکەی بێ بزاوت تەماشای دەکرد. کە لە دوورەوەت تێ دەڕوانی وەک جووتێ شانی پان و پۆڕت لێوە دیاربێ وابوو.

ڕاپەڕییە سەرپێیان. لەسەر بەفرەکە بە پێی ڕووت دەستی بەهەڵبەز و دابەز کرد، هاواری کرد:

«من ئاگر هەڵدەکەم،» گوتی. هەرکێ دەیەوێ، بابێ بۆ ئێرە ببینێ. لە سەرما ڕەق بووینەوە! کوڕە وا دەمرین! تا سبەینێ لێرە هیشک هەڵدێین.»

حەسەنیش هەڵستا:

یاڵڵا بەرفکان، بۆ پاشەوە، بۆ لێرەکە. لە پشت تاوێرەکانەوە ئاگرێ دەکەینەوە. کەسیش نامانبینێ. ئێزنگیش زۆر و زەوەندە.»

ئومەخان و کیژەکانی دیکە:

«ئێزنگ زۆر و زەوەندە» گوتیان.

کەسی دی قسەی نەکرد. بڕێ منداڵ ددانیان بەجەرگی خۆدا نابوو بەپێی پێخواس، بەو سەر بەفر و بەستەڵەکەوە، بەو بایە وەک مەودای تێخە بەرەوپاش بۆ لێڕەکە هەڕایان دەکرد.

هەر کە گەیشتنە لێڕەکە و نەگەیشتن دورمیش:

«حەسەن،» گوتی، شقارتەکانت دەرێنە، لە پشت ئەم تاوێرانە، ئە لێروکانە، با لە چاڵێکی وەک بیر ئاگرێکی هەڵکەین. بایش نایگرێ. هەیدێ منداڵینە! ئێوەیش ببزوون، وەخۆکەون، ئێزنگی هیشک، زۆر هیشک خڕ کەنەوە. پەلەکەن، دەی!»

شقارتەکەی لە دەست حەسەن ساند، یەک دوو چڵی لە ئێزنگە هیشکەکان شکاندەوە. بەتاوێرە درێژەکەدا وەرسووڕایەوە، هاتن لای جێگە وەک بیرەکە. جێگەیک بوو، با لە هەر لایەکی ڕا هەڵی کردبا نەیدەگرتەوە.

دورمیش قریواندی:

«خێرا،» گوتی.

هەو هێندەی بڵێی یەک و دوو سووتەنی و ئێزنگی هیشک وەک باران لە نەختە تەختانەکەی پەنا تاوێرەکە داباری. دورمیش چڵ چڵ چڵی چکۆلەی دەشکاندەوە، بەچاوی ئاگرەکەوەی دەنا. ئاگری تاین لەپڕ گڕی گرت. سووتەنییەکی زۆریان لەسەر ئاگرەکە کەڵەکە کرد. هەرچی بەفرێکی پێوەبوو، چزەچز دەتوایەوە.

منداڵەکان وەک خۆیان خزاندبێتە نێو ئاگرەکەوە، لەو سەر بەفرە کۆمەڵە بووبوون، بەرەبەرە گەرم دەبوونەوە. وردە وردە خوێن بەڕەگی دەست و پێیاندا دەگەڕا. ترس و سامیان، سەرمابوونەکەیان تا دەهات، پتری پەرە دەستاند. کەسیان تا ئێستا زستانێ وا لە دەرەوە نەمابووەوە.

ئەو ترس و سامەی لە وەلی نیشتبوو، تا دەهات، گەورەتر دەبوو، بەڵام نەشیدەویست ئاشکرای کا. پاشان وەک بتاسێ وای لێ هات. دەنگی نەکردبا شێت دەبوو. لەپڕ تەقییەوە، گوتی:

«چاکە، ئێستا گورگ بێ، هەموومان بخوا چ بکەین؟»

حەسەن خۆی هەڵنا:

«گورگ لە ئاگر نێزیک ناکەوێتەوە،» گوتی.

وەلی هەڵی دایە:

«دێ و بەزیادیشەوە.»

منداڵەکان هەموو بەیەک دەنگ زریکاندیان:

«نایە،» گوتیان.

وەلی ترسا، کڕبوو. کڕنەبوایە، سەرلەبەر هەڵیان دەکردێ، سواری کۆڵی دەبوون، جیق و فیقیان دەردێنا. بەڵێ، هەموو بەیەک دەنگ گوتیان «نایە،» بەڵام ترساشن... هەر یەکە ترسێکی لە دڵدا بوو، ها گورگ هات، ها ئێستا گورگ دەمانخوا، چاوەنۆڕ بوون. پشووێکی دوورودرێژ چاویان لە ئاگرەکە بڕی، کڕبوون. هەر کە سووتەنی بڕایەوە، بەبێ دەنگ هەستان، چوون،

سووتەنیی دیکەیان خڕ کردەوە. هێندەی تاوێرەکانیان ئێزنگ لەو ناوە کەڵەکە کرد. هەر لەگەڵ ڕووی لە دامرکانەوە دەکرد، یەکیان ڕاست دەبووەوە، باوەشی ئێزنگی لە چاوی ئاگرەکە دەکرد. ورتەشیان لێوە نەدەهات. هەموو هەر یەک ترسیان لە دڵدا بوو، هەموو لە یەک تەنیاییدا بوون.

مێگەلە ئاسکێ، ڕەوکە ئەسپێ لە گڕ، بەپێش دەمی حەسەندا تێ پەڕین. وەخت بوو نیشانی منداڵەکانی دابان، بەڵام هێشتا هەلی نەهاتبوو... جا وا تەماشاشیان کرد، خۆ نایانبینن. وا دیتیشیانن گوێیان نادەنێ.

هەر بینا گورگەکان هاتن. دەڵێن گورگ زۆری حەز لە گۆشتی منداڵە. گەورە وا دەڵێ. چاوی بەئاگرەکە ڕاهاتبوو، کە ئاوڕی پاشەوەی دا، سێبەری سەیر سەیری بەسەر تاوێرەکانەوە دەدیت، دەفڕین، سەمایان دەکرد، هەر یەکە لە ڕەنگێ، هەر یەکە لە بیچمێ. لە تاریکاییەکەشدا، لە کون و کەلێنی تاوێرەکانیشەوە هەر گورگ بوون و دەردەپەڕین، زەلامی تفەنگ بەدەستیشیان لە دوون، ڕاویان دەنێن... حەسەن هەر کاوناکاوێ ئاوڕی پاشەوەی دەدا. منداڵەکانی دیکەش هەر بەوجۆرە.

لە ناکاو منداڵێ هاواری کرد، هەڵستایە سەر پێیان:

«وا دێن. گوێتان لێ بێ، گوێتان لێ بوو؟»

منداڵی تاین هەموو ڕاپەڕین، هەڵستانە سەرپێیان، بەناو تاوێرەکاندا، بەپەناو پەسێودا، گرمۆڵە بوون، خزانە بن دەستی یەکدییەوە، هەناسەبڕکێیان بوو. گوێیان لە لێدانی دڵی یەکتر بوو. یەک دوو منداڵ دەستیان بەگریانێ کرد، ئەوجا بەدوای ویدا هەموو دایانە زۆڕەزۆڕی گریانێ.

دەنگە دەنگەکە تا دەهات نزیک دەبووەوە.

دەنگی بنیادەم بیستن پشت بەخۆ بوون و دڵنیاییەکی بە بەردا هێنابوونەوە. گریانەکەیان نەختێ دانیشتەوە، بگرە یەک دوویەکیان هەر لە ئێستاوە ژیر بووبوونەوە، تەنیا هەر چڵم هەڵلووشینەکەیان مابوو.

لە ناکاو، لە پشت تاوێرەکانەوە و بەئاشکرا دەنگێ هات:

«منداڵینە...»

منداڵەکان یەکسەر دەنگەکەیان ناسییەوە. دەنگی دوردومان بوو؟ هەر کە دەنگەکەیان ناسییەوە و نەناسییەوە، سەرلەنوێ دایانەوە هەنسکەهەنسک.

هەر لە پاش وی دەنگی ئوزون عەلی، ئەوجا دەنگی دەلی بەکر، هەر دوا بەدوای ئەو دەنگی وسۆکە هات. لە پاش دەنگەکان، هەموو باوەشیان بەباوکیاندا کرد.

لەپڕ بوو بە کڕوکپییەک. گوندی هاتن. لە دەوروبەری ئاگرەکەی، منداڵەکان هەڵایساندبوویان ڕیزبوون. هەر کەسە جگەرەی خۆی دەرێنا پێی کرد.

گەرمیان بووەوە.

کەسێ لە منداڵێکی نەپرسی، ئەرێ، تا ئێستاکە بۆ لەو جەنگەڵستانە مانەوە. منداڵەکانیش باسیان نەکرد. وە کەسیش نەیزانی ئەم منداڵانە بۆچی، تا ئەم درەنگ وەختانە، لەو جەنگەڵستانە ماونەوە. ئێستا و ئێستایش کەس نەیزانی.

منداڵەکان، هەر یەکە لە گوێرەی خۆی بیانگەیەکی بۆ خۆی ڕێک خستبوو. ئاغڵەبەیان تەماشاکردنی بن بەردەکەی حەسەنیان کرد بەبیانگە. مەسەلەیش، مەسەلەی ئەم بەردەیش وەلی هەڵی بەستبوو، ڕەمەزان هەڵی بەستبوو، منداڵێکی دیکە هێنابوویە ناو ناوانەوە. کێ دەیزانی؟ بەڵامەکێ منداڵەکان سەرلەبەریان بڕوایان بەوە ئەستوور بوو، ئەوەی لەبن بەردەکەیان دیت ڕزگارکەر و فریاڕەسە.

## ١٩

هێشتاوەکونێ ڕۆژ هەڵنەهاتبوو. دایکی وەلی بەسەر کوڕەکەیدا خوار بووبووەوە، چاوی وەک کووژەکەی شین زەق کردبووەوە، گوێی لە کوڕەکەی دەگرت.

ئاگردانەکە زۆر نەبوو هەڵایسابوو.

«بەردەکەی ڕاست کردەوە... ئەهاااا، ئەهاااا، پێش ئەوەی بۆ لای بەردەکە بچێ، حەسەن ئاوڕێکی دەوروبەری خۆی دایەوە، چاکیشی دایەوە. تەماشای

کـرد. کـەس نابینـێ. من هەر چەند لەگـەڵ حـەسـەندا دێم بـۆ لێـڕەکـە، لێی دەکەومـە گـومـان و پێم وایە شـتـێکی لەبن سـەردایە حـەسـەن چوو چوو، لەبن تاوێرێکی ڕاوەسـتـا، ئاوڕێکی ئەمـلا و ئەولای خـۆی دایـەوە، یەکـڕاست دانەوییـەوە، بـەردەکەی لادا سـەیرێکی بنـەکەی کـرد، یەکسـەریش وەکە خـۆی دانایەوە. لـە لێـڕەکـە دوورکـەوتەوە. ئەوجـاکـە هـەر لە پاشـەوی، ئـەمن چووم. بەردەکـەم ڕاست کـردەوە. لە نـاکاو ڕووناکـییـەک لـە پێش چاوم تەقـیـیـەوە. پاشانەکێ چاوم چیی دیکەی نەدیت.

«هـاتم، ئەمـەم ورد و باریک بۆ مـنداڵەکان گێڕایەوە. منداڵەکـان، یەکە یەکە چوون، سـەیریان کـرد، هەر یەکە شـتـێکی لەبن بەردەکـە دیت... بن بەردەکـە بازاڕێکە لە زێڕ. تمـەز ئەم بەردە دەرکـەی ڕێگەی ئەو بـازاڕە لە زێڕەیە. ئـەمن دەرکـەکـەم نەدیت. نەمـدیت، نـەشـمـدەدیت، هـەر کـە بەردەکـەی هەڵگرت و هەڵنەگرت، ڕووناکیی تاین بوو بەتۆپـەڵێک و ڕاست هات، لە ناوەندی هەنیەمدا تەقـییـەوە. ئەمنیش چیم نـەدیت... ئیدی ئێمـەیش تا سبـەینێ لێی دانیشـتین، گـــوتمـان، بزانین چی لێ دەردێنـین و چی دەبـینـین. ئـەگــــەر نەهـاتبـــان، نەیاندۆزیباینەوە، ئێمەیش ئەو زەلامانەمان دەدیت.»

ژنە هێشتا ترخێنەکەی نەخستبووە سەردار، چووە دەرێ، یەکسەر، ملی بۆ جەنگەڵەکە نا.

کە گەیشتە ئەوێ، بەودیوی تەقتەقە تاوێرەکاندا وەرسووڕایەوە، چی ببینێ. زۆربەی ژن و پیـاوی گـوند هـەمـوو لـەوێ خـڕبوونەتـەوە، منداڵێکی منداڵ ئاساییت نەدەدیت.

بەهەڕاکـردن دڕی بە قـەرەباڵغیـیـەکە دا، بەرەو ئەوێ چوو، کە وای دەزانی بەردەکـەی لێـیـە. ڕوانی هیچ دیار نیـیـە. نـە بەرد، نە چیی تر. تەنیـا، هەر چاڵێکی ڕەش ڕەشی، بەڕەگ و دەمـار لە ناوەندی سپیاییی ئەو بەفرە دیارە و هیچی تر. کەسیش چاوی بەئامـان و زامان لێ نەدەترووکاند و هەروایان چاو بڕیبوویێ.

لە ئافرەتەکانی لای خۆی پرسی:

«کوا، کامەتا؟» گوتی.

«کوێراییت داهاتووە، ئەدی ئەوە نییە،» گوتیان.

ژنە سەیری کرد، سەیری کرد، پاشانەکێ پرسی:

«ئەمەیە جێگەی بەردەکە،» گوتی. «ئەی بەردەکە کوا؟»

ئیشارەتیان بۆ بن تاوێرە درێژەکە کرد، دوور بوو.

«ئا ئەوەتا،» گوتیان.

ژنە بۆ کن بەردەکە چوو، دانوشتایەوە، وەک بیلاوێنێ، دەستی پێدا هێنا، ئەمدیوی کرد، ئەودیوی کرد، بەلچولێو هەڵقورتاندنێکەوە:

«ئا ئەمەیە؟ ئەمە ئەمە؟» گوتی. پاشان ڕاست بووەوە. «ئەمە کێ هێناویە لێرەی فڕێ داوە؟ گوناه نییە؟ ئێوە چوزانن، ئەم بەردە چییە و چی نییە؟ لە بەرچاوی ئێمەمانان خۆی ئاشکرا ناکا، ئێمە نایبینین. خۆی لە منداڵ ئاشکرا دەکا. ئێمەمانان نایبینین. منداڵ وەک مەلایەکەت پاک و بێ گەردن بۆیە. ئەمن هەڵی ناگرم. وەرن، وەرن، با بەردەکە لەجێی خۆ دانێینەوە، نەکا بەڵایەکمان بەسەر بێ. ئێوە شێتن؟»

ژنەکان ڕاپەڕین، بەهەڵەداوان بەیارمەتی و کۆمەکەوە چوون. بێ ئەوەی ئازاری بەردەکە بدەن، هەڵیان گرت، بەئاسپایی لەجێی خۆیان دانایەوە.

بەردیان لە جێی خۆ دانایەوە، بەڵام هەرگیز چاویان لە سەری ڕانەدەگوێزت، شتێکیان، ڕووناکییێ، تیشکێ، نووریێ، ترووسکەیەکیان لە بەردەکە چاوەنۆڕ بوو.

مریەمۆک لە پشت ژنەکانەوە بوو. خۆی بەسەر دارئاساکەیدا دابوو، لە بەردەکە، لە حاڵی ژنەکان ڕامابوو. لە پشت ژنەکانەوە، بەرەو کن بەردەکە چوو. لە بەردەکە نزیک کەوتەوە، یەک دوو جارێکی دارئاساکەی تێوە ژەند. کە تێوەی دەژەند، بزەی دەهاتێ و لەبەر خۆیەوە مرەمرێکی دەکرد، ژنان بۆ ئەوەی شتێکی لێ حاڵی بن هەست و نەستیان لەخۆ بڕی، گوێیان هەڵخست.

«ه ه، حەسەنە شتێۆکەکەم، ئازایەکەم، هەمیشە لەگەڵ داروبەرد و تەیروتوو و زەنگەسووران خەریکە. گوندی بێ ئاوەز!»

کەس هیچی لە مرەمرەکەی هەڵنەکڕاند.

مریمۆک پاش ئەوەی بە بزەوە، سێ و چوار دیکەی بە بەردەکەوە ژەند، ڕێ و ڕاست بەرەو گوند دای کێشا.

لە ناکاو لە نێو قەرەباڵغییەکە بوو بە هەرا. دەشرۆیشتن و بگرە و بەردە و قرەقرپیشیان بوو. لە هەر کەللەیێ ئاوازێ.

کە لە گوند نزیک بوونەوە، دوو ژن بەشەرهاتن. نەختێکی دیکەیان غیرەت وەبەرەخۆ نابا لەوەی دوێنێ گەلێ خراتر دەقەوما. سەبارەت بەهەرچی بوو ئەوێ ڕۆژێ ژنان کەیفیان لە ململانێ و یەکتر هەڵشێلان نەبوو، تێریان لە شەڕ و هەڵڵایێ نەخواردبوو. ژنەکان هەر بۆ خۆشیان، بەتەبیات خوویێکی وەڕەزبوونیان هەبوو. کیژەکەی خدر لە ڕێی کانییێ قڵفی جەڕەکەی بەدەستەوە دێ، هەڵدەکەندرێ، جەڕەی لێ بەردەبێتەوە، هەپروون بەهەپروون دەبێ. ژنەکەی مەحموود چاوی لەمە دەبێ، دەڵێ! «واخ، کنا باوانێکتان، جەڕەیەکی چەند جوانیش بوو.» کچە لەگەڵ ئەم قسەیە دەبیە و نابیە، شێتگیر دەبێ، هەزار جنێوی پیسی دەداتێ، ژنەیش دوو هێندەی جنێو پێ دەداتەوە. دەست دەدەنە قژوبژی یەک، تا دەتوانن، یەکتر هەڵدەشێلن. لەپڕ کەسوکاری کیژە بە ژن و پیاوەوە، بەگەورە و بچووکەوە دێن. کەسوکاری ژنە بەگەورە و بچووکەوە دێن، تێک بەردەبن... سەرلەبەر، لێکدی ڕۆدێن، تا دەتوانن، تا دەبوورێنەوە، تا لاڵوپاڵ دەکەون، لێک هەڵدەدەن، سەر دەشکێ، لاق دەشکێ، تیتک لەبن دەردێ، لاشەویلاگە هەڵدەدڕێ، تا ئێوارە شەڕ دەکەن. مەڵێ ئەو هەراوهۆریایەی منداڵەکان دوێکە بیستبوویان ئەم شەڕە بووە، ئەم سەگمەحەوشەیە بووە.

قەرەباڵغیی ژنەکان گەیشتە قەراخ ئاوایی، لەوێ ژنگەل مۆڵیان خوارد. کەسیان وازی لە چوونە نێو گوند نەبوو. بەڵام چییان دەکرد؟ لەوسەری گوندەوە قەدەرێ چاوەڕێیان کرد، قیرەیان، کێشە و بەرەیان کرد، ئەمەیان کرد، ئەوەیان کرد. پاشانەکێ بەهەڕاکردن گەڕانەوە نێو گوند. هەر کەسە چووەوە ماڵە خۆی.

«هەیە، هەیە... ئەو بەردە شتێکی لەبندا هەیە.»

هەر کە گەیشتنە ماڵێ و نەگەیشتن، لە سەدا نۆهەدی قسە و باسی ژنان ئەمە بوو.

دایکی وەلی کوڕی خۆی گازکرد، بە خۆشی خۆشییەوە:

«نەیاندیت. کەس دەرکەی ژێر بەردەکەی نەدیت.» گوتی.

«با ئەم هەرایە بنیشێتەوە، خۆم و خۆت، بەدزییەوە بۆ ئەوێ دەچین، بەردەکە هەڵدەگرین، دەرگا زێڕەکە دەدۆزینەوە.»

وەلی چاوی درەوشایەوە:

«جوان جوان دەیدۆزینەوە،» گوتی.

مەسەلەی دەرکەی زێڕ، یەکسەر، بە سەرانسەری گونددا بڵاو بووبووەوە. هەر بابایەکت دەدیت، دەستی منداڵی خۆی گرتووە، بەو تاریکەشەوە، بەدزییەوە خۆی بۆچوونە لێرەکە ئامادە کردووە. بەڵام ڕووداوێ ئەم هەلەی لە دەست دان. دەرکەی زێڕ لە چەند ڕۆژێکدا لە بیرچووەوە و بوو بەبڵقی سەراو. تەنانەت ئیتر کەس ناوی بەردەکەیشی بەبیر نەهاتەوە. بەردەکە، دەرکەکە، لێرەکە هەموو بوون بەهەبوو نەبووی حیکایەتەکە و لە گۆڕ نران. تەنیا کەسێ بەردەکەی لە بیر نەچووەوە، لە گەرمایی نێو هەناویدای شاردەوە. هەر چەند بەردەکەی بەبیر دەهاتەوە خۆشی خۆشیی بەهارێ، مچوڕکی سەودایێ، گەرم گەرم نێو هەناوی ئاوەدان دەکردەوە، ئەویش حەسەن بوو.

## ٢٠

تاشباش ئۆغڵو لە ڕکان هار و شێت دەبوو. ژنەکەی لە شەڕەکەی دوێنێدا سەری زۆر خراپ بریندار بووبوو. ژنی تاین تایەکی لێ هاتبوو، دەتگوت تەنوورە دەسووتێ.

تاشباش ئۆغڵو ترسێکی ڕێ نیشتبوو، ئەما ترس. ژنە نەمرێ؟ برێ منداڵ... ئەم کەڵووڕانە... کێ بەخێویان دەکا؟ لە نوێوە ژنی دەهێنایەوە؟ بۆ ژنهێنان هەر وا گاڵتەیە. هەیە جێگەی دایک بگرێتەوە. کێ وەکو دایکی

خۆیانی تەماشا دەکردن؟ نە یار دەبێ لەگوێن دایک، نە شار دەبێ لەگوێن بەغدایێ. ئەمە هەر لە خۆڕا نەگوتراوە. چووبوو، مریەمۆکی گاز کردبوو، مەجلەمەی بۆ بکا. ئەم ژنە بەڵای خوایە، وەنەبێ قسەیەکی لە زاریش دەرێ، ناڵێ چادەبێتەوە... دەمرێ... بەجارێ هار و شێت دەبوو. گوندی، وەک بەوەندەی دەیانکرد دانەکەون، سەربار شەڕیش دەکەن، یەکترش دەخۆن.

هەر مریەمۆک چا دەکا. ئافەرم بۆ خۆت. جا بەڕاستی، ئەم گوندییانە، ئەو ئینسانە بێ ئاوەزانە، ئەوەندە ناهێنن قسەیان دەگەڵ بکرێ. وەدووی ئەو سەفەرە کەوتن... گفت و بەڵێنیان دا، کەچی هەموو دووی کەوتن. سەفەریش نەیکردە نامەردی، ڕای دان، بردنی، تووشی مەزرایەکی کردن، گیای گیا ئاساییی لێ ناڕوێ. تاکە قۆزاخەیێ چییە، قەرزەکانیانی پێ بدەنەوە، لەو خاکە ڕووتەنە وەگیر نەکەوت. نە قەرزیان بۆ درایەوە، نە هیچ، تا ڕۆژیان بەم ڕۆژە گەیشت. هێ هێی گوندیی بێ ئاوەز. ئەوی ئێوەی بەم دەردە بردووە، ئەوی بەڕەنجی شانی ئێوە دەژی سەفەرە! کەچی هێشتا هەر لە دووی نابنەوە. ئێوە لۆکە دەچنن و ئەو خۆی دەلێسێتەوە. کردەی ئێوە و بردەی ئەوە. هێ هێی بوودەڵە و گەمژەینە، هێ هێی ئەقڵ بەهیچ بڕ نەکردووینە.

«دایە مریەمۆک برینی ئافرەتەکە چۆنە؟»

مریەمۆک سەرێکی، وەک بڵێ، چاکە، نایکوژێ ڕاوەشاند. خێرا بەرەو ئاگردانە تەنی گرتووەکە دەڕوا، شتێکی لە پاتیلە قەڵایی سوواوە مسەسوور دەرکەوتووە، بن ڕەشەکە دەخست و شتێکی لێ دەردەهێنا.

ئەولای ئاگردانەکە بنەوبارگە بوو، چەند جەواڵ و هۆڕێکی لێ داندرابوون. گۆشەکەی دەستەڕاست قووڵینە تیرییەکەی لێ هەڵواسرابوو. بەلای ڕاستی ئاگردانەکەوە ئێزنگ و سووتەنیی کەڵەکەکراوە. ئاگردانەکە لە قوڕ، لە شێوەی سینییەک دروست کرابوو.

ئاگردان پڕە لە ئاگر. سێ زاڕۆڵە لەبەر ئاگردانەکە لە گۆشەیەکەوە هەڵترووشکاون. خەم و پەژارەی برینداربوونی دایکیان بەدەموچاوەوەیە.

دەرکە،ماڵەکەی دەکرد بەدوو لاوە. نیوەی لای ئاگردانەکە نیشتمانە،

ئەولایەکەی دیکەی پشتیرە، پشتیرەکە دوو چێڵ، گوێرەکەیەک، جوانەگایەک، یەک دوو گا، دوو بزن. ئینجا لەولایشەوە کولانەمریشکێ. هەر دەق لە پێش دەرکە کۆمەڵێ کاوکۆتەڵ.

دەبێ بچییە ئەو لێرە، نەختێ هەژگ بۆ ئەو بزنانە پەیداکەی، دەنا لە برسان مردار دەبنەوە، بەسزمانانە.

ژووریێ بۆنی کاوکۆتەڵ و سرە و برش و ترشاوییەکی لێ دێ لە گوێن ئارەقەی خەست. ئینجا بۆنی شیاکەی تازەکراوی گەرموگوڕی هەڵماوی.

پاتیلەکە بۆن و بەرامەی بەهاری لێڕێکی دارکاژی لێ هەڵدەستا. ئینجا لە سەرووی ئەم هەموو بۆن و بەرامەیشەوە بۆن و بەرامەی مەجلەمەکەی مریەمۆک کە لە هەزار و یەک گوڵووک، لە هەزار و یەک درەختی گرتبوو و خستبوویە دار. بۆن و بەرامەی چی، تا نێو مۆخی ئینسانی کار دەکرد. ئەم بۆن و بەرامەیە بەدەرکەکانەوە، بەدیوارەکانەوە، بەدەلاقەوە تاق و پەنجەرانەوە، بەو ئاژەڵ و لاورانەوە لەو گۆشەیەدا، جوان جوان کاوێژ دەکەن، بەو کۆمەڵە کایەوە، بەمشکی و خۆڵەمێشی کوانووەکەوە، بەبنمیچی خانووەکەوە لکابا، لکابا و قەتی لێ نەبایەوە! هەزار ساڵ، هەزار و پێنج سەد ساڵ لێیان نەبایەوە! سەرانسەری گوند ئەم بۆن و بەرامەیەی لێ هاتبا... بەفرە، باوبۆرانە ئەم بۆن و بەرامەیەیان لێ هاتبا...

مریەمۆک پاتیلەکەی لەسەر ئاگرەکە داگرت، هێنای بۆ لای نەخۆشەکە. خۆشەی مەجلەمە گەرمە هەڵماوییەکەی، خێرا، بەملاک، بەسەر پاژە جاوێکدا سوی. گورج پاژە جاوەکەی لەسەر برینەکە داناو قەپاتی کرد. ژنە لە پێشان زریکاندی، ڕاچەنی. پاشان ددانی بەخۆداگرت، ماسوولکەکانی دەموچاوی قەدەرێ کرژهەلاتن.

نکاندی:

«گڕم تێ بەردەبێ، دەمرم،» گوتی.

تاشباش ئۆغلۆ:

«دایە مریەمۆک،» گوتی.

مرێمۆک سەرودڵی بە تەزوویەکی خۆشەوە گەشایەوە.

«ئاااااه، توانیبام قسەم کردبا، تاشباشەکەم، قسەی هێند گەرموگوڕ، هێند لە دڵەوەم لەگەڵت کردبا. ئەم مەجلەمەیە لە دایکە مرێمۆکت بەولاوە کەسی دیکە نایکا لەم کەژە. لە دایە مرێمۆکت بەولاوە کەس لە هەزار گوڵووک، هەزار تەرحە هەتوان و دەرمان ناگرێتەوە، ڕۆڵەکەم. برینی گوللە بێ، زامی دەمی شیری ژەهراوی بێ، هی سەرەنێزە بێ، هی تیری تالاوێ بێ، هەتوانی دایە مرێمۆکیت بۆ یەکاویەکە. بنەماڵەی ئێمە، بنەماڵەی داوودەرمانی دانشمانەزەردە. ئەو گوڵووک و گیا و گۆڵانەی بۆ داوودەرمان دەشێن لە کن خواوە، بەم بنەماڵەیە بەخشراوە. ئەمە بەشێکە و لە قودرەتەوەیە. چ خەمت نەبێ تاشباشەکەم. سەر بەردەکەم، دایکە مرێمۆکت بەگوڕی بێ. ئەدی کو، سەر بەردەکەم. کوڕە ئاقڵ و ژیرەکەم، ئاخ خ خ خ سەد ئاخ خ خ، خۆزی قسەم پێ کرابا، جا هەنگێت دیتبا دایکە مرێمۆکت چ قەندێکی لە زار دەباری و چیی پێ دەگوتی.»

پاشان هەستا، بە سەری، مالاواییی لە تاشباش کرد.

تاشباش:

«چەند چاک دەکەی لەگەڵ ئەم گوندییانە قسان ناکەی، دایە،» گوتی. «ئەم گوندییانە تووشی بەلای خۆیان هاتن. تووشتریش دێن. وایش تووش دێن، تووشی دێن مەگەر هەر... وەی دایە وەی!»

مرێمۆک دیسانەوە بەسەری، بەچاوی، بمێنە بەخێرێکی لێ کرد و ڕۆیشت. تاشباش ئۆغلو، لە دواوە تەماشای کرد. مرێمۆک هێشتا لە کیژی جحێڵ دەچوو. بەپێخواسی بەسەر ئەو بەفرەدا هێند گورج و گۆڵانە دەڕۆیی. کوڕینە...

هۆ دایکی دایکان دایە مرێمۆک گیان، تەنیا هەر تۆ هەی لەم گوندە لە پیاو بچی،» گوتی لە دوایەوە.

تاشباش سەغڵەتییەکی لە دڵدابوو. جارجارە توورە دەبوو، هەر ئەوەبوو نەدەتەقی، جارجاریش توورەیییەکەی خاو دەبووەوە. ئەم جارەش لە خەفەتان

شەقی دەبرد، لە دوێنێ بەملاوە ژنەکەی بریندار بووبوو دیسانەوە پیس تووڕە بووبوو. لالای دەکرد. لە داخی گوندی شێت و هار بووبوو. هەم دوای سەفەر دەکەوتن، ملیان لە مەزرای ڕووتەن و بێ بڕشت دەنا و هەم بەو ترس و لەرز و بەزینەوە چاوەڕێیان دەکرد. لە ترسان چاویان نەدەچووە خەو. گوندیی تاین هەر بینا یەکدییان کەلەپارچە کرد. تاشباش تا دەهات تووڕەییەکەی سارێژ دەبوو، نۆرە شێتێتییەکی دەهاتێ. ماوزەڕێکی بەدەستەوە با، دەچوو لە ناوەندی گوند ڕادەوەستا، هەر گوندییەک سەری لە ماڵەخۆ دەرێنابا، بێ بەزە، زرم دەیپێکا.

چووە لای ژنەکەیەوە، دەستی لەسەر هەنیەی دانا، پرسی:

«چۆنی؟»

ژنە بە نکەنکەوە:

«چاترێکم،» گوتی.

باشە، گوناهی ژنەکەی چ بوو؟ ئەم گوندییە بێ ناموسانە بەم دەردەیان برد؟ هێشتا ڕاوەستێن، بزانن، چۆن تێک بەردەبن و یەکتر تێکوپێک دەشکێنن؟

هەرچی دەیدیت، دەیگوت، تاشباش شتێکی سەیری لێ بەسەرهاتووە. جا بەڕاستی تاشباش سەیرایەتییەکی هەبوو. لە بیرتان دێ، جارێکیان لە گەلییەکەی سوێگویتلو، شەوێکیان کوێخا سەفەر گوندیی هەموو هەڵخەڵەتاندبوو، سەرلەبەری بەلای خۆدا ڕاکێشابوون، لەو ساکەوە تاشباش ئۆغلۆ، ئەو تاشباش ئۆغلۆیەی جاران نەبوو.

بێ لەوەش، تاشباش ئۆغلو هەر دەتگوت خەڵکی ئەو گوندە نەبوو، دەتگوت هەر لەو گوندەش نەدەژیا. دەتگوت ئەوانەی لە دەوروبەرین ئینسان نین، بەردن، دارن، کەستەکن.

لە شەڕ و هەرایەکە بەملاوە گوندێکی زل و زەلام بە ئەسپیەوە، بە سەگیەوە بە گاوگۆتاڵیەوە، بەورد و درشتیەوە سەرلەبەر لە پێش دەرکەی ماڵی کوێخا خڕ بووبوونەوە، تەنیا، زەلامێ نەبوو، ئەویش تاشباش ئۆغلو بوو. تۆ، با

هاوین سەرەتای دەرکەوێ، نەختێ سەرما و سۆڵەی زستان بڕەوێنێتەوە، جا بزانە تاشباش ئۆغلو تەنیا ڕۆژێ چییە لەم گوندە دەمێنێتەوە.

تا ئێستا لە هەسەنە کەچەڵ بەولاوە کەسی تر لەم گوندە هەڵنەهاتبوو، لەو پێوە کەسی دی دەست و پێی خۆی لەم کاولە وا نەکێشاوەتەوە. بەڵام تاشباش ئۆغلو ئەمە دەکا. کە هاوین هات، هەر کاتێکت زانی، شەوێ ئاگری لە ماڵەکەی بەردا، بۆی دەرچوو.

با بمێنینەوە، با ئەم ئاڵچاخ و پەستانە لەگەڵ کوێخایاندا بمێننەوە، بەردیان لێ وارێ. لەوە خراتر، زۆر خراتریان بەسەر بێ.

گوندی چ دەکەن، هیچ ناکەن، قەت پێ نازاندرێ. ئەم تیرەی گوندییە لە منداڵێکی حەوت ساڵان دەچێ، نە ساڵێ ژوورتر، نە ساڵێ خوارتر... ڕێک و دەق حەوت ساڵان.

لە پێشان تاشباش لە بەرزەوە تەماشای گوندیی دەکرد، هەرچییەکیان دەگوت، گاڵتەی پێ دەکردن.

کە دیتبوونی چوونەتە ناو مەزرایەکی بێ بڕشتەوە و لۆکەیەکی ئێکجار کەمی دەبێ و هەر هیچ هیچ نەبێ وەک منداڵ کەیفی هاتبووەوە. کڵاوەکەی بەحەلحەلەی ئاسماندا هەڵدابوو، لە پێش چاوی گوندی چەند جارێکی سەرمەقولات دابوو.

جگە لەوەش دابوویە قاقای پێکەنینێکی بە سام، بەگوڕ گوتبووی:

«ئەی من نەمگوت؟ نەمگوت ئەم سەفەرە لەگەڵ دەلی بەکردا دایک و ژنتان بەڕۆژی نیوەڕۆیێ بۆ لە شیش دەدەن، وەکو مەڕ، بۆ نێو مەزرایەکتان ڕادەدەن، تەڵێ گیای لێ نەڕوێ؟ دەفەرموو لۆکە بچنن، دەی! دە فەرموو، بزانم تاکە قۆزاخەیەکتان دەست دەکەوێ، فەرموو بچنن!»

گوندی گوێیان لە جنێو و فەزیحەتەکانی پڕواپڕ ئاخنیبوو.

تاشباش هەقیەتی، سەد جاریش، نەک جارێ» گوتبوویان. «بگرە لە زەوییەوە تا ئاسمانیش هەقیەتی. هەرچی بکا، هەرچی بڵێ هەقیەتی. وایش دەرچوو، وەک ئەو گوتی. گوتی ئەم کوێخایە بۆ مەزرایەکتان ڕادەدا، تەڵێ

گیای لێ نەڕوێ و هەنگین بەری دەستتان دەلێسنەوە، قسەی ویش دەرچوو. هەرچییەکی گوت ئەوە دەرچوو. هێندەی ئەم تاشباشە... لە کەیفی مەدەن، چ دەڵێ با بڵێ.»

تاوەکو لۆکەی نەبوویان چنیبوو و لێ بووبوونەوە، تاشباش هەر گوندییەکی لێ هەڵکەوتبوو تەوس و تیزی دنیای پێ کردبوو. تاشباش ئۆغڵو نەبوو، مارێ بوو بۆ خۆی. زمان ژەهراوی، هەر قسەیەکی پڕ مستێ تاڵاو. ئەوی تنۆکێکی لێ قووت دابا، دەستی بەکاکێشانی فەلەکەوە گرتبا، ڕزگاری نەدەبوو، بەڵام ئەم گوندییە فێرە سەرکزی و حیزی و سەلامەتی بووە، بۆی قووت دەچێ.

کە لۆکە تەواو دەبێ، نە خۆی نە گوندی هیچیان وەگیر ناکەوێ تاشباش جوان و زەریف دەگۆڕێ و دەبێ بەپیاوێکی دیکەی زۆر جیاواز. خۆی بەخەمێکدا دەخا لە توان و کێش بەدەر، زاری بەکێرد هەڵنایەتەوە.

دەمەو پایز، کە بۆ گوند دەگەڕێنەوە، لە ناکاو ڕووبەڕووی ڕووداوێ، ڕووبەڕووی ترسی عادیلەفەندی دێن. تاشباش ئۆغڵو ئەمجارە هەر بەجارێ دەبێ بەئینسانێکی دیکە و تەواو دەگۆڕێ، گرێی زمانی دەکرێتەوە، بێ پشوو وەقسان دەکەوێ، ئەما قسان. هەر لە سبەینێڕا دەڵێ و دەڕێسێ. ئەمجارە نە گاڵتەی دەکرد و نە سکاڵاکردن و خەم بە با دان. هەر یەکڕاست شاڵاوی دەبرد. لە یەکبینە ژەهری لە زار دەباری، کەسی لە گوند نەدەبوارد، ژەهرباراني دەکرد.

«با خراتر، خراتری خراتریان لێ بەسەربێ ئەم گوندییە بێ ناموسانە.» دەیگوت:

هەندی ڕۆژ، هەر لە سبەینێوە، لە ناوەندی گوند قیت دەبووەوە، تا دەیتوانی ژەهری داخ و ڕکان دەڕشایەوە.

گوندی بەلارەملێ و سەرکزییەوە گوێیان لێ دەگرت. لە پاشان. بەترسەوە دەیانگوت:

«ئەم تاشباشە، خۆ هەر بەجارێ هار بووە، کەڵکی بڕاوە،» و لێی دوور دەکەوتنەوە و هێندەی پێیان کرابا لێی نزیک نەدەکەوتنەوە.

خۆ ئێکجار لەوەتەی ژنەکەی لە شەڕەکەی دوێنێدا بریندار بووبوو... ئیتر گوندی زمانی تاشباشیان لێ وەکار کەوتبوو، خوا بەدەردی زمانی تاشباشەوەی گیرۆدە کردبوون. چما ئیدی لەمەوپاش زمانی ژەهراویی تاشباش قەت دەیهێشت گوندی وچانێ بسرەوێ..

تاشباش هێند تووڕە دەبێ... لە تووڕەیییان هار دەبێ...

بەڵام تاشباش هەقیەتی. چ دەڵێ گەردنی ئازاد بێ. ئەم تاشباشە شتێکە.

هەموو کەسی لێ کەوتبووە گومانەوە. ئەم تاشباشە.

گوند وای لێ هات چۆلەکەی چۆلەکە ئاسایی بەسەرەوە نافڕێ. لە ناوچاوانی ئێوەوە تەنانەت گوندەکەیش، گژوگیایەکەی، خاک خۆڵەکەی دار و بەردەکەی، بەفر و بەستەڵەکەکەی، جڕو جانەوەرەکەیشی پەردەی نەهامەتی و نائۆغرییەکی بەسەردا درایەوە. بەڵێ لە نێوچاوانی ئێوەوە. دەسەکەی خۆش بێ سەفەر! سەفەر ئازایە. پیاوێکە کاری خۆی چاک دەزانێ. ئەی ئافەرم. پیاو وا نەبێ بۆچی چاکە. تەنانەت مێرووی مێرووئاساییش بن، زەوی، تەیروتووی ئاسمان، جڕوجانەوەری نێو هێلانە و درز و کەلێنان خۆیان نەگرت، ئەم مەخلووقاتە بێ زووان و بەسزمانانە، خۆیان لە تاو پەرێشانیی ئەم گوندە نەگرت، سەری خۆیان هەڵگرت، بۆی دەرچوون، تەرە بوون، هەموو لە نێوچاوانی ئێوەوە. هەر لەگەڵ چاوتان بەسواری دەکەوێ و ناکەوێ جێ بەخۆ ناگرن، لە کونێ دەگەڕێن خۆی تێ وەشێرن. چاوتان بە سێ زەلام بکەوێ، لە ڕێگەی خوارەوە دێن... دەرکەی ماڵ داخەری، لە هیچە گوند چۆڵکەرینە!

هەموو لە چارەی ئێوەوەیە! جارێکی دیکە زەویوزاری ئەم گوندە تنۆکێ باران بەخۆیەوە نابینێ. تازە ڕابرد. ئیدی بەفر و بەگڕ و پێتی لێ دەبارێ. لە چارەبەدی، لە نێوچاوان مارۆییی ئێوەوەیە. گای مارۆیینە. لە جیاتی خێر و بەرەکەت، قاتوقڕ، لە جیاتی چاکە، خراپە، لە بری هات، نەهاتی دەبارێ، خەلە و دان دەسووتێن. جارێکی تر گوند چاوی بە ئەستوورکە جۆیێ ناکەوێتەوە. چاوتان بەگەنمی سوور ناکەوێتەوە. خەلە و دان هەڵدەقرچێن و دەبن بە قەرەبرووت، لە ناوچاوانی ئێوەوەیە! ئەم گوندە ئەمانەی سەرلەبەر پێ ڕەوایە.

هێشتا هەر کەمە. ئەم گوندە هاکا پەتا و ئاهۆی تێ کەوت، هاکا لێمشت و لافاو ڕای ماڵی، هاکا بوومەلەرزە نوغرۆ و ژێروژووری کرد. ڕۆژێ دەبینن، لەو پێدەشتەوە هەزار و یەک سەر سەوز، هەزار و یەک زمان چەتاڵی دوو فلیچقانە، هەزار و یەک چاو سوور... سەد هەزار مار بەنێو گوند وەردێن، پڕی دەکەن، ناتوانن بستێ هەنگاو هەڵێنن. هەنگاویش هەڵێنن هەناسەتان بۆ نادرێ، هەناسەتان یەک پارچە، دەبێ بەتاڵاو و ژەهر. ئەو هەوایەی هەڵی دەمژن، ئەو ئاوەی دەیخۆنەوە، ئەو نانەی دەیخۆن، ئەو پێخەو و نوێنانەی پێی دەنوون، ئەو زەوییەی بەسەریدا دەڕۆن، شینایی ئاسمان، لووتکە و بەندەنی چیاکان، سەرکەل و ملەوکەژان، دوند و پشتەی کێوان، قەدپاڵ و یاڵ و نزاران، هەور، ستێر، سەرلەبەر ژەهر و تاڵاو... هەموو شتێ یەک پارچە ژەهر... هەموو سەبارەت بەئێوە، هەموو لە ناوچاوانی ئێوەوە! حاڵی گوندتان بەڕادەیەک گەیاند، باڵندەی خوای بەسەرەوە نافڕێ. ئەوە دوو مانگە، لە تەیروتووی ئاسمانێم نۆڕی، زۆرم لە پەلەوەر و باڵندان دیتن، هەر کە لە گوندی مە نزیک بوونەوە و نەبوونەوە ڕێگەیان گۆڕی. پێت وایە لە بەرچی؟ ئەم گوندە ترسی تێدایە، ئاهۆ و تاعوونی وەک سەگ دەوەڕێ. تەنانەت پەلەوەر بەپەلەوەریی خۆی بەرگەی ئەم حاڵە بەربادە ناگرێ، دەبێ ئەوە بزانن. زۆرم مێشەنگ دیتن. هەر لەگەڵ لە گوندی مە نزیک دەبوونەوە و نەدەبوونەوە، لەپڕ، وەک دیوارێکیان بێتە پێشێ، ڕادەوەستان، بە ویزەویز بەیەکدا دەهاتن و پوورەیان دەبەست، پاشان ڕێگەیان دەگۆڕی و ڕوویان لەلایەکی دی دەکرد، لە گوند دوور دەکەوتنەوە. وەک لە دۆزەخێ هەڵێن بە ویزەویز لە گوندەکەمان هەڵدەهاتن.

«ئاااخ! هەزار جار ئاخ. ئاخ بۆ ئێوە هەڵدەکێشم، ئاااخ! ئیشەڵڵا سبەینێکەش نەیێ، دوو سبەی عادیل دێ، دەرپێی ژنەکانتان لە پێیان دادەکەنێ، دەیانبا. نەک هەر هێندە و بەس، بگرە ژنەکانیشتان لێ داگیر دەکا.

سەروەت و سامانتان وەشێرد، سەفەرەفەندی گوتی بیشارنەوە، گورج

شاردتانەوە. لە پاشان دەرتان هێنا. سەفەر یاریو پێ دەکا، خۆشتان یاری بەخۆتان دەکەن. ئیدی شەق دەبەن، دەتەقن. عادیل لەگەڵ هەمووتاندا چاوشارکێ دەکا. لە پێش چاوی شێست گوند، لە پێش چاوی شارێکی زل و زەلام.

«ژنەکانیشوو ڕاپێچ دەکا. دەیانبا لە شارێیان دەفرۆشێ. هەرزانفرۆش و بە بەهای هیچیش. ئاااااخ بۆ ئێوە هەڵدەکێشم، سەد جار ئاااخ! لاقی ژنەکانتان بەڕووتی دەمێنێتەوە.

دە هیچ نەبێ هەر ئەمە بەپێش چاوەخۆ بێننەوە جارێ. دە بێنینێوە! چ دەبینن؟ مێگەلێ ژنی لاق و بەلەک ڕووت! بەدوای کێیشەوە؟ عادیلەفەندی. لە کوێیش؟ لە نێو بازاڕەکەی شار، هەڕاج دەکرێن، مەزات دەکرێن، هەرزانفرۆش دەکرێن، بەتالان و برۆ دەبرێن، بەگەنتانە؟ چەند شتی چاکە؟ توخوا دەنە وەنییە گوندییە بەناموس و ژیرەکانی سەفەرەفەندی؟

«ئێوەیش جوان و زەریف خۆ لە کونی ژوورێ دەشێرنەوە، لەبەر شەرمەساری چاو و لەبەر ژنوو هەڵنایێ. لە پێش چاوی گوندییەکانی دیکە نەک هەزار جار، سەد هەزار جار، سووک و ڕیسوا دەبن، کورە، ئاخر نالێن، ئەم ساڵ تووشمان بەتووشی لۆکەی خراپەوە بوو، دە ئەو ساڵەکە وازمان لێ بێنە عادیل، نالێن هەر وازی نەهێنا ئەو سەرە ڕووتاوەکەی دەنێوان دوو بەرداشان ئێخن، بیهاڕن، نەک هەر سەری ئەو، لەگەڵ سەری کوێخا ئاقڵەکەیدا پێکەوە. گۆیا داوودەستوور تێک دەچێ. با تێک چێ، وەجەحەنم. گوایە ئەگەر گوند بەچۆڵەوانی بمێنێتەوە، دز و جەردەی تێ دەکەون، داری بەسەر بەردیەوە ناهێڵن، بەشوێن و شوێنەواریەوە دەیبەن، با بیبەن. قیری سا. ناکرێ دوو پاسەوانی لە دیار داچەقێنین؟ ماڵی داوودەستوورم بەقوڕێ گرت. داوودەستوور بوو بە چی؟! داوودەستووری وا بەناخی زەویدا چێ. بە گەرووی ئاشدا چێ. جارێکی دیکە ئاڵوێر لەگەڵ عادیلدا ناکەن. ئەم ترسەتان لە چی، لەچی تۆقیون، سەرشۆڕی تاکەی؟

دار و بەردی ئەم گوندە، ئاوی ئەم گوندە، چیا و چۆڵ و دۆڵ و دەرەی ئەم

گونده، سەگی، ئەسپی، کرمی ژێر زەوییەکەی، جانەوەر و دڕندە و گەزندەی، باڵندە و تەیروتووی، ڕێوییەکانی، چەقەڵەکانیان بەدەردێ بردوون لە ترسان، لە هەموو شتێ، لە سێبەری خۆیان دەپرینگێنەوە، لە هەناسەی خۆیان دەسڵەمێنەوە.

«چاکم گوێ لە بۆ هەڵخەن، هۆ بێ ناموسینە، ئەم ساڵ بەهار لە ترسان نایە. بشێ گیاوگۆڵ ناڕوێ. دار و درەخت، دڕکوداڵ. کەژ و کێو، جەنگەڵ و لێڕ، چەکەرە ناکەن، چرۆ ناکەن. بشێکەن گوڵووک ناکەن. پەڕەوڵ هێلکە ناکەن. نە ئەسپ دەزێ، نە مەڕ، نە بزن. بشزێن بەمردوویێتی بێچوویان دەبێ، پزیان لە پزدانێدا دەمرێ. ژنانتان سەرلەبەر قسر دەبن. قسریش نەبن، ئەوی دەیانبێ خێریان لێ نابینن. ئاو بەئاوەڕۆی ئەم گوندەدا ناڕوا. بڕوا خوێن و خوڕ، قوڕاوی پێدا دەڕوا. لەوە خراتر بن. تووشی گەلەک لەوە خراتر بن! ئەم تاشباشە، ئەمە حەوت ساڵی خشتە لەگەڵو دەڵێ و لەگەڵو دەڕێسێ، چاکیش دەڵێ و خراپیش. ئەنگۆ هەر بەلای خراپەدا دەکێشن. هەمیشە مل لە ناکردەنی دەنێن، هەر بەلانی مەحاڵدا دەلەنگێن. ئەدی نەمگۆتنێ، بەڵەد و ڕێبەری وە قەلەڕەشکەیە؟ ئێستاکانێیش دەیلێمەوە. گوێ مەدەنێ، داوودەستوورە، تەڕەماشە، با تێک بچێ و داری بەسەر بەردیەوە نەمێنێ. فیناری سەقەر. ئەو عادیلە وای نەترساندوون خۆش بێتەوە... خۆ وەختە لە ترسان پیاوەتیو بچێ. ژنایەتیو بدۆڕێ. ئەمە دواجارە پێو دەڵێم، مەترسن، خۆ لە کونی ژوورێ مەشێرنەوە. تەوقی ترس و تۆقین لە ستۆی خۆ دامالن. لە سەربازی کردندا چەندین شارتان دیت، چەندتان دەریا دیت، چیتان بیر لێ نەکردەوە، ئەم دەریایانە، ئەم پێدەشت و بێروونە کاکی بەکاکییانە لە کێندەر دواییان دێ؟ دەریاکان پشتیان بەکوێوە داوە؟ ڕۆژ چۆن هەڵدێ؟ چۆن ئاوا دەبێ؟ چی لە پشت ڕۆژەوە هەس؟ ڕادیۆ چۆن قسان دەکا؟ باڵندە چلۆن دەفڕێ، قەتوو بیر لێ کردووەتەوە؟

خۆ جارێ لەوێ ڕۆژێوە ژنەکەی برینداربووبوو... ئەگەر ئازای خۆ لەبەر زمانی تاشباشی بگرە.

گوندییەکان، هەرچییەکی دەگوت بیڵێ، هەقیان دەدایە تاشباش. تووڕە دەبوون، قەستی گیانیان دەکرد. بیریان لەوە دەکردەوە بیتاسێنن، بیکوژن... بەڵام...

تاشباشیش ئیدی بوو بە سامێ، بوو بە ترسێ لە گوند... گوندی عادیلەفەندییان لە بیرچووەوە، تووشی شتێ هاتبان لە تاشباشەوە تووش دەبوون. هەموو کەسێ وا دەزانێ. وەک لە مەخلووقێکی پیرۆز بپرینگێتەوە، ئاوهای لێ دەپرینگێتەوە. هەر کە زاری دەکاتەوە و ناکاتەوە، وەک قسەکانی هەموو دەق وەدی بێن، گوندیی ڕادەچەناند، مچوڕکەی بەسەرتاپادا دەهێنان. بڵێ مار، بڵێ دەبارێ، گوندی وا دەزانێ، ها باری، ها دەبارێ. هی وایش هەیە چاوی دەبڕێتە ئاسمان و چاوەڕێی دەکا.

گوندی تاشباش لە هەرکوێ دەبینن لەبەری هەڵدێن. تەنیا ڕێگەی ڕزگاربوون هەڵاتنە.

دەبێ ئەم پیاوە بکوژرێ. ئەم پیاوە...

کەس نییە لە گوند، ئاوها بیر لەمە نەکاتەوە و ئاوها نەڵێ لە دڵی خۆیدا. تەنانەت منداڵانیش لە کاتی یاریکردندا، دەیانقیژاند:

«دەبێ ئەم تاشباشە بکوژرێ! دەبێ ئەم تاشباشە سەر ببڕدرێ.»

بەڵام هەرگیز، کەسیش خۆی لە قەرەی تاشباش نادا. وەک هەرچییەکی توخن کەوێ گڕ بگرێ، ببێ بەخۆڵەکەوە. دەستیان بەرزکەنەوە دەستیان گۆج دەبێ، بەرەو کنە وی شاقاو هەڵێنن لاقیان هەڵنایەتەوە. نەک بیرکردنەوە لە توخن کەوتنی، نەک هەر تەنیا بیرکردنەوە لە خراپە لەگەڵ کردنی، تەنانەت هەر کەسێ قسەیەکیش وەسەر قسەی خا تووشی بەڵای سەری خۆی دێ. تووشی دەردی سەریی سەران دێ.

ژنەکەی، هەر چەند برینەکەی لێ هار دەبوو، تاشباشیش هێندەی دیکە هار و شێت دەبوو، زاری کەفی دەچەڕاند. ئوزون عەلیی هاوڕێ و هەوێژی، وای لێ هات، ناچار چەند جارێ بچێ بۆ ماڵی تاشباش، بڵێ، پیاوی چابە، مەکە، ئەو، زوڵم و زۆری زمان ژەهراوییەتیان پێ ڕەوا مەبینە، بەسە، ئیدی، وازبێنە،

گوندی بەڵایەکت وەسەر تێرن. تاشباش هۆشی لە کەللەدا نەما، زاری کەفی کرد. هەر وەخت بوو عەلیی بەدەرکردن دەرکردبا.

تاشباش، تا پتری لەسەر دەڕۆیی گوندی هێندەی دیکەی لێ دەتۆقین، ئەوەندەی دیکەی لێ دەسڵەمینەوە، هێندەی دیکەیان بیر لێ دەکردەوە. تا دەهات ترس و سام و ڕێزی لە دڵیاندا زێتر دەبوو. دەنگی، دەنگە ژاراوییە بەئێش و ئازارەکەی هەمیشە لە گوێیاندا دەزرینگێتەوە و نابڕێتەوە. وەک، لەوەتی ئەم گوندە بووبوو بەگوند، تاشباش هەمیشە هەر بەوجۆرەی قسە کردبێ وابوو لەلای وان. تاشباش نەبێ ئەم گوندەیش گوند نییە، لای وانەوە ئەوهابوو.

لە سەرێکەوە ترس و لەرزی عادیلەفەندی، لە سەرێکی دیکەوە تاشباش. گوند لە نێوان دوو جەندرماندا بوو. تا دەهات زێتر دادەڕزا، پتر دەتاسا.

٢١

حوسنە لە نێو جێ دەرپەڕی، بە پەلەکوتێ بەرەو دەرکە هات. هەر وای کرد دەستی بەر شاخی گایەک کەوت. گایەکە کاوێژی دەکرد. لە دەرکەکردنەوەدا شاخی گایەکەی گرت. شەوەکەی شەوێکی ڕووناک بوو. دنیا یەک پارچە بووبوو بە بەفری سپی. بەری ئاسمانیش لە سپیاتی بەفر نیشتبوو.

تاوی دا بۆ خانووە چۆڵەکە، ئاگردانەکە هەڵکرابوو. ڕەجەب لەبەر ئاگردانەکە چاوەڕێی دەکرد. حوسنە لە ئەشقان هار و شێت بووبوو. پەلاماری ڕەجەبی دا، هەر وەخت بوو ونجڕونجڕی کا. ئەمشەو ڕەجەبیش لەو خراتر بوو. سێ سەعات بوو، لە حوسنە بەولاوە، لە لەشولاری ڕووتوقووتی بەولاوە بیری لە چیی دیکە نەکردبووەوە.

چۆن بوو، چۆن نەبوو، بۆ خۆشیان هەستیان پێ نەکرد. هەر هێندەیان بەخۆ زانی دوو جەستەی ڕووتوقووت لە چاوترووکانێکدا یەکیان گرت. لە لەزەتان، ها ئێستا، ها نەختێکی دی، هەڵدەزڕان. لەبەر ئەو گڕ و بڵێسەیە سوور سوور هەڵگەڕابوون. ئارەقەی شین و مۆریان، هۆنەهۆن، دەردابوو.

سووریی لەشی حوسنە لە گوێن سووریی مس، کوتومت تامی مسی سووری دەدا.

حوسنە دەنووزێتەوە، بەڵام چ نووزانەوەیەک، مەگەر، سەرەمەرگ، گیان کێشان بەوجۆرە بێ، ڕەجەب هەناسەبڕکێیەتی، نامەخوا، هەناسەکەی بووبوو بەگڕ و هالاو.

ڕەجەب بیر لە زەوییەکی نەرمونیان و گەرموگوڕ دەکاتەوە. بێستانە شووتییەک وەپێش چاوی خۆ دێنێتەوە، لەبەر سێبەری کەپرێکدا، شووتی وەک تکی خوێن، سوور سوور قاشکراو، جندراو، توێکڵە شووتی، مێشەنگی نێو بەژن باریک نێو بەژن باریک، پەڕوباڵ بەچریسکە چریسک، مەیلە و سەوز و شین و ترنجی، پشتێن سوور پشتێن سوور، لە پشتێنەیان بەرەو خوار، تا دەگاتە چزوویان. کوڵکنی کوڵک نەرمونیان و زەرد.

لەپڕ گەرموگوڕی و نەرمونوێڵیی پیاوشێتکەری ژنی تاین لە ژێریدا... ڕەجەب بیر لە زۆر شت دەکاتەوە، هەرچی ژنەیە ناوبەناو لێوی دەلەرزێ، دەنکێنێ، دەنووزێتەوە، ئاخ و ئۆخی... چاوی گشتی بووە بە سپێنە، ڕەشاییی چووە، سیس...

ڕەجەب هەر بیر دەکاتەوە، ئەگەر گوندیماڵی هەیە و دەیشارێتەوە، خۆ ئەم هیچی نییە بیشارێتەوە. ئەگەر گوندی ماڵی شاراوەی دەردێنێ، خۆ ئەم هیچی نییە دەری بێنێ. ئەمەی تا بڵێی پێ ناخۆش بوو.

گڕ و بڵێسە بەسەریاندا هاتوچووی دەکرد. قرپەقرپی یەکانگیرە بنیادەمانەیەکی سپ و ساغی بەتاسە و ئارەزوو سام و ترسەوە. ئافرەتی تاین لەپڕ وازی لە زریکە و ئاخ و ئۆخ و ناڵەناڵێکی، بەدەستە خۆی نەبوو، هێنا.

ڕەجەب دەستی حوسنەی گرت هەڵی ساند. مەمکە قوت و گەندەمووە زەردەکانی حوسنە هیچ نەژاکابوون. ڕەجەب کە مەمکەکانی بەو ڕەنگە دیتن، هەروەک چییان نەکردبێ، بەجۆش و خرۆش هاتەوە و سەرلەنوێ تێ هەڵچوونەوە. دوو جەستەی خەستە، لە چاوترووکانێکدا سەرلەنوێ بوونەوە بەیەک.

حوسنە، «لێت ڕاناوەستم،» دەیگوت. دەستی ڕەجەبی گرتبوو: «ژنانی ئەم گوندە لێرە بەپاش، سەرلەبەر قسر و نەزۆک دەبن. لە بەهاریێ گولووک ناپژێ. خاکی، شینایی بەخۆیەوە نابینێ. خەڵکەکەی هەموو بەئاهۆ و تاعوون دەڕۆن. بوومەلەرزە ژێروژووری دەکا. هەیدێ، یاڵڵا، با هەر ئێستا هەڵێین. کەس ناماندۆزێتەوە. خێرا، زووکە، خێرا وا بەر و بوخچەکەشم پێچاوەتەوە، لەگەڵە خۆمم هێناوە. دەرێ ساماڵ و لەبارە، هەواکەی لە هەوای هاوینێ دەچێ. بۆ ئێمە! تۆ نەیێی، من بەتاقی تەنیا سەری خۆم هەڵدەگرم، دەڕۆم. ژنان قسر دەبن، قسر، قسر، قسر! بشرزێن منداڵیان بەمردوویێتی دەبێ. من ئیدی لەم گوندە نامێنمەوە. خۆ تۆیش تا ئێستا پووشکەیەکت دەس نەکەوت، بیشاریەوە لەم گوندە. هەر ئێستا، هەر ئێستا خێرا با بڕۆین.»

ڕەجەب یەک دوو قسەی کرد و نەکرد، حوسنەی لە تاوان نێڵەنێڵ هەڵچوو، بێ ئەوەی گوێ لە هیچ بگرێ، یەکسەر قسەکانی پێ دەبڕی، بەدەستیدا دەنووسێ، بە لەرزەلەرز:

«هەر ئێستا، هەر ئێستا!» دەڵێ. «ئەم گوندە ماری بەسەردا دەبارێ. هەزار ماری چاوسووری بەسەردا دەبارێ، دێن هەموویان... خەلە و دان هیشک دەبێتەوە. شیری چێڵ هیشک دەکا. ژنان قسر دەبن، قسر، قسر. قسر، یاڵڵا، خێرا، خێرا...»

ڕەجەب:

«بەم بەفرە، بەم زستانە ڕەشە، بەم قیامەتە... دوو هەنگاو هەڵناهێنییەوە یەکسەر ڕەق هەڵدێی. با بەهار بێ...»

«بەهار نایە. هەیدێ، هەیدێ، زووکە، زووکە! ژنان قسر دەبن.»

«خەلیلە پیر؟»

«خەلیلە پیر ڕەق نەبووەوە. پیاوێ ڕەق بێتەوە لاشەکەش هەر دەدۆزرێتەوە. ئەی کوا لاشەکەی؟ پیاوێکی پیر، پیاوێ بەم پیرییە، ملی لەم بەفرە نا، ژنان قسر دەبن... یاڵڵا زووکە.»

«کە بەهار هات...»

«نایە.»

«کە بەفر چووەوە.»

«ناچێتەوە، زووکە، زوو!»

«ئەدی لاشەی خەلیلە پیر کە لە ژێر بەفردا مایەوە...»

«دەرنایە.»

بوخچەکەی بەدەستی ڕاستییەوە بوو. بەدەستەکەی دیکەی، توند توند ڕەجەبی گرتبوو، ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو.

ڕەجەب، بەجارێ خولیای لە کێش بەدەری هەڵاتنێ سەروەمرِ دای گرتبوو. ئەویش دەیویست بڕوا، بەڵام شەوەکەی شەو نەبوو. لە شەوەکەی، لە بەفرەکەی دەترسا. بگرە وای لێ هاتبوو، تەنانەت بیری لە ترسانیش نەدەکردەوە. حوسنە بۆ کوێی بەکێش کردبا دەیبرد. بەم خولیایە حوسنە بۆ دۆزەخ چووبا، بۆ خۆهاویشتنە نێوەندی دەریا چووبا، بەقونەقون وەدووی دەکەوت. وەک سیحری لێ کرابێ.

هێشتا نەختێ دەماری سەرکێشیی دەبزووت. با بەهار بێ، خوا دەکا دێ. هەر کە بەفر چووەوە و نەچووەوە، هەر لەگەڵ هەوا تەشقی شکا و نەشکا... ئەم گوندە بەلەعنەت بووە لەوەدا نەماوە پیاو یەک دوو ڕۆژی تێدا بمێنێتەوە.

«خەلیلە پیر زانیبای ڕەق هەڵدێ و دەمرێ، هیچ دەڕۆیشت؟ پیاوێکی بەناو ساڵداچوو، بەم بەفرە... خێرا، خێرا...»، وەک بقیژێنێ: «قسر دەبن، قسر، قسر، قسر دەبن!» دەستی ڕەجەبی گرت، بۆ دەرەوەی بەکێش کرد، شەوەکەی سپی بوو، دەبریسکایەوە. وەک هیچ شەوێ، هیچ شەوێ لە شەوانی دی نەدەچوو. سەرما وەک دەمی تێغ بەر دەموچاویان کەوت.

بەڕێگاوە بوون. کەنگێن لە گوند وەدەرکەوتن، کەنگێ بەڕێ کەوتن، چۆن ئەو هەموو ڕێگەیەیان بڕی. هەر ئاگاشیان لێ نەبوو. حوسنە لە خۆشییان پێی بەزەوی نەدەکەوت. بەدەستی ڕەجەبدا دانووسابوو، پەیتا - پەیتا ڕای دەموست.

«ئۆخـەی ئـەوە دەڕۆین، ئەوە لـەم دۆزەخـە قـوتار دەبـین، ئەوە ئێـمـەین لەم جەحەندمە ڕزگار دەبین. شتێکت پێ بڵێم، عادیلەفەندی سبەینێ دەگاتە گوند. ژنانی گوند سەرلەبەر قسر دەبن. هەر هەموو، هەموو قسر و نەزۆک دەبن.»

ڕەجەب قسە ناکا، بیر ناکاتەوە، سیحری لێ کرابوو، خۆی پەلکێش کرد.

«زوو، زوو، پێش وەی ڕۆژ چاو هەڵێنێ دەگاتە گوند، دەیانخاتە سەر ساجی عەلی. لەتێ نانی نان ئاسایی لە گوند بەجێ ناهێڵێ. جا هەینێکە چمان دەخوارد؟ سەرلەبەری گوند لە برسان سەگتۆپ دەبن. ژنانیش تا مردن هەر بەقسری دەمێننەوە.»

حوسنە دەستی ڕەجەبی بە سینگییەوە گوشی.

«سەگتۆپ دەبن، قسر دەبن،» گوتی، حوسنە بەدەم قسەکردنەوە هێند بەلەز دەڕۆیشت، ڕەجەبی پێ ڕانەدەگەیشت. دەست و پێی بەجارێ قەسریبوون، هەر چەندی پێ هەڵدێناوە هەستی بەقرپەقرپی بەفر و بەستەڵەکەکە دەکرد.

کە گەیشتنە عەلی باستی هەڵنەهاتبا، ئەملا و ئەولای نەبوو، ڕەق هەڵدەهاتن، دەمردن.

کە ڕۆژهەڵات حوسنە بەری بەلای ڕۆژەکەوە کرد، دەستی بۆ ئاسمانێ هەڵبڕی، دەستی بەدووعا کرد.

«زۆر شوکور بۆ فریاڕەس،» گوتی، لە دووعایەکەی بووەوە.

بەو سەر بەفرانەدا، بەو سەر کەل و بەندەن و یاڵ و لووتکە و ترۆپک و دوندی چیا و کەژە داکشاوانەدا تیشکێکی زەردی زێڕین لە ئاسۆوە دادەڕژا. کە ڕۆژ کەمەک بڵیند بوو، لە زەوییەوە بۆ ئاسمان، لە بەفرەوە، لە کەژ و کێوەوە، لە دۆڵ و شیوەوە، لە دار و درەختەوە، لافاوی تیشک دەردەپەڕی. دوو سێبەری درێژووکە بەسەر بەفردا ڕاکشا. ڕۆژیان لە پشتەوە بوو. سێبەریان بەفرەکەیان هەڵدەدڕی، ڕەش ڕەش، لەبەر دەمیانەوە پێش دەکەوتن.

حوسنە، وەک ڕەجەبی لە دەست هەڵێ و ئەگەر هەڵیش هات، جارێکی دیکەی وەگیر نەکەوێتەوە، توند توند، باسکی گرتبوو، بەئامان و زامان بەری نەدەدا. ڕەجەب نەبوایە، حوسنە بەوجۆرە خۆی پێوە هەڵنەواسیبا تاکە

هەنگاوێکی بۆ هەڵنەدەهاتەوە. هێند شەکەت، هێند کەشەنگ بوو.

لە دوورڕا، تاکە گوندێ چییە دیارنەبوو. ڕێک گەیشتبوونە بناری چیای تەکەچ، برسیشیان بووبوو. ئەو خولیا و هەوایەی حوسنەی بەکێش کرد ئاسەواری نەمابوو. ڕەجەب لە سیحر لێکراوی ڕزگار بووبوو، بەخۆ هاتبووەوە. ئیدی دەیکاری بیر بکاتەوە.

«مەترسە،» گوتی. «هەر لە پشت ئەو کەلەوە گوند هەن. وا بەفری تێ دەکا، بۆرانێکیشی بەدوا دادێ. ها ها هەورەکەی چەند ڕەشە، خۆ لەبەر ڕەشییێ، چیای تەکەچ دیار نییە. مەترسە، پێش وەی بۆرانەکە بمانگرێ دەگەینە گوندێ. من ئەم ناوە چاک بەڵەدم.»

حوسنە بەدەم گریانەوە:

«بەڵام هاکا، بۆرانەکە هات و گەیشتە سەرمان. دەوروپشت تا دێ ڕەشتر دادەگەڕێ. هێزم لە ئەژنۆدا نەما.» سەری بەرەو چیای تەکەچ بڵیند کرد:

«بڕوانە،» گوتی.

ڕەجەب زاتی وەبەرنا:

«گوندەکانیش زۆر دوور نین،» گوتی. «بۆرانیش بمانگرێ، دەگەینە گوندێ.»

«جا چ بکەین بمانگرێ؟»

«ئەمن ڕێ دەردەکەم.»

حوسنە هەوڵی دەدا بە ورە بێتەوە.

«دەمرن. قسر دەبن، قسر، قسر، قسر.»

لە یەکبینە هەر ئەمەی دەگوت.

ڕەجەب پرسی:

«تۆ ئەشقی خوا پێم ناڵێی، ئەو چ دەڵێی؟»

حوسنە:

«خێرا،» گوتی. «خێرا، با بۆرانەکە نەمانگرێ. هەرچی بگری گیان دەرناکا.»

بەرەبەرە دەوروبەر ڕەش دادەگەڕا. هاکا ڕۆژی وەشێرد.

قەدەرێ دنیا ڕەش هەڵگەڕا، پاشان ڕوون بووەوە.

لە ناوەندی ئەو ڕاستانە لەبن چیای تەکەچ، بەتاقی تەنێ، ناچار و داماو مابوونەوە. نە پەلەوەرێ، نەگەزەندەیێ، نە سەگێ، نە گورگێ، دوو تاقە ئینسانی بێ دەرەتان، لە ناوەندی ئەو سروشتە بێ ویژدانەدا، لە بێ کەوشەنی و بێ سنووریی ئەو سروشتە بێ بەزەیەدا و هیچی تر.

لەپڕ دنیا سەرلەنوێ ڕەش داگەڕایەوە.

ڕەجەب هەڵچوو:

«قسر دەبن، قسر دەبن... قسربوونی چی و تەڕەماشی چی. کێ قسر دەبێ؟ کێ لە برسان دەمرێ؟ تۆ شێتی، ئەقڵت لە دەست چوو؟ گوند دەبوو نەدەبوو چاوی دەردەهات. وێرانم کرد، ملی تاشباشیشت بشکێ، بیبڕەوە جا.»

حوسنە هەڵزەقییەوە، بەدەنگێکی کزەوە:

«قسر دەبن ڕەجەبەکەم، زۆریش قسر دەبن. لە گوندەکان نزیک کەوتینەوە؟»

ڕۆژ هێشتا بڵیند نەبووبوو، بەسەر زاری سەرلەبەری گوندەوە بوو. ڕەجەب بێکەس، حوسنەی هەڵگرتووە. دایکی حوسنە دەیکا بەزریک و هۆڕ لەو ناو بەفر و بەستەڵەکە دەگەوزێ و بە لاس و پەلاسدا دەچێ.

ڕەجەب کەسوکاری نین پرسەی بۆ بگرن.

گوند هەوای خرۆشان و شین و شەپۆڕێکی تێ گەڕابوو، بگرە نەختێکیش شادمانی. شادمانییەکی غایەنانەی لە ژێرەوە.

مرێمۆک لایەکی ڕوومەتی بەدارعاساکەی ڕانووساندبوو، تەماشای دووری دەکرد.

تاشباش ئۆغڵویەک کە لە ماڵی خۆی دەرنەدەچوو، دوو هەنگاو بۆ دەرەوە هەڵدێنێ. ئەوەی گورچووی ئەوی دەبڕی ئەو شادمانییە غایەنانەیەی بن ئەو شین و شەپۆڕە بوو.

«تۆ وێران بی، بەناو کــــرۆکی زەویدا چی، گــــوندی لەحنەتی! ئەم بەسزمانانە،» دەڵێ. «هەموو لە نێوچاوانی ئێوەوە بەم بەفر و قیامەتە هەڵاتن. هەرکاتێ بەڕێ کەوتن با بەڕێ کەوتن ناگەنە هیچ گوندێ. ئەگەر ئەمشەو هەڵاتن دەستیان بەهیچ گوندێ نەگەیشتووە و ناشگا، بەژێر بەفرەوە دەبن و دەمرن.»

هەر هێندەی بلێی یەک و دوو بەنێو گونددا بڵاوبووەوە:

«بەبن بەفرەوە دەبن، ڕەق دەبنەوە و دەمرن.»

«حەزلێک کردنیان...»

«ئەوها بەو ئەندازەیە بۆ یەکتر سووتابن...»

«تا ڕادەی مل لە بەفر و بۆران نان و خۆ لە قەرەی وەیشوومە قیامەت دان... تا ڕادەی هەڵاتن...»

«حەز لێکەرییەکان...»

«کەس نەبوو، نەزانێ، تا سبەینێ لە خانووە چۆڵەکەدا بەیەکەوە دەنووستن.»

«ئێکجار بەو ئەندازەیە بۆ یەک سووتاوییان...»

«کەسیش پێی نەدەزانین.»

لەسەر چیای تەکەچەوە هەوری ڕەشی وەک خەشم و ڕک بەرەو دەشتایی، بەرەو ڕۆژاوا دادەکشا.

ڕەشەبایەکی شێت و هاری ڕەشی ڕەشیش هەڵی کردبوو. ڕەشەبایەکە زۆر هار بوو، بایەکەی بای وەشت و بۆران بوو.

«دەبێ جووتێ ئەسپ پەیدا کرێ.»

«جووتێ ئەسپی چاک لە کوێ بێنێ؟ تۆ بلێی لەم گوندە بەدەست کەون؟»

«دەبێ فریای شەیدایان کەوی.»

«وا بۆران هات.»

«نەشیەت، ئەمشەو لێرە بمێننەوە لە سەرما ڕەق دەبنەوە.»

«لە خەلیلە پیرتان خراتر بەسەردێ.»

مریمۆک چەندین مانگ بوو، بۆ یەکەم جار دەنگی بیسترا. ئاگای لەخۆ نەبوو.

«خراتریان بەسەردێ،» گوتی لە پاشان کە فەرقی پێ کرد قسەی کردووە لچ و لێوی هەموو کرۆشت لە داخان.

لە کوێ ڕا هاتن، کێ بوون، نەزاندرا، هەر هێندەی چاوتروکاندنێ دوو هەرزەکار بەسەر پشتی دوو ئەسپەوە لە ناوەندی گوند قوت بوونەوە.

«هەر ئێستا دەڕۆین، ئەو شەیدایانە دەدۆزینەوە، دەیانهێنینەوە،» گوتیان.

پێیان بەئاوزەنگیدا نا، بەرەو خوار بەچوار ناڵ، لە گوند دەرچوون. گوند لە چاوی ون نەدەکردن. وەک ئومێدێ، بەنێو گونددا دایان قەڵاشت.

گوند سەرلەبەر، هەر لە سبیانێرا تا ئێوارێ بیری لەو دوو شەیدایە دەکردەوە و قسەوباس هەر قسەوباسی وان بوو.

باوی حوسنە دەیگوت:

«عەهد بێ، شەرتی پیاوەتی بێ، بگەڕێنەوە بە سەلامەتی، لە گوڵ کاڵتریان پێ نەڵێم، نەڵێم، برۆ بەسەر چاوتانەوەیە. گفتی مەردی کوڕی مەرد بێ، ئا ئەو جوانەگا بەڵەکەیان لەبەر پێدا بکوژمەوە بۆیان بکەم بەگوڕی و گاوگەردوون. هەروەها لەگەڵیشیان قسە دەکەم و بۆشیان دەگرژێمەوە. خوایە، بەسە، تۆ هەر ئەوەندە ڕزگاریان کە...»

بەفر لە چێشتانرا دەستی پێ کرد، دەمە و نیوەڕوانی ئیدی بەجارێ شووڵی لێ هەڵبڕیبوو. گۆڕیبووی بە بۆران و زریان. بۆرانێکی تاریک، پیاوی ڕەق هەڵدێنا. بۆران نەبوو، بەڵای خوایێ بوو، دوو هەنگاوت بەرپێی خۆ نەدەدیت.

تاشباش ئۆغڵو دەینۆڕییە بۆرانەکە، دەینۆڕییێ و لە ڕکان دەیگوت:

«چ لەم گوندە بمێنییەوە و بژی، چ بەدەم بۆرانەوە دەی و بمری، وەک یەکە، لە چارەی ئەم گوندەوە...»

ئیتر لەم بەزمە، دەستی بە نەقەراتە بەسام و کوشندەکەی دەکرد و دەیرێسا. هەرچی ڕک و تووڕەیی هەبوو بەڕووی گوندیدای هەڵدێناوە.

## ٢٢

بۆرانێ بوو، فەرتەنەیێ بوو، ئەرز و ئاسمانی گرتبووەوە، کەس لە دەرەوە نەمابوو. هەر کەس خزابووە کونی ماڵی خۆیەوە. لە درزی دەرکەوە، لە پەنجەرەوە، هەر هێندەی لەپی دەستێ دەبوون و نەدەبوون، سەیریان دەکرد. کەچی گوندی لە دەرەوە چی ڕووی دابا، بەفر با، وەیشوومە با، قیامەت با، ئاوها بەوجۆرەیان سەیری دەرەوە نەدەکرد. ئەوشۆ لە شەوێکی ئەنگوست لە چاو دەچوو. ماڵەکەی بەرانبەر دیار نەبوو. بۆچی چاویان بڕیبووە دەرێ، وایان تەماشا دەکرد؟ خۆ ئەگەر بڵێی، لە بۆران و کڕێوە بەولاوە چیی تر نەبوو لە دەرێ..

لە پێشان کوڕی بێ کراس دیتی. لە درزی دەرکەوەی، وەک نەیدیتبێ وابوو. چاوی هەڵگلۆفت، جارێکی دیکەی تەماشا کرد. بڕوایی بەچاوی نەهات. شەبەنگێکی بەلەباریکەی کەڵەگەت پێش بۆرانەکە کەوتبوو، دادەخلیسکا، وەک گەڵا سووک و خێرا دەڕۆیشت.

کوڕی بێ کراس:

«تۆ تەماشەی ئەم سەگبابە ناکەی، هەر دەڵێی هار بووە،» گوتی.

ئەو لەم قسانەدا.. و، شەبەنگی تاین یەکڕاست گەڕایەوە، بەڵام ئەمجارە بەرەو هەوراز بۆی کشا.

کوڕی بێ کراس:

«سەگبابە دەگەڕێتەوە،» گوتی. «بەڵام پەری دەیپارێزن. ڕەنگە ئێستاکانێ باڵیان بۆ کردبن بە چەتر.»

لە ناکاو شەبەنگەکە دیسان گەڕایەوە، وێجا سەرەونشێو دای کێشا. لە پاشان هەر بەیەکجارەکی لە چاو ون بوو، ڕۆیشت.

کوڕی بێ کراس قەدەرێکی دیکەی لە درزی دەرکەوە تەماشای دەرێ کرد. دەوروبەر بەرەبەرە تاریک دادەهات، بۆرانەکەیش هێندەی دیکە شێت و هارتر دەبوو.

له گوێ ئاگردانەکە هەردوولاقی دووفاق کردبووەوە، دانیشتبوو.

«لە کوشتنی بەولاوە، ئەم عادیلە هیچ چارێکی دیکەی نییە. بەڵان کابرا زۆر بەتەمەنە. دەست لە پیاوی بەتەمەن هەڵێنانەوە کارێ نییە لە تیرەی بێ کراس بوەشتێەوە. تیرەی بێ کراس چەندی بلێی سەری خەڵکیان بڕیوە، ئەوەندی خەیاڵ بفەرمووی لە کەللەسەران قەڵایان هەڵزنیوە، بەڵانەکێ قەتیان دەست لە پیرەمێردێ، لە کەفتەکارێ، لە منداڵێ و لە هەژارێ نەکردووەتەوە. عادیل زوڵمێکی گەورە دەکا ئەم گوندە بەجەندرمە بەگیر دێنێ، تەنگیان پێ هەڵدەچنێ. کوشتنی فەرزە. ئەوی بشیکوژی تووشی هیچ گوناهێ نایە. بگرە ئەوەی بیکوژێ بێ چەندوچوون، یەکڕاست بۆ بەهەشت دەفڕێ و ڕۆژی حەشر لێپرسینەوەی نییە. بەڵام قەت ناشێ بنەماڵەی بێ کراس دەست لە پیاوێکی تەمەن لە پەنجا بەرەوژوورتر هەڵێنێتەوە. ئەم بنەماڵەیە بنەماڵەی خوێنە. پشتاوپشت لە باوەوە بۆ کوڕ، خوێنی ڕشتوون. کارڕاییکردنی عادیلیش بەر دواوەچەی بنەماڵەی بێ کراس دەکەوێ. تا ئێستا لەم گوندە تاکە کەسێ، تاکە ئینسانێ نەکوژراوە. دەوڵەتان شا و پاتشایان هەن، کەژ و کێویش شا و پاتشای خۆیان هەن، ئەدی چۆن؟ بنەماڵەی بێ کراسیش ڕۆژگارێ، چەرخی بەچەمبەر بێ، پاتشای ئەم چیا و کەژ و کێوانە بوون. بەڵام قەت عادیل دەکوژن؟ نەخێر. دوو ساڵ لەمەوپێش، یا دە ساڵ لەمەوپێش با، تیرەی بێ کراس ڕۆحیان بەدۆزەخ شاد دەکردن.»

دەنگی کوڕە دە ساڵانەکەی دا:

«کوڕم،» گوتی، قەدەرێ وەستا، بیری کردەوە، دەستێکی بەڕدێنیدا هێنا. «تیرەی بێ کراس لەم سەر دنیایە کێن؟»

کوڕە ڕاپەڕی. دەتگوت قورمیش کرابوو.

«وڵاتە گەورەکان پاتشایان هەن، پەری، جندۆکە، هەموو شایان هەن. ئەدی شای پەرییان، شای جندۆکانت نەبیستووە. کەژ و کێوانیش سەرانسەر، پاتشایان هەن. تیرەی بێ کراسیش پاتشای پاتشایانی سەرلەبەری کەژ و کێوانن. منیش نیرگەی وەجاغی تیرەی بێ کراسم. بەسەرانسەری گشت چیا

و کەژاندا ڕادەگەم. فەرمانم لە هەموو چیاوکەژان ڕەوایە و کۆ و کۆسار و زەردوما سەرلەبەر قەڵەمڕەوی خۆمن. دۆستی هەژار، دژمنی ئاغام. تیرەی بێ کراس لە دەستڕۆ و دەوڵەمەندیان ئەستاندووە و دەقەبەڵ هەژارانیان کردووە. تیرەی بێ کراس تا کوێر ئۆغڵووی کەڵەمێرد، تا کوڕی ئاسنگەرەکە دەڕوا، لەلای وان دەگیرسێتەوە، لەوانەوە سەرینچاوە هەڵدەگرێ. ئەو کوڕی ئاسنگەرەی کە چوار ناڵی بەدوو قامکان نووشتاندووەتەوە و شکاندوونی. ژیانی ئەم عادیلەفەندییە لە یاسا و دەستوور، دژی قانوونە. بەڵام تیرەی بێ کراس خوێنە ئاڵەکەی بەو زەوییە بەڵەکەدا ناڕێژێ. چونکە تیرەی بێ کراس هەرگیز دڵی نایە دەست لە تەمەن هەورزازان هەڵێنێتەوە. هەر کە یاسا و قانوونی تیرەی بێ کراست تێک شێواند یەکسەر لێلاییت دادێ و کوێر دەبی، بگرە هەزاران نائۆغری و نەهامەتیشت وەڕێ دێن.»

کوڕی بێ کراس دەستی کوڕەکەی گرت، قایم بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

«بەرخورداربی کوڕم،» گوتی. «ئەوە زۆر چاک بزانە، جێگەی گۆلاو هەرگیز ئاوی لێ نابڕێ. وە ئەوەیش بزانە، بێچووی گورگ دەبێ بە گورگ. هەر خۆش بی، بەرخوردار بی کوڕەکەم. خوێنی عادیلمان پێ خورابا، بێ کراس سەری لە ئاسمانان دەسوی.»

منداڵەکە قسەکەی لە زاری باوی قۆستەوە:

«بەڵانەکێ تیرەی بێ کراس دەست لە تەمەن درێژان ناکاتەوە.»

باوکی جەختی لەسەر قسەی کرد، گوتی:

«هەر قەت قەتی دەست لێ ناکاتەوە.»

کوڕە بە پەسندانەوە:

«ئۆهۆۆۆو!» گوتی. «ئەو عادیلە تەمەنی چکۆلەتر بایە، تیرەی بێ کراس هەر لە ئاسمانێیان کەرت کەرت دەکرد.»

کوڕی بێ کراس ئاوڕێکی بەم دیودا و ئاوڕێکی بەودیودا دایەوە، گوتی:

«ئاخ، تیرەی بێ کراس هەلێکی گەورەی لە دەست خۆ دا. نازانم ئەم یاسا دوابڕاوە، کێ ڕای ناوە، کێهە بێ کراس ڕای ناوە؟»

منداڵەکە:

«وسس،» گوتی. «تیرەی بێ کراس بۆ خۆی دەزانێ چ دەکا، وس باوە، بۆچی خۆت تووشی گوناهان دەکەی. تیرەی بێ کراس هەرچییەکی بکا جوانی دەکا. هەرچییەکی کردبێ جوانی کردووە.»

باوکە چاوی لە درزی دەرکە نزیک ئێخستەوە، گوتی:

«هەرچییەکی بکا، جوانی دەکا.»

کوڕە دەیزانی ئیدی لەوە زێتری نابێ لەسەر بڕوا. ئەویش هەڵستا چوو بۆ لای گایەکە. گایەکە نووستبوو. دوو شاخی درێژی پێوە بوون. کوڕە دەستی بە شاخەکانیدا هێنا. کوڕی بێ کراس لەوەندە پتری خۆ ڕانەگرتبوو، گایەکەی لە ئەشکەوتێ دەرێنابوو، یەکڕاست گەڕابووەوە. لە شەمەک شاردنەوەکە بەپاشەوە، ئەم گایە یەکەم گیانلەبەرێ بوو، بۆ گوند دەهاتەوە.

بێ کراس دیسانەوە لە درزی دەرکەوە تەماشایەکی دەرێی کرد. تەماشای کرد، بەڵام چ ببینێ، تارماییيەکەی بڕەک لەوەپێش لە ماڵی نزیک کەوتبووەوە، ڕەق ڕاوەستابوو. لەپڕ بەدڵیدا هات، پەرییان چییان گوتبوو؟ گوتبوویان ورغون ئەحمەد، بڕۆ ببە بەمیوانی بێ کراس. ئەو نەویرەی بنەماڵەیەکی گەورەیە. جێی شانازیی تیرەی ئینسانە.

ورغون ئەحمەد هێشتا نەگەیشتبووە بەر دەرکە، بێ کراس دەرکەی کردەوە، بانگی کرد:

«فەرمووو برا، بەخێرهاتی، بەسەرچاوان، تۆ و تەشریف بۆ ماڵی بێ کراس بەڕەگ و ڕەگەما ڕەسەن بێری، یاخوا بەخێر بێی. بۆ ماڵی سوارچاک و بەڕەگەما ڕەسەن بەخێرهاتی. ئەتۆ، تیرەی پەرییان بەمیوانی بۆ ماڵە منت دەنێرن. دەنا ئەتۆ نابی بەمیوانی کەس. ئەوانەی تۆیان بۆ من ناردووە هەر خۆش بن، بەرخوردار بن. ئەتۆ جێگەت لەسەر چاوانمە، لەسەر سەرمە. وەخێربێی و گوڵ وەپاتەوە. خێر و خۆشیت هاورد.»

ورغون گوێی بەم قسانە نەدا، هات سێ هەنگاو لە دەرکە بەم دیوەوە ڕاوەستا. سەرتاپای بەفر بوو.

کوڕی بێ کراس لێی نزیک کەوتەوە:

«وەرە برا، فەرموو دانیشە،» گوتی.

ورغـون زۆر نزیک کـەوتەوە. ورغـون هـەر کـە تێی هـەڵڕوانی، لە جـێی خـۆی وەک مێخسکەی چەقاند.

ورغون دەستی پێ کرد:

«لەبن بەفردا مانەوە،» گوتی. «دڵدارەکان ڕەق هەڵاتن.»

ئەوجـا ڕووی لە بێ کـراس کـرد، قیـڕاندی: «ئەتۆیش خـەڵکی ئەم گـوندەی، سـەگی ئەم گـوندەی،» گـوتی. ئەمـەی، بەوجـۆرە بەقیـڕاندنـەوە، چەند جـارێ دیسان گوتەوە. پاشان لە سەرەخۆ، بەتەوسەوە، بەدەنگێکی، کاری لە هەناوان دەکرد، بە تانی قسـاندا چوو. «تیرەی بێ کراس تیرەی سەگە، تیرەیەکی هەرە پەستی فس فس پاڵەوانی فڕوفیشاڵکەرە. ما پێت وایە لـە سۆنگەی چی بەم تیـرەیـەیان بێ کـراس گـوتـووە؟ ئەوە لەبەرئەوە بـووە، گـۆیا ئاغـای تیـرەی بێ کراس هەمیشـە بێ کراس گەڕایەوە، هەر کراسێکی بووبێ داویە بەهەژارێ، درۆزن ڕووی ڕەش بێ، هیچ وا نیـــیـــە! گـــۆیا هێند هەژار و ڕووت بـووە، بەدرێژاییی ژیانی کـراسێکی نەبووە، لە بەری کـا، لەمـەڕا بێ کـراسیـان پێ گـوتووە. تیـرەی شـۆڕەسـواران بووە! سـەیر ئەوەیە، ئەم تیـرەیە هەرگـیـز باربەرێکی نەبووە، چ جای بارگیرێ، یا ئەسپێ، ئاخر ئەم شۆڕە سوارییەیان لە چییـەوە بۆ مـاوەتەوە، تێم ناگـەیێنی؟ کوڕە هەمـووی درۆ و دەلەسـەیە، باوە، شۆڕە سـواری چی و تەڕەمـاشی چی! تیرەی بێ کـراس؟ من پێت بڵێم، تیـرەی بێ کراس، تیرە سـەگێکی چەند بڵێی قـزە و ترسەنۆکە. قـەڵا لە کەللەسـەران هەڵازنین لەوێ بوەستێ، بگرە مێرووێکیان پێ نەکوژراوە. چاکیشیان کردووە، ئافەرم. تیرەیەک قەڵا لە کەللەسـەران هەڵازنێ هـەر بۆ نوغرۆبوون و ئەستێوری و وەجـاخ کـوێربوونەوە چاکـە، توخـوا، ئەدی بۆچی چاکـە! هـەر درۆزنێکیش شـانازی بەمـەوە بکـا و خـۆی هـەڵکێـشێ، زاری لە دەویدا ڕەق هـەڵێ، هۆردوو چاوی کـۆرە بێ، تەپە و تەلان بەخـۆ نەگـرێ، پەلکێش کرێ. واز لـە منداڵەکـە بێنە مـەیخـاپێنە، لە خشتـەی مـەبە پیاو. ئەو وەکـو تۆ نییـە، لێ گەڕێ، باوەکو

پیـاوی نێـو پیـاوان بێ. ئەمن هـیچ بەو تیـرەی بێ کـراسـە، هەژارە، درۆزنە، پیسە، بەو تیرەی شۆڕەسوارەی تۆ چ ناڵێم. وەستای درۆزنان!»

ئاورێکی پاشەوەی دا:

«دڵدارەکان هـەڵاتن، وەبن بەفرێ کـەتن،» گوتی، بەهەڕاکردن دای کێشا، لە ترووکەییێکدا لە چاو ون بوو. باو بۆرانەکە هەروەک خۆی بوو، نەیدەکردەوە.

بێ کراس ڕووی لە کوڕەکەی کرد:

«شێتە،» گوتی. «شێت درۆیان زۆر دەکەن. تیرەی بێ کراسیش ئەوی نێوی بنیـادەم بێ، لەم چیـایـەیان نەهێـشـتـوون، سـەرپاکـیـان قـەڵاچۆ کـردوون، هـەنجنیــویـانن. هـەر بۆیـەشـی ئەوەنـدە لە بـێ کــراس دەترسن. درۆیـە درۆ، درۆیە... شێتووێت هەروا درۆزنن.»

ورغون لەوێ هەڵاتوو یەکڕاست خۆی کرد بەماڵی کوێستو ئۆغڵوودا:

«وەبن بەفرێ کەوتوون،» گوتی. «دڵدارەکان ڕەق هەڵاتوون. ئەگەر کوێسـتـو ئۆغـڵوویش دەڵێن، کـابرایەکی چـڵـمنی، سـەرحیـز بوو یـا نەبوو. ئەسـڵـەن هـەر مـانی لەم سـەر دنیـایە، لە زێدەیە. چەندی بڵێی مـێشک کـەرانی و هـێـرپیشـە. کراسێکی لەبەری دەکا، کاڵە و پێتاوێکی لە پێی دەکا، چل ساڵی خشتیان داناکەنێ، وێڕای ئەوەیش هەر کۆن نابن. سـەگی هەر کەسێکی دەگری هەر هەشت نۆ دە ساڵێ دەژی، کەچی تیرەی کـوێسـتـۆ ئۆغـڵـوو تیـرەی سـەگێکە دەست لە هیچ هەڵناهێنێتەوە. تیرەی کوێستـۆ ئۆغـڵوو کزەڵۆک و سەرحیـز، کـزەڵۆک و سـەرحـیـز، کـزەڵۆک و سـەرحـیـز.. بگرە لـە زلحـیـز و گـەلحـۆیش سەرحیزترە. دڵدارەکان هەڵاتن، بەبن بەفرەوە بوون!»

لە پاشـان ئەو مـاڵەی، وەک با خـۆی پێ داکـرد، مـاڵی خـەلیلە زلحیـز بوو. زلحــیــز، تـەوەزەلانە، خـــەریکی خــۆڵ دەردانـی بیــرەکــەی نـەخــتـێ ئەمــلای نیـشـتـمـانەکـە بوو. بەدوو پەنجە، وەک بـە مـقـاش هەڵی گرێ، لە سـەرەخـۆ، خۆڵەکەی دەردەدا.

ورغون:

«دڵدارەکــان هـەڵاتن، لـەبن بەفــردا ڕەق بـوونەوە،» گــوتـی، پاشـــان بـەدیار

زلحیزەوە ڕاوەستا، لە لەش و شان و شەپیلک و تەمبەڵییێی دەنۆڕی.

«مـاندوو نەبی،» گـوتی. لـە پاشـان تووڕە بوو، «تفـوو،» گـوتی، تفـێکـی لە دوڕچاوی کرد.

زلحیـز واقی وڕمـا، زەق زەق سـەیری کـرد. ئەو چاوەی تێی بڕی ئێسـتـا و ئێستایش نەیترووکاند.

ورغون لەم چاو تێبڕینە بۆش و بەتاڵەی بێزی هاتەوە، لەپڕ تێی تەقاند:

«دڵدارەکان هەڵاتن، لەبن بەفردا مردن!»

بەڵـێ ئەم تەوەزەلانە، ئەم کـوێسـتـووانە، بەو ئاوایە بوون. ئەمـانـە برازای ئەوان بـوون. نیـر و ئامـووری جـووتکردنێـیـان لـە باپیـریانەوە، لە بـاپیـری باپیریانەوە بۆ مـابووەوە، هێشـتـا هەروەکو خـۆی مابـوو. نیر و ئامووری یەکی دیکە، لە سێ ساڵ پتر نامێنێتەوە، کەون و شەقوشڕ دەبێ.

کوێستو ئۆغڵوو هـێند لە سـەرەخۆ، هێند سـەرگران دەڕوا، پێی لە بەردێ، لە کۆتەدارێکی هـەڵناکەوێ، پێ لە مێرووییێ، لە گەزندەیێ، لە گەڵایێ چییە، نانێ.

ئەو زلحیزەیش بەو جۆرەیە.

پێش ئاسـۆ ڕوونبـوونەوە دەردەچێ، لـەگـەڵ بانگی نیـوەڕۆیێدا دەگـاتە سـەر زەویوزار، جووت دادەبەستێ. دوو بانە دەکێڵـێ دەبێ بەئێوارە.

زلحیزیش هـەر ئەوهـایە.

باو و باپیـری کـوێسـتو ئـۆغڵـوو زلحـیزیش هـەر وا بوون. کـوڕەکانـیشـیـان لە خۆیان خراتر دەبن. گوندی سـەرلەبەر لەو بڕوایەدان.

کـە سـبـەینان لێک دادەبڕێن، بۆ نیـوەڕوانێ ئەوجـا دەگـەنە مـاڵی کـوێخـا. خـەڵکی دیکە، هـەر کـەسـە بیست کیلۆ لۆکە دەچنن، کـەچـی ئەمـان تەنیـا یەک کیلۆیان پێ دەچندرێ.

ورغون لەوێڕا چوو بۆ لای سمەبۆر. وەک کەرتـە بەستەڵەکێکی وەژوورکەوت. خەڵکی ماڵێی لێ تۆقین. ڕدێنە مس ڕەنگەکەی بەستبووی. سـەروقژی، برۆی، یەک پارچە، بووبوون بەشەختە.

ورغون زانی ترساون:

«مەترسن، مەترسن،» گوتی. «من پیاوخۆر نیم». بەبن بەفر کەوتن، دڵدارەکان مردن. تۆ لە جیاتی ئەوەی بترسی، بڕوانە کیژەکەت کابرا. تەماشای شاخی کەن چۆن گەورە بووە، کوێخا خەریکی کەین و بەینێکە لەگەڵ کیژەکەتدا، نابێ ئاگات لێ نەبێ؟ بەتەمایە بەسەر هەردوو ژنەکەی کیژەکەت بێنێ، دەیەوێ بیکا بە سێ. تۆیش زۆرت کەیف بەوە دێ، کیژەت ببێ بەکوێخاژن. ئێوە پیاوی خراپن. تۆ لە جیاتی ئەوەی بە کوێخای بدەی، بۆچی نایدەنە کوڕی وەلییە کەچەڵ، هەژارە بۆ خۆی بحەسێتەوە. دەبا سمت و کەفەڵێکی خرتوخڕ لە باوەشێ کا، چ دەقەومێ. کوڕە ئەم گوندە لە تاو دەرد و ئاهۆ، لە تاو گەڕوگولی، لە تاو لافاو وا ئاسەواری بڕایەوە. بەبن بەفر کەوتن دڵدارەکان مردن!»

نە سمەبۆر، نە ژنەکەی، ئەوانی دیکە کەسیان دەنگیان نەکرد. ورغون هەر بەو تاوشت و گوڕەوە دەرپەڕییە دەرێ و لە چاوترووکانێکدا لە چاو ون بوو. تێکەڵ بە با و بۆرانەکە بوو.

ماڵی مستەفا ڤیجی ڤیجی لەوسەری لای ڕاستەوە بوو، دەرکەی ماڵێ بەتاک بوو. ورغون وەژوور کەوت.

«دڵدارەکان مردن. بەبن بەفرەوەبوون! لە عادیل زەندەق چووان، لە مێروو ڕاچەنیوان... تۆیش لەبەر ئاگردان جوان و زەریف لێی دانیشتووی، ئاسوودە و ڕەحەت. گونت گەرم دەکەیەوە. بووگیت وە ئاڵقە لە گوێی کوێخا. ئافەرم، قوڵینگت لە چاویڕا ئەنگاوتووە، کەروێشکت لە لاقی پاشەوەیڕا پێکاوە. تۆیش وەک ئەم گوندییانە بووگی وە گوندییەکی خراو. لە پیاوەتی داڕنیاوی. بەبن بەفرەوە بوون. ئاشقەکان ڕەق هەڵاتن!»

دەیزانی ڤیجی ڤیجی کابرایەکی تووڕە و تڕۆیە، هەر هێندەی وەگیر کەوتبا ئاوی دەردێنا. هەر ئەو قسانەی کرد و نەکرد، لەپڕ بۆی دەرچوو. نرکاندی، گوتی: «هۆهۆو.» دەیزانی چیی بەسەردێ، وا هەڵدەهات، هەر مەپرسە! وێڕای ئەوەش ڤیجیی ڤیجیی گەیشتێ، شەقازیللەیەکی تێ سرەواند تخێڵی عاردێی

کرد. لەو بەر بەفر و بۆرانەی بەجێ هێشت، گەڕایەوە بۆ ماڵێ.

ورغون ئەحمەد پاش قەدەرێ بەخۆ هاتەوە، یەکڕاست خۆی بەیەکەم ماڵدا کرد.

«بەبن بەفرەوە بوون. دڵدارەکان ڕەق بوونەوە! بەلای خوام لە ڤیجی ڤیجی دا. خانوو و داڵدەی، ماڵ و منداڵی بەژێر بەفرەوە بوون. ئەم گوندە بەر برووسکە کەوێ. لە جیاتی بەفر ماری حەوت سەری لێ وارێ.»

لە پاش ئەمە، بەڕیز پێ داهات، بۆ ماڵی کوڕی بێکەس، بۆ ماڵی تەبدیلهەوا، حەسەنە گواوی، ئوزون عەلی، مراد بێ کاڵە، هەرچی لە گوند هەبوون، یەکە یەکە چوو بۆ ماڵیان. کە بەرەو ماڵی کوێخا بووەوە دنیا تاریک داهاتبوو. کوێخا بەرانبەر خۆی داینا، دوو سەعاتی ڕێکی لەگەڵ گوت. لە باویەوە دەستی پێ کرد تا... ورغون چڵ ساڵ بوو، هەرچی لە دێ ڕووی دابوو، هەرچی لە بیر نەچووبوو. هەموو ڕووداوێکی بەورد و درشتیەوە دەگێڕایەوە. ئەم تاشباشە تۆ هەر دەکوژێ، ساڵ بە سی چووبێ هەر دەتکوژێ،» قیڕاندی. «لەبن بەفردا دەمێنییەوە. بەدەستی تاشباش دەچی،» گوتی، لە ماڵ دەرپەڕی.

لە ئاوایی ماڵ نەما سەری لێ نەدا. ماڵی کوێخا سێ ئەندامی دەستەی دەمڕاستی ئاواییشی لێ بوون. دوو میوانیشی لێ بوون، خەڵکی گوندەکەی ئەولایانەوە بوون.

جا هەنووکە دەچوو بۆ لای تاشباش. ڕۆیشتنێکی لە سەرەخۆ و پڕ ڕێزانەی هەبوو. کە گەیشتە ماڵێ، وچانێ، بەڕێزەوە لەبەر دەرکەی وەستا، لە پاشان بەکاوەخۆ، سێ جاری دەرکە ماچ کرد، دەرگاکە، کوڕەکەی تاشباش کردیەوە. ورغون وەژوورکەوت. کۆڵەکەکەی ماڵێیشی سێ جاران ماچ کرد. سەروقژی، ڕدێنی، هێشتا هەر بە بەفرەوە بوون، سپی دەچوونەوە. ڕدێنی، قژەکەی سمێڵی چلوورەیان کردبوو. ورغون بەجارێ لە بەفر نیشتبوو. هەر دەتگوت زەلامێکە لە بەفر، وەژوورکەوت.

لە ژوورەوە مرێمۆکی بەدیار ژنە بریندارەکەوە هەڵکورماو، بەچاوی زەق زەقەوە دەیڕوانییە ورغون. لەوەتەی بۆ ئاوایی گەڕابووەوە هێشتا نەیدیتبوو.

لەوبەری ئاگردانەکەوە، ئوزون عەلی، زەڵەجەپیر، ئوێککەشی گورگی چیا. مەحمووده گەڕ، دوردومان، هەروەها ئاشقە کەچەڵیش، لێی دانیشتبوون قسەیان دەکرد.

تاشباش لە گۆشەیەکەوە پشتی بەدیوارەوە دابوو، ئاوا ڕاوەستابوو.

کە چاویان بە ورغون کەوت هێند خۆشحاڵ بوون. داخوا ورغون چیی بە تاشباش دەگوت؟ هەموو دەیانزانی چ بە کوێخا دەکا چ بەوانی دیکە دەکا، چۆن یەکە بەیەکەیان دەشواتەوە.

ورغون لە سەرەخۆ، چاوی داخستبوو، هات، قەدەرێ بەرانبەر تاشباش ڕاوەستا.

سەری هەروا بەو چەشنە داخستبوو:

«لەبن بنەوەدا مانەوە، دڵدارەکان ڕەق هەڵاتن!» گوتی. دەنگی وەک کرووزانەوەیەک، وەک لاواندنەوەیەک بەئازارەوە دەردەهات. تاشباش بەم دەنگە هەردوو چاوی پڕبوون لە فرمێسک.

ورغون سەری هەڵبڕی، چاوی بڕییە دورچاوی تاشباش:

«ئەم گوندە بەهاری نایەتێ، دەغڵودان شین نابن. ژنان بەقسری دەمێننەوە. ئەم گوندە لافاو و بوومەلەرزە ڕای دەماڵن. لەحنەت و ماری لێ دەبارێ. ئەگەر ئەم گوندە تا ئەورۆکانەش نەمردوون، ون نەبوون، ئەی تاشباش ئۆغڵو، ئەوە لە ناوچاوانی تۆوەیە، لە حورمەتی ئاووڕووی تۆوەیە!»

لە پڕێکدا دانەوییەوە، سێ جارانی زەوی ماچ کرد. لە ناکاو ڕاپەڕی. هەر هێندەی چاوتررووکانێ لە دەرکە وەدەرکەوت. دەرکەی پێوەنەدا، بەفر و باو بۆران ورووژمیان بۆ ژوورەوە هێنا، تا ئاگردانەکە هاتن. کولووە بەفری بەنێو ئاگردان کەوتوو چزەی کرد.

تاشباش ئۆغڵو، لە پاش قەدەرێ خەیاڵ بردنەوە، بەخۆ هاتەوە، بەچاوی فرمێسکاوییەوە، بەمرەمرێکەوە، گوتی:

«ئەحەکەم، ڕۆڵەکەم، شێتۆکەکەم، وەلییەکەم.»

خەبەری ماڵ بەماڵ گەڕان و جنێودانی ورغون، هاتنە ماڵی تاشباش و سێ جاری لە حوزووردا زەوی ماچ کردن و چیی گوتبوو چیی نەگوتبوو، یەکسەر. پاش نەختێ، بەسەرانسەری گونددا بڵاوبووەوە؟

ئەوشەوە، ئاوایی نەخەوت، تا بەیانی خەڵکەکە باسی تاشباش ئۆغڵو و ورغونیان کرد.

٢٣

قەت نەبووە و نەکراوە، ئەم تاشباش ئۆغڵووە کارێکی دەبن سەردایە. هەردوو دەستم بەئاگردا دەکەم، ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نییە، ئەم پیاوە شتێکی لە ژێر سەردایە. ورغونە، دەنا ئەم دێوانەی خوایە، کە سەرلەبەری گوندی بەجنێو دابێژت، ورغونی زاوای پاتشای پەرییان قەت دەهات، لە حوزووریدا زەویی ماچ دەکرد؟ هەروەها قەت ئەو قسانەی دەکرد؟ ئەو قسانەی تاشباش پیاو شێت دەکەن، لە زاری کێ دەردێن؟ لەوەتی دنیا دنیایە قسەی وا بەئاو و تاو، تەنیا هەر پیاو چاک و وەلی کردوویانە.

دوو سێ ڕۆژ بوو کەس سەری لە تاشباش نەدەدا. ئەو بۆ خۆیشی، وەدەرنەدەکەوت، خەریکی برینی ژنەکەی بوو. مەجلەمەکەی مرێمۆکی پێ کەوتبوو، ژنە برینەکانی ڕووی لە ساڕێژبوونەوە بوون.

گوندی سێ ڕۆژ بوو لە تاشباش نزیک نەدەکەوتنەوە، بەڵام هەروا دووراودوورێ چاوێرییان دەکرد و بەدووی هەموو کردەوە و ڕەفتارێکییەوە بوون. لە ماڵێ چیی گوت؟ بە ژنەکەی، بەمنداڵەکانی چیی گوت، چۆن دانیشت، چۆن ڕابوو، چیی خوارد، چیی خواردەوە، هەموویان ورد و درشت دەزانی.

دە بەرانبەر تاشباشیش تا دەهات ترسیان زێتر ڕێ دەنیشت. تا دەهاتیش لەوی بەولاوە قسەیان لەچیی دی نەدەکرد. منداڵ پشوویان لەخۆ دەبڕی، بەسەر نووکی پێیانەوە لە ماڵەکەی نزیک دەکەوتنەوە. دەست و قاچیان لە ترسان لەرزەلەرز دەلەرزین، لە ماڵەکەی دوور هەڵدەهاتن.

تاشباش ئۆغلّو شتهایەکی سۆسە کردبوو، هەرگیز وەدەرنەدەکەوت. ئەویش لەبن باری ترسی فەلاکەتێکدا بوو کە بەڕێوە بوو، دەهات. بەڵێ جموجووڵێ کە پێوەندیی بەوەوە هەبوو، لە نێو گوندییاندا هاتبووە گۆڕێ، بەڵام چی بوو؟ هەمیشە لە ژێر چاوەچاو و تەماشاکردنی بەگومان و ترسناکدا بوو. ئەو چاوەچاو و تەماشاکردنانەی وەک کێرد تا مشتووانی دە پشت ڕاچووبوو.

وا ڕووی دا ڕۆژێکیان لە ماڵێ وەدەرکەوت، بۆ لای ئوزون عەلی چوو، بەڵام ناچار لە نیوەی ڕێیێ گەڕایەوە دە بن چاوەچاو و تەماشاکردنێکی هێند سەیر کەوت، لە تاریف نایە. گەورە بەهەر ڕەنگ، خۆ ڕادەگرن، هەرچۆنێ بێ هەوڵ دەدەن ڕێشمەی هەستیان توندکەنەوە و ئاشکرای نەکەن، بەڵام منداڵ، ئەم بەڵای خوایانە، هەر کە دەیاندیت و نەیاندەدیت وەهای لێ دەترسان، هێندەی لێ دەتۆقین، وای لەبەر هەڵدەهاتن، کونیان وەگیر نەدەکەوت خۆی تێ وەشێرن.

تاشباش ئۆغلّوویش هەروا بیر دەکاتەوە. بێ سوڕ نییە، گوندی کارێکیان لەبن سەرییە. سۆسەی شتێکیان کردووە. هەردوو دەستم لە ئاگری ڕا دەکەم، گوندی ئەم حاڵەی، ئەم باروهەڵوێستەی خواسایی نییە. منداڵ نەینکی سڕوتڕی گەورەن. داخوا لە بەرچی وا بەترسەوە تەماشا دەکەن و پاشان وەک بێچووە پۆڕ پەرت و بڵاو دەبنەوە، هەڵدێن؟ هێشتا لە کوێیەتی، دەبێ چاوەنۆڕ بین، داخوا دواییەکەی بە چ دەگا؟

«ئەم گوندە بەردی لێ دەبارێ، بەرد،» گوتی.

«لە کوێوەی دەزانێ؟»

«گوتی ئەم شێست گوندی وڵاتی تۆرۆسە، ژنانیان سەرلەبەر، بەقسری دەمێننەوە.. مەڕ، چێڵ، ماین شتاقیان نازێن. هیچ شتێ لەسەر زەوی ناڕوێ، گەشە ناکا، هەرچی شینایی ئەم چیا و کۆسارانە هەن دەفڕن و دەڕۆن، لە بەرد و تاوێری ڕەش ڕەشی وەک جێ سووتمان بەولاوە چیی دیکەی لە شوێن بەجێ نامێنێ. بەرد و تاوێر وەک ئاردی هووردی لێ دێ، کەژ و کێو لەبەر تەمومژێکی ژەهراوی هیچ بەدیار ناکەوێ.»

کاتێکی خدرلیاس دێ، کاتێکی بەفراو بەجۆگەلە بەفراواندا ڕێ ناکا و لەبەری نارِوا، کاتێکی با هەڵناکا، کاتێکی دنکە تۆوی بن خاک لە تەقینێ دەوەستێ و هەر چەکەرەشی کرد، هیشک دەبێ، کاتێکی دنیا وەردەسووڕێتەوە، ڕۆژی خدرلیاسێ، دنیایەکی نرتونۆی دانەمەزرێتەوە، دنیایەکی تەڕ و تازەی دیکە سەرلەنوێ دانامەزرێتەوە، ئەم دنیایە وێران دەبێ، گوتی.»

«لە کوێی زانی؟»

ئەم تاشباش ئۆغڵووە زۆری کار لەبن سەردایە. چقورئۆوایی واز لە لۆکەچاندن دێنن، وازیشی لێ نەهێنن بڕکە لۆکە لە مەکینە دەدەن و لە خڕ کردنەوەشیدا، بەمەکینەی خڕ دەکەنەوە. ئەمە ئەوڕۆکەش نەبێ، سبەی ئەوها دەبێ. ئیدی چقورئۆوا نییە. دەبێ دەست لە چقورئۆوا بشۆردرێ، بشۆردرێ، دەبێ لەم کەژ و کێوانە مشووری چارەسەر بخۆین، بیر لە ڕێگەی بژیو و گوزەران بکەنەوە، گوتی.»

«لە کوێڕای زانی؟»

«مرۆ عەوداڵ و هەڵوەدای ڕووناکییە، بۆ تیرێژە ڕووناکییەک هەر ئەوەیە گیانی دەرناچێ، خۆی بۆ بەخت دەکا. وا بڕوا ئەم تاریکاییەی بەخۆماندا داوە و وەک هەور سەرتاپای داگرتووین لە بڕانەوە نایە. ئێمە تا دەمرین هەر لە تاریکیدا دەمێنینەوە، گوتی.»

«لە کێندەرێی زانی؟»

«ئەم زەویوزارە بۆزە بێ دەرامەتە، ئەم خاکە وشکێنە بوورەیە، ئەم جێ سووتمانە، قرچ قرچ دەقەڵشێ. هەر ڕاست لە ناوندرا. لافاوی گڕ و بڵێسە هەڵدەستێ، ئەو زوورگ و هەڵەتە وەک گۆلاو پڕ و سەرڕێژ دەکا. جا هەنگین لە تاو سووتمانی ئەم گۆلە کەس لەسەر ترۆپکی تۆرۆسێیش، ناسرەوێ، گوتی.»

«لە کوێوەی زانی؟»

«ئەم تاشباش ئۆغڵووە شتێکی لەبن سەردایە، لەبن سەریدایە، بەڵام چییە؟ نە تەیروتوو، نە مێشەنگ، نە فڕۆکە، چتاقیان بەسەر ئەم گوندەدا تێ ناپەڕێن،

وە تێش ناپەڕن، گوتی.»

«چۆنی زانی؟»

«هەر کەسە ماڵی خۆی شاردەوە، هەر ئەو نەیشاردەوە. عادیل نایە، گوتی.»

«لە کوێی زانی؟»

«ورغون ئەحمەد جنێوی بە یەکە بە یەکەی، ماڵ بەماڵی سەرانسەری گوند دا، کەچی لە پاشان هات، لە ماڵی تاشباش سێ جارانی زەوی ماچ کرد. لە حوزووری تاشباش خۆیدا. باسی هەڵاتنی دڵدارەکانی کرد، باسی دەبن بەفر کەوتنێی کردن، باسی ئەوەی کرد چۆن لە پاشان ڕەق بوونەوە.»

«لە کوێی زانی؟»

ئیدی کە بەرەبەرە ڕۆژگار بەسەر دەچوو، تاشباش لە دڵ و مێشکی گوندییاندا بوو بەپرسیار. پرسیار تا دەهات زێتر دەبوون، ڕەنگە ئەمە و ڕەنگە ئەوە، کێ دەڵێ وایە و کێ دەڵێ وانییە، بەئەندازەیەک گەیشت هەر وەدەستت گرتبان. خۆ جاریێ لە ماڵ وەدەرنەکەوتنی تاشباش، ئەوە هەر بۆ خۆی بوو بەخویێ و بیبەری کارەکە.

جا ئێستا لەو دەمەدا تاشباش لە کوێیە. لە ماڵێ نییە. تاشباش ئیدی لە پیاوچاکێکی هەزار ساڵ بەولاترەوەی ئەم گوند، ئەم کەژ و کێوانە بوو. ئەم مەسەلەی تاشباشە، بڕەکیان شاقەل بۆ لێ هەڵکردبا، هەنگاوێکی دیکەشیان بۆ لێ هەڵێنابا، بەئەنجامێ، بەئەنجامێکی بۆ خۆیان گیانیان بۆ دەدا، دەگەیاند، بەڵام کەس زاتی ئەو هەنگاو هەڵێنانەی لە خۆدا شک نەدەبرد.

زەڵەجە هەموو شەوێکی، بەلانی کەمەوە، دوو جارانی خەون بە تاشباشەوە دەدیت. ئەو خەونانەی بە تاشباشەوەی دیتبوون، خۆی خڕ هەڵدەدا، یەک دوو جارێکی بۆ کوێخا بگێڕایەتەوە، بەباری خێریدای بۆ لێک بداتەوە. کوێخا لە تاریف بەدەر، لێی دەهری دەبێ، دەری دەکا:

«جارێکی دی خەون بە تاشباشەوە ببینی بۆ ماڵی من نەیەی. خەون بەپیاوەوە دیتن نائۆغری بەسەر گوندەکەم دێنێ.»

ئەویش خـۆی پێ ناگێـڕێ، خـەونەکـانی، بۆ کـەسـێکی تووشی دێ، ورد و باریک دەگێـڕێتـەوە. گـوندیش بـەگـوێی دڵ، گـوێیـان لە هـەر خــەونێکی بە تاشـبـاشـەوەی دیتـبـوو، جـوان جـوان دەگـرت. زەڵەجـە، بەمـە هەسـتی بەشانازییەک دەکرد. بەڵام کەسیش خەونەکانی وەک کوێخا سەفەر بۆ لێک نەدەدایەوە. جا چ بوو. ئەو تەنیا هەر گوێگرتنەکان، ئێکجار وا بەدڵ و داوەوە بۆ خۆی شتێکی زۆر خۆش بوو.

«خوا بەخـێری بگێـڕێ، تەماشـا دەکەم عەبایەکم بەسەرەوەیە. عەبایەکی ڕەش و ڕەنگ تاڵ، تاریک، تاریکییەک، وەک ئاو لە هەمووڵاوە ئابڵووقەی داوم. تاریکی چواردەوری گـرتووم. تاریکی لە ئاسـمـانەوە دێتە خـوار، دەچێـتە نێو سەرمەوە. منیش تا پێم دەکرێ، گرمۆڵە دەبم، خۆم خپ دەکەم، لەوسەر زەوییە درێژاودرێژ ڕادەکشێم. تاریکی هەروا دێتە خوار، ها وا ئێستا، هەر ئێستا لەگـەڵ زەویدا بـوو بەیەک. تاریکـی چ تاریکی، ئەوەنـدی خـەیاڵ کـەی قـورس و گران، لە تاوان پشـوو مانام پێ نادرێ. ها ئێستا دەتاسێم، ها نەختێکی دی. دەست و پێم دەبڕدرێتەوە، لە پڕێکا تاریکیی تاین لە ناوەندڕا وەک شیر، قوت بوو بە دوو کەرتەوە.. ئەمنیش لەو نێوبڕییەدا پشووێکم دا، کاتێکی وەسەرەخۆ هاتمەوە، چ ببینم؟

ئەوە دەسـتێکە، لـەو جـێی تاریکییـەکەی لێ بووە بەدوو لەتەوە. دەسـتێکی جوانکیلانە. ئەو ڕووناکییەی تاریکییەکەی دووکەرت کردبوو، لەوێڕا دەچۆڕا و دەهات. ئامان سەد دەخیل، ئەم دەستە دەستی کێیە، ئەو دەموچاوەی لە پشت ئەم دەسـتـەوەیە، دەمـوچاوی کـێـیـە؟ تا دێ نزیک دەبمەوە، بەڵام ناڕوانمە دەمـوچاوەکە، چاوم هەڵنایە. دەمـوچاوێکی سـەرتاپا ڕووناکـییـەکی کـەسک. بەقژی دەیناسمەوە. ئەم دەموچاوە دەموچاوی کێیە؟ هی تاشباش ئۆغڵووە! بەسـەر پێیدا دەکەوم. تاریکی وەک لاسامە بەسـەرمـدا دەکشێ و دەڕوا و لا دەچێ، پاشـانەکەیش بەخـەبەر دێم، وەدەردەکەوم، دێم بۆ ماڵی تاشـباش، چ ببینم...»

«چت دیت؟»

«ئیدی زەڵەجە ئێروکانەی بەکەس نەدەگوت، وەک ڕازێکی شرایەی گەورە لە دڵیدا دەیشاردەوە. گوندیش دەیانزانی لێرەدا کارێ قەوماوە. تا دەهات زێتر لە کارەکە بەگومان دەکەوتن و گومانیان گەورەتر دەبوو.

شەوانە چی لە ماڵی تاشباش دەبیندرێ؟ زەڵەجە وەگیر دێنن، بەڵام تاکە قسەیەکیان لە زاری وەچەنگ ناکەوێ.

زەڵەجە دەیگوت:

«وس بن، وس بن بەقوربانتان بم. بەمنی مەگێڕنەوە، دەنا زارم خوار دەبێ، دەست و باسکم، لاقم وەک دار، هیشک هیشک دەبن و تەڕاییان لێ دەبڕێ، ئامان سەت ئامان، هیزە ئەمەم پێ مەکەن، ئەوێکانەیم پێ مەگێڕنەوە.»

جا زەڵەجە هەر چەندی لە بارەی ئێروکانە خۆ لاڵ دەکرد و چی نەدەگوت، کێهە گوندی دەڵێی خەونێ دنیایەکی نیوەڕاستەقانی و نیوە خەیاڵاویی لە مێشکدا دەبوو بەچیرۆکەکەی نێو مێشکی خۆی بۆ کەسێکی دی نەدەگێڕایەوە. ڕۆژ بەڕۆژ تاشباش ساختر دەبووەوە، دوور دەکەوتەوە، گەورە دەبوو، خەوناویتر دەبوو.

«چی گوت؟ تاشباش چی گوت؟ هەر هێندەی زانی شەوێ، تاریکی بەسەرمانەوە نەما، ئەستێرە، مانگ هیچی نییە. لەسەر سەرمانەوە هەڵیان کێشان، بردنیان. تاشباش چی گوت؟ سبەینێیەکی هەڵدەستین، دەڕوانین، ئاسمانە شینەکەی سەر سەریشمان نییە، ئەویشیان هەڵکێشاوە، بردوویانە. کە هاتە سەر عادیل، گوتی، یا دێ نایە.»

«لە کوێی زانی؟»

٢٤

کوێخا سەفەر هەزار و یەک کەڵکەڵەی لە مێشکدا بوو. خۆ جارێ کیژەکەی سمەبۆری هەرگیز لە مێشک دەرنەدەچوو. ئیدی بڕیاری ئەوەی دابوو کە بیهێنێ و بیکا بە ژنی سێیەمی. ئەم ڕۆژە پڕ خەم و پەژارەیە، ئەم کیژە نەبوایە حاڵی زۆر شلۆق بوو. کچەی بۆ بووبوو بەترووسکەی ڕووناکی لەم

ڕۆژە ڕەش و تاریکەدا. هەر لەگەڵ سەری دنیای لێ وێک دەهاتەوە، یا لە دووی کچەی دەنارد، یا بۆ خۆی دەچووە لای.

عـادیل نەدەهـات، وە نەشــدەهات، لەبەر هـەندێکە کـار لە گـوند، تـا دەهات ڕووی لـە خـــــراپـی بـوو. گـــــونـدی هـەنگـاو بـەهـەنگاو، ورده ورده لـێـی دووردەکـەوتنەوە. ئـەمــەی بەچاوی خــۆی دەدیت و بـەگـوێـی خــۆی دەبیـست. ئەمەیش هەموو لە نالەباریی عادیلەوە.

ئێستـاش سـەری بە بەزمـی تـاشـبـاش ئۆغڵووەوە گێژ بووە. گوندی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، هێـواش هێـواش بـەرەو وەلیــیــایەتیــیــان پاڵ پێــوە دەنا. تەنیــا ســەبەبکاری ئەمــەیش عـادیل بوو. گـوندی لە مـۆلەقـەی وادا لە چڵێ دەگـەڕێ پێوەی بگیرسێتـەوە. خۆی بەچڵـی جۆراوجۆردا هەڵداواسێ و وازی لێ دێنێ. لە پاشــان خـۆی بەوەوەی پێی وایە لە هەمـووان سـاغـڵـەمـتـرە هـەڵداواسێ، هێندەی دیکەی پێوە هەڵداواسێ، هەرچییەکی هەیە و نییە دەیئێخێتە بەر گوڕ و توانی چڵەکە، پەنا وەبەر چڵەکە دەبا. کە چڵێکیشی دەست نەکەوێ، خۆی چڵ بۆ خـۆی دەگووڕێنێ، ئـەوجا لە پاشـان خۆی پێـوە هـەڵدەواسێ. گوندی بێ چڵ هەڵناکا، دەرنابا.

دەرووی هیچ ئومێدێکی نەدیتەوە. کـە نەیدیتـەوە، تاشبـاش ئۆغڵو فێڵبـازە، پیاوێکی بەئاوەزە. هەر یـەکسـەر لـە حاڵی ئەم گوندییانە گەیشت. وەک جنێو بەکـتـێـبی پیـرۆز بدا، دەسـتـی بەجنێـودان و لەحنەت بـووی گـوندییـان کـرد. گـوندییش لێـی پرینگانەوە. ورغـون ئەحـمـەدی دێوانەیشـی فـێـرکـرد، ئەوها و ئەوها بکە و لە پاشان، وەرە، لە حوزوورمدا زەوی مـاچ کـە. ئیـدی هـەر لەپاش ئەوە، گوندی بەجـارێ ئاگریان گرت. هـەبێ و نـەبێ تاشبـاش ئۆغڵووە. کـار وا بڕوا، لەوەیش دەچێ، وا بڕوا، تاشـبـاش ئـۆغڵـووی دژمنی هەر گەورەی، جـاڕی وەلیــیـایەتیی خــۆی دەدا و دەبێ بەپاتشــای بێ تانجی ئەم کـەژ و کـێـوانەی تۆرۆس. بەخەڵکەکە بڵێ، بمرن دەمرن و بڵێ بمێنن دەمێنن.

ڕۆژێ دەبیـنی، کــار وا بڕوا، تاشــبــاش ئۆغـڵــو بەگـوندیی گـوتووە، چیی گوتووە؟ گوتوویە، دەبێ ئەم کوێخایە لەم گوندە، لەم وڵاتی تۆرۆسـە دەربەدەر

کەن. کار وا بڕوا، گوندی هەرگیز لە قسەی بستێ دەرناچن. عادیل نەیە بۆ گوند، دوو قسەی تێدا نەکا، کار بەرەو شلۆقی دەڕوا. زۆر شلۆقیش. بەرۆکت لە دەست تاشباش ڕزگار ناکەی. تاشباشیش بەرۆکی لە دەست گوندییان ڕزگار ناکا.

ئەندامانی دەستەی دەمڕاستی گوند، یەکەم ئەندامیان فایقە گورگ، دووەم ئەندام موسڵووە سەیر، سێیەم ئەندام قادر زنجیر دۆغدوو، چوارەم خەلیل کوێلەسز ئۆغلو، ئینجا کوێخا سەفەر، هەموو دانیشتبوون، سەریان بەیەکەوە نابوو، تەماشای شەپەی تاشباش ئۆغلوویان دەکرد، کە تا دەهات گەورە دەبوو، بۆ چارەسەرێ دەگەڕان.

موسڵووە سەیر گوتی:

«هیچ بەڵگەیەکی قانوونیمان بۆ تاقیباتکردنی بەدەستەوە نییە. تاشباش ئۆغلو لە ماڵی خۆی سەر دەرناهێنێ لە مرێمۆک بەولاوە چاوی بەکەسی دیکە ناکەوێ لە ماڵەوە.»

سەفەر:

«پیاوێکی بەحیساب و کیتابە، زەلامێکی کەڵەکباز و بە دەکودەهۆیە. کاری خۆی دەزانێ، بەڵام من ئاکامی ئەمیش وەک ئاکامی مورتەزا لێ دەکەم. وە دەشینێرم ئاوی دەریاییم لە ئەستەمبۆڵ ڕا بۆ وەگوێزێ. با تاشباش زادەم ئەمە زۆر چاک بزانێ. من ناوکە چوالەی تاڵم، هەروا بیبەری تیژیشم.»

موسڵوو:

«هیچ بەڵگە و دەستاوێژێکی قانوونی نییە، کە بەڵگە و دەستاوێژیش نەبوو، بەم دەمودەستە چمان پێ ناکرێ. پاشانەکێ، ئەم وەک مورتەزا نییە. مورتەزا هەژارێکی بەستەزمانە، زمانی لە دەمدا نییە. ئەم لە کوێ و تاشباش ئۆغلو لە کوێ؟ نیوەی گوندێکی زل و زەلام خزم و کەسی ئەون، نیوەکەی دیکەش هاکا سەرلەبەر بەپەرستن پەرستیان. ئەمەیە دوو بەختی و جێی مەترسی. لەم گوندە هەمووەمان چەواشە و شپرێو دەکا. ئێکجار لە وەختێکی وایشدا. گوندی کە لە هەموو شتێ بەلەسە بوو، لە دنیا ناهومێد بوو، پیاو لەوە دەترسێ.»

کوێخا سەفەر هەناسەیەکی هەڵکێشا، بەزیوانە:

«لەوە دەترسێ،» گوتی. «ئەم کارە بەرەو خراپی دەڕوا. گوندی هەر ڕۆژە تاشباش بڕەکی دیکە بەرەو پلەی وەلییایەتی هەورازتر دەبەن. ئەمە وا ناڕوا. هەر بینا سبەینانێکی چاوت دەکەیەوە، دەڕوانی تاشباش بووە بە وەلی و هەر بابایە و خاکی بەر پێی ماچ دەکا. جا ئەگەر ئازای هەنگین بەردی لە برنجێ هەڵاوێرە. عادیل، بڵێ و نەڵێی، هەر دێ، مومکین نییە. دەبێ خۆ بەگوندی نیشان دا. دەبێ بێ، هەر هیچ نەبێ، دەبێ بەگوندی بڵێ، باوە من هەقی ئەم ساڵەکەم ناوێ. ئەگەر من بیڵێم بڕوا ناکەن. تاشباشیش بیڵێ، گوندی دیسانەکە هەر بڕوا بە نەهاتنی عادیل ناکەن. بڕوا بەوە ناکەن، لە هەق لێ وەرگرتنی ئەم ساڵیان خۆش دەبێ. هەر چاوەڕوانی دەکا. لەم مەسەلەیەدا، لە پێچێکدا گیرم خواردووە، هەر چەند دەکەم دەرناچێ، پێچە نەک گاڵتە. ناکرێ، عادیل ئەفەندی دەبێ هەر بێ. ئەمنوو لەگەڵ نایەم بۆ لای عادیل ئەفەندی. ناگونجێ. ئێوە بۆ خۆتان جوان و زەریف دەچن، دەڵێن حاڵە لەمە، حیکایەت لەوە، نابێ. دژمنی هەرە گەورەمان ئەوا خەریکە بەرەو پلەوپایەی وەلییایەتی هەڵدەکشێ. تاشباش ئۆغڵو، ئەم تاشباش ئۆغڵووە، یەکەم پڕیشکە لەم گوندە دەکەوێتەوە. پاشانەکێ هەر هێندەت زانی بوو بەئاور و سەرلەبەری وڵاتی تۆرۆسی گرتەوە. هیزە، تا تاشباشمان لێ نەبووە بە وەلی فریاکەون. سێ ڕۆژانیشی بەسەردا ڕابرێ و جاڕی وەلییایەتیی تاشباشیش بدرێ، ئەو دەمیش بێ، هەر چاکە، نەشێ... ئەوسا نەشهات، با نەیێ. یا ئەگەر هات، گوندی، لە داوە دەزوویەکەوە تا دەرزییەکیشی تاڵان کرد، چ فەرقی نییە، دە فەرموون ئۆغرتان خێر بێ، بەسەلامەتی بگەڕێنەوە، ڕووداوەکانی گوند، پەرێشانیی حاڵ و گوزەرانمانی، یەکە یەکە، عەرزکەن. بڵێن، دەڵێ، دەستە ممبارەکەکانی ماچ دەکەم. ئەنگۆش هەر دەگەنێ و ناگەنێ. دەست ماچکردنی لە بیر نەکەن. ها! خۆشیی لێ دێ، بەخۆشی، ئۆغروو خێر بێ. سبەینێ، هەر زوو...»

ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. لە یەکبینە چاوی دەترووکاند. وەک لە جێیەک، لە

پەنایەک بگەڕێ، خۆی تێ وەشێرێ، وابوو. ئەوەندەی قسە کردبوو، بەجارێ شـەکـەت بووبوو. ئەم بەزمـەی تاشـبـاش ئۆغـڵـو هێندەی هەراسـان کـردبوو، حەوتوویێک، شەو و ڕۆژێکی لەمەڕ ڕسـتبا وەڕەز نەدەبوو. لێشاوی قسە لە دڵیدا هەڵدەچوو و دەهات.

لە گـوندی دەهـری دەبوو. ئەوەنـدە سـاڵە ببـە بـە بەندەیان، بەدەم هەمـوو کارێکیانەوە، وەک سەگ هەڕاکە، دەستی خۆتیان بۆ لە دوڕ هەموو ئاگرێکی ڕاکە، لە نێوچاوانی وانەوە کـاری وات بەسـەر بێ، نەکـرابێ و نەبیسـترابێ، پاشانەکێش بێن، دژمنی هەرە گەورەی گیانت لێ بکەن بە وەلی!

«بنۆڕن برادەرینـە،» دەیگوت عـادیلەفـەندی. «با پێـو بڵـێم، من لەم ڕۆژانەدا، بەهیچ جۆرێ بۆ گوند نایەم. چ دەبێ با ببێ، یاڵڵای دەکرد قیامەت هەڵدەستا، نایەم. نایـەم مـاڵ و مـوڵکی گـوندی حـیجـز ناکـەم. ناشـیـەم، بڵـێم هـەقی ئەم ساڵتـان لێ خۆش بووم. نەء، ئەمـەم بەکار نایە. چونکە بەگەورەی خۆم بڵێم... ئەی ئێـوە نەتانزانی؟ لـە کـوێ بزانن. قـەت دەزانـن هـەر نەزانـی چاترە. بڵێ بۆچییش بۆ گوند نایەم؟ ئەوەیان قەت بەکەس ناڵێم. سڵاو لە سەفەری هاوڕێم دەکەم. پێی بڵێن، عادیل یێژێ، دنیاکە، باری زۆر تێکەولێکە بووە. وە زۆریش ئاڵۆز و خراپە. ئەو بۆ خۆی لە قسەکانم دەگا، نەکا خۆ لە قەرەی گوندییان بدا. با بـەدەردی خـۆیەوە دانیـشێ. هـیـزە نەکـا بیـانورووکـێنـێ. پێی بڵـێن، عـادیلەفـەندی دەڵێ، پێ لە کلکی مـاری نووسـتوو نەنـێ. حـاڵـمـان زۆر شـڕە. ئەوەشی ڕاگەیێننێ، بڵێن، کێشەی گوندی یالاخمان بۆ نەنێتەوە. خۆی چۆنی بەچاک دەزانێ، بـڵا کاری ئەم گـوندی یالاخـە بەو ڕەنگە بەڕێوەببا. ئەم سـاڵ ئەوەی گوندی کردوویە، هەرگیز نەکراوە و نەبیستـراوە. هـەرچی داوودەستوور هـەیە، شـیـرازەی تێک چووە و گـوندی داری بەسـەر پـەردوویەوە نەهێشـتووە، بوون بەنموونەیەکی خراپ بۆ شێست گوند. خۆ تا ئێستا، بە سـەفەریشـەوە، کەسێکی ئەو گوندە، سەرێکی نەدام. پاشانەکێش گوتوویە، دێم. ترساوە، ماڵ و ملکی لەبن عارد، لەو ناو قایەجاڕانە، لە ناو بیران شاردووەتەوە. ولسات و لاورانیـشی لە ئەشکەوتی پەرییـان وەشـێـردووە. ئەوجـا بەگـەورەی خـۆ بڵـێم،

سـەرلەنوێ دەری هـێناون. دیتـراوە، دەری هـێناوە، هیـچـی دەرنەهێنـاوە. من پەنجا جـەندرمـەیشـم لەدوو بن ناچمـە ئـەم گوندە. لە ترسـانیش نییـە، من بۆ تەنیا گیانێ منەتی کـەس هەڵناگرم. هەرگیـز پێ ناهاومـە ئەو گوندە. من دڵم لەو گـوندە ڕەنجـیـوە، من منداڵی گـوندی یـالآخم وەک منداڵی خـۆم خـۆش دەویستن، بـەڵام ئێسـتـاکـە هیچ خـۆشم ناوێن. قـەت قـەتم خـۆش نـاوێن. هـەر سـەیری چارەشـیـان ناکـەم. هەرچی لەو گـوندە دەکـرێ و ڕووو دەدا من ڕۆژ بەڕۆژی دەبیـەمـەوە. من لە هـەلـێ دەگـەڕێم. لەوەتەی من عـادیلم، کـەس مـاڵی نەخواردووم. ئاواییی یالآخیش بۆ ساڵێکیش بێ، ناتوانن بیخۆن. مـاڵی عادیل کەس نایخـوا، بیشـیـخـوا، وەک هێسک لە گەرووی دەگیـرێ. بەسـەفـەر بلـێن، سەری خۆی بەمەوە ئەوەندە گێژ نەکا. وە پێشـی ناوێ هـەر کاوناکاوێ خەبەرم بۆ بنـێرێ. لـەو ڕۆژانەدا ئەمن بۆ ئەو گـوندە نـایەم. لەبەر چیش نـایەم، ئەوەش بەکـەس ناڵێم. لەوانەیـە پاش مـانگێ، دوو مـانگی دیکە، ئـەگـەر ئـاو و هـەوام بەلەش سـووک و لەبار بوو، بێم سـەرێکی گـوند بدەم. بلـێ، چۆن چۆنیش دێم، هـەروەک واشـــە، هـەڵۆ، بەســـەر ئەو گـــوندییـــە نانکوێرانـەوە دەنیـــشـــمـــەوە. بەسەفەری هـاوڕێی گیانی بەگیانیشم بلێن، بۆ ویش یەک دوو قسـان، یەک دوو گلی و گـازنم هـەن. پێی بلـێن، جارێکی دی دەتوانێ سـەیری نێـوچاوانم کـا؟ ئەمن بـۆ خـۆم دەزانم کـەنگێ دێم. هـێندەم خـەبـەر لەدوو خـەبـەر بۆ مـەنێـرە. نایەم. بۆچیش نایەم؟ ئەوە سەوەوەکەی وەکەس نایەژم. بەڵام سەفەر خۆی زۆر باش دەزانێ من تۆڵەی خـۆم لە زگی کەسدا نەهێشـتـووەتەوە، ساندوومەوە. لە ئاواییی، لە خەڵکی ئاوایی یالآخیشی دەسـتێنمەوە. هـەر دەرفـەتێکی لەبارم بۆ هەڵکەوت و نەکەوت لە لووتی ئەو گوندییە بێ ئاکارانەی فتیل فتیل، فتیلیش فتـیل، دەردێنمـەوە. ئەم نـانکوێری و نمەک بەحـەرامـییـەی، ئەوان کـردوویانە، عـادیل دەزانێ تۆڵـە لێ دەکاتەوە و هـەمـیـشـەیش هـەر زانیـویە. بەڵام بەسـەفـەر بلـێن، ئەم ڕۆژانـە، چ ناکـەم، هـەر ئەنگوسـتـی ئاسـایی نابزوێنم. لـەبەرچیـــیش؟ لەســـەرم بدەن، بـەکـــەس نـاڵێم. بەڵام خـــۆ هـەر هـەلێکم بـۆ هەڵدەکـەوێ، تۆ بلـێی لێم هـەڵ نـەکـەوێ، وەی بـاوە وەی. جـا وەرە بـزانـە، چی

بەسەر گوندی دێنم. بەسەفەر بڵێن، هەرتک چاوە ڕەشەکانی ماچ دەکەم. ئەمن ئەو ڕۆژانە سەر لە دەرکەی خۆ دەرناهێنم. ئەگەر لە سۆنگە و سەوەویش دەپرسێ، ئەوەیان بەکەس ناڵێم. من لە ئێوە، لە سەفەر دەپرسم، پێم ناڵێن خەڵکی گوندی یالاخ لە بەرچی، وەک ڕۆژی جێژن، وەک ڕۆژی خدرلیاس، سەرتاپا خۆیان ڕازاندەوە و ڕژانە سەر ڕێگەی من؟ ئینسان، ئینسانێ، ئینسان بێ، خاوەن هەقی خۆی بەم جۆرە پێشواز لێ دەکا، ئینسانێ ئینسان بێ وەی تەرحە وەپیر بۆ ماڵ حیجزکردن هاتووی خۆیەوە تێ؟ وەسەفەر بێژن، من ئەوەندە نەفام و بێ هۆش نیم. من بەدۆستم دەزانی، هەردوو چاوەکانی ماچ دەکەم. با گوندی دامرکێنێتەوە، با پێشیان لێ بگرێ. هەموو شتێکم لە هەموو کەسێ چاوەنۆڕ دەکرد، ئەما گوندیی دێی یالاخ قەرز نەدەنەوە و بەم حاڵە بگەن؟ ئەمەم هەرگیز چاوەنۆڕ نەدەکرد. بەڵام ئەمن بۆ خۆم دەزانم، چی بەو گوندە دەکەم. خۆم دەزانم چیی بەسەردێنم! ئەو گوندە ڕۆژێ دێ بەچاوی خۆی ببینێ. ڕۆژێ دێ، بۆ خۆیشی نەزانێ تووشی چی هاتووە.

«وا ئێستا پێتان دەڵێم، سەلام لە سەفەر دەکەم، هەر دوو چاوە ڕەشە ممبارەکەکانی ماچ دەکەم. با گوندیم لێ خاوکاتەوە. گوایە گوندی، هەر گوندییەک گالۆکێکی ئەستووری داربەڕووی بەدەستەوە بووە، گوایە هەر ماڵەیش دەوانچەیەکیشی تێدایە. هەر شەوە، سی چل پیاو... سەفەر گوندی پێ بەڕێوە ناچێ. هەموو ڕۆژێ خەوەری ناخۆشم لە یالاخەوە بۆ دێ. من ناترسم، قەت ناترسم، یاڵلای دەکرد. هەر ماڵە مەترەلۆزێ، تۆپێکی هاوەنی لەبەر دەرکە دادەبەسترا، ناترسم. ئەمن لە چاکە بەولاوەم چی لە هەق گوندی کردووە، وا خۆیان بەو چەشنە لە بەرکردووە و ڕازاندووەتەوە، چاوەڕوانم دەکەن؟ دەیانەوێ بێم گوندەکەیان... کە بۆ گوند نایەم هەر بەجارێ شێت و هار دەبن. ئەمن دەزانم چییان بەدەستەوەیە و چی دەکەن، هەست دەکەم. بەڵام چاوەڕێی وەخت و سەعاتم، چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم، شتێکی وەک فەلاکەتی ڕەشیان بەسەر بێ، ماڵ و حاڵ و لانە و پەنا و پەسێویان تەفروتوونا کا.

«سەلام لە سەفەر دەکەم، هەردوو چاوە ڕەشە جوانە ممبارەکەکانی

ڕادەمووسم. دەسەڵات و سەڵاحییەتی ئەم ساڵمی سەرلەبەر، لە قەبەڵ دەکەم. خەڵکی دێی یالاخ ئەو ساڵەکە لە شەرمەساری، لە تاو قەرزبۆنەدرانەوە ئالۆویریان بۆ نەکرا. دەتوانن بێن، ئالۆویری خۆیان بکەن. بۆ لۆکەی داهاتوو، دەتوانن هەرچی قەرزوقۆڵەشیان هەیە، پڕی کەنەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە، بەسەفەریش بڵێن، گوندی دوو دوو، سێ سێ بۆ دووکان نەنێرێ. با یەکە یەکە بێن، چییان گەرەکە دەیاندەمێ. دووان دووان و سییان سییان بێن، بەقەرەباڵغی بێن... هیزە هەرچۆنێ دێن، با بێن، با بێشن و ئەم زمستانە بەڕووتوقووتی نەمێننەوە. گوندیی خۆمن، قابیلە غەریب بن، برای خۆمن. من بۆ ئەوان ڕەنج دەدەم. با ئەمە ڕاست و پاک بزانن.

«شوکرانەبژێر بن، دوعای خێر بکەن، دەنا سەد دانە چەکدارم وەدوو خۆ دەدا، هەمووشیان ئەشقیا، دەهاتم بۆ گوند. بەڵام بیرم لێ کردەوە. بیرم کردەوە، گوتم، ئەمانە گوندیی خۆمن، نەختۆکەک نانکوێرن، بەڵانەکێ ئەمە چڵ ساڵی خشتە ئێمە ئالۆویر لەگەڵ یەکدا دەکەین. قاوەی چڵ ساڵ نازی دەکێشرێ، خاتری دەگیرێ. دەهاتم بۆ گوند. خۆشیان و ژنیشیان و کیژیشیانم وەک تازە لەدایک بوو، ڕووتوقووت دەکردنەوە، ڕووتم دەکردنەوە و لە ناوەندی گوندیشم بەجێ دەهێشتن. پاروویێ نان، قومێ ئاوم بۆ بەجێ نەدەهێشتن. لێفە شڕ و بەڕە شڕەکانیشم دەبردن. هەر کەسێکیشم لە ڕوو هەڵگەڕابایەوە، بەو سەد ئەشقیا چەکدارانەی لەدوو دەبوون، سلم سارد دەکردنەوە. با دڵم سەغڵەت نەکەن. سبەینێکە سەد ئەشقیای چەکدار و تەیار وەدوو خۆ دەدەم، دێم قەیدی ناکا، نینۆک لەسەر گۆشتی هەڵناستێ، ئەم گوندییانە گوندیی خۆمن.

«سەلام لە سەفەر بکەن. سەڵاحییەتی دەدەمێ. هەرتاک چاوە ممبارەکەکانی ڕادەمووسم. گوندی بەبۆنەی چییەوە وا خۆیان پۆشتە و پەرداخ کردبوو وەک جێژن بکەن، ڕازابوونەوە و چاوەڕوانیان دەکردم؟ سڵاو لە سەفەر بکەن، ئەو گوندە بەردی لە زێڕی ڕووت بێ، خاکی لە گەوهەر بێ، بڵێن، عادیل وەرە، نایەم. بۆ چیش نایەم، سەوەو و سۆنگەی وەکەس نایەژم.

«بەڵێ، وا دێمە سەر دوا قسەم، ئەمەیش ورد و باریک، لە گوندی یالاخ ڕاگەیێنن. ئەمن دەزانم، ئەو ساڵەکە لۆکەیان خڕ نەکردەوە، لەبەروەی قەرزیان پێ نەدرایەوە. ئەمە کوێی، پیاو تووڕە دەکا؟ بابێن، دووکانەکەم بۆ خستوونە سەر گازی پشت. هێندەیان کەیف لێیە شمەک ببەن، ئەو لۆکەی، دادێ، هەرتکان بەسەر یەکەوە دەدەنەوە. ئەمن هەویام بەخەڵکی گوندی یالاخێ زۆر قایمە و گەردی لێ نانیشێ، دە ئێوەیش، وێستاکە، یەکڕاست بچن بۆ دووکان. چتان خوایشتە هەڵگرن، بێ چەندوچوون، چتان حەز لێیە ببەن. وەباڵم لە ستۆتان، درێخی لەخۆ مەکەن. وا ناکەن، جارێکی دی، ببڕای ببڕای چاوم بەچاوتان ناکەوێتەوە. یەکڕاست بۆ دووکان. باشە؟

«سەلام لە سەفەر بکەن، هۆردوو چاوەکانی ماچ دەکەم. ئەمن لە کەس ناترسێم. بلا ئەمە، هەموو خەڵکی گوندی یالاخێ، سەرتۆپی شار بیزانن. ناترسێم، ناترسێم، ناترسێم!»

خانووبەرەی عادیل، خانووبەرەیەکی دوونهۆمی، بۆیاخ کراوی، هۆڵ گەورە و گرانی، هەشت چاوە خانی گەورە بوو. بن خانووەکە پشتیر و تەویلە بوو، بۆن گەوڕێکی هێجگار تیژی لێ دەهات.

عادیل پشتی بەدیوارێوە دابوو، مەستی لە پێدا، پانتۆڵێکی لازوەردی لە پێدا، سەعاتێکی زریزە زێڕی لە گیرفانی یەلەگێدا.

عادیل ددانەکانی زێڕن. ورگی زلە، ملی چرچ و لۆچاویی ڕەگ ڕەگ. چاوی چکۆلەیەکی کونەسووژنی، بەنێودا ڕۆچووی ئامال سەوزە. قامکی دەستی کورت و خرپن. ڕدێنی هێند لووسوپووس تیف تیفە داوە مەگەزی لێ هەڵدەخلیسکێ.

لە هەموو هەڵسوکەوت و بزاوتێکیدا هێند شپرزە و هەراسان دیارە، وەک لە شتێکی، لە نەدیتە، لە شتێکی بترسێ، وایە. ئەم پیاوە دەست و داوێنی لە دنیا کێشاوەتەوە. بەتەنگ ماڵ و موڵک و دارایی دنیایەوە نەماوە و لە قەپێلکی ترس و سامدا هیشک هەلاتووە و دەخولێتەوە. لە ترسان گرمۆڵە بووە، بووە بەگوڵۆڵە. هەرچی لەو ڕۆژانەدای دیتبا، سەت سوێند و قورئانی

دەخـوارد، عـادیلەفـەنـدی بەو دەردەی بردووە. لە حـاڵێکدا بوو، وەک بڵـێ، هـەر ئەوەندە، دەسـتم لەو کـارە بەربـێ و بە سـەر سـەلامـەتی دەرچم... وەک بڵێ جـا هەنگێ لەم دنیایەم دەگەیاند.

تەمـاشـای چاوە هەڵمـسـاوە، شین و مۆر هەڵگەڕاوەکانیت کـردبا، دەتگوت عـادیل چەندین ڕۆژە خـەو لە چاوی نـەچووە. تووڕەییـیـەکی بە سـام و ترسـێکی لە توان  و وزە بـەدەری لەسـەر ڕەنگ و ڕوو پەپکە خـواردبوو و لە وراکـە ڕەق ڕاوەستابوو.

«خـواتان لەگـەڵ، خـواتـان لەگـەڵ، براکـانم من لە کـەس ناترسـێم، لە خـوا بەولاوە. بریـنی گـوندی مـەکـولێننەوە. ئـازاریان مـەدەن. گـوندی هـەر خـۆی لە خۆیدا، هۆشی بەخۆ نەماوە، دەنا هـەرای گـەورەمـان لێ بەخـەبەر دێنن، بەڵای گەورەمـان بەسـەر دێنن. هیزە وریابن. نەکەن گوندی بئاڵۆزێنن. با بێن، چییان دەوێ لە دووکانەکەمی هەڵگرن، بیبەن. سەلام لە خەلیلە پیر ئاغای برادەریشم بکەن. ئەو چاکە گـەورەیەیم، تا بمێنم، لە بیر نەکـردووە و نایکەم. چاوەکـانی ئەویش ماچ دەکەم، لە قەرزەکانی خۆیشی و کوڕەکەیشی خۆش بووم. هیزە لە بیرتان نەچێ، بەگوندی بڵـێن، با بێن، چییان حەز لێیە، بەخـواستی خۆیان، لە دووکـانەکـەمی هـەڵگرن، بیـبـەن، هـەرچۆنـێکی بێ، ئەو سـاڵی دادێ، هـەر دەیدەنەوە. خۆ هەمـوو ساڵێ هـەر وا نەهـات نابێ... بڵـێن ئامانەتییـان لێ فەرز بێ، لە لایەن منەوە، هیچ خـەمـیـان نەبێ. خـەڵکی گونـدی یالاخ هەمـوو برای من، خـواحافیـز، بەخێرهـاتن، بەسـەرچاوان. هـەر یەکـڕاست بۆ دووکـان بچن. بەدووکـان بڵـێن قـازانجـتـان لێ نەسـتـێنن. هـەر بە سـەرمـایەی خـۆی لە دەفـتـەرێتـان بـۆ یاداشت کـەن. ئـەو سـاڵەکـە گـوندی یـالاخ قـازانجـیـان لێ وەرناگرم. هـەموو، بێ قـازانج شمـەکیـان دەدەمێ. ئەوەندە کۆمەگ و یارییـە بۆ ئەو برایانەمـان، فـەلاکـەتێکی وایان بەسـەرهـاتووە، زۆر نییـە. بەسـەفـەر بڵـێن، هـەرتک چاوە ڕەشـەکانی مـاچ دەکـەم، ئەوەندەم نەکاتـە سـەر، من بۆ ئەو گـوندە نایەم. ئەگەر لە سۆنگە و سەوەویشی دەپرسێ بەکەس کەسی ناڵێم.»

٢٥

مراد بێ کاڵە گوتی و ئاشقە کەچەڵ ئەشەتووی بۆ کێشا .

مراد بێ کاڵە چیی دەگوت؟

«ئەم تیرەی تاشباشە، هەروا گاڵتە نییە. ئەم گوندە زۆر نانکوێرە. نرخ و بەهای تیرەی تاشباش نازانێ. ئەگینا هەیە خۆ لە شانی تیرەی تاشباش بدا؟ بێ لەوەش، ئەم تیرەی تاشباشە خووێکیان هەیە. ئەمە هەموو کەسێ نایزانێ. هەر من دەیزانم. ئەم تاشباشانە هەرچی نێرینەیان هەن مەمەدیان نێو دەنێن. جا گوێدێرن، بۆو ژمێرم. ئەم تاشباشە نێوی مەمەدە. سێ کوڕی هەن، هەرسێکیان نێویان مەمەدە. نێوی باوی ئەم، مەمەد تاشباشە، نێوی باوی ئەویش هەر مەمەدە. بنەماڵەی تاشباش لەوەتی هاتووەتە خوارێ بۆ سەر زەوی هەر مەمەدە و مەمەد. ئەمە هەروا بێ سڕ نییە. بەزمانە شیرینەکەی کوێخا: وە ئەمەیش سڕ و حیکمەتێکی تێدایە. ئەم گوندە ئاوەز و هۆشی لەسەر با، بەرۆکی ئەم تیرەی تاشباشەی هەرگیز بەرنەدەدا. هەر قەت قەتی بەرنەدەدا . من هەموو شتێ دەزانم بەڵانەکە، کێ لەم گوندە گوێ بەقسەی من دەدا. با بڕۆن گوێم نەدەنێ. جا من چی باکمە؟ دەیگوت ئەم تاشباشێتییە لە کوێوە پەڕیوەتە ناو ئەم تیرەیە؟ ئا ئەم شوێنەی لە هەمووان بەبایەخترە. ئەمە دەبێ زۆری سەرنج بدرێتێ، بەتەواوەتی تێی بگەی. وای تێ بگەی وەک ئاوی فێنکت بەسەر و دڵدا بکەن وابێ. جا وا بۆتانی دەگێڕمەوە، لە بەرچی بەم تیرەیەیان گوتووە تیرەی تاشباش. ئێوە هەروا گوێم بۆ هەڵخەن و ببیەن. بۆ چی ناپرسن و لێی ناکۆڵنەوە، هەی میللەتی گەمژە و بوودەڵە؟ بۆچی ناپرسن و لێی ناکۆڵنەوە و لە گوێرەی ئەوە هەنگاو هەڵناهێنن. بەباری ئەودا لاقتان هاوسەنگ کەن، هەی گەلۆری ئەحمەقینە؟ تاشباشێتی لە کوێوە بۆ ئەمان هاتووە؟»

«لە کوێوە دێ، لە کوێ دێ؟ ئەم تاشباشانە سەرلەبەر بەو کەژ و کێوانەوەن. ئەمانە پیری ئەو چیایانەن، ئەولیای ئەو ماه و زەردانەن. شاخ و هەردەی ئەم

ناوە هەموو قەڵەمڕەوی ئەوانن، فەرمانیان بەسەر هەمووواندا دەڕوا. لە گورگ، لە ڕێوی، لە چەقەڵ، لە تەیروتوو، لە ورچ، لە پڵینگ، لەمانە دەپرسی، ئەمانە سەرلەبەر پیریان تیرەی تاشباشە. ئێوە نازانن، من دەزانم. هەر خۆم دەیزانم، ئەو سڕی خواییە بەکەس ناڵێم. ئێستایش قافی خۆی هات بۆیە زارم کردەوە ناوی پیرۆزم هێنان، تیرەی تاشباش.

«ڕۆژێ، تاشباشی گەورە، پیری کەژ و کێوان، باپیرە گەورەی باپیرە گەورەی ئەم، یەکێ لە مەمەدەکانیان بەرەو سەرووی ئەو کەژە هەڵدەکشێ. بەڵام چ ببینێ، پیاوێ دەبینێ، تا ناقرەی بووە بە بەرد. لە ناقرەی بەرەخوار: یەک پارچە، بەردە. لە ناقرەی بەرەژوور سەرێکە قسە دەکا، دەگریێ، پێ دەکەنێ، چاوی، چەندی حەزکەی، ڕەش و جوانە. کاکۆڵی بەسەر هەنیەیدا کەوتووەتە خوار، نەخشی توێڵی نەختێ ئارەقاوییە. لەو دەمەشدا چۆن بەهارێ، لەو کەژە تەقیوەتەوە، بەهار نە گاڵتە. کۆ و کۆسار گوڵ و گوڵزار، دار و دەوەن سەرلەبەر، لە بالۆرە و زەمزەمە گوتندان.

«تاشباشی مەزن، لە بەربینگ بەرەخوار، دەست و لاق و ورگ بوو بەیەک پارچە بەردی ڕەق لەلاوە نزیک دەکەوێتەوە، لەلاوە دەپرسێ: «ئەوە چت لێ قەوماوە؟» ئەویش وەسەرهاتەکەی ورد و باریک بۆ دەگێڕێتەوە، دەڵێ، جادووگەرێ حەزی لە دڵدارەکەم کرد. ئەو، بەو دەردەی بردم، دڵدارەکەی لە دەست ساندم. تۆیەکی پیرمەمەدی وەلیی ئەو چیا و کەژەی ئێمەی، دە دەرمانی دەردەکەم ببینەوە، هیزە چارێ، عیلاجێ. پیرمەمەدیش دەڵێ، دەیبینمەوە. هەروا دەکا، دەستێ بۆ نەدیتان درێژ دەکا، شووڵە هەنارێ لە باخچەی بەهەشتێ دەبڕێ، خۆ بەعاردیدا دەدا، تا ئێوارێ دووعایان دەکا.

پاش ئەوەی لە دووعاکردن دەبێتەوە، سێ جاران شوورە هەنار لە لەش بە بەردبووەکە دەدا. لەپڕ لەشی تاین وەک مێو و ڕۆن خاو دەبێتەوە، سەرلەنوێ وەکو بنیادەمەکەی گۆرینی لێ دێتەوە، دەبێتەوە بەگۆشت. پیرمەمەدی مەزنمان لە کەیفان شێت و شبر دەبێ. دیسانەکە سەرنج دەدا، دەبینێ، سەری کابرا بووە بە بەرد. سەرێکی بەرد بەلەشێکی خڵتانی خوێنەوە. کوڕە

چمـان کرد، دەڵێ مـاڵ خـراپ، خۆ خـراترمـان کرد،» پیـرمـەمـەدی مـەزنمان، دەمـەونـخـوون خـۆ بەعـاردیدا دەدا، تا سـبـیـانـێ دووعا دەکـا. لەگـەڵ شنەبای سـپـێـدەدا، جـارێکی دیکە دەڕوانێ، تـەمـاشـا دەکـا هـەروەک خـۆیـەتی. سـەربەردەکـەی پێش دەمی هـەر وەکـەخـۆ، چۆن لـە گـۆڕێ کـەوتـووە، هـەروا کەوتـووە. پیرمـەمـەدی مـەزن تووڕە دەبێ، دەڵێ، سەری ئەم کابرایە لە بوون بە بەرد قوتار بێ، لەگەڵ دڵدارەکەیدا شاد و شوکور بێتەوە، با سـەری من ببێ بە بەرد. لەپڕ سەری دەبێ بە بەرد. لاوە ئاشقـەکە لە بوون بە بەرد ڕزگاری دەبێ، دەچێتـەوە لای یاری خۆی، دەگـەڵـی شادوشـوکور دەبێتـەوە. جا ئێستا لەوانەیە بپرسن، باشـە پیرمەمەدی مەزنمان، باپیرە گەورەی باپیرە گەورەی تـاشباشی ئێستا چیی بەسـەرهات و چیی کرد؟ دەمە، هەڵنایەتەوە دووعای پێ بکا، چاوە نـیـیـەتی پێی ببـینـێ. لەو سـەرچـیـایە، بەو سـەرە بەردەیەوە بـۆ خـۆی دامـاو و دەسـتـەوسـان دەمـێنێـتـەوە. بەرەکـەت دا، لەشـی پـیـرۆز دەبێ. جـڕوجـانـەوەر و دڕندە و گەزندەی ئەو کەژ و کێوە، لە گورگ و چەقـەڵ، لـە تەیروتوو، لە مـار و مێروو، لە دووپشک، لە پڵـینگ، لە ورچ توخنی لەشـی ناکـەون. تەماشـا دەکەن، دوو گـوڵە قـەتمەری جـوان لـە ناوەندی هـەردوو لـەپی پیـرمـەمـەدی مـەزنمان دەپشکوێ. پەڕەکـانـی زەلام زەلام، وەک لە سـەرەخـۆ، لە تاریکی دەرێن، ڕوون دەبنەوە و دەپـژێن، تمەز ئـەمـە ئەفـسـوونـی گـوڵ و گـوڵووکـانە. پیـرمـەمـەدی مـەزنمان ئەقڵێکی بەخـەرج دابا، نێولـەپە گوڵدارەکانی بەسـەریدا هێنابا، هـەر یەکسـەر، سـەری لە بەردایەتی قـوتار دەبوو. ئەو ئەقڵ و ئاوەزەی نییـە بیری پێ بکاتەوە، بڵێ داخـوا، ئـەم گـوڵانە لە پـای چی لە نـاولەپی من ڕواون. هـەر ئەو دەمی واشەیێ دێ، لەسـەر سەری، لەسـەر ئەو بەردە دەنیشـێتەوە. چاوی وەبەر دەندووکـان دەدا، هـەر چـەندی بـەر دەندووکـان دەدا، سـەرەکـەیشی لەگـەڵ دەبزوێنێ. لە پرێکدا، دەستی ڕاستی بۆ سەری دەبا، دەستی بەر نووکی پەڕێ لە پـەڕەکـان دەکـەوێ، دەسـبـەجێ لە بەردایـەتی قـوتار دەبێ. پیـرمـەمـەدی مەزنیشمان هـەر لەو دەمی خـەوی پێدا دەکەوێ، سێ ڕۆژان بۆ خۆی لەوێ لێی دەڕازێ، وێجا دەگـەڕێتـەوە بۆ گـوند بەسـەرهـاتەکـەی، بەتان و پۆوە، بـۆ گـوند

دەگێڕێتەوە، کەس بڕوای پێ ناکا.»

پیرەمێردێکی خەڵکی گوند ناوی تۆزۆی ڕەشەبا بوو، هەڵی دایێ:

«بنۆڕە،» گوتی. «مراد بێ کاڵە، بەڵای خوا، ئەمە بەسەرهاتی ئەو نییە، ئەمە لە تاشباش ڕووی نەداوە. ئەمە حیکایەتی مەلا ئەحمەدە، مەلا ئەحمەد لەسەر چیای قەت نایەتە خوار بۆ نزمان. ڕۆژێ بەسەر چیا دەکەوێ، لەوێ دەبێ بەپیری گورگ و چەقەڵ و تەیروتوو و هەرچی جرِوجانەوەری ئەو چیایە هەیە. ئیدی جارێکی دیکە نایەتە خوار، هەر لەو سەر کەژ و کێوە دەمێنێتەوە. خۆراک و بژیویشی سەرلەبەر، گورگ و دڕندە و تەیروتووی چیا بۆی دابین دەکەن. ئەمە بەسەرهاتی ئەوە. ئەتۆیش، هەی درۆودەلەسە هەڵبەستی کوڕی درۆودەلەسە هەڵبەست، پاشای درۆزنان، تۆ ئەمە هەمووی، بەمل بنەماڵەی تاشباشدا دادەبڕی و لەوانی بار دەکەی!»

مراد بێ کاڵە:

«تۆ نازانی، تۆ ئەقڵت بە شتی وا بڕ ناکا. ئەوەی لەو سەر چیایە دەمێنێتەوە مەلا ئەحمەدە، مەلا ئەحمەد نییە. هەوەڵ کوڕی تاشباشیشە.

تۆزۆی ڕەشەبا:

بەڵای خوایێم لە تۆ دا،» گوتی، «زۆر بێژی دوابڕاو.»

مراد بەڕوویدا هاتەوە:

«درۆزن خۆتی،» گوتی، «بەڵای خوایێم لە بنەماڵەی خۆت دا.» ئەوجا لە گوندییانی پرسی: توخوا ئەمن درۆزنم یا تۆزۆ؟»

گوندی:

تۆ ڕاست دەکەی،» گوتیان. «وەک تیرۆک، وەک دووخ، تۆزۆ بەهەڵەداچووە و ئاویش لێڵ ناکا. یا دەیزانێ، بەئەنقەست درۆیان دەکا. ئای لەوە، بەڕاستی بێ ئەقڵە، لە چەکی هۆش و ئاوەز بێ وەرییە، دە کەواسا، ئەگەر لەو چیایە شتێکی وا نەبووبێ، لە خوتوخۆڕایی بەم بنەماڵەیەیان بۆچی گوتووە تاشباش؟ سەڵا لە ئەقڵت، هەی چەکداری بێ چەکان. دە بێژە، بزانم دەی، مراد.»

«هەروەها باپیرە گەورەی هەقی تاشباشی خۆشمانە.»

«دەوجـا با هـێندێ لـە دنیـا بێ خـەبەر هەر نەچنە ژێری و پێـی لێ نەنێن، بزانم چییان وەگیر دەکەوێ؟»

«ئەرێ وەڵڵا باپیرە گەورەیەکی تا بڵێی زل و زەلام و گەورەیشیەتی.»

«چاکـە، ئەگـەر کـاری ئەم بەبەردبوونە لەو ڕووی نەدابێ، یانی چی بەم بنەماڵەیەیان گوتووە تاشباش؟ هەروا لە بەلاش؟ کوڕە خۆ پیاو ئەقڵی هەیە، مـاڵ خـراپ، هێندێ زەین سـوڕسـوڕ هەن ، بیـرناکـەنەوە، ئەدی بۆچی بەبنەماڵەی مەمانانیان نەگوتووە تاشباش، ها؟ ئەدی توخوا وەنییە؟»

گوتیان:

«ئامـەننا، خـوایە تۆبە، ئێـمـە ئەمـەمـان لە باو و باپیـرانی خـۆمـان ئاوها بیستووە.»

تۆزۆی ڕەشەبا نواڕی خەڵکەکە هەموو لایەنی بێ کاڵەن. چ بکا چ پکەرێنێ، کێشکە بەزار بگرێ، کەس بڕوای پێ ناکا.

حەکایەتی بوون بە بەرد بەتەواوی سەری گرت و چەسپی و بڕایەوە. کەس نەما دوو جار و سێ جاری لەم و لەو نەبیستێتەوە. هەرچیش بیستیەوە دوو جار و سێ جاری بۆ یەکی دی گێڕایەوە.

لەو سـەروبەندەدا، چەند ڕۆژێکیش حـیکایەتەکـەی جـیـهـانی شـارەکـەی ئەرجیش سەرانسەری گوندی گرتەوە، وەسەر زاری هەموو منداڵێ کەوت.

ئەم حەکایەتانە بەرگوێی تاشباش، خۆیشی کەوتنەوە.

تاشباش ئۆغلو:

«جا وەڵڵا وەبیللاهی من بێ و تا ئێستا نەمبیستووە پیاوێکی وا لە تیرەی من هەڵکەوتبێ. بەش بەحـاڵی خـۆم تیـرەی ئێـمـە پیـاوێکی وای تێدا نیـیـە. پیرمـەزنی ئەو چیایە، من بزانم، مەلا ئەحمەدە. ئەوەی وەسەر چیای ئەرجیش کەوت باپیرە گەورەی من نییە، لوقمـانی حـەکیمـە. ئەمـەیش سـەرتۆپی ئالەم دەیزانێ،» گوتی:

گوندییەکانی، ئەو قسانەی تاشباشیان بیست لە پێشان پیس توورە بوون، ئەنجا دەستیان بەجنێودان کرد، گوتیان:

«ئەی سپە باوکە هاربووگە. هەی وەگاوگەردوون تیرە و ڕەگەماکەی وێ، ئەگەرەکە، ئەو پیاگ بووگایە، ئەی ئاواییە، وەی تەورە نەئەڕەسیا،» لە پاشان بیرێکیان کردەوە، نەختێ خاوبوونەوە!» هەژارە چیی پێ دەگوترا؟ خۆ ناڵێ تیرەکەی من برای هەقی ئەوەیە کە ئەرز و ئاسمانی ڕاناوە... ڕۆحمان بەقوربانی بێ، ئێکجار بێ فیز و هەوایە. لە بێ هەواییان ناخۆشی کردووە. لە نەچوونەبن بەولاوە چیی دیکەی لە دەست نایە هەژارە؟»

زۆر لەمێژ، ئێکجار زۆر لەمێژ دەبێ، لوقمان تاشباشێ دەبێ. ئەویش نێوی مەمەد دەبێ، بەڵام هەموو کەسێ، لە سۆنگەی هونەرەکانیەوە لوقمانی پێ دەڵێن. جا لە نێوچاوانی لوقمان تاشباش ئۆغڵووەوە نەخۆشی و دەردەداری مانا لەسەر ڕووی بسات نامێنێ. سەرلەبەری بار دەکا، دەڕوا. ئەو ڕۆژگارە دنیا دەبێ بەدنیایەکی سەر ئاسوودە و بەختەوەر، دەبێ بەدنیای کەسانێکی هەر نێوی نەخۆشیشیان نەبیستبێ، ئەگەر سکاڵاو گازنێکیشی هەبووبێ، لە مردنێی بووە و چیی دی.

بڵێ، لوقمان تاشباش ئەم کارەی چۆن سەروبەر ناوە و داوودەرمان و هەتوانی ئەم هەموو نەخۆشی و دەردانەی چۆن دۆزیوەتەوە؟ ئەمەیش لە حەوت ساڵییەوە تا حەفتا ساڵی، کەس نییە نەیزانێ.

ئەم مەمەد لوقمان تاشباشە گەڕیدەیەکی گەورە دەبێ. لە ڕۆژهەڵاتەوە بگرە، تا ڕۆژاوا، وڵات نامێنێ نەیبینیبێ. شوێنێ شک نابا پاژنەی وێ نەکەوتبێ ڕووی لە هەر جێگایێ کردبێ، گژوگیا، دار و درەخت، گوڵووک و گولیلک، ڕەگ و ڕیشوو، خۆڵ و گڵ، ئاوی ڕەوان، خڕک و کەور، بەرد و کەمەر، قایە و تاوێری، سەرلەبەری لەگەڵ ئاخاوتوون. بەلای هەر گوڵووکێکیدا تێ پەڕیبێ، گوڵووک سەری هەڵبڕیوە، «ئا، نەختۆکەک ڕاوەستێ تاشباش، نەختۆکەک ڕاوەستێ، یەک دوو قسانت بەگوێدا بچرپێنم، ڕاوەستێ. من بۆ چاوێشە، بۆ هەموو نەخۆشییەکی چاو یەکاویەکم، هیزە لە بیرم نەکەی. لە

نێویشم دەپرسی...» خۆی نێوی خۆی پێ گوتووە. چۆنیشی دەکا بەدەرمان و هەتوان تێی دەگەیێنێ. لوقمانیش هەر بەوە ڕادەگا، لە لایەکەوە نێوی گوڵووکان یادداشت و لە لایەکی دیکەوە بیانچنێ، لە خورجێیان پەستێوێ. بەهەر لایەکیدا دەچوو، هەر جێگەیەکی دەبینی لە تەکبینە ئەوە فسک و هۆڕبوو و بەگوێدا چرپاندن بوو. گوڵووکی ئەوسەری دنیا، گیاوگۆڵی ئەو ڕووی بساتە، دار و دەوەنی ئەو کەژ و کێوە، خۆکرد، سەرلەبەر قسەیان لەگەڵ دەکرد، ڕازیان بەگوێدا دەچرپاند. لوقمان تاشباش خەڵکی ئەم گوندە دەبێ، ئاغڵەبە هەر بەو کەژ و کێوی تۆرۆسەوە دەبێ. چونکە گژوگیای هەرچی دەرمانی هەتوانی دەردی سەر دنیا هەن لە تۆرۆس وەچەنگ دەکەون.

تاشباش لوقمان زۆر ماندوو دەبێ، هێند دەخولێتەوە، هێندەی نامێنێ گیانی دەرچێ. لە دەرمانی باداری، دەردەباریکە دەگەڕێ. جا بەهەر کوێدا ڕۆیشتبێ دەشت و دنیا سەرلەبەر هاواریان کردوەتێ، هانایان بردوەتێ، هەرچی دەرد و مەرەدی دنیا هەن هەریەکە سەد دەرمانی هەبووە، بەڵام دەرمانی بادارییی نەحلەتی و دەردەباریکەی وەگیر نەکەوتووە. ئەویش ناکاتە نامەردی، دەیداتە باری سەهەندەیی، لە دووی ئەو کارە نابێتەوە. ئەم چیا دەکا، ئەو کەژ دەکا، چەندان جەنگەڵستان و لێڕ پەی و تەی دەکا، وەسەر ترۆپکی تۆرۆس دەکەوێ. ئەستێرەی درشت و زەلام زەلام، بەسەر لووتکە و دوند و ترۆپکی تۆرۆسەوە نیشتوونەوە، درشت درشت بەو قایە و تاوێرانەوە وەربوون. تاشباش لوقمان کەشەنگ و ماندوو دەبێ، لە شەکەتییان هەر ئەوە نابێ گیانی دەرچێ. ڕادەزێ. لەپڕ پێش وەی بەری ئاسۆ ڕوون بێتەوە، بەدەم گرموهۆڕێکی لە بڕوا بەدەرەوە بەخەبەر دێ. هەر کە چاو هەڵدێنێ، تەماشا دەکا بەری ئاسمان لەبەر باڵی هەڵۆ هێندەی بەری دەستێکی بەدەرەوە نەماوە. بەهەزاران، هەڵۆ، لە سەرڕا خۆ هەڵداوێنە خوار، لەوێندەرێ، لەو نزیکانە، کانییەکی گەورەی ئاو بەکەفوکوڵی لێ دەبێ، ئاو لەم کانییەوە بەخوڕژم و گرموهۆڕ و زەمزەمەوە دەڕوا، نشێو دەبێتەوە، لە نەواڵێکی کووری ئەو قایەجاڕانەدا دەپەنگێتەوە، دەبێ بەگۆل. بەگۆلێکی کەسک کەسک. تاشباش

لوقمان دەڕوانێ، هەروا هەڵۆیە و لە ئاسمانەوە ڕاست بۆ گۆلەکە دێنە خوار... خۆیانی تێ هەڵدەکێشن هەڵدەستێنەوە. سەرگۆلەکە چواردەوری، تاوێر و قایەی چواردەوری، بەری ئاسمان، سەرتۆپ، ڕەش دەچنەوە، لەبەر هەڵۆ نابیندرێن. شەقەی باڵ و فرکوهۆڕ و قاژەوقریوە دنیای لێک ناوە، نەیدەزانی گوێ لە شڵپ و هۆڕ و شەپۆلی نێو گۆلەکە بگرێ، یا لە فرکوهۆڕ و قاژە و قریوە.

تا نیوەڕوانێ ئەمە بەو تەرحە دەڕوا. هەڵۆیش هەر دێن و دێن. هەڵۆ خۆ لە گۆل هەڵدەکێشن، خۆیان دەشۆن، پاشانەکێ بۆی هەڵدەستنەوە، لێ دەدەن، دەڕۆن.

ئەوجا لە ئاسمان، کێهە جێگەی قایەکانی ترۆپکی چیا زۆر تووش و تیژە یاریی هەڵۆ، لەوێ دەست پێ دەکا. هەزار هەڵۆ لە ناکاو گرمۆڵە دەبن، خۆ دەکەن بەتۆپێ، بەهاژەیەکی بەسامەوە لە حەلحەلەی ئاسمانڕا وەک تیسکەی تفەنگ، دێنە خوار. هەر پازدە، بیست مەترێکیان دەمێنێ و نامێنێ بگەنە زەوی، یەکسەر باڵیان دەکەنەوە و هەڵدەستنەوە. هی وایشیان هەیە بەو تاوشت و تیژییەوە باڵی ناکاتەوە، یەکڕاست وەک مێخ لە عاردی دەچەقێ. لاشەی هەڵۆی ئێروکانە ئاغڵەبە لاشەی ئەو هەڵۆیانەن بەو تەرزە دەمرن.

هەر کە دەگاتە دەمەدەمی عەسرێ نە گوێی گۆلەکە نە نێو گۆلەکە، نە قایە و تاوێری دەوروپشتی، نە بەری ئاسمان تاکە هەڵۆیەکیان لێ نامێنێ. سەرلەبەریان دەکشێنەوە هێلوونی خۆیان. کە دەوروبەر چۆل دەبێ تاشباش لوقمان بەکاوەخۆ، دەچێتە گوێی گۆلەکە. گۆل کە تاشباش لوقمان دەبینێ یەکسەر دێتە زمان: «بەندە چاکەکەی خوا، لوقمان، چاکم گوێ دەیێ. هەر گەڕای، گەڕای، ئاخرییەکەی ئەوی لێی دەگەڕای دیتتەوە. ئاوی من بۆ باداری، بۆ دەردەباریکە، یەکاویەکە. ئەوی خۆ لە ئاوی من خا، ئازاری باداری مانا بێ لە لەشیدا نامێنێ. چاکم گوێ بۆ هەڵخە، ئەوانەی خۆ لە ئاوەکەم هەڵدەکێشن، ڕۆنێ لەبن پەڕی هەڵۆی گوێ ئاوەکانم دەردێ و لێرە، لەم کەناراوانەوە بەجێ دەمێنێ خەساری نەکەن. پاش ئەوەی لە ئاوەکەم دەردێن، سەری قامکێ لەو

ڕۆنه بەو شـوێنەدا، دێشـێ، بسـوون و پێی بهـەنوون، یەکـاویەکـە.» تاشـبـاش ئەمـەیش لە دەفتـەرە بۆرەکەیدا یادداشـت دەکا. جا ئەم گەڕاوی هەڵۆیەی نێو قـاتەکـانی ئەمڕۆکـە بۆ باداری و ئێش و ئـازاری لەش دەرمـانە، وەخـتـی خـۆی تاشـبـاش لوقـمـان دۆزیویەتیـەوە. تـاشـبـاش لـوقـمـانێکی چارەی هـەرچی دەردومـەرد هەیە، دیدۆزێتـەوە، سـەرتۆپـی هـەرچی نەسـاغی و نەخـۆشـیی سـەر دنیـا هـەن ڕادەماڵێ و دەسـڕێتـەوە، دەکەوێتـە سـەر کەڵکەڵەی چارەسـەرکـردنی مـەرگیش و دەشیدۆزێتەوە. لە چارەسـەرکردنی هـەژاریش تێ هـەڵچووە ئـەویشـی دۆزیوەتەوە.

سوڵتان تاشباش لوقمان. لە پێشان چووەتە ئەرجیش.

لە ئەرجـیش گـوڵووکێ هـەیـە، بەسـەر ترۆپکی ئـەرجـیشـەوە دەفـڕێ. ئەمـە گـوڵووکـێکـی زل و زەلامـە. ئەم گـوڵووکـە سـەعـات بەسـەعـات، ئان بـەئان، لە ڕۆژەوە بۆ شـەو ڕەنگی دەگۆڕێ. پتر لە ڕەنگی هـەنگوینێکی مـەیلەوسـپـیـواش دەچێ، پشتەوەی خۆی ڕۆشن کردووەتەوە.

هەر ئینسـانـێ، هەر ئەفراندەیەکی خوا لەم گوڵووکە نزیک کەوێتەوە، هەر لە دوورەوە بۆنی دەکـا و هـەرچی نەخـۆشـی و دەردی هـەیە ئیدی ڕووی تێ ناکـا. بشمرێ بەنەخۆشـی نامرێ. کە زۆر پیر و زۆرهـان دەبێ هـەنگێ بەلادا دێ و بۆ خـۆی دەمـرێ. هـەر کـەسـێ لـەم گـوڵووکـە نزیک کـەوێتـەوە بەدرێژاییی تەمـەنی تێکەڵ بەدنیای بەختەوەرییـە گەورەکان دەبێ و لەوێ دەژی. ژینێ دەژیێ دنیای بۆ دەبێ بە بـەهەشــتی ســەر زەوی. نیــیـــە، نەبوونـە ڕووی تێ نـاکـا. هـیچ کەسێکیش خراپەی لە هەق ناکا.

ئەم گـوڵووکـە هـونەرێکی دیکەشی هـەیە. ئەویش ئەوەیە کـە لەم دنیـایەدا چارەسـەرێکە بۆ مـردن، ئەوی ئـەمـەیش دەزانێ و دۆزیویـەتیـەوە تاشـبـاش لوقـمـانە. ئەوی پەڕێ لـە پەڕی ئەم گـوڵووکـەی وێ کـەوێ، یا قـەدەرێ لـەبەر سـێبـەرەکەی بوەسـتێ، مـردن بەخـۆیەوە نابینـێ، بە نەمـری خـەنی و شـاد و شـوکـور دەبێ. دەیجـا کـەوایا، لە بـەرچی تیـرەی ئینسـان، سـەرلەبـەر ناچن، توخنی پەڕەکانی ناکەون، پشـووێک لە سـای سێوەرەکەیدا ڕاناوەستێن؟ ئەم

گوڵووکە، ئەم گوڵووکەی، هەر پەرێکی بەبالا و بەژنی چنارێکی بڵیند درێژە حەزیایەک ئێشکی لێ دەگرێ. ئەم حەزیایە هەر چوار نکالی ئەم گوڵووکە، چواردەوری لووتکە و ترۆپکی چیاکەی دەوراندەور تەنیوە. لە بیست و چوار سەعاتەکەی شەو و ڕۆژدا تروکەیێ هەڵداژێ، بەڵام ئەم تروکە هەڵاژانە کەیە، شەوە، ڕۆژە، نازاندرێ. خۆشی لەو کەسەی ئەم تروکە ڕازانە بزانێ و لە گوڵووک بکا... تا ئەمێستاکە، کەس نەگەیشتووەتە ئەم گوڵووکە. حەددی چییە، هیچ ناتوانێ بیکوژێ؟ ئەم حەزیایە هەرگیز و هەرگیز نامرێ، مردنی بۆ نییە. پیاو ڕێگایەکەی دیتبایەوە، لەتوپەتی کردبا، گەڕابایەوە چیای ئەرجیش، کاتێکت دەزانی حەزیا دەوران دەوری ترۆپکی چیای داوەتەوە و هەروا لەجێی خۆیەتی، لەوەتی دنیا دنیایە لەبەر سێبەری ئەو گوڵووکە دەنوێ، قەت دەکوژرێ؟

جا تاشباش لوقمان سالانی ساڵ شەونخوونیی کێشاوە، چاوەڕێی کردووە، دەرفەتی لە وچانی هەڵاژانی ئەم حەزیایە هێناوە، دەستێکی بەرکەوتووە، بەڵام پاش ئەوەی لەوێ هەڵدەبڕێ، بۆ حەزیا نەبینێ. وەخت دەبێ بیکوژێ، بەزەی دێتەوە، دڵی نایە، بەڵام سیحری نەمردنەکەی لێ بەتاڵ دەکاتەوە. بەداخەوە حەزیا نەختۆکەکی دیکە درەنگ چاوی هەڵێنابا تاشباش لوقمان لە مردن قوتاری بووبوو و بڕابووەوە. تا ئێستاش سپوساخ لە نێوماندا دەبوو.

باپیرەی ئەم تاشباشە. ئەم تاشباش لوقمانە کارێکی دیکەیشی هەبووە. سەرانسەری دنیا گەڕاوە لە گەشت و گەڕانیدا هەر گوڵووکێکی تووش هاتبێ خۆی لێ ئاشکرا کردووە. بەڵام ئەو لە گوڵووکێ گەڕاوە خۆ لە کەس ئاشکرا ناکا. سالانی ساڵ گوێی هەڵخستبوو ، هەمیشە گەڕاوە، گەڕاوە... گوڵووکێکی وا نەبوو خۆی لێ ئاشکرا کا. دێتە چقورئۆوا، لەوراکەیش دنیای لە دوو پەی دەکا. پاشانەکێ وەسەر تۆرۆس دەکەوێ. کە لە تۆرۆس وەسەر دەکەوێ، چ ببینێ، بەهەزاران گژوگیای هەمەتەرزە، درەختی سەیر سەیر، گوڵ، گوڵووک، تۆرۆسیش بەرد بە بەرد، گیا بەگیا، درەخت بەدرەخت دەگەڕێ. ڕۆژێکیان دێتە ئێلاخێکی هەرە سەرووی تۆرۆسێ، زۆریش تەڕ دەبێ، ماندوو،

شـەکـەت، بڕسـتی لێ دەبڕێ. دارچنارێ لەوێ دەبێ، ئێکجـار بەرز و بڵـیند، کانیـیـەکی دەبێ، هەڵدەقـوڵێ، تاشـباش لـوقـمـان تێـروپڕ لە ئاوی ئەو کـانیـیـە دەخـواتـەوە، دەست دەبا، تـاشـە بـەردێکی لـەبن سـەری خـۆ دەنێ، لەو ژێر دارچنارە لێی ڕادەزێ.

ها نهۆ ها نەختۆکەکی دی بەری ئاسۆ ڕوون دەبێتەوە. تاشـباش لوقـمـان زوو وەخـەبەردێ. دەوروبەر تاریکسـتـانێکی خـەست و خـۆڵە. لـە نـاکـاو، لەبن چنارەکـەوە چرت، دەنگێ دێ، لەوێرا ڕوونکـاییـەک دەتەقـێتـەوە. قـەدەرێ ئەو دەوروبەرە هـێند ڕووناک دەبێـتـەوە لاقی مـێـرووت بـەچاو دیتـبـا. لەو نێـو ڕوونکاییەڕا دەنگی دێ، دەڵێ: «ئەمن چاری مردنێم.» لوقمـانیش دەڵێ: «زۆر شـوکـور، دەی، چارەسـەری دیتـەوە. یەکـڕاست لە دەفـتـەرێی یادداشـت دەکا. بەهەڕاکردن لە چیای دێتـە خوار، دێ، جاڕدەدا، لە پردی میسـیس لە هـەرچی ئینسـانـی ئەو دەوروبەرە هـەن ڕادەگـەیێنـێ، دەڵێ: «چاری مـردنێم دیتـەوە. خـەڵکی لـێ خـڕ دەبنـەوە، هـەر دێن و لـێی خـڕ دەبنەوە، تـا وای لـێ دێ دنیـا بەئـەرز و ئاسـمـانەوە، یەکی دی ناگـرێ. سـەرلەبەر، سـرتە لەخـۆ دەبڕن، چاوەنۆڕی ئەوە دەبن قسـەیەک لە زاری تاشـبـاش ببـهـێن. لە دەفـتـەرەکـەیدا نووسـیبـووی، دەڵێ، بـا بیـخـوێنمـەوە، لـەپڕ شـاپەڕێکی سـپـی دێ، لێی دەدا دەفتەر، ڕاست دەکەوێتە نێو ڕووباری جەیحانەوە.

جا بەبرای خۆم بڵێم گەورەی ئەم تاشباش ئۆغڵووە ئەم تاشباش لوقمانەیە. گیـان لەسـەر بنجی خۆی دەڕوێ. قـسـەی پێـشـینانە، بەچکە گـورگ دەبێ بە گورگ.

کـوێخـا سـەفـەر ئـیدی دەیزانـی کـار ڕووی لە کـوێیە و بـەرەو چ دەچێ. لێی ڕاوەسـتا. تـازە کار ترازابوو، ئەم حیکایەت و چیرۆکانە هەمـوو بۆ ئەوەبوون تاشـبـاش دروست بکرێ. کـوێخـا سـەفـەر بەئەزمـوون دەیزانی پیـر و ئەولیـا سـەرلەبەر، لە جـەنگەی سـاڵانی قـاتوقـڕ و گـرانی و ڕشـانـەوە و پەتاکـاندا هێندراونە گۆڕێ. دوا نموونەشیان مورتەزا بوو. کەساسە، بەبارەبار، بەڕۆژی نیوەڕۆیێ کردبوویان بەوەلی و ئەو کارەساتەیان بەسەر هێنابوو.

سـەیر ئەوەبوو، هەرچی ئەو چیرۆک و حیکایەتانەش هەبوون، تاشـبـاش بۆ خـۆی دەیێـخـسـتنـە نێـو نێـوانەوە. کـارەکـە زۆر بەدانـسـقــە و وەسـتــایانە دەهۆندرایەوە. جـارێ لە پێشـان یەک یەک لە باپـیرانی دەبوو بە بەرد، ئـەوجا ئەو باپیـرەکەی دیکەی دەبوو بەلوقمـانی حـەکیم. خـەڵکەکـەیش هەر بەدەسـتی ئەنقەست تەیار و ئامادە دەبوون، هەر لە دوێنێرا بڕوا بەم هەموو شتانە بکەن و پشتی ئۆمێدیان پێ ببەستن.

هەروەها بەتـەجرەبە بۆی ڕوون بووبووەوە. ئەم بـەزمـە ئێکجـار لە ڕۆژگاری تووش و سـەغڵـەتی و تەنگانـەدا سـەری هەڵدەدا. سـبـەینانێکی، هەر کـە چاو هەڵدێنێ، دەبینێ، کـار لە کار ترازاوە. دنیا شـڵەقییەوە. ئەم جارە لە باپیرەوە تێ هەڵچوون، پەنجەی تاشـباش لەو کارەدا نەبووایە، هەروا بەدووورودرێژی، بە تانی ڕەگ و ڕەگەمای هەموو شتێکدا نەدەچووە خوارێ.

ئاخ خ، ئەگەر ئەوڕۆکە عـادیل دەهات، دەیگوت، برادەرینە، لێو خـۆش بووم. یا دەیگوت، ڕووتوو دەکەمەوە، وە سەر ساجی عەلیتان دێخم. تاشباش حەبلی دەبڕا و چی بەدەستەوە نەدەما.

خـوا کـردبـای ئەو پیاوانە گەڕابانـەوە. تۆ بڵێی پیـاو، تـا ئەوان دەگـەڕانەوە، شـتێکی پـێ نەکرابا، دایان مـرکێنێـتەوە؟ کـار بەو ئاوایە بڕوا، ئەمڕۆش نەبێ، سبەینێ مەسەلەکە هەر دەتەقێتەوە. هیزە چارەسەرێ...

دەست بەکـار کـرا. حـیکایـەتی وەلیـیـایـەتی وەک جـمکـە و ڕەنی و هەرەس تەنییەوە. ئەم خـەونانەی زەڵەجەیش دوایان بڕێتەوە، خـۆ بەجارێ بوون بەخوێ و بەهـاراتی کارەکە. تۆ بڵێی، ئەگەر خـەونێکی سەر بەبەڵای، بەگێز و گوڵینگ بەزەڵەجە ببیندرێ، یەک دوو ڕۆژێ، گوندیی پێ نەهێورێتەوە؟ یاخۆ...

## ٢٦

لەمـە چاتر خـۆشیی گیـانە، بەڵام دەیپـێکێ؟ خـەڵکەکـە هەر چۆنـێ با بەزمی کیژەکەی سمـەبۆریان دەزانی. خواستـبـای و شاییـەکی کـردبا، تاشبـاشی لە بیر دەبردنـەوە؟ پیاو لە گوندی ناگا. لەوانەبوو لە بیرتان چووبایەوە. جاری وا

هەیە مـوویان بۆ کـاری زۆر گـەورە و گـران نابزوێ، کـەچی سـاڵێ، دوو سـاڵی خشت لە کارێکی، کەڕە هەنجیرێکیان لێ وەگیـر ناکەوێ دەورووکێن و خـۆ پێوە خەریک دەکەن.

شـاییـیـەکە کرابا، هیچ نەبا، دوو سـێ ڕۆژێ، گوندیی بەبۆنەی شـاییـیـەکەوە دادەمرکانەوە. جا ئەوسا لەوانەبوو عادیلەفەندی لەو دوو سێ ڕۆژەدا، لەگەڵ ئەوانەی بـۆ شـار چووبوون تەشـریفی هێنـابا، بەڵام شـاییکردن و بانگکردنی سـەرلەبەری گـوندی بـۆ سـەر زیافـەتێ لـەو جـۆرە کـارانـە بوو هـەروا بەلابەلاییـیەکەوە بکرێ.

سـمـەبۆری گـازکـردە مـاڵە خـۆیان. لە پەشـێوی و شـپـرێوییـان بۆ خـۆیشی نـەیدەزانـی چ بکـا. کـەچی دەبوا، لە پێـشـان داخـوازیکـەری ناردبا لای سمەبۆری، لەم ڕۆژە خراپەدا.

«لێم مـەگرە سـمـایل ئاغا»، گوتی. «دەبوو ئەمن هاتبـامـا لای تۆ، بەڵام، تۆم هێنایە خاک و پای خۆم، ئەوە کارێکی ناشایستەیە، بەڵام ڕۆژەکەی ڕۆژ نییە، زۆر خـراپـە، بۆ خـۆشم نـازانم چ دەکـەم. نامـپـەرژێتـە هـیچ. درێژە بەقـسـان نەدەین، کورت و مـوختـەسەر، بەئەمری خـوا و کەفالەتی پێغەمبەری کیژەکەتم دەدەیێ. ببـێ بە سـێیـەم ژنم، زارۆکـمـی لێ بکەوێتـەوە. هەر ئێـسـتـا کـابانی گـەورەم و زەڵەجـەت دەنێرمـە خـزمـەت، بۆ مـاڵـێ، کـیـژە دێن و دێنەوە. ئاشـقـە کەچەڵیش لێمی مارە دەکا. چ دەڵێی؟»

سمەبۆر:

«کـاری ئەمری خـوا بێ و قـەولی پێغـەمبەری بێ ملم لە مـوو باریکتـرە. بەڵام ئەم کـیـژە، ئەمن بەخـێـوم کـرد، چـەندین سـاڵ و هـەیام بەدەمـەوەم کـرد، نانم دایێ، ئاوم دایێ، پۆشـتـەم کرد، پەرداخم کرد، ئەی بـاشـە چەند قـورۆشـێکم شیربایی نادەیێ؟» گوتی و سەری شۆڕ کرد.

کوێخا بە منەتێکەوە:

«خـۆ کـیـژەکـەت نێـرەمـووک نـیـیـە... ئەمنیـش دەزانم و تۆش دەزانی، ورد و درشتی خەڵکیش دەزانێ ئەم کیژە کێ دەیهێنێ؟ ئـەتۆ شوکرانەبژێری خوا بە

که هێشتا ئەمن سەرت لێ ناستێنمەوە،» گوتی.

سمەبۆر ترسا، نەبادا نەیهێنێ، گوتی:

«بەئەمری خوا بێ، بەسەرسەرم، قەولی پێغەمبەر بێ بەسەر سەرم کیژێکە، کەماڵی چییە، ئەویشت بەقوربان دەکەم. فەرموو داخوازیکەرەکانت بنێرە، بچن کچە بێنن.»

کوێخا بەم دڵ نەرمییەی سمەبۆر کەیفی هاتەوە:

«بڕوانە،» گوتی. «سمایل ئاغا تۆیش خاوەن شەرەف و نامووسی، ئۆمەت دایک و باوکت نەڵێن، مانگایەکی گۆرەوەبەرت، وەشیربایی کیژەکەت دەدەمێ، پێنج سەد لیرەیش پارەی نەختت دەدەمێ. هەرچی مانگاکەیە، بەهارێ دەمدەیەوە، یانی پێمی دەفرۆشییەوە، بەم جۆرە مەسەلەکە سەروبەر دەنێین. ئەوساکە کوێخایەکی گەورە و گرانیش کیژێکی هەروا بە بەلاش و حەلاش دەست ناکەوێ.»

سمەبۆر:

«خۆش بن، خۆش بی کوێخا، شارەگی گوندەکەمان.» گوتی، بەسەر دەستیدا کەوت. «با هەر ئێستاکانێ کچە ببەن و بچن بەڕێوە، فەرموو بیاننێرە...»

کوێخا:

«هەروەها لەبەر دڵی تۆ، لەسەر شەرەفی تۆ، سبەینێکە زیافەتێکی گەورە و گرانیش بۆ گوندی ساز دەدەم. زیافەتێ دەکەم گوندی بەخۆیەوە، بەسەگیەوە، بەئەسپ و ماینیەوە، بخۆن و لێشیان بمێنێتەوە. چوار بزن دەکوژمەوە دە مەنجەڵ ساوار لێ دەندرێ، تێ گەیشتی ؟ کیژی تۆ لە شایی بۆ کراو چاتر بەشوو دەدرێ. چاکە؟»

سمەبۆر:

«خۆش بی، خوا لەمەت کەم نەکاتەوە، چاکە،» گوتی. «چاکە. باوکمان...»

ئەوێ شەوێ کوێخا بەسەر هەر دوو ژنەکەیدا، لەگەڵ سێیەمدا چووە

پەردەوە. مارەبڕیش ئاشقە کەچەڵ بوو.

سەرلەبەری گوندی هەر ئەوێ ڕۆژێ ڕووداوەکەیان بیستەوە. بەڵام کەس ورتەی نەکرد. مەسەلەکەیان بەخواسایی زانی، بەسەرچوو. کەس نەبوو پێوەندیی کوێخا بەکیژی سمەبۆرەوە نەزانێ. دواندنی کچە و بەئەشق هاتن و لە تاوان لەرزینی، لە پاشان چۆن ڕۆژێکیان جۆشی ساندبوو، کیژەی لە هامێز کردبوو، لە پێش چاوی ژنەکانی چۆنی لە باخەڵی خۆ لە بن جێی تەپاندبوو، کەس نەبوو ئەمانە نەزانێ.

سبیانێ زوو، بزن کوژرانەوە، ئاگردان و کوانوو هەڵکران، مەنجەڵ وەسەر دار خران، خواردن پێ گەیشت. سەرلەبەری گوندی بۆ زیافەت بانگ کرابوون. هەمــوو کــەسێ زگی خــۆی، تا توانی، خــووســاندەوە، تا مــڕ بوون. لەســەر نانخواردنەکەیش باسی تاشباش ئۆغلّو و بنەماڵە و تیرە و تایەفەی تاشباش ئۆغلّو بوو. ئەم زیافەتە لە جیاتی وەی، هەر بۆ چەند سەعاتێکیش تاشباش ئۆغلّویان لە بیر بباتەوە و خوو بدەنە شتێکی دیکە، کەچی هێندەی تری بەتاشباشەوە نووساندن. ئەم زیافەتە نەبا گوندی قەت وا بەو کۆمەڵییەوە، ئەژنۆ بەئەژنۆوە، سەرلەبەر خڕ نەدەبوونەوە لە تاشباش بدوێن، لەسەر ڕەگ و ڕەچەڵەکی بڕۆن.

کوێخا هەر ئەوەبوو شێت نەدەبوو. ئەمەیش نەیپێکابوو. نەپێکانی لەوێ بوەستێ، بگرە، هەر بەتەواوەتی، بەپێچەوانە کەوتبووەوە. کەرەی لە نانی تاشباش ئۆغلّو سوپبوو.

ئیدی لە دەست تاشباش ئۆغلّو ڕزگاربوون نییە. وا بڕوا، لە پێشان ئەم گوندە، پاشان سەرتۆپی دێهاتی تۆرۆس داگیر دەکا. گوندیش کە تاشباش گوتی یەک، نایکا بەدوو. لە مەلای قەرەتۆپاخلیی خراتر لێ دێ، خۆ ئەم وەک مورتەزا، گەمژە و هێڕ و ساویلکە نییە، وەپێش دوو جەندرمەی خەی، یەکڕاست بۆ شێتخانەی بنێری. کار وا بڕوا نەک کوێخا، بگرە دوو جەندرمەیش، حوکوومەتی کۆماریی تورکیایش ناوێرن خۆ لە قەرەی تاشباش ئۆغلّو بدەن، ناوێرن خۆ لە قەرەی موویێکی مووئاساییشی بدەن. جا ئەو

ڕۆژەیە ڕۆژی مردنت کوێخا سەفەر، ئەمە کوێخایەتییە؟ سەرەنجامەکەت بەچاوی خۆت دەبینی، تازە جارێکی تر ببڕای ببڕای چەشکەی کوێخایەتی ناکەویتەوە، بێ لەوەیش ڕۆحە شیرینەکەشت هەروا بەخۆڕایی بەفیرۆ دەچێ و پێت قوتار ناکرێ. تاشباش ئۆغلۆ تەمێی دوو گوندی کا، بڵێ موسوڵمانینە، کوشتنی ئەم کوێخایەتان لەسەر فەرزە، دادەی، بڕۆن چارێکی بکەن، خۆ خوا خوای ئەوەیانە قسەیەکی وای لە زار دەرچێ، هەر ئەو دەمی، کوێخا نەبی عیسمەت پاشایی بی، هەر دەتکەن بە تۆز، تۆز.

هەر چەند چیرۆک و سەربهورد لەسەر بنەماڵەی تاشباش پتر هەڵدەبەسترا و زلتر دەبووەوە ترس و سامی سەفەریش بەو پێودانە زێتر دەبوو. ئەمەیش چ ڕێگەی چارەسەرێکی نەبوو غەیری ئەوە نەبێ کە عادیل بەم دەمودەستە بۆ گوند هاتبا. لەمە بەولاوە قوتاربوون خەیاڵ بوو و هیچ چارەسەرێکی نەمابوو. بەڵام کوێخا وێڕای ئەوەیش لە هەڵپە و ئەمبەر و ئەوبەرکردنی ناهومێدانەی خۆی نەدەکەوت. پیاوەکانی، کەسوکار و قەوموقیلەی تەمێ دەکردن، لە نێو خەڵکدا بڵێن، ئەم حیکایەتانە سەرلەبەر دەم هەڵبەستن و هیچیان بەسەر هیچەوە نییە. پیاوەکانیشی بەرەوڕووی خۆی دەیانگوت، ئامەننا، ئەم حیکایەتانە سەرلەبەر دەم هەڵبەستن، بەڵام کە بەنێو گوند دەکەوتن، پێکەنینیان بەترس و سام و هەراسانییەکەی دەهات بەگوندییان دەگوت، «ئەم کوێخایە هەر بەجارێ فڕی بەسەر ئەقڵەوە نەماوە، بێلەی پێ گوتین و شێلەی پێ گوتین.» کوێخایش ئەمەی دەبیستەوە، لە داخان یەخەی خۆی دادەدڕی، دەیگوت:

«پەیمان پارێز، دۆستی، سەرڕاستی پەیمان پارێز نەماوە. هەموو بۆ تاشباشی دەکەن. گوندیی ئاڵچاخ، گوندیی بێ ناموس، دە فەرموون، بیکەن بە وەلی، بزانم، چیتان وەگیر دەکەوێ؟ دەبا ڕووتوو کاتەوە، وەسەر ساجی عەلیو خا، دە بخۆن،» ئیدی بەنێو گونددا دەگەڕا و بەهەر کەسێکی تووشی دەهات، دەیگوت:

«کوڕینە، بنۆڕنێ بنۆڕنێ، ئەو درۆیانەی، قەتو درۆی وە بیستییە؟ لوقمانی

حەکیمێکی گەورە و گران، چۆن چۆنی باپیرە گەورەی تاشباشە؟ چۆن چۆنی باپیرە گەورەی وییە و توانیویە بگاتە لای گوڵووکی ئەرجیشی؟ ئێوە ئەقڵتان لە دەست داوە؟ تاشباش ئۆغڵو دەوخاپێنێ، فریوو دەدا.» ئیدی جحێڵ با، پیر با، زارۆک با، هەرزەکار با، هەر کەسێکی تووش با، ڕای دەگرت، بۆی دەڕست، بە باریکان و بە قەویان.

گوندی لەم شڵەژان و پەشێوییەی گەیشتبوون، پڕ بەدڵ کەیفیان پێ دەهات، بێ ئەوەی قسەکانی، کە هەر نەیدەبڕینەوە، وەڵام بدەنەوە، ڕوویان لێ وەردەگێڕا و لێی دوور دەکەوتنەوە.

لە عەلی دەگەڕا. لە کوڕەکەی مرێمۆکی دژمنی گیانی. لە سبەینێوە سێ جاری چووبووە ماڵ نەیدیتبووەوە، ئاخرییەکەی لە ناوەندی گوندی وەگیر کەوت:

«ئەوە چ کارەساتێکە عەلی؟» گوتی. «بیستتەوە چ کارەساتێ دەقەومێ؟»

عەلی بەساویلکەیییەکەوە:

«نااااا،» گوتی. «نەمبیستەوە، چ قەوماوە؟»

هیزە عەلی ئەقڵت لە دەست داوە تۆ؟ فەلاکەتێ بەسەر گوند دێ، ئەمان فەلاکەت. پێت دەڵێم. خەڵکەکە وا تاشباش دەکەن بە وەلی. ئەی نەتبیستووە پیر لوقمان حەکیم گۆیا باپیرە گەورەی تاشباش بووە. چیی دیکە و چیی دیکەیش. ئەمانەیش، سەرتۆپیان، تاشباش خۆی هەڵیان دەبەستێ، بەپیاوەکانیدا، بەنێو گوندیدا بڵاو دەکاتەوە. دوو گونەی بەسەر ئەم گوندەدا، بەسەر گشت وڵاتی تۆرۆسدا، لە مەلا قەرەتۆپاخڵی خۆ هەر هیچ نەبێ بنیادەمێکە وەک ئێمەمانان. دەیجا، هەروا گوێت لێ بێ، تیرەی تاشباش کێ و کێتان تێدان؟ لوقمانی حەکیم! هەر بەم نزیکانە ئەگەر دوو سێ پێغەمبەریشیان بۆ ئەم تیرەیە نەدۆزییەوە من هیچم نەزانیوە، ئەوە من و ئەوە ئێوە، ئەگەر سەرەنجامی ئەم تاشباش مەمەدە بێ ئاوەزە بەندیخانە، یا شێتخانە نەبوو دەستێکم لەبندا ببڕن. هەمە هەموو بۆ لە ناوبردنی من دەکا. پێی بڵێ، نەک وەلی، ببێ بەپێغەمبەریش، من لە پێش خۆمەوە لە نێو دەبەم،

ئەمن پێش وەی خـۆم بمرم، ئەو دەکوژم. جـا بـا ئەوەشت پێ بڵێم عـەلی، ئەتۆ لەجـێی مـن کـوێخـای ئەو گـوندەی، ئـەمن تەمـەنم بەسـەرچوو و بـڕایەوە، هـەر هەشت نۆ سـاڵێکی دیکـەم بە بەرەوە مـابێ یا نـەمـابێ. بەڵام ئەتۆ هێـمـان لە هەرەتی لاوێنیدای. کـوێخـایەتییـەکە دەقـەبەڵ تۆ دەکـەم. گفـتی پیـاوان بێ. کەیفت لێیـە دەستت بـۆ بەقورئانێشـدا دەدەم، سـوێندی هـەزار پیر و ئەولیـا و پێغەمبـەرانت بۆ دەخـۆم. جا با ڕاست و پاکت لـەمشت بنێم، ئـا ئەم تاشبـاش ئۆغـڵـووە لەبەر هـەندێکە کـۆسـپێکی گەورەیە لە پێـشت، بە کـوێخـات ناکـا. پێـشـگیـری لەمــە کـردن، تا ڕێگا نزیکە، سـەروبەرنانـی ئەم کـارە، گـوندی وریاکـردنەوە، یەک لـەو ئەرکـە نیـشـتـمـانیـیـە بەرزانەی سـەرشـانی گـەورە و چووکمانە. وە ئەمـەیش ڕاستییەکەیەتی. حوکوومەت بەمە بزانێتەوە، پیاوێکی وا لەم گوندە پەیدابووە گوندەکە، یەکە یەکە وەبەر تۆپان دەدا. ئەدی وەنییە؟»

عەلیی لە شانی چەپیرا گرت، چاوی لە دوڕ چاوی بڕی:

«دە بڵێ،» گـوتـی. «ئەتۆ پیـاوێکی ژیر و ئاقـڵی. دە بڵێ، تـۆ دین و ئیـمـانت لوقمـانی حـەکیم باپیـرە گەورەی تاشبـاشـە؟ ئەوەی لە قـوتووی چ عـەتارێکی دەردێنی؟ کێ ئەمەی گوتووە، کێهە کتێب وەی نووسییە؟ تۆ بڵێ، دە بڵێ دەی، خۆ تۆ پیاوێکی ماقووڵ و بەئاوەزی.»

عەلی:

«من چووزانم؟»

«کـابرا ئەتۆ شـێتـی؟ لوقمـان حـەکمێکی گەورە و گران چۆن دەبێ بەباپیرە تاشباشی ئەم تاشباشە چڵمنە؟ تۆ قەت بڕوا بەمە دەکەی؟»

«چووزانم...»

«کوڕە هـەی هـاوار، ئـاخر لوقمـانی حەکیم چما ژنی هـەبوو، تا ئەم تاشـبـاش ئۆغڵووە لە برسا مردووە، هیچ و پووچە، بێ شـەرم و شکۆیە ببێ بە نەوەی.»

عەلی تووڕە بوو:

«بەڵکو بووبێـتی،» گـوتـی. «تۆ چووزانی؟ لـە کـێـهـە دەفـتـەردا نووسـراوە نەیبوو؟»

«ده بڕوانە عەلی، ئەقڵت وەسەرەخۆ بێنەوە، دەستت لەسەر ویژدانە ممبارەکەکەت دانێ. تۆ دینت ئەم تاشباش ئۆغڵووە بەستەزمانەی خۆمان بۆ ئەوە دەشێ ببێ بە نەوەی لوقمانی حەکیم؟»

«نازاندرێ،» گوتی. «بەڵکو بشێ. ئەدی نەیانگوتووە کاسە بێ ژێر کاسە نابێ. کێ دەزانێ چیی لەبن سەردایە؟»

کویخا ئەوشانی گرتبووی دەستێکی پێوەنا.

«هەمووتان بوون بەیەک دەستە لێم، گۆبەندی یاخیبوونەکەی شێخ سەعید بۆ حوکوومەت دەنێنەوە. ده ئێوە، ئەو بکەن بە وەلی و ببێ بە بەڵای سەری ئەم میللەتە، ئەوساکە منیش دەزانم چ لەگەڵ ئەو و ئێوە دەکەم.»

عەلی هێمن هێمن:

«هەرچییەکت لە دەست دێ سێ و دووی لێ مەکە،» گوتی. «کوێخا سەفەر ئەفەندی.» لەو هەڵبڕا.

کوێخا لە دوایەوە:

«دەک دوای تیرەی ملهوڕ و شێتتان بڕێتەوە،» گوتی. «تیرەی مرێمۆکە ملهوڕە کێوییەکە. ڕاوەستن بۆم، چاوتان بەخۆ دەکەوێتەوە چتان بەسەردێ...»

لە عادیل بەولاوە هیچ بۆرە ئومێدێ نەبوو. خوا کردبای عادیل هاتبا وەلییەکەیان بەچاوترووکاندنێ دەبوو بەخاشاکی زەوی.

«هیزە فریاکەوە عادیل، بمگەیێ باوە گیان. وا تەفروتوونا دەبم. ئەتۆیشم لەگەڵدا دەبڕییەوە، نەک هەر خۆم. ئەمشەو فریا نەکەوی کار لە کار دەترازێ. فریاکەوە شێرەکەم. بەندەی ئاڵقە لە گوێت بم فریاکەوە!»

پێش وەی وەلییایەتیی تاشباش بتەقێتەوە دەبێ چارەسەرێ بۆ ئەم کارە بدۆزرێتەوە. دەنا بەری لێ ناگیرێ. تاشباش ژیر و بەفامە، وەک ڕێوی کەڵەکبازە، ئازا و بوێرە، مەردە، چاو نەترسە، چاو نەترسێکە چاو لە چڵ و چێوان ناترووکێنێ، کۆ لە هیچ ناکاتەوە. کە سەرتۆپی گوندیی دێهاتی ئەم وڵاتی تۆرۆسەی بەدووی خۆوە دیت دەیپەرستن. هیچ نییە نەیکا، نەک لە

ڕاست کوێخـایەکی چکۆلانەی گوندێ، نەک لە ڕاست بازرگانێکی شارسـتانیی وەکـو عـادیل، بگرە لـە ڕاست حـوکـوومـەتێکی گـەورە و گـرانی کـۆمـاریی تورکیـایش سەرپێچی دەکا. سـەرپێچییش دەکا و وەک بەرزەکی بانان بۆیشی دەردەچێ. ئەم تاشـبـاشـە وەک وەلییـەکانی دیکە ناچێ، هەر کە تـەنگاو بوو، دەست دەداتە تفـەنگ، بێ سێ و دوو بـە چیـا دەکـەوێ. جـا وەرە وەلیـیش بە و ئەشـقیـایش بە... وەی دایە وەی! لەم سـەر چیـا و کـەژانە نەک حـوکوومـەتی کۆماریی تورکیـا، دەوڵەتی گەورە و گرانی ئامریکایشی بێتە سـەرێ چیی پێ لەگـەڵ ناکـرێ. تاوەکـو تاکـە گـیـانلـەبەرێ لەو تۆرۆسـە بمێنێ دەیپـارێزن، بەدەستەوەی نادەن.

چاوت کـەوە عـادیل، چاوت کـەوە هۆ حـوکـوومـەت، ئەوەی دێ تـاشـبـاش ئۆغڵـووە، سێ ویلایەت و چوار سەد گوند و هەژدە شاری لەدوون. وڵاتـەکەیش تا دێ بەرینتـر و گـەورەتر دەبێ. لەگەڵ ئەمـەدا سـەر دەرناکـەی. هـەر کـاتێکت زانی تەقـیـیـەوە. ئیـدی لەمـەوەپاش ژیان و گـوزەران لێرە بۆ ئێمـە حـەرامـە، برادەر. تا ئیمڕۆکە، جـا بەهـەر چۆنێ بوو گیانی شیـرنی خۆمـان پاراست، وا پێ دەچێ لێرە بەدواوە دەبێ بەپارووی گورگی هار.

نیـیـە، هیچ چارەسـەرێکی نیـیـە. بەهـەر نرخێ بێ، دەبێ لە بیـری گـوندیی ببـەینەوە. دەبێ کـارەسـاتێکی هێند گەورەی گـورچووبڕ بەسـەر گـوندی بێنن ئەمـان کـارەسات، تاشـبـاش و فـلانیـان لە بیـربچنەوە. ئەگـەر هـەر ئێستـاکـانێ بوومـەلەرزەیێ ڕووی دەدا و خـانومـان، داریان بەسـەر پەردوویانەوە نەدەمـا و سـەرلەبەر وێران دەبوون، هـەنگێن هـەر هیـچ نەبێ حـەوتـووێک، دوو حـەوتوو، گـوندی بـەخـۆدەهاتنەوە، بیـریان لە تـاشـبـاش نەدەکـردەوە. بـەڵام ئەوا وایش قەومـا، پاش ئەوە، زۆر بەهێزتر و گـەلێ بەدڵ و گیـانترەوە، بێ هـەڵبـڕان پێوەی هـەڵدەواسـێنەوە، بەئـامـان و زامـان دەسـتـی لێ هـەڵنـاگـرن... یا چەتـەیـەکی ئەشـقیـا، شـەوێ بەسـەر گـونددا بدا، پێ و پلـی سـەرلـەبەری گـوندی، نێـو پەنجەکـانیان هـەمـوو بسووتێنێ، ئەوەکـەی تاشبـاش پتر بسـووتێنێ، ئەو دەمی پیـاو حـەوتوویەکی قـازانجـە. بەڵام پاشـانەکێ؟ کە کـار گـەیشـتـە ئەو ڕادەیە و

تاشـباشـیش بەم جـۆرە فـووی دە گونـدی کـردبێ، هـەنگین تاشـباشـت پێ لە چەنگ گـوندی دەرنایـە. کـەواتا، ئەمـشـۆکـە، هـەر ئەمـشـۆکـە، دەبێ بیـر لە چارەسـەرێ بکرێتـەوە بۆ تاشـباش، وە دەشـبێ تاشـباش ئۆغـڵـو لە نێـو ببرێ، بەهیچ بارێکی دیکەدا ڕێگەی قوتاربوونێ نییە.

دەمودەست پاسـەوانەکەی هەنارده لای بەکـرە شـێتی. ئەو، لە گوند، لەوی بەولاوە کەسێکی دیکەی نەبوو کاری لە دەست بێ و لە سەودا و مامەڵەی سەر و گیاندا پشتی بێ ئەستوور بێ، ئا، حەلی هۆمەرێکی پیاوی تایبەتی خۆیشی هەبوو. هۆمـەر کـوڕێکی ئازابوو بەڵام هەمـوو کـارێکی بە قـاڵەی دەم تێک دەشـێـواند. با جـارێ ئەو بەکـرە شـێـتـە بێ، بزانـین ئەو چ دەڵێ لەمـەڕ ئەو کارەی؟

«بەرانبـەر کـارێکی زۆر نالەبار و هەستـەمـداین، بەکری برا. کـەروێشک لە هەوراز وەسـەرکـەوت. جـا کـە وەسـەرکـەوت، ئەوکـاتی خـڕکی دنیـا بێنە و وەسەرەخۆتیدا دە، سوودی چییە؟»

بەکرە شێت:

«نابێ برا،» گـوتی. «قـەت نـابێ، ئەرێ وەڵڵا، هاکـا کـەروێشکیش لە هەوراز وەسـەرکـەوت. بەڵایەکی وات بەسـەردێ، تووشـی هـیچ مـەخلـووقێ نەهاتبێ. بەسەر دژمنت بێ.»

سەفەر کرایەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا، بەدەنگێکی تووڕەوە:

«نایە، نایـە» گوتی. «ئەمڕۆکـە نا، سبـەینێ، کە کـارەکـە تەقیـیـەوە و چووە قـاڵبی ڕەسـمـییـاتەوە، کـەس لە ترسـان زات ناکـا، تەنانەت توخنی مـووێکی کـەوێ. توخنی ناکـەوێ یانی چی، یانی کـەسی ناگـاتە کن. تەنانەت منیش، تۆیش کە زانیمـان ئەمـە تاشباشـە پەژمردەکەیە بێ بیسـمیللا، هەر ناویشی ناهێنین. پێش ئەوەی کێرووشک لە هەوراز وەسەرکەوێ، ئەمشەو تاشـباش لە نێـودەین. ئەمشـۆکە، بێ چەندوچوون، دەبێ تاشـباش ئەو دنیـا بپێـوێ. ئەو نەیپێوێ، دەبێ ئێمە بیپێوین برا، چ دەڵێی؟ دەتوانین ڕێگەیاکی بۆ بدۆزینەوە؟ بەهەرتکمان پێمان دەسووڕێ؟ عەمباری چەکت پڕە، بۆ لە خۆڕادەمێنی؟

بەکرە شێت زەردهەڵگەڕا، لێوی دەستی بەتەتەڵە کرد.

– کوێخا پێ حەسیا، بەتەوس و تیزەوە:

«ئەوە چییە،» گوتی. «ئەوە چییە هاوڕێ. هێشتا پەنجەت بەپیتکەیدا نەهێنا، لەپڕ ڕەنگ و ڕووت بوو بەڕەنگ و ڕووی مردوو. ئەوە چت لێ قەوما هاوڕێ؟ یانەکو لە تاشباشت زەندەق چووە؟»

بەکرە شێت بەکزییەکەوە:

«دەترسم،» گوتی.

کوێخا تووڕەبوو، قیژاندی:

«لە چ دەترسێی، ئەو سەیە؟» گوتی.

بەکرە شێت:

«بەڕاستی، هات و لە تیرەی لوقمانی حەکیم نەبوو، هات و وەلی و شتی وا نەبوو، خوای ئەو، قەتمان کار ڕاست دێنێ؟ هات و تێت گرت و یەکسەر دەست و بازووت هیشک هەڵاتن؟ هات و پیاوە دەستی نەیهێنا؟..»

کوێخا قیژاندی:

«بەڵام لە ورد و درشتتان دا، دڵ و جەرگ ژنینە. ئەم خراپانە هەموو لە نێوچاوانی ئێوەوەن.»

تۆڵەی نەکردەوە:

«تفوو لە چارەت، تفوو لە چارەت،» گوتی سێ جاری تف لە چارە کرد. «هەیدێ لاکەوە لە پێش چاوم، ئەستۆت وردکە، وەگەڕە ماڵە خۆت، دە باخەڵی ژنە سۆزانییەکەت خۆ پەستێوە. ئەمشۆکە کوشتنی ئەم پیاوەم لەسەر فەرزە، قەرزێکە لە سەرم و دەبێ ئادای کەم. سرتەت لە زاری دەرێ، ئەتۆیش لە نێو دەبەم، ئەمن ئەو لە نێو نەبەم، پاش سێ ڕۆژی تاشباش ئەمن لە نێو دەبا. هەیدێ، یاڵڵا بۆ کاولەکەت. بێ جەرگی تەرەسی دەییوسینە!»

بەکرە شێت سەری شۆڕ کرد:

«دەترسێم، بەڵام ئەگەر دەشتەوێ دەگەڵتدا دێم. کار بێتە سەر ڕەسمیات و

تاشباش ببێ بە وەلیی گوند، هۆردووکمان دەکوژێ.»

کوێخا لە دەستی بەکرە شێتی گرت:

«ئەتۆ قەت دەترسێی؟ ئەتۆ برای گیانی بەگیانیی منی،» گوتی.

بەکرە شێت دیسان هەر بەسڵەوە:

«ئەم تاشباش ئۆغڵووە گوتم... پیاو لە بنیادەم ناگا... کێ دەزانێ کێ چییە؟ پیاو چوزانێ یەکێکی دیکە چیی لە باردایە؟ گوتم، لەوانەیە ببێ بە وەلی و مەلی، ئەوساکە یەغباڵی ڕەگ و ڕیشەمان هیشک دەکا، لەوە دەترسام، بەڵانەکێ ئەو کە هەر لە کوشتنمان بێ، چ بکەین؟» گوتی.

کوێخا ئەمجار هەر بەجارێ دەهری بوو:

«لاکەوە لێرە، برۆ سیکتربە لە بەرچاوم. برۆ، برۆ دەباغەڵی ژنە داوێن تەڕەکەوەت بخزێ، برۆ. دەوجا وەرە، ئەمنیش، کەرکەر، یەکی وەکو تۆم بەپیاوی نێوپیاوان زانی... لاچۆ لە پێش چاوم، با نەتبینم! خوایش کاری ڕەنگینە و شتی وەک تاشباش ئۆغلۆ، شتی وەک ئەم مەندەبوورە پیسە دەکا بە وەلی؟ ئەو شەیتانە قەت دەبێ بە وەلی؟ هەی بەندەی کەڕەواڵەی خوا.»

پڕ بەدنیا دەینەڕاند:

کوێخایش ترسێکی لە دڵدابوو، بەڵام بەهیچ ڕەنگێ نەیدەویست ئاشکرای کا. ئەو جەندرمەیەی مورتەزای بۆ شێتخانە برد، کە لە ئەستەمبووڵ گەڕایەوە لەوسەر گەلی گوێلەکە تووشی قەزایەک بووبوو، سەروماڵی تێدا چووبوو، خەڵکەکەیش هەموو، مردنەکەیان لە تۆڵەی ئەو زوڵمە زانیبوو، لە مورتەزای کردبوو.

«تاشباش وەلییایەتیی لێ ناوەشێتەوە، ناوەشێتەوە! شەیتان چەند دەبێ بە پێغەمبەر، ئەویش ئەوەندە دەبێ بە وەلی. دە بڵێ وا نییە؟ تۆ قەتت تاشباش دیت جارێکی، نوێژ بکا؟»

«نەمدیت، بەڵام ئەم وەلییانە بەدزییەوە نوێژ دەکەن.»

«چ دەکا بیکا، تاشباش نابێ بە وەلی نا، برادەر!»

هەوڵی دەدا خۆ بەبڕوا بێنێ.

بەکرە شێت:

تۆ خۆت وەلییایەتیی بۆ دروست دەکەی. کێ وەلیی پێ دەڵێ؟ قابیلە هەرچی لوقمانی حەکیم باپیرە گەورەی بێ، دەبێ وەلی بێ. ئەم وەلییایەتییەت لە کوێ دەرێنا؟»

«لە کوێی دەردێنم؟» کوێخا گوتی. هێندێکی لەگەڵەخۆ ئاخاوت. جا بەڕاستی لە کوێی دەردێنا؟ خۆ ڕاوکە و هێلکە لە گۆڕێدا نییە. هەر بەڕاستی ئەمەی لە قوتووی چ عەتارێکی دەردێنا؟ ئەی ئەم هەراسانی و ترس و سامەی لە چی؟.

«تۆ قەتت لە کەس نەبیست بەتاشباش بڵێن وەلی، وەنییە؟ گۆیا موعجیزات و پەرجوویێک، شتێکی وای نیشان داوە؟ شتێکی لەم بابەتەت بەرگوێ کەوتووە؟ هیچ بەچاوی وەلییێی دەنۆڕنێ؟»

«قەتم نەبیست، چیم بەرگوێ نەکەوت. قەتیشی بەو چارە نانۆڕنێ. تەنیا هەر ئەوەیە، زۆری لێ دەترسێن. زراویان لێ چووە.»

کوێخا هەمدیس هەناسەیەکی هەڵکێشا:

«ئا، ئەمە خراپە،» گوتی. «ترسان خراپە. کار بەرەو وێندەر دەچێ. زۆر چاک دەزانم، جارێ، ڕۆژێکی دیکەیش چاوەنۆڕکەین. با دەستمان لە خوێن هەڵنەهێنین. بەڵام تۆ ئەوشۆکە، حەلی هۆمەریش بەگەڵە خۆ خە، لە گوند وەدەرکەوە، یەک دوو دەسڕێژێ، تەقە بەسەر گونددا بکە. خۆ لە کەس ئاشکرا مەکە. کەسی نەتبینێ.»

بەکرە شێت دڵی خۆش بوو:

«چاکە،» گوتی. «تا سبەینێ پەنجە لەسەر پیتکە هەڵناگرم، هەر تەقە دەکەم.»

***

هەر کە بەکرە شێت ڕۆیشت کوێخا دیسان ترس و سامێ دای گرت، خورپە و ئەندێشەیەک دایگرت نەبێتەوە. هات و سبەینێ بوو بەقاو و بڵاو بۆوە.

ئەمە ئەگەر تاشباش خۆی بڵاوی بکاتەوە، هەر یەکسەر مرعجیزەیێ دروست دەکا. نەخێر، ئەگەر خۆی بڵاوی نەکاتەوە... مومکین نییە، هەر خۆی بڵاوی دەکاتەوە، پێشان لەحنەت بوو کردنی گوندی، ئەوجا زەوی ماچکردنی ورغون ئەحمەد لە حوزووریدا... ئەمانە هەموو تەپکەن و خۆی دەیاننێتەوە. تەپکەی تاشباشی ڕێوین. ئەوجا لێرەوە موعجیزەی تاشباشیەتی هەڵدێ. کێ ئەمەی هەڵبەست؟ لە تاشباش پێوە کێ هەڵی دەبەستێ؟ ئەوجا کاری لوقمانی حەکیم، کورە خۆ هەروا بە هەوانتە نابێ، ئیتر قووت ناچێ. کەری کەر ئاساییش ئەمەی بۆ قووت ناچێ.

ڕاوەستە بزانم. وەڵڵاهی پیاو، دەڵێی، بچێ لە تاشباش خۆی بپرسێ، ئەرێ توخوا، ئەم پیلانە تۆ خۆت دەیگێڕی، یان گوندی، باشە، ئەوساکە تێ ناگا؟

خوا دەزانێ. لەوانەیە هەر گوندی، خۆیان هەڵی بەستن، تاشباشی هەژار هەر ئاگایشی لێ نەبێ، ڕەنگە ئاگای لە مەحمووی بێ زەواڵیش نەبێ. هەڵی دەبەستن، هەڵی دەبەستن ئەم برەی بەرازانە. کە تەنگەتاو دەبن چی هەڵنابەستن... پێغەمبەریش لە گۆڕەکەی دەردێنن و ورد و باریک بۆ گوندی یالاخێی دێنن. ئەرێ وەڵڵا هەڵیشی دەبەستن و سەری ئەم تاشباشە کەساسەیش بەئاگرێکەوە دەکەن. دەشیکەن بەوەلی و پەرێشانیشی دەکەن. ئەگەر وا بکەن کارەکە هاسانە. قوتاربوونی سانایە. بەڵام مەترسی لەوەدایە، تاشباش خۆی پیلانەکە بگێڕێ، ئەگەر ئەو ئەمانە هەڵبەستێ، هەنگێن مەترسییەکە زۆر گەورەیە.

لەپڕ هەڵستایە سەر پێیان، داخوا تاشباش دەرکەی لێ دەکردەوە؟ جارێ با شەو بێ. ئەم گوندییە بێ ناموسانە نەیبینن، دەچێ بۆ ماڵی تاشباش... تاشباش پیاوێکی کەڵەمێردە، هەر کەسێ ڕوو لە ماڵی کا، با هەرچییەکیش بێ، دەرکە لێنەکردنەوەی لەگەڵ ناکا.

دەمەونوێژی شێوان لە ماڵێ وەدەرکەوت، چوو بۆ ماڵی تاشباش، لەبەر دەرکە زاری خۆی پاکژ کردەوە و هەرچی خۆشەویستی و ڕێز هەبوو، لە دەنگی خۆی پەستاوت:

«کاک مەمەد، دەرکەی وەکە. ئەمن کوێخا سەفەرم. هاتم چاوێکم وێت کەوێ، یەک دوو قسانت لەگەڵ باخێوم،» گوتم.

لە ڕاهی خوا، ئەوە چ بوو بەسەری دەهات؟ لە حەژمەتان دەحەپەسا، لە دەست و پێ دەکەوت، دڵیشی کوتەکوت سینگی دەکوتا.

تاشباش ئۆغلّو:

«فەرموو سەفەر ئاغا» گوتی، دەرکەی لێ وەکرد. «بەخێرهاتی، خێر و بەرەکەتت هێنا.» بزەی هاتبوویێ. مەراقێکیشی دەچاودا دەخوێندرایەوە. بەم شەوە ئەم پیاوە دەردی چی بوو؟..

سەفەر هات بەلای ئاگردانەکەوە دانیشت و دانەنیشت دەستی بەقسان کرد:

«کەینوبەینەکەت بیستەوە؟ گوتی. «ئەم گوندییانە بەلای سەرێکت بۆ دەنێنەوە، برادەر، ئەمن دژمنت نیم. وە ناشبم بەدژمنی هیچ مەخلووقێکی خوا، بەدژمنی هیچ موسوڵمانێ. گوندیم، واتا: برای خۆم. ئەتۆیش بەخزمایەتی دەمگەیێ. ئەوڕۆکە لەبەر هەندێ هاتم. نواڕیم لە حاڵی مەترسیدای، نواڕیم بەرەو تێداچوون دەڕۆی، نواڕیم ئەم گوندییانە خەریکن تووشی فەلاکەت و کێشمەکێشێکی گەورەت دەکەن. گوتم، بچم، دەستی یارمەتی بۆ مەمەدی برام درێژ کەم، لە فەلاکەتەی قوتار کەم، گوتم. خۆم لەبەر ئازاری ویژدان پێ ڕاناگیرێ. خۆم بەخۆمم گوت. وا خەریکە، پیاوێ لە ناو دەچێ. سەفەر، وا وەجاخی کوێر دەبێتەوە، برادەر، فریاکەوە، بەدەنگیەوە بچۆ، کورە، نامەردت نەکەن سەفەر، گوتم، با، ئەو تۆ بەدژمنیش بزانێ، بەڵام گوندی ئاژنیان هێناوەتە ڕەخ هەڵدێرێ، تا هەڵیان نەداشتووەتە خوارێ، دەست دە پیلی، ڕزگاری کە، ئا، ئەوهام گوت و هاتم بۆ کنت.»

تاشباش سەرسام، بەگومان و مەراقەوە:

«بەخێرهاتی، خێر و خۆشیت هێنا. هەر خۆش بی برا. چما نازانم وای؟»

تاشباش بەوپەڕی سادەگییەوە:

«نە،» گوتی. «چ هەیە؟ دیسان بەڵایەک وەسەر گوند دێ؟ چییە؟»

کوێخا:

«بەڵا چ بەڵا! بەڵا ئەمما بەڵا! بەسەر گوندیش و بەسەر منیش و هەرە گەورەکەی بەسەر تۆیش. ئێستا هەر بەڕاستی ئاگات لە هیچ نییە؟»

تاشباش:

«نە بەخوا، نییە،» گوتی. چییە، چ قەوماوە؟»

«ئەوە دوو گوڵووکی لەسەر بەری دەست ڕوواون و سەری بووە بە بەرد و لەگەڵ گوڵووکانی بەرکەتووە، سەرلەنوێ سەری بووەتەوە بە سەر، تاشباشی باپیرە گەورەی تۆ نییە؟»

تاشباش پێ کەنی:

«لە کۆنەوە مەتەڵێکی وایان دەگێڕایەوە،» گوتی. «بۆچی ئێستا ئەمە دروست دەکەن؟»

«ئاگات لەمە نەبوو؟»

«نە بە وەڵڵاهی نە بە بیللاهی.»

«شتێکی تریش هەیە. پیر لوقمان حەکیمێکی بەناوبانگ و لێزانی حەکیم هەیە، ئەویش هەر باپیرە گەورەت بووە. گوند، سەرانسەر شڵەقیوە، ئەدی ئاگات لێ نییە؟»

«ناوەڵڵا، ئەمە لە قوتووی چ عەتارێکەوە هەڵدەبەستن. ئەمە زووان هەڵبەستێکە، ئاو لێڵ ناکا، ڕەپ و ڕاست دروست کراوە.»

کوێخا سەفەر هەرتک دەستی گرت، چاوی لە دوڕچاوی بڕی، پرسی:

«هەر بەڕاستی هیچ خەبەرت لەم کەینوبەینە نییە؟ لە لوقمانی حەکیم، لەسەر بەرد، لە کەینوبەینەکانی دیکە؟ لەمانە هەموو، لەوەی کە داخوا ئاکامت بە چ دەگا؟»

تاشباش ئۆغڵو:

«نەخێر،» گوتی. «باشە، ئەمانە چییان تێدایە؟ ئەمن فەلاکەتێکی هێند گەورە و گران نابینم. گوندین، با هەر بڵێن و بڕێسن. جا چ بووە... ڕۆژی،

بەسەرپێوە، هەزار درۆ هەڵدەبەستن.»

سەفەر ئاسەواری تروسکەیەکی لە درۆ بچێ، لە نێوچاوی تاشباشیدای بەدی نەدەکرد. لە دڵی خۆیدا، گوتی: «هەی لە دایەی، لە ژنی گوندیی بەرازت...»

«جا برا، با من ئێستا ئەم مەسەلەیەت تێ گەیەنم، خۆ لە ترسان لێوت یەکسەر تامێسک دەکا. ئەگەر دەزانی گوندی بەرەو چ هەڵدێریێکت دەبەن و بەتەمان چت بەسەربێنن لەحنەتی دنیایان بەسەردا دەبارێنی. دوای ئەمەیش ئەتۆ برایەکی لە برا فەررزتر، ئەتۆ هەرە خانەدان و وەجاخ زادەی ئەم گوندەی، زۆریش. بنۆڕە، ئەمن تەمەنم وا دەڕوا و دەبڕێتەوە. هەشت نۆ ساڵی دیکە، تۆ لە جێی من دەبی بە کوێخا. ئەمن دەست لە دەستت دەخەم، گفت و بەڵێنی پیاوان بێ، ئەو ساڵی دادێ مەزرا و کێڵگەی لۆکە هەڵاوێردە و دەست بژاردەی دەستی تۆ بن. تۆ لە مەزرا دەگەڕێی و هەڵیان دەبژێری، نەک بەکرە شێت. قۆمیسیۆن و دەلاڵییەکەیشی خۆت وەری دەگری. ئەگەر قورۆشێکم لە دەلاڵییەکەت وەرگرت لە بینم، لەسەر دڵم بگیرێ.»

تاشباش ئۆغڵو:

«ئەمن،» گوتی، «هیچم ناگەرەکە. هەر هێندە گوندی جارێکی دیکە تووشی ئەم حاڵە نەیەتەوە، ئەوەندە بەسە.»

کوێخا دەنگی بڵیند کرد:

«گوندی کێن، گوندی گوندیی خۆمانن. تا ئەم سەرە بەرووی بساتەوە بمێنێ، جارێکی تر دێڵم ئەم حاڵەیان بەسەر بێتەوە. کێهە مەزرای چقورئۆوا لە هەمووان لۆکە پتر دەدا، کێهەیان بەروبوو زێتر دێنێ ئەوان دەبن بە هی ئێمە. گوندی سەرلەبەر دەوڵەمەند دەبن، هێندەیان وەگیر دەکەوێ، حەوت پشتیان بیخۆن و لێشیان بمینێتەوە. جارێکی تر گوندی پێ و پێ باوێتە ناو مەزرای میر ئالایەوە، تۆبە، شتی وا نابێ نابێتەوە. گفت بێ، گفتی نامووس و شەرەف بێ، بەتۆ، بەگوندی. جا با بێینەوە سەروکاری ئەو فەلاکەتەی سەری تۆ. دەموچاوی وەک دەموچاوی خەمبار لێ کرد. دوو دڵۆپە ڕوندکیشی لە

چاوی گلۆرکردنەوە نێو چالایی چاوی. بەدەنگێکی بەگریانەوە: «برا،» گوتی. «کارت زۆر خراپە و قوتاربوونیشت دووبەختییە. هەرچی ڕەنجت هەیە بەخەرجی نەدەی، هەربینا چوونت بوو بەڕەسمی، هاکا ڕۆژێ هات ڕایان پێچای. ئەمەیش هەر بەتەنیا، خۆت مەگەر بەرەنگاری بی، کەس بەرەوبڕی ناداتەوە، کورە ها، مەگەر هەر خۆت. ئەمن هەرچیم لە دەست هات درێخیم نەکرد. لوقمانی حەکیم عارەبە، قەت نابێ بە باپیری تاشباش گوتم. بڕوایان پێ نەکردم پێم پێ کەنین. کار وەی تەرحە بڕوا فرە خراوە. ئاوایی دەیانەوێ بەدەردەکەی مورتەزات ببەن. ئەم خۆ ئامادە و تەیارکردنەیش هەر بۆ ئەوەیە. هەر لە سبەینێڕا، دەتوانی بەرەوبڕی دەیەوە، پێشی لێ بگری، لە پێشگرتنی بی. دەنا کارت کراوە. هەر کە تەقییەوە، تۆ نەبی پێغەمبەر بێ، ئیدی بەرەوبڕی نادرێتەوە و پێشی لێ ناگیرێ. حوکوومەتیش و عادیلیش وەک واشە چاویان بەسەرمانەوەیە. هەر یەکسەر دەڵێن خەریکی تەریقەت دامەزراندنێن، ئێمە دەخەنە ژوورێ و ئەتۆیش، دەڵێن بووە بە مەهدی و ڕێ و ڕاست بۆ شێتخانەت دەنێرن. ئەو نێوی وەک گوڵی گوندەکەشمان پاک و پوختە بۆ خۆی دەزڕێ. هەروا نەختێ بیر بکەوە، نەختێ بیر لە ئاکامی ئەم کارە بکەوە، تاشباش. نەختێ بیر بکەوە، هەرتک چاوم. تۆ هەروا بیر بکەوە. بزانە ئاکامەکەی چ فەلاکەتێکە. لە مردن خراترە.»

تاشباش ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە:

«سوێسەی شتهایەکم کردبوو،» گوتی. «کردبووم، بەڵام کار هێندەی پەرە ساندبێ و بەو ئەندازەیە بگا، ئەوەم نەدەزانی. ئەگەر وابێ کار شڵۆقە. چ دەبێ بکەم، نازانم...»

«کەواتا بڕۆ، لە و مەیدانە بڵێ، تیرەی من پیر و پیاوچاک و وەلی و مەلییان قەت لێ هەڵنەکەوتووە و هەرگیز هەڵیش ناکەوێ.»

تاشباش:

«بڕۆا ناکەن،» گوتی، هەناسەیەکی هەڵکێشا، «دەبێ چارەسەرێکی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە.»

کوێخا:

«حاڵی پیاوی ئاقڵ و کەڵەکباز جۆرێکی ترە.» گوتی.

«خۆ ئەنجامەکەیت یەکسەر دیت، فەلاکەتێکی شالاوی هێناوە، دیتت. ئەتۆ بۆ خۆت ئەو گوندییانە لە من چاتر دەناسی. وەلی هەموو، لە سەروبەندی قاتوقڕ و گرانیدا، لە سەروەختی پەتا و ڕشانەوەدا، لە هەنگامەی شەڕوشۆڕدا پەیدا دەبن. ئەوانی لەمەڕ خۆمان لە ساری قامیش لە شەڕدا بوون، هەموو ڕۆژێکی خوا مەهدییەک پەیدا دەبوو. ئەتۆ نازانی. ئەتۆ بەو ڕۆژانە نەگەیشتی بەڵام، بەبیستن بیستووتە، هەر گوندە و یەک دوو مەهدیی هەبوو. گوندی بەخوا نە، هەر بەوان پشتیان دەبەست. چاوی ئومێدیان لەوان بڕیبوو. شەڕ بڕایەوە. شەڕی یۆنانیش دواییی هات. پاش ئەوسا هەرچی مەهدی هەبوون سەرپاکیان لە بیرچوونەوە، ڕۆیشتن. ئەو مەهدییانە لەو ڕۆژگارانەدا بەپەرستن دەپەرستران، کە زانییان ئیدی گوندی هەر ئاوڕشیان لێ نادەنەوە، زۆریان لە داخان مردن. هەرچیشیان مانەوە ناچار هەڵاتن، دایان کێشا بۆ وڵاتانی تر. هێندێکیشیان دەستیان دایە پیاوکوشتن. مەهدییەکیان چل پەنجا کەسێکی لە خۆی خڕ کردەوە، یاخی بوو، حوکوومەتیش گرتنی، سەرلەبەری هەڵاواسین، جا هەر گوێ دێرە، تاشباشی برا، ئەمڕۆ ڕۆژی تەنگانە و مان و نەمانە. بەچڵێکت دەزانن و خۆت پێوە هەڵداواسن بڵیندت دەکەن، بڵیندت دەکەن، تا دەتوانن بڵیندت دەکەن، هەر کە لە تەنگانە ڕزگارییان هات، ئازاد بوون، ڕووناکاییان لێ هەڵات، لە حەلحەلەی ئاسمانێڕات هەڵدەدێرنە خوارێ بۆ بن پێیان، لە نێو قوڕ و چڵپاوێت دەگەوزێنن. گوێت لە من بێ، ئەرێ ئەم بەرازانە هیچ نوێژێ، مێژێ دەکەن؟ تۆ هەروا سەرنجیان دەیێ، ئەو ڕۆژانە کۆ دەبنەوە، بەڵام بێ بەرنوێژ نوێژ دەکەن. سبەینێکە هەر لە تەنگانە ڕزگار دەبن و نابن لە ئوێککەش گورگی چیای بەولاوە کەسێکی دیکە دەمێنێتەوە، خوای بەبیردا بێ؟ عادیل بێ ترس و سەغڵەتییان بەسەر دەچێ. ئەتۆش لەو ناوەندە، ئەگەر بۆ شێتخانەیەک، بۆ زیندانێکیان نەناردی، ڕووت و ڕەجاڵ دەمێنییەوە. لە پشتەوەیش زارت لێ دەردێنن. دەڵێن تەماشای وەلی کەن، تەماشای پیر و

ئەولیـا کـەن، دەدەنە قـاقـای پـێکەنین. من بۆ گـونـدمـە، بۆ خـۆمـمە، بۆ تـۆمـە، تا زووە بەرەوبڕی بدەوە.»

تاشباش لەبن بارێکی گرانی بیرکردنەوەدا:

«ئەمـانـەی تۆ دەیانڵێی هـەمـوو ڕاسـتن،» گـوتـی. «هـەر لە زەویڕا تا ئـاسـمـانـێ، گـوندی ئەوەی لە دڵیـدا، لە مـێشکیدا جێ کـردبێـتـەوە، پـێشـی لـێ ناگـیـرێ. چارەسەرێ؟»

هـەرتـکان دوو بـەدوو دەسـتــیــان بـەبـیــرکــردنەوە کــرد. پاش قــەدەرێکی درێژخـایەن سەفـەر سـەری بڵیند کرد، چاوی لەسـەر ئاگردانەکە ڕاگوێزت، لە دورچاوی تاشباشی بڕی:

«تەنیـا یەک چارەسـەر هـەیە، ئەویش ئـەوەیە، لەمـشـۆکـە زووتر نیـیـە، گـوند بەجـێ دێڵـی و دەچی بۆ چقــورئۆوا،» گــوتی. «من هـیچ چـارەسـەرێکی دیکە نابینم.»

تاشباش پێ کەنی:

«خـراتر،» گـوتی. «جـا ئـەو وەخـتی بنۆڕە وەلییێ... ئەو وەخـتـی هـەر هێندەم دەمێنێ وەک حەزرەتی عیسا بۆ ئاسمانێ هەڵفڕم.»

دیسـان کڕبوون. تاشـباش بیری لەوە دەکردەوە « ئەم سەفـەرە بۆچی هێندە دەترسێ؟ ئەمە هەروا لە خـۆڕایی نییە. بێ سـەوەو نییە. سـۆنگە و سـەوەویشی ئەوەیە: پێی وایە، کە بووم بە وەلی، خراپەی دەرهـەق دەکەم.»

لە دڵەوە کەیفی بەمەیش دەهاتەوە، پێ دەکەنی.

«بەڵام بشـــمـــرێ ناتوانێ بمکا بە وەلی لەم گـــوندە. هـەزار و یەک دەردی سەریم بۆ دەمێنێتەوە. هـەرچی هـەڕەشـە و گوڕەشـە هـەیە بەبای دا. ڕاوەستێ، بزانین کار بە چ دەگا؟»

سـەفـەریش بیـری کردەوە: «دەیدایـە باری ساویلـکەیی، سـەگـباوە، هەمـوو شـتێکیش لەبن سـەری خـۆیـەوە دەکەوێتـە ناو ناوانـەوە. بۆ لەناوبردنم، ئەمـە حــەوت ســاڵی خــشــتــە، هەرچی هـونەر و فــەندوفـێڵ هـەیە بەخــەرجی دا.

ئەمەیشیان دوا هونەری. ڕاوەستێ بۆم، بزانم ئاکامی بەچ دەگا؟»

ئیدی هەروا چاوی لە بڵێسە و گڕی ئاگردانەکە بڕیبوو، بیری لەوە دەکردەوە چۆن چۆنی بەرەوبڕی ئەم بوون بە وەلییەی تاشباش بداتەوە، لەپڕ ڕاچڵەکین. هەر لەو نزیکانەوە، لە پشت ماڵێ، دوو تەقە کرا. پاشان دەسرێژ لە دوو دەسرێژ، نەدەبڕایەوە.

کوێخا:

«قەوما، بەسەریاندا داین، بەسەر گوندیاندا دا،» گوتی. ڕاپەڕییە سەرپێیان. تفەنگێ، فیشەکێ، شتێکت نییە تۆ؟ بڕۆ بیهێنە، خێرا بیهێنە.»

تاشباش ئۆغلۆ:

«تفەنگ و فیشەک لەلای من چ دەکا؟» گوتی.

«با من بگەڕێمەوە بۆ ماڵێ، با بچم لێیان وەدەست بێم، دەنا هەموومان سارد دەکەنەوە.»

ڕاپەڕی

تەقە و لێکدانی نێوان کوێخا و بەکرە شێت، ئەوێ شەوێ سەعاتێکی پتر خایاند. گوندی ئاگایان لە مەحمەوودی بێ زەواڵیش نەبوو. لە حاڵێکی وادا بن چییان لێ دێ. ڕێگر و ئەشقیا دێن بەسەریدا دەدەن. گوندێکی قەرزوقۆڵەی خۆی نەدابێتەوە.

لە پەنجەرەی ماڵێرا تەقەی لە تاریکەشەوەکە دەکرد، بەڕاست و چەپدا، بە بەرودوادا تەقەی دەکرد. بەڵام هیچ ئاکامێکی چاکیشی لەم کردەوەیە چاوەنۆڕ نەبوو. گوندی ئەوپەڕەکەی هەریەک دوو سەعاتێکیان قسە لەسەر باسخوون و شەوەیخوونەکەی شەوێ دەکرد، وێجا ڕێک و دروست بایاندەداوە سەر تاشباش ئۆغلۆ. ئەو گوللانەی دەیهاویشتن هەروا لە بەلاش دەڕۆیشتن. کاری ئەوێ شەوێ بەبۆش چوو. دەبوو ڕووداوێکی زۆر گەورە، زۆر گرینگ لە گوند ڕووی دابا گوندیی لە تاشباش سارد کردباوە، بەڵام ڕووداو نەک گاڵتە. لە ناکاو، «دیتمەوە،» گوتی. ڕاپەڕییە سەرپێیان. تفەنگەکەی دەستی تووڕ هاویشت. ڕاست بۆ ماڵی تاشباش هەیپێی لێ کرد.

سەفەر کە دەستی لە تەقەکردن هەڵگرت، بەکرە شێت و هۆمەریش، هەر لەدوو وی وازیان هێنا.

سەفەر وەک لێزمەی شادی، هەر کە لە دەرکەی ماڵی تاشباش وەژوورکەوت:

«دەبا بزانم کێن ئەوانەی بەسەر گونددا دەدەن،» گوتی. «خۆ بۆ خۆت دیتت، بەنیو سەعات چۆن هەناسەم لە بەر برین. خۆ بەچاوی خۆت دیتت. ئەدی چۆن، ئەمن ئەوها سەروماڵم لە ڕێی دادەنێم، بێوەی سێ و دووشی لێ بکەم.»

تاشباش بەرانبەری ڕاوەستابوو، بەوپەڕی جۆش و تاسەوە پڕی دایێ، باوەشی پێدا کرد: «دیتمەوە،» گوتی. «دیتمەوە مەمەدی برا، زۆر چاکیشم دیتەوە. تۆیش و خۆیشم و گوندییە پاک و پارياوەکانیشم لەم بەڵای سەرە قوتار کرد. زۆر چاکیشم قوتارکردن، گیانە. لێرە بەپاشەوە کەس تۆ ناکا بە وەلی، تازە حەدیان چییە. بشیانەوێ ناتکەنێ. تازە ڕابرد. بشمرن ناتکەنێ. ئۆخەی قوتار بووین.»

هێند بەجۆش هاتبوو، هەر بەجارێ حەپەسابوو، تاشباشی بەردا، «تۆ، با جارێ دانیشم، نەختێ بەخۆ بێمەوە. هەر کە دیتمەوە و نەمدیتەوە، یەکسەر، بەهەڵەداوان هاتم. ئەوەندەی نەمابوو بمرم، سەرەخولێم هاتێ. هێمان هەر هەناسەبڕکێی بوو. نەحەسابووەوە.

تاشباش ئۆغڵو:

«خوا خۆشت کا، کا سەفەر،» گوتی. «دەزانم بەپەرۆشی منیش و گوندیشەوەی.»

سەفەر تەوس و تیز و توانج و تەشەری دووتوێی قسەکانی سوێسە کرد، بەڵام خۆی لێ نەبان کرد.

گەرماوگەرم لە تاشباشی پرسی:

«پیاو دەبێ چ بکا؟ چ خراپەیەکی بکا، لەم دنیایەدا نەگاتە نۆ پلەی وەلییایەتی؟»

چاوی بریقــــەیەکی بەدەک و دەهـۆی زۆردارانـەی بـەداوەوە بـووی تێـــــدا دەخوێندرایەوە.

«هەر خراپەیەکی دەیکا بیکا. خوا لە خراپەی ئینسان خۆش دەبێ. جا ئەو ئینسـانەیش لەبەر ئەو بە نۆ پلەی وەلیـیـایەتی گـەیشـتنـەی، لەبەر کـردەوەی چاکی دەتوانێ بەرز بێتـەوە، عـارەبێ...» گـوتی. سـەفـەر سـەربەندی قسـەکـەی گرت، گوتی:

«لەمـەدا زۆر ڕاست دەکەی. لە ئەرزەوە تـا ئاسـمـان. من ئێسـتـا بیـر لە تۆ دەکەمـەوە. خراپەیەکی وا بکەی ئەم گوندەت... پیاوێ دزی بکا، پیاوێ عـیرزی خەڵک بگێ، پیاوێ ئاژەڵ و ڕەشـەوڵاخ بگێ، کەر بگێ، کێوی بگێ، پیاوێ یەکێ بکوژێ، گوندی ئەم پیاوە ناگەیەنێتە نۆ پلەی وەلییایەتی؟»

تاشباش بە ساردییەکەوە:

«نازاندرێ،» گوتی.

سەفەر ئاگری گرت:

«چۆن نازاندرێ؟ لـە کـەرگـایندا بەسـەر کـەرێکەوەت بگرن، دە پـیـاو بەسـەر کەرەکەوەت ببین لە گوند، سەرت دەگەیەنن بە تانجی وەلییایەتی؟»

«هیچ مەعلووم نییە، لە گەیاندنی بن دەیگەیێنن.؟»

«دەی جـا من تەکلیـفـێکم لە خزمـەتتدا هەیە. مـەسـەلەی کـەر، مـاین، سـەگ کـارێکی پیـسـە. کـاری هـەڕەتی هـەرزەکـارین. لەم تەمـەنەشـدا پیـاو ناکـوژی. کــەوابوو چی مــایەوە؟» چوونە ژوورەوە، «ئـەمــەیـان دەتوانـی بکەی؟ دەتـوانـی بکەی یانـی چی، هێندەشت پێ خـۆشـە هـەر...» پێ کـەنی. «جـا کـەس هـەیە لە گــوند بـەمــە نەزانـێ. لـەم گــوندە کــەس بەوە نەزانـێ، کــە کچ نەمــاوە لـەو نـاو مـەزرالۆکـانـە بۆنت پێوە نەکردبێ و هـەڵت نەمـژیبێ؟ بێت و دەمـڕاسـتی گوند بەسەر ژنێکەوەت ببین و لە پێش چاوی گوند بتگرن، ئەوساکە نە وەلییایەتیت دەمــێنێ و نـە هیـچ. ئیــدی بـەمــە خــۆشـت و منیش و گــوندیش هـەمـــوو دەحـەلـەسـێین. تۆیش هـەر هیچ نـەبێ ڕۆژێکی خــۆش دەژی بۆ خـۆت، کــەیفێ دەکەی. ئـەگەر ژنیش دەڵێی حـازروبزر، جوانـی جـوانان. ژنەکەی بەکرە شێتی

برامان. بەکرە شێت بۆ خۆی لە هەموو حاڵوباڵێکی ژنەکەی ئاگادارە. لەگەڵ ئەمەیش قەتت دژمنایەتی لەگەڵ ناکا، خەمت نەبێ. پێش ئەوەی دەست بەکارەکە بکەین، بەگوێی بەکرە شێتیدا دەچرپێنم.» هەرچەندی ئەو، ئەم قسانەی کرد، تاشباش ئۆغڵو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، لە ڕکان دەست و لاقی وەک بیی نێو ئاو دەلەرزین. لەپڕ تەقییەوە:

«ئەرێ ئەوە، تۆ چ شەرمت بەخۆ نییە سەفەر؟» گوتی. «ئەتۆ تۆزکاڵێ شەرەفت نییە؟ ئەدی ئەتۆ ئینسان نیت؟ دەمزانی ئینسان نیت بەڵام نەمدەزانی ئەوەندە پەست و ئاڵچاخیت، شەرمت نەبێ دزییەتی بکە، شەرمت نەبێ پیاو بکوژە، شەرمت نەبێ، بڕۆ لەگەڵ کەر، لەگەڵ سەگ، لەگەڵ ماین، لەگەڵ بەرازی ئەو کەژە جووت بە، ئەمانەت هەموو گوت... بڕوانە سەفەر، ئەتۆ هەراسانییەک دای گرتووی. زۆر چاک دەزانم لە چی دەترسێی. من بشمرم کاری وا ناکەم گەردی پێ بنیشێتە سەر شەرەفم. یاڵڵای دەکرد گوندی نەک بە وەلی. بە پێغەمبەر، بە مەهدییان دەکردم. لەسەر ئەمەیش چم بەسەردێ با بێ چش. ئەتۆ چم بەسەر دێنی بیهێنە. ئەمن دەزانم تۆ لە چی دەترسێی. خەمت نەبێ، دڵی خۆت تەنگ مەکە. گوندی پیاوێکی وەکی من بە وەلی ناکا. گوندی لە یەکێ دەگەڕێ زمانی لە دەمدا نەبێ، هەرچییەکی ویست پێی بکا، بەهەر لایەکیدای ڕادا مل بنێ، بەرەو کوێی ئاژۆت بۆ وێندەر بڕوا. وەلی دەبێ نەختێ دێوانە و شێت و شوور بێ، کەمێ گێلۆ بێ، ساویلکە بێ. پێت وایە کە گوندی وەلییان پێ گوتم، دەتوانن بەبڕوام بێنن کە وەلیم؟ چما گوندی نازانن؟ دەبا گوندی ئێستا بچن بەو ئوێککەش گورگی چیایە بڵێن، ئەمشەو تۆپێ نوورمان بەسەر ماڵەکەوەت دیت خەرمانەی دابوو، تۆ بووی بە وەلی. بزانە چۆن یەکسەر بڕوا دەکا هەژارە. ئەتۆ قەت دڵگیر مەبە. هیچ مەترسێ، چ کاری وا پیس و گەماریشم لە ستۆ مەئێخە، با نێوانمان تێک نەچێ.»

سەفەر نۆڕییە تاشباش ئێکجار دەهری بوو، هیچ جۆرە تەکلیف و ڕاسپاردەیەکی بەگوێ ناکا:

«بەڵام،» گوتی. «کورە، ئاخر، پاشانەکێ کە تووش بووی، کەس ملت لە پەت

قوتار ناکا هااااا...»

تاشباش:

«با قوتاری نەکا.»

سەفەر:

«گوندی هی وەکی تۆ ناکا بە وەلی، ئەو هەموو بەند و باو و حیکایەتانەی تۆ وەسەر زاری خەڵکمان دێخی. شەوانە بەپیاوەکانی لە بەردەکەی، بەڕۆژ بەنێو گوندیان وەردەکەی، پێیان دەگێڕییەوە.»

تاشباش بەڕوویدا هەڵکالاَ:

«درۆیە،» گوتی.

سەفەر:

«ئەمن لە ڕاستگۆییی خۆم دڵنیام،» گوتی، هەڵستایە سەر پێیان. ئەوەی خۆی بکەوێ ناگرێ. بەرۆکت لە دەستی گوندی قوتار ناکەی، ملت لە پەتی سێدارە ڕزگار ناکەی. ئەوی خۆی بکەوێ...»

تاشباش هەڵستایە سەر پێیان. هەر وەخت بوو دەست داتە پێسیری سەفەر، بە تێ هەڵدان بکەوێتە وێزەی. بەڵام سەفەر لە ماڵەکەی بوو. لەبەر هەندێ تووڕەیییەکەی قووت دایەوە.

«سەری بگری و بنی بگری، هەر ڕۆحێ نییە؟ هەمووی هەر ڕۆحێکە. هەیە و نییە ڕۆحێکە! ئەویش دەدەین و دەبڕێتەوە. چیی دیکەت هەیە بیڵێی؟»

سەفەر:

«مادامێکی کارەکەت بەو ڕادەیە گەیاند، پەتە چەورەکەت لە پێش چاوی خۆ دانابێ، هیچ قسەیەکی دیکەم نییە و ناشبێ. مادامێکی ئەوەی بەسەر گوندی دێ، ئەوەی بەسەر ژنەکەت دێ، ئەوەی بەسەر منداڵەکانت، بەسەر من دێ، هەمووت بیر لێ کردبێتەوە و لە پێش چاوتدا دانابن... ئەو گوندە دەربەدەر کەن، ڕەهەنەی کەن بۆ ئەوسەری ئەو چۆڵ و هۆلانە، گۆڕ و گۆڕخانەی دایک و باوک و باپیر و خۆشەویستانمان، سەرلەبەر لێروکانە بێ ناز بن و بەجێ

بمێنن و له بیربچنەوە و لەگەڵ زەویدا ببن بەیەک، مادامێکی ئەمانەت هەموو له پێش چاو گرتبن، هیچ قسەم نییە.»

تاشباش ئۆغڵو:

«له پێش چاوم گرتوون،» گوتی.

له ڕکان هار و شێت دەبوو.

سەفەر هەستی به تووڕەییەکەی کردبوو. دەیدیت، تا دەهاتیش پتری تەشەنه دەکرد. قەدەرێ ڕوانی ئاگای له خۆی نەماوە، بەزۆر له ماڵ وەدەرکەوت.

## ٢٧

با بزانین ڕۆژێکی هەڵدێ چیی بەدەمەوەیە، هەرچییەکی بەدەمەوەبێ، شتی جوانی لێ دەوەشێتەوە. تۆ بڵێی کاری ئەو گوللانه بێ، دوێ شەوێ هاوێژران؟

سبیانێ زوو سەفەر پیاوی خۆی وەنێو گوندی وەرکردبوو. خەونێکی بەئاووتاویشی بەزەڵەجە پیرەوە دیتبوو و خەونەکەیشی بەباری خێردا بۆ لێک دابووەوە و بەرهەڵدای نێو گوندی کردبوو. خەونەکه له خراپەی تاشباش ئۆغڵو بوو. خەونێکی زۆر پیس بوو. زەڵەجه هەرچەندی کردبوو و کڕاندبوو، زاری هەڵنەهاتبووەوە، خەونەکه لۆ کەس بگێڕێتەوە. لۆ کەسیشی نەدەگێڕایەوە. ئەی هاوار له دەست ئەم سەفەرە، چۆن پیاوێکە! خەونەکەی زەڵەجه خەون نەبوو... جا هەر بەڕاستی، خەونێکی ئەوهای دیتبا، بۆ کەسی نەدەگێڕایەوە. تەنانەت هەرچەندیشی بیر لێ دەکردەوە شەرمەزار دەبوو و له سەفەر تووڕە دەبوو.

پیاوەکانی سەفەریش کەم نەبوون. بەنێو گوند وەربببوون. ئەوەی نەبیسترابێ، ئەوەیان له خراپه و بۆسۆکردنی تاشباش هەڵدەبەست و حیکایەتی سەیر و سەمەرەیان له دژ دەگێڕایەوە. ئەدی هەر ئەو تاشباشه نەبوو دزیی دنیایێی کرد، ئەدی هەر ئەو تاشباشه نەبوو مز و مافی سێوی و هەتیوانی خوارد، ئەی هەر ئەو نەبوو نامووسی کیژێکی دوازده ساڵانی برد!

تاشباش لە تەمەنی لاوێنیدا لە گیانلەبەری کێوی و گیانلەبەری کەوی پتر لەگەڵ چیی دیدا جووت نەدەبوو. مامۆستا قەرەتۆپاخێ نەیێ لەو کارە قوتاربوونی نییە. دەڵێن حەز لە مامزێکی دەکا، شەو و ڕۆژی لەدوو دەبێ. مامۆستای قەرەتۆپاخێ دووعا دەکا، تاشباش پێسیری خۆ لە چنگوڕکی ئەو کارە قوتار دەکا و لەگەڵ بەرەی ئینساندا دەست بەجیماحان دەکا. هەر لەو دەمیرا بەکوڵکی کیژی هەشت ساڵانەوە دەنیشێ، هەشت ساڵان نەبا توخنیان نەدەکەوت. داک و باویان ناچار دەکا، ناوێرن چیی لەگەڵ بڵێن. ئیدی وای لێ دێ دوو گونەی بەسەر کوڕەکانیشیاندا شۆڕ دەکاتەوە و ئەوانیشی بستێ لێ دەرباز نابن.

«بنەماڵەی وا وەلییایەتیی لێ دەکەوێتەوە؟ قەت دەشێ بۆ لوقمانی حەکیم باپیرە گەورەی پیاوی وا بووبێ. پیاوێکی وا شایانی ئەوە نەبێ لە ناو بەرەی ئینساندا بژی، چۆن دەبێ...»

مەسەلەی زەوی ماچکردنی ورغون ئەحمەدیش لە بەردەمیدا، بەجۆرێکی دیکە ڕوون دەکرایەوە.

«ورغون بۆ هەموو ماڵێ دەچێ. خراپەی خەڵکەکەی یەکە بەیەکە، بەڕوویاندا دەداتەوە. هەرچی تاشباشە دادەنەوێتەوە لە حوزووریدا زەوی ماچ دەکا. باشە ئەمە یانی چی؟ یانی لەم دنیایەدا کەس بێ کەموکووڕی نییە. هەموو کەسێ کەموکووڕییەکەی بەچاویدا دەدرێتەوە، بەڵام هینەکەی تۆ بەچاواندا نادرێتەوە. هێندەشت کەموکووڕی زۆرن تۆ، ئەی تاشباش ئۆغلو، ئەتۆ بێ پرس و پرسیار یەکراست، بۆ بنەبانی دۆزەخێت دەبەن. لەبەر هەندێکە، لەم دنیایەدا، تەنیا هەر لە پێش تۆدا زەوی ماچ دەکرێ. لەوە پێتر، لەم دنیایەدا، بۆ تۆ چیی دیکە ناکرێ. ئەتۆ لەو دنیایەی دەکەوییە حاڵێکی وەهاوە، ئەوەندە ئەشکەنجە و ئازار دەکێشی، بەناوی تیرەی مرۆوە. لەم دنیایەدا، لە زەوی ماچکردن لە بەردەمتدا بەولاوە، چیی دیکەت لەگەڵدا ناکرێ.

پیاوەکانی سەفەر کە فێری کردبوون و بەنێو گوندی دەئێخستن، لە هەموو ماڵێکی، لە هەموو کۆڕ و مەجلیسێکی، لەلای هەر ئینسانێکی بووبوون بەبلبل

و بەو تەرز و ئاوایەیان دەچریکاند. بەباریکان و بەستووران دەیانڕست و دەیانگوت، تا زاریان هەڵمسا، تا تفیان لە زاریدا هیشک بوو هەر دەیانگوت و دەیانڕست. ئەو هەموو فشەکردنە، ئەو هەموو هەڵبەستن و بەیت و بالۆرانە لە گوێیەکیەوە. دەچووە ژوور و لە گوێیەکی دیکەوەی دەردەهات. ناوەناوەش هەر بەتەواوەتی کاری پێچەوانەی دەکرد.

با بزانین ڕۆژێکی هەڵدێ چ دەکا، هەرچییەکی بکا جوانی دەکا. سەفەر زۆری متمانە بەو ڕۆژە بوو. بۆرە ئومێدێکی هەر مابوو. تۆ بڵێی ئەو وەستای قسانەی بەنێوی گوندیەوەی وەرکردبوون، ئەو چیرۆک و حیکایەتانەی پێی لەبەر کردبوون و بردبوونیان... پاشانەکێ، ئەو تەقانەی دوێکە کرابوون هیچ کارێکیان نەکردبێ؟»

ڕەفتاری دوێ شەوێی تاشباش وەک خەنجەر لە جەرگ ڕاچووبوو. ئیدی لەوێ جارێوە شەڕ دەستی پێ کردبوو. بەڵام شەڕی ئەمجارە لە چتاقە شەڕی پێشووان نەدەچوو. ئەمە شەڕی مەیدانێ بوو. لایەک لە دوولایان. یەک ئاسەواری ئەوی دیکەی دەبڕییەوە. ڕۆژی مان و نەمان و مردن و ژیان بوو. جا خوا، یا بەمی دەدا، یا بەو. ئەو ڕۆژگارە ڕۆژگاری مەترسی و بەسەر یاریکردن بوو. ئیدی تاشباش ئەوڕۆکە بەشاقاوی بێ ترس و پڕ بەمتمانە و دڵنیاییەوە لە سەرکەوتن نزیک دەبووەوە... هەر لە دوورەوەت دەڕوانی، ئەو سەرکەوتنە لەو دەمەدا هی ئەو بوو، هەل هەلی وی بوو و بۆی ڕێ کەوتبوو.

ئاخ عادیل لە کوێی، دە فریاکەوە، بە بەندەی ئاڵقە لە گوێت بم. دە بەهاناوە وەرە، با ئەم دەهۆ و ئۆینەی تاشباش ببێ بەهیچ. ئەوڕۆ فریاکەوتی، ئەوە فریاکەوتی، فریانەکەوتی... دەزانم سەرت بەگێچەڵێکی گەورەوە گێژە. دەنا قەتت دەشکاندم. هەرگیز قسەیەکت بە دوو نەکردم. چما ناتناسم! ئەدی برایەکی، هاوڕێیەکی گیانی بەگیانیم نیت؟ ئاخ خۆ دەتوانی ئەوڕۆکە بێی.»

ئەدی دەستەی دەمڕاستانی گوند چییان لێ بەسەرهاتبوو؟ لەوەتی ڕۆیشتبوون چەند ڕۆژ دەبوو؟ چ کارێکیان بۆ پەیدا دەبوو؟ بۆ نەدەگەڕانەوە؟ تۆ بڵێی بۆرانەکەی دوێنێ شەوێ ڕێگەوبانی لێ تەنیبن؟ هەورەکانی چیای

تەکەچ ڕێ نادەن؟ لە هەموو شتان ناهومێد بووین. دە هیچ نەبا، با دەستەی دەمڕاستان گەڕاباوە. واز لە هەموو شتێ هێنان و بۆ شارچوون، بەسەر دەست و پێی عادیلدا کەوتن، هەرچی هەیە و نییە گوتن، ورد و باریک گێڕانەوەی شەڕی مەیدانێ، ئەمانە هەموو هەن، بەلاَنەکێ ئێرە بەجێ ناهێلدرێ. خۆ ئەگەر عادیل سەری بەگێچەلێکەوەیش گێژ بووبێ. هەرچییەکی بکەی و بکرێنی هاتنی نییە و نایە. دە، ڕاوە، با چاوەڕێ کەین، بزانین، پەیک و قاسیدان، دۆست و هاوڕێ، چ دەنگ و باسێکی لە نێو گوندەوە دێنن.

لە پێشان مووساگوڵ هات. مووساگوڵ یەکە پیاوی نێو گوندیی سەفەر بوو. بەهەتیوی گەورە بووبوو. ئەم و ئەو چاوێکیان پێوە ببوو. تا دەگاتە ئەسکەرییێ. لە پاشان چووبووە پەنای کوێخا. کوێخایش ژنی بۆ هێنابوو. بەدەستیاویش خانووێکی، بەگوندییان بۆ ڕۆنابوو. ئەوی هەیبوو، هەر کوێخا و ئەوی نەیبوو هەر کوێخا بوو، کوێخا نەبوایە، ئەو دنیایە بۆ مووساگوڵ وەک لە گوزەران نەهاتبا وا دەبوو.

سەفەر:

«دە بڵێ مووسا،» گوتی. «لە بارەی تەقەکانی دوێ شەوێ، لە بارەی چەتەکانی، بەسەر گوندیاندا دا، چ باسە، چ خەبەرە؟»

مووساگوڵ هەر هێندەی منداڵێکی دەبوو و نەدەبوو. لەڕولاواز. پێستی بەهێسکیەوە نووسابوو، هەرتک گوپی داقووپابوون، ڕەنگی هەمیشە زەرد بوو. هەمیشەیش شڵەژاو و پەشۆکاو، هەر دەتگوت، ئەمێستاکە یەکێ دێ، گەورەترین خراپەی لەگەڵ دەکا. لەسەر ئاگر بوو.

«دەڵێن ئەم چەتانە چ جۆرە چەتەیەکن؟ هیچ کوێیان نەدیتەوە، گوندی قەرزار نەبێ، ڕووتی کەنەوە؟ ئەمانە چ چەتەگەلێکی ئەحمەقن؟ لە ئاگردانی ساردوسڕ ئاگر دێنن؟ ئەمە بەولاوە، دوێنێ شەو قسەیان لەمەڕ تەقەکانەوە نەکرد. تەقەکانی دوێ شەویان بەگیزەی مێشوولەیش نەزانیوە، هەر گوێشیان نەداوەتێ.»

هەناسەیەکی هەڵکێشا:

«ئەمرۆیش دیسان بەسەر زاری هەموو کەسێکەوە بوو. هەبێ هەر بەرەی تاشاشە و نەبێ هەر بەرەی تاشباش. یەکیشیان گوتی.. ئەمەیان ئوێککەش گورگی چیا گوتی. ئوێککەش گوتی. یەکێ بنەماڵەکەی ئاوها خاوەن کەشف و کەرامەت بێ، هەڵبەت خۆیشی بەتاڵ نابێ، ناشبێ ببێ. هەرچی گوندی لەوێ بوون، هەموویان گوتیان، ئامەننا، ڕاست و دروستە، پیاگێ بنەماڵەکەی وەی چەشنە وێ هەرگیز بەتاڵ ناوێ.»

«کەواتا ئاوهایان گوت؟ جا لە هەموو خراتر ئەمەیە. چیی دیکەیی ناوێ. یەکەم پریشک بەر خەرمانی لۆکە، بەر کۆمەڵی باروت کەوتووە. چیی تری ناوێ،» گوتی. «فەرمانی لە سێدارەدانمان جوان و زەریف نووسراوە و لەوێ داندراوە، ئویف، وەڵڵا شتی چاکە، قەت لەوە چاتر دەبێ! وا پەتەکەمان جوان جـوان لە مل خـراوە. ئەمن پیـاوی خـۆم چاک دەناسم. لەوەتی هەم، ئەم ئوێککەشە بێ مەزەوە، پێنج وەختە نوێژکەرەی، سێ مانگ بەڕۆژووە، بەندەی خوا نەبووە و نییە. بەندەی سەر بەردینە. سەربەردین هەر بۆ خۆی دەزانێ هەوەڵ پریشک بۆ کێ داوێ. ئەم پیاوە هێندەی دەریایەکی ئاوەز و فرووفێڵ هەیە. بەڵام وەنەبێ ئەوی بەرانبەریشی هەروا بۆش و بەتاڵ بێ. با ئەمە زۆر چاک بزانێ. مووسایەکەم، ڕۆڵەکەم، ئەم دەنگ و باسەی هێناوتن چاکن. چ چیـرۆک و حـیکایەتی دیکە لەمـەڕ بنەمـاڵەکـەوەی هەن؟ دەبن؟ ئەم کـارە، لەبەرئەوەی کـارێکی نەخشـە بۆ کێشـراوە، ڕۆژانە، ئەگەر دە دانە چیـرۆک نەخرێنە مەیدان، ئەم وەجاخی چیرۆکە کوێر نەبێتەوە، نابێ، لە بیر دەچێتەوە. جا لەبەر هەندێ، تاشباش ئۆغڵو ناچارە هەموو ڕۆژێ چەند چیرۆک و حیکایەتێکی نرت و نوێی تازەکوورە بێنێتە گۆڕێ. دە بێژە، دەی، بزانم، ئەمڕۆ کێهە وەلی باپیرە گەورەی تاشباش بووە؟»

مووساگوڵ بەپێکەنینەوە:

«کێهە وەلی بووە، یانەبووە، ئەوە نازانم، بەڵام تاشباش باپیرە گەورەیەکی هەبووە، کەسی لە گوێن نەهاتووەتە دنیایێ،» گوتی.

سەفەر قسەکانی پێ بڕی، پرسی:

«باشــە ئەی گــوندی لە بــارەی ئەوانەی ئێــوە دەیگێــڕنەوە، لـەمــەڕ دزیەتـیی تاشباش، لەمەڕ زیناکردنیەوە، لەمەڕ نامووس بردنی خەڵک چ دەڵێن؟»

«چ دەڵێن ئـەم گـوندییــە بێ نامـووســانە، ئەم ئینسـانە ئاڵچـاخ و چەورە و پەستانە چ دەتوانن بڵێن؟ ئاخ، چ دەتوانن بڵێن، گەردی گەرد ئاسایی چییە لە تاشبـاش نانیشێن، دەڵێن، ئەم قسانەی دەکرێن، سـەرلەبەر، زوان هـەڵبەسـتن، درۆودەلەســەن. جـارێکی دی ئەو دەرکــەیە لە کــەس ناکـەنەوە. گـوند وای لێ هاتووە، خۆ ناتوانـی لەلای منداڵێکی منداڵ ئاسـاییـیان قسـەیەک لە خـراپەی تاشباش بکەی.»

سەفەر:

«نەخـێر، کـار لـە کـار ترازا،» گـوتی. «تازە ڕابرد. فـەرمـانی هـەڵاوەسـینمـان جوان و زەریف نووسـراوە و لەوراکە داندراوە. ئەم تاشـباشە هـەر کە هەلی بۆ هەڵکەوێ، سـەرلەبـەری بنەمــاڵەی کـوێخــا خـدر لەم گـوندە ڕەهەنـدە دەکـا و پەرتوبڵاویان دەکاتەوە، هەموو بەداردا دەکا.»

مووساگوڵ، ئەوانی لەوێ بوون بەترسەوە، سەرێکیان بۆ ڕاوەشاند،

«دەیکا»، گوتیان.

«لێ ڕزگاربوونی نییە.»

کار وا بڕوا هیچ جۆرە ڕزگاربوونێ نییە.

ئوێککەش گورگی چیا هەوەڵ پڕیشکی لە پیپی باروتێ هاویشـتبـوو. هەر بینا پیپە باروت تەقی. جا هەنگێ بڕوانە دنیا، گـوێدێرە گرمـوهـۆڕ، بڕوانە کوێخـا سەفەر، خزمـەکانی، لاگرانی، ئەم گونـدییە بێ هۆش و نەفامانە چییان بەسەردێ.

ســەفــەر بۆ ئەو چیــرۆک و حــیکایەتانەی لـەمــەڕ بنەمــاڵەی تاشــبــاشی هەڵدەبـەسـتـران سـوێی دەبـۆوە. ئەم بێ ئیمــانانە حـیکایەتی هێند خـۆش و بەئاووتاویان دەدیتـەوە و هەڵیان دەبەستن، حیکایەت ئەمان حیکایەت! سـەفەر نەیزانیبا هـەرچی ئەم حیکایەتانە بگێڕێتەوە، باسی سەریەتی و لە دار دەدرێ، هـەر کەسێکی هـاتبا پێشێ، بێ سێ و دوو، لە گێڕانەوەیان نەدەبووەوە.

بە مووساگوڵی گوت:

«دە بیانگێڕەوە، مووسام، بیانگێڕەوە. با بزانین بنەماڵەی تاشباش ئیرۆ چییان کردووە؟ ئەز دەخوازم چشتەکی ژ تە بپرسم. قەتت بیر لەمە نەکردووەتەوە؟ ئەم حیکایەتانە کێ هەڵیان دەبەستێ، لە پێشان کێ بڵاویان دەکاتەوە؟»

مووساگوڵ:

«تۆ لە بیرت چوو،» گوتی. «ئەتۆ پێت گوتبووم، ئەوەی لە پێش هەموو شتێکەوە دەبێ بیزانم، ئەوەیە، کێ ئەم حیکایەتانە هەڵدەبەستێ. بەمەوە زۆر خەریک بووم، هەرچەندم کرد نەمزانی، کێ هەڵیان دەبەستێ، نەمزانی نەمزانی... هەر دەڵێی زەوی بەگوێی خەڵکیاندا دەچرپێنێ. ماڵی حیکایەتم بەقوڕێ گرت، هەر دەڵێی دار و بەرد، باوبۆران، تۆف و وەیشوومە، بەفر و کڕێوە دەیانگێڕنەوە. کێ ناڵێ، لەو دەشتودەرە کاکی بەکاکییانەوە بەهاژەهاژ هەڵناکەن و نایەن. ئای چەندی لەدوو گەڕام، بزانم کێ ئەم حیکایەتانە هەڵدەبەستێ، ئێستا و ئێستاش نەمدۆزییەوە کێیە و کێ نییە. سەرلەبەری بەهۆش و ئاوەزی ئەو سەر دنیایەی لەدوو گەڕێین هەڵی ناهێنین و نایدۆزینەوە. چشت نییە نەیدۆزنەوە، بەڵام ئەوەی ئەم حیکایەتانە دروست دەکا، نادۆزنەوە.»

سەفەر:

«دەزانم نایدۆزنەوە،» گوتی. «ستران و لاوژەش هەر بەو ئاوایەن، ئەوانیش کەس نازانێ کێ هەڵیان دەبەستێ. ئەوانی دەناسرێن، هەموو دنیا دەیانناسێ، ئەوانی ناناسرێن، کەسیان پێ ناحەسێ.»

ئە ئەم تاشباشە، ئەم مەمەد تاشباشەی گوندەکەی خۆمان هەیە، خۆ هەموو دەیناسن، باپیرە گەورەی ئەو... باپیرە گەورەی باپیرە گەورەشی... بە سەرلەبەری بنەماڵەکەی، بەهەموویان دەڵێن تاشباش. ناوی بیلبتوونی پیاوانی بنەماڵەیش هەر مەمەدە. پێدا شۆڕدەبییەوە، تا دوا دوایێی دەڕۆی، ڕەنگە لەو بنەماڵەیەدا هەزار مەمەد ناو بدۆزییەوە.

چیایەک هەیە، چیای قازی پێ دەڵێن، وا لە ڕۆژاواییێیە، لەو گوێ دەریایە. کیژی زەردی وەلی لەوێ دەخەوێ. ئەم چیای قازە پیرێکی گەورەی لێ هەبووە. ئەو سەروبەندانە، دنیا، هەر دوو پیاوی پیرۆز و گەورە هەبوون و چیی تر. یەکیان لە چیای قاز دەبێ و ئەوی دیکەشیان مەمەد تاشباشی گەورە، باپیرە گەورەی ئەم تاشباشەی تۆرۆسی خۆمان دەبێ... ئەوی دیکەشیان کیژەزەردی چیای قاز دەبێ.

ئەم دوو گیانە لەم چیاوە بۆ ئەو چیا لە حاڵوباڵی یەکدی بەئاگا بوون، ئەمیان چ دەخوا و چ دەخواتەوە، چۆن دەڕازێ، چۆن ڕادەبێ و هەڵدەستێ، ئەوی دیکە چاوی لێ بووە.

کیژی زەرد پیری تەیروتووان بوو. تاشباشە گەورەی خۆشمان هی مامزان. کیژی زەرد لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکە چووبێ، بەهەزاران جۆر، بەهەزاران ڕەنگ، تەیروتوو، بەئاسمانەوە، لە نێو خەرمانەی تیشک و ڕووناکیدا بریسکاونەوە. کە بەچیای قازدا ڕۆیشتووە، هێندەی تەیروتوو بەگەڵە خۆ داوە، نە چواردەوری، نە زەوی، نە هاسمان، نە دار و درەخت، نە گیا و گوڵ، نە ستێر، هەر هیچ هیچ لەبەر تەیروتووان دیار نەبووە. کیژی زەرد، نێوی خۆی بەخۆیەوەیە، قژە زەردە زێڕینەکەی بەسەر شانیدا، وەک ئاوی ڕەوان ڕۆیشتووە. بەچیای قازدا گەڕاوە خولاوەتەوە. چاوی، ئەوەندەی بلێی، گەورە و گەش، شین، تیژ و بە سۆما، لێوی لە گوێن ڕەنگی گوڵ هەنار بووە. کیژی زەرد کیژێکی هەژدە ساڵەی نەسمراو دەبێ. تاشباشی خۆشمان خورت دەبێ. زۆریش قۆز دەبێ. ڕدێنێکی خورماییی لوولی دەبێ، تا بەرسینگی. تا دەست هەڵبڕی کەڵەگەت، برۆ، چەندی بلێی پڕ. چاو بەڵەک و گەورە. نێو شان پان دەبێ.

هەمیشە بەسەر پشتی مامزێکەوە، ها لێرە ها لەوێ، بەو کەژانەوە دەفڕێ. ڕۆژێکیان پیری مامزان دێ، هەزاران مامزی شاخ چەتاڵ وەدووی خۆ دەدا، دێتە خوار، بۆ ئەو ڕاستانی چقورئۆوایە هیچ ئینسانێ، هیچ ئەفراندەیەکی بیانی توخنی مامزەکانی ناکەون. لە لانەی مامزاندا دەنوێ، لەگەڵ واندا

دەخـوا و دەخـواتەوە، بلـێ چیـشی خـواردبێ و خـواردبێتـەوە چاکـە؟ چۆڕێ شـیری مـامز، نەختێ هـەنگوینە کێویلە، لاگوێلێ گەنم و دوو دڵۆپ ئاو و چیی تر.

ڕۆژێکیـان باڵداریٔ دێ، لـە پێش دەمـی پیـری مـامـزان، لەسـەر بەردێکی دەنیشێتەوە. بەڵام چ باڵدار، هێند قشتیلانـە و جوان، هێند ڕەنگاوڕەنگ، هەر دەتگوت لە بەهەشتـەوە هاتبـوو. تاشبـاشی گـەورە، بەهیچ جـۆرێ چاوی لەو باڵدارە جوانەی لە بەردەمی دەنیشێتەوە، ڕاناگوێزێ. لـە یەکبینەیش لە دڵی خـۆدا دەڵێ، دەبێ بچم، توخنێکی ئەو باڵدارە بکەوم. دەستـێکی بەپەڕیدا بهێنم، بەڵام لە لایەکی دیکەشـەوە، دەڵێ ئەگـەر هات، دەستـم دایێ، ئازاری گـەیشـتێ دەترسێ. ئەم لـەم بیـرکـردنـەوەیەدا دەبێ، باڵدار لـە پێش دەمی دەنیـشێتـەوە. تـاشبـاشی گەورە دەست دەبا، باڵدار دەگـرێ، دەست بە پەڕە جوانەکانیـدا دێنێ. ئەم لـەم دەست بەپەڕهێنانەدا دەبێ، لەپڕ چ ببینێ چاکە، قـوتوولکەیـەکی چکۆلانەی زێڕی لـەبن باڵدا دەبێ. کـە قـوتوولکە دەکـاتەوە، تەمـاشـا دەکا، تیسکێ لۆکـەی سپـیی تێدایە، سـەیرێکی بن لۆکەکـە دەکا، دەبینـێ تاڵێ قـژی لوولی زەردە. تاشـبـاش دەسـبـەجێ دەزانـێ، ئەم بـاڵدارە لە کوێوە و بۆ کوێ نێردراوە. تاڵە قژە زەردەکە لە قوتوولکە دەردێنێ، قژی چی، زۆریش درێژ دەبێ. بەگـەڵا زەیتـوونێکەوەی هـەڵدەکـا و لـە ملی دەکـا. ئـەوجـا ئەسکڵێکی لە ئاورگی چلمێران، کە تا ڕۆژی قیامـەتێ ناکوژێتـەوە هەڵدەگرێ، لەسـەر لۆکـەکەی نێو قـوتوولەکـەی دادەنێ. پاشـانەکێ قـوتوولەی لەبـن باڵی باڵدارەکە دەخاتەوە، خواحـافیزیی لێ دەکا. ئەسکڵی چلمێران، لۆکەی کیژی زەرد ناسـووتێنێ. پیـرە گـەورەی مـامزان، تاشـباش دەیەوەێ بەمـە، بڵێ، ئێـوە بەمە دەڵێن، ئێوە وەک لۆکە نەرمونۆڵن، ئێمـەش دەمانەوێ بڵێین، ئێمەیش وەک ئەسکڵی ئاورگی چلمێران دەسـووتێین، بەڵام ئاگری ئێمە ئەوینی وەک لـۆکەی نەرمونیانی ئێوە ناسووتێنێ.

باڵدار لە شەقـەی باڵان دەدا، دەچێ قوتوولکە بەکیژە زەرد دەگەیەنێ. کیژی زەرد هەر کـە قـوتوولە دەکـاتەوە واقی وڕدەمـێنێ. دەڵێ، خـۆ ئەمـە لە ئێـمـە

ئاشقترە، لە ئێمە وەلیترە. بچمە خاک و پا و ڕوو بە هاسانەکەیدا بێنم.

لەو دەمەدا پیری مامزان بەچاوی دڵ تەماشا دەکا، باڵدارانی سەرلەبەر، لەخۆ خڕ کردوونەوە، بەڵام باڵداری چی، ئەرز و ئاسمان نایانگرێتە خۆ، لە هەموو لاوە هەڵدەقوڵێن، وەک هەوری سپی بەدوویەوەن. دەڵێ هەی نامەردت نەکەن، ئەوە قەت لە شانی مە دەوەشێتەوە، دەستمان توند نەگرین، وەخۆ نەکەوین، لەلای کیژی زەرد سووک و ڕیسوا دەبین، لەلای هەموو مەخلووقاتی ڕووی زەمین... باز دەداتە سەر پشتی مامزەکەی، مامزی تاین وەک ئەستێرە، چۆن دەکشێ، لەم چیا بۆ ئەو چیا، تەلانە و تەلان، وەڕێ دەکەوێ. لە ناکاو تاشباش پاتشا ئاوڕی پاشەوەی دەدا، چ ببینێ، بەهەزاران ڕانە مامزی لەدوو دێن، بەسەدان هەزار ئەستێرەی لەدوو دەکشێن. مامز لەگەڵ ئەستێرە، ئەستێرە لەگەڵ مامزدا تێک هاڵاون، ئەوسەری دیار نییە، پشووێکی دیکە، هەمدیس ئاوڕێکی دیکە دەداتەوە، چ ببینێ، چیای پیرە تۆرۆس بە دار و بەردیەوە، بە سەرینچاوەکانیەوە. بەهەرچی مەخلووقاتیەوە، بەمارومووریەوە گولۆڵە بووە، لە دووی دێ. تاشباشی مەزن تەماشا دەکا، دنیایەکی گەورە و گرانی بەدووی خۆ داوە، بەرەوپیری کیژی زەرد دەڕوا. لە دڵی خۆیدا دەڵێ، وا نابێ. کیژی زەرد شتێ بەدڵیدا دێ، دەڵێ بڕوانە، بۆ ئەوەی خۆی بەپیری پیران بەمن پیشان بدا، دار و بەرد و کۆ و کۆساری وەدووی خۆ داوە، دێ. بەو ئاوایە بیر دەکاتەوە، بەتۆرۆس دەڵێ، کەژە پیرۆزەکە ئەتۆ لێروکانە ڕاوەستێ، ئیزنت نادەم، لەگەڵە من بێی، تۆرۆسیش جوان و زەریف لەوێ ڕادەوەستێ. جا هەر لەبەر ئەمەیشە کلکەی تۆرۆس هاتووە داویە لە ئیزمیر، بەهەرچی ئەستێرەی ئاسمانیش هەیە، کە بەهەڵقوڵێن هەڵدەقوڵێن، دەڵێ، ئەستێرە جوانەکان، ئێوەیش هەریەکە لە جێگەی خۆتان بمێنن، مەبزوون. ئەستێرەیش سەرلەبەر، بەو ئاسمانەوە، هەریەکە لە جێی خۆ دەمێنێ، بستێ نابزوێ. ئەو نابینی ئاسمانی چقورئۆوا چۆن ڕاخراوە. بەهەزاران، یەک لەسەر یەک، جمەیان دێ و هەڵدەقوڵێن. تاشباشی مەزنی مامزان بەکیژی زەرد دەڵێ: «ئەتۆ مردی گڵکۆت لەسەر ترۆپی چیای قازێ دەبێ، ئەمنیش

مردم گڵکۆم لەسەر ترۆپی چیای تۆرۆس دەبێ. جێگەی تۆ لە نێو تەیروتووان، جێگەی منیش لە نێو مامزان.»

ئیدی بەو ڕەنگە گفت و بڕیار دەدەن.

کیژی زەرد دەڵێ:

«خەم مەخۆ، ئەوانەی لە ئێمە دەکەونەوە لە تۆرۆسێ دەمێننەوە، لەبەرئەوە دەبێ دیارییەک بەتۆرۆس پێشکێش بکەم.»

تاشباشی مەزن:

«هەقی خۆتە بیکە،» دەڵێ، «ئەو خاکەی بنەماڵەکەتی تێدا گەورە دەبێ، چیی لێ بکەی هەقتە.» کیژی زەرد مستێ خاک لە چیای قازەوە دێنێ، بەداوێنی چیای تۆرۆسەوەی وەردەکا:

«بەنییەتی ئەوەی بەرد لەم خاکە بچێنن، بەردەکە شین بێ، بەر بگرێ،»

دەڵێ، «هێندەیش بەئیروو و بەبژیو بێ، دوازدە مانگەی ساڵ بەروبوو لەسەر ئەو خاکە کەموکاستی نەهێنێ.»

دەسبەجێ خاکی چقورئۆوا وای لێ دێ.

دارگوێزێکیش لەو چیای قازە دێنێ، لە چیای تۆرۆسێ، لەسەر ڕێگەی چقورئۆوا دەنێژێ، دەڵێ:

«ئەم دارەیش بۆ ئەوە بێ، هەر کە ناگوزووری تەنگی بەتیرەی ئینسان هەڵچنی، یاریدەری بێ و هەر کە تووشی بێ چرا و ڕووناکی هات ببێ بەچرای. ئەو جێی حەزرەتی خدری لێ بەفریای ئینسان ناکەوێ، ئەو بەهانایەوە بێ.

دارگوێز گەورە دەبێ، هێندێ جار دەبێ بەڕووناکی و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ. خەڵکەکە هەر کە تووشی تەنگانەیەک، ئاسیوێ دێن، پەنای بەبەر دەبەن و داوای نیاز بەجێهێنانی لێ دەکەن، دارگوێز دەبێ بەفریاڕەسیان و بەدەنگیانەوە دەچێ. ئەمە، تا ڕۆژی قیامەتێ، ئاوها دەبێ. جا ئەم سەرگەورەی مامزانە، تاشباشی مەزن، باپیری کیژی زەرد، باپیرە گەورەی مەمەد تاشباشی خۆمانە.

جا هەر لەبەر هەندێکەشە مامز ڕاوکردن لە دەوروبەری ئەم دێهاتی تۆرۆسە گوناحە، دەشلێی لە بەرچی؟ چونکە گەورەی مامزان لە خۆمانە، بۆیە.

سەفەر پرسی:

«باشە، گوندی بڕوایان بەم حیکایەتە کرد؟»

مووسا:

«نەخێر،» کەس بڕوای نەکرد. گوتیان ئەمە وەلییە، نە باپیرە گەورەی تاشباشە و نە تەڕەماش... پیرێکی وا هەبووە، بەڵام زۆر لەمێژ بووە. سەربار، نە کیژی زەردی هێناوە و نە هیچ. درۆی مەسەلەکەیش لەوەدایە، کیژی زەرد قەت شووی نەکردووە. هەروا بەکچیەتیی خۆی ماوەتەوە و تێکەڵ بەچلمێران بووە.»

سەفەر:

«ئەوجا هەر بەجارێکی تێداچووین،» گوتی. «فەرمانی مەرگمان لە ستۆ کراوە و چاوەنۆڕین. بڕوایان بەمە کردبا، مانای ئەوەبوو کار بەرەو شلۆقی دەچوو. ئیدی مەسەلە چەسپی. پیاوم دەوێ لە پێش تاشباش ڕاوەستێ. فەرموو، ئازای، ڕاوەستە. لاسامەیەکی هێند گەورە و گران دێ، سەرلەبەرمان ڕادەماڵێ، دەبین بەئاوماڵکی گوێ چۆمان.»

سەفەر ئیشارەتێکی بۆ ئەوانی لە ژوورێ دانیشتبوون، کرد، گوتی، هەموو وەدەرکەون. تێکڕا گرژ و مۆن بوون. بە نەخوایشت هەڵستانە سەر پێیان، هەر دەتگوت لە ماڵە پرسە و ئازێتبارەوە دێنەدەر.

سەفەر:

«ڕۆڵەکەم، حەلی هۆمەر، ئەتۆ بمێنەوە،» گوتی. «ئەتۆ بمێنەوە، قسەیەکم پێتە.»

هۆمەر گەڕایەوە، لەتەک ئاگردانەکەوە ڕۆنیشت. لە یەکبینە، لە پێشە خۆی دەنۆڕی.

سەفەر هێشتا چاوەنۆڕی دەکرد، لە شارڕا خەبەرەکەی لۆ بێ.

هێشتاوەکونێ لە عادیل ئومێدبڕ نەبووبوو. هەروا چاوەنۆڕی دەکرد. دەیگوت ئەو هەموو پاشکەوتنەی هەروا بێ سوڕ نییە. پەشکو عادیل پێی گوتبن، یەک دوو ڕۆژێ چاوەنۆڕ کەن، پێکەوە دەچین. دەستەی دەمڕاستی گوندی هاکا موژدەیەکی خۆشی هێنا، بەڵام کەنگێ؟ ئەوڕۆکە بێتن، کار دروستە. بکەوێتە سبەینێ، بڕوا ناکەم ئیدی... وەبزانە چڤیکی نێوقەفەسێ فڕی و ڕۆیی. تا ڕۆژ ئاوابوو، بەئومێدەوە چاوەنۆڕ بوو. بەڵام کەس مانای بەرچاو نەکەوت. نە کەس دەهات و نە کەس دەچوو.

گوتبووی، با بزانین، سبەینێ کە ڕۆژ هەڵات چیی بەدەمەوەیە. گوتبووی، هەرچییەکی بەدەمەوە بێ کاری چاکی بەدەمەوەیە. نەخێر، نە چیی چاکی بەدەمەوە دەبێ و نە تەڕەماش. ڕۆژ دوای ڕۆژ، سەعات بەسەعات، ئانەوئان، تا دەهات کار ڕووی لە خراتر بوو. لە هەموو کاتێکدا، ئەم شەڕە گەورەیە، هەر تاشباش دەیبردەوە.

هەر لەگەڵ ئێوارێ داهات و دانەهات ، خۆر ئاوابوو، ترسێ. ترسێکی گەورەی مردنی چووە دڵەوە. خۆ جارێ، تاشباش ئەو هەنگامە و بەزمەی دوێ شەوێ ڕووی دا، هەرگیز لێی خۆش نەدەبوو. ڕۆحە شیرینەکەی بەدەرهێنان دەردەهێنا. ئەدی گوندی، پێتر ژنان، لە چقورئۆوا، سەرلەبەر یەکیان نەگرت و ئاغا خراپکارەکانیان، لەتوپەت نەکرد؟ چما کەرتێکی چکۆلەی ئاغایەک تنۆکێ خوێن، نینۆکێکیان لەوناوە وەگیر کەوت؟ پیاوەیان وەک ئارد دەهاڕی. چما تاشباش ئەمەی نەدەزانیی؟ ئەمەی نەبیستبوو؟ بەو دەردە بردنەی پێ خۆش نەبوو؟ ئەدی ئەگەر پێی خۆش نەدەبوو، لە پای چی هەڵپەی دەکرد، ببێ بە وەلی؟

پاش ئەوەی، ئەوانی دی وەدەرکەوتن، کرکپییەک دای گرتن. خۆ هۆمەر، هەر زاری هەڵنەدەهێنایەوە، دوو ورتە بکا. سەفەریش قسەی نەکرد. کیژەکەی سمەبۆر هێنای، سفرە و خوانی شێوێی لە پێشێ ڕاخستن. بێ وەی شتاقیان متەق بکەن، خواردنەکەیان ماشتەوە.

سەفەر پاش نان خواردن:

«هۆمەر گیانەکەم،» گوتی. «کار کەوتە ناچارییێ. وە دیارە وەجاخەکەی کوێخا خدر، کە سالانی ساڵە، وەک وەجاخی کابە نێڵەنێڵ دەسووتێ، بەرەو کوژانەوە دەچێ. وا پێ دەچێ، ئەم وەجاخە جوانە، ئەم وەجاخەی سەرلەبەری هەژار و دەستەوسانی لە سادا دەحاواوە، ئەم وەجاخە بەشەرەفە، ئەم وەجاخە خوێن پاک و ڕەسەنە، ئەم وەجاخەی پاشاکانی عوسمانلیی لێ بەمێوان دەبوون، پیازی لێ دەچێن. کەس نەما بۆ کوژاندنەوەی ئەم وەجاخە هەڵپە نەکا و بە لاس و پەلاسدا نەچێ. چ لەم گوندە، چ لە گوندەکانی دیکە، بۆ ڕووخاندنی ئەم وەجاخە هەڵمەت هێن زۆر پەیدابوون. پشت بەخوا و لەسای سەری ئازا و دلێرانی وەکی تۆی سەر بەبنەماڵەی کوێخا خدر، ئەم هەموو هێرش و هەڵمەتانەمان، بەدەس وەشاندنێ بەرپەرچ دایەوە، هەرچی ئەم تاشباش ئۆغلووەیشە، تۆ بۆ خۆت دەزانی ئەمە حەوت ساڵی خشتە لەگەڵمان خەریکە. حەوت ساڵە، حەوت ساڵی ڕەبەقە بەتەنیا باڵە هەموو هێرش و هەڵمەتێکی ئەم تاشباشەم بەرتەرەف کرد. تا ئێستاکانێ، خۆتان بلێن، تاکە کۆمەکێکم لە یەکێکتان، لە تیرەی کوێخا خدر، داوا نەکرد. زۆر شوکور، بنەماڵەی کوێخا خدر پیاو خراپی لێ نەکەوتووەتەوە. تا ئێستایش وەک قەلایەکی سەخت، یەکیان گرتووە و بەسەر ئەم وەجاخەوە بەسەرڕێوەن.

«جا، ئێستا، لەم ڕۆژانەدا، دژمنەکەمان، ئەو دژمنەی، تا ئێستا هیچ چارەیەک بەدەستەوە نەما، دەستی بۆ نەبا، دەستی بۆ چارەسەرێکی وا گەورە بردووە، لە بڕوابەدەرە، لە ئەقڵ و ئاوەز بەدەرە. ئەم چارەسەرەیش لە ڕەنگ هیچ چارەسەرێکی ئەم سەر دنیایە نییە، لە هەمووان ڕۆحی پیاو پیستر دەکێشێ. تاشباشێکی حەوت ساڵی خشت هی ئەوە نەبوو شان لە شانم دا، ئەمڕۆ، دەرفەتی هێناوە، نیازی وایە جاڕی وەلییایەتی بدا. ئەمە چەند ڕۆژە چاوم وەک چاوی خەرتەلی چیا بەسەریەوەیە، نایتروکێنم. وەلییایەتییەکەی بەپیلانێ نەخشە دەکێشێ ئەقڵ و ئاوەزی تێدا کول و کوێرەوارە. هۆمەر گیان، ئەوەتا، تۆ بۆ خۆشت کەینوبەینەکە بەچاوی خۆت دەبینی، باشە هەر کە مەشتی، جاڕی وەلییایەتی خۆی دا و خەڵکی ئەم گوندە سەرلەبەر بەو سووک

و سانایییە کەوتنە دەستی، بڵێ، بزانم ئەم پیاوە چیمان لێ ناکا؟ ڕەحمەت بۆ گۆڕی مردوومان دەنێرێ؟ بەرەی کوێخا خدر لە ناو دەبا؟ بڵێ، بزانم؟»

هۆمەر بەتوندی:

«دەیبا،» گوتی.

«دە ئەگەر وایە، تا ئەو لە ناوی نەبردووین...»

هۆمەر:

«چاکت زانی. بتڕەژم، ئەی ئافەرین، بەڵانەکێ ئەمە چۆن چۆنی سەروبەر نێین؟»

هۆمەر:

«دەچم دەیکوژم،» گوتی. «تۆ هەر ئەوەندە بەیەکێ لە تیرەی کوێخا خدرم قوبووڵ کە.»

«ئەوا قوبووڵم کردی و بڕایەوە. نەک هەر ئەوە و بەس، بگرە تۆ سەرەک هۆزی کوێخا خدریشی!» پاشانەکێ هەڵی دایێ: «نەخێر هۆمەر، نەخێر،» گوتی. «کە دەستت بۆ مێروو برد، نابێ پشتی بێشێنی. دەبێ ئاو بەبن کادا بڕەوێنی. نابێ کەس پێ بزانێ... تاشباش بەجۆرێ لە ناو دەبەی، کەس پێ نەحەسێ، کەس پێ نەزانێ.»

هۆمەر:

«ئەمن کارم بەسەر ئەو لایەنەوەی نییە،» گوتی. «چۆن دەڵێی وا دەکەم.» «تەماشا هۆمەر، کوڕی خۆم. من قەت وقەت حەز لە پیاوکوشتن ناکەم. ئەفراندەی مرۆ بەدەوترین و هەرەجوانی ئەفراندەیە کە خوا بەوپەڕی هونەرمەندییەوە بەزەک و دۆزەکی داوە و خەمڵاندوویە و ڕەوشاندوویە و ڕازاندوویەتیەوە. ئەمن دەستم نایچێتێ، دڵم نایە، حەیفم لێ دێ. سەر بێ سەرێشە نابێ. بەش بەخۆم، بەتەنیا بەش بەحاڵی خۆم، هەرچییەک بم، پیاوێ چاو ببڕێتە سەرلەبەری بنەماڵەکەم، ورد و درشتی وەجاخەکەم، ڕاست دەڕۆم، نایەڵم فڕی بەسەر دنیاوە بمێنێ. سێ و دووی لێ ناکەم، لە ناوی دەبەم.

ورغون ئەحمەد چی گوت؟ خۆ ئەوێ ڕۆژێ خۆشت لێرە بووی. شایەتی هەرە گەورەی ئەم قسەیە خۆتی. ئەدی نەیگوت ئەتۆ مەرگت بەهیچ نایە. تەنیا هەر بەدەستی تاشباش دێ. خۆ تۆ بەگوێی خۆت بیستت و منیش بیستم، دنیایەکی گەورە و گرانیش، سەلەبەر بیستی. جا ئەمرۆکە من بڕیاری ئەوەم دا مردنی من بەدەستی تاشباش نەیە.» هەڵچوو، شاخی کرد، باڵی کرد، ڕەگی ملی هێندەی پەنجەکەڵەیێ هەڵمسا و ئەستوور بوو، گوتی: «ئەو، مردنی بەدەستی من دێ. ئەمشۆکە پێش ئەوەی تانجی وەلییایەتی لەسەر نێ، گیانە شیرینەکەی بۆ دۆژێ رەوانە دەکەم.» هەڵستایە سەر پێیان، بەهۆمەری گوت: «وەرە بۆ ئێرە.»

چووە هۆدەکەی ژوورێ. هۆمەریشی وەدووکەوت.

«جا، کوڕی خۆم، من ئەم کارەم لە مێشکمدا هێناوبرد، ئەمدیوم کرد، ئەودیوم کرد، تا دام مەزراند. تۆ هەبی، سەری تۆ خۆش بێ. زۆر هاسانە. پاشانەکێ بەرەو وەلییایەتی چوونی تاشباشیش بەکەڵکمان دێ. تۆ دەتوانی دەنگت کوتومت وەک دەنگی ئۆزونجەعەلی لێ بکەی؟»

هۆمەر خێوی بەهرە و هونەرێکی گەورە بوو. دەنگی دەگۆڕی. کیهەی ویستبا، دەنگی وەک دەنگی وی لێ دەکرد. کەیفی لێ با، دەیتوانی وەک مریمۆک، کوتومت، وەک مریمۆک باخێوێ. ئەوی گوێشی لێ با، نەیدەزانی هۆمەرە، مریمۆکە، خمی لێ دەشێوا.

«دەق وەک وی دەکەم.»

«زۆر بەجێیە. جا، نووکە، خۆ ڕووت دەکەینەوە. بەتاقی کراس و دەرپێ دەمێنینەوە. مەترسە، مەترسە. هەرچییەکان هەیە و نییە، لە ژێر کراس و دەرپێوەیان لەبەر دەکەین. سەرمامان نابێ، مەترسە.»

«من باکم بەسەرما نییە.»

«حەز دەکەی هەر ڕووتیش نابینەوە، هەر کە چارشێوێکی سپی وەک کفن لەخۆ دەپێچین، بەڵام چارشێو لە دەست و لاقمان دەئاڵێ. دەموچاویشمان بەدۆرنج و تەنی ڕەش دەکەین و سەر و سەرپۆشی سپییش بەسەر خۆدا

دەدەین. هەر کە شەوگار بەترێکی چوو. یەکڕاست، خۆ دەگەیێنینە ماڵە تاشباشی. دەرکە، تۆ لێی دەدەی، دەنگیشت وەک دەنگی داڵیتی لێ دەکەی. هەر کە دەرکەی دەکاتەوە و ناکاتەوە، ئەم جەواڵەی بەسەردا دەکەین، هەڵی دەگرین، دەیبەین بۆ خوار شیوەکە، لەوێ بەکاوەخۆ دەیتاسێنین، دەیهاوینە نێو کوێرە بیرەکەوە، ئەوجا، لە سەرەخۆ، دەگەڕێینەوە بۆ گوند، دەیکەین بەدمگۆ و بانگەشە، دەڵێین، تاشباش چلمێران بردوویانە. چاکە؟»

هۆمەر:

«چاکە، بەڵام،» گوتی. ئەدی ژنەکەی؟ تاشباش دەگەیێنینە کوێرەبیر، دەبێ یەکێ ژنەکەی لەبەر دەرکە بگرێ. دەبێ یەکێ هەبێ دەستێکی لە زاری ژنەکەی بئاخنێ، کاوکۆتەڵێ، گیا و گۆڵێکی لە زار بئاخنێ، دەنا...»

سەفەر:

«هەی مامت بەگوری عەقڵ و ئاوەزت بێ، بوێرەکەم، ئەو فام و هۆشەت لە کێندەر پێکەوە ناوە، کەسی مامی» گوتی. «هەقتە، کە ئێمە تاشباش دەبەین و دەڕۆین... دەبێ یەکێ هەبێ زاری ژنەکەی بگرێ، خەبەری گوندیمان لێ نەدا، بیکەن بەڕۆژی حەشر. کاری وایش لەگەڵ بیانیدا ناکرێ. دەبێ لە خۆت بێ. کێ هەیە لە بەرەی کوێخا خدر بپەرژێتە ئەو کارە و باشاری کا»

هۆمەر زیت بووەوە:

«کەس نییە،» گوتی.

سەفەر:

«چ تیرەیەکی قسر، چ تیرەیەکی ئەولیامان هەیە، تۆ وەرە وەرە، پیاوێکی وات لێ هەڵنەکەوێ لە تیرەکەت، زاری ژنێکی پێ بگیرێ.»

هۆمەر هەر بەو دەنگ و ئاوازەوە:

«نییە،» گوتی. «ئەدی ئەگەر منیش نەبام...»

«ڕاست دەکەی ڕۆڵەکەم، ئەگەر تۆیش نەبای، هەر بەجارێ ماڵم وێران بوو، کارم کرابوو. تۆ نەبای ئەمنیش بەتەنیا باڵە ئەو کارەم نەدەکرد. تاشباشیش وشکاوی بەنێر و مێ و سۆرە و تۆرەمان دێنا.»

هۆمەر هەڵوێستا، گوتی:

«شتێکت پێ بێژم؟»

سەفەر:

«بێژە بێژە،» گوتی. «تۆ زۆر ئاقڵی، هێندەی باری هێستریێ.»

هۆمەر:

«کەسی سێیەم، برایشمان بێ، با لە کاری خۆمانی وەرنەدەین.»

«ڕاستە، ئەمە سەودا و مامەڵەی سەرە.»

هۆمەر:

«ژنەکەشی دەبەین، ئەویش لە کوێرە بیرێ داوێین.»

سەفەر:

«حەیفت لەو ئافرەتە نایە، ئەو گوناهی چییە؟»

هۆمەر:

«جا کێ گوتوویە ژنی ئەو بێ، با ژنی ئەو نەبوایە. جا وا بوویش، کە مێردەکەی ملی لە وەلییایەتییێی نا، نەدەبوو بەری لێ بگرێ. وا بوو بە وەلیش، چاوی نەبڕیبا وەجاخی کوێخا خدر.»

سەفەر لەتاو زۆروێژی و هەڵچوون و کەفوکوڵ

«ئا ئەو تفەنگانە سەحێ کەوە جارێ. گیرێ، گرفتێکیان نەبێ. سەیرێکی دەرێیش بکە، بزانە هەواکەی چلۆنە؟ ڕۆژی بەهەوا و بۆران زۆری سوود بۆ کاری وا هەیە. دە هەڕۆ، تەماشایەکی دەرێ بکە.»

هۆمەر چوو و گەڕایەوە:

«لەو هەڵەتەوە گرموهۆڕ دێ. ئەمشۆکە گیانلەبەر مانا لە دەرێ ناحاوێتەوە، زێڕۆح دەرنابا، دڕندە و جانەوەر و تەیروتوو، ورچ، ڕێوی، گورگ، سەرلەبەر لە لان و کون خزیون.»

«هۆمەر.»

«فەرموو.»

«پیاوکوشتن زۆر خراپە، وەنییە؟»

«ناااا.»

«زۆر خراپە زۆر، بەڵام چ دەکەی کە... وەنییە؟»

«نەخێێیر.»

«پیاوکوشتن خراپ نییە؟»

«نەخێر.»

«تۆ قەتت پیاو کوشتووە، هۆمەر؟»

«نەمکوشتووە. بەڵام هێندەم کەیف لە کوشتنە، پاش شەش ساڵێ دەتوانم بەهەموو کەس بڵێم، من تاشباشم کوشت. وەنییە؟»

سەفەر شیڕاندی:

«ئەتۆ شێتی؟» گوتی. «شتی وا بە بەندەی خوا دەگوترێ؟ ئەدی خزم و کەسی تاشباش لە تۆڵەی خوێن ناگەڕێن؟ حوکوومەت نامانگرێ؟ کەواتا تۆ زار خاوخلیچکی دەکەی. وابێ، ئەمن دەستم لەو کارە هەڵگرت.»

هۆمەر:

«گەمەم کرد، بێ قەزابی،» گوتی.

«گەمەیەکی چاکیش. کردەوەی وا تا مردن بەکەس ناگوترێ.»

سەفەر دڵی سرەوت:

«ناگوترێ کوڕی خۆم،» گوتی. «دە هەڕۆ، ئەو تفەنگانە سەح کەوە، با من، لێرووکانە نەختێکی ڕازێم. نیوە شەوێ، لەگەڵ بانگی کەڵەشێرێ خەبەرم کەوە.»

لەسەر تەختەکە ڕاکشا، چاوی قووچاند. لە پێستی خۆدا نەدەسرەوت. قەدەرێ تەزوو و مچۆڕکەی بەلەشدا هات پیاوکوشتن چتۆ کارە؟ لە بەربینگی دەگری، دەیگوشی دەیگوشی، هەردوو گلێنەی چاوی دەردەپۆقن، ئەوجا دەست و لاقی کووڕ دەبن، وەپەلەقاژێ و لینگەفرتێ دەکەوێ، دیسان زۆر چاک کووڕ دەبێ. پاشانەکێ دیسان لەپڕ خاو دەبێتەوە، دەست بەساردبوونەوە دەکا.

ئەوجا بەکاوەخۆ، هەڵی دەگری، لە کۆیرەبیریی داویی، چیی تێدایە؟ کار لەوەی ساناتر هەیە؟ هۆمەر ئازایە. کوڕێکی چاونەترسە، قۆچاخە. هۆمەر ئەو کارە دەکا، جوامێرە. غەیری وی نایکا. لەم سەر دنیایە لەوی پێوە کەسی دی نایکا. تەنێ هەر هۆمەر بتوانێ بیکا.

ئەگەر دەست لەو کارەی هەڵدەگرم، دەچم لە تاشباش دەپاڕێمەوە؟ دەڵێم پیاوی چابە، گەڕت لە گەڕی گیان و ماڵ و نامووسم مەئاڵێنە، خۆ لە قەرەی کوێخایەتییەکەم مەدە، لەم کاری وەلییایەتییەتدا ئەمنیش کۆمەگ و یارییەت دەدەم. دەتکەم بە وەلیی حەوت ئیقلیم، کابرا دەعبایەکی ئێکجار ملهوڕە، نووح دەڵێ، پێغەمبەر ناڵێ، بەگوێم ناکا، وەکی جاری پێشوو، دەرم دەکا. ڕەزیلم دەکا.

مەڕ و بزن، گاوگۆتاڵ، بەرخ و ساوا، هەرچی گیانلەبەری خوا هەن سەریان دەبڕن، موویان پێ نابزوێ، کەچی هەر کە کار دێتە سەروەی ئینسانێ بکوژن... دیسان قەڵەمی ئەژنۆی شکا، سەرتاپای لەشی، مچوڕکە دای گرت. باشە هات لاشەکەی تاشباشیان لە کوێرەبیرێ دەرێنا... هات و لە ئانی هێنانیدا، تەقا، یەکێ چاوی لێ بوو... ئەدی زیندان... ئەوجا پەتی سێدارە..

دەی، ئەگەر وازی لێ بێنێ چ دەقەومێ؟ تاشباشێکی بوو نەبوو، با بژی بۆ خۆی. چ گەزەن و زیانێکی هەیە؟ گەزەن و وەزەنی نییە. کاتێ بوو بە وەلی، هەر یەکەم ڕۆژ، بەئۆمەتەکەی دەڵێ: «جارێ، لە پێش هەموو شتێکدا، بڕۆن، ئەو کوێخا بێ مەزەوە لەتوپەت کەن و وەرنەوە.» گوندییش دێن لە بنەبانی ماڵێم دەردێنن، دەمبەنە ئەو ڕاستانەی پێش گوند، ونجڕونجڕم دەکەن.

چەند ساڵێ بەسەردا تێ پەڕیبوو؟ سەفەر هەمووی وە پێش چاوی خۆ هێنانەوە. سەروبەندی لۆکەچنینێ بوو.

پازدە ساڵێ دەبوو. لە گوندێکی، لۆکەی ئاغایەکیان خڕ دەکردەوە، یەک لە جێگاکانی چقورئۆوا، نزیک چیای تۆرۆس. لۆکەزارەکە، دەق، لە قەراخ ئاوایی بوو. مەزرا و کێڵگە، یەکسەر لەبن دیواری ماڵەکانەوە دەستی پێ دەکرد. ئەم گوندە، خانووبەرەی، دار و بەردی، هەرچیی هەبوو نەبوو، سەرلەبەری، هی

ئاغا بوو. ئاغا دەیویست خەڵکی گوندەکە وەدەرنێ، گوندی دەرنەدەچوون. ئاغا و گوندی، دوو ساڵی خشت بوو لە کێشە و هەرا و شەڕەقۆچاندا بوون.

عەسرانێ سەرپاکی گوند لۆکەیان خڕ دەکەنەوە. زۆر نابێ، ئاغا دێ، دەڵێ: «ماندوو نەبن،» دەڕوا. ئاغا تا ناوەندی گوند، تا نێو حەوشی مالان، تا نێو کووچە و کۆڵانانی هەموو کردبوو بەلۆکە. لۆکەیان لە ناوەندی حەوشێ کۆمەڵ دەکـــرد. لە نکاو، لە نێـــو گـــوند، بوو بە هەرا و زەنا. هەرا و زەنای چی، قیژوهۆڕی سەدان کەس بوو. دەستیان لە کار هەڵگرت، خۆیان کۆ کردەوە. ئاغا وەک مامز، دە هەنگاو لە پێشترەوە، هەڵدەهات، من دەڵێم سێ سەت، تۆ بڵێ پێنج سەت ژنی بەدووکەوتبوون، بەردەبارانیان دەکرد، چنگ لەسەر شان، ها لێرە ها لەوێ، هەڵیان دەبڕی، بیگرن، ئاخرییەکەی گەیشتنێ. قەرەباڵغیی ژنەکان، لە ناکاو، وەک هەڵۆ بەسەر ئاغادا دابارین، تێی ورووکان. قەدەرێ لە ســەری کــەڵەکــە بوون. لە پاشـــان بەرزیک و هۆڕ بۆی دەرچوون. هەریەکــە بەلایەکدا هەڵدەهات. لە پاشان بێدەنگییەک ئەو ناوەی داگرت. بەئاشکرا گوێت لە گیزەی باڵی مێش دەبوو، هاتن، نامەخوا، چ ببینن، کەرتێ لە لاقی ئاغا، باڵێکی لە نێو خوێن و خوڕدا، ئەو نیوەی سینگی، کە هێمان هەر خوێنی لێ دەتکا و خوێنەکەی تێکەڵ بەتۆز و خۆڵ بووبوو، ئیدی ئاو بێنە و دەستت بشۆ. ئەدی کەرت و پارچەکانی دیکەی چییان لێ هات؟ ئەم لا گەڕان، ئەو لا گەڕان. ئاغایەکی زل و زەلام چیی لێ هات؟ هەر هیچ نەبێ شتێکیان لێ وەگیر کەوێتەوە، بینێژن، زۆر گەڕان، چییان بۆ لێ پێک نەهات.

ئا ئەمە، لە چقورئۆوا، لە گوندێ، لە پێش چاوی سەرلەبەری خەڵکی گوندی یالاخێ ڕووی دا. لە پاشان، خەبەر گەیشتەوە، ئەو ژنانەی ئاغایان کوشتبوو، سەر و سێ مانگیان بۆ بڕیبوونەوە.

لە پاش ئەو ڕووداوە، عـــادیل بڕای ببـــڕای، جـــارێکی دی، بۆ گـــوندان نەچووبووەوە. ئێستا ئەوەی بەبیر دەهاتەوە. عادیل، عادیلی برام؟

«کـــورە نەڵێی، قـــەت نەڵێی، لە ترسی ئەمـــە نەبێ، نەهاتبێ؟ دەشـــبێ. ڕۆژگـارێکی دوور و درێژی بەســەردا تێ پەڕی، تێ پەڕی، بەڵام پیاو ڕووداوی

وا گەورە و گرانی قەت لە بیر ناچێتەوە. قەتیشی لە بیر خۆ ناباتەوە.»

دوو مانگان، لە چقورئۆوا، لۆکەیان خڕ کردەوە. تا دوو مانگ، نیوە سینگ و پارخانە خڵتانی خوێنەکەی نێو تۆز و خۆڵەکەیان لە بیر نەچووەوە. هەروا بەڕۆژی نیوەڕۆیێ، لەتوپەتکردنی ئاغایان لە پێش چاوی خۆی، ساڵانی ساڵ لە بیر نەچووەوە.

ورغون ئەحمەد چیی گوت؟ برادەر، گوتی، مەرگی تۆ بەدەستی تاشباش دێ، وەی گوت. قسەی شێت و دێوانە لە قسەی پێغەمبەر، لە قسەی ئەولیا و پیر بەڕێ و جێترە. بۆیە دەبێ، بەری لێ بگیرێ. نابێ تیکەتیکە کرێین.

ئەوەی بکرێ ئەمشەو دەکرێ. هیچ چارەسەرێکی دیکەمان نییە. هیچ هیچ نییە. خۆ مەخاپێنە سەفەر! سەرسەخت بە، مەترسە سەفەر! یا تاشباش گیانە شیرینەکەی تۆ دەستێنێ، یا تۆ گیانی شیرینی ئەو دەستێنی. کار گەیشتە ڕادەیەکی وا، تازە لە دەست ترازا. لەمە بەولاوە هیچ چارەیەکی تری نییە، برادەر! چ دەبێ با ببێ، ئەمشەو هەڵمەتبردن بەدەست تۆیە. لەبەرئەوەی عادیلیش ئیتر قەت نایە، هیچ ڕێگایەکی دیکەی نییە. بەڵام لە سەر و سەکوتی تۆیشدا، نازانم ئەم ترس و لەرزە چییە، ئەم دڵەخورپە و قەڵەمی دەست و پێ شکانە لە چی؟

ڕۆژی خۆی چۆن چاوی بەنیوە سینگە خڵتانی خۆینە لە تۆز و خۆڵ وەردراوەکەی ئاغای کەوتبوو، هێڵنجی هاتبوویێ، بەرچاوی ڕەش بووبوو و سەرەخولێی پێ کەوتبوو، ناو گوێچکەی دابوویە گرموهۆڕ، ئێسکاکانەیش ئاوهای لێ بەسەر دەهات. سەربازیش ڕشانەوەیەکی وای دەهات، وای دەهات هەر..

بێزی لەخۆ دەبووەوە، دەیگوت: «کورە سەفەر، کەس نەما، تۆ پیاو بکوژی؟ سەرباز، خۆشت نەیکوژی... هۆمەر بیکوژێ. ئێی چت دەوێ؟ تۆ تەماشای ئەم دڵە کە، دڵە، دڵ نییە، کانیاوی کوردە..[1] بڕوانە چۆن سرەوتی نییە.»

---

(١) ئەم قسەیە مەسەلە، تورکی ئەو ناوچەی تۆرۆسە تەعبیر لە پاک و خاوێنی و بەپەلە دڵ لێدان بدەنەوە، وا دەڵێن.

دەبێ دەست لەو کـارە هـەڵگیـرێ. دەبێ دەسـتی لێ هـەڵگیـرێ، بـەڵام چۆن بەهۆمەر بگوترێ؟ پێگوتنی ئاسانە. دەست لە وەلی هەڵنایەتەوە. ئەوی دەستی لێ هەڵبێتەوە دەستی وشک دەبێ، هۆمـەر بەمە یـەکسـەر لە شـوێنەکەی خـۆی چاوی ئەبڵەق دەبێ، بستێ چییە نابزوێ.

ئەم بنەماڵەی تاشباشـە هـەر بەڕاسـتی، ئەولیـاومـەولیا نـەبێ! دایە پێکەنین، ئەولیا بوایـە، هـەر هێندەی ڕێزەیەک وەلیـیـایەتیی بەخـۆوە دیتبـا، ئەمـە حـەوت ساڵە، چیی بەسـەر نـەدەهێنا، چیی پێ نەدەکـرد! تاشـبـاش بێ ویژدانە، پیاوێکی بێ بەزەیە، ناڕوانێتە فرمێسکی کەس، هەر موویشی پێ نابزوێ.

لەم ڕۆژانـەدا نـەبووبێ بـە وەلی؟ نـا، نـا، ســەگ دەبێ بـە وەلی، ئـەو نـابێ بەوەلی. نە نـوێژ دەکـا، نە ڕۆژوو دەگـرێ. چمـا پیـاو هـەروا وەک پیـرەژنی دۆڕشـاو، بە تووک و نزا دەگاتە نۆ پلەی وەلییایەتی؟

کەسـوکارێکی زۆری هەن. باشە ئەی لە تـەرمەکەی ناگـەڕێن، کە ون بوو لێی ناگەڕێن؟ ئاخ خ، دەبا ئەوشـۆکە نەبا، چ دەبوو، چما هـەر ئـەوشـەوە هـەبوو بۆ کـوشـتنی. هـەر حـەوتـوویێ حـەوتوویێ، زێتـر نە، حـەوتووەکـی دەرفـەت هـەبا، یەکـراست دەچوو، چەللۆی ئەشـقیـای لـەو چیایە دەدیتـەوە، بەسـەر دەست و پێیدا دەکەوت، ئەو کارەی بەو دەسپارد. ئەی ئەشـقیا کاری چییـە، پیاوکوشتن نییە. لەپڕ نواڕی، نە ڕشانەوەی دێ و نە سەریشی دەخولێتەوە.

دەبێ بکوژرێ؟

ورغون ئەحمەد چیی گوت؟ یا ئەو، یا تۆ؟

ئامادەیە، تا لەسەر گوڕە... لەپڕ ڕاپەڕی:

«هۆمەر!»

«ئەمرکە ئاغام!»

«کەڵەبابەکان؟»

«هەربینا خوێندیان. کەمی ماوە.»

«هەیدێ، با خۆ لەبەرکەین.»

دەسبەجێ خۆیان داکەند و چاکەت و شەرواڵەکانیان لە ژێرەوە لە بەرکرد. کاسە تەنی هەر لە ئێوارێڕا تەیار کرابوو. سەر و سوورەتیان، دەست و پلیان، ملیان، گوێچکەیان بەکەیفی تۆ ڕەش کرد.

کوێخا:

«چ دەبێ، چ نابێ، با سەر و چارشێوی سپیش هەڵگرین،» گوتی. «کفنی سپی زەندەقی پیاوی لێ دەچێ، هەر کەسێ بیبینێ قەڵەمی ئەژنۆی پێ دەشکێ.»

دەرەوە تاریکێکی ئەنگوست لە چاوی وابوو شاقاوت لە بۆ هەڵنەدەهاتەوە. تاریکی ئەمان تاریکی تۆفەدیوار چۆنە، بەو ئاوایە. ئەوجا بۆران ئەوجا تۆف و وەیشوومە، حاڵێکی لە بڕوابەدەر. بۆرانەکە هێند زاڵم بوو، کوێخا سەفەری یەک دوو جاران لینگەوقووچ تخێڵی عاردێ کرد. چابوو هۆمەر، بەخێرەخۆ ڕاستی کردەوە.

سەفەر دیسانەکە لەرزی لێ هاتبوو. لێی دێ و بەزیادیشەوە، ئەدی گەمەی منداڵانە، بۆ پیاوکوشتن دەچێ، بۆ پیاوکوشتن، ئەدی چۆن!

«پیلەکەت هێنا؟»

«پێمە.»

«فیشەکت تەواو هێنا؟»

«سەد و پەنجا دانەی کارخانە.»

«منیش پێمە. پیلەکە هیچ هەڵمەکە. بەوتاریکییە ماڵەکەی دەبینینەوە؟»

«هەروەک بەدەستی خۆمم نیشان کردبێ.»

«هۆمەر.»

«ئەمرکە ئاغام.»

«ئێمە نەیکوژین، ئەو ئێمە... هەروەها وەجاغی بنەماڵەیەکی گەورە و گرانیش کوێر دەکاتەوە. ورغون چیی گوت؟»

«دەتکوژێ.»

سەفەر هەردوو لاقی وەک بیی نێو ئاو دەلەرزین. ها ئێستا ها نەختێکی دیکە، پشتەوخوار دەبووەوە. هەرچەندی کرد و کۆشا دڵی، بنیادەم کوشتنی نەدەبرد، بەڵام هەرچەند بەرەبەرە لە ماڵی تاشباش نزیک دەبووەوە ڕک و کینەی تاوی دەستاند و هێندەی دیکە تووڕە دەبوو.

خوای تۆ کردی، ئەوی بەبیری سەفەردا نەدەهات، ئەوە ڕووی دا. لەوی وابوو هەر کە دەگاتە بەر دەرکە یان ناگاتێ، لە ترسان تەپ تخێڵی عاردی دەبێ، بەڵام تەواو بەرئەکس ڕووی دا. بەخۆ هاتەوە، کەف و کوڵی لێ بەسەرچوو. ئەو دەمی بەربینگی تاشباشی گرتبا، تاساندبای ئۆخەی نەدەکرد، بگرە، هەر موویشی پێ نەدەبزووت.

هەر کە گوێی لە دەنگی ئوزوون عەلی بوو پرینگایەوە، دەستی دا تفەنگێ، کاتێکی هۆمەری لە بەرانبەری خۆ دیت، لە دەرکەی دەدا، لە کارەکە گەیشت.

لە ژوورەوە دەنگی ژنەکەی تاشباش هات:

«ئەتۆی، کا عەلی؟ لە مەمەدی دەگەڕێی؟ هەر لە ئێوارێوە چاوەنۆڕم، هێشتا نەگەڕاوەتەوە بۆ ماڵێ. شتێکی لێ وەسەرنەهاتبێ؟»

دەرکەی کردەوە. چرایەکی بەدەستەوە بوو. هەر کە چاوی بەدوو زەلام کەوت، خۆیان لە کفن وەرپێچاوە و نەکەوت، زریکەیێکی کرد و دەرکەی بەڕوویاندا پێوەدایەوە.

هۆمەر پاڵێکی بەدەرکەوە نا، کردیەوە. بەسەفەری گوت:

«مام خەلیل، تۆ دەرکەی بگرە، کەس هەڵنەیێ،» چووە ژوورەوە.

سەفەر هات، لە ناوەندی دەرکە، دەستێکی بەم دیوار و دەستێکی بەو دیوارەوە گرت، ڕاوەستا.

هۆمەر:

«بڵێ،» دەیگوت. «بڵێ ماکەر، ئەو سەی لە سەیەی مێردت بۆ کوێ هەڵات؟»

پیلەکەی بەدەستەوە بوو، لە عەمبارەکەی دەڕوانی، لە باروبنەی دەڕوانی، لە ئاخوڕێی دەڕوانی، لە هەموو کون و کەلێنێکی دەڕوانی، لە دوادواییێ،

دانەوییەوە، لە چاوەجاخەکەوە پیلەکەی بەر دووکێشێ دا، هەر لە بنیڕا، تا سەرێی، لە نێو دووکێشی نۆڕی، نەبوو.

«کوێوە چوو؟»

ژنە زمانی چووبووە کلیلە، وەڵامی بۆ نەدەدرایەوە.»

«بڵێ، بۆ کوێ چوو؟ هەر ئێستا دەمانەوێ. نەڵێی دەتکوژم.»

قۆنداخە تفەنگێکی سرەواندێ، خەپی زەوییێی کرد. لە نووزەیێ زێتر چ دەنگ لە ژنەوە نەهات.

هۆمەر ترس و سامێکی ڕێ نیشتبوو. ئەوسەری نەبێتەوە. لە نکاو وەدەرکەوت. دەرکەی لەدوو خۆ پێوە دا.

«با هەڵێین،» گوتی.

ئەو لە نواوە و سەفەر لە دواوە، هەڵاتن تا ماڵی سەفەر ئاوڕیان نەدایەوە. هەردووکیان وا دەلەرزین وا دەلەرزین، بێ ئەوەی کولووە بەفرێ لە سەروپۆتەڵاکیان بتەکێنن، خزانە نێو وەجاخەکەوە.

ها لە پاش چەند ئەوجا بەخۆهاتنەوە. بەڵام ئەو ترسەی چووبووە دڵی هۆمەرەوە تا دەهات گەورەتر دەبووەوە.

«جێگە نەما نەنۆڕمێ، عەمبارەکە، باروبنەکە، ئاخوڕەکە، نێو نوێنەکان، جڕوجەواڵ، هەموو کون و کەلێن گەڕام. بگرە سەیرێکی نێو دووکێشەکەیشم کرد نەبوو، بەم شەوە بۆ کوێ دەچێ؟»

پشووی سواربوو، پتری قسان نەکرد. چاویشی زەق بووبووەوە.

سەفەر هەموو شتێکی قوبووڵ کردبوو.

«بەڕاستی بەم نیوە شەوە، دەبێ بۆ کوێ چووبێ؟»

## ٢٨

ئەمشەو، نیوە شەوێ، بانگی کەڵەشێران، بەدەم تەقوهۆڕی دەرکەوە بەخەبەرهاتم. پاشانەکێ لە دەرکەوە دەنگی ئۆزون عەلی ئاغام هات. بەم نیوە شەوە ئۆزون عەلی ئاغام چیی دەوێ، گوتم، دەرکەم کردەوە. تەماشام کرد دوو

پیاوی سەرتاپا جل سپی لەبەر، هەریەکە هێندەی دێوێ بەرانبەرم ڕاوەستاون. تفەنگیشیان لەشانە. دەموچاویان ڕەش وەک ڕەژی، ڕەش وەک شەوەزەنگ. یەکیان، هەر کوتومت ئوزون عەلیی ئاغام. بەڵام چی، سێ هێندەی ئەو، پێنج هێندەی ئەو. کەتەیەکی، قەبەی، زەلام. ئەوی دیکەیان وەک خەلیلە پیر دەچوو، بەڵام دە هێندەی خەلیلە پیریش درێژتر. وەکی ئەسپیندار بەحەلحەلەی ئاسماندا چووبوو. لە ترسان زمانم بەسترا، حەپەسام. هەرچەندم کرد، بۆ خۆشم نەمزانی چ بڵێم و چ نەڵێم. ئەوی وەکو ئوزون عەلیی ئاغام پرسی: «تاشباش ئۆغلو لە کێندەرە؟» ئەمنیش، «لە ژوورێ نوستووە،» گوتم. چووە ژوورێ، چرای لەسەر جێگە و نوێنێ ڕاگرت. نواڕیم، مەمەد لە نێو جێگە نییە. هەر نەختۆکەک پێش هەنگێ جەستەی بەجەستەمەوە بوو، پرخوهۆڕی بوو، بەتەکمەوە نووستبوو. بەکابرای درێژی دێوەم گوت، «نووکە لێرە بوو،» کابرا «نییە،» گوتی. «ئەوەتا نییە، هەڵاتووە،» گوتم « بۆ هەڵدێ؟ ئێمە هەموو لەبەر دەرکە ڕانەوەستابووین؟ ماڵ، لە دەرکە بەولاوە کەلێنی دیکەی نییە، لێوە هەڵبێ!» کابرا، «کەواتا، با کون و کەلێنی ماڵێ هەموو بگەڕێم،» گوتی. منیش گوتم، «فەرموو هەموو بگەڕێ.» پیاوە تفەنگێکی زەلامی بەشانەوە بوو. کابرا هێند کەتە و درێژبوو، تفەنگەکەی هێند درێژ بوو، دوو لۆ نوشتابووەوە، ئەوجا بەحاڵ دەیتوانی بەنێو ماڵێدا بێ و بچێ. نێو ماڵێی سەرلەبەر پشکنی نە عەمبار ما، نە ئاخوڕ ما، نە دووکێش ما، هەموو گەڕا، کونەمشکێ چییە، نەیبوارد. پیاوە لە پیاوێکی چاک نەدەچوو. مەمەدی وەگیر کەوتبا، دەمودەست دەیکوشت. چابوو نەیدیتەوە، چۆنی نەدیتەوە. مەمەد کوێوە چوو، نەیدیتەوە؟ ڕاستت دەوێ، ئەمن بۆخۆشم سەرم لەوە سوڕما. کابرا گوتی، «ئاااخ، نەمدیتەوە. ئەگەر دەمدیتەوە، هەر بۆخۆم دەمزانی گیانی شیرینیم چۆن بەجەهەندمێ شا دەکرد». ئەمنیش بەپیاوەم گوت، «برا شیرینەکەم، ئەتۆ دەموچاوت ڕەش ڕەشە. تۆ دە کڵێشەی ئوزوون عەلیی ئاغایێم هاتوویە ماڵە مە. ئینسی، جننی؟ ئەوا ئینسیش بوو جننیش بوو، هەیە لە کڵێشەی عەلیی ئاغامدا بێ و دڵی بێ لەگەڵ مەمەدی برادەری گیانی بەگیانییدا خراپە بکا؟»

پیاوە ددانی چیڕ کردەوە. ددانی وەک هەورەتریشقەی شین چەخماخەی دا.

ئەمنیش زەندەقم چوو، «ئاخ خ خ،» گوتی، «ئەو تاشباشەم ئەوشۆکە وەگیر کەوتبا...» پاشان وەدەرکەوت. تۆف و بۆرانێکیش لە دەرێ دەینالاند، ئەرز و ئاسمانی لەبەر دەهەژین. زەلامەکان بەرەو چیای تەکەج دایان کێشا. هێند کەڵەگەت و درێژبوون، بەو شەوەزەنگە ئەنگوست لە چاوە تارماییانت لە دوورڕا دیتبان. هەر ئەوان لە پێش چاو ون بوون ئەمنیش هاتمەوە ژوورێ، کون و قوژبنی ماڵێم پشکنی، جێگە نەما، نەیپشکنم. ئەملا مەمەد ئەولا مەمەد، نییە و نییە. زەوی قووتی دا، ئاسمان هەڵی لووشی؟ مەمەد نییە و نییە. چ بکەم. چوومەوە نێو جێگە، خەویشم نایە، دەمەوبەیان بوو، لە دەرکە درا. نەمکردەوە. لە ترسان لە جێی خۆ نەبزووتم. لە نکاو دەنگی مەمەد هات. دڵم وەخورپە کەوت. هیزە ئەمەیش لەوانە نەبێ چووبێتە کلێشەی مەمەدەوە! دەرکەیش لە یەکبینە هەروا لێ دەدرێ. مەمەدیش پەیتا پەیتا هەر هاواری دەکرد: «ئافرەت مردووی چییە، دەرکە بکەوە!» ئاخرییەکەی گوتم چ دەبێ با ببێ، چووم دەرکەم کردەوە. کە کردمەوە، ڕاست و پاک دەنۆڕم مەمەدی خۆمانە. لە سەرمان وەک بیی نێو ئاو دەلەرزێ ئەما دەلەرزێ. چی بوو ئازای گیانی گشت بەفر بوو. بووبوو بەو شێرەبەفرینەیەی منداڵان هەڵی دەنێن. هەر یەکسەر خۆی بەسەر ئاگردانەکەدا دا. هەرچییەکی ئەوێ شەوێ ڕووی دابوو، کەینوبەینەکەم، وەکە خۆ بۆ گێڕایەوە. کوور کوور بیری دەکردەوە. لە چیی نەپرسی، نەیگوت حاڵێ، تەورێ. هەڵستا، چووە دەرێ. «بۆ کوێ دەچی مەمەد؟» گوتم. «بۆ دوور ناچم.» گوتی، لێی دا ڕۆیشت. تەماشام کرد، بۆ بەرەبەیان ئەوجا گەڕایەوە. دیسان سەرتاپای بەفر بوو. لە سەرمان ئۆقرە و ئارامی لەبەر بڕابوو. وا لە ژوورێ چاوی لە ئەسکڵی نێو ئاگردانەکە بڕیوە، بێ جووڵە بیر دەکاتەوە. پارووە نانێ چییە، نەچووەتە سەر زاری.»

ژنە ئەمەی لە پێشان لە مرێمۆک، لە ئوزون عەلی، پاشانەکەمێ لە ژنانی دیکە ڕاگەیاند. هەر کەسێکی تووش هات، ورد و باریکی بۆ گێڕایەوە. «ئەمانەی هاتبوون پیاوگەلێ بوون، پیاوچاک، لە پێوارەوە هاتبوون، بەڵام

پیاوچاکی لە پێوارەوە هاتگ، تفەنگ وەشان، لە چ دەگەڕێن، منەی چ دەکەن؟ ئەمانەی هاتبوون باووباپیرانی تاشباش بوون، بۆ یارییەی گوندی لێقەوماو هاتبوون.»

«ئەی ئەگەر وایە، تاشباش بۆچی هەڵات؟»

«بنیادەمی وا کەتە و کەڵەگەت هەیە لە دنیا؟ مەگەر هەر ئەوانی لە خۆمان نین هێند کەتە و کەڵەگەت بن. بۆ چاکەکردن هاتبوون.»

«ئەی تفەنگ لەشان کردنیان لە چی؟»

«ئەوانی لە خۆمان نین بەتفەنگ پیاو ناکوژن، دەستیان لێ دەوەشێنن.»

«ئەدی ئەگەر بۆ چاکەکردن هاتبوون، تاشباش لە بەرچی هەڵات؟»

«ئەمانە چییان لە تاشباش دەکرد، چییان پێ دەگوت؟»

«دەیانگوتێ، برادەر، ئەم گوندییانە بێچارە و ستەمدیدەن، گوندییەکن، تا بڵێی، دەسکورت، هەژار، دەمیان هەیە زمانیان نییە. بەدەستیاندا دەدەن، پارووەکەیان لە زار دەردێنن. ئەم گوندە ئەمانەتی تۆن.»

«ئەی ئەو تفەنگانە چ بوون بەشانیانەوە؟»

«کێ دەڵێ ئەوانی لە خۆمان نین، ئەوانیش هەروەکو هی دیکە ئەشقیا و یاخی نین؟»

«ئادەمزاد ئەشقیا و یاخییان هەبن، ئەوان بۆ نەیانبێ؟»

«بۆ نەیانبێ، خۆ شەندە لە مەندە کەمتر نییە.»

«تۆ بڵێی ئەوانی لە خۆمان نین، بێن لە تاشباش بگەڕێن؟ گوایا نازانن لە کوێیە؟»

«ڕاست، ئەگەر ئەوان وەلی و پیاوچاک بن، لە خۆمان نین، لەوان بن تاشباشیان بۆچی لەبەر هەڵدێ؟»

«بەڵام ئینسانی ئێکجار ئەوەندەیش، دە هێندەی ئوزوون عەلی کەڵەگەتی دەموچاو ڕەشی وەک قیر دەبێ؟»

«ئینسان چۆن دەتوانێ ئەوەندە درێژ بێ، هێند درشت و زەبەلاح بێ و

بچێتە کڵێشەی خەلیلە پیرەوە، کڵێشەی ئۆزوون عەلییەوە؟»

«هەموو کەسێ دەیزانی، خەلیلە پیر هەڵاتبوو بۆی دەرچووبوو. ئەوشەوەیش ئۆزوون عەلی لە ماڵی خۆی بوو.»

«لەوانی لە خۆمان نین بەولاوە نییە، هەر ئەوانن.»

«ئەی ئەگەر وایە، تاشباش لە بەرچی هەڵات؟ بۆچی نوقمی ناو بەفر بوو؟»

«نەتانزانی، تاشباش هەڵنەهات. بۆ هیچ کوێیەکیش کۆچی نەکرد. چووە دەرێ خۆی لەوانی لە خۆشمان نین، ئاشکرا نەکرد، چووە دەرێ.»

«ڕاستە، پاشان لەگەڵ، لەوانی لە خۆمان نیندا تێکەڵ بوو، چوو بۆ چیای تەکەچ.»

«پاشانەکێ نوقمی ناو بەفر بووبوو، گەڕایەوە.»

«پاشان سەرلەنوێ بانگیان کردەوە. ئەویش چوو. دەمەوبەیانێکی درەنگ، ئەوجا گەڕایەوە.»

«ئەوانی لە خۆمان نین چییان پێ گوتبوو، لەو قەراری ئەویش چاوی لە ئەسکڵان دەبڕێ و بیر دەکاتەوە.»

«ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە لە ئەسکڵان ڕادەمێنن.»

ئەمشەو دوو زەلامی سپیپۆش هاتوونە ماڵە تاشباش، زیارەتیان کردووە. تاشباشیشیان وەکو لەوانی لە خۆمان نین لێ کردووە و دەنێوان خۆیانیان خستووە. بۆ کۆشک و سەرای ئەوانی لە خۆمان نین، بردووە و لە چیای تەکەچێ، لەوێ، لەگەڵ یەکتر قسەیان کردووە، لە حاڵ و باڵی یەکتریان پرسیوە. پاشانەکێ گێڕاندوویانەتەوە، لە ماڵی خۆیان داناوەتەوە. بەدرۆوە، لە بەفریان وەرداوە، بۆ ئەوەی هەموو وا بزانن چوویتە چیای تەکەچێ.

کوێخا کە ئەمەی بیستەوە، هەر بەجارێ شێت و هار بوو. نەیدەگوت، کورە ئاخر هەی ئاڵچاخینە، ئاڵچاخی کوڕی ئاڵچاخینە، ئەو دوو زەلامە لە هۆمەر و خۆم بەولاوە کەسی تر نەبوون، چووین، تاشباش بکوژین، بەڵام چ دەکەی، لە ماڵێمان نەدیتەوە، دایکی شەوی لەیلەتولقەدرێ دایناوە، خۆشبەختە، ڕۆحی

شـیـرینـی کـرپیـیـەوە. ئەم بێ نـامـووسـە چۆن قـوتار بووبوو، خـۆی لە مـاڵێ دزیبووەوە؟ چۆنیش وا سوودی لە هەموو شـتێ وەردەگرت؟ ژنەکەی چۆن بەنێو گوند دێخست، ئەو بەزم و بەند و باوانەی چۆن بەو خەڵکە قووت دەدا؟»

کوێخا بۆ سبەینێ، زانیبووی تاشباش لە ماڵی ئوزون عەلی بووە، بێ ئەوەی بسـرەوێ، تا سـبـەینێ خـەو لە چاوی نـاکـەوێ، چۆنیـان سـەر پێکەوە نابوو، چییـان گوتبـوو، سـەرلەبەری، ورد و درشت، پێ گـەیشـتبـووەوە، ئەو پیـاوەی تا سبەینێ خۆی لە ئوزوون عەلی گرتبـوو، سبەینێ زوو هـاتبوو، ورد و درشتی بۆ گـێـڕابووەوە. بەڵام لە گـوندیدا. بۆ کـوشـتـنی دەچی، خـۆ لـە جلکی سـپـیـیـەوە دەپێـچی، دەبی بە وەلی. کـابرا تا سـبـەینێ لـە مـاڵی ئوزون عـەلی، لـەبەر نێڵـەنێڵی ئـاگر، خۆ گـەرم دەکاتەوە، ئەوجا لەوێ دەیکەن بەغەیب و پێوار و بۆ چیای تـەکەچێی دەنێرن! نـەخێر، کێ لەگەڵ گوندی دەردەبا. دەبێ گوند بەجێ بێـڵم. بچم، لە شـار، دووکـانۆکـەکی بۆ خـۆ بکـەمـەوە لە قـولینچکەکی. تـوخـوا حـەیف نیـیـە؟ توخـوا حـەیف و مـخـابنت لە شـان و شکۆی ئەم گـونـدە نایە؟ سبەینێ خەڵکەکە ناڵێن کوڕی کوێخا خدرێکی گەورە و گرانیان نەحاواندەوە، ناچاربوو، لە شـار، بوو بە دووکـاندار؟ ئەمـەیش بۆ گوندی لە مـردن ناخۆشـتـر نییە؟

هـەنگاوێ، هـەنگاوێ، هـەنگاوێ ماوە. هـاکا گوندی ئەو هـەنگاوەی هـاویشت و نەهـاویشت گـوندییەکی بێ نـامـووس، ئەوانی بۆ کـوشـتـنی تاشـبـاشی بنێـردرێن بکەن بەپێوار، تاشباشیش دەکا بە وەلی و پێغەمبەریش...

کورە پیاوی چابن چارەیێ. عادیل فریاکەوە بە بەندەی ئاڵقـەلەگوێت بم؟ ئەم کـارە تەنیا چارەسـەری هـەر خۆتـی و بەس. برا بەهـانـامـەوە وەرە، چ دەقـەومێ، خـۆم هـاویشـتـە بەخـتت، بەسـەر دەست و پێـتـدا کـەوتم برا... هـەر هـیچ نەبێ ئەوڕۆ دەستەی کارگێڕان هـاتبان، خـەبەرێکی چاک، خراپیان هێنابا.

ئـاخ ئەم گـوندە تـەفـروتـوونا بوایە، تاشـبـاش گـوتەنی، بوومـەلەرزەیـەکی لێ ڕوودابا، داری بەسـەر بەردیەوە نەمـابا، سـەرانسـەر وێران بوایە. لەبن خـانووی ڕووخـاوەوە دووکـەڵ بەرز بوایەوە، مرێمـۆکی لە قسـان چووەوە، هـاواری کردبا:

«هیزە ڕزگارم کەن، من مریمۆکم،» منیش گوتبام، ئەوە تۆی مریمۆک، ئەوە تۆ ئەو مریمۆکەی، لەگەڵ مێرووی مێروو ئاساییی ئەم گوندە قسەت نەدەکرد؟ من بم و تۆ ڕزگارکەم، بەخوا چەشکەی ناکەی. بتۆپە بۆ خۆت لەوێ، مالۆس، بتۆپە! دار و پەردووی خانوو هەریەکە بەلایەکدا تووڕ هەڵدراو، خانووبەرە داتەپیو، سەرلەبەر بەبن بەفرەوە بوو. لە چل پەنجا کەس بەولاوە کەس قوتار نەبووە. ئەوانیش کەسوکارەکەی سەفەرن. عەلی هۆمەر، ژنەکانی، منداڵەکانی، برایەکانی... پیاوەکانی... وڵسات و لاوران ماون. هەرچی شمەکی بەریانە هەروەک خۆیەتی، چیی لێ نەهاتووە. ئەویش لەسای سەری سەفەرەوە. ئای گوندیی بێ نامووس، سەفەر پێی نەگوتبان ئەقڵیان بڕی بەوە دەکرد؟ لاور و لە ئەشکەوتان شاردنەوە؟ لەم بوومەلەرزەیەدا سەرلەبەر لەگەڵتاندا دەتۆپێن. نانکوێرینە، گوندی چاکە دەزانێ؟

ماڵ بەماڵ بەنێو گوندی وێراندا دەگەڕێ. لەبن خانوویەکی ڕووخاودا دەنگی کوێستو ئۆغڵو دێ. سەفەر دەڵێ، دەبێ ئەمە قوتار کرێ. مەخلووقاتێکی ئەوەندە بە گەزەن و زیان نییە بەدنیا. قوتاری دەکەن. بەفر دەبارێ. لە دوورەوە، لە بنی بنەوە، لەبن خانوویەکەوە، نووزەی ئۆێککەشی گورگی چیا دێ. ئای دنیا، ئۆێککەشی گورگی چیا! خۆ ئەتۆ دەبا، بۆ بەهەشتێ چووبای؟ ئەدی کوا؟ نە دەتکرد، نە دەتخوارد، پوولت وەسەر پوولان دەیێخست، بۆ حەجێ بچی؟ نە خەوێ، نە حەسانەوەیێ، شەوت وەسەر ڕۆژ دەخست، نوێژت دەکرد، ڕۆژووت دەگرت؟ ئەوەتا وا ڕێوڕاست بۆ بەهەشتە خۆشەکەت دەچی بەهاوارە بمگەنێ، هاوارە بمگەنێت چی؟ دەبا ئەو ئۆێککەشی گورگی چیایەیش ڕزگار کەین پیاو. با نەختێ درەنگتر بگاتە بەهەشتێ، چ دەقەومێ.

ئەی ئەوە دەنگی کێیە دێ! دەنگی پیاوێکی نیوە مردووە. خاک و خۆڵی خانووێکی گەورە و گرانی بەسەردا تەپیبوو. داخۆ کەوتبێتە چ قوژبنێکەوە. نەختێکی دیکە یا لەبێ هەواییان، یا هەر کە کەمۆکەک بزووت، خۆڵی دنیای بەسەردا دەبارێ، دەخنکێ و بۆ خۆی دەمرێ. ئەی ئەوە کێیە وا دەناڵێ؟ چۆن لەو بن خاکەدا ماوەتەوە؟ ئەوە ناڵەی تاشباشە وەلییەکەی خۆمە. خۆ ئەتۆ لای

خـۆت وەلی بووی، ئەتۆ لای خـۆت هەمـوو شـەوێ دەچوویە کـۆشـک و تەلاری ئەوانی لە خـۆمـان نین، لەسـەر سـفرە و خـوانی وان بووی، سـفـرە و خـوانێکی تەنانەت لە شـیری تەیروتوویشـی کەم نـەبوو. خەڵکەکەت بەو ڕەنگە دەخاپاند و فریوت دەدان؟ یانی چی بەبن خـانووەوە بووی؟ بۆچی نـایە دەر؟ بۆچی ئەوانی لە خۆمان نین نایەن دەست دەنە پیلت دەرت بێنن هەی درۆزنی درۆزنان!

هیچ پێـویست ناکـا ئەوە لێـرە دەرهێندرێ. ئەمـە مـەخلووقـێکە زیـانی بۆ تیرەی مرۆ هەیە. با هەر لەوێ بمێنێتەوە، بمرێ.

سـەرتاپای گڕی گرتبوو، تام و چێژی بوومـەلەرزەیەکی بەسام، مـەرگ، وەک کوتومت ڕووی دابێ، تا نێو مۆخی هێسکان دەژیا.

ئەمشـۆکە دیسـانـەوە هەر بەو قیـافـەتەوە بچێـتەوە بـۆ مـاڵەکەی تاشـبـاش، دەسـرێژێ لە ماڵەکەی بکا، گوندیی بێ نامووس ئەمـجـارە چ شـاخ و باڵێکیـان لێ دەڕواند؟ ڕەنگە ئەمجارە بڵێن ئەوانی لە خۆمان نین، ئەوانیش تەقە دەکەن؟

«هۆمەر.»

«فەرموو قوربان.»

«چ بکەین هۆمەر، ئەم پیـاوە هەر بەجارێ تامی تێدا نەهێشـتەوە. تۆ بڕوانە، تەنانـەت، خـۆ ئێمـەیش بووین بەجندۆکە و پەری کـە چووین بۆ مـاڵی تاشـبـاش. سـەربار بۆ کـوشـتنیـشـی. خـۆ هـەروا بەڕاشکاوی، بەدۆسـتـایەتی چووباین، یەکسـەر دەبووین بەپێغەمبەر. وەنییە؟

«ڕاست دەفەرمووی مامە.»

«ئەگەر ئەمشەو بیکوژین، لە پەنایەکی تەنگاو کەین؟»

«ئەوشۆکە لە هیچ جێگەیەکی نادۆزینەوە مامە.»

«بۆچی؟»

«هەڵدێ.»

«ئەدی هیچ جارێکی کوشـتنیـمـان بۆ ناکرێ هۆمـەر؟ ئەم کـارە کـاری تۆیە، لەبـەر هـەنـدێ لێت دەپرسم. هـەر کــەســە و کــاری خــۆی. تۆیش ســەرت لە

پیاوکوشتن چاک دەردەچێ، وەستای، چ دەڵێی هۆمەر؟»

«قەت ناشێ ئەو بکوژرێ.»

«ئێستا ڕاست بچی لەبەر ئاگردانێ هەڵتروشکاوە، پەنجە بەپیتکەدا بێنی، ڕاست لەسەر دڵی بدەی، چ دەبێ؟ ئێستا لەبەر ئاگردانەکە دانیشتووە، چاوی بڕیوەتە سکڵ و پەنگران، هەست و خوستی لەخۆ بڕیوە. چ دەکەی هۆمەر؟»

«هەروا بەڕۆژی نیوەڕۆیێ؟»

«قەیدی چییە، ئەمن ڕزگارت دەکەم. سا، یا یەک دوو ساڵێکی بۆ لە زیندان دەنووی، یا نانووی. سەرلەبەری گوندت بۆ بە شایەت دەگرم. لەتاو گیانی خۆت کوشتت، داکۆکیت لەخۆ کرد. یاڵڵا دەی. نابێ؟»

«هەروا بەڕۆژی نیوەڕوانێ؟ پیاوکوشتن هەروا بەو سانایییە؟»

«چما هێند زەحمەتە هۆمەر؟»

ئەمە پیاوکوشتنە! خۆ مریشک سەربڕین نییە کوێخا؟»

«یا دەڵێی، هۆمەر، تۆیش دەترسێی؟ تۆیش بڕوات بەوەلیاتییەکەی تاشباش نەکردبێ؟»

«ئەرێ ێ ێ.»

«کەواتا؟»

«بەڕۆژی نیوەڕۆ؟»

«بەڕۆژی نیوەڕۆ! جا چ بوو؟»

هۆمەر کڕبوو. سەفەر هەر پرسی و پرسی، هۆمەر ئێستا و ئێستایش نقەی نەکرد.

سەفەر قیژاندی:

«ترسنۆکینە،» گوتی. «بێ ئیمانینە. کورە ئاخر، خۆ بەچاوی خۆتت دیت درۆیە. ئەمنیش و تۆشیان نەکرد بە وەلی؟ خۆ بەگوێی خۆتت گوێ لێ بوو. شەوێ تاشباش تا سبەینێ لە ماڵی ئۆزوون عەلی بووە. ئیتر لە چی دەترسێی؟»

هۆمەر وەڵامی نەدایەوە. سەری شۆڕ کردبوو، گوێی لە جنێوەکانی سەفەر، لە جنێوگەلێ لە برانەوە نەدەهات، گرتبوو. هۆمەرۆکە لە دایکیشی و لە باوکیشیم پتر ڕەنج پێوە کێشاو، لە قەرەقۆڵان لە دەست جەندرمە ئەستاندووم، لە کاتی بەردانێدا، نێو لە دەفتەردا نەنووسیوم، وەک کوڕی خۆ لەبەرکردووی، نە بخۆ و نە بخۆوە، هەر بەدەمەوە کردووم، هۆ تەنیا جێ ئومێد و بڕوا پێکراوی سەر دنیاییێم، تاکە چڵە دەست پێوەگرتووەکەم، هۆ، ئەوەی وەم دەزانی، لەگەڵ مردنمدا، هەر کە گوتم، بمرە، لەگەڵمدا دەمرێ. هۆ ئەوەی لە هەموو ئازا و بوێری سەر دنیاییێم بەئازا و بوێرتر زانیو، ڕۆڵەکەم، هۆمەرەکەم، تەنانەت ئەتۆیش؟

هێندەی خۆ بەتاک دەدیت، هێندەی خۆ بەکەساس دەزانی، هەر بینا شەپ بەربووەوە، ئیدی جارێکی دی ڕاست نەدەبووەوە. پیاو لە دەست بەکارەوەدانێکدا، لە جێگایەکدا، بەتەنیا مانەوەی لە مردن خراترە. ئەوەی پێی دەڵێن مردن، ئەمەبوو. تەنیاییەکی بێ سەر و سنوورە، بێ چارەییەکی هەستەمە.

عادیل دەستی لێ هەڵگرتبوو. گوندی دەستیان لێ هەڵگرتبوو، خزم و کەسوکار خێسەیان لێ دەکرد. تەنانەت هۆمەری هۆمەر ئاساییش!

ئەو دنیایە دنیایەکی هێند پیس و گەمار بوو، ئەوەی نەدەهێنا، پیاو بۆی بژی. پیاو لە باتی ئەوەی لە ناو ئەم ئینسانە پەست و ئاڵچاخانەدا بژی، هەر نەژیبا چێتر بوو. تەنیا بۆرە ئومێدێکی مابوو، ئەوەیش ئەوەبوو دەستەی کاروبارگێڕی گوند گەڕابایەوە، خەبەرێکی خۆشی هێنابایەوە. خۆ ئەگەر ئەوانیش بەخەبەرێکی ناخۆشەوە گەڕابانایەوە... ئیدی هەنگێ.

چ دەقەوما، چ دەقەوما گوایا، ئێستا، چووبا تاشباشی لەسەر ئاگردانێ کوشتبا؟ چییە، چ دەقەوما، گۆیا؟ لە پازدە ساڵی کەمتر نەدەخوارد، پازدە ساڵیش بۆ وی، مردن بوو. هەنگێ کێ دەبوو بە کوێخا؟ کێ دەبێ؟ ئوزون عەلیی ستۆهوردبووی کوڕی مرێمۆکە زمان بەستراو. تاشباش ئەوی لەپشتە. ئەوەی لەگەڵ تاشباشی تێکمان بەردەدا ئەوە و هەر خۆیشی سینییەکە

دەگێڕێ، لە شایی گورگدا هەڵدەپەڕێ و لە شینی خێوی بزنیشدا شین دەکا. دەوجا وەرە بنۆڕە ئەو حسێبەی.

هەی لە دایەی! چ بکەین؟

لە گورگیان پرسی ملت بۆ هێند ئەستوورە؟ گوتی، کاری خۆم بەدەستی خۆم دەکەم، لەبەر هەندێ. ئەدی کەسی مامی، سەفەر! ئەتۆیش کاری خۆت بەخۆت بیکە. هەر کاتێکی خەبەرێکی ناخۆش لە عادیلەوە هات، دەرکەی ئەو بۆرە ئومێدەیش بەسترا، هەنگێن پازدە ساڵەکەی ڕەچاو دەکەی، بۆ خۆت دەپەرژێیە سەر کاری خۆت. ئەمە هیچ چارەسەرێکی نییە. هەرچی کوڕەکەی مرێمۆکە، ئەویش بەشێنەییەوە بیری لێ دەکرێتەوە. چ دەکەی، ڕیشە و بووە بەتووشەوە، دەبێ شەی بۆ هەڵگرێ.

ئەوێ شەوێ، سەفەر تروکەیێ خەو چییە. نەچووە چاوی. لە نێو جێگە هەر ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد. لە دنیایێ، لە ئینسانی خراپ و ئاڵچاخ و پەست و نانکوێری لە ئینسانەتی بەدەر هێڵنجی دەهاتێ. هەر هێندە بەردەبازێکی دیتبایەوە، لەم گەڕی تاشباشە دەرباز بوایە، هەڵبەتە، یەک دوو قسەی تاڵی هەبوون بەم ئینسانانەی گوتبان. ئەوساکە هەستەم و جەزرەوەیەکی لەسەر دەستی وی دەچێژرا مەگەر دژمن بەخۆی زانیبای.

«وەرن، وەرن، ئیدی،» لە دڵی خۆدا گوتی. «بەخەبەری خۆشەوە دێنەوە، بەخەبەری ناخۆشەوە؟ بەڵام بەسە، ئیتر، وەرن. وەرن، با ئێمەیش چارەسەرێ بۆ خۆمان بدۆزینەوە. بەدەستی خۆمان بکەوینە سەرەوکاری ئەم تاشباشە، وەرن، براینە!»

## ٢٩

فەرتەنەکە لە کێشدا نەبوو، ئەو بەیانییە گیانلەبەرمانا چییە، لە دەرەوە نەبوو. ئینسان سەری لە دەرکە دەرنەدەهێنا. لە دەرێ، نە کتک، نە کوتک هیچ نەبوو.

هەڵۆی دڕی کەژ و کێوە بڵیندەکان کشابوونەوە نێو ئەشکەوتە درێژە بێ سەرو سنوورەکانەوە، سەرە ڕەق و قایمەکانیان دە بن پەڕوباڵیان وەشێردبوو،

گوێیان لەو فەرتەنە و حەشرە گرتبوو. گورگ، ڕێوی هەرکەسە لە کونی ڕازیابوو. تەنیا هەر ئەوەبوو چارەی خۆ لە سەرما پاراستن. بەحەوتوو برسی بن، ئەم بۆران و فەرتەنەیەیش وا بڕوا، گیانلەبەرێ سەر دەرناهێنێ. تەنیا ئەو ئەسپینداره تاک و تەنیاکەی ڕاستانەکە نەبێ، بەرگەی هەرچی زەبر و زەنگێ هەیە دەگرێ، مومکین نییە، تەنانەت ئەویش بەسەر پێوە مابێ. دار و درەختی لێرەکە هاژەهاژ و هەرایەکیەتی مەپرسە.

باهۆز و بۆرانەکە کرێوەی بەهەموو لایەکدا کلیلە پێ دەکرد، دەیهێنا و دەیبرد، لێرە و لەوێی کۆمەڵ دەکرد. هەر هێندەی چاو لێک نێی و بیکەیەوە، کۆمەڵە بەفرێکی چکۆڵە دەبوو بەخەرمانێ لە پێش ئاوایی.

ئا بەو سەرماوسۆڵە و باهۆز و فەرتەنە و وەیشوومەیە، زەلامێ، ملی تا هێزای شانی، وەک کیسەڵ، کێشابووە ناوەوە و هەردوو چاوی قووچاندبوو، وەک بروسکە لەم دەرکە بۆ ئەو دەرکە هەڕای دەکرد. بەو گرمۆڵەیییە، لەم دەرکە تاودان و هەڕاکردنەوە، تا زۆر لە نزیکەوە، تا لە نزیک، سێ چوار هەنگاوێک، زۆر بەوردیت لە سەر و سوورەتی ڕانەمابای نەتدەزانی کێیە. ئەم پیاوە مەمیدیک بوو. کار و کردەوەی نێچیروانی بوو بەقسەی خۆی، لەسای ڕاووشکاری زستانەوەی، لەم گوندە، لە هەموو کەسێ خۆشگوزەرانتر بوو. مەڕ و بزن و گاوگۆتاڵ و لاوری دیکەی نەبوون، بەڵام خاوەن هونەرێ بوو وەک گوڵ. ڕاوچی بوو. بەقسەی خۆی، لەم چیای تۆرۆسەی، لە خۆی وەولاوە کەسێ تر نەبوو، وەک ئەو تەپکە بۆ دەڵەک بنێتەوە. لە تەڵە و تەپکەنانەوەدا وێنەی نەبوو. سەرلەبەری دەڵەکی ئەم تۆرۆسە تاکە زەلامێ هەمووی ڕاوکردبوون، ئەویش مەمیدیک بوو. مەمیدیکیان لەبەرئەوەی وەک چەقەڵ دەچوو، نێو نابوو چەقەڵ، هەر لەبەر ئەوەیان ئەم ناتۆرە بێ لوزوومە لێ نابوو، چونکە نێچیروانێکی ئێکجار لێوەشاوە و لێهاتوو بوو. پیاوی هەرە کورتەبنەی گوند بوو. کە کچان پێیان دەگوت! «مەمیدیک تەمەنت بەسەرچوو، سەریشت وا لە چووندایە. دوو پەنجە درێژتر بوویتایەوە، شوومان پێ دەکردی،» خۆی لێ نەبان دەکردن، وەک هەر لەگەڵ ویشیان نەبێ، ملی شۆڕ دەکرد، دوور

دەکـەوتەوە. مـەمـیـدیک ڕۆژێ دێ درێژتر بێـتـەوە. خـۆ پیـاو بەڕۆژێ درێژ نابێـتـەوە... لە سـەرەخـۆ، وردە وردە... خـۆ مـەمـیـدیک وەنەبێ بەژنێکی وەک بەژنی ئـوزون عـەلی و کـوڕی بێ کـراسی پێ خـۆشـبـا، ئەو بـەژنی وای ناوێ. هیزە خوا قەت ئەوەی لەگەڵ نەکا. جا ئەوان ئەوەیان چما بەژنە؟ سەمەرەیەکن بۆ خۆیان، ئەرز و ئاسمانیان گرتووەتەوە.

مەمیدیک تەمەنی هێشتا شەش مـانگان دەبێ کە باوی دەمرێ، دایکی لەوێ ڕۆژێوە بێوەژنە.

دایکی مەمیدیک دەڵێ:

«قـەتت خـەم نەبێ کـوڕم. بـاوت ئەو پیـاوە بووە، بەژنـی وەک چنار بڵـیند، جـارێ ئەتۆ لە کـوێتـە؟ تـەمـەنت زۆری بـەبەرەوەیە. درێژ دەبێ، هێندەیش درێژ دەبێ... گـوێ مـەدە تیـر و توانجی کیـژان. ئەوان ئەو توانجـانە لە کـورتەبنان ناگرن، لە تەمەن بچووکییان دەگرن.»

مـەمـیـدیک یەک دوو ڕۆژێ، بڕوای بەمـە دێ، پاشـەنەکێ، سـەرتاپا بەخـۆدا دەڕوانێ، دەڕوانێ، «نەخـێر، نەخێر.» دەڵێ. درێژ بایە، تا ئێستـا درێژ دەبوو. چ بکەین ئەگەر بەژنیشمـان کورت بێ، خۆ بۆ ڕاوە دەڵەک، زۆر بەکەڵکی پیاو دێ! لە جێگایەکی خۆ گرمۆڵە دەکەی، نە دەڵەک دەتبینێ، نە چۆلەکە.»

نەخێر، مـەسـەلەکە هیچ وانەبوو. بەسـەر لێکردنە سەری کیژان شـێت و شبر دەبوو. سـاڵ بەدوو سـاڵدا دەچوو، بەژنی نەک قـامکێ. نیوە قـامکێکیشـی لەوە پتـر هەڵنەدەدا. مـەمـیـدیک، تـا دەهات، کـەمـتـر دەچووە نێـو خـەڵک. پتـری خـوو دابووە کەژ و کێو و ڕاو و شکار.»

باشـە، بەم بـەفر و قـیـامـەتـە، ئەم پیاوە چ بەڵایەکی بـوو چ دەردیکی بوو؟ لە یەکبینە، هەر ئەم ماڵ و ئەو ماڵی دەکرد؟

لە پێشـان چاوی وەک کـووژەکەی شـین زەق بووبووەوە، ترسابوو، یەکڕاست گـەڕایـەوە بۆ مـاڵـێ. هەر بەسـەر پێـوە، یـەکسـەر دەسـتـی بەگـێـڕانەوەی پەتپـەتیـیـەکـە کرد بـۆ دایکی. دەست و پێی بووبوون بە شـەخـتـە. مـلە بەنێـو سینگدا داکشـیـوەکـەی وەک هـەرلـەوێ بـەسـتـبـێـتی وابوو. خـۆلاسـە مـەمـیـدیک

بووبوو بە گوڵۆڵەیێ، لە سەرما ڕەق هەڵاتن.

«دیتم،» دەیگوت. «ئیدی بەوجۆرە.» هەر ئەوەبوو چاوی دەرنەپۆقێ. لێوی درێژ دەبووەوە.

دایکی:

«مەمیدیک، ڕۆڵەکەم،» دەیگوت. «ئەو بەفرانە لەخۆ وەتەکێنە، وەرە بەر ئاگرەکە، ئەوجا بۆم وەگێڕە. داخوا، بەو بۆران و وەیشوومەیە، تا سبەینێ چیت بەسەرهاتبێ، چۆن نەمردی؟.»

مەمیدیک ئەو قسانەی دایکی کە ڕەنگە دە جاری پتر لێ دووپات کردبێتەوە، هەر ئاگاش لێ نەبوو.

«دیتم،» دەیگوت. «ئیدی ئاوها، بەو ڕەنگە. ئەگەر خیلافی تێدابێ قسەکەم، هەر ئێستا هەرتک چاوم بتکێنە بەر پێم.»

پەنجەی دووفاق دەکردەوە و لەسەر هەرتک چاوی دادەنان:

«ئا بەم چاوانەی خۆمم دیت. بەمانە، بەمانە دیتم. کێ بڕوا دەکا، کەس بڕوا ناکا، بەڵام ئەمن دیتم و دیتم. دیتنێکیشم دیت ئەما دیتن، پێت بڵێم چۆنیشم دیت. یەک ئەمن دیتم، دووەم... کێ دیتی، کەس نەیدیت. تەنیا هەر خۆم دیتم. ئەمن دیتم. ئەمشەو... کە ئێوارە داهات لچکێکی ئاسمان بریسکایەوە. شریخ چەخماخەی دا. لچکێکی ئاسمان، وەی دایە وەی، گوتم. ئەمە سرێکی تێدایە، گوتم. سامم ڕێ نیشت... بەڵانەکێ ئەوشۆکە داوەکە دەنێمەوە. ئەو چەخماخە گەورە و گرانە سەوز ئاماڵە دیاردییە بۆ دەڵەک هاتنی زۆر، گوتم. لە چوار جێگا، چوار داوم لە زارکی چوار کونە دەڵەک نایەوە. بۆرانێ هەڵی کرد، کشامەوە ئەشکەوتی پەرییان، ئاگرەکەم لێ هەڵکرد. بۆران و فەرتەنەیەکی وایشە لەو کەژە، ئەرز و ئاسمان تێکەولێکە دەکرێ. شەوە، ڕۆژە، نەدەزاندرا. دیتم، بڕواییم بەچاومدا نەهات. چاوم چاک چاک کردەوە. جارێکی دیکەشم نۆڕییێ، بڕوام بەچاوم نەکرد. ئەوجا چۆن ساماڵێکیشە، ساماڵێکی ساماڵ ئیدی. تاوێر و قایە بەستبوونی، چرکە چرکیان دەهات. سپیەتیی بەفر لە شەوی شێت و هاری دەدا. دەق ڕۆژی ڕاوە دەڵەک. چوار دەڵەکت ڕاوکرد،

مـەمـیـدیک، لە دڵـی خـۆدا دەمگوت. ڕاست بـەم چاوانـەی خـۆم دیتـم. دەیڵـێم، بە هـەموو کەسـێ، بە زەوی، بە ئاسمان، بەهـەرچی دڕندە و تەیروتووی دنیا هـەیە، دەڵێم. دەسـتـم لـێ بـشـوەشـێندرێ، گـۆچـیش بم، دەیڵـێم. بەم چاوانـەی خـۆمم دیت. لەپڕ نـوارِیم، نووزەیەک لە زەوییـەوە دێ، تەمـاشـای زەویم کـرد، ترسـام. پیـاو بەتـەنیـا بێ، گـوێ گـرێ، خـاک دەناڵـێ، دەناڵێ، بەڵام نـاڵەی وام قـەت نەبیستبوو، نوارِیم، لە ناکاو غەڵبەغەڵبێ، لە سەنگجارِەکەوە پەیدابوو. کاتێکم زانی ئـەرز و ئاسـمـان، سـەنگجـارِ، جـەنگەڵ و بـۆرانە هـەڵکردووەکـە نـاڵە و نووزەی لێک هـاوێر ناکرێ، قـیـامـەتێکە نەبێـتـەوە. فـڵانـی هێند ترسـام، هێند ترسام لە تاریف و وەسپ نایە. لە ترسان ڕۆحم هاتە کونەلووت. نەختێ پتری خـایاندبا لە ترسان دەمـردم. هـەر ئەوەندەم زانی، نە گرموهۆرِ مـا و نە هیچ... نە فـەرتەنە و وەیشـوومـە مـا، نە بۆران و زریـان، نە سـامـاڵ مـا نە سـەرمـا. دنیـایەکی شلـەتێن و خـۆش، بوو بەگوڵ و گـوڵستـانـێ بـەکـەیفی تۆ. شـەوەکـەی وەک مـانگی جـۆزەردان بچـێ وابوو. لە هـەر چوار لاوە بۆن، بەرامـەی گـوڵووکی تەڕوبڕ دەسـتـی پـێ کـرد. هـیـزە ئـەوە چ دەقـەومـێ، چ ڕوودەدا، لـەپڕ حـەوت تۆپە تیـشـکم، هـەر یـەکـسـەر هـێندەی دوو بـەژنە زەلام دیت، لە خـوارەوە بەرەو هەورازەکـە، بەجـریوەجـریو هەڵدەکـشـان. دنیـا سـەرتاپا غـەرقـی ڕووناکی، فـێنکاییـیـەکی خـۆش، بەهـارێکی تەڕ و تازە، بـۆن و بەرامـەی هـەزار تەرزە، دەوروبەر هێند ڕووناک بـوو، شوێن پێی مێرووت لەبەر بەدی دەکرد. لە ناکـاو حـەوت بەجـارێ، بەدایکی خـۆم بڵـێم، لە نکاو، لـە ناکـاو... ئەرێ وەڵڵا بەم چاوانەم دیت. بەم چاوانەم نەدیتبا بڕوام نەدەکرد. لە پڕێکدا، لە پڕێکدا حەوت تۆپە تیـشک داپـەڕین، وەک بڵـێی، بـەرەولای من هـاتن، ڕوانیـم پیـاوێکیش بەجلوبەرگی سـپییـەوە، سـەری سـەوز لـە پێشـیـانەوە دێ، پیـاوەکـەیش بەهـەر چوار دەوری خـۆدا تیشکی داویژت و هـەر حـەوت تۆپە تیشکەکان لەلای وی بە تاریکی دەمانەوە. پیاوە بەجۆرێ دەچریسکایەوە... کورە زەلام کێی، نامەخوا، تارمـاییـیـە، شـەبەنگـە... ئەو شـەبەنگە کـێیـە، کێ، لە نکـاو... ئەهـا... هـەر بەم چاوانە، بـەم چاوانەی خـۆمم دیت. بەم چاوانەم جـوان تەمـاشـا کـرد. نوارِیم

پیاوێکی جلوبەرگ سەرتاپا سپی، مێزەر سەوز، حەوت تۆپە تیشکی بەدواوە، بەرەو لای من دێ، بەهەر چوار دەوری خۆدا تیشک داوێ. چت لێ وەشێرم، دەست و لاقم بەلەرز کەوتن، قەڵەمی ئەژنۆم شکا، هەبێ و نەبێ، ئەم پیاوە شتێکی لەبن سەردایە. خۆم بەخۆمم گوت هەی نەبێ، لە دڵی خۆدا گوتم، ئەمە پیاوێکی وەلی نەبێ ئینسانێ حەوت تۆپە تیشکی حەوت چیای وەدوو خۆ دابێ و دنیای بەترووکەیێ وا خۆش کردبێ، وەلی نەبێ، چییە؟ کورە، یا خەونان دەبینم، گوتم. نووکە چەقۆیەکم لە لاڕانی خۆ ڕاکرد، لاڕانم چووزایەوە، خەونی ئەوهایش دەبێ کەسی برا، مەمیدیک؟ گوتم. ئیدی کار لە خەون و خەیاڵدا نەما و هەر ئەوەندەم زانی ئەوە حەوت تۆپە تیشکی بەدواوەیە... ئەو پیاوە مێزەر سەوزە، وا لە پێشمەوە دەڕوا و بەرەو چیای تەکەچ هەڵدەکشێ. ئەوجا نۆڕیم، چ ببینم؟ پیاوە دەمەوچاوی، سەرتاپای لە تیشک هەڵنیشتووە، دەبریسکێتەوە. لە پڕێکا هەر هێندەم زانی هەر حەوت تۆپە تیشکەکەیش و پیاوەشم لە پێش چاو ون بوون. دنیا هەڵنیشتە نێو تاریکییەک، فلانی، ئەو کەژ و کێوە، لەوەتی هەیە، تا ئێستا شتی وای بەخۆوە نەدیتبوو. تاریکی تاریکی نەبوو، کوتومت، وەک ئەم بەردە قورس و گران. ئەوجا بڵێ چی دیکەیش ببینم چاکە؟ هەر بەو چاوانەی خۆمم دیت. نە کەوت، نە بوورایەوە. لە نکاو، لە ناوجەرگەی ئەم تاریکییە گەورە و گرانەوە تۆپە ڕۆشناییەک وا تەقییەوە، وا بەهەموو لایەکدا بڵاوبووەوە، هێچ کوێم بەدی نەدەکرد. وام زانی چاوم تەواو کوێر بووە و تازە ڕابرد. لەو جێی گرمۆڵە بووبووم ناتوانم ڕاست بمەوە. ناشوێرم چاوم هەڵێنم، دڵیشم کوتەکوت! وەک گونی هەلاج لێ دەدا. ها ئێستا، لە ترسان زراوم دەتۆقێ، ها نەختێکی دی... ئەی ئەم چرا و چراخانە چییە وا لە ناو ئەم تاریکستانە ئەنگوست لەچاوەوە تەقیوەتەوە؟ زەوی قڵیشاوەتەوە، لە زەوی هەڵتۆقیوە، ئەستێرەی ئاسمانە سەربەرەوخوار داکشا، ئەمە چی؟ چ بوو بەسەرم هات؟ قیامەت هەڵستاوە، موعجیزە و پەرجووە؟ ئەمنیش دەڵێم، چ دەبێ با ببێ، چاو هەڵناهێنم. هەر ئاواوایی، نەختێ، درزێکم دایێ، ویستم بەتیلی چاوی خۆ لێ نەبانکردوو تەماشایەکی بکەم.

کوێر نەبووبم؟ ئیدی هەروا، ئەمە ئەوەندەی دیکەم دەترسێنێ. هەڵی بێنم. هەڵی نەهێنم، لە ناکاو لە درزی پێڵوومەوە ڕوانیم، بەڵام چ ببینم. پیاوەکە هێند جوانە، خوشکی خۆی ئاشقی دەبێ، لە تەماشاکردن نایە. حەوت تۆپە تیشکی لەدووە. لە بەردەمم وەستاوە. بەم چاوانەی خۆمم دیت. ئەوی لە بەردەمم ڕاوەستاوە پیاوێکی بالآبەرزی تا دەست هەڵگری کەڵەگەت. پاشانەکێ، پیاوە بزووت، بەرەو گوندی خوارێ دای کێشا. پیاویکی درێژ. ئەمن دیسان کەوتمەوە نێو تاریکی، بەڵام هەر هێندەم زانی لە هەورازێ، بووەوە بەچرا و چراخانی تیشک ڕوونکایی، هەر تیشکە و بەپەرواز دێ ژماردمن، ڕێک حەوت تۆپە تیشکە سەد سوێندت خواردبا، حەوت ئەستێرەی گەشن. وەک حەوت جوانووە ماینی عارەب، دادەپەڕین، بەغار و یاریکردن لەدووی پیاوەوە دەهاتن. تۆپە تیشک چی تۆپە تیشک، چەندی بلێی گەورە و گران. لە دواوە ڕیزبوون... ئەوی لە پاش هەمووانەوەیە، لە هەمووان گەشترە. هەرچەندی تیشک پێ دەکەوت پیاوەی سەرسەوز دەبوو بەیەک پارچە سەوزی، لە ناو لەشیەوە، لە سەریەوە، لە چاویەوە، لە شمەکەکانی بەریەوە، لەو جێی پێی داویشتێ تیشکێکی سەوز دەپڕژا.

«شەوێ، تەماشای کرد، بەفر، ترۆپک و لووتکەی چیای تەکەچ، قایە و بەردەکان، دەوروبەر سەرتاپا بوون بەتیشکی سەوز. لە بەفر و بەستەڵەکەوە تیشکی سەوز هەڵدەستێ. چاوم لەبەری هەڵنەدەهات. چەندم دەکرد هەڵنەدەهات. سەرلەنوێ چاوم دەقووچاند و هەڵم دەهێنایەوە لەپڕ، تیشکی تاین سەرلەنوێ بەرەو لای من دەگەڕانەوە. وەی دایە وەی، جا چ بکەم! وا لێم نزیک دەکەونەوە! ئەگەر هەڵدێم، بۆی دەردەچم، دەرفەتی هەڵاتن بەدەستەوە نەماوە. لە ترسان زمانم لاڵ بووە. لە سەریان دابام ورتەم لە زار دەرنەدەهات. ناشتوانم، ڕاست بمەوە. چۆن ئارەقەیەکیشم دەرداوە... گشت ئازای گیانم لە ناو ئاودایە.

«هەر هێندەم زانی شەبەنگی تاین لە بەردەممدایە. هەر لە جێگەی جارانی چۆن ڕاوەستابوو، ئەوها ڕاوەستاوە. چ ببینم، کێم لە بەردەمدایە؟ دڵت نایە

تەماشای کەی، جوان چ جوان. کێ بێ باشە؟ تاشباشی مەزنمان. ئەی چۆن، ئەرێ وەڵڵا تاشباش ئۆغڵووی مەزنمان.

هەر حەوت تۆپە تیشکەکەی بەدواوە، سەت سوێندت خواردبا حەوت ئەسپی کەحێلەن. سەرتاپای لەشیشی کەسک کەسک. لە هەر لایەکیت دەنۆڕی، لە ئەرز و ئاسمانەوە نوور دەباری، گوتم. «خوا بمکا بە بەندەی ئاڵقە لە گوێت، لێمان خۆش بە، تاشباشی مەزن،» گوتم. گوتم، بەڵام دەنگم دەرنەهات. لە ترسان بۆ خۆشم نازانم، چ بکەم. هەروا، لە بەرخۆوە، دەڵێم، با بچم، بەسەر دەست و پێی تاشباشی مەزنماندا بکەوم بڵێم، بەکوێلەت بم، لە من، لە ئێمە، لە دایکم، لە گوندی خۆش بە. نەمتوانی هەڵستمەوە. قەڵەمی ئەژنۆم شکا. لە بەردەممەوە تۆپە تیشکی تاین باهۆز دوای کەوتبوون، دەڕۆیشتن. هەر ڕاست و ڕاست، وەک ڕەشەباو باهۆز دەچوون. بەڵێ من ئەمەم، ئاوها، بەم چاوانەی خۆم دیت. هەر ڕاست بەرەو ترۆپکی چیای تەکەچ هەڵکشا، چوو و چوو. چاوم بەترووکەیێ چییە بڵێی، لە تاشباشی مەزنمان خافڵ نەدەکرد. پاش قەدەرێ ڕوانیم. سەر ترۆپکی چیای تەکەچ نێڵەنێڵیەتی. ئیدی بەهەڕاکردن گەڕامەوە بۆ ماڵێ.

مەمیدیک لەم قسانە بووەوە و نەبووەوە، بێ وەی گوێ لە «ڕاوەستە، مەمیدیک»ی دایکی بگرێ، دەرپەڕییە دەرەوە.

دنیا چاشتانێکی قایم بوو. فەرتەنە و وەیشوومەکە هەروەک بەیانی چۆن بوو، هەروا بوو، بەڵام گوندی سەرلەبەر ڕژابوونە نێو کووچە و کۆڵانان. لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ، باس و خواسی، بێ وچان حیکایەتەکە بە مەمیدیک گێڕانەوە. ئەوی ڕۆژێ، ڕۆژێ هەرە بەختەوەریی گوند بوو، هەر کەسێکت دەگرت، لە ناو تام و لەزەتی ئەو حیکایەتەدا سۆبایی دەکرد، تا نێو مۆخیان هەستیان پێ دەکرد. دەموپل پاراوی گوند، ئەوانی لە هەمووان قسە و حیکایەتان جوانتر دەگێڕنەوە، نە جارێک و نە دوو جار و نە سێ جار، دەیانگێڕایەوە و دەیانگێڕایەوە. ئەوانی لەبەر ئاگردان خڕ دەبوونەوە، یەک با، دەبوو بە سێ، سێ با، دەبوو بە پێنج، تا دەهات زێتر دەبوون.

## ٣٠

مەمیدیک بۆ گێڕانەوەی حیکاکەتەکە بۆ ماڵی کوێخایش دەچوو، بەڵام دوران بێکەس نەیهێشت:

«ئەتۆ شێتی، مەمیدیک؟» گوتی. «کوێخا تاکێ لەو قسانەی دەیانگێڕییەوە بەرگوێ کەوێتەوە، هەر بەکوشتن دەتکوژێ، ماڵ خراپ.»

مەمیدیک هەروا بەبێ پەرواییەکەوە بەلای ماڵی کوێخادا تێ پەڕی.

حیکایەتەکە لە چەند سەرێکەوە، دەسبەجێ، بەکوێخا گەیشتەوە، کوێخای شێت و شەیدا کرد. ئیدی کار لە کار ترازابوو، مەسەلەکە بەجارێ تەقیبووەوە. خرابووە قاڵبی ڕەسمییەوە. ئەوەی لێی دەترسا قەومابوو. ئەوجا عادیل بێ نەیێ... هاتیش فیناری سەقەر، دەشڕوا هەر ئەوێ جێی بێ. بەدڵی خۆش، ئەوە ڕێگا.

سەفەرلە دڵی خۆدا «چ بکەین،» گوتی. «دەبێ بیکێشین، ناچارییە. سەر بێ سەرێشە نابێ. ملمان لە پێش تاشباش ئۆغڵو لە موو باریکترە، لە لۆکە نەرمترە. چیی ئارەزوو بێ، دەکارێ پێمانی بکا.»

«کێ بوو ئەم مەمیدیکەی بەقسان دێنا؟ ئە ئەمە گرینگە. مەمیدیک منداڵێکی بێ کەسە. خۆ بڵێی، پیاوی تاشباشیش نییە. دایکیشی دەڵێی، خۆ ئەوە خزمی خۆمانە... ئەم مەمیدیکە کارێکی لەگەڵدا دەکرێ. هەرچەندی بیر دەکردەوە، هێندەی دیکە لە مەمیدیک تووڕە دەبوو و تووڕەیییەکەی گەورەتر دەبوو.

بەپاسەوانەکەی:

«خێرا ئەو مەمیدیکەم لۆ گازکە،» گوتی. «نەهات، لە پۆلیسخانەوە جەلبی لەدوو هاتووە، بەتۆبزی بیهێنە.»

بانگی هۆمەری کرد، «نەبادا نەیێ.» گوتی. ئەو، سەگ ڕەسەنە، ئەگەر نەهات لە هەمێزێی کە، بیهێنە. دە هیچ نەبێ ئەمە بکە. چۆنم زانی، ئەوڕۆ کابرا بووە بە وەلی؟ تێداچووین هۆمەر، مردین، مەحو بووینەوە؟»

هۆمەر، مل شۆڕ، لەگەڵ پاسەوان وەدەرکەوت.

سەفەر مەمیدیکی بەوپەڕی بێ ئارامییەوە چاوەنۆڕ بوو، دەبێ ئەم دەیووسە لەبن پێم نێم، هێسک و پرووسکی وەک ئارد بهاڕمەوە. ئەمەت لە کوێوە هێنا؟ ئەم تاشباشە حەوت تۆپە تیشک لە دووەت لە کوێ هێنا؟ ئەو پیاوە، تاشباشە، هەی هەتیوە چڵمنە پیسە؟ ئەدی ئەو، نێوی، ئەولیای تیشکی قەرەجەداغێ نییە؟ گەلۆری کوڕی گەلۆر، ئەولیای تیشکان، چ بەشەو، چ بەڕۆژ، حەوت تیشکی لەدوو نییە و ناگەڕێ؟ تاشباش کەنگێ بووە بەئەولیای تیشکان، هەی مەمیدیکە چڵمن؟ ئێستا لەبن پێیانت نێم، پان و پلیشت کەمەوە! هەی هەتیوی شوومی بەدووم!

مەمیدیک ئەم حیکایەتی ئەولیای تیشکانەی لە کوێوە بیستبوو، بۆ تاشباشی هەڵبەستبوو؟ تاشباش بەخۆی، پێی لەبەر نەکردبێ؟ هەیە بتوانێ ئەمانە، یەکەیەکە لە زاری مەمیدیک دەرێنێ. یا ئەم هەتیوە ڕیوەڵەیە، تەنیا هەر بۆ ئەوەی خۆ بنوێنێ، ئەم حیکایەتەی ڕێک خست؟ یانەکو خەونی دیتووە؟ یانەکینێ... تاشباشی لە شێوەی ئەولیای تیشکان هاتووەتە پێش چاو؟ هەرچییەک بێ، دەبێ ئەمە بەسەر ئەم هەتیووەوە نەڕوا، دەبێ سزا و جەزرەوەیەکی وا بدرێ، جارێکی دیکە کەس نەوێرێ درۆیەکی وا هەڵبەستێ.

چاوەڕێکردنەکەی هەرچەند درێژتری دەکێشا، هێندەی دیکە لە مەمیدیک دەشیشا و تا ئەندازەی کوشتنی لێی دەهری دەبوو، بەڵام کە ملە باریکەکەی، تەماشاکردنە خەیاڵاوییەکەی، لەشە لەڕ و لاوازەکەی دەهاتەوە پێش چاو، تووڕەیییەکەی خاو دەبووەوە و بەسەر دەچوو.

بەڵام ئەو چیی لەم کەینوبەینە داوە! یانی چی خۆی لەم بەزمە تێوەگلێنێ و مەحوی کاتەوە. ئاکامی کارەکە هێدی هێدی نزیک دەبووەوە، بەڵام مەمیدیک نەبا، لەوانەبوو چەند ڕۆژێکی دیکەیشی بە سەرسووکییەوە بەسەر بردبا ئەدی وەنییە؟

«لە وەجاخت ڕیم مەمیدیک، لە وەجاخم ڕیای، ئاسەوارت بڕیمەوە. هەڵت قرچاندم، جا خوام نەبێ، ملت هێندەی دیکەش باریکتر بێ، تەنیا هەر هێسک

و پێست بمێنیەوە، دەبێ سزای خۆت بکێشی.»

هەرچەندی بیر لەو خراپەی، مەمیدیک دەگەڵی کردبوو، دەکردەوە، ڕک و تووڕەیییەکەی هێندەی دیکە حەوزەڵی دەستاند و سەرڕێژی دەکرد. هەردوو دەستی کردن بەکوڵەمست و دەستی بەگازلێگرتنیان کرد. ئەرێ، تووڕەیییەکەی بەو ڕادەیە گەیشتبوو.

هەر لەو دەمەدا بوو، مەمیدیک لە نوواوە و هۆمەر و پاسەوان لە پاشەوە، لە دەرکەیان دا، وەژوور کەوتن. سەفەر هەر لەگەڵ دیتی و نەیدیت ڕاپەڕی، هەڵستایە سەر پێیان، شالاوی بۆ مەمیدیکی برد. مەمیدیک بەستەزمانیش هەر کە سەفەری وا بەدوو چاوی زەقبووەوە و ڕەنگ و ڕووی پەڕیو و لچ و لێوی لە ترسان وەتەتەڵە کەوتووەوە، هەر دەتگوت بۆ کوشتنی شالاوی دەباتێ، دیت، خزانە قولنچکێکی ماڵەکەوە و خۆی وەک ژیژک گرمۆڵە کرد.

سەفەر گەیشتە لای و نەیگەیشتێ، گورجێ بەخۆهاتەوە. کۆڵە مستەکەی تێ سرەواندبا، مەمیدیک حەوت زەمان بوو مردبوو. یا جارێکی دیکە، هەروا بەو هاسانییە، بەخۆ نەدەهاتەوە و یەقین سەقەت دەبوو. خۆی بەخۆی گوت: «هیزە سەفەر، ئەوە چ دەکەی؟ بەتەمای لە جەواڵی هەنجیرێ ڕیێی.»

هەر کە گەیشتە لای مەمیدیک و نەگەیشت، هەناسەکێشێ وەستا.

«ڕۆڵەکەم، مەمیدیکەکەم، بەخێرهاتی، برالەکەم،» گوتی. «پیاو بۆ هەموو مالان دەچێ، سەر بەماڵی مام سەفەری خۆیدا ناکا، شێتۆکەکەم؟ منیش ئەوا لەدووم ناردی، بێی، ئەوی دیتووتە بۆمی بگێڕییەوە.»

مەمیدیک واقی وڕمابوو. هەرچەندی دەکرد، نەیدەزانی چ بڵێ، چۆن ڕەفتار بکا، دەی خوا شوکور بە بەشت... ئەم کابرایە خۆ هەروەک غەزەب شالاوی بۆ هێنام، یانی چی، لە ناکاو گۆڕا و ئاوها وەک ئارمووشی خاو نەرم بووەوە! لە ترسان هێشتا وەک بیی نێو ئاو دەلەرزی.

«ئەوە چت لێ بەسەر هات ڕۆڵەکەم؟ بۆچی خۆت وا لە قولینچکان گرمۆڵە کرد؟ وەرە کوڕی خۆم وەرە. دە وەرە دەی، ئەوی دیوتە بۆ مامی خۆشتی وەگێڕە.»

مەمیدیک سەبرۆکە بەخۆ دەهاتەوە و تێن و تاوی شایی بەخۆبوونێکی تێ دەزایەوە. سەفەریش بەرە بەرە ڕەنگ و ڕووی دەهاتەوە سەر باری خۆی.

دەستی کوڕەی گرت، هێنایە بەر چاوەجاخەکە، قیژاندی:

«ئافرەت،» گوتی. «کچی سمەبۆر، چایێ بۆ مەمیدیکی کوڕمان...»

ژنە چایەکی لە قۆریەی نێو کوانووەکە بۆ تێ کرد و دوو کولۆ قەندی بۆ تێ هاویشتێ و بەکلکی کەوچکە شکاوێ بۆی تێک دا و دایە دەستی.

سەفەر پێ دەکەنێ، بەخۆشی خۆشییەوە تەماشای مەمیدیکی دەکرد و بزەی سمێڵی دەهات. مەمیدیکیش هەروا سەری نەوی دەکرد و لە یەکبینە پێ دەکەنی. لە دڵی خۆشیدا دەیگوت: «هەمووی درۆیە، گوندی ورد و درشت درۆ دەکەن. توخوا ئەم مام سەفەرە پیاوی خراپە؟ لەوی چاتر مەگەر ساغ و سەلامەتی سەر بێ... مام سەفەر ڕۆحە ڕۆح. لە پێشان کە لە دوورەوە سەیرت دەکرد، یا سەیرت دەکا، زەندەقت لێ دەچێ، ڕات دەچڵەکێنێ، بەڵام کە لێی نزیک دەبیەوە، تەماشا دەکەی پیاوێکە وەک ڕۆح، بەقوزەڵقورتەوە دەخورێ. دوای گوندییشم بڕییەوە گوندت قەت نابن بەپیاو. ئەسڵەن هەر پیاو نین. باشە مام سەفەر چییەتی؟ بڕوانە، بڕوانە چ پیاوێکی بە شەوکەتە. ها ها چەند پێ دەکەنێ و بەڕووی پیاودا چۆن دەگرژێتەوە. پیاوێ وەی تەرحە بخەنێتەوە، قەت خراوی لێ ئەوەشێتەوە؟ دە ئیتر لێرە بەولاوە ئەگەرەکە منیش لایەن سەفەرم نەگرت هەرچی یەژن... ئەرێ وەڵڵا و بەولاتریشەوە... سەربار مام سەفەرێکی خزمیشت بێ، تمەز خاڵۆی دایکم... یانی خاڵوانییەکەی وەنەبێ هەقێنی بێ. دەی جا چ بوو، چش، خۆ هەر خزمە، ئەی خزم نییە؟»

مەمیدیک سەری بڵیند کرد، چاوی فرمێسکاوی بوو. دڵ و دەروونی پڕ و کەیل بوو لە شادمانی. باویشی زیندی بایە، هەر هێندەی مام سەفەری، باوی خۆش دەویست. هەر هێندەی ئەم سەفەرەی ئێستا وا بەرانبەریەتی. لە دڵی خۆدا دەیگوت، خۆزی دەستم لە ملی دەکرد و هەردوو دەستم ڕادەمووستن.

هەرچی شادی و خۆشی خۆشی هەبوو، لە چاویدا خڕی کردەوە، ڕووانییە سەفەر:

«مام سەفەر،» گوتی . «تۆ خاڵی دایکمی، خاڵی منیشی. لەمەوپاش ئیدی من لایەنگری تۆم. تا مردن ئەتۆ چ بڵێی من ئەوە دەکەم.»

مەمیدیک منداڵ بووبووەوە. لەو دەمەدا لە تەمەنی منداڵێکی حەوت ساڵەدا دەژیا. سەفەر دەستی درێژ کرد، دەستی بەسەر و قژیدا هێنا:

«دیارە،» گوتی، «ئەتۆ خوارزای منی، بەڵان ئێوە خۆو لێ بەدوور گرتووین. وا دەبێ؟ کەچی من ئێوەم وەکی خزمی خۆم لە هەمێز گرتوون، ئەتۆم بەکوڕی خۆم و دایکتم بەکیژی خۆم داناوە، هەروایشم نێو هێناون.»

سەفەر نێو دەروونی بروسکەیەکی دا. چا هەروا چاوت لێ بێ چۆن ئۆین و گەڕێ بەگوندی دەکا. ئۆینێکی لێ دەکا فەلەک ماشەڵڵای لێ بکا. ئۆین نەک گاڵتە. مەمیدیکێ، مەمیدیکێکی حیکایەتی حەوت تیشکان هەڵبەستێ و ئاوهای لە قولەمستدا بێ... ئۆ هۆهـ، لێی دە لە حەوشی گەورە، یاپراخە و دونگی چەورە.

خوا ڕۆژی ئەوها خۆشیشی هەیە! ئەی چۆن، سەری دابێ، ئەقڵیشی داوە. وەی باوە وەی! ئەوجا ببینە، گوندی چۆن بەچۆکدا دێن! هەر بژی مەمیدیک، کوڕی خۆمە مەمیدیک.

بەهەموو شادییەکەوە دەیڕوانییە مەمیدیک و دەستی بەشان و ملیدا دەهێنا و دەیلاواند.

«ئای مەمیدیکەکەم، هۆ کەسە ئاقڵە بە وێڵ و کەماڵەکەم، ئازا و بوێرەکەم. ئەوی تۆی لە من کردووە دژمنی باوکوشتەیە، باوکوشتە. هەی چاوی دژمن کوێر بێ، قەت نینۆک لە گۆشت و خوێن جوێ دەگرێتەوە. برالە؟ تۆ برای منی، لە یەک خوێن، لە یەک ڕەگ و ڕەگەما، لە ڕەگەمای خۆمی. دژمن چ دەڵێ، با بڵێ، چ گەڕێ، چ ئاین و ئۆینێ دەگێڕێ، با بیگێڕێ، تۆم لێ جیا ناکرێیەوە، نا ئەدی وەنییە؟ براکەی برام!»

مەمیدیک بێ ئەوەی سەر بڵیند کا بە سەری «وایە،» گوتی.

مەمیدیک لە شادمانییان، لە هەست بەعەلاقەمەندییان بەجارێ تووابووەوە. لە خۆشییان پەڕوباڵی لێ ڕووابوو، دەفڕی. لەوەتی خۆی ناسیبوو، کەس بەو

ڕەنگەی ڕەفتار لەگەڵدا نەکردبوو. کەس بەدەمودوویەکی وا شیرنەوە لەگەڵی نەدوابوو. خزم و خۆیشایەتی شتێکی دیکە بوو. ئەی چۆن. چما هەیە وەک خزم؟ هەیە لە گوێن کەسوکار؟ دژمن کوێر بێ، هەزار جار کوێر بێ. ئەدی هەر دژمن نییە کەسوکار لێک هاوێر دەکا؟ هەر دژمن نییە نینۆک لە گۆشت جوێ دەکاتەوە؟ کوڕ لە باو، داک لە کیژ، دڵدار لە دڵدار دەکا، هەی هەزار لەحنەت لە دژمن.

بمبەخشە، خاڵۆ سەفەر، کەس نازانێ تۆ هێندە چاک، هێندە پیاوێکی ئینسان، هێندە خزم دۆستی.»

سەفەر هەناسەیەکی هەڵکیشا:

«با نەزانن، کوڕم،» گوتی. «خۆ خوای ئەو بان سەرە لە هەموو شتێ، لە خشەی مار و مێروو ئاگادارە...»

مەمیدیک بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ:

«ڕاستە،» گوتی. «ئاگادارە، ئەی چۆن.»

سەفەر:

«دە مەسەلەی ئەم سەربەردەم چۆنت دیتووە، لە نووکەوە بۆ بگێڕەوە، کەسی مامی... چیت دیت، چت بیست. یەک بەیەکیم بۆ بگێڕەوە کوڕە باشەکەم، ئەم مەسەلەیە زۆر گەورەیە. زۆرم پێویستە بیزانم، زۆرم بەکاردێ. ئەم مەسەلەی بەردینە بۆ حوکوومەتەکەمان، بۆ دەوڵەتەکەمان، بۆ دیموکواسییەتی کۆماری حوکوومەتی تورکیا بەپلەوپایە گەیشتنێکی فرەگەورە و پڕ مەزنە...»

مەمیدیک لە خۆشییان دووپێی بەزەوی نەدەکەوت. سەرۆکی گوند، بگرە پیاوی هەرە چاکی گوند، سەفەر ئاغای خاڵی خۆی داوای گێڕانەوەی حیکایەتەکەی لێ دەکرد. ئای لەو خۆشییە... گوتبوویشی ئەمە بۆ دۆموخراتی حوکوومەتی تورکیا بەپلەوپایە گەیشتنێکی فرە گەورە و پڕ مەزنە.

دەستی بەگێڕانەوەی حیکایەتەکە کرد. بەدەم حیکایەتگێڕانەوەکەوە بەجۆش دەهات. قسە وەک سێلاوێ لە زاری دەردەپەڕی. تیشکەکان، کە هێندەی دوو بەژنە زەلام دەبوو، هێندەی ئەسپینداری بەئاسماندا هەڵدەچوو، لە حەوتەوە

دەبوون بە بیست و پێنج، بە پەنجا، لە پاشان ئەم پێدەشتەی خوارێ، ملە و یاڵ و کەل و بەندەنی چیای تەکەچ، بەهەزاران تۆپە تیشک بەسەدان هەزار تۆپە تیشکی هەر یەکە بەژن هێندەی ئەسپیندارێ بڵیند، دەورە دەدران، کێشیان لە نواوە بێ باشە، مەمەد ئەفەندیی تاشباش ئۆغڵووی مەزنمان، لێرێکی بەهەزاران تۆپە تیشک لەدوو، لێرە تیشکێ بەدار و پێدەشت و قایەجاڕ و یاڵ و ملە و لاپاڵ و کەل و بەندەنەوە، بەرەو تەکەچ هەڵدەکشا و دەڕۆیشت، تیشک، تاشباش، هەموو هەڵدەکشان، سەر دەکەوتن.

مەمیدیک، پاش ئەوە، بەدوور و درێژی، حیکایەتەکەی، بەهەموو وردە ڕەگ و ڕیشەوە گێڕایەوە، پشووێکی حەسانەوەی دا. ئارەقەی کردبووەوە.

«بەڵێ ئەمە حاڵ و ئەمە حیکایەتەکەیە. ئەم شتەم ئا بەو جۆرە دیت، خاڵە سەفەر،» گوتی. «بەدڵت بوو؟» مەمیدیک غەرقی هەست بەشانازی بووبوو. زۆر چاکە، ئەم جارەی لە هەموو جاران چێتر گێڕابووەوە. ئەو سەفەر ئاغا زل و زەلامەیش واقی وڕمابوو، بەدڵ و گیان تەماشای دەمی دەکرد، دەینۆڕییە زاری شەکەرباری و سەری سوڕمابوو.

«زۆر چاکت گێڕایەوە. زۆرم بەدڵ بوو مەمیدیکەکەم. ئەی ئەوەی گێڕاتەوە هەموو ڕاست نییە گوایە.»

مەمیدیک پەشۆکا، حاڵێکی خۆشی هاتێ. ئەوە یەکەم جار بوو، یەکێ لە گوند، بڵێ ئەدی چۆن، ئەوەی گێڕاتەوە ڕاست نییە گوایە.

«زۆر ڕاستە، خۆی چۆن بوو ئەوهام گێڕایەوە. دەنا هەردوو چاوم ئێستا برژێنە ژێر پێم ئەگەر خیلافم گوتبێ. بەو دوو چاوەم دیت، وەڵڵاهی، بەهەرچی سوێند و قورئانە، بەهەرچی پیر و مەشایەخانە...»

«وس وس، مەمیدیکەکەم، سوێند مەخۆ، کوڕی خۆم. ئەمن خاڵی خۆتم. تۆ ئەمانەی گێڕاتنەوە ڕاستت هەڵبەستوون. بەڵام بەڕاستی زۆر چاکت هەڵبەستوون، ئەی بتڕەژم.»

مەمیدیک ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، هەر ئەوە نەبوو دەموچاوی هەڵنەپرووکێ:

«وەڵڵاهی وەبیللاهی هەڵم نەبەستوون. ڕەپوڕاست بەم چاوانەی خۆمم دیتن.

کوره هەی هاوار، داد وەلای کێ ببەم، ئەم خەڵکە بۆ بڕوا ناکا.»

سەفەر تەماشای کرد بەم ڕێیەدا بەرەوبڕی ناداتەوە، مەمیدیکی بۆ پێ ناگێڕدرێتەوە، بەلایەکی دیکەیدا داکێشا.

«کوڕم، ئازایەکەم، خۆ من ناڵێم ئەتۆ هەروا ڕەپ و ڕاستت هەڵبەستوون. ئەتۆ خەونێکی ئەوهات دیت، کە لە ئەشکەوتێدا نوستبووی، ئەمن وا دەڵێم. دەنا خوانەخواستە چم گوتووە. ئاگرێکی خۆشت لە پێشێ بوو، تەماشای ئاگرەکەت دەکرد، بوو بەو تیشکانە. تارمایی و شەبەنگی دارێکیش لە پشت ئاگرەکەوە دیاربوو، ئەویشت بەپیاو شوبهاند، لێت بوو بە تاشباش. ئەمن دەڵێم ئەوها بوو. ئەتۆ خەونت دیت.»

مەمیدیک گوتی:

««من ئەوەشم لێک دایەوە. لە دڵی خۆدا گوتم، تۆ بڵێی، ئەمە خەون نەبێ، خەیاڵ نەبێ. دەستم برد چەقۆیەکم دەرێنا لە لاڕانی خۆم ڕاکرد، ئێشا، خوێن فیچقەی کرد. ئەوجا تێ گەیشتم، نەخێر، خەون و خەیاڵ نییە، لە دنیای ڕاستەقانی دام، ئەوی بەرانبەرم وەستاوە پیر مەمەدی تاشباش ئۆغڵومانە.»

سەفەر دەهری بوو:

«بەم سەگە پیر و میر مەڵێ،» گوتی.

مەمیدیک دەستی بەتف تف و تۆبە و ئیستیغفار کرد:

«حاشایەکی ئەو حاشایەکی ئەو،» گوتی. «حاشا حاشا، هیزە زارت خوار دەبێ، خاڵە سەفەر، تۆبە، هەزار تۆبە، تۆبە خوایە گووم خوارد، لە گووی سەگە کوڵە،» گوتی.

سەفەر زەندەقی چووبوو. ئەی ئەگەر کوڕە بەوجۆرەی دیتبێ؟ کوڕینە ئەمە لە تاشباش ڕووی نەدابێ مەسەلە ببێ بەڕاست؟ نا، نا گوتی لە پاشان. شتی وا نابێ، شتی وا چۆن دەبێ.

بزەیەکی هاتێ:

«شتی وا نابێ کوڕم، تاشباش نابێ بە وەلی. ئەوەندەی گوناهـ هەن... ئەتۆ خەونت دیت خەون.»

«خەون نابینم. فەرموو تەماشاکە، ئە ئەمە ئەو شوێنەیە کە بەنووکی چەقۆیەکەمم بریندار کرد، هاها...»

شەرواڵەکەی هەڵکرد، برینەکەی نیشان دا.

سەفەر بەجارێ سەبری لەبەر بڕا، بەسەریدا هاڕاندی:

«درۆیە،» گوتی.

مەمەیدیک بەدەنگێکی وەک بڵێی پڕ داوای بڕوا پێ هێنان و لاواندنەوە، گوتی:

«درۆ نییە لالۆ، درۆ نییە. ئەمن پێت دەڵێم، بەم چاوانەی خۆمم دیت. شتی وا قەت بەدرۆ دەبێ؟»

سەفەر گوتی:

«درۆیە، هەزار جاریش درۆ.»

ئەم شەڕ و مشتومڕە قەدەرێکی خایاند. مەمەیدیک هەوڵی دەدا سەفەر بەبڕوا بێنێ. هەرچی سەفەر بوو، دەیکرد و دەیکراند، مەمەیدیک بڵێ درۆیە، یا بەخۆم هەڵم بەستووە، یا خەونە، ئەوەی دەویست.

سەفەر ئاخرییەکەی تەماشای کرد، کوڕە لە کەلی شەیتان نایەتە خوار و هەر لەسەر قسەی خۆیەتی، هیچی لەگەڵ پێ ناکرێ.

«بڕوانە،» گوتی. «گریمان، ئەوانەی گێڕاتنەوە، هەمووومان قوبووڵ کرد، بڕوامان بەهەمووی هێنا، بەڵام لە پێش تۆپە تیشکەکانەوە دەڕۆیشت تاشباش نەبوو. نابێ ئەو بێ. ئەتۆ بە تاشباشت شوبهاند، لە پاشان نواڕیت، ئەو زەلامەی سەرتاپای تیشکی سەوزی لێ دەباری لە من دەچێ. ئەتۆ تا ئێستا ئەو پیاوەت نەدیتووە و نەناسیوە.»

مەمیدیک نەرم نەرم، فێڵبازانە لەوسەری کارەکە دەهاتەوە:

«نانا، لالۆ سەفەر، نا» گوتی. «ئەو پیاوە ڕاست و ڕەوان تاشباش بوو. بەم دوو چاوەی خۆمم دیت.»

«دەبێ بەتاشباش خۆشی، ماڵ بەماڵ، بەنێو گونددا بگەڕێی، ئەمن چم گوت، ئەوە بڵێی.»

مەمیدیک بە بزەوە:

«وا ناڵێم لالۆ، وا ناڵێم.» گوتی. «ئەو پیاوە تاشباش خۆی بوو.»

سەفەر:

«ئەدی تۆ خوارزای خۆم نیت، جەرگی خۆم نیت، برام نیت، دەبێ وا بڵێی. دەبێ وای بۆ گوندی بگێڕییەوە.»

مەمیدیک گوتی:

«من درۆ لەگەڵ گوندێکی گەورە و گراندا ناکەم. پاشان چم پێ دەڵێن، درۆزنی کوڕی درۆزنم پێ دەڵێن. درۆزنی وەک کەچەڵی وایە، تا دەمرم، ئەو نێوەم پێوە دەبێ و هەر بەدرۆزنم بانگ دەکەن. لە ڕووم نایە چاو لەبەر کەس هەڵێنم ئیدی. ئەمن ئێستا بچم، بەگوندی بڵێم، تیشک و میشکم نەدیت و پیاوێکی وایش نییە و نەبووە و ئەو پیاوەیش تاشباش نەبوو، ئاوها بڵێم، هەر بەکوشتن دەمکوژن گوندی. نەشمکوژن، یەکڕاست لە گوندم وەدەر دەنێن و لە سەگم پیستر دەنۆڕنێ. بگرە ئاغایشم لە بزی لە لەبزم ناگەڕێ ئیدی. ئەمن تۆم زۆر خۆش ویست، لە بابیشمم خۆشتر ویستی. هەموو شتێکت بۆ دەکەم، بەڵام ئەوەم لێ داوا مەکە، ڕووی ئەوەم لێ مەنێ. هەردوو چاوم بتکێنە بەر پێم، بەم چاوانەم دیت. ئەتۆیش خۆت گوناهبار مەکە. ئەوەی بەلێرێ تیشکەوە، بە جەنگەڵە تیشکێکی تۆپەڵ تۆپەڵ بووەوە بەرەو چیاکان هەڵکشا تاشباش ئۆغلووی مەزنمان بوو.»

سەفەر:

«ڕاستم پێ بڵێ،» گوتی. ڕاستییەکەیم پێ بڵێ، مەمیدیک. تۆ درۆ و دەلەسە هەڵدەبەستی.» پاشان خاوبووەوە. «دەڵێی خەونم دیت، چ پێویست دەکا... چیت لە دەست دەچێ. گوندیش لە گوڵ کاڵترت پێ ناڵێن. کوڕم، ئەمن پێت دەڵێم، ئەگەر لەوانەی دەیانگێڕییەوە پاشگەز نەبییەوە و هەر هیچ نەبێ نکووڵیی لەو پیاوەی لە نوواوە دەڕۆیشت، نەکەی... بنەماڵەی کوێخا خدر وا حسێوکە ڕەگ و ڕیشەی بڕایەوە. وا بزانە منیش بڕامەوە، تۆیش بڕایتەوە...»

ورد ورد، چۆن چۆنی ڕەگ و ڕیشەیان دەبڕێتەوە و بەمردوو حسێون،

هەمووی لە مەمیدیک گەیاند، پاشان:

«باوە، ئەوا دوابڕانەوە و قڕبوونی ئێمە هیچ، ئەی شەرەفی حوکوومەت، ئەی شەرەف و نامووسی شارێکی گەورە و گران، ئەدی نێوە وەک گوڵ شیرین و جوانەکەی گوندەکەمان؟ هەر بینا ڕۆژێ، سەرلەبەریان لە زیندان توند کردین.»

حوکوومەت چەند بەچاوی خراپ دەڕوانێتە تەریقەت و تەکیە و مەهدییاتی و چۆن چۆن هەرچی خەڵکی گوندێ لە گوندەکانی چقورئۆوا بە شەیتانێکی وا هەڵخەڵەتاو، بە تاشباشێکی بێ دین دەسخەڕۆ بوو و بەماڵ و منداڵ و خاو خێزانەوە هەریەکە لە پێنج ساڵیان کەمتر بەتەنگەدا نەدا، ئەمانەی هەموو ورد و باریک بۆ ڕست.

«ئەدی کو، مەمیدیک، گوندی هەموو لە پاش ئەم حیکایەتە زارهەڵبەستەی تۆ بوو، دووی تاشباش کەوتن و قوڕیان بۆ گیرایەوە. هەرچی بەسەر گوند بێ، کارەساتێ بەسەر گوندبێ، تاشباش هەڵاواسرێ، هەموو لە نێوچاوانی ئەم چیرۆکە دەم هەڵبەستەی تۆوەوە دەبێ. کێ دەڵێ حوکوومەت گوند و گوندیی سەرلەبەر تەفروتونا ناکا. هەموویان ماڵوێران و لانەواز ناکا، ماڵ و حاڵیان لێ ناشێوێنێ، وڵاتیان لێ تێکوپێک نادا، چما نازانی، وەکو ئەو گوندانەی لێ دەکا، کردنی، ئەدی لە بیرت نایە؟ ئەمەیش هەموو لە ناوچاوانی تۆوە دەقەومێ. تا زووە، تا هەل لە دەست نەچووە، بڵێ درۆم کرد. هەر ئەوەیش ناڵێی بێژە خەونم دیت، خەونێ بوو و دیتم، گوندیش قوتار کە و سەری تاشباشیش.»

مەمیدیک وەک کەسێکی زۆری شایی بەخۆ بێ، لە بەرزەوە:

«بەڵام ئەمن بەم چاوانەم دیت. ئەوی لە پێش تۆپە تیشکەکانەوە دەڕۆیشت تاشباشی مەزنمان بوو.»

سەفەر، بەرە بەرە، دەیدایە ڕەقی و تامی زاری دەگۆڕا. لە پێشان دەستی بەهەڕەشە کرد. گوتی لە زیندانێت دەڕزێنم. تەنیا هەر بۆ ئەوەی گوند قوتار کرێ. تاشباشی کەساس چ گوناهێکی هەیە. دەبوو ئەویش قوتار کرابا.

توخوا حەیف نییە بۆ ئەو هەژارە؟ تۆ وەرە، وەرە بۆ گوندێ، بۆ شارۆکەیێ، منداڵێ، مەمیدیکێکی چڵمن لە زینداندا بڕزێ، کوێخا ئەمانەی دەبیستەوە. خزم و کەسە و دڵی قرچەقرچ بۆی هەڵدەقرچا، بەڵام چیی لە دەست دەهات؟

«دەیڵێی، مەمیدیک ڕۆڵەکەم؟ چ دەڵێی؟ شەرەفی گوند، شەرەفی شارەکە، شەرەفی وڵاتی تۆرۆس ناکڕییەوە؟»

مەمیدیک:

«بەم چاوانەی خۆمم دیت.» گوتی. «ئەمن درۆیان ناکەم. خەونیشم نەدیت،» دووبارە برینەکەی لاڕانی بەدەر ئێخست، نیشانی دا: «ئەمەیش شایەتمە کە خەونم نەدیتووە...»

سەفەر تا دەهات دایە باری توند و تیژی. پاشان دەستی بەجنێودان و نفرین کرد. پاشان هەڕەشەی کوشتنی لێ کرد. ئەدی تاقانەی دایکی نەبوو، چۆنی دەست دەچووە ڕۆحە شیرینەکەی؟

مەمیدیک بەجۆرێکی هەموو شتێکی لە پێش چاو گرتبێ:

«شتی وا ناکەم،» گوتی. «ئەمن قەت شتی وا ناڵێم و نەمگوتووە. ئەگەر سەریشم چووبێ... ئەمە ڕاستییەکەیەتی...»

سەفەر دەستی بەلاوا و لێ پاڕانەوە کرد. وەک نازانم چی دەپاڕایەوە، مەمیدیکی دەگەیاندە کاکێشانی فەلەک، خاکی بەرپێی ماچ دەکرد.

«ئەتۆ پیاوێکی گەنجی. ئەمن لەسەر ڕۆیشتنێم. تۆ لە تەمەنی کوڕمدای. سەفەر خۆی هاویشتووەتە بەر هاسانەکەی ماڵێت، مەمیدیکەکەم، خاڵە سەفەرت بنی پێیەکانت ماچ دەکا، مەمیدیک، کوڕێکم کوشتووی و خۆم هاویشتە بەختتەوە. من کردم، تۆ نەیکەی. چ دەڵێی دەیکەم. چت دەوێ دەیدەم،» گوتی و لە قسەکانی بووەوە.

مەمیدیک بە تاکە قسەیێ وەرامی دایەوە:

«نایکەم،» گوتی.

بەتاکە قسەیەکی ئەم هەتیوە پێنج پووڵ بابییە ژیانی دەکڕدرایەوە، بەڵام بێ

نامووسی کوڕی بێ نامووسە، دەیگوت. پێت وایە چ هەبوو... گوندی چییان لێ دەکرد؟ «مەترسە،» دەیگوت، «مەترسە. نەک لە گوندی. لە پێمێردەیش مەترسە. یەکێکی وەک خاڵە سەفەرت لە پشتێیە.»

لە هەمە بابەت تەماحی وەبەر خست، گوتی، لە ماڵ و موڵک دەڵێی، بەخاوەن موڵک و دەوڵەتت دەکەم، ئەمەت بۆ دەکەم، ئەوەت بۆ دەکەم. لە ئاخریدا گوتی، باوە کوێخایەتییەکەیشت لە قەبەڵ دەکەم.

مەمیدیک دیسان:

«نایکەم،» گوتی.

کوێخا هەر نەیبڕییەوە، هەر گوتی و ڕێسای. ئاسن کوتانەوە بە ساردی چ کار دەکا؟ کوڕە نووحی گوت پێغەمبەری نەگوت.

سەفەر نواڕی، هەروا بەکاکە کاکە و دەمودوو شیرینی ناتوانێ کارەکە بەم کوڕە جێبەجێ بکا.

کوڕەکەم مەمیدیک، ئەوی خۆی بکەوێ ناگریێ، ئەمەت قەت نەبیستووە؟ ددان بپووکێتەوە هەڵی دەکێشن. ئەمەشت هەر نەبیستووە؟ خوێن بەخوێن پاکژ دەکرێتەوە. ئەمەیش هەر قسەی نەستەقە. دەیشۆرێتەوە و ڕای دەماڵێ. قەتت بیستووە؟ گیانی ئەوەکەی بەرانبەرت لە گیانی تۆ شیرینترە. ئەمەیش هەر قسەیەکی جوانە. ئەوەشت هەر نەبیستووە؟

مەمیدیک سەری خوار کردبووەوە، چرچ مانا، نەدەکەوتە دەموچاوی. بێ کرکە. بووبوو بە بەرد. گوێی لە سەفەر ڕاهێشتبوو. سەفەریش لە داخان دەلەرزی. بیری دەکردەوە. تۆ وەرە مان و نەمانی پیاوێکی زل و زەلام بەدەست منداڵۆچکەیەکی چڵمنەی هێندەی قامکێ بێ. لەسەر یەک دوو قسە لە زاری دەرێن، وەستابێ ئەویش داوێتیە باری ناکەسی و سەهەندەیی و نایڵێ. بەکتکیان گوت، گووت دەرمانە. چوو لە کادینێ ڕیا. جا ئێستا خۆی دەبینێتەوە.

نەڕاندی:

«هۆمەر.»

مەمیدیک لە توورەییەکەی زراوی تۆقی، کرژ هەڵات، سەری بڵیند کرد، بەناهومێدییەوە سەیرێکی چاوی کرد.

«فەرمووو ئاغام.»

سەفەر:

«کەسی مامی، هۆمەر، ئەم مەمیدیکی برایەمان، ئەم برادەرەی لە تیرەی کوێخا خدری قۆچاخمان بۆ ڕزگارکردنی گیانی ئێمە، گیانی تۆ، گیانی خۆی، گیانی گوندییەکانمان قایل نەبوو، دوو قسان بکا. ئەم مەمیدیکی برایەمان بەخزمایەتی لە تۆوە نزیکترە، هۆردووکیشیان هاوزای یەکن، لە زاری یەکدی زێتر دەگەن. بەگەڵە خۆتی دە، بیبە خوارێ، بۆ ژێرخانەکەی هەرە خوارێ، لەوێ قسان بکەن، بەڵام شەڕ و قڕەوبڕە و تێ هەڵدانم ناوێ. دەنگتان دەرنەیێ. بەکاوەخۆ قسان بکەن،» گوتی و بەدەستی ئیشارەتێکی بۆ هۆمەر کرد.

هۆمەر وەدەرکەوت، بەتێلایەکی دارمێشەی ئەستوورەوە گەڕایەوە، بەتوندی لە پیلی مەمیدیکی گرت:

«پێشم کەوە،» گوتی. لەبەر ئاگردانەکەی هەڵستاندە سەر پێیان. «یەک دوو قسانت لەگەڵ بکەم پلکزا.»

مەمیدیک کە تێلا دارمێشەکە و ڕەقی و ڕەفتار درشتییەکەی هۆمەری دیت، بەخۆ هاتەوە. چاوی لە دوڕچاوی سەفەر بڕیبوو، چاوەڕێی بەفریاهاتنەوەی بوو.

هۆمەر لە سەرێکەوە مەمیدیکی بۆ ژێرخانەکەی هەرە ژێرەوە پەلکێش دەکرد و لە سەرێکەوە ددانی لێ ڕیچ دەکردەوە، هەرچی خراپە پێی دەکرد. مەمیدیک چاوی هێشتا هەر لە سەفەر بوو، تا ڕۆح بمێنێ ئومێد دەمێنێ. چاوەڕوانی قوتاربوونێکی دەکرد. کە گەیشتنە بەردەرکە، هۆمەر بەجۆرێکی لەپشتەوە بۆ ژووری پاڵ پێوەنا، مەمیدیک هەر هێندەی خۆش بوو، لە ناوەندی ژێرخانەکە گرمۆڵە بوو. هۆمەر چوو، بەخوێن ساردییەکەوە، مەمیدیکی هەڵگرتەوە، هەروا بەکاوەخۆ، دەسەسڕەکەی لە بەریکی دەرێنا، لە زاری

مەمیدیکی تەپاند. هەرچی مەمیدیک بوو، چما بۆرە سەرپێچییەکی دە بەرابەر ئەمە کرد. دەسەسرێ لە زار پەستاوتراوە، ڕەقوڕەپ چۆنە، ئەوها ڕاوەستاوە.

هۆمەر گوڕی بەستەوە، گوڕی بەستەوە، هێندەی هێزی تێدابوو، تێلا دار مێشەکەی بەگازی پشتی مەمیدیکدا کێشا. مەمیدیکی تێلا خواردوو، دەمەونخوون تخێلی عاردی بوو. هۆمەر بێ ناوبڕ گوڕی دەبەستەوە، تێلاکەی بەهەموو هێز و توانێکییەوە بەگازەرای پشتی مەمیدیکدا دەمالی. ئەوجا هەرچەندی تێلایەکەی لە مەمیدیک دادەهێنایەوە، هێندەی دیکە شێتگیر دەبوو.

نەخێر، خێرا خێرا، کوێت دێشێ، حەسیرمەیدانێکی وای دەکرد، بڕوا بکە، تێلاکە بەچاو نەدەبینرا هێندەی خێرا خێرا دادەهێنایەوە و بلێندی دەکرد.

مەمیدیک دەینالاند. هەرچەندی دەکرد، نەیدەتوانی دەسەسرەکەی لە زاری ئاخندرابوو، لە دەمی دەرێنێ. دەنگی وەک لرخەی خنکاو دەچوو.

هۆمەر تێلایەکەی فرێ دا، وێجا وەبەر پێلەقانی دا. بەمەیش دلی دانەکەوت، سەرلەنوێوە، پڕی دایەوە تێلایەکە، تێلاترێن کردنەکە، تا مەمیدیک نووزەی تێدا مابوو، بەردەوام بوو کە نووزەی لێ بڕا، هۆمەر، ئیدی ئارەقەی شین و مۆری کردبووەوە، پشووێکی دا:

«تۆپی،» گوتی. «با بتۆپێ. دەیبەم دەی هاوێمە ئەشکەوتی پەرییان و دەگەڕێمەوە، کێ پێ دەزانێ!»

مەمیدیک، بەهەر حالێ بوو، دەسەسرەکەی لە زاری دەرێنا، چاوی هەلێنا بەچاوی بۆش و بەتالەوە، تا ئەندازەی ئەوە، بلێ، ئەرێ ئەوە چ قەوماوە؟ لە هۆمەر ڕاما، پاشان لە هەموو شتێ گەیشت. لەشی لە تاو ئێش و ئازار، هەر ئەوەبوو، ڕێزە ڕێزە نەدەبوو... بەبێ ورەییەوە دەستی بەنالەنال کرد بەلام هەرچەندی دەکرد و دەکراند، نەیدەتوانی لەجێی خۆ ببزوێ، یا بەدیوێکی دیکەدا وەرکەوێ. هۆمەر، توند لە پیلی نەوی ڕاستی کردەوە، لەسەر لنگانی دانا. مەمیدیک خۆی ڕانەگرت، درێژاودرێژ، لەسەر زەوییەکە ڕاکشا. هۆمەر ئەم جاکە، لێی نەوی، لەسەر قوون بەدیوارەکەوەی هەلپەسارد، ڕای گرت:

«ده بێژه، دەی ئەمجا، تۆپە تیشکەکان خەون و خەیاڵ بوون، یا ڕاستەقانی بوون؟ لە چنگ من ڕزگاربوون نییە. تاشباش ئۆغلۆ خەون بوو، یا ڕاست بوو؟»

مەمیدیک بەچاوی بۆش و بەتاڵ و گلێنە وەرگەڕاو و نیوە مردووەوە تەماشای نەدەکرد. ئەگەر بڵێم تەماشای نەدەکرد، پتر دەگونجێ. وەک کوێران دەیڕوانی.

«ئەمە خەونە و ڕاستە؟»

مەمیدیک هەروەک لەوێش نەبێ وابوو.

«کوڕە هەی لە تیرەی سەگ، تیرە و ڕەگەما گواوی، دە بێژە. خەون بوو یان ڕاستەقانی؟»

مردوو دەنگی لێوە هات، مەمیدیک دەنگی لێوە نەهات.

«دە ئەگەر منیش لێرەم بەسەری ساغ دەرێنای دایکی خۆگێ بم. خەون بوو یا بەڕاستی بوو؟» بەرد بەوەڵام هات، مەمیدیک بەوەڵام نەهات.

«کوڕە گەورەکەم، پلکزاکەم، ئێستا تۆ هەر هیچ لەل ناکەی؟ خۆ ئێستا نەختێ لەمەوپێش کە درۆت بە با دەدا و وەجاخت کوێر کردینەوە. وەک بلبل دەتچریکاند و لە چەهچەهەت دەدا. دە شەکرێ بخۆ، پلکزا، جا، شەقم برد. دە قسەیێ بکە، چاوەکەم. دەستەکانت ماچ دەکەم. دەنا خوا یەکە و نابێ بەدوو هەناسەت لەبەر دەبڕم. دەتکوژم و کەلاکەکەت دەبەم، لە ئەشکەوتی پەرییانی تووڕ هەڵدەدەم دە دەی، براکەم، دەدەی کوڕە قۆچاخەکەی پلکم. هەیدێ ئازا و بوێرەکەم. خۆی چییە، سەری بگری و بنی بگری تاکە قسەیەکە و بەس... دەچی بەگوندی دەڵێی، ئەمن خەونێ بوو دیتم و بەڕاستم زانی. تاشباش ئۆغلۆیش بەگوندییان دەڵێ، ئەم منداڵە شێت و شوورە، جا خەونێکی دیت یا نەدیت، بێ بەلا بن، ئەمن لە ماڵی خۆم، ئاغام تۆ ساخ بی، پرخەپرخ لە شیرنی خەوێدابووم. ئەتۆیش بەدرۆزن دەرناچی... دەدەی براکەم، دە بیڵێ کوڕی باوم. دەدەی هەی سەگی لە سەگ بوو. دە بیڵێ، هەی کوڕی سەگە گەڕ. بڕۆنێ بڕۆنێ، هەر دەڵێی سەی گڕوێی. لە ترسان دەلەرزی! دەدەی

براکەم، بیڵێ و ببڕێتەوە، چ دەبێ؟ هەیە و نییە قسەیەکە. خۆ نامری؟ بەتاکە گەوهەرێ لەو دەمە شیرینەی تۆ هەڵدەوەرێ بنەماڵەی کوێخا خدر ڕزگار دەبێ. نە درۆیش دەکەی و نە هیچ. دەدەی کەسی مامی، لەمنت کەوێ. چما پیاو خەونان نابینێ؟ کوڕە ئاخر هەی درۆزن، درۆزنی کلکەبزن، درۆودەلەسە هەڵبەستی کوڕی درۆودەلەسە هەڵبەست، قەت بووە و بیستراوە جەنگەڵستانێ تیشک و شەوق دوای زەلامێ بکەوێ؟ قەت بووە و بیستراوە، ئەو بڕوا، ئەم حەمکە تۆپە تیشکە، ئەم جەنگەڵستانە تیشک و شەوقە دوای بکەون، بەرەو ترۆپک و دوندی زەرد و ماھ و کەژ و کێوان هەڵکشێن؟

«ها، قسە ناکەی؟ هەر هیچ هیچ؟ دە وەڵڵا، براکەم، منیش ڕاست و پاک دەتکوژم، ئەرێ وەڵڵا، بۆ درۆت لەگەڵ بکەم. سا وەڵڵا پێستیشت دەگرووم. پڕیشی لە کا دەکەم. لەتوپەتیشت دەکەم، ڕێزە ڕێزەت دەکەم، ئازا و چاونەترسەکەم، پوورزا قۆچاخەکەم. خۆ بۆ خۆت دەمناسیی. چ دەبێ چت لێ دێ بیڵێی؟ خاڵە سەفەرت لە ژوورێیە، ئەدی چیم پێ دەڵێ، دەڵێ، مەمیدیکێکی خوێڕیلەی بۆ نەهاتە ڕەدایێ. هەنگێن ئەمنیش دەبێ لەتوپەتت کەم و کاتێکی وەدەردەکەوێ بڵێم، کوێخام چم لە زاری پێ وەرنەگیرا بۆت، فەرموو ئەوەتا سەریم بۆ هێنای.»

مەمیدیک، سەرتاپا، مچوڕکێکی بەلەشدا هات، ئەما مچوڕک. زاری چووبووە کلیلە، بەکێرد لێک نەدەکرایەوە.

«زاریشت لێک ناکرێتەوە برا، زاریشت؟ فرێ ئاوت بدەمێ؟»

«چوو، جامە ئاوێکی بۆ هێنا، جامە ئاوەکەی لە لێوی نزیک ئێخستەوە:

«بخۆوە،» گوتی. «هەیدێ، بخۆوە. ئاو خواردنەوە باشە. قسە نەکەی، دارت تێ دەبڕم، تێ گەیشتی؟ ترس و لەرزی پێ ناوێ، پارە ناکا. زارت بکەوە...»

مەمیدیک یەک دوو جارێ غیرەتی بزووت، بەحاڵیدا دیاربوو، غیرەتی بزووتووە، بەڵام زاری نەکردەوە. هۆمەر لێکی هەڵاوارد، جامە ئاوەکەی لە ددانی دا، قژی گرت، سەری بەپشتیدا ڕاتەکاند، ئاوەکەی بەزۆر لە دەوی ڕۆکرد، بەڵام سەری نەگرت. ئاو بەدەم و لچیدا، بە چەناگەیدا، بە

شەویلاگەیدا، بە ملیدا ڕژایە خوار.

هۆمەر:

«هەی لە دایەت، هەی لە ژنت، کوڕە تۆ تەماشا، چ هەتیوێکی سەهەنە و قورمساخە دەسا، شەرت بێ، منیش ئەم ئاوەت بە هەر جۆرێ بێ، پێ بخۆمەوە و ئەو قسەیەشت لە زار دەرێنم. ئەگەر دەرم نەهێنا، تۆ بی و بەسەری ساغ لەبن دەستم دەرنەچی، ئەهـ.»

ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو. بەوڕکێکەوە، پێی لە وەقسەهێنانی مەمیدیک داگرتبوو، بەئامان و زامان خاو نەدەبووەوە... سەرتاپای گڕی گرتبوو. ئەمە چۆن کابرایەک بوو. چۆن شێتۆکەیەکە، وا بۆ تاکە قسەیێ لە گیانی خۆی دەبوورد، بەلام زاری نەدەکردەوە.

«دەوجا بزانە، چۆن زارت هەڵدەپچڕم...»

چووە ژوورەکەی دیکە، لە سەرووترەوە. بەکۆنە کێردێکی کولەوە گەڕایەوە. زارت مەمیدیکی لێک داپچڕی، هەوڵی دا، بەکێردەکە ددانەکانی لەبەر یەک هەڵپچڕێ. مەمیدیک لە یەکبینە دەلەرزی و بەئامان و زامان زاری لێک نەدەکرایەوە. هۆمەر هێندەی کرد و کۆشا، چیی پێ نەکرا. مەمیدیک هەموو دەم و لەوسی بەخوێن هات. ئەوەندی کرد و کراند زاری هەڵنەپچڕا. خوێن بەسەر کراسەکەیدا، بەسەر کورتەکەکەیدا، بەسەر شەرواڵەکەیدا دەهاتە خوار، هەمووی ڕەنگاندن.

هۆمەر ئیدی بەجارێ شەکەت بووبوو. چیی بۆ نەمایەوە، ڕاست بەرانبەری دانیشت، بەدەنگێکی، گریانی لێ دەتکا:

باشە چت لێم دەوێ مەمیدیک؟» گوتی. «بۆچی نایڵێی برا گیان؟ لە کێ دەترسێی؟ ئەمن چم لێ کردی؟ دە بڵێ وا شەقم برد. ئاخر بۆچی تووشی تاوانم دەکەی، بۆ بتکوژم؟ خۆ پیاوکوشتن هێند کارێکی چاک نییە... دەدەی، برا دەی...»

لێی پاڕایەوە. لەپڕ هەڵی کردێ، سواری کۆڵەی سینگی بوو، بەگاز تێی بەربوو. وەک گورگی هار، کوێت دێشێ، هەر کوێیەکی بەر کەڵبە دەکەوت

دەیگەست، بێ بەزە، بێ ڕەحمانە.

کـاتێکی بەخـۆهاتەوە، ڕوانی مـەمـیدیک، نە دەنگ، نە سـەنگ، نە سـەر، نە سـەدا، ترسـی ڕێ نیـشت. قـەدەرێ پەشـۆکـا، بۆخـۆیشـی نەیزانی چ بکا، لە ژوورێ هات و چوو، ڕاوەسـتـا. پاشـانەکێ چووە ژوورەکـەی دیکە، بەسـەتڵێ ئاوەوە گەڕایەوە. سـەتڵە ئاوی بەسـەر مـەمـیدیکدا ڕۆکرد. بەبێ ئارامـیـیەوە چاوی لەسـەر و سوورەتی مـەمیدیک بڕی، چاوەنۆڕ بوو. مەمیدیک ها لە پاش چەند، چاوی هەڵێنا. هەر کە چاوی هەڵێنا هۆمـەر لە خۆشـیـیان هەر ئەوەبوو نەفڕێ. خۆی بەسەر مەمیدیکدا دا، بە ماچ، دەستی بەلستنەوەی کرد:

«ئۆخەی، برا گیان،» دەیگوت و پەیتا پەیتا مـاچی دەکرد. «براکـەم، براکەم، ئەوە نەمردی؟ خۆ شـوکور ماوی، هەزار شوکور، خـۆ ماوی؟ ئەو چاتر، ئۆخەی خوایە. باوە ئیتر حـەز دەکەی، هیچ مـەڵێ، نە قسـە بکە و نە هیچ. نە نە نە، نە هیـزە نە. بە من چی. کێ دەڵێ نـەتدیتـووە، بەشـکو دیبێـتت... تاشـبـاشت بەو جـۆرە دیت. ئەمـن گـوناهـیم لە خـۆڕایی هـەڵگرت. کـێ دەڵێ دەسـتـێکم لێ ناوەشێندرێ. براکەم، براکەم، بمبـەخشـە، بەبێ ئەقڵییەکەمم لەگەڵ مەکە، ئیتر جـارێکی تـر من بێ و فـیـسـکەیەکت لێ بـدەم، ئەی دەسـتـم هەلا هـەلا بێ، پەنجەکانم هەڵوەرێن. تۆ هـەر ئەوەندە پیاوەتیم لەگەڵ بکە، مەمرە.»

مـەمـیـدیک هـەر لەگەڵ چاوی قـووچاندەوە، هۆمـەر ڕۆحی هـاتە سـەر لێوان. ئەم مەمیدیکە مردبا، یەکڕاست بۆ بەهەشتی کەرانیان دەنارد، بەلانی کەمەوە، پازدە ساڵیان بەتەنگەدا دەدا. بێ لەوەش، ئەگەر تاشباش وەلی با، خۆ هەنگێ دەست و لاقی، وەک داری هیـشـک، ڕەق دەبوو. ئەولیـا و پیـر، کـەشف و کەراماتیان لە حەساو نایەن.

«برا گیان، کاک مەمیدیک، دە نەختێ چاو هەڵێنە، بێ قەزا بی، چ دەبێ. دە ئەو چاوە جوانانەت هەڵێنە، ئاقڵ، بەندی دڵم پسا، جا، بۆ هێند بێ ڕەحمی. ئیـتـر جـارێکی دیت دارکاری ناکەم... دە مـەمـرە، بێ قـەزا بـی، چ دەبێ، برا گیان.»

چاوەڕێی کـرد، بەترس و سـامـەوە، بەخـورپـە و ورت و یرەوە... چاوەکـانی لە

دەموچاوە خوێناوییە پڕوکاوەکەی هاوێر نەدەکرد. ها لە پاش چەند، مەمیدیک هەمدیس چاوی هەڵێنایەوە، دەستی بە نکەنک کرد.

هۆمەر لە خۆشییان قریواندی:

«هەر بژی کاکەبرا،» گوتی. «ئەگەر جارێکی دیکەم دەست پێوە دای دەستم بشکێ. خۆ ئیتر نامری... ئازادم کردی...»

چووە دەرەوە، بەهەڵەداوان، چوو بۆ لای سەفەر. هەناسەبڕکێی بوو:

«مەمیدیک مرد،» گوتی. «مرد، هەر نەختۆکەک پێش ئێستا زیندی بووەوە. یەک دوو پشوویەکی دا».

چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد، بزانێ قسەکانی چ کارێکی لە سەفەر کرد. بەرتەکی قسەکانی چ بوو؟

«تۆ تەماشای ئەو گەوجە کەن،» گوتی. «تەماشای ئەو زرتە گەمژەیە کەن! دەک زارەتەرەک بی پیاو! دایکیشی دڵی خۆشە کوڕی هەیە. ئەوە چت لێ قەوماوە؟ ئەمنیش کەرکەر، بەشان و شەپێلک و ئاوروزاورتدا ڕادەپەرمووم. بە شتێکی بەجەرگم دەزانیت، دەک لێ نەبییەوە. وێجا، با ڕوون و ئاشکرات پێ بڵێم، کوڕم، هۆمەر، تیرەی ئینسان لە هەرچی ئەفراندی و مەخلووقاتی سەر زەوی هەیە خۆڕاگرتر و بەرگەگرترە. خۆ هەروا بەسووک و سانایی نامرێ. زۆرت تێ هەڵدا؟»

هۆمەر لە شڕ و شپرێوی و پەرێشانییەکەی نەختۆکەک بەرێی شەرمەزار بووبوو:

«هێندەم کوتا، هێندەم تێ هەڵدا، سێ جاران مرد. بەئامان و زامان زاری نەدەکردەوە... لێی پاڕامەوە لێی لاویامەوە، باوکت چاک، دایکت چاک، دەست و پێم ماچ کرد، چ پارەی نەکرد. منیش کەوتمە وێزەی، کوێت دێشێ، هێندەی توانیم کوتام.»

سەفەر دیسان بەزەردەخەنەوە:

هۆمەرەکەم، کەسی مامی، ئەتۆ هێشتا منداڵێکی عەجەمیت، ناشیت،

ئۆنباشییە خزمەت تازەکەرەوەکەی چەرخەچییەکان قۆڵی چۆقاق لەجێی تۆ با،
کابرا هەر هێندەی ناولەپێکیشە، بە دوو دەقیقان، وەک بلبلی بەچەهچەهە
دێنا، لە دوویەک لە دوویەک، بەسوێند خواردنی دەهێنا. ئەتۆ هێمان زۆر
ناشیت، براله. تۆ دەبێ دەورەیەکی مەشقکردن ببینی. بنیادەم ئازار و
ئەشکەنجەدان لات وایە هەروا شتێکی سانایە. ئەویش فەندێکە... هەیدێ
پێشم کەوە، با بزانین ئەم مەمیدیکە بەجەرگە، دڵڕەقە...»

لە ژوور سەری مەمیدیکەوە ڕاوەستا، بە زەردەخەنەیەکەوە سەیرێکی کرد،
پاشان لەپڕ چرچچارەی گرژ و مۆن کرد، دەستی بەهاتوهاوار و شاتەشات
کرد:

«هەی ئاڵچاخ، هەی نامەرد، خۆ کوڕەت کوشتووە... ئەمن نەمگوت
شەرومەڕ نەکەن.. هەر ئێستا باڵبەستت دەکەم، بۆ پۆلیسخانەت دەنێرم. تا
دەتۆپی، هەر لەوێ دەمێنییەوە. توخوا حەیف نییە بۆ ئەم پیاوە لاوە؟ خۆ
بەجارێ ئەم هەژارەت کوشتووە.»

هۆمەر واقی وڕمابوو، لە هیچ نەدەگەیشت. هەر بەوە ڕادەگەیشت چاو
بتروکێنێ و زاری بەش کاتەوە.

سەفەر کە دیتی هۆمەر واقی وڕماوە و لەبن ئەو واقوڕمان و سەرسوڕمان و
ڕک و تووڕەیییەدا خەریکە شێت دەبێ، بە بزەیەکەوە، چاوێکی لە هۆمەر کرد:

«ئەدی ئەوە حاڵە، هەی پەستی ئاڵچاخ، قەت منداڵی خەڵک بەو حاڵە
دەگەیەندرێ؟ سەربار، خزمیشە. چیت لێ دەوێ؟ با بڕوا، با هیچ نەڵێ،
منداڵێکی بەسزمان... چ بکەین، سەت جارمان گوت، خزم و کەس ڕۆحی
ئێمەن. گیانی دەرچێ.» گوتی. «چ بکەین؟ باوابێ...»

دانەوییەوە، دەستی خستە سەر سەری، لاواندیەوە، دڵی دایەوە:

«واخ واخ، واخ واخ هاوار وەماڵم، کوڕەت بەجارێ کوشتووە، هەی کافر...
ئەتۆ زۆرت خراپ لەگەڵ کردووە، زۆر، برادەر! من پیاوی قانوونم. پاسەوانی
ئەمن و یاسام. ئاسایش ئەمن دەیپارێزم. سەبارەت بەم کردەوەیەت دەتدەمە
دەست قانوون و بە ناڵەناڵت دێنم... خۆ ئەگەر خوانەکەران، شتێ بەسەر ئەم

منداڵە بێ، ئەمنیش لە تەسدیقکردنی حوکمی ئیعدامت کە قانوون بەڕەوای دەبینێ بستێ سێ و دوو ناکەم، هەر یەکڕاست بۆ پەتەکە... ئەرێ، ئەرێ وەڵڵا ئە ئاوها!»

پەیتا پەیتا دەستی بەقژیدا دەهێنا. بۆ حەیف و مخابن دەربڕین، هێندی لە دەستی دەهات دەیکرد، ئەو دەورەی بۆ دەگونجا دەیگێڕا و بۆی دەکڕووزایەوە. منداڵەکە چاوی نەقووچابا، دوو دڵۆپە فرمێسکیشی بۆ دەڕشت:

«وای ڕۆڵە وای! ئەم دڕندەیە بەچ حاڵێکی گەیاندووی! وای ڕۆڵە بەجەرگە، ژیر و کوڕە باشەکەم وای! نەدەبوو بەدەست دڕندەی واتەوە بدەم. هەڵەم کرد. هەڵەیەکی گەورەیش. دەبێ لەجیاتی هۆمەر، من هەڵاواسرێم، من بکوژرێم. منداڵێکی وەک گوڵی ئاوها، قەت بەدەست جانەوەرێکی واوە دەدرێ؟ ئاخر، ڕۆڵەکەم ئەتۆیش، ئازایەکەم، بەجەرگەکەم، دەبوو تۆیش نەختێکت بەگوێ کردبا، چ دەقەوما؟ لە ژوورێ چی ویست گوتبات، هەر کە وەدەرکەوتی، سووک و سانا، نکووڵیت لێ کردبا. هێندەت ئەقڵ نەبوو؟ پیاو کو ئەو هەموو لێدان و تێ هەڵدانە دەخوا؟ ئەوە دێنێ؟ ئەوە دێنێ پیاو بەرگەی ئەو هەموو کوشتن و بڕینە بگرێ، ڕۆڵەکەم؟»

هەڵستایە سەر پێیان. دەستی هۆمەری گرت. زۆری دڵ خۆش بوو:

«ئەم کردەوەیە، لە ماڵی مندا ڕووی دا. ئەمن ئەو گۆتاوەڕۆ و بەرپرسیارییە لە ئەستۆی خۆ ناگرم. تۆ پەڵەیەکی گەورەت بەنێوچاوانی ماڵی منەوە نا. سبەینێکە ببیسترێتەوە، میللەت چ دەڵێ؟ دەڵێن، کوێخا، منداڵان گازی ماڵە خۆ دەکا. تا دەیانکوژێ بەدارکاری کردنیان دەدا.» دیسانەوە دەستی بەنەڕە نەڕ کردەوە:

«تۆ ناتوانی گەمە بە شەرەف و نامووسی من بکەی. قەت ناتوانی. هەیدێ، سەروڕووی منداڵەکە خاوێن کەوە، تیماری کە.»

چووە دەرێ، هۆمەریش هەر دوابەدوای ئەو چووە دەرێ.

سەفەر:

«ئەم سەگی لە سەگ بووە چیی تێدا بەستە نییە. دەیداتە باری مەرگەسات.

خۆی کردووە بە چەقەڵی مردوو بێ ناموسە.»

هۆمەر دڵی خۆش بوو:

«توخوا بەڕاستتە؟» گوتی.

سەفەر سینگی دەرپەڕاند:

«تۆ شێتی؟» گوتی. «ئەمانە لە بەرەی خەلیلە پیرن، خەلیلە پیر. تێیان ناگەی. کوتەک دەزانێ ڕێی قۆناخ لە کوێیە. پێت وایە نایڵێ؟»

«قەت نایڵێ.»

«کەواتا دەموچاوی پاک و خاوێن بسڕەوە. ئەوجا پارچە پەڕۆیەک لە ڕۆن هەڵێنە، پاشانەکێ پەڕۆ چەورەکە لە نێو پەنجەکانی پێی ئێخە.»

هۆمەر:

«تێ گەیشتم،» گوتی.

«ڕاوەستە، هەر ئەوەندە نییە. هێندەێ کاغەزی غەزەتەیش بێنە. ئەویش لە نێو پەنجەکانی پێیەکەی دیکەی ئێخە و ئاگریان پێوەنێ... ئەگەر هەردوو چاوی مەمیدیکە فەنی وەک کووژەکەی شین زەق نەبووەوە، من هیچم نەزانیوە. نەشکرایەوە، مەترسە. ئەوشەو لاشەکەی دەبەی، لە پشت ماڵی تاشباشی تووڕ هەڵدەدەی. بەڵکو لە کون و کەلێنی قانووندا حیلەشەرعێکی بۆ دەدۆزینەوە. بەشکو ئەمە ببێ بەچاوترسێنێکیش بۆ تاشباش زادەمان، کە ئاگرت پێوەنا، وەرە خەبەرم دەیێ.»

هۆمەر چووە بن خانەکەی مەمیدیکی تێدا کەوتبوو، کە هاتەدەر سەتڵێ ئاو و پارچەیێ خامی بەدەستەوە بوو. سەروچاوی مەمیدیکی پاک و خاوێن سڕییەوە و جوان و زەریف هیشکی کردەوە. لەو دەمەدا مەمیدیک یەک دوو جارێکی چاو هەڵێنا و قووچاندیەوە.

هۆمەر دەشیسڕییەوە و دەشیگوت:

«ڕاوەستە بۆم، جا بزانە نەختێکی دیکە چۆن دایک و ژنت لە... بڕێکم لێ ڕاوەستێ. لێم ڕاوەستێ، جا ئەوسا دەبینی، دنیا بەری بەکوێوەیە! هەی

کەڵەکبازی درۆ هەڵبەست. هەی سەگەکەی تاشباش! ئەتۆ نەختۆکەم سەبر لێ بگرە. برێکم لێ ڕاوەستێ، جا بزانە هەنگین چی بەچاوی خۆت دەبینی! بزانە ئەم هۆمەرە چی بەڵای دنیایەک بەسەر ئەو سەرە درۆزنە لە قەحپە قەحپەترەت دێنێ! ئەتۆ نەختۆکەکم لێ ڕاوەستێ، نەختۆکەک!»

پارچە پەڕۆیەکی لە بەریکی دەرێنا، هێندێ نەوت لە دەفـــرێکدابوو، لە نەوتەکەی هەڵێنا. پارچە پەڕۆ نەوتاوییەکەی لە نێوان پەنجەکەڵەی پێی ڕاستی و کاغەزەکەیشی لە نێوان پەنجەکەڵەی پێی چەپی خست. لە پێشان ئاگری بەپێی ڕاستییەوە، پاشان بەپێی چەپییەوە نا. پارچە پەڕۆکەش و کاغەزەکەش، هۆردووک لە یەک ئاندا گڕیان گرت. هۆمەر چاوەڕێی کرد، لە ناکاو شتێ ڕووی دا، قەتی چاوەڕوان نەدەکرد. مەمیدیک لەپڕ وەک تیر لە کەوان دەرپەڕێ، زریکاندی و ڕاپەڕی، بەڵام دیسان کەوت و تخێڵی زەوی بوو. کرژ هەڵگەڕا.

سەفەر هەڕای کرد. بەقیروهۆڕ چووە ژوورەوە:

«دیسان چیت لەو منداڵە کرد؟»

هۆمەر بەسزمانانە و مەحسوومانە:

«هیچم نەکرد. زریکاندی و ڕاپەڕییە سەر پێیان،» گوتی. «پاشان تخێڵی سەر زەوی بوو.»

«ئافەرم، سەروچاوت چاک خاوێن کردنەوە. باشە. دە ئەمجا ڕاستی کەوە بگەڕێتەوە ماڵی خۆی، هەناسە ساردە. نامەوێ شتی وا لە ماڵی من بکرێ».

«هۆمەر دەستی مەمیدیکی گرت، ڕاستی کردەوە. مەمیدیکی یەک دوو جارێکی ئەمدیو و ئەودیو پێ کرد، لەنگی، بەڵام چابوو هەڵستایە سەرپێیان، بەرەو دەرکە چوو.

«وای وای وای!» گوتی هەی لە دایە و ژنت! کەواتا هەر ئاوها وەک نە بات دیبێ و نە باران، بەسەرساغاییەوە دەگەڕێیەوە ماڵی خۆت؟ کەواتا خەونت نەدیت؟ کەواتا ئاخرییەکەی هەر قسەی خۆت بەسەربرد و وەلییایەتیی تاشباشت بەچاوی خۆ دیت؟»

هەڵی کردێ، سەفەر گوتی:

«لە کوڕەکە گەڕێ، شەڕوهەرام پێ ناخۆشە،ماڵی من جێی شەڕ و گۆبەند نییە،» گوتی. دەستی مەمیدیکی گرت و دەستێکی بەسەریدا هێنا: «ئازایەکەم، مەمیدیک، ئەتۆ خەونت دیت، وەنییە؟»

مەمیدیک تەماشای کرد، کار لەوەدا نەماوە:

«خاڵە سەفەر، بەهۆمەرم بەکوشت مەدە، چ دەبێ!» گوتی.

سەفەر:

«نا نا، هیچت لێ ناکا، گووی خواردووە، لە گووی سەگان،» گوتی. «سەری دەپەڕێنم. خەونت دیت؟ وەبوو؟»

«دە لێم گەڕێ خاڵۆ لێم گەڕێ، با بچمەوە بۆ لای دایکم. سەرتاپام هەموو دەزوورێتەوە.»

«واخ واخ! هەی هۆمەری بێ ویژدان! خەونت دیت وەنییە؟»

«نازانم ئەمن چم نەدیت.»

«ئەمە بە گوندی دەڵێی؟»

«دەیڵێم.»

«دەست بە قورئانێدا دەدەی؟»

«دیدەم.»

«ئەمنیش هەردوو چاوە ڕەشەکانت ماچ دەکەم.»

مەمیدیکی گرت، هەردوو چاوی ماچ کرد. لە پاشان!

«قورئانەکە بێنە، دەستی پێدا دە مەمیدیک.» گوتی.

هۆمەر خێرا قورئانەکەی هێنا.

«ئەوەی دیتم ڕاست نەبوو، خەون نەبوو... تاشباش نەبوو. پیاوێکی دیکە بوو. بەم قورئانەی دەستی پێدا دەدەم، سوێند دەخۆم، سبەینێ ئاوها و ئاوها بڵێم.»

مەمیدیک گوتی:

«نایڵێم، وەڵڵاهی خاڵۆ، بەم هەردوو چاوانەی خۆمم دیت. دەستی پێدا دەدەم.»

سەفەر سەرێکی ڕاوەشاند:

«کەواتا دەتخاپاندم. بۆیەت ئەمە کرد، لە دەست هۆمەر ڕزگار بی...»

سەفەر و هۆمەر، بەجووتە، تا سبەینێ لەگەڵ منداڵەکەیان کرد و کۆشا، بەڵام، مەمیدیک ئێستا نەمردبوو، حەوت ساڵ بوو مردبوو، لەتوپەت بوو، دەستی بەقورئانێدا نەدا و نەدا. تا سبەینێ لێی پاڕانەوە، کوشتیان، بڕییان، ئەشکەنجەیان دا، مەمیدیک لە کەلی شەیتان نەهاتە خوار، نەیگوت ، نەیگوت.

هەر کە قافی دەهات و هەلی بۆ هەڵدەکەوت، هەوڵی دەدا قەناعەت بەسەفەر بکا:

«جەنگەڵە تیشکێکی بەدواوە بوو.»

پاش ئەو هەموو کوشتن و بڕین و حەسیرمەیدانە هەر کە سەفەر، دەیگوتێ و نەیدەگوتێ، وا بلێ، کوڕە دەستی پێ دەکردەوە!

«هەردوو چاوم بڕژێنە بەر پێم، لە سۆمای چاوان بێ بەش بم، دایکم بمرێ، بەم چاوانەی خۆمم دیت.» شەوێ دایکی مەمیدیک، بە هەڵەداوان، دوو جار هات بۆ ماڵی سەفەر، لە کوڕەکەی پرسی:

سەفەر هەردوو جارەکە گوتی:

«ئێواریێ زوو هات، حیکایەتی خەونەکەی بۆ گێڕاینەوە، پاشان، گوتی، دەچم بۆ ڕاوە دەڵەک، لێی دا ڕۆیشت. ئەی هیچ سەرێکی ماڵێی نەدا؟ کوڕەکەت خەونێکی خۆشی دیتووە.»

## ٣١

ئاگردانەکە ساجێکی بەسەرەوەیە. ژوورەوە چڕە دووکەڵێکە، بەکەیفی تۆ. سێ ژن، پەیتا پەیتا، بەسەرو تیرۆکەوە، تیرییان دەکردەوە. ژنێکیش تیرییەکانی لەسەر ساجەکە دەبرژاند و هەڵی دەگێڕایەوە.

لە تاو دووکەڵ ژنەکان چاویان ئاوی دەکرد و هەر بەوە ڕادەگەیشتن،

چاویان بسڕنەوە. گڕ و ئاڵا و بەدووکەڵێکی شینی خەستەوە لەبن ساجەکەوە دەهاتەدەر. ماڵەکە پڕبووبوو لە بۆن و بەرامەی تیریی برژاو و ئاردی سووتاو. بۆن و بەرامەکە لەوەدا نەبوو، لە دوورەوە هەستی پێ دەکرا، یەکسەر دەزاندرا لەو ماڵە نانی تیری دەکرێ.

ماڵ ئەو ڕۆژە شایی لۆغان بوو، ژنان دەستیان، سەروورِوویان، جلوبەرگیان سەرلەبەر ئارداوی و هەویراوی بوون.

سەفەر ئەوڕۆژە درەنگ لە خەو هەڵستا، لەمێژبوو وا درەنگ لە خەو هەڵنەستابوو، کەواتا دوێنێ شەو، تا بەیانی نەنووستبوو. چاوی ئاوسابوو، دەموچاوی زەرد هەڵپفیبوو.

بەری ئاسمان ڕوون بووبووەوە. سەفەر چووە دەرێ، سەر و چاوی شت و بەخاولییەک سڕییەوە و گەڕایەوە بۆ ژوورێ. دووکەڵ زۆر بەخەستی لە ژوورێ پەنگابووەوە، چاوی زووراندەوە.

«تفوو و بەڵام لێ دای،» گوتی. «خۆ ئەم نانکردنەیش بەجارێ... پیاو نازانێ سەری خۆی بۆ کوێ هەڵگرێ. پیاو نازانێ، لەتاو ئەم دووکەڵە...»

لە حاڵێکی ئەوەندە شڕوشپرێودا بوو، خۆیشی نەیدەزانی، چی بکا، بۆ کوێ هەڵێ. تا بڵێی بێ ئارام بوو. لە ناوچاوانی ئەم مەمیدیکەوە هەویا و ئومێدیان سەرلەبەر ئاوبردنی، خۆشی و شادییان لەبین گیرابوو. تاشباش ئیتر تێکەڵ بەناو پیر و ئەولیا بووبوو و بڕابووەوە. جارێکی تر مەرگیش لەسەر تەختی ناهێنێتە خوار. تازە، بوو بەچل چرای گوند و تا ڕۆژی مەحشەر ناکوژێتەوە.

سەفەر زریانی ئێرەییەکی تاڵ و بەئازار لە دڵ دەروونیدا هەڵی کرد. ئەوەی پێی دەڵێن بازی پاشایەتی، ئاوها بەسەر پیاوەوە دەنیشێتەوە.

لە وەختی سەفەربەلکدا، پێشتریش لە سەردەمی شەڕی یۆناندا، ساڵی قاتوقڕیی کوللە و پێکوڕەکە، ئەم دێهاتی بناری تۆرۆسە، کامی دەڵێی یەک دوو وەلیی لێ هەڵکەوتبوو، کەچی لەم دێی یالاخە پیاوێکی گەورە هەڵنەکەوت. ئەو سەردەمە ورغون ئەحمەدی ئێستا هەبوایە، بێ سێ و دوو دەیانکرد بە وەلی. باشە بۆچی یەکێکی وەک تاشباش هەڵدەبژێرن، دەیکەن بە وەلی، ورغون

ئەحمەد ناکەن؟ خۆ ئەگەر بکەوێتە سەرباری نیوە ڕووتوقووتییەکەی و لەتاو سەرما و سۆڵە و گڕە و گەرما ڕەق هەڵاتن و هەڵقرچاوییەکەی، یا لە ڕووی سپ و ساغیی توان و گوڕ و داروبار ڕوختەیی و چاوڕەشی و گەورەیی و خەمباری و سیحراوییەکەی، لە ڕووی ڕدێنە خورماییە لوولە، درێژەکەیەوە لە هەموو خەڵکی دێ لەبارتر و لێوەشاوەتر بوو. من نازانم ئەم تاشباشە لە کوێوە بۆمان پەیدابوو؟

لەم هەموو ساڵ و زەمانانەدا، لەم هەموو قاتوقڕی و نەهاتییەدا، لەم هەموو شەڕوشۆڕانەدا، وەلییەک لەم دێیە هەڵنەکەوت، ئێستا لە کوێوە هات؟ ئەم مەسەلەی مەمیدیکە، مەسەلەیەکە دەبێ زۆری بیر لێ بکرێتەوە. سەری لە پێناو دانا، بەشادمانییەوە پێشوازیی لە مەرگ کرد، ئەو تفەی ڕۆی کرد هەڵی نەگرتەوە. خەیانەتی لە تاشباشەکەی نەکرد. بەچاویدا دیاربوو، درۆ دەکا، ڕەپوڕاست دیاربوو، ئەو هەموو حیکایەتە خۆی هەڵی بەستبوون و لە پاشان سووک و سانا، بڕوای پێ کردبوون. لە پێشان بیست تۆپە تیشکی بەدوای تاشباشەوە دیتبوو، دوایی بوون بە بیست و پێنج... لە پاشان بوون بە لێڕێ، جەنگەڵستانێ... تۆپە تیشک بەرە بەرە زیادی دەکرد. مەمیدیک هەر جارێکی حیکایەتەکەی لە نوێژەنەوە دەگێڕایەوە ئەوەندەی تری لێ زیاد دەکرد. بەرەکەتدا، دەنگی بڕا، بۆ ماوەیەک نەیدەتوانی هەروا بەئاسانی دەمی بکاتەوە. ئەگینا خوانەخواستە، تۆپە تیشکەکانی دوای تاشباش ڕۆژ بەڕۆژ زیادیان دەکرد، ئەرز و ئاسمان دەبوون بەڕۆژی نیوەڕۆ.

کورە ئاخر چیت لێ دەهات چی مەمیدیک، جارێکت بگوتایە چا درۆیەک بوو و کردم! ئەوجاکە تاشباش دەستی لەبن هەمبانەکەوە دەهاتەدەر.

خۆ لەوانەیش بوو مەمیدیک بیڵێ، فێڵەکەی نەزاندرا. بەر دەستی ئۆنباشییە خزمەت تازەکەرەوەکەی پۆلیسخانە بکەوتایە، وەک گوڵ بەقسەی دەکرد. باوە وەڵڵا درۆم کرد خەڵکینە، بیللا درۆم کرد.

ئەم سەفەرە چەند بێ یەغباڵ بوو. لەم مەسەلەیەدا، هەرچی شت هەبوو، بۆ ئەو بەخراپ دەشکایەوە. دەتگوت، عادیل، گوندی، خزم و کەس، مێروستانی

سەر ئەرز، تەیروتووی ئاسمان، بگرە ماسیی ناو ئاو، هەموو لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبوون، کارێ بکەن، لەبەر تاشباش ببەزێ و ببێ بەپێنج پوولی قەڵب. پیاو بەرانبەر ئەم هەموو هێزە لە هۆش و فامدا ئیفلاتوونی زەمان بووایە، لە هێز و گوڕدا ڕۆستەمی زاڵ بووایە، لە کەڵەکبازی و دەک و دەهۆ گێڕاندا عیسمەت پاشا بوایە، هیچی پێ نەدەکرا. چیشی پێ کرابا بەوجۆرە سووک و ڕیسوا دەبوو.

ئەم مەمیدیکە چ گوناهێکی هەبوو بەم دەردە بچێ؟ بۆچی بەم حاڵی نیوەمردنەی بردبوو. بەدەستی ئەو هۆمەرە شێتەوەی دابوو، منداڵی بەسزمانی گورج کردبوو. لەو دەمەدا کیژەکەی سمەبۆر لە ژوورسەری دانیشتبوو، خەریک بوو تیماری دەکرد، پارچە جاوێکی تەڕی بەسەریەوە دەنا.

سەفەر چووە ژوورێ، پرسی:

«چاوی هەڵێنا ئافرەت؟»

کچەکەی سمەبۆر بە خەمبارییەوە:

«هەڵی هێنا،» گوتی. «قسەشی کرد... بەڵام وەک گڕی ئاگر دەسووتێ. ئاوی ویست، ئاویشم دایێ. نامرێ.»

سەفەر:

«چ بکەین،» گوتی، لەوێ دوورکەوتەوە. «خۆی بەخۆی کرد، سزای خۆی دیت. لە مردن بێ دەمرێ.»

چما ئەم حیکایەتە، مەمیدیک هەڵی نەبەستبا، یەکی دیکە هەڵی نەدەبەست، گەلۆ؟ ئەو تەرزە حیکایەتانە هێندەیان مشتەری هەبوون... ئینسانەکان بۆ هەڵبەستنی ئەو تەرحە حیکایەتانە، بۆ بڕوا پێکردن و پاش بڕوا پێکردن، بەوپەڕی سەرخۆشییەوە بۆ خەڵک گێڕانەوە و بەبڕواهێنانیان هەر ئەوەبوو گیانیان دەرنەدەچوو. لەگەڵ بەرەی ئینسان چ دەکەی، درۆودەلەسە هەڵبەستنێکی وا لە ئاکاریاندا هەیە. هەر دەڵێی حەز لە درۆودەلەسە هەڵبەستن لە خوێنیاندا هەیە.

حەیف بۆ ئەو منداڵە، چۆنی دڵ هات. بەڵام نە، ئەویش زۆر نەگریسە، دەبا

گوتبـای، چ دەقـەومـا، دەبا ئەویش بۆ ڕزگـارکـردنی گوندێ، بۆ ڕزگـارکـردنی ئینسـانێ، ئینسـانەتییـەکی کردبا، لە ژێر زمانـیدابوو، ئەگـەر گوتبـای چیی لە دەست دەچوو، هیچ زیانێکی دەکرد.

سەگی لە سەگ بووە، با بمرێ، وەکو سەگ بتۆپێ.

ئەمـڕۆ هەوا خـۆشـە. بەشکو ئەوانەی چوون بۆ شـار بگەڕێنـەوە. تۆ وەرە وەرە، بۆ نەگبەتی ئەوە چەند ڕۆژە تەڕتووشـی چ کـارەساتێ دەکـا! دوو هـەنگاو بەرپێی خـۆت نابینی. هـەمـوو شـتێ، تەنانەت هەوایش لە دژیەتـی. لەگـەڵ تاشباشدا دەستیان تێکەڵ کردووە. «کورە کابرا هەر بەڕاستی وەلییە، چییە؟»

هەوا خۆش بووایە، لە شار دەگەڕانەوە. توخوا ئـەمانە هـی ئەوەن پیاوەتییان لێ بوەشێتەوە، هـی ئەوەن پێیـان بگوترێ پیاو. وا دنیا جەهەننەمیش بوو، سێ پەنجە بەرپێی خۆشت نەبینی، مـان و نەمـان لەسـەر تاکە خەبەرێ وەسـتـابێ، پیـاو، هـەرچۆنێ بێ، دەبێ ئـەو خـەبەرە بگەیـەنێ. دەی، پیـاو هـەرچی دەبێ با ببێ. چووە ژوورەکەی ئەولاوە. بچوایە ژێر نوێنەوە یەکسەر خەوی لێ دەکەوت.

شـتێکی لە دڵدابوو. زۆری نارەحـەت کردبوو. هەر ئەوەبوو نەیدەتاساند. لە نەدیتە، لە شتهایەک دەترسا. لە شتهایەکی پێوار دەترسا. بەرە بەرە سامێکی سـەیری ڕێ دەنیـشت. بەکاوەخـۆ کـاری تێ دەکرد. تالآوی ئەم ترس و سـامـە لەگەڵ خوێنیدا تێکەڵ دەبوو و کاری لە مۆخی ناو ئێسقانی دەکرد.

لە ناکاو، بەخۆ هاتەوە. هـەر بەجارێ زراوی لە تاشبـاش چووبوو. شـەرمی بەخۆ بوو، لـە دڵی خۆیدا، ئەوە بەخۆی بڵێ. ئێستـایش چ نەبووە، یەکێ هـەبێ، ئەوانەش چوون بـەخـەبەرێکی خۆشـەوە بگەڕێنەوە، لەوانەیە ڕێ لە تـاشبـاش بگیرێ.

ئەم تیرەی لادێییە ڕاستیان لە چەپیان هاوێر ناکرێ. دەبینی عادیل هاتەوە، باری لەگەڵدا گۆڕین و ڕەفتـارێکی چاکی لەگەڵدا کـردن، هەر بۆ ڕۆژی دوایی کاتێکت زانی وەلییـایەتیی تاشباش و حیکایەتەبۆری مەمیدیکیان بەر تەوس و تەشەر دا. کە ئەمەی بەبیردا هات، نەختێ سەبووریی هاتەوە، گەشایەوە.

«ئەو ڕۆژگارە چییان لێ هات، ئاخ ئەو بەختە لە کوێ بێنم؟»

دیسـان نوقـمی تاریکی و نائومـێدی بوو. نه عـادیل دەهات و نـه گـوندیش پشتی ئەو پیاوەیان بەردەدا.

تۆ تـەمـاشـای ئەم ژنـانەیش نـاکـەی چۆن بـوون بە مـڵـۆزم، توخـوا ڕۆژی نانکردن براببوو، ئەمـڕۆ نەبێ. کـوره خـۆ پیـاو نـاتوانێ، سـەر بـەژوورا بکا... لەتاو چڕە دووکەڵ هەر ئەوەیە شێت نەبێ.

لە پەنا دیواری بەر بەڕۆژکەکە دانیشت، سـەری خوار کردەوە، بیر و خەیاڵ بردیەوە. بیری لە سـەرەنجامی خۆی دەکردەوە. ئەگەر دەست تاشـباش بکەوێ قەتی لێ خـۆش نابێ. لێی خۆش دەبێ؟ بەڵام خۆ پیاوێکی چاکیشـە. پیاوێکی چاکـە، چاک نـیـیـە، بەڵام پیـاو دەسـەڵاتێکی، حـەوت سـاڵی ڕەبەقی لـە پێناودا ڕەنج بۆ بەخەرج دابێ و ئەوسـەر و ئەوسـەری بۆ کردبێ، مەلایەکەتیش بێ، خۆ جارێکی هەر بەکار دەهێنا؟

ئێتر، قـەدەرێ بیری لـە چاکە و خـراپەی تاشـبـاش کردەوە و سـەری هێنا و سەری برد، ئیتر سا لەبەر هەرچییەک بوو، سەری هەڵبڕی، تەماشایەکی کرد. بڕوای بەچـاوی نەکـرد. هەسـتـا، یەک دوو لـەتری برد. لە پەشـێـویـیـان حـاڵی شـڕبوو. حـەپەسـابوو. ڕووبـەڕووی ئەندامـانی دەسـتـەی کـاروبار بـەڕێوەبردنی گـوند ڕاوەسـتـابوو. بەخـتـەوەرانە، سـەر و سـوورەتیـان بەدڵی خـۆشـەوە دەگەشایەوە.

سەفەر بەتاو:

«بڵێن،» گوتی. «عوزر مـەهێننەوە، دەزانـم بۆچی دواکەوتن. خەبەرێکی خۆش ناخۆش؟»

حەپەسابوو.

زەکەریا هەڵی دایێ:

«خـۆشـە، زۆر خـۆشـە،» گـوتـی. «لە قـەرزی ئەم سـاڵ، هـەمـوو بەخـشـراین. تۆیش بـریکاری عـادیلـەفـەندیت لە گـوند. گـوند دەتوانن، هـەر ئێـسـتـا بڕۆن، چییـان کەیف لێیـە، بێنن. حەز دەکەن پارەشیـان دەداتێ بەقەرز. عـادیل گوتی، ئەم دووکـانانـە، هـەرچیـیـەکم هـەیە و نیـیـە، سـەرلـەبەر هـی سـەفـەرن، هـی

سـەفـەرەفـەندین. هەمـوو لە خزمـەت خـەڵکی یالاخدان.» بـوخـچـەکەی کـۆڵی داگـرت، کردیـەوە: «ها ها تەمـاشـا!» گـوتی. «هـەرچیـیـەکـمـان کـەیف لێ بوو هێنامان.»

سـەفـەر چاوی بڕییە خـام و چیتەکانی ناو بوخـچـەکە، هەرچەند تەمـاشـای دەکرد، ڕەنگێکی دەهێنا و ڕەنگێکی دەبرد.

بەلەرزەلەرزی لێوەوە:

«زۆر شـوکـور خـوایە، زۆر شـوکـور،» گـوتـی. «دەبوو ئەم ڕۆژە ببـینم. دەبوو دەرووی ڕووناکییەکی ئاوهام لێ بکرێتەوە!»

گەڕایەوە، کە گەیشتە نزیک مـاڵی خۆیان، پشتی بە دیوارەکەوە دا و سـەری خستە ناو هەردوو دەستیەوە. لە یەکبینە هەر دەیگوت:

«زۆر شـوکـور، زۆر شـوکور بۆ ئەو خالیقە.»

ئەندامـانی دەسـتـەی کـاروبارگێڕی دێ، هـاتن لـەکنی خـڕبوونەوە، ئەوانیش. ئەو ئاسـایی، سـەریان خستە ناو دەستیانەوە.

سـەفـەر پاش ئەوەی قەدەرێ هـەر بەوجۆرە مـایەوە، لەپڕ، وەک تیر لە کەوان دەرپەڕێ، ڕاپەڕی، هـەڵسـتـا، چوو بۆ ئەو ژوورەی مـەمـیـدیکی لـێ کـەوتبـوو، دانەوییەوە، بە بەزەییەوە، دەستێکی خستە سەر نێوچاوانی: «مەمـیدیکەکەم، ڕۆڵەکـەم،» گـوتی. «تاوتێت نییـە شـوکـور. هـاتوویەوە سـەرخـۆ. بەرت دەدەم، بڕۆوە. ئەو سـەگـە، هەرچەند، لە مـاڵی من، نەخـتـێکی سـەغڵـەت کـردی. بەڵام گوێ مەدەیێ. من ئاگام لێ نەبوو. وا لە ئێستاوە پێت دەڵێم، لە ئەمڕۆکە زووتر نییە، بڕۆ بۆ گوند، حـەزدەکەی، چل هـەزار درۆ هـەڵبەسـتە، بڵـێ من تاشبـاشم لەسـەر شـاخی تەکەچ، لە سـەرانسـەری چیاکـانی تۆرۆس دیت، حـەفـتا هـەزار خۆری بەدواوە بوو، لەوناوە دەخولایەوە، پارە ناکا. فەرموو دای کێشـە، ئۆغرت خـێـر بێ. چیت دەوێ ئەوە بڵێ. بەدوو قـسـە دەتوانـی دێیـەک، شـارێک ڕزگارکەی. ناکەسیت کرد، بەدفەڕیت کرد. ئێستایش کە پێویسـتی پێت نەما فـەرمـوو خـواحـافـیـز. بچـۆوە بۆ لای دایکت،» ئاوڕی ژنـەکـەی دایەوە: «با خـۆ پۆشـتـە کـاتەوە، هـەر ئێـسـتـا بچێتـەدەر، بڕوا. پێیـشی بڵێ، دایکی لە شـەوی

لەیلەتولقەدردا بوویەتی، تالعدارە. ئەگینا ئێستا خەبەر نەهاتایە، شاخی لێ ڕووابا لەچنگ هۆمەرم ڕزگار نەدەکرد،» گوتی. «با یەکڕاست بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی.»

دەستەی کاروبارگێڕی دێ لەبن دیوارەکە هەڵکورمابوون.

سەفەر دەستی بە قسە کرد:

«ئاغاینە،» گوتی. «ئەو مـوژدەیەی ئەمـڕۆ مـوژدەی هەرە خـۆشی دنیـایە. لەوەتی دنیـا دنیـایە، لەوەتی مـرۆ مـرۆیە، هیچ مـرۆیەک، قـەتی مـوژدەی وای بەخـۆیەوە نەدیوە. بەکـابرایەک ملی بەپەتی سـێـدارەوە کـرابێ و لە چاوتـرووکـانێکدا هەڵاواسـرێ، بگوترێ، کـاکـە برۆوە بۆ مـاڵی خـۆت، ئازاد کرای، چەند دڵی خۆش دەبێ، ئەوەندەی ئێستای من دڵی خۆش نابێ. پایەدار بن، هەر خۆش بن... بەڵام برادەرینە، نەختێکتان لێ زویرم. پیاو خەبەرێکی وای بیست و نەبیست، نابێ یەکسەر بێ لە سەفەری خۆی ڕاگەیەنێ؟»

زەکەریا:

«بەڵام،» گوتی. «بەڵام بەفر ڕێگەوبانی هەمـوو گرتبـوو. لەبەر تەمومژ دوو هەنگاوت بەرپێی خۆت نەدەبینی. من سێ جارم ملی ڕێ گرت، گوتم، با بچم ئەو خەبەرە لە سەفەر ئاغا ڕاگەیەنم. سێ جار تا بەربینگم لە بەفر چەقیم. لەوەی دواییـیاندا وەخت بوو بمرم. چابوو ڕزگاریان کردم. هەقتە بمبەخشە. باڵدار بەباڵداریی خۆی نەیدەتوانی لە شارەوە بفڕێ، ڕاتگەیەنێتێ،» گوتی «ئەگینا خەبەرێکی وا خۆش...»

سەفەر:

«گوێ مەدەنێ، ئەوی چوو چوو، ئێستا حسێبە، با بەگەرماوگەرمی و ترش و خوێوە لە گوندی ڕاگەیێنین،» گوتی.

زەکەریا بۆی تەسدیق کرد:

«وایە،» گوتی. «دەبێ وا بکرێ.»

سەفەر:

«جا ئێستا بەشێنەیی، گوێ گرن، ئەم کارە زیافەتێکی گەورەی دەوێ. گوندی بیبیستێتەوە، لە خۆشییان شێت دەبێ. تاشباش هەرچی ڕەنجی هەبوو بە با چوو، ئاو بردی، بیستتانەوە، تاشباش وەلییایەتییەکەی بەڕەسمی جارڕداوە؟ خۆی دەبینێتەوە. هەر بەم زووانە، من وەلییایەتیی تێ دەگەیێنم چییە و بەری بەکوێوەیە. جا ئێستا من بۆ ئەم زیافەتە جوانەگایەک ئامادە دەکەم. هەرچی ئێوەن، هەر یەکە بەسەر و بزنەوە هاوبەشیی ئەم زیافەتە گەورەیە دەکەن. ئەمە بەنیازی ئەوە کە خوا لەم بەڵایەی ڕزگار کردین. هەم دەیکەن بەقوربانی و گوری لە ڕێی خوا و هەم گوندی، تا دەتوانن بۆ خۆیان تێر و پڕ دەخۆن، تێر گۆشت دەبن... لە ئێستاوە، ئێوە جارێ هیچ بەگوندی مەڵێن. هەر کەسە تەنیا ژنی خۆی. کەسوکاری خۆی، بخاتە ناو ئاوایی، با خەڵک بەجارێ لەتاو ئەم خەبەرە شەق ببەن. کاتێ من خەبەرەکەیان دەدەمێ، با هەموو دەست بەچاومدا بکەن، با هەموو لە گەرووم ڕاچن. با مەراق بکەن. یاڵڵا هەر کەسە بۆ ماڵی خۆی! بزنەکان هەموو بۆ ماڵی ئێمە بنێرن. سبەی نیوەڕۆ، زیافەتێکی گەورە دەکرێ.»

دەستەی کاروبارگێڕیی دێ بەهەڵەداوان بەرەو ماڵ بڵاوەیان لێ کرد. خوا خوای ئەوەیان بوو دەقیقەیێ زووتر بگەنەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆیان و دڵیان بەو شتانەی بۆیان هێنابوون خۆش کەن.

«سەرەک پاسەوان!»

سەرەک پاسەوان وەک مووی بۆ هەڵکڕووزێنی، لەبەر لووتیدا قوت بووەوە.

«ئەمر کە ئاغام!»

«قسەکانی دەستەی کاروبارگێڕیی گوندت بیستەوە؟»

«ئەمە شتێکی...»

کەواتا، هەر ئێستا بەناو ئاوایی کەوە، بیکە بەبانگەواز، بڵێ، هۆ خەڵکینە هۆۆۆو.. هۆۆو خەڵک و خوایینە هۆۆوو... کوێخا سەفەرمان موژدەیەکتان دەداتێ، موژدەی وا نەبووە و نابێتەوە و لە هیچ موژدەیەک ناچێ. هەر کە دەیبیستن و نایبیستن، واقیان وڕدەمێنێ و سەرسام دەبن. هەروەها ئەم

مـوژده خـۆشـه له دەمـوپلی شـیـرینی کـاک سـەفـەرەوە، سبـەینێ لەگەڵ گزنگی ڕۆژدا دەبیستن. چاوەڕێی یەکەم گزنگی ڕۆژ بن. هۆ خەڵکینە هۆۆو...»

پاسـەوان هـەیپـێی لێ کرد، سـەڵەفێ بەناو ئاواییدا هـات و چوو. خـەبەرەکەی بڵاو نەکـردبوایـەوە، شـەقـی دەبرد، دەتەقی. هـەر یـەکسـەر جـاڕی قـسـەکـانی سـەفـەری دا، چۆنـی پێ گـوتـبـوو، ئاوهـا، بـەوجـۆرەی جـاڕ دا. پاشـان، یەک له دوای یەک قـسـەکـانی جـاڕ دا. مـاندوو نەدەبوو، هـەر هاواری دەکـرد. ئێـوارە داهـات، بوو بەنوێژی شـەوان، شـەوگار ڕاشکا، کەڵەشێری نیوەشـەو خوێندیان. سـەرەک پاسـەوان ماڵ بەماڵ، ئینسان بەئینسان خەبەری دەدانێ.

ئەم پەرۆش و هـەڵپـەیەی سـەرەک پاسـەوان گونـدیی خـسـتـبـووە مـەراقـەوە. ئەمـشـەو، یەکـەم جـاربوو، بۆ مـاوەیـەک، دەنگوباسـی تاشـبـاش لە بیـر بکەن و لەمەڕ موژدەی کوێخا بدوێن.

هێشـتـا ڕۆژ گزنگی نەدابـوو، له حـەوت سـاڵانەوە تا حـەفـتـا سـاڵە گوندی، بەورد و درشـتـەوە، لـەوێ بوون. تەنانـەت مـەمـیـدیک، کـە بەدەسـتی هۆمـەر کەلەپارچە کرابوو، ئەویش لەوێ بوو. حـاڵی لەسـەر پێ ڕاوەسـتـانی بەبەرەوە نەمابوو. دەستی بەدایکیەوە گرتبوو.

کـوێخـا گـەرووی خـاوێن کـردەوە، سـینگی دەرپـەڕاند، لاقی ڕاسـتـی پێش خـسـت. دەسـتی بەقـسـە کـرد. دەتگوت سـەرکـردەیە و لـە شـەڕدا دژمنـێکی گەورەی بەزاندووە.

ئەو خەبەرەی عادیل نـاردبووی بەهەنگوین تێ هەڵسووینەوە، یەک و هـەزاری خـسـتـە سـەر. چەندی دەگوت، ئـەوەندەی تر بەجـۆش دەهات. چەنـدی بەجـۆش دەهات ئەوەندەی دیکەی بەتاندا دەچوو. عـادیل باوک و بـرا و دۆست و هـەمـوو شتێکی ئەم گوندە بوو.

سەفەر تا چاشتانێکی قایم هەر ڕستی:

«ئا بەو جۆرە،» گوتی.

پارەی ئەم هـەمـوو بزنانـەیش کوژرابوونەوە بۆ زیافـەتەکە، خـرابوونە سـەر حـیـسـابی عـادیل و ئەو دەیدا. لـەبەر خـاتری چاوی کـاڵی کێ؟ دیارە لـەبەر

خاتری چاوی کاڵی سەفەر و هاوڕێیەتی و دۆستایەتی. گوندی هەموو لە خۆشییان بسکەی سمێڵیان دەهات. کوێخا هەر کە لە قسە بووەوە و نەبووەوە، بەسەر مەنجەڵەکاندا دابارین و تێیان ورووکان. گۆشتێکی زۆر، پڵاوێکی مشە، نەک گوندێ، پێنج گوند لێی خواردبا نەدەبڕایەوە..

سەفەر لە گەرمەی پاروو گلاندن و چێشت ماشینەوەی ئەو خەڵکەدا لە تاشباش دەگەڕا. هەرچەندی دەکرد نەیدەدیتەوە. کە نەیدەدیتەوە. تووڕە دەبوو و لە بەرخۆیەوە دەیبۆڵاند و دەیگوت: «دەست و باڵم شکاندی تاشباش! تەواوم کردی؟ دوا فەند و فێڵ و هونەریشتم بەپووچ دەرهێنا؟ دە شەق ببە، بتەقە، بتەقە تاشباش...»

## ٣٢

سێ ڕۆژی خشتە باڵدارێکی سەرتاپا سپی، لەبەر دەرگای ماڵی تاشباش نیشتووەتەوە، باڵدارێکی سپیی ئێکجار زل، جووڵەمانا چییە، نایکا. باڵدارە سپی ئەوەندەی دوو خەرتەل دەبێ. ئەم باڵدارە تا ئێستا، نە لە تۆرۆس، نە لە چقورئۆوا، نەدەبینرا. ئەم باڵدارە چاوێکی شین، چاوێکی زەردی زێڕینە.

هەر کە خەبەر لە عادیلەوە دێ و نایە باڵدارە سپی هەڵدەفڕێ، لە چاو ون دەبێ.

«ه ه! دەبا تاشباش نەبوایە، ئەو دڵە بەردەی عادیل، ئەو دڵە دڕندانەیەی عادیلی نەرم نەکردایە و نەیکردایە بە دڵی ئینسان...»

«عادیل، تا ئێستا، هەر ئەو عادیلە نەبوو؟»

«حەزرەتی تاشباش فووێکی لە شار کرد، عادیل بۆ خۆی تووایەوە.»

«شەوێکیان حەزرەتی تاشباش، دەچێتە کلێشەی کوترێکەوە، دەچێ لە پەنجەرەکەی ماڵی عادیل دەنیشێتەوە. عادیل پەنجەرە دەکاتەوە، چی ببینێ، دەڕوانێ کۆترێکی سپی لە قەراخ پەنجەرەکە نیشتووەتەوە، چاوی پڕیشکی ئاگر داوێ. دێتە زمان، بەعادیل دەڵێ، ئەتۆ هیچ بیستووتەوە؟ جارێکیان ژنانی سەقارجایەتی چۆن ئاغایەکی چقورئۆوایان لەتوپەت کرد؟ ئەگەر ڕۆحی

خۆت خۆش دەوێ، نەکەی بێیە گوندی یالآخ، هیزە.

ئەگەر منداڵەکانت خۆش دەوێن ئەم ساڵ لە قەرزەکانیان خۆش بە. ئەگەر شارەکەت خۆش دەوێ، گوندی ڕووتوقووتن، دووکانەکەت پڕە لە کووتاڵ، لە دوایان بنێرە، بێن چییان دەوێ، ببەن، ئەم ساڵ بێتەوە و لۆکەیەکی زۆر خڕ دەکەنەوە. قەرزی دوو ساڵانت بەسەریەکەوە دەدەنەوە.»

«سەفەریش هەر فۆرتە و فڕوفیشاڵ دەکا.»

«لەبەر خاتری ئاووڕووی حەزرەتی تاشباشمان.»

«ئاووڕووی...»

«حەزرەتی تاشباش نەبێ...»

«ئەم دێیە بە نەبوو بزانن.»

کوترە سپی بەچاوی پریشکهاوێژییەوە تەماشای عادیل دەکا، عادیل لە ترسان خۆی پیس دەکا. بەکوترە سپی دەڵێ، هیزە من کردم، تۆ نەیکەی، باوە، هەرچی یالآخی هەن سەرلەبەریان بنێرە، بەسەر هەردوو چاوەکانم، چییان خوایشتە، لە دووکان هەڵی گرن. ڕۆحە شیرینەکەشم هی ئەوانە. کۆترە سپی هەر کە ئەمەی لێ دەبینێ و نابینێ، یەکسەر لە شەقەی باڵ دەدا، دەچێ موژدە بەسەر ئاواییدا دەبارێنێ.»

«جا هەر لەبەر ئەوەیشە، ئەو شەوە، گوندی بە ئاغاوەی، بە باوکەوەی، بە دایکەوەی، بە زاڕۆڵەوەی، خەوتنێ دەخەون، لەوەتەی هەن، خەوتنی وایان بەخۆیانەوە نەدیوە. خەوتن ئەمان خەوتن...»

«تا حەزرەتی تاشباشمان ڕۆحی زیندوو بێ، هیچ بەڵای ناگەهانێ ڕوو لەم دێییە ناکا.»

«ئیتر عادیل و مادیل نەما.»

«ئیتر مار و دووپشک نابارێ.»

«وڵات نەهاتی بەخۆیەوە نابینێ، زەویوزار لە بێ بڕشتی ڕزگاری بوو.»

«دنیا دەبێ بەگوڵ و گوڵزار، گیاوگۆڵ تا چۆکان دێ. زەویوزار لە پیت و

بەرەکەت زۆرییان دەقەڵشێ.»

«ژنی ئەم گوندە شتاقیان بە قسری نامێننەوە.»

«جمرانەیان دەبێ.»

«سەفەریش دیسان خۆ فش دەکاتەوە، دەڵێ، من کردم، من ئەو چاکەیەم لەگەڵتان کرد.»

«نانکوێری کوڕی نانکوێر.»

«تاشباش نەبێ...»

«موزیری کوڕی موزیر.»

«ئاااخ، ئەگەر حەزرەتی تاشباشمان نەدەبوو...»

«خۆ سەفەریش ڕەنگ نییە، خۆ لە قەرەی خۆهەڵکێشان و فرۆفیشاڵی بدرێ.»

«لە قەرەی نادرێ، برا لە قەرەی نادرێ.»

«خۆزگە عادیل هاتبا گوند، دیتبای.»

«بهاتایە، دیتبای دنیا بەری بەکوێوەیە، وە بەهاتن و نەهاتنیشی پەژیوان بوایەتەوە و گووی...»

ئەمانە هەمووی، هەر قسەیەکی لە گوندا کر، پاش چەند دەقیقەیەک، ورد و باریک بەسەفەر گەیشتەوە. سەفەریش هەر قسەیەکی دەبیستەوە شێت و شبر دەبوو، هەر بەوە ڕادەگەیشت، وەک مەکۆی جۆلا بێ و بچێ و کام جنێو پیسە بە گوندیی بدا.

زریکاندی:

«هیزە خنکام، چۆڕێ ئاو،» گوتی. «فریام کەون، وا دەخنکێم.»

دەموچاوی شین و مۆر هەڵگەڕابوو.

دەرەوە بەتەمومژ بوو، دوو هەنگاوت بەرپێی خۆت نەدەدیت.

سەفەر بەنیوە بوورانەوەیەکەوە. بە نکەنک:

«دەستەی کاروبارگێڕی دێم بۆ بانگ کە سەرەک پاسەوان،» گوتی.

«هیـمـمـەتی حـەزرەتـی تاشـبـاشـمـان نەبوایـە، ترسـی ئەو نەبـوایە، عـادیل دەهات، ئەو بـەڕە شـڕەی بنـیـشـی دەبـردین، ئەو بزگـوڕەی لە بەریشـمـاندایە دەیبرد.»

«کۆنەومۆنەیشی دەبردین.»

«بەرۆش و پاتیلەی گرار و شۆربا لێنانیشی...»

«کەوچکی شۆربا خواردنیشی...»

«مستە ساوارەکەیشی دەبردین.»

«ئاردی ژەمە نانیشی...»

«دەرپێی ژنەکانیشی...»

«جا خۆ بردبوونی...»

دەسـتـەی کـاروبارگێڕی گوند، زۆری پـێ نەدەچوو، هـاتن. سـەرتاپایان بەفر بوو.

سەفەر:

«من دەڕۆم،» گـوتی. «یـەکـڕاسـت دەچم بۆ لای عـادیل. ئەمـە وانـابێ. بەرەی گوندی شـێتوویێتن، با بچم بۆ لای عادیل، جـا ئەوساکە، با کەشف و کـەرامـەتی کۆترە سپی و حەزرەتی تاشباشیان ببینن،» گوتی.

گوتیان:

«پیاوی چاک بە، شتی وا مەکە، گوندی، ئەم ساڵ زۆری چێشت، جەرزەوەی زۆر کێشا. کێ ئەقڵی لە سەریدا ماوە.»

«مەکە، شتی وا مەکە!»

«ئا ئا هاتینە، ئەو بارانەیەم بۆ بێنن. چاویلکەکە و کڵێتەکـەیشم بدەنێ. با خۆم توندوتۆڵ لەبەر کەم. هـەر ئێسـتـا بەڕێ دەکەوم. کـارەکـە هـی ئەوە نییـە. ڕۆژی بۆ بژمێری و هەل لە دەست دەی...»

ژنەکانی، ئەندامانی دەستەی کـاروبارگێڕی ئاوایی. لێی پاڕانەوە، کردیان و سووتان پەشیمانی کەنەوە، هیچیان پێ نەکرا.

«بەم بەفر و فەرتەنەیە هەیە سەر لە ماڵی خۆی دەربێنێ؟ ڕەق دەبێتەوە. نەکەی، دوایی ڕەق دەبییەوە، دەمری... لە شیوەکە ناپەڕییەوە بۆ خۆت... خەلیلە پیر چوو، گەڕایەوە؟ حوسنە و ڕەجەب ڕۆیشتن. کەس بە سەروسۆراخی نەزانین، چییان بەسەر هات. هەر دەڕۆی، با نەختێ بیکاتەوە، ئەوسا بڕۆ،» گوتی.

سەفەر:

«ڕاناوەستم،» دەیگوت. «ئاگرێ لەسەر دڵم بەربووە، هەناوم بەجۆرێ دەگرێ، ڕاوەستان و ماوەستانم بەبەرەوە نەماوە. سەبارەت بەنانکوێریی ئەم گوندییانە، بەهەر نرخێ بێ، دەبێ بگەمە عادیل.»

بە ڕکەوە، خۆشی نەیزانی چۆن لە دەرکەوە دەرپەڕی. ملی نا ڕۆیشت. لە چاو ون بوو.

ژنەکانی لە دوایەوە دەستیان بە شین و قوڕپێوان کرد.

کیژەکەی سمەبۆر قەدەرێکی لەدوو چوو، خۆی دا بەزەویدا، بەلاقییەوە نووسا، سەفەر گوێی نەدایێ، هەروەک نەشیبینێ و ئاگایشی لێ نەبێ، لێی دا ڕۆیشت.

«بۆ خاتری ئاووڕووی تاشباش ها؟ هەی ئاڵچاخ، هەی پەستی کوڕی پەست و ئاڵجاخینە! هەی گوندیی بێ نامووس! هەرچیت لەگەڵدا بکرێ، نایەیتە ژێر بار.»

بەو هێز و گوڕەوە شیوەدرێژی دیتەوە. لە شیوەدرێژ زۆر دەترسا. هەر لێرە سەرکەوتایە تەمومژ نەبوایە، قیامەت هەستایە، باکی پێ نەبوو. شیوەدرێژ شوێنێکی سەر بە بەڵا بوو. بۆنی خوێنی لێ دەهات. ناو گوێچکەی هاژەی لێوە دەهات. دەتگوت پووره هەنگێ لە ناو کاسەی سەریدایە.

لەگەڵ شەبەقدا گەیشتە ئۆیوق تاش. تەمومژیش بەرە بەرە خەستتر دەبوو. لەوەیش نەدەچوو بڕەوێتەوە.

بیری کردەوە:

«وا چاکە بچمە ناو ئەشکەوتەکەی ئۆیوق تاشەوە، ئاگرێکی خۆشی لێ

هەڵکەم، تا مژەکە دەرەوێتەوە، چاوەڕێ کەم،» گوتی.

هێز لە ئەژنۆیدا نەمابوو. کەوتە دوودڵییەوە. ئەگەر بەو نەختە هێزەی ئەژنۆیەوە پشووێک نەحەسێتەوە، ناگاتە شار؟ سەحێکی خۆی کردەوە، نەخێر، بەم حاڵەوە نەدەگەیشت. یەکڕاست بۆ ئەشکەوتەکە ڕای کرد. تەمومژەکەیش وەک قامچی دای دەپلۆست.

ئەشکەوتەکە پڕبوو لە شەمشەمەکوێرە. هێشوو هێشوو سەربەرەوخوار شۆڕبووبوونەوە. هێڵنجی هاتێ.

گڕ و هاڵاوەکەی نێوهەناوی تا دەهات پتری تەشەنە دەکرد، «مەوەستە، سەفەر، مەوەستە، بگەرە عادیل، نامەردت نەکەن، سەفەر، ئەی ئیتر زەبر و زەنگی خۆت لای ئەم گوندییە بێ نامووسانە نەنوێنی، کەی دەینوێنی،» دەیگوت، لە ئەشکەوتەکە نەختۆکەیەکیش نەمایەوە، دەرپەڕی، خۆی هاویشتە ناو تەمومژەکەی دەرەوە، کە تا دەهات خەست و خۆڵتر دەبووەوە.

«کەواتا ئاوها، ها: کەواتا، هەرچی ڕەنج هەبوو، هەمووی بە با چوو! ئەو عادیلە؟ ترسەنۆک... پەست! حەزرەتی تاشباشمان... خێربێ، هەزار بەڵا و نەهامەتی دەگێڕێتەوە... مژەکە چاوێ نەکاتەوە. ئەم ئێوارەیە دەبێ لە شار بم. باڵدارە سپی؟ دڵە بەردەکەی عادیل... با ببینن، ئەو دڵەی بووە بە لۆکەی ئەرمونیان، بزانن چۆن دەبێتەوە بە بەرد!»

بە تاو دەڕۆیشت، بەڵام بێ کەڵک بوو، ناوبەناو هەڕای دەکرد، کە دەکەوتە هەڕاکردن، سەرەنگرێی دەدا، ساتمەی دەکرد، لەتری دەدا، ڕەتی دەبرد، دەکەوت، هەڵدەستایەوە، دەکەوتەوە، هەڕای دەکرد.

گڕ و بڵێسەکەی ناو دەروونی ڕکوکینە ژەهراوییەکەی دەپەنگایەوە، سەرڕێژی دەکرد. سەفەر بەم گوڕ و هێزەوە، نەک بەگژ بۆران و وەیشوومەدا، نەک بەگژ بوومەلەرزەدا، بەگژ دەریایەکی لە ئاسمانەوە وەک کونەی سەربەرەژێر بەسەریدا بڕژێ، ڕادەچوو.

ڕووەو کرێوەکە دەڕۆیشت، کلووە بەفر سەروچاوی دەکوتا، ناچار، جارێ لای ڕاستی، جارێ لای چەپی تێ دەکرد و دەڕۆیشت.

«ئەوەتا، بەو حاڵەیان گەیاندم،» گوتی، لە قسەکانی بووەوە.

تاشباش ئۆغڵو:

«ئەو پیاوەی تیشکەکانی بەدواوە بوون، من بووم؟ وردم تەماشاکە، چاکم لەسەر و سوورەت ڕامێنە،» گوتی.

مەمیدیک لەلاوە، لە پێشەوە، چاک و وردی تێ ڕوانی، بێ سێ و دوو:

«تۆ بووی،» گوتی.

تاشباش ئۆغڵو:

«دە کەواتا، با شتێکت پێ بڵێم، مەمیدیک،» گوتی. «من ئەو شەوە، لێرە، لە پشت ئەم عەلییەوە، لە ناو جێگەی خۆم نووستبووم. ئەگەر بڵێم نووستبێتم و چلمێران بردبێتمیان، ئەو شەوە تا بەیانی، خەو مانا لە چاوم نەکەوت. وردم تێ ڕوانە، هەڵە نەکەی. یەکێکی ترت بە من نەشوبهاندبێ؟ لەوانەیە پیاوە تۆپە تیشک بەدواکەوتووەکەت زۆر لێوە دوور بووبێ و بەمنت زانیبێ؟»

مەمیدیک:

«هەر قەیاسی دوو هەنگاوم لێوە دووربوو،» گوتی. «هەر بەئاشکرا و ڕاست و پاک خۆت بووی. دەستی درێژ کرد، یەخەی کورتەکەکەی گرت: «ئا ئەم کورتەکە خەتخەتەشت لە بەردابوو. بەڵام نەختێ ڕەنگت پەڕیبوو. ڕەنگە لەبەر ئەو تیشکە سەوزە بووبێ لە دەموچاوت دەپڕژا.»

مەمیدیک وەک لە پێش فەرماندەیەک، لە پێش ئەولیایەک ڕاوەستابێ، دەستە و سینە، بەڕێزەوە ڕاوەستابوو. چاوی لە زەوی هەڵنەدەبڕی. ناوناوە، وەک تەماشای کەژێکی بەرز بکا، بەدزییەوەی تەماشای دەکرد.

ئوزون عەلی کەیفی بەحاڵی ئەم منداڵە سازبووبوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت، «کوڕینە، ئەم مەمەدەی لەمەڕ خۆمان هەر بەڕاستی نەبووبێ بە وەلی؟ ئەوەتا، منداڵەکە بەچاوی خۆی دیویە، گوایە بۆ دەبێ درۆ بکا؟»

عەلی:

«مـەمـەدی برا،» پرسی، دەنگی سـەربـزێوییـەکی دەگـەیاند: «مـەمـەد بۆچی دەبێ درۆ بکا؟ بەشکو، یەکێ لە چلمێران چووبێتە کلێشـەی تۆوە و هـاتبێتـە پێش چاوی.»

تاشباش ئۆغلو:

«من نەمگوت مـەمیدیک درۆ دەکا،» گوتی، بە عـوزرهێنانێکەوە، لەسـەر قسـە ڕۆیشت.

مەمیدیک:

«من خاڵە مەمەدم بەو ڕەنگە، کوتومت وەک خۆی دیت. هـەر خۆی بوو خۆی. کەسی دیکە نەبوو و ناشبێ.» وەک منداڵێکی تەتکەکەی لە دەست بستێنی، بە هەنسکە هـەنسکی گریانەوە قسـەی دەکرد. «ئەوجارە پێی گوتم، مـەمـیدیک، گوتی، ئەگەر ئەو پیاوەی دیتت، نەڵێی تاشباش بوو، گوتی، کیژێکی جوانت بۆ داخـواز دەکـەم، کێڵگە و بەرەجـووتت دەدەمێ، خـانووت بۆ ئاوەدان دەکـەمـەوە، گـوتـی. منـیش گـوتم، ئا بەم چاوانەی خـۆمم دیت، مـن درۆ ناکـەم. ئەوەی جـەنگەڵسـتـانێ تۆپـە تیشکی بەدواوە بوو تاشبـاش ئۆغـلو بوو. ئـەوانیش تا سبـەینێ لێیان دام، تێیان هەڵدام، تا بەم حاڵەیان گـەیاندم. نازانم هـەرچۆنیان نەکوشتم.»

ئۆزون عەلی بە تاشباش:

«کوڕە بەچاوی خۆی دیوتی. دیتبێتتی چ بکا، درۆ بکا؟»

پلارێکی هـاویشتێ.

مەمیدیک تێ هـەڵچووەوە:

«وەڵڵاهـی خـاڵە عـەلی، ئاوهـابوو. بۆچی درۆ بکـەم؟ ئەم خـاڵە تاشبـاشـەم لە ڕۆژەڕێیەکەوە ببینم دەیناسمـەوە. هـەر دوو هـەنگاوم لێوە دوور بوو. بۆچی درۆ بکەم، خـۆ فـەرز نیـیە لە سـەرم،» گـوتی، خـەمی خـۆی بە با دا. «خـۆ وەنەبێ خـەونیش ببیـنم ئەگـەر بڵێی. قـەڵەمبـڕێکم بـەڕانمدا کرد. چوارەم جـاری بوو، برینەکەی دەکردەوە و پیشانی عەلی و تاشباشی دەدا.

تاشباش بەبزەیەکەوە ملی خوار کردەوە:

«چ بکەم،» گوتی. «بەشکو بێ ئەوەی ئاگـام لە خـۆم بێ تێکەڵ بەئەولیـا و پیران بووبم.»

مەمیدیک کە دیتی دڵی سەغڵەتە، خەم دای گرت:

«ڕەنگە نـەبووبی بە وەلی، هـەروا لـەوێوە، بۆ جـێگایەک دەچووی، تـیشکێکی بێ شـومارت بەدواوە بـوو، تۆ ئاوڕت نەدایەوە، تەمـاشـای دواوە بکەی، چاوت بەو هەمـوو تۆپە تـیشک و چراخـانە بکەوێ. بـەڵام درۆم پێ مـەکـەن. من بەم چاوانەی خۆم دیتم. بڕوا بکەن. درۆم پێ مەکەن.»

مـەمـیدیک دەنگی پڕبوو لـە سـام و پاڕانەوە. جـار جـارەیش لە دڵی خـۆیدا دەیگوت: «ئەمـانیش وەک سـەفەر نەکـەن!» هەنگێن مـەمـیدیک چۆنی دەردەبرد.. دەپسـا، دەمـرد. درۆیش بکا، لـە دەست ئەمـانـە ڕزگـار دەبوو؟ «ئای چـەندتان مــەمنوون دەبـووم درۆتان پێ نـەکـردبام،» گــوتی. «چیــتــان لە درۆ پێکردنم وەدەست دەکەوێ؟» تاشباش تا دەهات گرژ و مۆنتر دەبوو:

«چیم بەسـەر دێ، لە نـاوچاوانی ئەم حیکایەتی تیشک دیتنەی تۆوە دەزانی چیم بەسەر دێ، مەمیدیک؟» گوتی.

مەمیدیک:

«من دەمـرم،» گوتی. «ئەگـەر ئێـوەیش بمکوتن، ئیـتـر نـاژیم، گیـان دەرنـابەم. توخـوا لێم مەدەن. چ دەبێ. مـەمکوژن، درۆم پێ مەکـەن. وەڵڵاهـی بەم چاوانەی خۆمم دیت.»

تاشباش ئۆغڵو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا:

«ئاااخ،» گـوتی. «ئاااخ، مـەمـیـدیک! مـەحـوت کـردمـەوە. وەجـاخت کـوێر کردمەوە. درۆ بکەی و نەکەی تازە...»

مەمیدیک کە بەم جۆرەی دیت زۆر ترسا. هەراسانی دای گرت:

«مـەرەخەسم کـەن، با بڕۆم. ناسـاغم. هـەرچی ئازای گیانم هەیە، هـەموویان ورد و خاش کردووە. وەک ئارد هاڕیویانەتەوە. دەچمەوە بۆ کن دایکم،» گوتی،

بەزۆر هەستایە سەر پێیان. چاوی لەدوڕ چاوی ڕاکردبوو، دەپاڕایەوە.

عەلی دالّیت بە زەردەیەکەوە:

«بڕۆ، مەمیدیک،» گوتی، «مادام نەخۆشی بڕۆوە، دایکت چاوەڕوانت دەکا. دە بڕۆ دەی، شێرەکەم.»

کەواتا ئیتر تێی هەڵنەدەدرا، نەیاندەکوشت.

بەخۆبەسەردانی دارەکەی دەستیدا، بەچۆکەچۆک، بەخۆ بەکێشکردن، هەموو ئازای لەشی دەیچریکاند، چووە دەرەوە. وەک ئێش و ئازارەکەی لە بیر چووبێتەوە، ئاوها بوو.

عەلی بە چارە تاڵ کردنێکەوە:

تەماشا، حاڵی ئەم کوڕە بەسزمانە، بزانە چییان بەسەرهێناوە! هەر ئەوەندەت زانی سەفەر لە ترسی ئەم وەلییایەتییەی تۆ دایە کێو، شێت بوو. ئەوەندە ترساوە، لە ترسان هەر وەختە زارەتەرەک ببێ. تۆ تەماشا، تەماشا حاڵی ئەم منداڵە!»

تاشباش:

«چووە بۆ شار، بۆ ئەوە چووە، عادیل پەشیمان کاتەوە، لە قەرزی گوندی خۆش نەبێ، چووە پێی بڵێ، بزگوڕێکیان نەداتێ خۆیانی پێ پۆشتە کەنەوە. گوندیش ئەمە لە ناوچاوانی منەوە دەزانێ. «ئەم گوندییانەیش،» گوتی. «کەم شێت نین.»

عەلی:

«بەڕاستی ئەم سەفەرەیش بێ ئەقڵە. ئەم وەلییایەتییەی تۆ، ئەقڵ و هۆشی پێ هێشتبا، ئەم ئێکجار وا خۆی مەحو نەدەکردەوە، کاری وای نەدەکرد. سەفەری بێ ئەقڵ و ئاوەز! بۆ ئەوەی پێش لەم وەلییایەتییەی تۆ بگرێ، ئەوەی لە دەستی دێ و لە دەستی نایە دەیکا. کابرای بێ ئەقڵ، نازانێ، بەخۆشتەوە، کەس ناتوانێ پێش لەمە بگرێ. ئەوە گوندییە گوندی، کە شتێکیان چووە مێشکەوە ئیتر بڕایەوە. تەنانەت مەمیدیک خۆیشی گوتبای، ئەو قسانەی

کـردوومن. هەمـوو درۆودەلەسـەن و سـەرلـەبەریانم بۆ خـۆم، بەزمـانی خـۆم هەڵبـەسـتـوون و ئێـوەیش هەر لەسـەر گـەلۆریی خـۆتان دەڕۆن و بـڕواتان بەو قسانەم کردووە، ئاوهایشی گوتبا، هەر بێ سوود بوو، گوندی هەر گوێشیان نەدەدایە،» بە زەردەخەنەیەکەوە، «کورە کاک مەمەد،» گوتی، «هەر بەڕاستی نەبووبیی بەوەلیی ڕاستەقانی؟ کورە پیاوی چابە، دەنا گوندی ئەوەندە لە پیاو نائاڵێن.»

تاشباش کسپەیەک لە ناو دڵیەوە هات:

«کـاک عـەلی،» گـوتی بەنەرمـێکەوە. «دە تۆیش مـەیکە بە گـەمـە. من لە دڵی خۆمـدا، پێم وایە، ئەم هەمـوو بەزم و ڕەزمە سـەفەر هەڵیـان دەبەستێ و ئیشی ئەوە.»

عەلی تووڕە بوو:

«تۆ شـێـتی،» گوتی. «ئەقڵت تێک چووە؟ سـەفـەر وا لە ترسـان شـێت دەبێ. ترسی ئەوەی لێ نیشـتووە، دەڵێ، تۆ دەبی بە وەلی، فتـوا دەدەی، ئەم بێ دینە کوشتنی بەهەر چوار کتێبان واجبە. جا چۆن فتوایەکیش.»

تاشباش:

«دیارە فـەلاکـەتێکی گـەورە و گرانم بەسـەر دێ. سـەفـەر بـەو ڕەنگە بترسێ، ئەگەر نازانم چیی کردبێ بەڵایەکی هەر بەسەر دێنێ،» گوتی، خەمبارانە بیری کـردەوە: «ئێسـتـا تێ دەگـەم، ئێسـتـا، ئێـسـتـا تێ دەگـەم، ئەو چەکدارانەی هاتبوونە سەر ماڵەکەم کێ بوون؟.. کفن لەبەرەکان...»

عەلی:

«منیش تێ گەیشتم،» گوتی، «ئێستا تێ گەیشتم. هەی لە دایەی! لەمەوپاش دەبێ هەر لە ماڵی ئێمە بی. کەس پێ نازانێ لە ماڵی ئێمە بی. ماوزەڕێکی لە باپیرانمەوە بەمیرات بۆ ماوەشم لە ماڵێ هەیە...»

تاشباش ئۆغلۆ:

«هیچ چارێکی تر هەیە چما، عەلی برا؟» گوتی.

ئوزون عەلی هەناسەیەکی هەڵکێشا، گوتی:

«ئێستا چوو بۆ شار. کارەکە تێک دەشێوێنێ. لەم و لەوی دەگەیێنێ. جاڕی مەهدییاتیت داوە. یا بۆ زیندان یا... خوا نەکەران... هەوڵ دەدا بۆ...ت بنێرێ.»

تاشباش ئۆغڵو بەبێ چارەیییەکەوە:

«هەموو گووێک دەخوا،» گوتی.

عەلی بڕوای کردبوو، گوتی:

«کێ دەڵێ نەبووبی بە وەلی و ئێمە خەبەرمان لێ نییە. دە دووعایەک لەم بێ نامووسە بکە، بەڵکو لێی گیرا بێ. نەگاتە شار، بەبن بەفرەوە بێ.»

تاشباش ئۆغڵو:

«توخوا ئەگەر گاڵتە بەپیاو دەکەی عەلی برا، تۆیش! وەلییایەتی لە کوێ و مەندەبووری وەکو ئێمە لە کوێ!»

ئوزون عەلی هەناسەیەکی هەڵکێشا، گوتی:

«کێ دەزانێ، پیاو بەخۆی نازانێ خۆ... بەڵکو لەلای خوا شتێکت، شتێکی پەسندت هەبێ. دڵت پاکە، خراپەت لەگەڵ کەس نەکردووە. ئەمە حەوت ساڵیشە لەگەڵ ئەم پیاوە بەشەڕهاتووی. تەنیا هەر لەبەر چاکەی گوندەکەت، دە تۆ تووکێکی لێ بکە، نۆڕێکی لێ بکە، بەشکو بیگرێ.»

تاشباش ئۆغڵو:

«مەکە، عەلی، هەموو کەس بیکا، تۆ مەیکە!» گوتی. «من هی ئەوەم وەلییایەتیم لێ بوەشێتەوە؟» لەو دەمەدا حەسەن وەژوور کەوت. بەترسەوە تەماشایەکی تاشباشی کرد. بەتف قووتدانەوە،:

«باوە،» گوتی. دەمەوێ لەگەڵ ئومەخاندا بۆ دار بچم، دایکم ئیزنم دا. سووتەنی لە ماڵ نەماوە.»

عەلی پرسی:

«هەواکەی لە چدایە؟»

حەسەن بە سلێکەوە، تەماشای تاشباشی دەکرد، وەڵامی دایەوە:

«زۆر خۆشە، تا بڵێی هەتاوەکەی خۆش خۆشە.» گوتی.

«دە برۆن، کەوایە...»

حەسەن جارێکی دیکەی تەماشای تاشباش کردەوە، بەغار لە ماڵ وەدەرکەوت، هات بۆ لای ئومەخان، بە تەور و گوریسەوە، چاوەڕێی دەکرد:

«دیتم،» گوتی. «تاشباشم دیت! وەلییە. چاوی نەوعێکە. لەگەڵ باوکمدا، بەرانبەر یەک دانیشتبوون، کرۆکپ، ورتەیان لێوە نەدەهات.»

بەڕێ کەوتن. بە هەڕاکردن، بەرەو لێڕەکە دەچوون. کە لە ئاوایی دەرچوون خاو بوونەوە.

حەسەن:

«سەفەر بەجارێ زەندەقی چووە. گوایە تاشباش لەشکرێکی جندۆکەی هەن... ئۆهۆۆۆو، لەشکرێکی گەورە و گران. خۆ، جندۆکە، بەژنیان هێندە نییە، هەر تا چۆکانمە... تمەز، جندۆکە زۆر بەهێزن. تاشباش گوتوویە، ئەمر بەجندۆکەکان بکەم، ئەو کەژەیان پێ هەڵدەگرم، لەسەر ئەو کەژەیان پێ دادەنێم، بەقایەجارەکەی چیای تەکەچەوەی هەڵداواسم. چییە هێند بیر دەکەیەوە پیاو؟»

ئومەخان:

«بیر لەوە دەکەمەوە کە...» گوتی. کڕبوو.

حەسەن:

«بیر لە چی دەکەیەوە، بڵێ قەحبە،» گوتی. زۆر توندوتیژ بوو. ئومەخان گوێی نەدایێ.

«بیر لەوە دەکەمەوە، ئەوانی تۆ لە ناو گڕ و بڵێسەکانتدا دیتن، ئەوانیش جندۆکە نەبن؟!»

حەسەن هەڵی کردێ، لە پۆڕی گرت:

«جندۆکەن، بەراز؟» گوتی، «ڕاست و دروست گڕن گڕ!»

ئومەخان:

«لاکەوە،» گوتی، ویستی پۆڕی لە دەستی ئازاد کا.

«جندۆکە نین، گڕن.»

حەسەن:

«دە وا بڵێ،» گوتی، قژی بەردا.

هاتنە لێرەکە. حەسەن، هەر لەو شوێنەی هەموو جارێکی ئاگر لێ دەکردەوە، ئاگر خۆی کردەوە. دیسان چاوی بڕیبووە گڕ و بڵێسەکە. ئومەخان بەهەموو نیازپاکییەکەوە دەیڕوانییە گڕەکان. لە هیچ شکڵێکی گڕەکان دەیانکێشا چاوی خافڵ نەدەکرد. هیچیشی نەدەدیت. لە پاشان تووڕە بوو:

«نایانبینم، نایانبینم، خۆ بەزۆر نییە،» شیڕاندی، «چاوم وا زەق کردووەتەوە، هەروەختە دای دڕم. ترووکە مانا بێ نایکەم، کەچی هیچ نابینم.»

حەسەن بێ باکانە:

«نایانبینی،» گوتی. «بینین چاوی دەوێ. ئەگەر جندۆکە بوونایە دەتدیتن.» چونکە تۆ سیحربازی، جادووگەری.»

ئومەخان:

«دایکت جادووگەرە،» گوتی.

حەسەن:

«دەبێ با ببێ، دایکی تۆیشە و دایکی منیشە.» هەستایە سەر پێ، بەتوندی، «ڕوو بکە بەولاوە کچێ،» گوتی. ئاوڕ بدەیەوە بۆ ئەو شوێنەی بۆی دەچم، وای لە حاڵت، دەتکوژم.»

ئومەخان:

«نا نا، هیچ خەمت نەبێ.» گوتی، بێ ئەوەی چ باکی پێ بێ، بە تانی قساندا چوو. «بۆ تەماشاکردنی بن بەردەکە دەچی. چما کەس ماوە ئەو بن بەردەی نەدیتبێ! هەیە و نییە، دوو ڕەگی مۆر و نەختێ خۆڵی ڕەشی لەبندایە، بۆش و بەتاڵ.»

حەسەن دەستی بە هەڕەشە لێکردن کرد:
«ڕاوەستە بۆم. ڕاوەستە، بزانە چی لەبن ئەو بەردە دەردەچێ، چی چی!» دەم و لێوی بەلەزەتێکەوە لستەوە.
بە غار چوو بۆ لای بەردەکە. ڕاستی کردەوە. تەماشای بنی کرد. ئەوجا، خۆی چۆن داندرابوو، بەو جۆرەی دانایەوە.
ئومەخان:
«چ دەبێ، دەبا منیش تەماشایەکی کەم، حەسەن،» گوتی.
«ئەی خان باجیی تۆ نیم؟»
حەسەن بە نەرمێکەوە:
« دەوەرە تەماشاکە،» ئومەخان دەستی لە ملی کرد. بەغار بۆ کن بەردەکە هاتن. حەسەن بەردەکەی ڕاست کردەوە. هەرتک بەرانبەر بەردی گۆرین دانیشتن. وەک شتهایەکی گەورە و گران و سەیر و سەمەرە لە جێ بەردەکە ڕوویدەن. چاویان تێ بڕی، ترووکەیان بەچاویان نەدەکرد.
پاش قەدەرێ بەو ڕەنگە تەماشاکردنە، حەسەن هەستا، بەردەکەی لەجێی خۆ دانایەوە، دڵخۆش و بەختەوەر بوون.
حەسەن دەستی ئومەخانی گرت:
«هەستە ئومەخان، وا ئێوارەیە،» گوتی. «با سووتەنییەکەمان خڕ کەینەوە. هەر هێندەمان ئێزنگ پێ دەکرێ،» گوتی. «وا ساردیشی کرد. ڕۆژێکی تر دێین بە شێنەیی، لە سبەینێوە تا ئێوارێ سەیری دەکەین.»
ئومەخان:
«تێرم لێ نەخوارد، سەیری دەکەین،» گوتی.
گوند هێشتا هەر لە جۆش و خرۆشدا بوو. کوێخا بۆچی چووبوو بۆ شار؟ مەسەلەکە گەمارییێ، جێ گازی ئەسپێیەکی تێدابوو. کوێخا سەفەر گوتی:
«گوندییەکانم، هەروەها براکانیشم،» گوتوبووی. «عادیل خەبەری لەدوا ناردم، نابێ ژنانی گوندی یالاخێکی گەورە و گران، وەک جاران، سەرلەبەر

خرپنەوە، بە شایی و لۆغانەوە بێن بۆ دووکان. بەرگ و پۆشاکی ئەم ساڵەکە پیاوان دێن دەیبەن. لەبەر دەرگای دووکانەکەم، نەک ژنێ، کیژێکی پێنج ساڵەیش ببینم. گەزە جاوێ چییە، بەهیچ پیاوێکی ئاواییی یاڵاخی نادەم، کورە ها، ئەوە چاک بزانن، وا پێتان دەڵێم. پیاوەکان دێن، ئەویش نەک هەموو پێکەوە. ڕۆژێ دە پیاو، ڕۆژێکی تر پازدە پیاو... ئاوها، دێن دەیبەن، عادیل وای دەوێ،» گوتبووی. دەبێ مەبەستی چی بووبێ؟

سەرلەبەر، ئەمانە دەگوتران، بەڵام دەستەیەکی چکۆلەیش کەیفساز بوون و سەرگەرمی بۆ چوونە شار خۆتەیارکردن بوون.

ژنان نەختێکیان ئەم کارە لە بەر گران بوو و نەختێکیشی بەمەراقەوە بوون. تۆ بڵێی ئەو ساڵەکە، عادیل پیاوانی پێ هەڵفریواندرابا؟ هەرچی ماڵی چورووک و عەمارەپووی فابریقە هەبوو تووشی پیاوانی کردبا؟

مرێمۆک قسەی کردبا. لە زاریدا نەدەوەستا، زوو دەیفرتاند. دەیگوت عادیل لە ژنان دەترسێ، لەوە دەترسێ شەتوپەتی کەن. عادیلی چاک دەناسی، پۆڕی لەبەر هەتاو سپی نەکردبوو، ئەزموونێکی چەندین ساڵی لەمەڕ ئەو خەڵکە وەسەریەک نابوو.

تاشباشیش کەوتبووە مەراقەوە. سەفەر ڕۆیشت گوندیش دەڕوا. عادیل لەو نێوانەدا چی دەکرد؟ شەوێ، تا سبەینێ دڵ و دەروونی خاوێن کردەوە، دەستی بە تکا و پاڕانەوە کرد، خوایە، سا تۆ چ دەکەی، سەفەر وە بن بەفر کەوێ، دووپێی نەگاتە کن عادیل. تکاو نزاکەی قوبووڵ کرابا، لە ڕێگا شتێ بەسەر سەفەر هاتبا، ئەوساکە، بڕوای بەوە دەهێنا کە مەمیدیک بەسەدان تۆپە تیشکەوەی دیتووە. گوندی چییان دەگوت؟ دەیانگوت دووکەڵ بێ ئاگر نابێ. ئەگەر سەفەر وەبن بەفر کەوتبا. ئەوسا باوەڕی دەکرد ئاگری چۆن گڕ گڕ تێدا دەسووتێ و بووە بە وەلی.

باشە وەلی و مەلی شتێ پیاوێکن؟ بۆ یەکەم جار بوو بیری لەوە کردەوە. ڕەنگە هەر بنیادەمی خۆسایی بن، هی وەکو خۆی بن. هەر چۆنێ بێ، بەم زووانە ڕوون دەبێتەوە، وەلی بێ، وەلی نەبێ.

دەبوو تاشــبـاش شــەوێ لە مــاڵی عــەلی مـابایـەوە. ئەی وایان بڕیار نەدابوو، تاشبـاش هـەرچەندی بیر کردەوە و لێکی دایەوە، ئاخرییەکەی لێی گەڕا. لە خۆڕایی سـەفەر خۆی تووشی بەڵا کردبوو. لێ قوتاربوونی نەبوو. لە خۆڕایی ســەری عــەلی بۆچی بەدارێکەوە بکا. ئەگــەر ســەفـەریش هـات بیکوژێ، با بیکوژێ. بزانین چۆنم دەکوژێ. ئەو تووڕەیییـەی تاشـبـاش، کـە لەحنـەتی لێ دەباری هەر ئاســـەواریشـی نەمـــابوو. ئەوەندەی دەروێشـــێکی قـــاییل بەچارەنووس، پشت ئەستــوور بوو. لە بەرانبــەر ئەو بەند و باوانـەی لەمـەڕی هەڵدەبەســتــران وەک سـەیرکـەرێکی سـەیر دەکردن و بزەی دەهاتێ. کـاتێکی مــەمـیــدیک حــیکایەتی حــەوت تۆپـە تیـشکی بەنـاو گـونـددا بڵاو کـردبووەوە پێکەنیبوو، گوتبووی، ئەمە لە دڵی خۆیدا:

ئەورۆ حەوت تۆپە تیشکیان بەدوا خستین. زۆری نەبرد، حەوت تـۆپە تیشک بوو بە لێـڕە تیــشکێ. لەســەر لووتکەی چیـای تـەکـەچەوە بەرەو ئاســمــان هەڵکشـاین. لەسـای سـەری مەمیدیکەوە، وا لە ئاسمـان دەفڕین. کارەکە هەر بەوەشــەوە بوەستێ باشـە. بە مـەمـیـدیکـەوە بوەستێ هـەر ئێ. خـوا بۆ خـۆی دەزانێ چی و چیی تری لەبندایە!»

ئیتر لە ماڵی خۆی دەرنەچوو. لە عەلی و مرێمۆکیش بەولاوە دەرکەی ماڵی لە کەسی دیکە نەدەکردەوە. بەم کردەوەیەی گوندیی هێندەی تر هار دەکرد. بەڵام چ بکا، لە مەهدیگەری، لە حوکوومەت، لە شێتخانە زەندەقی دەچوو.

لە هەمـوو نـاخـۆشـتـر ئەوە بوو، ئەو خــەڵکە زۆر بە ســەیرەوەیان تەمـاشـا دەکرد. کەمۆکەیەک، بە سڵەوە، بەترسەوە، وەک شەبەنگ، وەک ئەفسووناوی... بگرە ژنەکەیشی، منداڵەکانیشی هەر بەو ڕەنگەیان ڕەفتار لەگەڵ دەکرد.

تاشـبـاش ئۆغڵـو بە هەست و خـوسـتێکی زۆر سـەیر و سـەمـەرەوە گلابوو. جـاری وا هەبوو بۆ خـۆیشی لەو کەینوبەینە نەدەگـەیشت. پاشـان کـە بەخـۆ دەهاتەوە، گەمەی بە خۆشی و بـە گوندییش دەکرد. «ئەم گوندییانـە چ شێت و

شووریکن،» دەیگوت، «دەک ماڵوو کوێر ببێتەوە پیاو، ئاخر وەلییایەتییەکەی من کێهەیە، چۆن چۆنی فڕیم. پێم ناڵێن؟»

منداڵە هەرە چکۆلەکەی لە هەمووان خۆشتر دەویست. لە باوەشی دەکرد. دەستی بەسەر و قژیدا دێنا. ویستی لە باوەشی کا، دەستێ بەسەر قژیدا بێنێ. هەر کە دەستی بەسەریدا هێنا و نەهێنا منداڵی تاین زریکاندی و ڕای کرد، خۆی دەباوەشی دایکی خست.

پاش ئەو ڕووداوانە بەخۆهاتەوە، تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، ژنەکەی، منداڵەکانی لە دوورەوە ڕاوەستابوون، چاویان وەک کووژەکەی شین زەق کردبووەوە. بە سەرسامییەوە، بەترس و لەرزەوە، بەمچوڕکەوە، بەڕێز و قەدر لێگرتنێکی زۆرەوە تەماشایان دەکرد، ئەمەی هێند پێ ناخۆش بوو، ئەوەندەی لەبەر گران بوو... ئیدی بەو جۆرە بەتاقی تەنیا مابووەوە.

بە تووڕەبوونەوە قیژاندی:

«ئەرێ ئێوە شێتن،» گوتی، «هەر شێت شێتن؟ ئێوەش بڕواتان بەو درۆودەلەسانە کرد؟ چما لەو ڕۆژەوە، تا ئێستا، بۆخۆتان ئاگادارن، چاوم بەدەرەوە کەوتووە؟ بەو بەفر و وەیشوومەیە، بەو نیوەشەوە لەسەر چیای تەکەچ چ دەکەم؟ بۆچی وا زەق زەقم تەماشا دەکەن؟ پیاو هەیە، نەک بەم زستانە، بەهاوینیش لەو سەر چیای تەکەچە ڕەق نەبێتەوە و نەمرێ؟ ئەوا گوندی ئەقڵیان تێک چووە، باشە ئێوە چ بەلاتانە؟ ئەوا بەچاوی خۆتان دەمبینن منیش بنیادەمێکم وەک ئێوەمانان، نە تیشکم بەقوونەوە هەیە و نە لێڕەوار. ئەو مەمیدیکە شێتۆکەیە چاوی ڕەشکەوپێشکە دەکا. حاڵی بوون؟»

ئەوەندەی قیرەقیڕ کرد، بەخۆدا شکایەوە، شەرمەزار بوو. چ قەومابوو؟ چەندی هێز تێدابوو قیراندبای، بەقیڕوهۆڕ چیی لە مەسەلەکە نەدەگۆڕی.

پاش ئەوە هەموو قیڕوهۆڕە وەسەرەخۆ هاتەوە، دەستی بە گەمە کرد:

«نەخێر تەواو، پێ گەیشتم و بڕایەوە،» دەیگوت. «ئەرێ وەڵڵا وا پێ گەیشتم هەر لە سبەینێ زووتر نییە لە چیای تەکەچ دەنەوم، بەدەستی ڕاستم هەڵی دەگرم، دەیهێنم. ئەی نەودیت؟ چۆنی نابینن؟ چیای تەکەچ هەڵدەگرم،

دەیهێنم، لە ناوەندی ڕاستانەکەی چقورئۆوای قوت دەکەمەوە. ئەو سبەینێ چقورئۆوایی کاتێکی لە خەو ڕادەبن، دەنۆڕنێ، چیایەکی بڵیندی کەپک بە بەفر، سەر لە ئاسمان دەسوێ، هەموو واقیان وڕدەمێنێ، دەڵێن ئەو چیا گەورە و گرانە کێ هێنای، لەو گۆڕەی قوت کردەوە. هەبێ و نەبێ لە چقورئۆوا قیامەت هەڵستاوە. بە شار و گوندەوە سەرلەبەر هەڵدێن. پاشانەکێ کە ئێوارە دادێ، لە زەردەپەڕدا، چیای تەکەچ لەسەر دەستی چەپم دادەنێم، دەیهێنمەوە، لە جێگای خۆی دادەنێمەوە. چقورئۆوایی جارێکی دیکەی تەماشا دەکەنەوە، ئەو چیایەی سبەینێ، هاتبوو لێرە نیشتبووەوە ئێوارێ فڕیوە و بۆی دەرچووە. سەریان لەم کارە سوڕدەمێنێ. منیش، کێ ئەو چیایەی بۆ چقورئۆوا ڕاگوێزت بە کەس ناڵێم.»

ئەم گاڵتەیەی، ئەم حیکایەتی چیا ڕاگوێزتنەوەی زۆر لێ خۆش هات. دەیگێڕایەوە و دەپچڕا لەبەر پێکەنین. سەیر ئەوەبوو، ژنەکەی ئەوەندی دەکرد، هیچ مانایەکی لەو پێکەنینەی هەڵنەدەکڕاند.

تاشباش ئۆغڵو تێ گەیشت، ئەم بەزمی گاڵتە و پێکەنینەی ماڵەوەی وردوباریک بەناو ئاواییدا بڵاو دەبێتەوە و خەڵکەکە تا دێ بەخەمخۆریترەوەی وەردەگرن. لەمە هەر بەجارێ زەندەقی چووبوو، زۆر تووڕە بوو.

«کورە ئاخر هەی گوندیی کەرانباوگاو،» گوتی، «بە هەرچییەکم دەکەن بکەن، بەڵام ناتوانن بمکەن بە وەلی. بۆ ئەوەندە کەرن! خەیاڵ نەکەن، نە بەدەردەکەی مورتەزا قوڵ خۆم دەخەمە شێتخانەوە و نەوەک ورغون ئەحمەدیش دەکەومە کێوان. بشمرم، ئەمە ناکەم.»

«حەزرەتی تاشباشمان گوتوویە، من هەموو سبەینانێ کێوی تەکەچ هەڵدەگرم، دەیبەم... حەزرەتی تاشباشمان گوتوویە، من بەئاوی ڕەوان دەڵێم، هۆ ئاوە پیرۆزەکە ڕاوەستە، یەکسەر ڕادەوەستێ، چۆڕی لەبەر ناڕوا، لەجێی خۆی دەبێ بە شەختە، بە ماستی مەییو. کە گوتیشم هیشک بە وشکاو دێنێ، دەچێتە بن زەوی. پیاوم دەوێ بزانێ بۆ کوێ دەچێ. سەروشوێنی سۆراخ ناکرێ. دەشتی کاکی بەکاکی، چۆل و قرفە سەرانسەر دەبن بەزەویزاری

بەراو. حەزرەتی تاشباشمان گوتوویە، ئەم ساڵ لەم گوندە مار دەبارێ، گوتم، راوەستە، مەبارێ مەخلووقە پیرۆزەکە، نەباری ژنان نەدەزان. قسر دەبوون، بەعەزرەت زاوزێوە دەبوون. نەکەی، خوایە چاوڕەشەکەم، گوتم، وازی هێنا. حەزرەتی تاشباشمان گوتوویە، عادیل ئەفەندی نەیە، ئەگەر بێت، مومکین نییە، لە ڕێگە دەمرێ. لە دەم منەوە، سەلام لەو عادیلە بکەن. ئەگەر خەیاڵخاوی گرتوویەتی و بۆ گوندەکەمان دێ، با لە ئێستاوە لە ڕۆحی خۆی خۆش بێ.»

بەڵا نەیە، کە هات بەخەروار دێ.

هەرچییەکی لە ماڵێ بەگاڵتەوە گوتبوو، یەک و هەزاری وەسەر خرا لە ناو گوند...

«ئافرەت من کردم، تۆ نەیکەی، بەقوربانی نینۆکەکانت بم. پێم نەگوتی، ئەم گوندە هار بووە. تەنانەت تۆیش؟ بەم درۆودەلەسەیە بەڵایەکمان بەسەر دێنن، وەک مورتەزا قوڵەکەی یۆنجاڵغ بۆ شێتخانەم... تۆیش، چ دەبێ، ژنی چابە، ئەوەندە سووتەنی مەخەرە سەرئاگری ئەم درۆودەلەسەیە. من نە وەلیم و نە تەڕەماش.»

ژنە بێ ئەوەی ورتەی لە دەم دەرێ سەرپۆشەکەی سەری کردەوە، سەری لێ بەپێشێ برد، گوتی:

«ئەی برینەکەی سەرم، هەر دەستت پێ کەوت و پێ نەکەوت چا نەبووەوە؟ ئەوەیش درۆیە؟»

تاشباش کە ئەمەی بیست، بەجارێ دەهری بوو. هەر ئەوەبوو لە داخان نەدەتەقی. وەخت بوو سواری سەری خۆی بێ، قیژاندی:

«دەک بەڵام لێ دای ژن،» گوتی. «من سەرم چاکردیەوە یا؟.. ئەی هەتوانەکەی مرێمۆک چ کارە بوو، هەی نانکوێر، چ زووت لە بیرچووەوە؟ هەی کوێربی. کەواتا من وەلیم ها؟»

ژنە:

«سەرم...» گوتی.

تاشباش:

«سەرت بەگەرووی ئاشدا چێ،» گوتی، دەستێکی بەسەرە ڕووتەکەی پێشیەوە نا.

یەکەم ئاور هەڵایسێنی ئاورگی ئەم درۆودەلەسانە ئەم ژنە بوو. دەبوو لە پێشان پێش لەو بگرێ. تووڕەیییەکەی خاو بووەوە. بیری کردەوە. لەپڕ هەڵی هێنا.

لە سەرەخۆ و هێدی هێدی:

«من وەلیم،» گوتی. «نامەوێ خۆم ئاشکراکەم، بەڵام ، بەهەمەحاڵ دەبم بە وەلییەکی زۆر بەئاووتاو و بەگێزوگوڵینگ... وا نییە، ئافرەت؟»

ژنە بەشانازییەوە:

«وایە بەگوریت بم، مەمەدەکەم،» گوتی. «تۆ وەلییەکی وای لە حەوت تەوەقەی ئاسمان وەسەرکەوتووی. گوندی دەڵێن، ئەولیا هەموو بەوجۆرەن، بەوەلییایەتیی خۆیان نازانن.»

تاشباش:

«کەواتا، گوێدێرە،» گوتی. «لەمڕۆ پێوە، ئیتر لە عەلی برا و داپیرە مرێمۆک بەولاوە کەسی دیکە مەهێنە ماڵەوە. چاکە؟»

ژنە:

«چاکە، بەڵام،» گوتی، «دراوسێیە، چۆن دەردەکرێ؟»

تاشباش بە تانیداچوو:

«لە دەرەوە، لە ناو دەروجیران، لە ناو گوند نەکەی ناوم بێنی، کەم تا زۆر باسم نەکەی!»

«دەپرسن، کە پرسیشیان...»

«ژنەکە، وا پێت دەڵێم، چۆنم باس دەکەی بیکە. چاکەم دەڵێی، خراپەم دەڵێی، نووست، بەخەبەرهات، چوو، هات، هەمووی بڵێ، بەڵام ئەوەت لێ ڕوون و ئاشکرا بێ، من وەلیم، دەستت لێ دەوەشێنم، گۆجت دەکەم، دەوت خوار

دەکەم، هەردوو چاویشت دەردێنم. جێگەی خۆشیشت لەو دنیا لێ دەکەم بەدۆزەخ. ئیتر کەیفی خۆتە.»

ژنە زەندەقی چوو. هاکا بەسەر دەست و پێیدا کەوت:

«هیزە، من کردم، تۆ نەیکەی، مەمەدەکەم، وەلییەکەم،» گوتی. «بەچاک و بەخراپ دەمم ناکەمەوە.»

تاشباش دڵی بەم بارەدا خۆش بوو، هەر لەخۆڕا شایی بەخۆبوونێکی دەهاتێ، «تمەز وەلیاتیش سوودی هەیە ها،» لە دڵی خۆیدا گوتی. دەیزانی، ژنە ئیتر ببڕای ببڕای دەمی ناکاتەوە و چیی لە بارەوە نادرکێنێ و لەملا و لەولا باسی ناکا.

پاش ئەوەی تاشباش بەزمانی خۆی، وەلییایەتییەکەی لەکن ژنەکەی ئاشکرا کرد، ژنە ئیتر هەر بەجارێ گۆڕا. هەر لەگەڵ دەنگی بیستبایە، سەرتاپای دەکەوتە لەرزین، مچوڕکەی بەلەشدا دەهات.

تاشباش تا دەهات، ڕووی لە ناهومێدی بوو، هەرچەندی دەکرد، ترووسکەی ڕزگاربوونێکی لە هیچ دەرووێکەوە بەدی نەدەکرد. ئەوی لەو گوندە حەزی لە وەلییایەتی نەبوو تەنیا پیاوێ بوو، ئەویش سەفەر بوو. ئەگەر لەگەڵیدا ڕێک کەوتایە؟ هیچیان لە دەست دەهات؟ نەدەهات. ئەم گوندییە سواری گای هاربوونە...

ئەم دنیایە، ئەم دنیا پەستە، ئەم دنیا گەمار و پیسە، کە ئاوها، هەروەکو خۆی ماوە، هەموو لەبەر خاتری ئاووڕووی تاشباشی گەورەمانە، لەبەر خاتری سوێڵەکەی ئەوە، کە ڕۆیشت تێکەڵ بە چلان بوو. ئەی گوایە چۆن. هەر لەبەر خاتری ئەوە کە ئەم دنیایە ژێر و ژوور نابێ. هەموو لەبەرئەوەیە کە تاشباشی مەزنمان لە پیاوچاکان و غەیب و پێوارانە.»

«سێ شەو و سێ ڕۆژ ئاگری لەبەر دەرکەی ماڵێ دەگرێ. ئاگرێکی پیرۆزی گڕ و هاڵاو زێڕ. تمەز ئێمە ئێمە نەماندیتووە، نەمانزانیوە. تمەز لەوەتی تاشباشی مەزنمان هەیە و لە دایک بووە ئەم ئاگرە لە پێش دەرکەی ماڵە پیرۆزەکەیان هەر هەڵایساوە و نەکوژاوەتەوە. کێ ئەم ئاگرەی هەڵدەکرد؟ چل

دانە ئەولیای جلوبەرگ سپیی مێزەر سەوز هەڵیان دەکرد. جا کاتێکی گڕ و بڵێسەی ئەم ئاگرە بەئاسماندا چووە، بەڵێ، کە گڕ و بڵێسە دنیای گرتووەتەوە، ئا لەم پێدەشتانەوە، لەم عوممانی پێدەشتەوە بڵێ چ کەسانێ ڕوویان دەکردە ماڵی؟ هەموو شەوێ لە بەفر و بەستەڵەکی ئەو هەڵەتەوە، لە بەهارستانیەوە، لە گوڵ و گوڵزاریەوە چ کەسانێ هاتوون؟ چ کەسانێ هاتوونە خزمەتی تاشباشی مەزنمان؟ کیژی نەسمراوی بەرگ سپیی سەرتاپا، وەک گوڵووکی سپیی دارچواڵە، گوڵووک کردوو... بەهەزاران کیژی نەسمراوی باکیرە... هەموو سەر بەگوڵووکی وەک ئەستێرەوە... هاتوونە بەردەرکەی ماڵی تاشباشی مەزنمان. هاتوونە بەر ئاستانەکەی، هاتوون دەور و خولی ئەو ئاگرە پیرۆزەیان داوە، تا سبەینێ فڕیون و یارییان کردووە. ئەمان لەم دەوروخول و فڕک و هۆڕەدا بوون، هەر کاتێکیان زانیوە بەهەزاران هەرزەکاری وەک گوڵووکی دارچواڵە پشکووتوو... هاتوون... وەک لاولاو لەو کیژانە ئاڵاون. ئەم هەموو گوڵووکە سپییە بەشەوقانە کەوا هەموو شەوێ لەو هەڵەتە هەڵدەقەندرێن، دێن کێن؟»

«ئەوانەی چل ئاگر هەڵدەکەن و تا سبەینێ لە دەوریان دەگەڕێن، کێن؟»

«شەوێکیان تاشباشی مەزنمان ئارەزووی چوونە بەهەشتێی هەڵدەستێ. هەر تۆو ئارەزووی چوونە بەهەشت؟ هەر کە چاو هەڵدێنێ، تەماشا دەکا سێ دانە کیژە پەریی باڵ درێژی لە پێشێن. دەستی دەگرن، دەڵێن، چاوت بقووچێنە تاشباشی مەزنمان، هەر هێندەی، یەک و دوو بڵێی، دەڵێن چاوت هەڵێنە، تاشباشی مەزنمان. کە چاو هەڵدێنێ، تەماشا دەکا، ژنەکەی خۆی لەوێیە، دەڵێ، هەرچەندم دەکرد دڵم نەدەهات لەو بەهەشتە دەرچم، ئارەزووی هاتنەدەرێم نە دەکرد.»

«دەڵێ، شەوی وەکو ڕۆژی و ڕۆژی وەکو شەوی وا دەبێ. سەرانسەری، چراخان، دەشت و دەرەکەی، جۆگەلە ڕۆن، جۆگەلە هەنگوین، جۆگەلە شیری پێدا دەڕوا، لە سەرووی وڵاتی کەنعانەوەیە. ئەوجا ئاوەکەی، بەشەرابێ ڕێ دەکا، هەر کە فرێکت لێ خواردەوە یەکسەر مەستت دەکا. دار و درەختی

بەبەری لە هەزار تەرزە. هەمیشە بەهارە. زستان و هاوینی نییە. تاشباشی مەزنمان گوتوویە، حەزم لە هاتنەدەر نە دەکرد. بانگی کیژە باڵدارەکان دەکا، دەڵێ یەکراست بەرەو گوندم ببەن. نەختێ زیاتر مابایەوە، لەوانەبوو لەوێ هەڵنەبرابا. یا کیژە باڵدارەکان دەڵێ، زوو بمگەیەننە ئاوایی. خۆم لەوێ نەبم ماری لێ دەبارێ، گوندییەکانم شتێکیان بەسەر دێ. هیزە خێرا کەن، بمگەیەننە ئاوایی. من خۆم، لە بەهەشت وەک دەستی کەر بکەوم و هاوگوندەکانم بەو پەرێشانییە بژین، بەکەڵکی چی دێ... جا تاشباشی مەزنمان لە پێناوی گوندییەکانی، بەهەشتی بەجێ هێشتووە...»

«تاشباشی مەزنمان، ئێوارە لێرەوە بەڕێ دەکەوێ، نیوەشەو دەگاتە کەعبەی شەریف. ڕوو بەخاکی مەرقەدی پێغەمبەری مەزنماندا دەسوێ، دەمەوبەیان یەکراست دەگەڕێتەوە بۆ گوند.»

«لە سەرێکی دیکەوە، تاشباشی مەزنمان، دەستی دەڵێی، پێی دەڵێی، سەرلەبەری لەشی سەوز هەڵگەڕاوە. کوتومت وەک هەرێزی بەهار. کێ خوا دەیداتێ ئەم سەوزییە ببینێ؟ دڵ و دەروون خاوێن دەکاتەوە. دەیکاتەوە بە دڵ و دەروونی منداڵ.»

«شەوێکیان ئەو دارگوێزە بەرزەکە هەیە، ئا ئەوە، سەرتاپای دەبێ بەڕووناکی. ئەو دارگۆیزەی خاتوو کیژەزەرد لە چیای قازی هێنا، ناشتی. ئەوشەوە چاو چاو نابینێ. تاریکە شەوێ دەبێ ئەنگوست لە چاو. کلو کلو بەفریش لە سەرەخۆ دەبارێ. لە بەری ڕۆژاواوە شتێ قرچ دەبێ بەدوو کەرتەوە. کێوێ چۆن لە ناوەندەوە دەبێ بەدوو کەرتەوە، بەو جۆرە. خەڵکەکە هەموو دێنە دەرێ، دەڕواننە ئەو لایەی قرچەکەی لێوە دێ، تەماشا دەکەن، دارێکی بەرزی گەورە، لە ڕووناکی و شەوق، تاریکاییەکە دەسمێ و دێ. دێ دێ، تا دەگاتە سەربانی ماڵی تاشباشی مەزنمان، لەوسەرە لەنگەر دەگرێ. برێ، لەوێ دەمێنێتەوە. ئەوجا وەک دەروێش حاڵی لێ دێ و بەدەوری خۆدا دەخولێتەوە. لەو کاتەدا کە بەسەر تاشباشی گەورەمانەوە، بەوجۆرە لەنگەر دەگرێ، خەڵکی ئاواییش و چل ئەولیاکانیش و کیژە نەسمراوەکانی پێدەشت

و هەڵەتەکەیش بە ئەڵڵا ئەڵڵا گوتنەوە دەفڕن و خول دەخۆن و دووعا دەکەن.»

تاشـبـاشـی مـەزنمـان کـە گـوێی لـەم هەراوهوریایـە دەبێ دێتـە دەرەوە. لە پێشـان، تاریکاییـیـەکە وەک تۆفـە دیوار، شـراق بـەدەموچاویدا دەدا. پاشـان سەری هەڵدەبڕێ، چ ببینـێ، تەماشا دەکا دارێکی بڵیندی گەورە بەسەر تەپڵی سـەریەوە وەسـتـاوە، بە ڕەگ و ڕیشـەیەوە، بە لک و پۆپیـەوە، بە بەژنیـەوە، بە گـەڵاکـانیـەوە، سـەرتـاپا بـووە بەشـەوق و ڕووناکی، وەک دەروێش بەسـەر ماڵەکەیەوە دەرەقسێ و سەما دەکا. دەڵێ دارە پیرۆزەکە و تخێڵی زەوی دەبێ.

«هیچ شتێکی دیکەی لە زار دەرنایە... لە یەکبینە هەر هاوار دەکا، یا دارە پیرۆزەکە، یا دارە پیرۆزەکە، دارەکەی دایە خاتوو کیژە زەردمان!..

«هەر کە تخێـڵی زەوی دەبێ و نابێ، دارە بە ئاسـمـانەوە مـۆلەقـەکە، دێ لە ژوور سـەریەوە دەنیـشـێـتـەوە. دەسـتـەوسـینە لـە بەردەم تاشـبـاشـی مـەزنمان دەوەسـتێ، گەلـێ ڕێز و حورمـەتی لـێ دەنـێ، ئەوجا بـەکاوەخـۆ، هەڵدەسـتێ، بەرەو چیای تەکەچ هەڵدەکشێ، دەڕوا.»

«ڕۆژێکیان، تاشباشی مەزنمان حەزی لە هەنگوین دەبێ. ئەوەندەی تامەزرۆ دەبێ، ئـەوەندەی تامـەزرۆ دەبێ... کـاتێکی چاو هەڵدێنێ، تـەمـاشـا دەکـا، دووبەرەیەکی هەنگوینی لە پێشێیە، بەڵام حەزرەتی تاشباشمان پەنجە مانا لە هەنگوینەکەوە نـادا، دەڵێ ئەم هـەنگوینە من بێ و دەمی لێ نادەم. گوندییـەکانم لە برسـان زاڵەیان بێ و بەدرێژاییی ژیانیـان پەنجـەیەکیـان هەنگوین بەزمـاندا نەسوپبێ ئێستا من هیچ ناکەم، دێم هەنگوین دەخۆم، وەی خوا نەکا.»

«لە پاشـان تـاشـبـاشـی مـەزنمان وای لـێ دێ، لە خـور و خـۆراک دەکـەوێ. ئاتـاجی بەخـواردن و بژیو نامـێنێ. هـەمـوو ڕۆژێکی خـوا لـە بەغـداوە دەنکە خورمایـەکی بۆ دێ. حەزرەتی تاشباشـمان بەو دەنکە خورمایە قنیـاتی کردووە و ئاو بێنە و دەستت بشۆ. دەنکە خورمایەک سەر و زیادی بووە.»

«هۆ تاشـبـاشـە تێکەڵ بەچلان بووەکـەم، بەقوربـانـت بم. گەردی ئاسـتانەکـەت بەبژۆڵ بماڵم. حەزرەتەکەم، سوڵتانی بەڕ و بەحرەکەم، قۆچاخەکەم، ئەم گوندە کە بەبوومەلەرزە ژێروژوور نەبوو، لە نێوچـاوانی پیرۆزی تۆوەیە... کـە گژوگیـا

دەبووژێتەوە، گوڵووک دەپشکوێ، دەغڵودان گوڵ دەکەن، کانیاو دەتەقێنەوە، ئاو ڕێ دەکا، بەهار دێ...»

ئەوە کێ بوو لە چیاکانی هەزارکانی وەسەرکەوت؟ حەزرەتی تاشباشمانە. ئەوە کێ بوو ئەسپەبۆری کوێر ئۆغلوی دۆزییەوە و ئاوی حەیاتی لە نێوان هەزار و یەک کانی هاوێر کرد؟ ئەوە کێ بوو، چوو، لەو ئاوەی نۆشی و لەو سەرکانییە بوورایەوە و سێ شەو و ڕۆژان لەسەر ترۆپکی چیای هەزارکانی مایەوە؟ حەزرەتی تاشباشمان. ئەوە کێ بوو، پاش ئەوەی بەخۆهاتەوە، گەواڵە هەورێکی بۆ بوو بە سەیوان و بەهەر شوێنێکدا تێ دەپەڕێ هەرێز و چیمەنی دەخەملاند و نێرگز گوڵاڵەسوورە و گوڵەبەهارەی دەپشکواند؟ پێی لەسەر هەر بستە خاکێ دادەنا تیشک و ڕووناکی فیچقەی دەکرد؟ ئەوە کێ بوو. کاتێکی لە چیاکانی هەزارکانی دێتە خوار و دەگاتە ئەشکەوتی چلمێران، چل ئەولیای سەرتاپا بەرگ سەوز و نەمر و جاوید، دەستە و سینە، بەڕیزەوە پێشوازیی لێ دەکەن؟ ئەو پیاوە کێ بوو سەرەک چلان، بەرزە پێ لە بەری هەڵدەستێ، «وەی بەخێرهاتی، بەسەر چاوان. ئەم مەقامە مەقامی تۆیە، فەرموو، وەرە، دانیشە.» دەڵێ، جێگای خۆی دەداتێ؟ تاشباشی مەرنمانە ئەوە.»

ئەوە کێ بوو، شای پەرییان، لەو کۆشک و سەرایەی لەسەر ترۆپکی چیای تەکەچی دروست کردووە و لە شووشەیشی دروست کردووە، پێی گوتبوو، فەرموو گەورەمان کە، تاوێ دانیشە، تاشباشی مەزنمان؟ سەرەک چلان، شای پیر و ئەولیاکان کێیە؟ دەبێ کێ بێ لە سوڵتان تاشباشمان زێتر؟»

ئەوەی بەم هەمووە گاڵتەی دێ و دەڵێ ئەم گوندییە نامەردانە بەتەمان لە ورغون ئەحمەد و مورتەزا قوڵیم خراتر بەسەر بێنن کێیە؟ ئەو وەلییە خۆ بەکەمزانە بێ فیزە خۆشەویستە کێیە؟ ئەوە تاشباشی مەزنمانە، کۆڵەکەی ئەرز و ئاسمانە، کاریتەی دینمانە.»

داپیـره فـاتـۆک دەیگوت: «بەقـوربانـت بم، بەڵاوەگـێـڕت بم، بەکـوێلەت بم، پیـر تاشـبـاش. خـوا تـۆی بۆ دەرمـانی دەرد و مـەرەدان بۆ ناردین. تۆی هومـێـد و هەویای بێ چارە و دەسکورت و بێ ئەنوایان. بەگوریت بم پشتمـان تێ مەکە، ناکـەسـیـمـان لـەگـەڵ مـەکـە، پیـاوی خـوا کـار ڕەنگینەکـەمـان. سـوڵتـانەکـەم، قـۆچاخـەکەم. خـوا تۆی بۆ چارەسـەری دەرد و نەخـۆشـیـان نارد. ناردووتی، ئومێد بەنائومێدان ببەخشی. تۆ بۆ خۆشت دەزانی تاشباشۆکە خنجیلانەکەم، ئەم کـیـژە، ئەوە حـەوت سـاڵی خـشـتـە کـەوتووە، پیر نـەمـا سـەردەرانـەی مـا چ نەکـەم، مـەلا نەمـا سـەر بەکـۆشـیـدا نەکـەین، قـسن و شـەخس نەمـا نەچینە سـەری، نـە شـێخ مـا، نە جندۆکـەدار، هیـچی پارەی نەکرد. دوخـتـۆرە شـینی چقورئۆوایش دیتـی، ئەویش پوولی نەکرد تاشبـاشۆکە قنجەکەم. کـاتێ هەموو دەرووێکم لێ داخـرا، خوا تۆی ڕەخسـاند. خوا بـەزەی بەم کەساسـەدا هاتەوە، بەڕووی ئەم کیژەدا، کە حـەوت سـاڵی ڕەبەقـە کەنەفتی ناو جێگەیـە، گرژایەوە. خـوا تۆی بۆ نـارد. تۆیش بەتەمـای ئەمری خـوا بەجێ نەهێنی و ناکـەسـیمـان لەگـەڵدا بـکەی. من دەزانم خـوا تۆی بۆ ئەوە نـاردووە، ئەم کـیـژە کـەسـاسـە چا بکەیەوە. تۆیش فەرمـانی خوا بەجێ ناهێنی. حەزدەکەی بەجێی مەهێنە، بەڵام ئەو خـوایە گـەورە و گرانە چاوی کردووەتـەوە، لەو بان سـەرەوە تەماشـا دەکـا. تەمـاشـا دەکـا و ئەم کـارە خـراپـانەی تۆ دەبینێ. ئەوا پێت دەڵێم هـا، ئەگـەر لە چاکـردنەوەی نیت ئەوا وەلیـیـایەتیـیـەکـەت لە دەسـت دەسـتـێنێـتـەوە، دەیدا، بەئوێککەشی گورگی چیا، کوڕە ها! ناکـەسی مـەکە تاشـبـاشـەکەم. فـاتۆکـەت بەقـوربـانـی ئەو نینۆکـە بێ، دەیبـری و فـڕێی دەدەی. دە ئەو دەسـتــە لە لۆکـە نەرمــونۆڵتــر و لە پـەڕەی گـوڵ نازەنینتــرەتی لـە ســەردانێ، با ئـەم کــچــۆڵە کەساسـەیش بەنیازی خۆی بگا، ئازایەکەم، چی لە گەنجینەکەت کەم دەبێتەوە، ئەگـەر دەستێ بـەسـەر ئەم کچۆڵەیەدا بێنی؟ دە دەی تاشبـاشـۆکەکەم، کـەسی داپیـرەی، دە ئەم چاکـەیە بکە، چ دەقـەومێ. دە سـەرێ هەڵبـڕە، بڕوانە، خـوا چۆن لەو بان سـەرەوە، چاوە جوانەکـانی کـردووەتەوە، تەمـاشـات دەکا. دەرگا

بکەوە، وەرە دەرەوە، ئەو کیژە چاوەڕوانتە و دەڵێ با تاشباشۆکەمان، دەرگا بکاتەوە، تەشریف بێنێ، دەستێ بەسەرمدا بێنێ، لەم دەردەم ڕزگار کا.

«لە سبەینێوە لەسەر ئەم بەفرەم، لە سەرما لاقم ڕچی، بەفر بردی. ڕۆژگار بوو بەنیوەڕۆ، بگرە خەریک بوو ڕادەشکا. چت لێ دێ، دە وەرە. چ دەقەومێ، دە دەرکەی بکەوە. ناکەسی مەکە، چی لە خەزێنەکەت کەم دەکا؟»

فاتۆک لەگەڵ گزنگی ڕۆژدا، کیژۆڵە هەژدە ساڵانەکەی لە کۆڵ دەکا، دێ بۆ ماڵی تاشباش. هەر کە لە دوورەوە تاشباش بەدیی دەکا، دەرگا دادەخا. لە حاڵی فاتۆک شارەزابوو. کیژەکەی چەند ساڵ بوو، نەخۆش بوو، هەر چا نەدەبووەوە. فاتۆک کە دەبیستێ تاشباش بووە بەوەلی، دەڵێ: «ئۆخەی سەد ئۆخەی، ئەوا خوا بەزەی بەکیژەکەمدا هاتەوە، بەڕوویدا گرژایەوە، تاشباشۆکی بۆ ڕەخساند، دەرمانی دەردی بکا.» یەک لەوانەی، یەک و هەزاریان داویشتە سەر ئەو حیکایەتانەی لەمەڕ تاشباش هەڵدەبەستران و بەتاسە و شەوقەوە لە ناو گوند دەیانگێڕانەوە، فاتۆک بوو. نەک بەدوو دەست، بەچوار دەست دەستەوداوێنی تاشباش بوو.

ئەم تاشباشۆکەیەیش، هەی پێ نەگا، ئەم تاشباشە وەلییەیش ناکەسی دەکرد، دەستۆکەکی، نەختێ بەو کیژەدا نەدەهێنا. نەدەستێکی پێدا دەهێنا و نەدەشهاتە دەرەوە تاکە قسەیەکی لە زار دەرێ.

«ئەوە هەر لەبەر هەندێکە ئەو کارە ناکەی، چونکە من هەژارم؟ ئەگەر دەوڵەمەندێ هاتبا بەردەرکەت، وات پێشواز لێ دەکرد، نەک هەر دەستێکت بەنەخۆشەکەیدا دەهێنا، بگرە لە هامێزیشت دەکرد. خۆ تۆ لای خۆی پیاوێکی وەلییت، بۆ خۆت بڵێ، دەوڵەمەند و هەژار لەلای خوا هەیە؟ سەرباریش، دەوڵەمەند لەبەرئەوەی گوناهیان زۆرە، بەئاگری جەهەندەمێ دەسووتێن. ماڵ و سامانیان لە جەهەندەم دەیانسووتێنێ. چەندی سەروەت و سامان زۆرتر بێ، سەرپاکی دەسهاتی لۆکەی ئەوساڵەکەی چقورئۆوامانت سەرلەبەر بدەمێ. چاکە؟ پیاوی چابە، ئەم بێ بەزەییە مەکە، بێ بەزەیی لە پیاوچاکان ناوەشێتەوە.»

تاشــبــاش ئۆغـڵــو لە ژوورەوە و ژنە لە دەرەوە. ژنـە هەرچەندی دەگـوت و دەرِست تاشباش شێت و شبر دەبوو و هەر ئەوەبوو لە تاوان دەست بەقیژەقیژ نەکـا، بەهەزار حـاڵ خـۆی دەگـرت. هەندێ جار خـوێن بەرەو مـێشکی ئاژنی دەبرد، سوور سـوور هەڵدەگەڕا. تـاشباش ئۆغڵو، بۆ خـۆی زۆر چاکی دەزانی، هاتبـا دەسـتـێکی بەسـەر کـچەدا هـێنابا، تا مـردن لە دەست گوندی قـوتاری نەدەبوو. بەڵام ژنەیش لەو سـەر بەفـر و بەسـتـەڵەکـە چۆکی دابوو و لـەبن دیوارەکـە جێگـەی بۆ کـیـژەکـەی ڕاخـسـتـبـوو، بەئامـان و زامـان بەردەرکـەی بەرنەدەدا. نەدەڕۆیشت، لە یەکبینە دەپاڕایەوە.

«تاشـبـاشـۆکـەکـەم، بەگـوریت بم، وەلیـیـەکـەم. وەلیـیـە جـوانەکـەی خـوا، باڵیـۆزەکـەی، هـاوڕێیـەکـەی مـحـەمـەدی نـاوجـوان، چ دەبێ، دە دەرکـە بکەوە. تۆ نەیکەیەوە، منیش ناڕۆم، بەردەرکەت بەرنادەم. حەوتووێک، مانگێ دەمێنمەوە. ئەم کیژە کەفتەکارەیش و خـۆشم، لەم بەر دەرگای تۆیە، بەبن بەفرەوە دەبین، بـۆ خــــۆمــــان ڕەق هەڵدێـین، دەمــــرین، ئـەتۆیش لـەبن ئـەو بارە دەرنـاچـی تاشباشۆکەکەم. دەرکە بکەوە، چت لێ دێ...»

پاشانەکێ فاتۆک بەمستەکۆڵە دەستی بەدەرکە کوتان کرد.

تاشـبـاشـیـش ئیـتـر بەرگەی ئەمـەی نەدەگرت. بەسـەر تووڕەیـیـەکەیدا زاڵ نەبوو، لەپڕ دەرکـەی کـردەوە و بۆی دەرچوو. نیـازی وابوو لە پیلـی بگرێ، ژنە لەو دوورە تـووڕ هەڵدا. بەڵام کــە دیتـی دوو ئینسـانی بێ چارە و پەرێشـان لەسـەر ئەو بـەفر و بەسـتـەڵەکـە کەوتوون، تووڕەیـیـەکـەی نیـشـتـەوە. هـەر لەو دەمی ژنەیش پڕی دابووە لاقی تاشباش، کاڵە و پێتاوەکانی ماچ دەکرد.

«باجی فـاتۆک،» گوتـی بەکرووزەیەکەوە، «وەڵڵاهی وەبیللاهـی من وەلی نیم. بەرۆکم بەردە، لە یەخەم بەوە.»

فـاتۆک وەڵامی دایەوە: «بەقـوربانی دەنگە خـۆشـەکـەت بم، ئەوە منم گـوێم لە دەنگە نازدارەکـەت بـوو... وەلی نـابی مــەبە مــەیلی خــۆتە، تۆ جــارێکانێ دەسـتـێکی مـبـارەکەت بەسـەر ئەم کـیـژەدا بێنـە، خـۆ هیچ ناقـەومێ، دنیـا خـرا نـابێ...»

تاشباش:

«ئاخ چ بکەم، باوەڕ ناکەن، هەی هاوار باوەڕ ناکەن، چ بکەم، کورە وەڵڵا وەلی نیم، من مەندەبوورێکی تا بڵێی پەست و ئاڵچاخ و له ناو بەرەی هەر چوار کتێبان دەرکراوم. وەک سەفەر دەڵێ، لەگەڵ چەندین وڵسات و لاوران جووت بووم، کەرو مانگا، بزن، قەلەموون... هیچم نەهێشتووە. دزیم کرد، ناموسی چەند کچم برد، ئاخر پیاوی وا دەبێ بە وەلی؟»

فاتۆک هەڵستا:

«درۆیە، درۆیە،» گوتی. «ئەمانە هەموو درۆن. تۆ هێندەی شەوق و ڕووناکیی خوا پاک و خاوێنی. پاکژ و تەمیزی، بەقوربانت بم. دە دەستێ بەسەر ئەو کیژەدا بێنە، بە سەدەقەی سەرت بم، چت لێ کەم دەبێتەوە... حەزدەکەی هەروەک خۆت گوتت، ئەوهابە، تۆ هەر هێندە دەستێکی بەسەردا بێنە، هەرچی دەفەرمووی دەتدەمێ. حەزدەکەی پێنج کەڵەشێرت بۆ سەردەبڕم.»

تاشباش نواڕی لە دەست ژنە قوتاری نابێ، یەکسەر ڕای کردە ژوورێ، دەرکەیشی لەدووی خۆ هەڵەق دا.

فاتۆک کە بەو سووک و سانابییە، تاشباشی لە دەستی خۆی دا، تووڕە بوو:

«هەی ناوی هەزار وەلیی وەکو تۆ بەگەرووی ئاشدا چێ، هەی نوقمی ناخی زەوی بی.» گوتی و دەستی بەدەرکە لێدان کردەوە، «هەی کافری کافرباب، هۆ دژمنی دین و ئیمان، هۆ بەرازی لە بەراز بووەکە. من تێ ناگەم، یانی چی، خوا بەرازێکی وەکو تۆ دەکا بە وەلی، دەیکا بە بەڵای سەری ئەم خەڵکە؟» هەر دەیشیراند.

لە ناکاو بەخۆهاتەوە. کنا باوانێکت، هەیە قسەی وا بە وەلییەک بڵێ؟ ئەوها جنێوی بدرێتێ؟ ئەولیا هەروا بەنازونوورن. دەبوا هەندێ بەسەبر و بوردەبارتر بوایەم.

ترسا، هەر ئێستا زمانی لە دەمیدا هیشک هەڵدەگەڕێ، دەبێ بەداری ڕەق، زاری خوار دەبێ. دەستی بەگریان کرد:

«بەقوربانت بم، بەگوریت بم، بەگاوگەردوونت بم، بمبەخشە تاشباشۆکەکەم! دە چت لێ دێ حا! چەند کاری لە کارنەهاتووت کرد، چەندت قسەی لە قسە نەهاتوو کرد ئازایەکەم، ئاخر نە، تۆیش بەجارێ لە تامت دەرکرد، تووڕەت کردم! هەر دەستێکت بەسەر ئەو کچەدا نەهێنا، لێم ببوورە. ژێر پاژنەکانت ماچ دەکەم، بمبەخشە... دە مادامێکی تۆیش نامبەخشی، منیش خۆم دەکوژم.»

سەری بەدەرکەوە نابوو، لوشکەلوشک دەگریا. لەپڕ هاواری دەکرد، دەیهاڕاند، سەرلەنوێ دەستی بەهەنسک و لوشکەلوشک دەکردەوە.

ژنانی گوند، مندالّ و مەزن، خەڵکەکە بەورد و درشتیەوە، وەک مانگی یەکشەوە دەوران دەوری ماڵی تاشباشیان دابوو، تەماشای هەموو کەینوبەینەکەیان دەکرد و چاوەڕێی ئەوە بوون کار بەچ ئاکامێ دەگا.

فاتۆک لە دوادواییدا بڕستی لێ برا، دەنگی برا، هەناسەی برا، لە بەردەرکە گرمۆڵە بوو. کڕوکپییەک دنیای گرتەوە، وەختە بڵێم، نیو سەعاتێ درێژەی کێشا. ئەوانەی ڕاوەستابوون و سەیریان دەکرد، چاوەڕێیان دەکرد. کەس هەنگاوی بەرەو ماڵی تاشباش هەڵنەدەهێنا. بێ ورتە، بێ سرتە. بڕێکیان هەڵتروشکابوون، بڕێکیان بەسەر پێوە ڕاوەستابوون.

فاتۆک کە بەخۆهاتەوە گوتی:

«دە مادامێکی تۆ دەستێ بەسەر ئەم کیژەدا ناهێنی و لە منیش خۆش نابی، منیش تا مردن ئەم بەردەرگایە بەرنادەم، بڕوانە، بڕوانە، تاشباشۆکەکەم. تۆ تەماشایەکی ئاسمان کە، تەماشا چ بەفر و بۆرانێکی هێنا، بەفر و بۆران... ئەگەر لەگەڵ ئەم کچەدا، ئەمشەو لێرە بمێنینەوە، هەردووکمان دەمرین. خوێنی ئێمەیش ڕۆژ بازاڕی قیامەت لە ئەستۆی تۆیە.»

هەر دەپڕست و لەسەری دەڕۆیشت. تاشباش ئۆغڵو، لەم ژوورەوە وەک کارێکی بەسوود بێ، دەیگوت: «خوشکە فاتێ، وازم لە واز کەوە، وەڵڵاهی درۆیە، بیللاهی درۆیە. هەردوو چاوم بڕژێنە بەرپێم، من وەلی نیم. بەدرۆ بۆم هەڵدەبەستن، ژنی چابە، واز بێنە، لە یەخەم بەوە، بەرۆکم بەردە. سوور دەزانم

کەڵک مانابێ نییەتی.»

«کەواتا دەستێ بەسەر نەخۆشەکەمدا بێنە، بەسەر کیژەکەمدا ...»

شەڕ و بگرەوبەردەی نێوان فاتۆک و تاشباش بەو جۆرە درێژەی کێشا. ئاخرییەکەی تاشباش بۆڕی خوارد، بەزی. ژنی تاین، دابوویە باری لاساری و شەوی لەو بەردەکەیە دەکردەوە و کچەیش و خۆیشی هەردووکیان لە سەرما ڕەق دەبوونەوە. لە دڵی خۆدا هەستی بەترس و بەرپرسیاری کرد. هەر بەڕاستی خوێنی دوو کەسی دەچووە ئەستۆ. جگە لەوەیش، مەراقێ گرتبووی تەنانەت بۆ خۆشی حەزی نەدەکرد پێ بحەسێ. باشە ئەگەر دەستێکی پێدا هێنابا چادەبووەوە؟»

تووشی حاڵێ بوو، ها ئێستا، ها نەختێکی دیکە دەستی بەگریان دەکرد. هەستی بەتەنهایییەک، بەبێ چارەیییێک دەکرد، هەر مەپرسە... ناچار چوو دەرکەی کردەوە، بەسەر کچەدا دانەوییەوە، دەستی لەسەر سەری کچە دانا، قەدەرێ دەستی لە سەری ڕاگرت. ئەو دەستی بەسەر و قژیدا هێنا و چاوی پڕبوو لە فرمێسک. لە دڵی خۆیدا گوتی: «خوایە هەرچییەک دەبم، با ببم، مادامێکی ئەم کیژە بڕوای کردووە و هاتووە، بەزەت پێدا بێتەوە شفای بدە.»

فاتۆک کە چاوی بەجووڵەی لێوی کەوت بەسەر دەست و پێیدا کەوت:

«هەی بەقوربانی ئەوەبم ڕەخساندتی، تاشباشۆکەکەم، خوا ناردتی. بەزەی بەبێ چارەیی و کەساسیی مندا هاتەوە...»

«جارێکی لاق ماچ کرد، جارێکی بەدەستدا نووسا. تاشباش بەهەزار ناری عەلی لە دەستی قوتار بوو، ڕای کرد، چووە ژوورێ، دەرکەی کلیل دا. وەک بارێکی قورس و گرانی لە کۆڵ کەوتبێ، پشووێکی حەسانەوەی دا.

ئەم کیژە چاک بووایەتەوە، چاک نەبووایەتەوە، ئیتر لێشاوی نەخۆش و دەردەدار دەستی پێ دەکرد چی کردبا، چۆن بەری لێ گرتبا؟

فاتۆک بەدڵێکی خۆشەوە کچەکەی لە کۆڵ کرد و نوێن و پێخەوەکانی هەڵگرت. جارێکی تر دەرکەی ماڵی تاشباشی ماچ کرد و ڕۆیشت.

فاتۆک هەر کە لەوێ هەڵدەبڕێ و هەڵنابڕێ تاشباش دەردەپەڕێتە دەرەوە.

عەشاماتەکە هێشتان بڵاوەیان لێ نەکردبوو. چوو بۆ ناویان:

«ڕاوەستن، جارێ بڵاوەی لێ مەکەن، یەک دوو قسەم لەگەڵتان هەیە،» گوتی.

خەڵکەکە وەک ماستی مەییو، سەرسام، دەتگوت تەماشای شتێکی سەیر دەکەن، واقیان وڕمابوو، تەماشایان دەکرد. تاشباش لەتاو ئەم بەسەیرەوە تەماشاکردنە، حەپەسا. ئارەقەی شین و مۆری دەردا. قەدەرێ، بێ ئەوەی بزانێ چ بکا، یا چ نەکا، یەک دووجار ئەمسەر و ئەوسەری کرد، نەختێ بەخۆهاتەوە:

«وەڵڵاهی،» گوتی، «نە وەلیم، نە هیچ. هەرچییەکیان لە بارەی منەوە، لە بارەی تیرە و بنەماڵەی منەوە هەڵبەستووە، سەرپاکی درۆ و دەلەسەیە. منیش وەک ئێوە، هەم و نیم، بەندەیەکی گوناهبارم. بەدرێژاییی ژیانم نوێژێ چییە، نەمکردووە، ڕۆژووە، بەدزییەوە شکاندوومە. لەگەڵ چەندین گیانلەبەردا جووت بووم. لە چقورئۆوا دزیی لۆکەم کردووە، لە خەلیلە پیرم خراتر کردووە. ئارەقخۆر دەڵێی ئارەقخۆر بووم، شەرابخۆر دەڵێی شەرابخۆر بووم، بەعیرز و ناموسی خەڵکدا چوومەخوار، هەموو گووێکم خواردووە، هەرچی خراپەیەک دەڵێی کردوومە. خەلیلە پیر دەبێ بەوەلی، من نابم بە وەلی. بەرۆکم بەردەن. وەلییەک بدۆزنەوە، وەلیی ڕاستەقانی بێ و بەکەڵکتان بێ. هی هیوایش لە ئاوایی دەست دەکەوێ. ناویشی ئۆێککەیش گورگی چیایە. نەک ڕۆژی پێنج وەختە نوێژ دەکا، دە وەختە نوێژ دەکا. نەک ساڵی مانگێ، شەش مانگ ڕۆژوو دەگرێ. خەڵوەکێشیشە. بەندەیەکی خۆشەویستی خوایە.

«کێ ئەم وەلییەتییەی دواخستم؟ گوایە حەوت تۆپە تیشکم لەدوو بووە و فڕیوم و چی و چیی تریش...»

پێ کەنی:

«فەرموو، کامەتا، تۆپە تیشک لە کوێیە؟ ئاخر کوا، کوا؟ نەک تیشک، پووشکەیەک دەبینن؟ کوورە لێم گەڕێن، بەرۆکم بەردەن، کوورە دوایی سەرەنجامەکەی بەخراپ دەشکێتەوە، پیاوی چابن. ئەگەر ئێوە منتان خۆش دەوێ، خراپەم لەگەڵ مەکەن. کار وا بڕوا، یا بۆ شێتخانەم دەبەن، یا لە

زیندانێم داوێن. توخوا چۆنتان دڵ دێ، چۆنتان حەیف لێم دێ؟»

هەر قسەی کرد و ڕستی، هەرچەندی قسەکرد هێندەی دیکە گرێکوێرەی دڵی کرایەوە. عەشاماتەکەی دەوروبەری بەرە بەرە زۆرتر دەبوون. هەرچی دەیبیست دەهات، وەک ئاوایی چۆڵ بکرێ، سەرلەبەر لە دەوری خڕبوونەوە. تاشباش هەرچی هێز و توانێکی هەبوو بۆ بڕواهێنانیانی بەکارهێنابوو. بەناخی زەویدا دەچوو، بە لاس و پەلاسدا دەچوو، دەیگوت و دەیڕست. هەر قسەیەکیشی دەکرد، بەپرسیاری:

«توخوا پیاوی وا دەبێ بە وەلی؟» دوایی دەهێنا.

چاوەڕێی ئەوەبوو، گوندی، قسەکانی تەسدیق بکەن، بڵێن، ئامەننا، ناوەڵڵا، پیاوی وا نابێ بە وەلی، بەڵام کەس دەمی نەدەکردەوە.

تا ڕۆژ ئاوابوو هەر قسەی کرد. کە لە قسەکانی بۆوە دڵخۆش و بەختەوەر بوو. چاویان دەرێ. بەپیاوی وا با هەر بڵێن وەلی، دەیڵێن، نایڵێن ملیان بشکێ! دڕی بە عاشاماتەکە دا، یەکڕاست چووەوە بۆ ماڵێ. گوندی، وەک ماستی مەییو، کڕوکپ، بەتووڕەییەوە تەماشایان کرد. تاشباش فەرقی بەمە کرد. ئەو دنیای چەند مانگ بوو لەگەڵ تاشباشدا هەڵیان ئازنیبوو، ئەو جیهانەی بەهەزار و یەک ئاوات و هەویاوە ڕۆیان نابوو هەرەسی دەهێنا و دەڕووخا. جیهانە ئەفسووناوییە، بەختەوەرە، جوانەکەیان... تاشباش پاش ئەوەی گەڕایەوە ماڵی خۆی و دەرگای بەڕووی تاریکاییەکەیشدا پێوەدا عەشاماتەکە هێشتا هەر لە جێی خۆی نەبزووتبوو. قسەشیان نەکرد. لەو پێدەشتەوە بایەکی ساردی دەست و پل ڕچێن هەڵی کردبوو. ئەم عەشاماتە، نەیدەزانی چ بکا، بەرانبەر بەم تاشباشە چ بڵێ، پەشۆکابوو، کڕوکپ ڕاوەستابوو. جگە لە گڤەی با، کە لەو پێدەشتەوە هەڵی کردبوو سرتە لە هیچ کوێیەکەوە نەدەهات.

دەنگێ، دەنگی ژنێکی زرینگ فریا نەکەوتایە، لەوانەبوو عەشاماتەکەی ئاوایی، تا بەیانی، لە بەردەرگای ماڵی تاشباش هەروا بمابانەوە.

ژنە دەیگوت:

«ئەرێ ئێوە شێتن، تا ئێستا کام وەلی بەزمانی خۆی گوتوویە من وەلیم، قەتتان بیستووە؟ ئەمانە پێ لە وەلیاتیی خۆیان نانێن. ئەمانە هەروان. کەسانێکن خۆ بەکەمزان و بێ هەوا و فیز.»

ئەم قسانە وەک ڕووناکی چۆن تاریکی ڕوون دەکاتەوە، ئاوها سەر و دڵی ڕۆشن کردنەوە.

«تا ئێستاکێ، کەس دیویە و کەس بیستوویە، وەلی وەلییایەتی خۆی بدرکێنێ؟»

«بەڕاستی ئێمەیش شێت و شوورین!»

«هەر بەسووک و سانایی بڕوامان بەتاشباش کرد.»

«ئەوەندەی نەمابوو تووشی گوناهیش بین.»

هەرچی ئەوانە بوون قسەی خراپیان لە مەڕ تاشباشی دەکرد، گوتیان:

«تۆبە تف تف تف! تۆبە هەزار تۆبە لە گوناهمان خۆش بە، تۆ بەهەڵەتدا بردین، تاشباشی گەورەمان.»

«تۆ سەرت لێ شێواندین.»

«ئەگەر نیوەی گوناهەکە لە خۆمان بێ، نیوەکەی تری لە تۆیە،» گوتیان.

## ٣٦

ئۆخەی ڕزگارم بوو. قەتم بەبیردا نەدەهات وا بەم ئاسانییە لەم گەڕە ڕزگار بم. جێگەیەک دووکەڵی لێ هەڵستێ قەت بێ ئاگر دەبێ؟ گوندی هەر ئەوەندەی تورکاڵێ سوێسەی وەلییایەتی لە کەسێکدا بکەن، لە بەرۆکی دەبنەوە؟ ئەو هەموو قسەیەی کردبوو، بەو وردودرێژییە بە تانیدا چوو، بڵێی خۆی لە بەرچاو خستبوون، چما یەکێ لەو گوندییە بێ ناموسانە هەبوو بڵێ:

«تۆ خۆت، خۆت خراپ دەکەی، تاشباشە جوانەکەم. تۆ یەکێ نیت، لەو بابەتانە، وە ناشبی. ئێمە، تۆ لەو ڕۆژەوە لە دایک بوویت دەناسین. پەڵە بە بەفرەوە هەبێ، بەتۆوە نییە.»

هەموو بێ سرتە گوێی لێ ڕادەگرن، ئیتر وازی لێ دێنن. لەو ڕۆژانەدا

پێویستییەکی زۆریان بە وەلییەک هەبوو، ڕەنگە تا ئێستا وەلییەکیان دۆزیبووبێتەوە. ئەگەر نەشیاندۆزیبووبێتەوە، ئەوە لەسەر مەرقەدەکەی باوەباران کەرامەتێکیان هەر دەدۆزییەوە.

مەرقەرەکەی باوەباران لەو دوورە، لەسەر گردێ بوو، لە نێوان تۆرۆس و پێدەشتەکەدا. ساڵێکی وشکەساڵ بووایە، گوندی ئەو ڕۆژانە دەهاتن کەڵەشێریان لەسەر دەکرد بەقوربانی و خێرەبارانە. باوەباران لە کەڵەشێر بۆ سەربڕین بەولاوە بەهیچی تر ڕازی نەبوو. ئەگەر لە جیاتیی کەڵەشێر، حەیوانێکی دیکەیان بۆ کوشتبایەوە خوایشتی وانی دەکرد.

باوەباران شتی زۆر سەیر و سەمەرەی لێ دەگێڕدرایەوە، زۆری ئەفسانە و سەربهورد لەسەر هەڵبەسترابوو. باوەباران لە هەموو کارەکانیدا، ئەویش خدرزیندەیەک بوو بۆ خۆی. هەرچی توان و دەسەڵاتی سروشت هەبوو، جڵەوی بەدەست ئەوەوە بوو. ئەو بەفری دەباراند، ئەو فەرتەنە و وەیشوومەی دەنارد، باوبۆران بەفەرمانی ئەو خۆشی دەکرد. ئەو لافاو و لاسامەی هەڵدەستاند. سەرلەبەری خێروبێری ئەو دەشتودەرە، ئەو دەیبەخشی. خۆ ڕەنگ نەبوو، ساڵێ قاتوقڕ ڕووی لە وڵات کردبا، ئەوەی بەسەر باوەبارانیان دەهێنا بەسەر گاور و جوولەکە نەیە! جنێو هەزاری بە پوولێ. لەوبەر مەرقەدەدا لە دەوروپشتی، هەزاران لادێیی برسیت دەدیت، دەگریان، لە خۆیان دەدا، چەمۆڵەیان لە باوە نازانم چی دەنا.

ئەم ساڵەکە، لە بەرچی یەخەی باوەبارانیان نەگرت، تاشباشیان هەڵبژارد؟

یا ئۆیککەشی گورگی چیا، یا باوەباران... چ دەکەن با بکەن، هەر حاڵێکیان هەیە، با لێیان بێ، تازە تاشباش بەرۆکی لە دەستیان قوتاربوو. تازە ڕابرد.

بنیادەمی گوندی وەک جانەوەر دەچێ. ئەوەی قەدەرێ لەمەوپێش، سەریان دەگەیاندە بن گومەزەی ئاسمان، دەیانکرد بەهاوتای خوا، نەعوزوبیللا، هەر کاتێ بەکاری نەهات، بێ سێ و دوو بەقوڕیدا دەبەنە خوار. دەیبەنە خوار و بەزەیان بەفرمێسکیشیدا نایەتەوە. پیاو، چۆن وەلییەکی بەحەلحەلەی

ئاسمـاندا بردبێ و تۆپ تۆپ، لێڕی تیشکی وەدوا خستبێ و بەرهەڵدای ئاسمانی کردبێ، هەروا بە سووک و هاسانیی بەردەدا؟ تەنانەت ئەوەی ئەم قسانەیشی کردبێ، با وەلییەکە خۆیشی بێ...

تاشباش سەرەڕای شەڕی حەوت ساڵەی لەگەڵ کوێخا سەفەردا، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو بەزین و تێکشکانێکی لە ناوچاوانی گوندییەوە بوو، بەڵام هەرگیز بەو جۆرەیان لێ تووڕە نەبووبوو. گوتبووی، «من بەناموسی چەند کیژی نەسمراودا چوومەتە خوار،» چما گوندی نەیاندەزانی، درۆیە، نە ناموسی کەسی بردووە و نە هیچ؟ هەروەها گوتبووی، «دزیم کردووە، ئارەقم خواردووەتەوە، شەڕابم هەڵقوڕاندووە، لەگەڵ حەیواناتی ئەهلیە و وەحشییەدا بیلامانێ جووت بووم.» گوایە گوندی نەیاندەزانی، ئەمانە درۆن و هیچیانی نەکردووە، یەکێکی لێ ڕاست نەبووبووەوە، بڵێ: «خۆتمان لێ مەگۆڕە، بەهەڵەمان مەبە، ئێمە تۆ دەناسین، خۆ لە کێ دەشێریەوە؟»

بەڵام سەرەڕای هەموو شتێ، هەرچییەک ببێ، ڕزگاری بووبوو، ها... یەکێ هەستایە، وای گوتبا، گوندی. یەخەیان بەردەدا؟ خوا ڕەحمی کرد، نەیگوت. مریمۆک قسەی بکردایە، دەیگوت، نەک هەر دەیگوت، دەیکرد بەحەشری نێرەکەر. خوا ڕەحمی کرد، قسەی نەکردبوو. کارەکە سووک و هاسان ڕایی بوو.

جارێکی تر بەڵای وای بەسەر نەدەهات. ئەمەیشی بەسەری سەلامەت لێ بەسەرچووبا.

ناو ماڵەکە تاریک و نووتەک بوو. سووت و ئێزنگی ئاورگەکە لەوانی بەگڕ و هاڵاو نەبوو. ئاردووێک بوو بەکاوەخۆ، لە ناوەوە، هێدی هێدی دەسووتا.

دیهاتێ داوێنی تۆرۆس، هێشتا هەر باشترێک بوون. هیچ نەبێ سووتەنیی وایان لە ئاگردانێدا هەبوو، نیوماڵی تا ڕادەیەک پێ ڕوون بێتەوە. جگە لەوەیش ترووسکە ڕووناکییەکی چرای دارکاژیان هەبوو. هەرچی گوندی پێدەشتەکانی خوارێ بوون، خۆ ئەوە هەر ناوی سووتەنی و ئێزنگ مانایان نەدەزانی. لە بری سووتەنی و ئاردووی داری قەڵاشکەری و چرا دارکاژ،

تەپاڵە و پشکەڵیـان دەســووتاند. تـەپاڵە و پشـکەڵیش خــۆت دەزانی بێ گــڕ و پێتـە. دێهاتی ئەو گەرمیانە، هەر کە خـۆریان لێ ئاوا دەبوو و نەدەبوو، دنیا وا تاریک و نووتـەک دادەهات، چـاو چاوی نـەدەبینی. ژوورەوە و نـاوەوەی مـــاڵان وەک یەک تاریکسـتـان... کێـهـە ڕووناکی ئەو جـۆرە تاریکسـتـانەی دەسـمی؟ شـاعیـرێکی کـورد گوتەنی: «تـاریکیـیـەکی هەزار سـاڵەی ترشـاو شـەوگـاری دادەگرتن.»

شەوقی چرای دارکـاژیشم بە شەوق ناژمێـردرێ. هەرچەندێکی دەسووتێنی، بیسـووتێنە، زۆر نابا... زۆری بسووتێنـی، شـەوق نادا، کەمی بسـووتێنێ دەیکا بەدۆرنج و تەنی و هیسێ مەپرسـە. خۆلاسە، بەڕووناکی و شـەوق حسـاب نییە. تەنیا ماڵی کوێخا سەفەر چرایەکی نەوتیان هەبوو.

تاشباش لە تاو تاریکی جاڕس بوو:

«ئافـرەت،» گـوتی، «یەک دوو چرا دارکــاژ هەڵایسـێنـە، دەمـوچاوت ببــینم. نییە؟»

ژنە، بێ ئەوەی سرتە بکا، هەڵستـا، دوو پارچە چرا دارکاژی هەڵکرد. هەڵی کـرد، بەڵام دەمـوچاوی یەکتـریان هەر نەبینـی. تاشـبـاش لە دڵی خـۆیدا گـوتی: «خـۆزگە، ئەو دارەی، هەموو شـەوێ دێ، لەسـەر ئەم مـاڵە لەنگەری گرتبـا و لە دووکـێشـەکەوە هاتبـا ژووری ئەمـشـەو. چەند خـۆش دەبوو. بریا هـاتبـا، بەم شـەوە خۆشـە. لەگەڵ منداڵ و مەزندا، چاومان بەدەموچاوی یەکدی کەوتبا.»

پێکەنینی بەخـۆ هات. هاتبـاش، دار بەتیشکەکە لەسـەر ماڵەکەیان لەنگەری دەگرت، نەدەچووە ژوورەوە...

«ئۆخەی ئافـرەت،» گوتی، «ئەوا لەم وەلییاتییـەش ڕزگاربووین. زۆر شـوکور. ئەمە شـوکرانەی دەوێ. لەگەڵ گوندی هێندەم قسـان کرد، ئەوەندەم ڕست و بە تانیـدا چووم، بەڵام چۆن قـســەگەلێ، تا توانیم خـۆم داشـۆرد، تا توانیم فـڕم هـاوێتە خۆ، تا توانیم خـۆم لە پێش چاویان خست، ئیتر ئەوانیش تەماشـایان کـرد، پیــاوی وەکـو من هی ئـەوە نیـیـە، وەلیی لێ هەڵکەوێ، ئیـتـر لـە یەخـەم بوونەوە. بـەڵام من لـەم حـیکایـەتی دارە دەترسـێم، کـە گـوایـە، هەمـوو شــەوێ

تەشریف دێنێ، لەسەر ماڵی ئێمە لەنگەر دەگرێ. سەیوان نەبی حاڵت بێ! ئەمشۆکە دیسان بێ، لەو بانە بنیشێتەوە ، گوندی بیبینن، هەرچی ڕەنجم هەیە بەفیرۆ دەچێ، ڕێسەکەم لێ دەبێتەوە بە خوری، گوندی دیسان یەخەم دەگرنەوە، ئەم جارە بەری نادەن. جا منیش ئەوساکە، خۆم دەزانم چی لەگەڵ گوندی دەکەم. نەخێر، نەخێر، ئیتر جارێکی تر، گوندی ببڕای ببڕای، نامکەنەوە بە وەلی.

ژنەکەیش هەروەک خەڵکی ئاوایی وابوو. تاشباشی، وەک مەخلووقێ لە دنیایەکی ترەوە هاتبێ، وەک کەس نەدیتە و کەس نەبیستە لەم ناو لێڕەواری تۆرۆسەوە سەری هەڵدابێ، ئاوها تەماشا دەکرد. تاشباش خۆیشی دەیزانی بەوجۆرەی تەماشا دەکا، بەڵام فەرقی بەوە نەکردبوو ئێکجار وای سەیر بکا. بەپێکەنینەوە:

«هەی ماڵت کوێرەوە بێ ژن،» گوتی. «بەس نەبوو لەم بەڵای سەرە ڕزگاربووین، نەیانخستینە شێتخانە و بەهەشتی کەران. چابوو عادیلیش ئیمانی هێنا، لە جیاتی گوند ڕووتکردنەوە، سەربار قەرزیشی دەداتێ، ئەم ساڵ زۆر شت ڕووی دا! سەفەریش ڕۆیی و نەگەڕایەوە. من ڕەفتاری ئەم سەفەرەم هیچ بەدڵ نەبوو، خۆشیم لە کردەوەکانی نەهات. وەک بڵێی لە ژێرەوە خەریکی ئەوەیە. کارێ بەسەر ئەم گوندییانە بێنێ. من لام وایە.»

تووڕە بوو، بەقیژوور:

«ئەوە بۆ ورتەت لە دەم دەرنایێ ئافرەتی لەحنەتی،» گوتی. «مار و حەزیا زمانی قرتاندووی؟»

ژنە سەری دانەواند. منداڵەکانیش کوتومت وەک دایکیان تەماشای تاشباشیان دەکرد. تاشباش لە چاوی هەموویاندا ترس و سامێکی تێکەڵ بەئومێدی دەدیت.

ئاخۆ گوندی، لەمەوپاش، وەکو جارانیان ڕاست و دروست تەماشا دەکرد؟

تاشباش ئیتر هێواش هێواش لەوە گەیشتبوو، کار ڕووی لە خراپییە. ئەم کارە مام ناونجێتیی تێدا نەبوو. گوندی ئیتر لەمەوپاش بەچاوی بنیادەمێکی

خواسابییان نەدەنۆڕییێ. یا ئەوەبوو بیکەن بە وەلی و تانجی لەسەر نێن، یا ئەوەبوو، بەجارێ بەناخی زەوییدا بەرنە خوار و ببڕێتەوە. نەختێ لەمەوپێش، کە لێیان جیابووەوە، چۆنیان بەچەمەری دژمنایەتی گەمارۆ دابوو! چۆنیان بێز لێ بووبووەوە! ئەم هەست و خوستە تا ناوجەرگی کاری تێ کردبوو.

چ دەقەوما؟ سبەینێ بەناو گوند دەکەوێ، کەس خۆشیی بەچارەیدا نایەتەوە، هەموو لچی لێ هەڵدەقورتێنن. کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە. هەموو جنێوی دەدەنێ، سووک و ڕیسوای دەکەن. قەت نایبەخشن. بەچاوی کەڵەکبازییەوەی تەماشا دەکەن. وەک هەمیشە خەریکی ئەوە بووبێ دەکودەهۆی لە دژ گێڕابن. وەک بووبێ. بەهۆو سەوەوکاری ڕووخانی، هەموو هیوا و ئاواتێکیان لە دەست ساندبن، منداڵی کوشتبن، ئا بەو چاوەوە تەماشای دەکەن، بەرە بەرە ڕک و تووڕەییییان سەرڕێژی دەکرد، سەرەنجامیشی لە ناو شیوێکدا دەهات. شوانەوێڵە و گاوان لاشە بەبەرد هەنجن هەنجن کراوەکەی دەدۆزنەوە، دەبوو سەری، جندۆکە و خێو پانیان کردبایەوە.

ئیتر لەمەوپاش تاکە ڕێگەیێک هەبوو بۆ ڕزگاربوون، ئەویش ئەوەبوو، ئیتر گوندی بەپیاویان نەزانیبا و بەر تیز و تەشەریان دابا... بەڵام تاشباش خۆی دەیزانی، کەس گەمەی پێ نەدەکرد. بریا هەر بە وەلییایەتی مابایەوە. لەو قسانەی کردبوونی پەشیمان بووەوە. لە دڵی خۆدا دەیگوت: «کورە هەی تاشباشی مێشک کەرەکی، ئاغایەتی بۆ ڕۆژێکیش بێ هەر ئاغایەتییە. مادامێکی گوندی ئەمرۆکە کردوویانی بە وەلی، بۆچی دەست بەخێری خۆتەوە دەنێی؟ کورە هەی مێشک کەرانە تۆ چوزانی بوویی بە وەلی یا نەبوویی. گوندی خۆیان بڕوایان پێ هێنابی وەلیت، ئیتر تۆ بۆچی لە خۆتیان پەژیوان دەکەیەوە؟ وا بکەی گوندی لە دەوت دەڕین، ناهێڵن لەم گوندە بەسەر دنیاوە بمێنی. کورە هەی هێڕی مێشکە کەرانی. بازی دەوڵەت، بازی پاشایەتیت لەسەر سەر نیشتووەتەوە بازی پاشایەتی... بازی پاشایەتییەکت لەسەر نیشتووەتەوە، نە شا، نە پاتشا، نە قڕاڵی فەڕەنگ، نە قڕاڵی ئینگرێز، لەسەر

سەری نانیشتێەوە، بەگوندی بڵێی، ئەم چیای تۆرۆسە ڕاگوێزن بۆ چقورئۆوا، ڕای دەگوێزن. بەدەستی خۆت ماڵی خۆت وێران کرد. بەم زمانە لاڵبووەت، هەی داوەشێی یاخوا، ڕووخاندت، تاشباشە مێشک کەرانی. هەی مێشک کەرانیی کوڕی مێشک کەرانی!»

چەندان ڕۆژ بوو، لەتاو شەڕ لەگەڵ خۆ و لەگەڵ گوندیدا ماندوو بووبوو.

«قیرِی سیا،» گوتی، «لێی گەڕێ، چ دەبێ با ببێ، خوای دەکرد، هەر سبەینێ هەڵیان دەواسیم پیاو.»

کە بەم ڕادە بیر کردنەوەیە گەیشت، دەموچاوە تاڵەکەی گەشایەوە. لە ناکاو مچوڕکێکی خۆشی بەسەرتاپای لەشدا هات. سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. منداڵەکان نووستبوون. بۆ یەکەم جار بوو هەستی بە هات و هاوارەکەی دەرەوە کردبوو. بۆچی قەرەباڵغییەکە هێشتا بڵاوەی لێ نەکردبوو. جا چ بوو، با بڵاوەی لێ نەکەن سەگانە، سەگەخوێڕیی برسیش. چوو دەرکەی کڵۆم دا. سەرتاپای بەرە بەرە بوو بە شەهوەت و ئارەزوو. چەندین ڕۆژ بوو. لە جەنگەی ئەم هەنگامەیەدا لە بیری چووبووەوە. لەپڕ ژنەکەی ئەوەند جوان و شۆخ هاتەوە بەرچاو... جا بەڕاستی ژنەکەی جوان بوو. چاو و برۆی، سمت و شلکەی ڕانی، خۆ ئێکجار سنگ و مەمکی! لەگەڵ پیاو بەشەڕ دەهات. چاوی کشاو و ڕەش و گەورە بوو. قووڵ بوو، لە پشتەوە باوەشی بە ژنەدا کرد. ژنە کەوتە پەلەقاژێ، خۆی لە دەست ڕاپسکاند. داپەڕی، چوو، خزایە گۆشەیەکەوە. تاشباش چوو بۆ لای. ژنی تاین گرمۆڵە بووبوو، بیی ناو ئاو نەبی حاڵت بێ، دەلەرزی ئەمان دەلەرزی. کەچی جاران هەر کە تاشباش باوەشی پێدا کردبا، خاو دەبووەوە، دەبوو بە خامەک، دەتوایەوە، گەرم دادەهات، بە هەموو ئازای لەشیەوە، بە گۆشتیەوە، بە هێسکیەوە، بەدڵ و هەناویەوە، بەهەموو شتێکیەوە، خۆی بەدەستەوە دەدا و لە ئەشقان تا ناو مۆخی ئارەزووی لێ دەچکا.

تاشباش دەیزانی ئەم حاڵەی لە بەرچی بەسەرهاتووە، لە:

«کچی تۆ شێتی، کچێ تۆ شێتی؟» گوتن بەولاوە چیی دیکەی نەدەکرد.

لەم حـاڵی ژنەی، لە سـەرێکەوە تووڕە دەبوو و لە سـەرێکیـشـەوە کـەیفی پێ دەهـات.

قەدەرێ پێکەنین گرتی.

«کـچێ هـەی کـەرە،» گـوتی، «پێـغـەمـبـەرانیش لەگـەڵ ژنی خـۆیاندا جـووت دەبوون. پیر و ئەولیای، سەر دنیا، سـەرلەبەر، پیری پیران، ئەولیای ئەولیایان، حـەزرەتی خدریش، هـەموو ژنیـان هـەبوون. حـەرزەتی خـدر، خۆ ئەوەندەی حـەز لە جـووتبـوون بـووە و ئەوەندە لەگەڵ ژنەکـەیدا نووسـتـووە، ژنە لە تاوان هـەزار داد و بێدادی لە دەست کردووە و لە بەردەستی هـەڵاتووە. پێغەمبەری مەزنمان دوو سێ ژنی هـەبوون. پێـغـەمـبـەری خـۆشـەویسـتـمـان لەگـەڵ هەمـوویاندا دەنووست. تێ گەیشتی؟»

دیسـان ویسـتـی تێ هەڵچـێتـەوە، نـەخـێـر، ژنە هـەمـدیس خـۆی لە دەسـتی ڕاپسکاند، بەرەو دەرکە هەڵات.

«کچێ تۆ شێتی، چیت؟»

تاشباش، هـەرچەند ژنەکـەی لە دەستی هـەڵدەهات، هار و شێت دەبوو. برێ، ژنەی گرت، لەبنـی خۆی نا، دۆخینەکەی پساند. دەسـتی بەمەمک مژینی کرد. ژنە بەم حـاڵەیشـەوە، فـێـڵـێکی دیتـەوە، خـۆی لە چەنگی قـوتـار کـرد. بەڵام تاشـبـاش بەئـامـان و زامـان بسـتـێ دەرفـەتی نەدەدا. کـێـشـە و گـوێچـپـڕ گوێچپـڕێکی دوورودرێژیان لە بەیندا ڕووی دا. ژنە خـاو دەبووەوە، لە پەلوپێ کەوت، دەمی کەفی کرد. هەر دەتگوت جندۆکە دەسـتیـان لێ وەشـاندووە. ژنە بەحـاڵێ گـەیشـت، تاشـبـاش وای زانـی دەمـرێ، لێـی گـەڕا. نەخـتـێ ئاوی بەدەموچاودا پرژاند. بە پەشێوییـەکەوە، پشووێک دەور و خولێکی خۆی دا. ها لە پاش چـەند وێجـا ژنـە بەخـۆ هاتـەوە. ئـیـتـر تاشـبـاشـیش پشـووێکی دا و حەسایەوە.

ئەمـە چ بوو بەسـەری هـاتبـوو خـوایە؟ ژنەکـەی لەگـەڵیـدا نەدەنووست، منداڵەکانی توخنی نەدەکەوتن.

«کچێ ئافرەت، دایکت چاک، باوکت چاک،» دەیگوت، «بەخـوا نە وەلیم و نە

تەڕەماش، تۆ شێت بوویت؟»

هەر تۆزێ شوێنێکی بەر ژنە کەوتبا، ڕادەچەنی، گەشکە دەیگرت، دەیکرد بە بەزمێ ئەوسەری دیار نەبوو.

تا بەیانی نەنووستن، تاشباش تا سبەینێ قسەی کرد. بەڵام هەرچەندی کرد و کۆشا لە بڕوا بە وەلییایەتییەکەی پەژیوانی کاتەوە. گوندێکی گەورە و گرانی بەیەک قسە پەشیمان کردبووەوە، کەچی ژنێکی لەحنەتیی بەهیچ جۆرێ پێ پەشیمان نەدەکرایەوە.

هەرکە ڕۆژ گزنگی دا و تیشک لە دەلاقەیەکی هەر بەقەرای ناولەپێکەوە وەژوور کەوت، تاشباش ددانی چیڕ کردەوە:

«ئاااخ، خـــۆزگ وەلی دەبووم. خـــۆزی ئەوە دەبووم، جـــا هەنگێن، تێم دەگەیاندی. زانیبات چۆنم چەوت و چەویڵ دەکردی. هەنگێن دیتبات زمانم چۆن لە زارتدا دەکردی بە داری ڕەق. چۆنم دەکردی بەپێرێژنێکی حەفتا ساڵە. هەر هیچیشم نەکردبا، نەختێکم ئەقڵ لەو سەرە بێ مەژگەت دەئاخنی. بەڵام حەیفێ کە وەلی نیم. دەسەڵاتم نییە. نە چاکەم لە دەست دێ، نە خراپە.»

چووە دەرەوە، چوونە دەرەوە و هاتنەوە ژووریی بوو بە یەک. ڕەنگی بووبوو بە زەردەچێوە.

ژنە هەر کە ئەم لەپڕ گۆڕانەی پیاوەی دیت، بەترسەوە پرسی:

«ئەوە چییە؟»

تاشباش وەک بنووزێتەوە:

«نەخۆش و دەردەدار، نەخۆش و دەردەدار،» گوتی.

ژنە وەدەرکەوت. لە دەرەوە، لەو بن دیوارانە، لەسەر بەفرەکە هەر نوێن بوو و ڕاخرابوو، هەر نوێنەی نەخۆشێکی تێدا کەوتبوو. خەستەخانە بەگونی. وردە وردە، بەفریش دەباری. لە خوارەوەیش لە ناو ئاواییەوە، هەر زەلام بوو نەخۆشێکی بەکۆڵەوە بوو، سەرووتر هەڵدەکشا.

ژنە بەدڵێکی خۆشەوە گەڕایەوە بۆ ژوورێ. دەموچاوی بەختەوەریی لێ

دەباری. چاوی بڕییە مێردەکەی بزانێ چ دەبێ. تاشباش چاوی بڕیبووە ئاگردانە دامرکاوەکە، خەیاڵ بردبوویەوە. پاش قەدەرێ ئەوجا بەخۆهاتەوە:

«ئەو نەخۆشانە لە ژوورێ دابین کە،» گوتی، «هێشتا هەر قوتار نەبووین. کەواتا دیسانەکە...»

ژنە نەخۆشەکانی بردە ژوورەوە، دابینی کردن. پاش قەدەرێ، ماڵ پڕبوو لە ئینسانی سیپاڵ لە بەری بۆگەن و برش هەڵێناو. هێندێ نەخۆشی سێ ساڵە، برێ کەفتەکاری پێنج ساڵی نێو جێگا بوون. هەندێکیان لە ژیانیان نائومێد بووبوون. خۆ ئەگەر دەم و نەفەسەکەی تاشباش ئۆغڵویش هیچ دادێکی نەخواردن، ئەوە چابوونەوەیان نەبوو و بڕابووەوە. تاشباش نەختێ دەستی بەدەستیدا دا. بە نیازێکی پاک و خاوێنەوە و لە پەنای خواوە دەستی بە دووعای چاکان کرد:

«خوایە، ئەو بەدبەختە کەساسانە لە هەموو دەرد و بەڵایەک قوتارکەی و شیفایان بدەی،» گوتی. بەنۆرە، ڕێزی لێ گرتن، هەر یەکە قەدەرێکی لەسەر ڕاوەستا و پفێکی لە دەموچاوی کرد.

ئەم پفی لە دەموچاوی نەخۆشەکان دەکرد و ئەوانیش چاویان هەڵدێنا، بە منەتبارییەوە، بەئومێدەوە تەماشایان دەکرد. تاشباش یەکە یەکە دەستی بەسەر و قژیشیاندا هێنا.

خاوەن نەخۆشەکان دیاری و سەرقەڵەمانەیان هێنابوو. تاشباش هیچی لێ گل نەدانەوە.

«هەرچی بۆ کن من دێ، لە نیو لالوێچ خوێ زیاتر هیچی تر نەهێنێ،» گوتی. «ئەگینا دووعایان لەلای خوا قووبووڵ نابێ.»

نیو لالوێچ خوێ هەر دوو ئیسکیف دەبێ و نابێ.

***

٣٧

مـرێمـۆک لـەبەر ئەو بۆرانەی لە پێدەشت و هـەڵەتەکـانەوە هەڵی کـردبوو، وەک تێخ دەیبڕی، سەرپۆشە سپییەکەی دەشەکییەوە و بەناو گونددا هەڕای دەکرد. گـوندی دەیانزانی، بەو سـبـاحی سـاڵحـانە بـۆ کـوێ و بۆچی ڕادەکـا. ژنان، کـــچـــان، ورد و درشت دوای کـــەوتن. هـەر ئەوەندەی یـەک و دوو بڵـــێـی، سەرلەبەری ژنانی گوند، لەو ڕاستانی گوندە خڕبوونەوە، مرێمۆک لە ناوەندی ڕاستـانەکە ڕاوەستا، سـەیرێکی عەشامـاتەکەی کرد. بەهـەموو حاڵێکیدا ڕوون و ئاشـکرابوو، تووڕەیە. دانەوییـەوە، بـەردێکی چینکـەی قـورسی لـەبن بـەفـر دەرێنا. ژنەکـانی دەوروپشـتیشی نەداوینەوە، ئەوانیش دەسـتیـان بەبەرد لەبن بەفر دەرێنان کرد. گەنجـەکانیـان پاشـوێلیـان پڕ کرد لە بـەرد. مرێمـۆک بەرەو مـاڵی سـەفـەر چوو. ژنانی دواکـەوتن. ورتە لـە کـەسـەوە نەدەهات. لە گۆلاوێکی مەند دەچوو، چرچی تێ نەکەوێ.

مرێمـۆک بەهـەموو گوڕێکیەوە پێش کەوت، چوو لەبەر دەرکـەی مـاڵی سـەفەر دای کوتا. ژنـانیشی لە دوون... دەرکـە نەکرایەوە، سـەفـەر کە دەبینێ وا بەو تووڕەیی و خـەشـمـەوە ئاژنیـان هێناوە، دەرگـا کـلـۆم دەدا و کۆتـەیەکی زەلام بەپشت دەرکەوە دەنێ.

قـەدەرێ پاڵیـان بـەدەرکـەوە نا، دەرکـە نەکرایـەوە. تەمـاشـایان کـرد، دەرکـە هـەروا بەپاڵەپەسـتـۆ و شـتـی وا ناکـرێتـەوە، لێی کـشـانەوە، دەسـتـیـان بە بەردبارانی کرد. بەرد و خڕک، وەک تەرزە، بەسەر ماڵی سەفەردا دەباری.

سـەفـەر لە ژوورەوە پێنج تیـرێکی بەدەسـتـەوە بوو، چاوەڕێی دەکـرد، لە ترسـان زراوی دەتۆقی. پێنج تیـرەکـەی دەسـتی پێنج فـیـشـەکی تێـدابوو. لە کـوشـتنیـان بووایە لـەپڕ پێنجی لێ لاردەکـردنەوە. ژنگەل وەک شـارە مـێـروو دەهـاتن و دەچوون، بـەڵام ئەوانـەی دەمـانەوە، لـە ترووکـەیـەکـدا خـۆیشی و منداڵیشی و ژنەکانیشیان وەک ئارد دەهاڕییەوە.

قەدەرێ بیری کردەوە، بۆچی یەک دوو تەقەیان بەسەردا نەکا، بەڵام نەیکرد.

ئەمجا گوتی، با یەک دووانێکیان لێ قەلاچۆ کەم. خۆمیان لێ ڕزگار کەم. نەخێر وازی لەمەیش هێنا، گەلەگورگ چۆن ئەگەر یەک دوو پڕیشک خوێنیان بەرکەوێ، ئاسەواری یەکتر دەبڕنەوە، ئەمانیش بەو جۆرە... ئەوساکە ژنی خوێن بەرچاوگرتوو، وەک دڕندەی هار دار بەسەر بەردی تیرەی کوێخا خدرەوە نایەڵن.

لە هەموو ڕاستتر ئەوەیە پەنجەت لەسەر پیتکەی تفەنگ بێ و چاوەڕوان بی، ئاکامی کار بە چی دەگا. ڕزگاربووە نەبوو. دەیزانی، بەلام تا گیان دەرنەچێ ئومێد نابڕێ.

لایەکی دەرکە شکابوو. کونی تێ بووبوو، بەردی لێ دەچووە ژوور، تا بەر ئاگردانەکە دەڕۆیی. یەکێ لە بەردەکان لە لاقی کیژەکەی سمەبۆر کەوت. لاقی. هەڵمسا. لە تاو ئێش و ئازار، هەر ئەوەبوو نەتۆپێ، ژنی تاین لە حەژمەتان بەپەلەقاژێ کەوتبوو، لە خۆی دەدا و چەمۆڵەی دەنا.

پاش ئەوەی کوێخا سەفەر گەیشتە شار، ڕۆژێ پاش ئەوە، دە، پازدە گوندییەک بۆ شمەک کڕین چووبوون بۆ دووکانەکەی عادیل ئەفەندی. دڵیان زۆر خۆش بوو. چییان دەویست خوای گەورە، لە سای هیممەتی تاشباشەوە ئەوەی دابوونێ!

دەم بەپێکەنینەوە چوون بۆ سەر دووکانەکە. ڕەزا بەگی برازای عادیل ئەفەندی بەعەرزەتەوە، تەماشایەکی کردن، پرسی:

«ئەرێ ئێوە خەڵکی گوندی یالاخ نین؟ ئێ ئێ، ئەوە بۆچی هاتوون. بۆ قەرزدانەوە هاتوون؟»

گوندی دەمیان تێک ئالا:

«ئەی نەبوو عادیل ئەفەندی خەبەری بۆ نادرین...»

«دەیجا با ڕاست و دروست شتێکتان پێ بڵێم، برادەرینە. نەک بەقەرز شمەک پێ فرۆشتن، هەر کە بەهار دێ و نایە، هەر لەگەڵ ئەو کەژە شین دەبێ و نابێ، عادیل ئەفەندی دێ بۆ گوندەکەتان، تا شەواڵی پێی ژنەکەنیشتان دەبا، هەرچیتان هەیە و نییە، دەیبا و ڕووتتان دەکاتەوە. کورە پیاوی چابن،

خۆتان پیشانی عادیل ئەفەندی مەدەن. تا زووە بۆی دوورکەونەوە...»

پاشان ڕەزا ئەفەندی گوندییەکانی بردە پشت دووکانەکەوە، مەسەلەکەی ورد و باریک، لە نووکەوە تێ گەیاندن.

کوێخا دەیزانی چیی بەسەردێ، بەڵام نەیدەزانی کارەکە وا زوو دەتەقێتەوە و هەموو شتێ وا سووک و سانا، ڕیشی خۆی دەگرێتەوە و بەسەر و پۆتەڵاکی خۆیدا دەشکێتەوە. لەبەرئەوە، هێشتا گوندی نەگەیشتبوونە ئاوایی، ئەو گەڕایەوە بۆ ئاوایی. ژنان هەر ئەوەندە مەسەلەکەیان بیستەوە و نەبیستەوە... لە پێشان سەریان لێ شێوا، پاشان کە مریەمۆک هاتە بەر مەیدان، هەیپێیان لێ کرد...

سەفەر لە دڵی خۆیدا دەیگوت، تازە ڕزگاربوون نییە. وەک گورگی هار هەڵمەت دێن.

«منیش، بەم پێنج تیرەی دەستم، تا پەنجایان لێ پشتەوخوار نەکەمەوە، ئەم ڕۆحە شیرینەم بەدەستەوە نادەم. ئەگەر ئازان با بێن. ئەگەر بەتەمای هاتن، دەبێ بەتەمای دیتنیش بن.» گردێ بەردیان لە بەردەرگای ماڵی سەفەر خڕکردبووەوە، هێندەی بەژنە زەلامێ. جارێ لەو بەردانەیان بەکارنەدەهێنا. ئەو بەردانەی بۆ ماڵی سەفەریان داویشت لەو بەردانە بوون، لەو بەردەمە هەڵیان دەچنییەوە.

ماڵ بەردباران کردن، تا دەمەدەمی نیوەڕۆ درێژەی کێشا. دەرکە شڕوهۆڕ بووبوو، پاشان لە گرێژەنە دەرچوو، کرایەوە.

هەر کە دەرکە کرایەوە، سەفەر ددانی بە جەرگیدا نا، بەپێنج تیرەکەی دەستییەوە هاتە دەرەوە، خۆی هاویشتە پەنا دیوارەکەی لای چەپی دەرگاوە. لوولەی تفەنگی لە ئافرەتەکان کرد. بێ جووڵە، خۆی لە پەنا دیوارەکە مات دابوو، پەنجەی بەسەر پیتکەوە بوو، وەک تەراح لێی ڕاکشابوو.

ژنانیش کە دیتیان سەفەر هەموو شتێکی لە بەرچاو گرتووە، ئەوانیش بەرد و خڕک بەدەستەوە، ئامادە و تەیار. هەناسەیان لە خۆیان بڕیبوو، چاویان لە سەفەر نەدەترووکاند. خواخوای ئەوەیان بوو جووڵەیەک بکا. هەرچی سەفەر

بوو، لە حـاڵەکـە گـەیشـتـبـوو، بووبوو بـە بەرد، سـرتـەی نە دەکـرد، تـەنانەت چاویشی نەدەترووکاند، هەر دەتگوت مردووە.

کـاتبـوو بەعـەسـر، نە لەمـلاوە جـووڵەیێ کـرا، نە لە لای سـەفـەرەوە. هەر لایەکـیـان جـووڵـەی بکردایە کـار لە کـار دەترازا، بەڵام نەیانـدەکرد. مـەسـەلە مەسەلەی مردن و ژیان بوو.

سـەفـەر چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بـوو سـەری تێـدا دەچوو. دڵی بەکـوتەکـوت کـەوتبـوو. مـێـشکی سـاف و ڕۆشن. هەمـوو شـتـێکی لە لایـەنی هەرە ورد و ناسکیـەوە بیـر لـێ دەکردەوە. لە دڵی خـۆدا دەیگوت: «ئیشـەڵڵا، ئێشـەڵڵا سـرتە لە هیچ لایەکەوە نایە. تا ڕۆژ ئاوا دەبێ، هیچ ڕوونادا.»

مـردنی بە مـووێکەوە بەند بوو. برێ باڵندە بەئاسـمـاندا تێ پـەڕیبـان، لەپڕ قریوەیەکیـان کردبا و ژنان سـەریان هەڵبـڕیبا، گـوێیـان بەتفـەنگ و مفـەنگ نـەدەدا، پڕیان دەدایێ، هـەلاهـەلایان دەکـــرد. گـــرمـــەیەکی هـەور، بۆرانـێ، لوورەیەکی سەگ شیرازەی کاری لێ دەپچڕاندن، دەبوو بەهەڵڵا.

سـەفەر ددانی بەجـەرگیەوە گرتبوو، خـواخـوای بوو سـرتەیێ نەکرێ، پەیتا پەیتا دووعای دەکرد.

پیاوێکی گەنچ بوایە، لە جیاتیی سەفەر و تفەنگی بەدەستەوە بوایە، بێ سێ و دوو دەسرێژێکی لە ژنەکـان دەکرد. ڕەنگە وای زانیبا، بەو دەسرێژە، ژنەکان هەڵاتبـان. بـەڵام سـەفـەر دەیزانی کـارەکـە بەپێـچـەوانـەوە ڕووی دەدا. یەک دووێکیـشی لێ خـستبـان، دە، پازدەیەکیـان، سـوور بشیـانـزانیبـا دەکوژرێن، هەڵیان دەکردێ، هەڵنەدەهاتن.

لە وەخت و سـەعات و هـەلومەرج شارەزابوو. لەوانەبوو تەقەیەکیش هەمووی تاراندبان، بـەڵام، بەزۆری، هـەڵیــان دەکــردێ و تێی ڕۆ دەهـاتن. ئەم جــۆرە عەشـاماتە لە هەرای وا بە کین و ڕکاویدا کـەم هەڵدەکەوت لە گوللە و تیسکەی تفەنگ بگەڕێنەوە.

لە پشـتــەوە، لە ژوورێ، پشـیلەیـەک مـیـاوەمـیـاوی بوو. بەرەکـەت دا ژنان هێندەی لێوە نـزیک نەبوون. گـوێیـان لە دەنگی بێ. سـەفـەر لەتاو ئەم میـاوە

میاوه هار و شێت بووبوو. هەرچەندیشی دەکرد نەیدەتوانی بەیەکێ بڵێ، ئا ئەو پشیلەیە بێدەنگ کە.

عەشاماتەکەی بەرانبەری لێ بووبوو بەمەودای شیرێکی بڕا. بەرە بەرە تا دەهات، گەورەتر دەبوو، ژنەکان بەژنیان درێژتر دەبوو.

کەڵەشێرێ خوێندبای، سەگێ حەپیبا، زەلامێ لە ژوورەوە هاتبا، دەنگێکی کردبا، کار لە کار دەترازا.

چاکە پیاوانی گوند لە کوێ بوون، چییان لێ هاتبوو؟ کەواتا ژنەکانیان بەرەڵڵای ئەو ناوە کردبوو، خۆشیان لە کونی ژوورێ تەقەت کردبوو. دەیزانی پیاوێ نییە، بێ، قسەیەک لەگەڵ ئەم عەشاماتە بکا. لەولایەنەوە دڵینابوو. بەڵام ترسێکی لە دڵدا هەبوو، لەم ناوەختەدا ورغون ئەحمەد پەیدا بوایە و هاتبا. هاتنی ئەویش ژنانی دەورووژاند و بە بزاوتی دەئێخستن.

سەفەر وەک ژێی کەوان کرژ هەڵاتبوو، جارێکی تەماشای خۆرەکە، جارێکی تەماشای عەشاماتەکە دەکرد کە بەرە بەرە گەورەتر دەبوو و لێی دەبوو بەهێندەی دێوێ. ژنان بەرە بەرە گەمارۆیان دەدا. ژنەکانی لێ بووبوون بە گابەردەکانی چیای تەکەچ، لە پێش دەرکەی ماڵێ، دای دەکوتن، ئیدی نابزوون.

خۆر بەرەوخوار دادەکشا. سەفەر لە بێ ئارامییان شەقی دەبرد.

«هەیدێ برا هەیدێ، دە دەی خۆرە جوانکیلە ژیکەلەکەم، شێرەکەی مامی، دە ئاوابە دەی،» دەیگوت. «دە ئاوابە دەی!»

سەرتاپا ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو. بەم سەرماوسۆڵەیە، بەم ساماڵە ڕووتە... لە دەستی هاتبا، خۆرەکەی، کە خەریک بوو ئاوا دەبوو، بەترووکەیەک لە پشت چیای تەکەچی دادەگرتە خوارێ.

تۆ بڵێی ئەم مریمۆکەی لە پێش ژنەکان، وەک گاشەبەرد، زەقوزۆپ، ڕاوەستابوو هەروا، لە سەیر کردنی ئاوابوونی خۆر بەولاوە چیی تری نەکردایە؟ تۆ بڵێی ئەویش تا دواییەکەی، وەک ماستی مەییو بمابایەوە؟ نەخێر. مریمۆک پێش ڕۆژ ئاوابوون شتێکی هەر دەکرد. چاوی لە چلێک خافڵ

نەدەکرد. گوێی لە خشەی مار و مێروو بوو. دەبا خافڵی نەکا ئەو پیرە مالۆسە. یەکەم گوللە ئەم دەیخوا. بڵێ کوێیشی؟ نەخشی توێڵی.

مریەمۆک دەیزانی یەکەم گوللە خۆی دەیخوارد. زۆر چاکیشی دەزانی و جووڵەیشی نەدەکرد.

«خوایەکەم،» دەیگوت «خوای گەورەم، نەختێکم ورە و زات وەبەر نێ. زاتێکم وەبەر نێ یەکسەر هەڵی کەمێ. جا حەزدەکا، با بەدەم هێرش بردنەسەرەوە بمپێکێ.»

هەر هێندەی توانیبا هەڵی کاتێ، لێی ڕوون بوو، سەفەر چەندی لێ کوشتبان، با بیکوشتبان، بەڵام نە لە خۆی دەستیان هەڵدەگرت، نە لە ماڵ و منداڵی. ڕێزەڕێزەیان دەکردن. ڕەنگە ئەگەر هەڵیان کوتابایە سەری، هەر پەنجەیشی بەپیتکەدا نەنابایێ و تاکە فیشەکێکیشی ئاگر نەدابا.

ژیانی ئاق قسراغێ لەو ئاغایەی توخنی ناموسیان کەوتبوو، ڕۆهاتبوون. ئاغا دەستی دابووە تفەنگ خۆی هاویشتبووە شیوێکەوە. ژنانیش نەیانکردبووە نامەردی، هەڵیان کوتابووە سەر، ئاغا. ئاغا، تەقەیێ چییە، پێی نەکرابوو. تفەنگ فڕێ دەدا، سەرەونشیو دەبێتەوە، بەهاوار هاوار هەڵدێ، ژنەکان چنگ لە سەر شان هەڵی دەبڕن، ها نەڕۆی، دەیگرن لەتوپەتی دەکەن.

سەفەر هاکا هەناسەی بڕا. خۆر لەسەر چیای تەکەچ هەڵنیشت. هەر دەتگوت بەتەما نەبوو، ئاوا بێ. جوان و زەریف بۆ خۆی هەڵنیشتبوو. سوورایییەکەی لە بەفری دا. ژنەکانی بەرانبەر هێندەی دیکە گەورەتر بوون. سێبەریان درێژتر بوو. تاریکان داهات.

سەفەر قەیرێ لە مریەمۆک ڕاما. ئەم ژنە بۆچی هێندەی ڕک لێ دەبووەوە.

ئەم ژنە هەموو شتێکی دەدیت. هەزار چاوی هەبوو. لەپڕ هەستی کرد، وا ڕۆژ ئاوا دەبێ هەر قەرای تیلماسکێکی بەدەرەوە مابوو. ها ئێستاکە ئاوا دەبێ... ئەم مریەمۆکە نەبوایە، ئەم ژنانە ئەمڕۆ بڵاوەیان لێ نەدەکرد؟ نەیاندەکرد. لاور و حەیواناتیش سەرداریان پێویستە. خۆ جارێ تیرەی ئینسان، ئەوە هەرگیز بێ سەرۆک و سەردار هەر نابێ و... ئەم مریەمۆکە

جانەوەرە، ئەم مریەمۆکە خوێنڕێژە... ئەوا ئاوا دەبێ شوکور ئۆخەی، وا ئاوا دەبێ... ئاوابوو!

ژنگەلەکە نوقمی ناو تاریکییەکە بوون. سەفەر لە مەترسی ڕزگاربوون دوودڵ نەبوایە، خۆی نەگرتبا، لە خۆشییان دەفڕی و دەیدایە سووڕدان و سەماکردن.

بەینێ حەپەسا. ترسا. تۆ بڵێی بوورابووایەوە؟ پشووی سواربووبوو، هەرچەندی دەکرد بەڕەحەتی نەیدەتوانی هەناسە بدا. بەرە بەرە بەخۆ دەهاتەوە.

ژنەکان تا دەهات پتر نوقمی ناو تاریکییەکە دەبوون. بەڵێ ژنەکان نەیاندەدیت، بەڵام تا بڵاوەیان لێ نەکردبا، مەترسییەکە هەروەکو خۆی بوو.

گەلەژنەکە تەواو تێکەڵ بەتاریکییەکە بوو. پاشان دەنگە دەنگێکی کز، جموجووڵێ لە ناو تاریکییەکەوە پەیدابوو. ئینجا خرچەخرچی بەپێی پەتی بەسەر بەفردا ڕۆیشتن هات. زۆری نەکێشا، کەس لەو ڕاستانەی پێش ماڵێ نەما.

سەفەر هەڵستا:

«خوایە! زۆر شوکور بە بەشت،» گوتی، دەست و پێی تەزیبوون، «لەم بەڵایەشت ڕزگار کردم. پێنج کەڵەشێری نازداری پۆپنە سوورت لەسەر مەرقەدەکەی باوەباران بۆ بکەم بەقوربانی.»

چاوی قیچ کردەوە، تەماشایەکی ڕاستانە بەفر بەستووەکەی بەردەمی ماڵیانی کرد کە نەختێ لەمەوپێش ژنگەلەکە چۆڵیان کردبوو. تارمایی مانا لەو ناوە نەمابوو. کەواتا، یەکسەر هەموو بڵاوەیان لێ کردبوو، ڕۆیشتبوون. تەنیا تارماییەکی باریک مابووەوە. تۆ بڵێی بنیادەم بێ! تەماشایەکی کرد، تاریک بوو، هەڵی نەهێنا. هاوێری نەکرد.

لە دڵی خۆدا گوتی:

«ئەوەندەم تەماشا کرد، سۆمای چاوی چوو... تەنیا ژنێک؟ ژنێک... چاوی دەرێ، با هەر لەوێ ڕاوەستێ. چیی لە دەست دێ. لە گەرداوەکە

ڕزگاربووین.»

کەچی مرێمۆک لە شوێنەکەی خۆی جووڵەی نەکردبوو، چۆن خۆی بەسەر دارئاساکەیدا دابوو، هەر بەو ڕەنگە مابووەوە، ئاگای لە بڵاوە لێکردنی ژنەکانیش نەبووبوو. ئەم بەزین و بۆڕخواردنە، هەمووی لە ئەستۆی ئەو بوو. ژنێکی نەختێ بەجەرگتر بوایە، نەختێ لەخۆ بوردووتر بوایە، ئێستاکە جێگەکەی سەفەر پەپووی لەسەر دەخوێند.

سەفەر پەلەی ئەوەی بوو، سەعاتێ زووتر بگاتە سەر مەرقەدەکەی باوەباران، قوربانییەکانی لێ سەربڕێ. ئەگەر بەو تۆف و بەفرە دەچوو، بەو شەوە ناوەختە دەچوو... بەڵام نەدەکرا، بۆ خۆیشی دەیزانی. هەر چەندیشی دەکرد، لە پێستی خۆدا ئارامی نەدەگرت.

ئەمە دوا تێکشکان و بەزینی ژنانی گوند بوو. جارێکی تر هێرشی وای نەدەکرایە سەر! تاکە کەسێ کە دەبەزێ، جارێکی تر، دوو جاری تر تێ هەڵدەچێتەوە... بەڵام عەشامات، جەماوەر کە بەزی جارێکی تر خڕبوونەوەیان لەوێ کارێکی ئاسان نەبوو.

## ٣٨

سەفەر بەرۆکی لەم بەڵایە بەهاسانی ڕزگار کردبوو. کەرێتیی کردبوو. کەرێتییەکی زۆر گەورەیش. تاشباش لەوەدا نەبوو بەری لێ بگیرێ. تاشباشی کەساس خۆی چەند و چەند لە گوندی پاڕابووەوە: کورە پیاوی چابن، من هەزار کەر و جاشکەم سەقەت کردووە، هەزاران گیانلەبەر و بەستەزمانی کێوی و شتی وام بەعەمەل هێناوە، لەگەڵ ورچ، لەگەڵ گورگ جووت بووم، بەرۆکم بەردەن، من هی وەلیایەتی نیم، من نابم بە وەلی. ئیتر ئەوەندی پێی دەکرێ و لە دەستی دێ و چەندی زمانی بۆ هەڵدێتەوە، خۆی لە پێش چاویان دەخا و هەرچی تۆ بەبیرتدا دێ لە بەد ئاکاری و ڕەوشت گەماریی خۆی، دەیڵێ و دەیڵێ، نەخێر هیچ پارە ناکا، گوندی، وەک هەر لەگەڵ وانیشی نەبێ، هەژارە، یەخەی بەرنادەن. ئەمە پیلانی تاشباشە... خۆی لە بەرچاو دەخا بۆ

ئەوەی خۆی بە گران بفرۆشێ ئەی چۆن... دەیەوێ بڵێ، من پیاوێکی ئەوەندە لەبار بم، دەیەوێ جێگەی خۆی خۆش کا...

توخودا حەسف نەبوو بۆ گوندی؟ عادیل لە پارەی حازرەکی خۆش بووبوو. سەرباریش قەرزی دەدا. ئاخر توخوا داوودەستوور گۆڕین ڕەوا بوو؟ چما گوندی ئەمانەیان قەت لە بیر دەچووەوە؟ سواری سەری خۆی بووبوو، کارێکی زۆر خراپی کردبوو. زیانی لە خۆی دابوو. کاری خراپی کردبوو، خراپ، خراپ..

جا بە چ ڕوویەکەوە بەرەو ڕووی عادیل بوەستایە؟ ڕاستە بەقنگ ماچکردن لێو پیس نابێ، بەڵام... دیسان کارێکی نارێک بوو.

«بەقوربانی پێت، قوربانی نینۆکەکانت بم عادیل ئەفەندی. وا بزانە کوڕێکم کوشتووی، دەخیل سەد دەخیل، خۆم هاویشتە بەختت، عادیل ئەفەندی. بمکوژە عادیل ئەفەندی، بمبڕە، چیم لێ دەکەی بمکە. کورە بەبیللاهی ئەوەندەم خۆش دەوێی، بشمکوژی خوێنەکەم بەرەو لای تۆ ڕێ دەکا، عادیل ئەفەندی. وەرە مەردی خوابە لە قەرزی ئاوایی خۆش مەبە، ئەم ساڵ قەرز بەکەس مەدە. وەرە دەرپێی ژنەکانیشیان داکەنە، لە بری قەرزەکانتی ببە بەقوربانت بم، بە بەندەی ئاڵقە لە گوێت بم، عادیل ئەفەندی.»

عادیل کە ئەم تەکلیفەی لێ بیستبوو لە ڕادەبەدەر سەری سوڕمابوو پرسیبووی، دەبێ سەوەوی چی بێ؟

«لە سەبەبیش بپرسی، نەک بە تۆ، بە عیبادەلبەشەری ناڵێم. ئەگەر ئەم نیازەم بەجێ ناهێنی، هەر ئەلێرەم بکوژە. ئەگەر ئەم خواستەم بەجێ نەهێنی منیش خوێنی خۆم لەو بەردەرگایەت دەرێژم. ئەگەر دەشپرسی بۆچی و لە بەرچی، نەک بە تۆ، بە بەندە مانای خوای ناڵێم.»

ڕۆژێکیان تا ئێواری لە عادیل پاڕابووەوە، دەست و پێی ماچ کردبوو، فرمێسکی لە بەردەمدا ڕشتبوو، عادیلی لە قسەی خۆی پێ پەشیمان نەکرابووەوە.

عادیل دەیگوت:

«من تفێکی ڕۆی کەم هەڵی ناگرمەوە. بە هەڵگرتنەوەی دەدەم.»

لە قسەکانی عادیل سۆسەی ئەوەی کردبوو، ترسێکی گەورەی لێ نیشتبوو. عادیل لە گوندی دەترسا. نەک هەروا بۆرە ترس، بگرە لە چوونە دەرەوە، لە چوونە بازاڕیش زەندەقی چووبوو.

ئەم پیاوە، ئەم عادیلە گورگەی چەندان ساڵە، لەم گوندییە بێ چارە، بێ زمانانە نەدەترسا. ئەمە سرێکی تێدابوو، لە گوندی پاشگەزبوونەوەکەی لە ئینسانەتیی خۆی نەبوو، لە ترسان بوو. دەبوایە لەم ترسەی ڕزگار کردبا. عادیل لەم ترسە ڕزگار بوایە، نیاز و خوازێکی بۆ بەجێ دەهێنا. سەفەریش هەرچییەکی لە دەست هات، هەمووی بۆ ئەم ترس دەرکردنەی بەخەرج دا. دەبوایە ئەم ئیشەیشی زۆر بەوردی و وەستایانە باشار کردبا. نەدەبوو عادیل بەوە بزانێ سەفەر سوێسەی ئەوەی کردووە لە گوندی دەترسێ. دەنا، دەیدایە سەرپێچی و کەڵەوەکێشی، لە قسەی خۆی پاشگەز نەدەبووەوە.

دەستێ پێ کرد:

«ئەم گوندییانە دوو پوولی قەڵب ناهێنن،» گوتی. لە تیرەی گوندی کەرتر و حەیوانتر نەهاتووەتە سەربسات. ئەم ڕووی زەوییە لە بەرەی گوندی هێڕتر و گەمژەتری بەخۆیەوە نەدیوە. نە دۆستایەتی دەزانن، نە هاوسەروساختی دەفامن. نانکوێر و سپڵەی سفرەدڕن. ئەوەی بۆ پێنج قورۆش، بۆ دوو بست زەویی گەچۆڕ باوکی خۆی بخنکێنێ ئەم تیرەی گوندییەیە. ئەوەی جنێو بەو محەمەدی ناوجوانە دەدا و بەپیاوی نازانێ و تاشباشێکی خوێڕیی لە جێ دادەنێ، ئەم تیرە بێ دین و بێ ئیمانەی گوندییە. ترسنۆک هەبێ، دڕندە هەبێ، ئەحمەق هەبێ... ئەوەی خوێنی، جەرگی پێنج پوولی قەڵب نەکا... خۆ کەروێشکت دیتووە عەلی برا، ئەوەی لە کەروێشک سرکتر و سڵتر هەبێ، میللەتی گوندییە. ئەوەی هەر کە چاوی بەشارییەک دەکەوێ وەک حەزیا ببینێ، کونی وەگیر ناکەوێ خۆی تێ وەشێرێ، ئەم تیرە بێ ئاوەزەی گوندییە. ئەو تیرە ئینسانە پەستە ئاڵچاخەی بەدەستماندا داوە و سالانی ساڵە، ئەو پارووەی لە دەمیشیدا بووە دەرمانهێناوە، ئەو تیرە وەک مەڕ بێ دەسەلاتە،

ئەو تیـرە دەسـەپارچەیە، ئـەو تیـرە دەست و پێ سـپـیـیـە، تیـرەی گـونـدییـە. مـەخلووقێکی تر لەسـەر ئەم ڕووی زەوینە نییە ئەوەندەی گوندی ترسنۆک بێ. لە مـار لـە مـێـرووله، لە لێـڕ و دارسـتـان، لە خـاک، لە بەفـر، لە بـاوبۆران، لە وەیشـوومـە و گـەرداو، لـە جندۆکـە، لـە پەری، لە تاریکی، لە ئـەسـتـێـرە، لە هـەورەتریـشـقـە، لـە برووسکە، لە ئـاگـر، لە ئاوی ڕەوان دەترسـێن. لە بـاڵندەی باڵندە ئاسایی دەپرینگێنەوە. خۆ لە پیاوی شارستانی، ئەوە هەر مەپرسە. تۆ ئەزموونی ئەو هەموو ساڵانەت هەیە. تۆ گوندی لە من چاتر دەناسی.»

لەوە پـتـری گـوت، زۆری درێژە دایێ، چەندین نموونە و سـەربـهـوردی لەمـەڕ ئاڵـچـاخـیـی گـوندی و ترسنـۆکی و هیـچـوپـووچیـیـان بۆ هێنایەوە. لە پیـاوی ترسنـۆک هـەمـوو خـراپە و نامـەردییـەک چاوەڕێ دەکـرا. هیچ شـتـێ هـێندەی ترسنۆکی بەرەی ئینسـانی ئێکجار وا سـەرشـۆڕ نەکردووە تا ئێستا. تیرەی گوندییش لەبەرئەوەی، لە ناو بەرەی ئینساندا لە هەمووان ترسنۆکترە.

عادیل کە ترسنۆکی و بێ وەزەنی و بێوەیی گوندیی دەبیست دەگەشایەوە.

ئەی ژنـەکـانیـان؟ ژنەکـانیـان لە ترسـنۆکـیـدا هەزار بار لـە سـەرووی پیـاوەکـانیـانـەوەن. لە کـاتی هـەورەتریـشـقـە و گـرمـەگـرمی هـەوردا زۆری ژن دیتبوون قەڵەمی ئەژنۆیان شکابوو و کەوتبوون. ژنە لادێیی، تەنیا هـەر ئەوەیان هـەبوو، نەختـێ دەم هـەراش بوون و پـتریان جیـقەجیق دەکرد، ئەمـەیش، ئەوی نەیناسیبان، دەیترساندن.

کێ ئـەم عـادیلـەی بـەم دەردە بردبوو، تـووشـی ئەم دۆزەخـی تـرس و سـامـەی کردبوو؟ تەپ ها.

سـەفەر بەبیری هاتەوە، لە عادیلی پرسـی:

«ئەرێ کـاک عـادیل، خـەلیلە پیـرێ هـەبوو لە دێی خـۆمـان، تـا ئێسـتـا هیچ نەهات بۆ خزمەتت؟»

عادیل تەمـاشایەکی زەویی کـرد، وەڵامی ئەم پرسیـارەی نەدایەوە. ئەویش لە نیازی ئەم پرسیارەی سەفەر گەیشتبوو.

داخـۆ خـەلیلە پیر هـاتبـوو بۆ کنی؟ سـەفـەر زۆر چاکی بڕوا کـردبوو، بەڵێ،

هاتبوو بۆ لای.

عادیلی ترس لە ڕەگ و ڕیشەوە لە دڵ دەرچوو هەڵستا:

«سەفەری برا،» گوتی، لە پاشان، «من بۆخۆم دەزانم چی لەو گوندییانە دەکەم. نەک هەر ئەوەندەی سەرە دەرزییەکیان قەرز نادەمێ، بگرە، هەر نایەڵم لە پێش دووکانەکەشم ڕابوەستن. کە بەهاریش هات، تا شەواڵی پێی ژنەکانیشیان دەبەم. هەقی خۆم نییە، هەرچیم دەس کەوێ دەیبەم.»

کار بەم ئاکامە بگا؟ هەڵهەڵە و چەقەنەلێدانی دەویست. ئەمە بەختەوەرییەکی گەورە بوو بۆ سەفەر. تاشباشەکەتان دڵی عادیلی نەرم کرد؟ دە فەرموو ها، ئەوە خۆتان و دڵی نەرم کراوتان. سەفەر چاوەڕێی ئەوەبوو، عادیل ها ئەمرۆ، ها سبەی، دێ گوندی ڕووت دەکاتەوە، بەڵام عادیل بەم سەرماسۆڵەیە دەهاتە دەر؟

چ بکەین، با بەهار بێ، دە با بێ و ببڕێتەوە.

سەفەر لە کەیفخۆشییان مەست بووبوو و بیری نەکردبووەوە. گوندی کە بەمە بزانن چ دەکەن؟ ئەمە هەرگیز بەبیردا نەهاتبوو. ڕەنگە بەبیریشیدا هاتبووبێ، بەڵام گوێی نەدابوویێ. گوندی چییان پێ دەکرا... سەفەر لە گوندی نەدەترسا. بەلای ئەوەوە چ گوندی. چ ڕانەمەڕ، وەک یەک وابوون. بە دوو قسە، بۆ هەر کوێیەکیان ڕادەی دەڕۆن. ئا ئەمە سەفەر بەهەڵە تێی گەیشتبوو. ژنانی گوند، بۆ ئەوە ڕۆحە شیرینەکەی دەرێنن، هەر هێندەی چاو بقووچێنی و بیکەیەوەی مابوو.

چۆن بەم تەپکەیەوە بووبوو؟ پیاو نابێ ببێ بە لەیستۆکی دەستی پشووسواری و هەڵچوونی خۆی. دەبێ هەموو شتێ بەترازووی ئەقڵ بکێشێ.

سەری لەم بەلایە، لەم مەرگەساتەی بەربینگی گرتبوو قوتاربوو خۆ، جا تاشباش دەبوو بە وەلی، دەبوو بە پێغەمبەر، کەیفی خۆی بوو. ئەی نەیانگوتووە، بەزمانی خۆش مار لە کون دەردێنی. تیرەی گوندی زۆری کەیف بەزمانی خۆش و دەمودووی پاراو و قسەی بەتام دێ. لە پێش تاشباش ئۆغڵو کڵاوی هەباسی لەسەر هەیاسی دەنێی، هی هەیاسی لەسەر هەباسی دەنێی،

دەڵێی، تۆ ئەولیـای ئەولیـایانی، لە پێش دەمـیـدا خـۆت بەعـاردیدا دەدەی، دەگـەوزی، کـرمـۆڵە دەبی، هەر هێنده دەزانی دەست و پێت خـاو دەبێـتـەوە. دژمنی چل ساڵەشت بێ لێت خۆش دەبێ.

چۆنی پێش لەم سەرپێچی و کەڵەوەکێشییەی گوندی گرتبا؟ ئە ئەمە ئەسڵی کـارەکـە بوو. چاکـە، ئەگـەر چووبا، لەو عـادیلە پاڕابایەوە، چ دەقـەومـا؟ نەپاڕابایەوە، ترسـاندبای... بەهەناسـەبڕکێ و شـپـرزەییـیـەوە گـوتبـای، ئەم گـوندییـانە بـوون بەدڕندە و جـانـەوەر، هەمـوویان دەکـوژن، ئەمـەیان بەسـەر هێنام، ئەوەیان پێ کردم... عادیل لە ترسـان بەخۆدا دەڕیا، یەکسەر دەیگوت: «بڕۆن بیبەن، دووکانەکەم، سەر و ماڵم هەموو بۆ ئێوە بێ.» خوا خەبیرە وای دەگوت. وا لە گوندی چاوترسێن بووبوو. خۆ ڕەنگ نەبوو باسی ژنەکان، ئەو ژنانەی هەڵیان دەکردە پیاو و لەتوپەتیان دەکرد. ببیستێ؟ هەقیشی بوو. دەزانی چۆن وەک دڕندە هەڵیان دەکردێ!

سـەفـەر لە ترسـان زەندەقی چووبوو. چاکـە، ئەگـەر جـارێکی تر هـاتنەوە؟ جـارێکی تر بێنەوە؟ ئەوە مـانای ئەوە بوو سـەرتۆپیـان، دەبوو مـردنیـان بەڕەزامـەندییـەوە قـوبووڵ کـردبا. ئەوسـا چی پێشی لێ دەگرتن؟ نە تۆپ، نە تفەنگ، نە جێتەکانی عیسمەت پاشا، بەئاسمانەوە بەری لێ نەدەگرتن.

لە بەرانبەرەوە، سێ جەندرمە بەدیارکـەوتن. بەرەو مـاڵ دەهـاتن. سـەفـەر بەجـــارێ زاڵەتەرەک بـوو. ئەوەندەی نەمـــابوو، زرم هـا بکەوێ! خـــۆی بەکـۆڵەکـەکـەوە گـرتەوە. بەدەسـتی خـۆی. خـۆی تووشی ئەم تەپکەو داوانە کردبوو. ئێرەیی بە تاشباش ئۆغلۆ دەبرد. بەوە کە گوندی بەچاوی ئەولیایان تەماشا دەکرد شێت و شبر دەبوو. هەرچییەکی کردبوو، هەموو ئەو کرمی ئێرەیییە پێی کردبوو.

ئەوا جەندرمەکان هاتن، تاشباشیان برد. کە جەندرمە تاشباشیان برد، خۆ لەم گوندە تەنیا لەگەڵ ژنان و مرێمۆکدا، هەی وەجاختـان بتەپێ، نامێنیتەوە؟ کێ دەڵێ ڕۆژێ، لە ناوەختدا دەرفەتی لێ ناهێنن سواری سەری نابن؟ ئەگەر مرێمۆکیان بەسەرەوە نەبێ، هەر ئێ، بەڵام مرێمۆکیان بەزین نازانێ. بەزین

قوبووڵ ناکا. هەلێکی چاکی بۆ هەڵدەکەوێ. کە بۆی هەڵکەوت، وشتی خۆی لێ دەکا. چما قەت سێ و دووی لێ دەکرد؟ تمەز چووبوو بۆ پۆلیسخانە، کار و کردەوەکانی تاشباش، حیکایەت هەڵبەستنەکانی یەکە یەکە بۆ شوکری یوزباشیی فەرماندەیی جەندرمە گێڕابووەوە. یوزباشیش بە لاس و پەلاسدا دەچێ: «کەواتا لەم چەرخی ئاتۆمەیشدا هێشتا هەر وەلییایەتی ماوە، ها؟ لەم چەرخی فەزا پەیکردنەیشدا هێشتا هەر مەهدی ها؟ من ئێسکی ئەو مەهدییە دەهاڕمەوە، کەلاکەکەی دەهاوێمە بەر سەیان. لەم چەرخەدا ها؟»

یوزباشی لە داخان وەخت بوو خۆی هەلاهەلا کا.

«هەر ئێستا، ئێستا جەندرمەی لە دوو دەنێرم، بیهێنن. هەر ئێستا ئێستا... پاشکەوتەیی ئاواییەکەمان، گوندییەکانمان هەموو، لە ناوچاوانی خەڵک چەوسێنی. کەڵەکبازی، دزودرۆزنیی هی وەک تاشباشەوەیە. هەر بەتۆپاندن دەیتۆپێنم. لەم تورکیای شۆڕشەدا و مەهدێتی ها؟ ئەولیای زەمانی عوسمانلی؟ هەر ئەوەمان مابوو...»

ئەم کەفوکوڵ و شاتەشاتەی یوزباشی تەنانەت سەفەریشی تۆقاندبوو.

جا ئەم سێ جەندرمەیە ئەو جەندرمانە بوون، هاتبوون تاشباشی ببەن، تاشباشیان دەبرد، سێ شەو و سێ ڕۆژ، پێنج شەو و پێنج ڕۆژیان لە پۆلیسخانەی دارکاری دەکرد.

جا هەروا بزانن و بیری لێ بکەنەوە، سەفەر، لە ناوچاوانی تاشباشەوە چیی بەسەر هاتبوو؟ گوندی، لە مەسەلەکەی عادیلەوە بووبوون بەدژمنی باوکوشتەی. ئەوا گوتمان، ئەمەی لە کۆڵ بووەوە و بەسەرچوو، قەیدی ناکا. ئەدی ئەو نەهامەتی و گۆتاوەڕۆیەی لە پاشان لەمە دەکەوتنەوە؟ ئەوا گوتمان ئەوانەیشی چارەسەر کرد. بەڵام مەمیدیک قوڕی بۆ گرتبووەوە! مەمیدیک ئەو هەموو دارکاری و ئەشکەنجەدان و ئێش و ئازارەی لە بیر دەچووەوە؟ تۆڵەساندنەوەی ئەم بۆرە پیاوانە بەکەرەم نییە، زۆر دڵڕەقانە دەبێ. ئەوجا لە پاش ئەمانە هەموو مەسەلەی تاشباش دەهاتە بەرەوە. لە پۆلیسخانە تێیان هەڵدەدا، دەیانکوتا، ئەشکەنجەیان دەدا، بەڵام ئەگەر هات و لە مردن ڕزگار

بوو؟ ئەوە ئەوساکە، بێ سێ و دوو، دەبوو بەپێمێردەی گیانە شیرینەکەی، عیزراییلی ڕۆحە ڕەوانەکەی. تاشباش لە ئانی دڵڕەقیدا، پیاوێکی ئێکجار دڕندە بوو.

«سلام ئەلەیک کوێخا.»

«ئەلەیکەسلام جومالی ئۆنباشی.»

«لە گوندەکەتان پێغەمبەرێ پەیدابووە، تۆ ئیخباریت لێ کردووە، کوێخا، هاتووین بیبەین. کەواتا، تاشباشی خۆمان بووە بەپێغەمبەر ها؟ پیاوێکی ئاقڵ بوو. قەتم بەخەیاڵدا نەدەهات بەو جۆرە لە ڕێ دەرچێ. لە گوندەکانەوە، بەلێشاو نەخۆش و دەردەداری بۆ دێن، ئاوها؟ گوایە هەر کە دەستێکیان پێدا دێنێ، یەکاویەکە، ها؟»

سەفەر:

«دە جارێ فەرموون، دانیشن.»

جومالی ئۆنباشی:

«نا نا، وەختی دانیشتن نییە، یوزباشی پێغەمبەرەکەی دەمودەست دەوێ.»

سەفەر شڵەژا، شپرزە بوو. دەستی بە دەستیدا دێنا.

جومالی ئۆنباشی، ناکرێ تاشباش نەبەن؟» دەیگوت. ئەم قسانەی بەزەحمەتەوە کرد. ئەو خەونی بەگرتنی تاشباش دەدیت. بێزووی پێوە دەکرد... نەدەبوو تەگەرە و کۆسپی تێ کەوێ.

«دوێنێ ئێوارە، تاشباش لە ماڵ دەرچوو. خەڵکی ئاواییی لێ خڕبوونەوە، سێ و چوار سەعات قسەی لەسەر ئەوە بۆ کردن، کە نە وەلییە و نە هیچ، هەیە و نییە، ئەویش بەندەیەکە وەک ئەم هەموو بەندەی خوایە بەڵام چ بکا، گوندیی لێ بەهەڵەچوون.»

کە ئەم قسانەشی کرد، زۆری بە نەخوایشتەوە کردن.

جومالی ئۆنباشی:

«تۆ شێتی؟» گوتی، «لە سەرێکەوە دەچی لە لای یوزباشی ئیخباریی لێ

دەدەی، لەم سەریشەوە، ئێستا وا دەکەی؟ ئەمە چەندی بەچەندە! تازە یوزباشی فەرمانی دا و بڕایەوە. دەیبەین و ئەمەلا و ئەولای نییە. یوزباشی گوتی، ئەگەر گوندی سەرپێچیی، شتێکیان کرد، گورج خەبەرم دەیێ، بلووکە جەندرمەکە سەرلەبەر، وەدووخۆ دەدەم و دێم.

سەفەر کە زانی مەسەلەکە بڕاوەتەوە، گۆڕا، هەرچییەکی کردبا، هەرچییەکی گوتبا، بێ سوود بوو، تاشباشیان هەر دەبرد، هێز نەبوو پێشی لەم بڕیارە گرتبا. یوزباشی بڕیاری بێ چەندوچۆنی خۆی دابوو.

قیراندی گوتی:

«نەخێر نەخێر، جومالی ئۆنباشی. منم کوێخای ئەم گوندە. ناتوانن ئەوەم لە دەست بستێنن. پیت و فەڕی ئەم گوندە ئەوە.»

جومالی ئۆنباشی پێ کەنی:

«تێ گەیشتم کوێخا،» گوتی «تێ گەیشتم چ ئاین و ئۆینێ دەگێڕی. پاش ئەوەی تاشباش دەڕوا لە قوونی خۆت دەترسێی، نەبادا گوندی بتخۆن. بەڵام بیست و پێنج لیرەیییەک مەسەلەکە یەکلا دەکاتەوە. دەنا، دەیکەم بە هەرا، دەڵێم کوێخا خەبەری لە تاشباش داوە. بیست و پێنجییەکە هەر ئێستا دەرێنە.»

سەفەر بەهەڕاکردن چووە ژوورەوە. پارەکانی لە ناو دەستیدا توند توند گرتبوو:

«فەرموو، ئۆنباشی،» گوتی، «وەک شیری بەری دایکتت پێ حەڵاڵ بێ.»

جومالی ئۆنباشی:

«دە ئیتر، تا دەتوانی بقیڕێنە کوێخا.»

سەفەر سەری لە پەناگوێی ئۆنباشی نا:

«با بچین بۆ ماڵی تاشباش. لەوێ دەیکەم بە هەرا و قیڕوهۆڕ، لەوێ دەیکەم بەڕۆژی حەشر، دەگریێم، دەناڵم، دەپاڕێمەوە، خۆ لەو سەر ئەرزە پەلکێش دەکەم،» گوتی. «تەنیا تکایەکم لە تۆ ئەوەیە ئۆنباشی، من کە خۆم لە کاری تۆ

هەڵقورتاند، تۆ یەک دوو قۆناخە تفەنگ لە شان و شەپێلکم بسرەوێنە... من خۆ دەبووڕێنمەوە، ئەتۆ گوێ مەدەیێ...»

ئۆنباشی:

«وەی چەند سەرمایە خوایە... کوێخا، زۆرم سەرمایە،» گوتی.

سەفەر:

«خوا خۆشت کا ئۆنباشی. خوا جەزات بداتەوە. ئەی چۆن، تۆ سەرماوسۆڵە نەکێشی، کێ بیکێشێ. ئەم هەموو نان و نمەکی چەند ساڵەمان بەلاشە. هەر خۆش بی!»

بەرەو ماڵی تاشباش بەڕێ کەوتن.

«نایبەن، بەهەرچی نازانم چی هەیە. نایبەن،» سەفەر دەیشیراند ئەمما دەیشیراند. «گوندیش و منیش ئەم تاشباشەمانتان نادەینێ، هەروا بەسووک و ئاسانیی ببەن. ئەگەر ڕۆح و گیانتان بردووین ئەو نابەن. چما ئێوە من و گوندییەکانم بە مردوو دەزانن؟»

خوا کردبای گوندی سەرپێچییەک، کەڵەوەکێشییەکیان کردبا، بیانکردبا بە هەرا، بیانگوتبا، تاشباش نادەین... سەد لیرەی بەئۆنباشی دەدا. خوا کردبای یوزباشی بەبلووکێ جەندرمەوە هاتبا، گوندیی بەورد و درشتەوە لە زیندان توند کردبا...

بە هێواشییەکەوە:

«ئەگەر گوندی بەربەرەکانێیان کرد، سەد و پەنجا لیرەت لێ حەڵاڵ بێ،» گوتی.

ئۆنباشی بزەیەکی هاتێ:

«ئەوەیان بەدەستی خۆتە، ئەتۆ بیانبزوێنە.»

گوند هەر ماڵە، لەبەر دەرکەی خۆی ڕاوەستابوو. هەرچی بەردەرگای ماڵی تاشباش بوو. قەرەباڵغییەکی زۆری لێ کۆ بووبووەوە.

ئۆنباشی تێی ڕاخوڕین:

«بڵاوەی لێ بکەن سەرسەرییینە،» گوتی. پاشانیش گوتی: «مەمەد تاشباشی کوڕی مەمەد، تۆیان لە پۆلیسخانە دەوێ، وەرە دەرێ.»

سەفەر یەکسەر قیڕاندی:

«نەیەی تاشباشی برا، جەلبی بەدەستەوە نییە، فەرمانی هاتنە ژوورێی پێ نییە. جومالی ناتوانێ بتبا،» گوتی.

گوندی بەهەڵەداوان هەموو بۆ بەردەرکەی ماڵی تاشباش تاویان دەدا و لەوێ ڕادەوەستان. مرێمۆکیش خۆی بەسەر دارئاساکەیدا دابوو، لە پێشەوەی بڕی ژنەوە ڕاوەستابوو.

تاشباش بەرگی هەرە جوانی جێژنی لەبەر کردبوو، خۆی جوان و زەریف تاسولووس دابوو، هاتەدەر. دەموچاوی بزەیەکی تەوساویی پێوە دیاربوو.

«فەرموو، ئۆنباشیم،» گوتی.

«یوزباشی دەیەوێی.»

«فەرموو با بڕۆین.»

سەفەر:

«نابێ. قەت نابێ،» گوتی، دەستی بەقیرەقیڕ کرد. «ئێوە ڕۆحە شیرینەکەی ئەم گوندە دەبەن. تۆ ناتوانی توخنی تاشباش کەوی. پەنجەی بۆ ببەی، هەردوو دەستت ڕەق دەبن، قسەی ناشایست بکەی زارت خوار دەبێ. هیچ جۆرە مافێکی قانوونیت بەدەستەوە نییە، هیچ دەستاوێژێکت پێ نییە. هەقی بردنیت نییە. ناتوانی تاشباشمان لە دەست بستێنی. ئەم گوندەی ئێمە کە تا ئێستا وا بەسەر پێوە وەستاوە، لە سای حورمەتی ئاوڕووی ئەوەوەیە. کە لە پەتا و ئاهۆ و مار و حەزیا و بوومەلەرزە ڕزگاری بووە، لە سای حورمەتی ئاووڕووی وییە.» شانی تاشباشی گرت: «دە ئەوە منیش نایێنێرم،»

گوتی. «ئەگەر دەتوانی لە دەستمی بستێنی فەرموو بیستێنە،» گوتی.

تاشباش شانی ڕاپسکاند، خۆی لێ قوتار کرد.

جەندرمەکان تاشباشیان وەپێشەخۆ دا، بەڕێ کەوتن.

سەفەر گەڕایەوە بۆ لای قەرەباڵغییەکە:

«ئەرێ ئێوە هیچ خوێنێ، ئینسانەتییەکتان بەدەماردا ناگەڕێ؟ بڕوانن، ئەوەتا بە بەرچاوی خۆتانەوە گلێنەکەی چاومان دەبەن. بۆچی وا ڕاوەستاون؟ بۆ، بۆ، بۆچی وا ڕاوەستاون؟»

سەرپاکی گوند بەورد و درشتییەوە خڕبووبوونەوە. ورتە لە کەسەوە نەدەهات.

«ئەرێ لەگەڵ ئێوەم نییە، ئەوە یانی چی وەک ماستی مەییو وەستاون و زەق زەق تەماشا دەکەن. کورە غیرەتێ، کورە پیاوەتییێ، ئەوەتا وا دەیبەن، پیری مەزنمان دەبەن، پیری مەزن.»

پێش تاشباشی گرت، نەڕاندی:

ڕاوەستە،» گوتی. «ڕاوەستە، مەڕۆ سوڵتانەکەم. ڕاوەستێ مەڕۆ نەوجوانەکەمان. مەگەر بەسەر لاشەکەمتدا ببەن، ئەگینا کەس ناتوانێ بۆ پۆلیسخانەت ببا.»

لەو دەمەدا ئۆنباشیی لێ نزیک بووەوە، تا هێزی تێدابوو قۆناخە تفنگێکی مزری بەناوشانیدا کێشا. سەفەر زریکەیەکی کرد و کەوت. لەوسەر بەفرە گلۆر بووەوە. ئۆنباشی قۆناخە تفەنگی زۆر بێ ڕەحمانەی پێدا کێشابوو، سەفەر، بەگاڵتەی نەبوو، هەر بەڕاستی گرمۆڵە بووبوو، گلۆر دەبووەوە.

بەهەزارحاڵ هەڵستایەوە، خۆی لەسەر پێ ڕانەدەگرت. ڕووی دەمی لە گوندییەکان کرد: «هەی بێ دینینە، هەی بێ ئیمانینە،» هێواش هێواش بەدوای جەندرمەکان کەوتبوو، دەڕۆیشت، «ئەرێ ئێوە غیرەتی ئەولیا و پیرتان نییە، غیرەتی گوندیتان نییە؟» ددانی ڕیچ دەکردەوە و توند هەردوو شانی خۆی دەگرت.

دڕی بە قەرەباڵغییەکە دا، لە پێشان هەڵی کوتایە سەر جەندمەکان.

«مەگەر بەسەر لاشەکەمدا بڕۆن...»

ئۆنباشی گوڕی ساندەوە، گوڕی ساندەوە، هەر بۆ خۆیشی زەلامێکی زۆر

بەگوڕ بوو، بەهەموو هێزێکیەوە قۆناخە تفەنگێکی دیکەی پێدا کێشایەوە. سەفەر هاواری کرد و کەوت.

«کوشتمیان، کوشتمیان. فریام کەون گوندیینە،» گوتی.

ئۆنباشی بە بزەیەکەوە:

«کار وا بڕوا، ڕۆح دەرناکەی، سەفەر،» گوتی. ددانی گرِ کردەوە «هەی قورمساخ،» گوتی. جارێکی دیکەی بەر هەل کەوتبا، هەر بەڕاستی سەقەتی دەکرد، بەقەستی کوشتن تێی دەسرەواند.

سەفەر ڕاست نەدەبووەوە، هەر بەڕاستی هەڵنەدەستایەوە. خۆی پەلکێش دەکرد. گوندی بە بەزەوە، بەکنیدا، بەملایدا، بەولایدا تێ دەپەڕین، لەدووی جەندرمەکانەوە دەڕۆیشتن.

«ماڵتان خەرا نەبێ، بۆچی هەڵم ناگرنەوە. پەککو لەو کافرستانییە،» دەیگوت و دەپاڕایەوە. «هەڵم گرنەوە. کورە نامەردتان نەکەن هەڵم گرنەوە...»

لە ناکاو هۆمەری بەرچاو کەوت:

«هۆمەر، ڕۆڵەکەم، تۆیش وەک بەرەی گوندی بووی بە کافر؟ کورە لەمنت نەکەوێ، دە هەڵم گرەوە، هەڵم گرەوە، بچۆ تاشباشەکەمان، وەلییەکەمان لە دەست جەندرمەکان بستێنەوە.»

هۆمەر هات، بێ ئەوەی هیچ بڵێ، هەڵی ساندەوە، لەوێی بەجێ هێشت و ڕۆیشت. هۆمەر دەیزانی، پیلانێ لەم کارەدا دەگێڕێ، بەڵام چ پیلانێکی دەگێڕا؟ نەیدەزانی.

«وەلییەکەمان مەنێرن، مەینێرن، با نەڕوا. بڕوا ئەم گوندە نوقم و نوغرۆ دەبێ، نوقم دەبێ، نوقم دەبێ...»

چەند جارێکی دیکەیشی هەوڵ دا هەڵمەت ببا، بەڵام ترسا. ئەم جومالی ئۆنباشییەیش کابرایەکی بێ ویژدان بوو. لێدان واتە، کوشتن لەکن ئەو. دەوروخولی دەدان، بەڵام بەهیچ جۆرێ نەیدەوێرا توخنیان کەوێ. ئۆنباشی چاوترسێنی کردبوو. بەجارێ نائومێدیش بووبوو. نەک تاشباش بردن، بگرە

هەر لەوێ، یخیشیان دایە، وەک مەڕ سەریشیان بڕیبا، نەک بەربەرەکانێ، بگرە لە سەری بەدەنگیش نەدەهاتن.

ئەویش بێ دەنگ، بەدوای حەندرمەکان کەوت، تێکەڵ بە قەرەباڵغییەکە بوو.

تاشباش لە پێشەوە دەڕۆیشت، سەری قیت گرتبوو. نەختێ زەردیی پێوە دیاربوو، بەڵام وەک بڵێی هەر ئاگای لەم حاڵ و حسابە نەبێ وابوو. بێ پەروا و بێ باکانە دەڕۆیشت.

هەر کە لە گوند دەرچوون سەفەر قیژەیەکی کرد و جارێکی تر لە جەندرمەکان ڕۆهات، تەماشای جومالیشی دەکرد، وەک لێی بپاڕێتەوە و بڵێ پیاوی چابە، زۆرم دڵڕەقی لەگەڵ مەکە، زۆرم بەقایم لێ مەدە. جومالیش نەیکردە نامەردی، وەک ئەمەیان دوا قۆناغە تفەنگ بێ، هەرچی هێز و گوڕی تێدابوو، دابوویە باڵی، لەگەڵ دای هێنایەوە، گوێی لە خرچەیەک بوو.

سەفەر:

«ئۆف باوکەڕۆ،» گوتی و کەوت.

گوندی ئەم جارە چوون لەسەر بەفرەکەیان هەڵگرتەوە. کە چاوی کردەوە، تەماشای کرد، گوندیی لەسەر خڕبوونەتەوە و جەندرمەکانیش تەواوێ دوورکەوتوونەتەوە.

«ڕۆیشتن؟ بردیان و ڕۆیشتن؟» گوتی بەنکەنکەوە. بە تاو هەڵستایەوە سەر پێیان. حاڵی بەسەرپێوە ڕاوەستانی زۆر بەبەرەوە نەمابوو. لە دوای جەندرمەکانەوە قیژاندی: «ئەوە دەیبەن، بەگوێیان نەکردم. خراپەی لەگەڵ نەکەن ها؟ وا پێتان دەڵێم. لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێن خوا هاوار! پەنجەی تێوەدەن وای بەحاڵتان... ئەگینا ژنتان بێوە دەبن، منداڵتان بەمردوویی دەبن. ئەم وڵاتی تۆرۆسە بوومەلەرزە وێرانی دەکا، لافاو دەیبا. تووشی ئاگرکەوتنەوە و سووتمان دێ. کۆماری تورکیاش تووشی نەهامەتی و مەینەتیی شەڕوشۆڕ و سەفەربەر و قاتوقڕ دێ. دەوجا خوامەوخوا پەنجەی یەکێکتانی پێ کەوێ. نەڵێن کوێخا سەفەر پێی نەگوتین، کورە ها... تاشباشە قۆچاخەکەم، گەورەکەم، خواحافیز، بەسەلامەتی بڕۆیی و بەسەلامەتی بگەڕێیەوە! خەمت

نەبێ، کەس دەست بۆ مووێکت نابا ها!»

دەنگی کز و لاوازبوو، نکەیەکی بۆ کرد، دەبیسترا و نەدەبیسترا:

«بە دڵی خۆش،» گوتی، «بە دڵ ڵ ڵ ڵی خ خ خۆشششش...» و تەپ بەربووەوە سەر بەفرەکە و گرمۆڵە بوو. ئە لەمەدا، سەفەر بەدرۆ خۆی بووراندبووەوە.

گوندی وەک تاباری کەوتوو هەڵیان گرتەوە، بردیان، تا گەیاندیانە ماڵ ورتەیان نەکرد. تەنیا مەمیدیک نەبێ کە لە شوێنێکی دوور لە قەرەباڵغییەکەوە دەڕۆیشت، هەرچەند سەفەری بەو فرۆفێڵ و کەڵەکبازییە دەدیت، ددانی ڕیچ دەکردەوە و هەروا لە بەرخۆوە دەیبۆڵاند:

«هەی سەفەری هەزار ڕوو، دوو هەزار ڕووی درۆزنی پەست و ئاڵچاخ، هەی لە دایەت، هەی لە ژنت، هەی لە تیرە و ڕەگەمات، هەی لە ورد و درشتت،» و جنێوی دەدا.

٣٩

سەفەر بەناو گوند کەوتبوو، دەیگرماند. گوندیی بەڕاست و چەپدا بۆسۆ و سووک و ڕیسوا دەکرد، تووکی لێ دەکردن، تۆڕ و نزای لێ دەکردن.

«بردیان،» دەیگوت. «لە نێو گوندێکی زل و زەلامیان وەدەرنا، بردیان، سێ جەندرمۆکە هاتن، ڕۆحەکەمانیان بە بەرچاومانەوە برد و ڕۆیشتن. سۆمای چاویان بردین، پیت و بەرەکەتی کێڵگەیان بردین، بارانی مەزرایان بردین، شیری چێڵەکانیان بردین، هەنگوینی شارە هەنگەکانیان بردین، بەروبووی دار و درەختەکانیان بردین، شینایی جەنگەڵ و لێڕەکانیان بردین، ژنانیان لە زاوزێ خستین، ئەو بەندە جوان و شیرینەی خوایان بردین و ڕۆیشتن. هەروا بەئالەم ئاشکرا و بە بەر چاومانەوە. لە خۆم بەولاوە کەسێکی تر پەلەقاژەیێ، هەڵپەیەکی نەکرد، هەر لە منیان هەڵدا و بەس.»

باڵە هەڵپێچراوەکەی پیشان دەدا. لەگەڵ یەکەم قۆناخە تفەنگی ئۆنباشیدا باڵێکی لە جێ چووبوو. ئاشقەکەچەڵ بۆی گوتبووەوە. جا دێشا، دژمنت بەحاڵی نەبێ. لە تاوان وەک منداڵ دەگریا.

«کاکە ئازارەکەی لەوەدا نییە، لە ناوچەرگم کار دەکا،» دەیگوت. «ئەگەر ئێوەشم لەگەڵدا بوونایە، ئۆنباشی دەبوو بەو پیاوە تاشباشمان وەپێشەخۆ دا و بۆ شێتخانەی ڕاپێچێ. چما هەموو ئازای لەشیان هەنجن هەنجن نەدەکرد. ڕۆحەکەی نەدەبردین، لە بەهەشتی کەرانی باوێ. ئەگەر ئێوە بڕۆکەک پیاوبان... ئاخ خ خ گوندیی بێ نامووس...»

لە پاش ئەم «ئاخ خ خ گوندیی بێ نامووس»ە، پەسن و بەشان و باهوو هەڵدانە بەناوبانگەکەی تاشباش ئۆغڵوو دەهاتە بەرەوە. ها، نەبوو دەیانگوت: «ژنان قسر دەبن، ئیتر باران لەم گوندە نابارێ.» سەفەر هەر کەسێکی تووش دەهات ئەم پەسن و بە شان و باهوهەڵدانەی ئەوەندە بۆ دەگوتەوە بەجارێ لە تامی دەردەکرد. بەگێڕانەوەکەی مەست و سەرخۆش دەبوو. چاوەچاوی ئەوەبوو گوند ئەم پەسن و پێداهەڵدانە ببیستێتەوە و دیسان ژێروژوور بێ و ئەو لەسەر تەختە چۆڵەکەی وەلییایەتیی تاشباش دانێ، بەڵام گوندی هەر مووشیان پێ نەدەبزووت، هەروەک لەگەڵ وانیشی نەبێ وابوون گوندی.

لە تەهی دڵەوە، بەباری هەرە خۆشی دەنگیدا، پەسن و بەشان و باهوهەڵدانی دەگوت، بەڵام گوندیی بێ نامووس چما تێ دەگەیشتن؟ لەم گوێیانەوە دەچووە ژوور و لەو گوێیانەوە دەردەچوو. هەرچییەکی بکا بێ سوودە.

چاکە، ئەم گوندییانە تاشباشیان بە چی دەزانی، چییان تێدا دیتبوو؟ چییان پێ شک دەبرد وا بەو ڕەنگەیان خۆ پێوە هەڵاواسیبوو؟ پەسن و پێدا هەڵدانی لەوی چاتر دەکرد، دووعای چاکەی لەوی چاتر دەکرد.

«ئاخ، خۆزگە جارێکی تر تاشباشەکەم بەچاوی ڕۆشنەوە دیتبایەوە، خۆم هاویشتبا بەرپێی، بە بەندەی ئاڵقە لەگوێی قوبووڵ کردبام. بەدرێژیی عومرێ و...»

گوند، سەرلەبەر قسەیان کردبوو بەیەک، کەس متەقی نەدەکرد. سرتە لە گوندەوە نەدەهات، جووڵە مانای تێدا بەرچاو نەدەکەوت. ژیان تێکڕا بڕستی لێ بڕابوو، گوند گیانی لەبەر بڕابوو، هەرچی هەبوو و نەبوو لە گوند، هەموو

کشابووەوە نێو قەپێلکی خۆی. لە گڤەی باوبۆران، کرێوە لەولاوە، کە دەتگوت لەو پێدەشتەوە هەڵاتوون بەناو کووچە و کۆڵانی گونددا چنگ لە سەرشان ڕاو دەنرێن. دەنگی چیی دیکە نەدەبیسترا. ڕەنگە بپرسی کرێوە چۆن دەنگی دێ! خۆ پێکوڕە و گەزندەی باڵدارت دیون، جارجارە باڵیان لێک دەخشێنن. بۆرە دەنگێکی لێوە دێ، ناو ئاوایی دەنگێکی بەو جۆرەی لێ دەهات. سەگی سەگ ئاسایی چییە نەدەحەپی. چما کەڵەشێرێ دەیقووقاند.

لەوەتی دنیا دنیابوو پرسەی وای بەخۆیەوە نەدیتبوو. هەی لە دایەی گوندیش... تۆ تەماشا، بۆ تاشباشێ، بۆ گیراوێکی بێ نامووسی جەرگ و دڵ بابیی پوولێکی شێتی شێتخانە... ئەمە چ پرسەیەکە، کوڕینە؟»

دەبوویست بچێتە دەرەوە، لە ناوەندی گوند، تا هێزی تێدایە. لە بەیانییەوە تا ئێوارە هەر بقیڕێنێ. یەک دوو جارێکیشی خۆ تاقی کردەوە... چوو لە ناوەڕاستی ئاوایی ڕاوەستا، من دەڵێم هەزار، تۆ بڵێ دوو هەزار جاری ئەو پەسن و پێداهەڵدانە بەناوبانگەی تاشباشی گوتەوە، هەر گوتی و گوتیەوە، هەر وشەیەکی دەیگوت لە ناخی دڵیەوە، لە هێسک و پروسکیەوە هەڵدەقەندرا. بەڵێ هەڵدەقەندرا، بەڵام گیانلەبەرێ چییە سەری دەرنەدەهێنا، گوێیەکی بداتێ. سەفەر درا، هەڵزڕا، هێندەی قیژاند، هێندەی نەڕاند، هەرکەسی بەتەنگەوە نەهات، ئەقڵی لە سەردا نەما، گوندی، دایک و ژنی گوندیشی لە کەران کێشا، هەرچەندیشی جنێو دەدانێ و لە کەرانی دەکێشان، هەر ئەوە نەبوو لە ترسان زراویشی نەتۆقێ. بەئاوڕدانەوە و ترس و لەرزەوە ڕای کردەوە بۆ ماڵێ، دەرکەی لەخۆ پێوەدا، دەستی دایە تفەنگ، لە پشت دەرکەوە دەستی بەچاوەڕێ کرد. ها ئێستا، ها نەختێکی تر بەسەریاندا دەدا. لە پێش هەموانەوە، مریمۆک بەو ڕک و تووڕەییە بەڵایەوەی دەهات، دەرکەیان دەشکاند، ئیدی ئەم جارە، بێ چەندوچوون، تۆڵەی بەرودوایان لێ دەستاندەوە. هەر چاوەڕێی کرد، هەر چاوەڕێی کرد، نە کەس هات، نە کەس چوو.

«ئەم گوندییانە تۆراون،» گوتی، «لە حکوومەت، لە عیسمەت ئینۆنۆ، لە

مستەفا کەماڵ، لە دار لە بەرد، لە جومالی ئۆنباشی، لە وڵاتی تۆرۆس، لە محەمەدی ناوجوان، لە خوا، لە قورئان. لە ئاسمان، لە دەریا، لە زەوی، لە مێروو، لە سەفەری کوێخامان. ئەم گوندییانە وا تۆراون، وا تۆراون، لە مریمۆک خراتر. جارێکی تر ئەم گوندییانە دڵیان لەگەڵ ئەم دنیایەدا ئاشت نابێتەوە.»

سەفەریش کشایەوە نێو قەپێلکی خۆی.

«برۆن، هەر بەحاڵی خۆتانەوە بتلێنەوە،» گوتی. «منیش لەورۆ بەپاشەوە دەست لە هیچ کارێکتانەوە نادەم، هەقم بەسەر هیچ مەسەلەیەکی گوندییەوە نییە. برۆن لە دنیا بتۆرێن. بتۆپن سەگینە!»

ئەم حاڵە چۆن دەبڕایەوە، گوندی چۆن جارێکی دیکە ڕوویان دەگەشایەوە؟

تاشباشیان هاویشتووەتە شێتخانە... دەڵێن شێتخانە بەهەزاران شێتی تێدایە. ئەفەندمە سۆیلەری، لە ناکاو، لە چاو ون دەبێ. ئەو هەموو شێتە بەربەرەڵلا دەمێننەوە. هەتا تاشباش دەرباز دەکرێ هەر ئاوها دەمێننەوە، لەپڕ شێتخانە جوان جوان دەگەڕێتەوە جێگەی خۆ...

ئیدی گوندیش هێندەیان گوێ بەو جۆرە حیکایەتانە نەدەدا. بەڵێ، جاران بوایە، وەک دەرۆزەکەرێ کیسە زێڕی دیتبێتەوە. ئاوها بەو جۆرەیان پڕ دەدایە ئەم حیکایەتانە.

ئەم گوندییانە چۆن لەم خەوی مەرگەساتە بێدار دەبوونەوە؟

سەفەر ئیدی بەتەواوەتی لە مەسەلەکە گەیشتبوو. لە دنیادا، لە ئینسانی تۆراو سامناکتر نییە. کورە خۆ گوندی تاین بووبوو بەگۆڕستانێکی کڕوکپ و بێ سەرحەد و سنوور.

سبەینانێکیان سەفەر لەگەڵ هەراوهۆریادا چاوی هەڵێنا. دەنگەدەنگی پیاو و ژن و سەگ و کەڵەشێر تێکەڵاو بووبوون، هەرایەک بوو، ئەرز و ئاسمان و دەشت و دەری هێنابووە هەژین. گورج لەناو جێ دەرپەڕی. هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو. لە ڕۆژهەڵاتەوە، پەڕاوێزی وردە تیشکی لە گەواڵە هەور نابوو. لە پێدەشتەکانەوە ساماڵ هەڵی کردبوو.

«چ بوو، چ قەوماوە؟»

چ دەقەوما؟ ئەویش نەیدەزانی. لەبەرئەوەی لە سەروکاری مەسەلەکەی دەزانی، بەرەو ماڵی تاشباش ڕای دەکرد، کە گەیشتە لای ماڵی تاشباش تووشی قەرەباڵغییەکی بە نەشئە و ڕووگەش و دەم بەپێکەنین بوو، یەک بانگی دەکرد، یەک دەیقیڕاند، دەرکەی ماڵی تاشباش بەتاک بوو. دڕی بەقەرەباڵغییەکە دا، چووە ژوورەوە. تاشباش ئۆغڵو لەبەر ئاگردانەکە هەڵکورمابوو، چاوی بڕیبووە ئەسکڵ و پەنگری نێو ئاورگەکە. سەفەر لەپڕ خۆی بەعاردیدا دا، بەسەر دەست و پێی تاشباشدا کەوت:

«بەخێرهاتیەوە گەورەی هەموومان، وەلییەکەمان، پیاوچاکەکەمان،» گوتی. «بەخێربێیەوە، خێر و بەرەکەتت هێنا، پەیکی محەمەدی ناوجوان. بەخێرهاتیەوە گوڵی سەرچڵان، سەوزاییی لێڕ و دارستانەکانمان، خوڕژمی چۆم و ڕووبارەکانمان!»

تاشباش ئۆغڵو لە سەرەخۆ، سەرێکی هەڵبڕی، بەقێزەوە تەماشایەکی کرد، پاشان دیسانەوە لە سەرەخۆ، چاوی لێ ڕاگوێزت و لە ئەسکڵ و پەنگرەکان ڕامایەوە.

ئەو گوندییانەی لە دەرکەوە دەهاتنە دەرێ دڵیان زۆر خۆش بوو:

«ڕووی نەدایێ، نەیدواند،» گوتیان.

ئەم قسەی ڕووی نەدایێ و نەیدواندە ماوەیەک وەک قریوەی خۆشی و شادی دەماودەم بەسەر زارانەوە گەڕا و بۆ یەکتری ساندرایەوە.

«تاشباشی مەزنمان، خۆ ئەو ئۆنباشییە هیچ ئازارێکی ڕۆحە جوانەکەتی نەدا؟ خۆ ئەو کابرایانە پەنجەیەکیان لەو لەشە لە پەڕەی گوڵ ناسکتر و لە ئاوریشم نەرم و نیانترەت نەدا؟ منیش هەر خەمی ئەوەم بوو، دەمگوت، نەکا شتێ لە تانجەکەی سەرمان، لە گلێنەکەی چاومان بکەن. هەر وەخت بوو لە ترسان فراقی ڕەش بکەم. زۆر شوکور، زۆر شوکور! خوایە شوکرانەبژێرم. خۆ لەوەتی تۆ ڕۆیشتووی، ئەم گوندە ئێستا نەمردووە حەوت ساڵە مردووە، سەرتاپا لە شین و شەپۆڕ و پرسە و ئازێتباریدا بوو، گەورەی هەمووان. هەر

کە گەڕایتەوە، گوند یەکسەر گیانی بە بەرا هاتەوە. وەک خوێن بەدڵ و هەناوماندا گەڕای و سەرلەنوێ لەگەڵ ژیانت شاد و شوکور کردینەوە.»

ئەو هەر دەیگوت و دەیپرست و تاشباش بووبوو بە بەرد، ئاوڕێکی لێ نەدەدایەوە، سەیرێکی نەدەکرد. سەفەر خواخوای ئەوەی بوو، تاشباش تاکە قسەیەکی لەگەڵدا بکا. ئەو تاکە قسەیە باری لە ناو گوند، سا هەرچۆنێ بوو، بەبارێکدا ڕاست دەکردەوە و هەڵوێستی بنچەسپ دەکرد. بەڵام ئەو ناکەسیی کردبوو. تەنیا قسەیەکی لە دەم نەدەهاتەدەر.

«بەڵام،» گوتی لە پاشان، «بەڵام تاشباشی مەزنمان، خۆ کاتێکی جەندرمەکان جەنابتیان برد...» ئەمەی هێند بەئاسپاییەوە دەگوت، تەنیا هەر تاشباش گوێی لێ بوو و بەس. «ئەو دەمی سەری بگری و بنی بگری هەر من گریام، هەر من بەپەلەقاژێ کەوتم. ئەم گوندییانەی تۆ بەگوندیی خۆتیان ناو دەبەی، هەر مووشیان بۆت نەبزووت. جەندرمەکان هێندەیان بەقۆناخە تفەنگ کوتام، هاها باڵم، ئەوەتا وا بۆ خۆی لەجێ چووە. بەقوربانی نووخانت بم، دە قسەیەکم لەگەڵ بکە، دە قسەیەکم لەگەڵ بکە ببین بەدۆست. دە قسەیەکم لەگەڵ بکە، ئێکجار لە بەرچاوی گوندی وا ڕەزیل و سووک و ڕیسوام مەکە... من دۆستی تۆم، لەمەوپاش لە خزمەتتدام. لێم خۆش بە. خۆ هەر خراپەیەکم کردبێ لە خۆتەوە دیارە و ئاشکرایە. ئیتر جارێکی تر خراپەت لە هەق ناکەم. دەبم بەپیاوێکی چاک، دێمە سەر دینت، دەبم بەدۆستی گوندی، دەبم بەئینسانێ لە گوندییەکانی بەولاوە بیر لە هیی ئیدی نەکاتەوە. دە ئاوڕێکم لێ دەوە، دوو قسەی خۆشت لە دەم دەرێ. مەردی خوابە، لە پێش چاوی گوندیم سووک و ڕیسوا مەکە، دەدەی بەقوربانت بم. خۆ نەبووی بە بەرد! ئەی تۆیش ئینسان نی، دڵی ئینسانت نییە! گەورەی هەمووان... ئەی دڵەکەت دەزگای ئاسنگەرە ڕۆحم بەفیدات؟ ئێستا هەر قسە ناکەی و ناکەی؟ دە ئەگەر نەیکەی...»

گوندی چووبوونە ژوورەوە، لە بەراییەوە، گوێیان هەڵخستبوو، بزانن چی لەگەڵ تاشباشدا دەڵێ بەڵام سەفەر ئەوەندەی بەئاسپایی قسە دەکرد...

«دە دوو قسـە بکا، ئاخر لە پاشـان بۆخۆت خـراپە، کورە خـراپ دەبێ، کابرا خراپ دەبـێ، دوایی دەتبەزێنم تاشـباش. ئەوا ئەم ڕۆحـە شـیرینەیشم نەویست فـەرمـوو بۆ تۆ. دە قسـەیێ بکە، ئەگـەر نەیکەی دوایی بەچاوی خـۆت دەیبینی. تاشـباش ئۆغـڵـووی تاشـبـاش. ئەمـە زۆر چاک تێ بگە، لەمـەوپاش سـا خـوا بە تۆی دەدا، یا بە من...»

بەسـەر دەست و پێی تـاشـبـاشـدا کـەوتبـوو، توند توند داوێنـی گرتبـوو. لەپڕ دەستی لێ بەردا و هەڵستا.

«سـەفـەرم پێ نەڵێن، سـەفـەر نەبم، ئەگـەر منیش لە هـەق ئەو وەلییـایەتییـەت نەیەم!»

بە هـەڕاکردن، سەرشۆڕ، دڕی بەقەرەباڵغییەکە دا، بۆی دەرچوو.

چ لـە کــاتی قــســـەکــردن و لـێ پـاڕانەوەیدا، چ لە ئانی هـەڵســـتــان و هەراکردنەکەیدا، بۆچی تاشـبـاش، ئێسـتـا و ئێسـتـایش سـەرێکی هەڵبڕی و چاوێکی لە ئەسکڵ و پەنگری نێو کوانووەکە ڕاگوێزت، یا جووڵەیەکی کرد.

گوندییـەکان لە دوورەوە دەسـتیـان بەئۆخـەی ئۆخـەی دەسـخۆش دەسـخۆش کرد.

«چوو، دەست و قاچیشی ماچ کرد، هەر ئاوڕیشی لێ نەدایەوە.»

«حەزرەتی تاشباشمان...»

سـەفـەر، وەک هـەمــووی بەگـوێی خـۆی بیـسـتـبێ، زانی چیـیــان لە بارەوە گوتبـوو. بەسـمێڵ کـرۆشـتنەوە چووەوە بۆ مـاڵ، تفـەنگەکـەی بەدیوارەوە بوو، هێنایـە خـوار، لەسـەر ڕانی دانا، پاکـەتە فـیـشـەکێکی تـێ خـست، فـیـشـەکی هـاویشـتـە بەرێ... چەند هـانگاوێکی بەرەو دەرێ نـا، لە پاشـان لـە بەردالانەکە ڕاوەستا.

فەرمـانی مـەرگی خۆی ئەو ڕۆژە مـۆر کردبوو تاشـبـاش. جـارێکی تر لە پاش ئـەوحــــاڵـە، چۆنـی چـاو لەبـەر گــــوندی هـەڵێنـابا؟ ئەی هـەر ئـەم ســــووک و ڕیسـواکـردنەی نەبوو، تاشـبـاش بەدرێژاییی عـومـری لەدووی دەگـەڕا؟ ملی لە چەقۆ دەسوی. «ئەو من بکوژێ من ئەو نەکوژم... بەڵام هـەر شـتە و هـەلی خـۆی

هەیە. ئەوەی بەتووڕەییەوە هەڵستێ بەپەشیمانی دادەنیشێتەوە. هەموو کارێ دەبێ نەخشەی بۆ بکێشرێ. بڕوانە، تەنانەت حوکوومەتیش بێ نەخشەکێشان مل لە هیچ کارێ نانێ. حوکوومەت، حوکوومەت بێ...» تفەنگەکەی گەڕاندەوە جێگەی خۆی.

یوزباشی لە پێشان بەتووڕەیییەوە، بەتووڕەیییەکی واوە هەر ئەوەندەی نامێنێ بیکوژێ، دەیبەنە پێشی: «کەواتا،» گوتبووی، «کەواتا تۆ بوویت بە مەهدیی زەمان؟ کەواتا، لەم چەرخی ئاتۆمەدا، لەم چەرخی فەزاگەڕانەدا؟ کورە هەی مەندەبووری قوڕمساخ،» قیڕاندبووی، «خەڵک وا بۆ مانگ دەچێ. بەکەرامەت ناچێ، بەهونەر، بە زانست دەچێ. کورە هەی گای خوا، تۆ خەریکی لێرە ئەفسانە و پڕوپووچ هەڵدەبەستی، خەڵکی پێ فریو دەدەی، بۆ ئەوەی هەر لە ناو ئەم قوڕ و چڵپاوەدا، هەر لە ناو ئەم زەلیلی و مەینەتییەدا، لە ناو ئەم تاریکییەدا، لە ناو ئەم هەژاری و ڕووت و ڕەجاڵییەدا بمێننەوە و تۆیش کەرامەتیان بۆ بنوێنی، جادوویان لێ بکەی. دە منیش لەبەر خاتری چەرخی بیستەم هەنجن هەنجنت دەکەم، داتدەڕزێنم، ڕێزە ڕێزەت دەکەم. کورە، ئەم خەڵکە هێشتا، وەک دە هەزار ساڵ، پەنجاهەزار لەمەوپێش دەژین، هیچ جۆرە گۆڕانێ نییە. هەر لە تۆیان کەم بووی. تۆیشیان لێ پەیدابووی! بەجادوو و ئەفسوونەکانت لە نەتەوە ئافریقاییەکانیان وەپاشتر دەیێخی. حەیفت نەکرد لەم میللەتە؟ بۆچی ئەم خراپەیە لەگەڵ ئەم میللەتە دەکەی؟ هەر بۆ نەختێ قازانجی خۆت. ئەدی وەنییە؟ بۆ چەند قوڕۆشێ. تەماشا، هێندەی کەرتە شاخێکی، بچۆ کار بکە.»

ئەم قسەیە تاشباشی بەجارێ دەهری کردبوو، هەڵستابووە سەرپێیان، قیژاندبووی:

«یوزباشیم، یوزباشیم،» گوتبووی، «قسەی وا سووک و گران و گورچووپڕ مەکە. خۆ کەس بێ پرس و پرسیار هەڵناواسن. دە تۆ دوو پرسیاریش لەمن بکە، ئەوسا، هەڵم دەواسی چم لێ دەکەی بمکە، دەمکوژی بمکوژە، دەمبڕی بمبڕە. حەزدەکەی گوللەباران و تیربارانم کە. خوێنەکەمت لە شیری بەری

دایک پێ حەڵاڵتر بێ. بەڵام ڕێگە بەمنیش بدە، با منیش قسەی خۆم بکەم. با منیش حاڵیت کەم چۆن چۆنی بووم بە مەهدی، لە سەروبنی کارەکە بگە.»

یوزباشی بەم قسانە وردە وردە خاو دەبێتەوە:

«چاکە، ئەی کوێخا سەفەر درۆ دەکا؟» پرسی. «دە کەوایە، چیت بەسەرهاتووە، بۆم بگێڕەوە. هەر ڕاستەوڕاست، بێ پێچ و پەنا بیگێڕەوە.»

تاشباش دادەنیشێتەوە، مەسەلەکەی لە نووکەوە، بێ ئەوەی هیچی لێ ببوێرێ، سەرلەبەر بۆ دەگێڕێتەوە.

ئەو سەربهوردی خۆی دەگێڕێتەوە و یوزباشی دەست بەگۆڕان دەکا، ئەو دەیگێڕێتەوە و یوزباشی نەرم و خاوتر دەبێتەوە، پاشان دەست بە بەزەپێداهاتنەوەی دەکا:

«نازانم، دەتوانم لەم مەسەلەیەدا یارمەتییەکت بدەم؟ مەمەدی برا «لەم بەڵای سەرە چۆنت ڕزگار دەبێ؟ مەسەلەکەت کارێکی زۆر سەخت و نالەبارە، برادەر.»

تاشباش ملی لار دەکاتەوە:

«ڕزگاربوونی من...» دەڵێ و بێ دەنگ دەبێ، «ڕزگاربوونی من...» دەڵێ و بێ دەنگ دەبێ.

یوزباشی:

گوێت لە من بێ مەمەد، من پیاوی یاساو قانوونم،» دەڵێ. «تۆ لە پیاوێکی ژیر و سەرگران دەچی. بەدەستی خۆت. خۆت تووشی ئەم بەڵای سەرە کردووە، تۆ خۆت ملت لەم لافاوە ناوە. هەر خۆشت دەتوانی ڕێگای لەم بەڵایە ڕزگاربوونت بدۆزییەوە. لەم کارەدا لە خۆت زیاتر کەس یارمەتیت نادا.

تۆ وا بکەی بەرەو هەڵدێر دەچی. من هیچ نسحەتێکت ناکەم، بەڵام جارێکی دی ئاوهای بهێننەوە کنم، ببیستمەوە، چکۆلەترین شتت لە خەڵک ساندبێ، داتدەڕزێنم. بەرەو مەرگت بەڕێ دەکەم. ئەمە زۆر چاک تێ بگە.»

تاشباش هەر لەوێوە، دوایی هاتبوو، بەزیبوو. بەترس و سامەوە لەوێ هەڵبڕابوو.

چۆنی بەرۆک قوتار دەکرد؟

بەم بیر و ئەندێشەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ گوند. بەڵام چی ببینێ. بەردەرکەی ماڵی، ڕۆژی حەشر چۆنە، بەو جۆرە بوو. هەواڵی گەڕانەوەیان لە کوێوە و کەنگێ زانیبوو، وا دەسبەجێ لەوبەر دەرکەیە خڕببووبوونەوە؟ هەر کە چاوی بەقەرەباڵغییەکە کەوت و نەکەوت، لە گوند هەڵاتن و ماڵ و منداڵ بەجێهێشتنی بەدڵدا هات، بەڵام دەشیزانی هەڵنایە. دەیتوانی گوند بەجێ بێڵێ. ژنەکەی، منداڵەکانی... بەڵام شتێکی بەجێ نەدەهێشت، تاکە شتێ هەبوو، تەنیا وازی لەوە نەدەهێنا... تاکە شتێ، تاکە شتێ... بەخۆیشی نەدەگوت چییە، لە خۆیشی دەشێردەوە.

بەرەو قەرەباڵغییەکە چوو، خۆی بەدەم دەربڕینی کەیفخۆشیی قەرەباڵغییەکەوە دا. بەسەر دەست و پێیدا دەکەوتن، شانیان ماچ دەکرد، دەستیان ماچ دەکرد، قاچیان ماچ دەکرد.

«یوزباشی هەر لەگەڵ حەزرەتی تاشباشمان دەبینێ و نابینێ بەسەر دەست و پێیدا دەکەوێ. دەڵێ، من کردم، تۆ نەیکەی حەزرەتی تاشباشمان، لە گوناهم خۆش بە. منیش خراپم بیر لێ دەکردیەوە. تۆپێ تیشک لە ناوچاوانی حەزرەتی تاشباشمانەوە دەردەپەڕی، لە پەنجەرەوە فڕکە دەکا، دەچێتە دەرەوە. پاش نەختێ تۆپە تیشک دەبێ بە سێ، دێن لەسەر ناوچاوانی دەنیشنەوە. یوزباشی چاوی لەبەر هەڵنایە، دەڵێ، تاشباش ئۆغلو، تۆ وەلیی ئەم سەروبەندەی، هیوا و هومێدی ئەم چەرخ و چاخەی، فەرموو یەکڕاست بگەڕێوە بۆ گوندی خۆت، خوات لەگەڵ، ئومێد بەخەڵک ببەخشە، لەشساغییان بدەیێ، پیت و بڕشت بەزەویوزار ببەخشە. یوزباشی پیاوێکی شیرپاکی زۆر چاک دەبێ».

دەوجا وەرە یوزباشی حیکایەتی ئەم تیشکە ببیستێتەوە و... جارێ هێشتا پێی نەهاویشتبووە ئەودیو دەرکەی گوندەوە... خوایە ئەمە چ مەسەلەیەکە! ئەم ئینسانانە بۆچی بەرنادەن؟

تەماشای کرد لەوەدا نییە، دەرگای لە خەڵکەکە وەسەر گازی پشت خست.

ئەوجا چاوی لە ئەسکڵ و پەنگری نێو ئاگردانەکە بڕی. هەر لەم دەمەدا، بۆچی سەفەر نەیە و بەسەر دەست و پێیدا نەکەوێ؟»

کە شەو داهات، قەرەباڵغییەکە بڵاوەیان لێ کرد، بەڵام نەخۆش و دەردەدار دەستیان بەهاتن کرد. تاشباش ئۆغڵو هێنانیە ژوورەوە. یەکە یەکە قسەی لەگەڵدا کردن، بەڕوویاندا گرژایەوە و گەشایەوە. یەکە یەکە نەبزی دەستی هەمووانی گرت. دەستی لەسەر هەنیەی هەمووان دانا. پاشان ڕووی لە قیبلە کرد و بەچۆکدا هات، بەهەموو دڵیەوە لە خوا پاڕایەوە، هەمووان شیفا بدا و چاکیان کاتەوە.

«خـوای گـەورەم،» دەیگوت، «ئەمـانە بۆ کن مـن، واتە بـۆ لای تۆ هـاتوون. ئەگەر ئەوەندەی مووێکم لە کنت نرخ هەیە، ئەگەر لەگەڵ سەگەکانتدا چوونیەکم دەبینی، مادامێکی ئەمانە بۆ کن من هاتوون، تاکە ئومێدم ئەوەیە، چاکیان کەیەوە.» و هەڵستایە سەر پێ. بەم نیازەوە یەکە یەکە پفی لە سەر و ڕووی نەخۆشەکان کرد.

لە گوندەکانی ئەودیوەوە، لە گوندەکانی تۆرۆسەوە، لە پێدەشتە دوورەکانی گەرمیانەوە، لە زۆر شوێنی دوورترەوە نەخۆش ڕووی لە وەجاخە پیرۆزەکەی تاشباش کردبوو. هەروا نەخۆش و دەردەدار و زەبوون بە لێشاو دەهاتن، دەرمانی دەردیان دەکرا و بەساغی دەگەڕانەوە. نەخۆش لە هەمەجۆرە، فێدار، بادار، تەنگەنەفەس، دەردەباریکەگرتە، لاڕەشەگرتە، تیراوێ گرتوو، گەڕ، گول، کوێر، کەچەڵ، شەل، گۆج، شێت، کەفتەکار، لەرزوتێ و سێوەڕۆدار، شێرپەنجە دەرکردوو، خەیارۆک دەرکردوو، دەس لێوەشاو، سیل و دیقاوی و چی و چیی تر، ئەمانە هەموو دەهاتن. تاشباش ئۆغڵو لەتاو دووعاکردن، هێند ماندوو بوو، هێند شەکەت بوو... لەبەرئەوەی بەشەو تەماشای نەخۆشی دەکرد، نەدەنووست، ناچار بەڕۆژ دەنووست، لەبەرئەوە کەس نەیدەتوانی بەئاسانی بیبینێ. لە نیوە لاگوێلێ خوێ زیاتر، هیچی لە کەس نەدەستاند. ئەم نیوە لاگوێلە خوێیە، بەرە بەرە کەڵەکەی کردبوو، بووبوو بەگردێ خوێ. خۆ ئەم گوندیی یاڵاخەیش هەر بەجارێ لە تامیان دەرکردبوو. ئەوەی لووتی پژابا،

ددانی ئێشابا، چاوی گلی کردبا، کەرێکی، مانگایەکی ون بایە، یەکسەر بۆ لای تاشباش.

«لە گوندەکانی ئەو تۆرۆسەوە کیژێکی باکیرەیان هێنابوو بۆ خزمەتی حەزرەتی تاشباشمان. کیژە قژزەردێکی چاوڕەشی جوان دەبێ. زۆر جوان دەبێ، بەڵام حەوت ساڵ دەبێ، کەفتەکاری ناوجێگە دەبێ. هەردوو لاقی وەک دار ڕەق بووبوون. حەزرەتی تاشباشمان دەست بەلاقیدا دێنێ، هیچ... هەروەک لەگەڵ ویشیان نەبێ. چەند دووعا دەکا، لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە، نەخێر لاقی هەروەک خۆی دەمێنێتەوە، ڕەقوتەق. لە پاشان دەچێتە سەر چیای تەکەچ، سێ شەو و سێ ڕۆژ دووعا دەکا، کاتێکی دەگەڕێتەوە، تەماشا دەکا لاقی کچە هەروەک خۆیەتی. زۆری بەزەییی پێدا دێتەوە... ئێکجار زۆر... کچەیش مالۆیرانە زۆر جوان دەبێ... تاشباشمان خۆی پێ ناگیرێ، ناوچاوانە تیشکدارەکەی، کە بۆ خوا نەبا، بۆ کەسی دیکەی نە دەخستە سەر زەوی، لە ڕانی کیژە دەسوێ، هەر کە تۆێڵی بەر ڕانی دەکەوێ و ناکەوێ کچە ڕادەپەڕێتە سەر پێ، بەهەڕاکردن دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان.»

«حەمەعەلییە لاڵ شوانێ بوو، لەو گوندی چقورجەی گەرمیانە. بیست ساڵ دەبوو، شەوێکی بە بەفر و بۆران گەلەگورگ لە ڕانەکەی دەدا. مەڕەکانی کەلەپاچە دەکەن و دەیانخۆن. بەداردەستەکەی دەستی لەگەڵ گورگدا بەشەڕدێ. بۆ سبەینێ لەسەر ئەو بەفر و بەستەڵەکە دەیبیننەوە. کە بەخەبەری دێنن و لێی دەپرسن، تەماشا دەکەن حەمەعەلی قسە ناکا. زمانی نییە قسە بکا. لەو ڕۆژەوە حەمەعەلی لاڵ دەبێ. بۆ حەزرەتی تاشباشمان دێنن، تفێکی لە زاری دەکا، حەمەعەلی یەکسەر وەک بلبل بەقسان دەکەوێ...»

«کەماڵ بەڵەکی حەوت ساڵ سێوەڕۆدار، بەدرێژاییی ساڵ، سێ ڕۆژ جارێ، دوو ڕۆژ جارێکی سێوەڕۆی دەهاتێ. کەساسە لەبەرئەوە ناتوانێ لە چقورئۆوا لۆکەچنی بکا، تاشباش چنگێ لۆکە لە ڕۆن زەیتوون هەڵدێنێ، ئاگری پێوەدەنێ، لەوڕۆژەوە ببڕای ببڕای ئیتر سێوەڕۆ توخنی کەماڵ بەڵەک نەکەوتەوە.»

«حەفتا ساڵە. مستەفا زاڵم، دەق حەفتا ساڵ دەبوو. لە سی و پێنج ساڵەی کوێر بووبوو. دێتە خزمەت تاشباشمان. حەزرەتی تاشباشمان گەلا داربی لەگەڵ شەمشەمەکوێرەدا دەکوتێ، بەدەم دووعاکردنەوە، وردە وردە ئەویش دەسووتێنێ. هەر کە دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی و ناچێ، یەکسەر چاوی دەکرێتەوە.»

ئەمانە و برێ حیکایەتی دیکەی لەوجۆرە ئەو وڵاتەی تەنیبووەوە. بەسەرانسەری گوندەکانی تۆرۆسدا، بەئاواییەکانی بەرەو گەرمیاندا، تا ناوشاریشی گرتبووەوە، بگرە، زۆر لە شاریشەوە نەخۆشیان دەهێنا بۆ کن تاشباش. جگە لە کاربەدەستانی دەوڵەت، هەموو کەس، هەموو کەس، سەربهوردی وەلییایەتیی تاشباشی دەگێڕایەوە و زۆری بەوردی دەزانی. بەنموونە، ژنەکەی یوزباشی ئەمانەی سەرلەبەر دەزانی. یوزباشی بۆ خۆی نەیدەزانی.

تاشباش تا ئەم نەخۆشانەی نەهاتنە لای و بەچاوی خۆی چابوونەوەیانی نەدیت، بڕوای بەوەلییاتیی خۆی نەکرد. کاتێکی ئەو کچە کەفتەکارە لاق ڕەق هەلاتووەی لە پێشەخۆ، تەڕ و تازە و سپوساخ دیت، لە خۆشییان تێروپڕ گریا.

بەچاوی خۆی دیتی زمانی لاڵ کرایەوە. چاوکرانەوەی کوێری دیت، ئەو نەخۆشانەی دیت بەئێش و ئازاری زگیانەوە دەتلانەوە، هەر ئەوەندە دەستێکی پێدا دەهێنان دەهێورینەوە و کپ دەبوون. چیی دیت و چیی کوڕی چیی دیت. ئەمانەیش هەموو بە هەناسەیەک، بە نەفەسێک، بە فووێک، بەدەست پێداهێنانێک پێک دەهاتن.

وەلی و فلان نەبوو، ئینسانێکی خواساییی وەک هەر ئینسانێکی دیکە وابوو. باشە، ئەی ئەم شتانەی لە چی؟ ئەوەی چووبووە مێشکی تاشباش ئۆغڵووەوە، ئەوەی سەری لێ سوڕمابوو و بۆژەی کردبوو، ئەمەبوو.

ئەم هەموو گوندییە، ئەم تیشک بین، ئەم هەموو دار بەئاسمانەوە بینانە، ئەم هەموو مار و ئەژدیها بینانە، ئەم نەخۆش و دەردەدارانەی چاک

بووبوونەوە، قابیلە هەموو درۆیان دەکرد؟ بۆخۆشی زۆر چاکی دەزانی بەو شەوە بەفر و بۆرانە، نە لێرە تیشکی دواکەوتبوو و نە لە چیای تەکەچیش بەسەرکەوتبوو. بەسەرکەوتبا، ئەو چیای تەکەچە خەڵک بەچلەی هاوین ناتوانێ لێی بەسەرکەوێ و پیاو لە سەرما ڕەق دەبێتەوە و دەمرێ، یەکسەر ڕەق هەڵدەهات و دەمرد. قابیلە پیاو بۆ شوێنێ چووبێ یا نەچووبێ، بۆ خۆی نەزانێ؟

ئەی دارگوێزە زیارەتییە بەتیشک و شەوقەکەی، هەموو شەوێ دەهات، لەسەر سەربانی ماڵەکەیان لەنگەری دەگرت و دەوەستا؟ کار لە کەس و دوو کەسدا نەبوو، سەرلەبەری گوند ئەو دارگوێزە زیارەتییە لەتیشکەیان دیتبوو. وا یەک و دووێکیان درۆیان کرد، قابیلە سەرانسەری گوند هەموو درۆ بکەن؟ وا گوتمان سەرتۆپی خەڵکی خۆیان لێ کوێر کرد و درۆیان کرد، باشە ئەی کاتێکی لەسەر تۆرۆسەوە بەتیشک و ئاورینگ پرژاندنەوە هاتە خوارێ و ورد و درشتی گوندەکانی ئەمدیو و ئەودیوی تۆرۆس بەچاوی خۆیان دیتبان، ئەی بەوان چ بڵێین؟ ئەم ئیشە سرێکی خوایی تێدایە، حیکمەتێکی تێدایە، بەلام چییە؟

قابیلە ئینسانێ ببێ بە وەلی، بەخۆی نەزانێ؟ لەوانەیە بەخۆی نەزانێ، ڕەنگە نەزانێ. باشە، ئەی پێغەمبەر بەپێغەمبەرایەتیی خۆی، حەزرەتی خدر بەخدرایەتیی خۆی نەدەزانی؟ ئەولیا نامرن. با بزانین...

٤٠

گوند بەرە بەرە هار و شێتتر دەبوون. تۆ بڵێی یەکێ دڵی یوزباشیی نەرم کردبووبێ؟ دڵی نەرم کردبووبێ و ئەوی بەردابێ؟ یوزباشی ئەم باری ئێستاکانێی نەخۆش چابوونەوەیە و بەسەدان هاتووچووی ئەو خەڵکەی بیستباوە چیی دەگوت؟ چیی دەگوت، هێسکی دەهاڕییەوە. دەیهاویشتە بەهەشتی کەران، بۆ شێتخانەی دەنارد.

نەک هەر ئەوە، مەترسییەکی دیکەش سەری هەڵدابوو. خەریک بوو

خانووەکەی دەڕووخا بن دەرکەی ماڵیان ئەوەندەی بیری هەڵکەندرابوو. ئەوی چووبایە ژوورەوە، دەبوو بازێکی دابا، ئەوجا چووبا ژووری. کار بەوجۆرە ڕۆیشتبا ئیدی نەدەکرا کەس لە دەرکەی ماڵی تاشباش وەژوورکەوتبا. کێ بن دەرکەی هەڵدڕیبوو، هەی دەستی شکێ. هەر ئەوەندە، لالوێچێ خۆڵت لە هاستانەکەی تاشباش بردبا، بەنێو کێڵگە و مەزرایێت وەرکردبا، یەک و سێ، یەک و دە، یەک و بیستی دەهێنا. لەوسەری ئەو پێدەشتی گەرمیانەوە خەڵک دەهاتن، لالوێچێ خۆڵیان بەدەست کەوێ، بەڵام هەرچی خەڵکی گوندی یالاخ بوون، بەدوو لالوێچ و سێ لالوێچ خۆڵەوە نەدەوەستان، هەر بەسەدان مست خۆڵیان بەزەویوزارەکانیانەوە وەرکردبوو.

لەوەتی دنیا دنیابوو، کەسێ هەبوو وەلییەکی دیتبێ، ئاکامی بەلای باشیدا شکابێتەوە؟ یا لە سێدارە دراوە، یا پێستیان گورووە. تاشباش ئۆغلۆ ئاکامی ئەمەی زۆر لە پێش چاو ڕوون بوو، بەڵام وازیشی نەدەهێنا، بەتایبەت چاوەڕێی بەهاری دەکرد. بیانگەی ئەوە بوو. بەڵام ئەو تەقدیس و بەپیرۆز زانینەیشی خەڵکەکە لە هاستی دەیاننوواند، پێ خۆش بوو و کەیفی پێ دەهات.

خۆ جارێ کە دەیانگوت:

«ئەگەر ئەم دنیایە، ئەم دنیا پیسە هێشتا هەروا لە جێگەی خۆیدا ماوە و تا ئێستا ژێروژوور نەبووە، ئەوە هەمووی لەسای حورمەتی ئاووڕوو و دەم و نەفەسی تۆوەیە، هەی تۆی لەبەر چاوان پێوار و پیرۆز،» تاشباش هەر ئەوەبوو نەدەتوایەوە.

گوندی ئیدی دەیانپەرست. بە ناوهێنانی محەمەدی ناوجوان چۆن هەزار سڵاوات لێ دەدرا، کە ناوی ئەویش دەهێندرا ئاوها بەوجۆرە تەقدیس دەکرا و لە تەهی دڵەوە بەبیریاندا دەهێنا. هەندێ جار خەیاڵ دەیبردەوە، هەستی بەلەشسووکییەک بەدڵخۆشیی ساوایەک دەکرد... دەبوو بەچۆلەکەیەک دەفڕی.

بەئیشارەتی پەنجەیەک گوندی، کوێخا سەفەریان دەکرد بەتۆز. نەک هەر گوندیی یالاخ، گوندیی هەمووی گوندەکانی تۆرۆس، گوندەکانی دەشتی

گەرمیانیش... گوتبای، گوندیینە، خڕبنەوە، بڕۆن هەڵکەنە سەر شار، عادیل بکوژن، یەکسەر، بێ سێ و دوو، دەچوون دەیانکوشت. لەو وەختەدا هەرچییەکی ویستبا، دەیتوانی بەگوندیی بکا. گوتبای لە دەوڵەت ڕاست بنەوە، دەگڕی ڕاچن، سەریانیشی تێداچووبا دەگڕی ڕادەچوون، لێی ڕاست دەبوونەوە.

هەر بەو زووانە ناوبانگی بەشارۆکەکانی دیکەدا، بەسەرانسەری تۆرۆسدا، بەهەموو دەشتی گەرمیاندا بڵاو دەبووەوە. بەحەوت ئیقلیم و هەر چوار گۆشەی دنیادا ناوبانگی دەڕۆیشت. لە حەلەبەوە بۆ شام، لە ئەدەنەوە بۆ ئەستەمبۆڵ دەڕۆیشت.

هەرچەند ئەمانە دەبیستنەوە سەرتاپا، نوقمی ناو لەزەت و خۆشییەکی لە ڕادەبەدەر دەبوو. لە ئانی وادا خەیاڵی لە چی نەدەکردەوە؟! قەدەرێ خەیاڵ دەیبردەوە، هەر بەتەواوی خەیاڵ دەیبردەوە، ڕەپوڕاست خۆی بە وەلی دەزانی. گوایە ئەم هەموو خەڵکە، ئەم ئالەمە درۆ دەکەن؟ جا بۆچی درۆ بکەن؟ لە پای چی درۆ بکەن؟ هەرچییەک بێ، خۆ شتێ هەر دەزانن، شتێکیان هەر لێ دیوە. دووکەڵ بێ ئاگر نابێ. زۆری دڵ بەمە خۆش بوو. لە یەکبینە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «دووکەڵ بێ ئاگر نابێ، قەت نابێ.»

هەر لە ئێوارەوە تا سبەینێ، لە سەربانی ماڵەکەیانەوە تیشک و ڕووناکی دەدۆشرا. ئەم دارگوێزە پیرۆزەی هەموو شەوێ بە سەربانەکەیانەوە لەنگەری دەگرت کەس نەمابوو نەیبینێ، پیرێژنانیش دیتبوویان، منداڵ و زارۆکانیش دیتبوویان... گریمان هەموو گوندی درۆیان کرد، ئەی ئەمەیش درۆیە؟

دەبوو، شەوێ لە دەرەوە مابا، ئەم مەسەلەی تیشک دۆشرانەی بەچاوی خۆی دیتبا. چاوەڕێی دەویست. دەدۆشرا، نەدەدۆشرا؟ دۆشرابا، تەواو. نەدۆشرابا، ئەوساکە... چارەسەرێکی خۆت دەکرد. ئەی ئەگەر نادۆشرێ ئەم هەموو نەخۆش و دەردەدارە چین؟ ئەم تیشکە دۆشراوە شتێکی زۆر گرینگ و گردەبڕە. هەنگین لە کەس ناترسێی.

تیشک دەدۆشرێ، هیچ گومانی تێدا نییە. بەڵام لە هەموو خۆشتر چاوەڕێ کردن و دیتنیەتی. خراپی چییە پیاو بیبینێ؟ ئینسان تیشک دۆشین لە

سـەربانی مـاڵی خـۆیان ببینـێ خراپە؟ دەدۆشـرێ، باوەڕی کـرد، ئیمـانی هێنا. دەدۆشـرێ، تیشکەکە زۆر تیژە؟ دەبێ چاوەڕێی کا، ببینێ. دەنا قـەت ناشـێ، چۆن تیشک نادۆشرێ؟

جاری وا دەبوو، ئەوەندەی نەدەما لە دڵی خۆیدا جاڕی وەلییایەتییەکەی بدا، بچێ خـەڵکەکە سـەرلەبەر لەخۆ خـڕکاتەوە، لەمـەڕ دنیـا، ژیان، ئەشق و ئەوین، زەوی، تیـشک و ڕووناکی بـەدووروودرێژی گەوهـەریان بۆ هەڵڕێژێ. کـە ئەمـەی بەمێـشکدا دەهات بەزۆر خـۆی پێ دەگیـرا. لە چوونە ناوەڕاسـتی گوند و لەم کارە پاشگەزبوونەوە و قسەی هەلەقوبەلەق و باڵدارنەکردن هـەرچەندی دەکرد خـۆی پێ نەدەگیـرا و کۆشـشـێکی ئەوتۆی بەخـەرج دەدا هەمـوو ئازای لەشـی بەئێش دەهات. پاش ئـەم نۆرە حـاڵ لێـهاتنە ئارەقـەی شین و مۆری دەکـردەوە، ســەرتاپا، وەک کـوترابێ، وەک داڕزابێ، بەوجـۆرە بوو. بـەوحــاڵە دەمــایەوە. ئەوجـا سـەعاتێ، دوو سـەعات لەسـەر گازی پشت دەکەوت. چاوی لە بنمیـچە بەتـەنی و درۆنجـەکـە دەبڕی، لەشـی وردە وردە خـاو دەبووەوە. کـاتێ کـرژیی لەشی دەڕەوییەوە دڵخۆشییەکەی بەرە بەرە گەورە دەبوو. ئەم دڵخۆشییە جۆرە دڵخۆشـییـەک بوو، قـەتی نەچێشـتبوو، هـەر بە مـەسـتکردن مـەسـتی دەکـرد، شەیدای دەکرد.

پێی وابوو ئەگەر دەسـتی درێژکردبا، دەسـتێکی بـەترۆپکی چیـای تەکەچدا دەهێنا. ترۆپکە بەتیشکەکەی، ترۆپکە بەبەفرەکەی... هـەر کە ڕۆژ گزنگی دابا، دەسـتی بڵـیند کـردبا، گـوتبـای ڕۆژە پیـرۆزەکـە، لەوێ، لەوجـێی لێی هـەڵدێی ڕاوەستە، ئەمڕۆ لە دنیا هـەڵمەیە، هەڵنەدەهات. ئاسۆ بەوجۆرە جوان، تیشکن، ڕووناک، نمـناک، بەبۆن و بـەرامـە، بـۆن خــاکـاوی، بـۆن کـالاوی، وەکـو خـۆی دەمایەوە. گوتبای تا قیامەت هـەروا بمێنەوە، دەمایەوە.

بەو زمـهرِ و بەفر و بۆرانە چووبا، بەلێرەکـەی ئەودیوی گوتبا: «لێرەکە، گەڵا بکە،» لێرەکە گـەڵای دەکرد. هـەر هێندەی چاو بکەیەوە، گەڵای دەکرد. گوتبای: ڕۆژەکـە گـەرم دابێ،» دنیــا دەبووە هـەتاو، دەبوو بـەڕۆژێ لە ڕۆژانی مــانگی جۆزەردان.

بچێ دەستێ بەو پێدەشتە کاکی بەکاکییە بەبن بەفر کەوتووە، بەو بەفرەدا بێنێ... چاوی بقووچێنێ، بڵێ: «بەفر بتوێتەوە، بتوێتەوە و خاکی ئەو پێدەشتە سەرتاپا، بەگوڵ و گوڵزار برازێتەوە، ڕۆژ هەڵێ، تەیروتوو بدەنە شەقەی باڵ،» هەر کە چاو هەڵدێنێ، هەرچییەکی گوتبووی دێتەدی.

لە ناکاو خۆی سەح کردەوە، گوتی: «شێت دەبم، وا خەریکم شێت دەبم.» پشووی سواربووبوو. شتێکی لە بەربینگ گیر دەبوو، چابوو بەسەرچوو.

بۆ ئێوارە دیسان لێشاوی نەخۆش ئاژنی دەهێنا. «ئۆۆۆۆف»ێکی کرد. لە ناخیەوە هات، لە ناو کرۆکییەوە هات. پاشانەکێ قەدەرێ بەخۆی پێ کەنی.

خەو و خۆراکی لەبیر چووبووەوە. ژنەکەی، منداڵەکانی ئەم حاڵە شێتانەیەیان هەرگیز لە چاو خافڵ نەدەکرد. چاوێکیان کردبوو بەچوار چاو، ورد و درشتی ڕەفتاریان بەمسقاڵ حسێب دەکرد. تا دەهات سام لێکردن و ڕێز لێگرتنیشیان گەورەتر دەبوو.

ژنەکەی ئەم حاڵەتەی لەکن کەس نەدەدرکاند. تاشباش ئۆغلۆ بۆ خۆی پێی گوتبوو، لەلای کەسی نەگێڕییەوە، بەڵام ژنی تایەن لەتاو نەگێڕانەوەی هەر وەخت بوو فراقی ڕەش بکا. ئاخ، تاشباش ڕێگەی دابا، گێڕابایەوە، ڕێی کەوتبا گێڕابایەوە. خۆ بێ ئیزنی تاشباش دەیگێڕایەوە، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبادا شتێ بەسەر خۆی و منداڵەکانی هاتبا، نەبادا تاشباش دەست و لاقی گۆج کردبان، نەیدەوێرا لە پێستی خۆیدا ببزوێ.

٤١

تاشباش ئۆغلۆ لە دڵی خۆیدا دەیگوت: «ئەمشەو لە سەروبنی ئەم کارە هەموو دەگەم. ئەگەر وەلی بم، وەلییاتیی خۆم دەنوێنم، وەلییش نەبم، ئەوە لە چارەسەرێ دەگەڕێم بۆ خۆم. ئەگینا بەرەی گوندی ئەوڕۆژەیان لە بیر دەچێتەوە کە بەسەر دەست و پێمدا دەکەوتن، دەمکەن بە قەشمەرجاڕ و وەبەر تیز و گاڵتە پێکردنم دەدەن. ناو و ناتۆرەی مەمەد وەلیم بەسەردا دەبڕن، تا مردن لە پاشماوە بزەیان دێتێ. من شێت نیم، ئەوەندەیش گێل و گەوج نیم

خەڵکەکە وەخۆم بخەنێنم...»

شەوگاری بەبێ ئارامی و هەراسانییەوە دەکردەوە، دەچووە دەرێ، دەهاتە ژوورێ. هەستی بەقورسایی چاوەچاوکردن و خۆ لێگرتنی خەڵکەکە کردبوو. هەرچییەکی کردبا، هەرچییەکی گوتبا، چکۆلەترین جووڵەی کردبا، شوێنیان هەڵدەگرتەوە و هەریەکەیان بەبارێکدا لێک دەدایەوە. لەبەرئەوە تاشباش ئۆغڵو هیچی نەدەکرد، بەدەست و باڵ بەستراوەیی لە گۆڕێ مابووەوە.

بەڕۆژ قەت لە ماڵ دەرنەدەچوو. لە ئوزون عەلییش بترازێ، لەگەڵ کەسی دیکەدا قسەی نەدەکرد. تەنانەت بۆ ئوزون عەلییش گرێی دڵی وەک جاران نەدەکردەوە. بگرە شک و گومانێ لە چاوی ئەویشدا دەخوێندرایەوە. تەنانەت کە لێی نزیک دەکەوتەوە، وەک شتێکی پیرۆز، لە قورئان، لە شێخ ئەولیا و پیر، لە قسن و وەجاخ و شەخس و نەزەرگە نزیک کەوێتەوە وابوو. عەلی بەم ڕادەیە بگا؟ بەجارێ لێی دەهری بوو، بەڵام چیی لە دەست دەهات؟

هەندێ جار خەیاڵ دەیبردەوە، خۆی ئەوەندە کەساس دەبینی، هێند بێ کەس دەبینی، ئەوەندە بەدنیا دژمن دەبینی بەتەنیا دەبینی، هەر ئەوە نەبوو دانیشێ، لە تاوان وەک منداڵ دەست بەزۆرەزۆری گریانێ کا. لە شێرێ دەچوو خۆی لە قەفەسدا ببینێ و دەست و پێی بەستراوبێ، بێ چارە و داماو... هیچی لە دەست نەدەهات، بەڵام لێیشی دەترسان.

تاک و تەنیایی و کەساسی و بێکەسی و هاتنە حاڵی گریانی لە خۆ دادەماڵی، لە خۆدا هەستی بەهێزێکی گەورە دەکرد. هەرچییەکی ویستبا دەیتوانی بیکا. وەک حەزرەتی سولەیمان قسەی لە لای گورگ، بەراز، تەیروتوو، ئاوی ڕەوان، بای هەڵکردوو، لێڕ و جەنگەڵ، گژوگیای ڕوواو، گوڵ و گولیلکی پژاو، تۆوی تەقیو ڕەوابوو. خەڵکەکە، تەنانەت کوێخا سەفەریش، بڕوای پێ نەبوو، سەرلەبەر دەبوون بەگەردی ژێر پێڵاوەکانی. ویستبای هەر ئەوەندە نەختێ ئەقڵی وەکارخستبا، بەسەرانسەری چقورئۆوادا ڕادەگەیشت و هەرچییەکی حەز لێبا بەخەڵکی ئەو دنیایەی دەکرد. ئینسانەکان بڕوایان پێ دەکرد. هەڵبەتە شتێکیان لێ دیتبوو، شتێکیان دەزانی، بۆیە بڕوایان پێ بوو.

لە هیچە، لە نەبوو نەدەهاتە گۆڕێ...

هێندێ جار لە خۆی دەکرد. لە خۆی دەپرینگایەوە. هەر بەڕاستی نەبووبێ بە وەلی؟ ئینسان چۆن دەبوو بە وەلی؟ کێ دەزانێ، ڕەنگە هەر یەکە بەجۆرێ ببێ. لەم دوادواییانەدا هەموو شەوێ خەونی دەدیت. خەونی دنیایەکی زۆر دوور و کەسنەزان و کەس نەبیستوو بوون خەونەکانی. دار و درەختەکانی جۆرێکی تر بوون. تەیر و باڵندەکانی بابەتێکی دیکە بوون. گیاوگۆڵی تەرزێکی تر بوون. خۆ ڕووی ئاسمان، لەم خەونانەدا هەر بەجارێ زۆر زۆر جیاواز بوو. هەر جارە ڕەنگێکی دەپۆشی. دار و درەخت بەجۆرێکی تر گەورە و فراژی دەبوون، گوڵ بەچەشنێکی تر، بەچەشنێکی لە ئالەم بەدەر دەپشکووت. خەونەکانی، جیهانی خەونەکانی جیاوازبوون، بەڵام ئەم جیهانانە لایەنێکی هاوبەشیشیان هەبوو. سەرلەبەریان لە تیشک و شەوق بوون. لە ناو جەرگی دار و درەختەکانەوە، لە لک و پۆپەکانیانەوە تیشک و شەوق فیچقەیان دەکرد. لەبن خاکەوە لافاوی تیشک بەڕەگ و ڕیشەکانیاندا وەسەر دەکەوت، بەرەو ئاسمان هەڵدەچوو. تاشباش پاش ئەوە بەخەبەر دەهات، ماوەیەکی درێژ بەم خەونانە دەژیا. لەوەتی بووبوو بە وەلی قیروهۆڕی زۆری کەڵەشێری لە ماڵێ بیستبوو. لەو بەردەرکەیە، ڕەنگە ڕۆژی بیست سی کەڵەشێر سەردەبڕان. هەر کەڵەشێرێکیشیان سەردەبڕی سەرەکانیان بە دیواری ماڵێوە هەڵدەواسی. ڕەنگی دیوارەکە لە هەمە تەرزەی دەنواند. بەهەر لایەکدا چاوت دەگێڕا، سەرکە کەڵەشێری پۆپنەسووری ڕەحمانی بوو، گەورە، بچووک، مام ناوەندی. دیوار دیوار نەبوو، دەتگوت بەڕەی بەنەخش و نیگارە.

گوایە ئەم گوندییانە قوربانی دەکوژنەوە، بەڕاستی نەگریسن. پاش ئەوەی کەڵەشێرەکانیان سەردەبڕی، سەرەکانیان بەدیوارەوە دادەچەقاند، گۆشتەکانیشیان بۆ خۆیان دەخوارد، یا بۆ ماڵەوەیان دەبردەوە. جا قوربانی چۆن وا دەبێ؟ هەقی وابوو یا لەو جێگەی سەریان دەبڕین بەجێیان هێشتبان، یا بەسەر برسی و هەژارانیاندا بەشیبانەوە. دەبوو ئەمە لە خەڵکەکە ڕاگەیێندرابا، دەنا قوربانی کردن چ سوودی نەبوو، بەڵام ئەوانەی قوربانییان

دەکوژتەوە، خۆیان هێند هەژار و دەستەوسان بوون، هیوایان هەبوو، لە ماڵی دنیایێ، لە کەڵەشێرێکی پتر نەبوو. تاشباش توورە بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئیدی نە قوربانی سەربڕن، نە هیچ. نە سەری بڕن و نە خوایشی پێ بخاپێن. ئەمە دووڕوویییە. خاوەن قوربانی نابێ گۆشتی قوربانیی خۆی بخوا. دەبێ ئەمەیان ڕاگەیەنمێ.»

هەر گوتی ڕایان گەیەنمێ، ئازارێ بەدڵیدا هات، بەڵام خۆی گرت. هەموو ڕۆژێ بڕێ کەڵەشێریان لە دەوران پشتی ماڵێ سەردەبڕی. ئەگەر ڕۆژەکەی خۆش با، هەتاو با، لە کادینەکەی بەراییێ دەیانبرژاند، دەیانخوارد. منداڵەکانی تاشباشیش بەچاوی برسی و تامەزرۆوە، هەموو ڕۆژێ دەیانڕوانییە ئەو کەڵەشێرانە و ئاویان لە زار دەزا و دەمی خۆیان دەلستەوە. ئەمە بێ ویژدانی بوو، هەستەم بوو، ئەگەر باویان بووبوو بە وەلی گوناهی ئەمان چ بوو؟

با ئەم شەوی لێ بەسەربچێ، ئەوساکە... ئەوساکە خۆی دەیزانی چیی دەکرد. ئەگەر بووبێ بە وەلی هەڵبەتە شتێکی بەو کەسانە دەگوت کە ملچەملچی گۆشت کەڵەشێر خواردنیان دەهات و لە خۆیان بەولاوە کەسی تریان بەبیردا نەدەهات. هەڵبەتە بەو دووڕووانە، بەو کەسانەی خوایان هەڵدەخەڵەتاند شتێکی هەر دەگوت، تا جارێکی دیکە توخنی ئەو کەڵەشێرانە نەکەون.

ئاسمان ساماڵ و بێ گەرد، هێندەی بەری دەستێکی هەور پێوە نەبوو. لە دوورەوە، لە سەروو چیای تەکەچەوە، لە ئاسمانەوە گوڕەیەک هات. کە سەری بڵیند کرد، ڕوانی سێ دانە فڕۆکە جێت لە ڕیزی یەک، دەفڕن، لە ئاسمان ڕێگەیەکی تیشکاویی بەشەوقیان لە پاش بەجێ دەمێنێ. زۆری پێ نەچوو، جێتەکانی لە چاو ون بوون. ڕێگە وەک دووخ ڕاستەکە، بەو ئاسمانەوە مایەوە. تاشباش ئۆغلۆ بزەیەکی هاتێ:

نازانم ئوزون عەلیی خۆمان ئەمانەی دیت؟» گوتی. «ئەمانەی زۆر خۆش دەوێن. کە دەکەوێتە باسی فەند و هونەریان هەر نایبڕێتەوە.»

بوو بە عەسر. لە گوندە دوورەکانەوە بەرایی لێشاوی نەخۆش بەدیارکەوت، هەندێ بەکۆڵەوە، هەندێ بەسەر پشتی کەرەوە، هەندێ بەسەر دار تەرمەوە. گوندی دوو سێ کادینیان بۆ نەخۆش بەتاڵ کردبوو، بۆ ئەوەی نەبن بەبار بەسەر شانی تاشباشەوە. دەروێش سوێلوینیش لە گۆشەیەکی ماڵێ لەو ماڵانە دووکانێکی لێ دانابوو. نە سیحر و جادوو نە کەرامەت، مەسەلەی زیرەکی و دەسوبرد بوو... دەروێش سوێلوین هەر کە چاوی بەلێشاوی خەڵکەکە دەکەوێ و ناکەوێ، بێ سێ و دوو، هەیپێی لێ دەکا، دەچێ بۆ شار، لە مێوژ، لە شەکر، لە خۆشاو، لە هەر وردەواڵەیەکی، گوندی کەیفی لێ بوو هەمووی هێنابوو. بەڕاستی ئاڵووێرێکی چاکی بۆ گونجابوو. کار وا ڕۆیشتبا، دەروێش سوێلوین دەیتوانی بەدوو ساڵ ببێ بەدووکاندارێکی شاریی بەکەیفی تۆ، ببێ بەبازرگانێکی گەورە و گران. هەر لەگەڵ دووکانی دەکردەوە و نەدەکردەوە، هەموو سبەینانێ، لەگەڵ گوندیدا شانی لێ قایم دەکرد، یەکێ لە کەرامەتەکانی تاشباشی دەگێڕایەوە. هەر گوندییەکی لە دەرەوە دەهات، شتی کڕیبا، نەیکڕیبا، جارێ لە پێش هەموو شتێکدا، کەرامەتێکی تاشباشی بۆ دەگێڕایەوە و ناوی ئەو نەخۆشانەی بەدەم و نەفەسی ئەو چابووبوونەوە، یەکە بەیەکەیانی بۆ دەژمارد، چۆن چابوونەوە، نەخۆشییەکەیان چ بابەت بوو؟ ورد ورد هەمووی بۆ دەگێڕایەوە.

دووکانەکەی دەروێش سوێلوین لە گۆشەی کادێنەدا، بووبوو بە وەجاخێ، گڕی سیحر و جادووی تاشباشی بەهەموو دەوروبەردا بڵاو دەکردەوە. بەڕاستی وەجاخێکی ڕوون بوو...

تاشباش لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

«چ دەڵێن با بڵێن. هەرچی کەرامەت و جادوو و ئەفسوون هەیە با هەڵی بەستن، ئەمشۆکە هەموو شتێ دەبڕێتەوە. ئەگەر ئەمشۆکە ئەوانەی خۆم دەیانڵێم بەدی نەیەن، منیش هەر خۆم دەزانم چۆنیان وەلیيايەتی تێ دەگەیەنم.

بەوشەوە زۆر پشت ئەستوور بوو. لەوشەوەدا ئیتر کارەکە بەجارێ یەکلا

دەبووەوە. یەکچاو دەبووەوە. تاشباش هەتا هەتا بوو دەچووە سەر تەختی وەلییایەتی و ئیدی هاتنە خوارێی نەدەبوو.

شەو هات، نەخۆش یەکە یەکە، دوو دوو دەستیان بەهاتن کرد.

تاشباش ئۆغلۆ ئیتر بەندوباوی نەخۆشی چارەکردنی پەرە پێ دابوو. دەروێش سوێلوینی ڕاسپاردبوو. مۆمی بۆ هێنابوو. مۆمی هەڵدەکرد. سێ جار بەدەوری نەخۆشدا دەخولایەوە، لە پاشان تیسکێ لۆکەی بەمۆمەکە هەڵدەکرووزاند، دەیدایە بەر لووتی نەخۆشەکە و ئەوجا نەخۆشەکە دەبوا ئاگری مۆمەکە بە فوو بکوژێنێتەوە.

بابەت بابەت، هەر نەخۆشە و چارەسەری بابەتی خۆی هەبوو. هەر نەخۆشە و جۆرە چارێکی بۆ ڕێک خستبوو. پشکۆیەکی زەلامی دەخستە ناو ئاوەوە، تا کەفوکوڵی پشکۆیەکە دادەمرکایەوە، مۆمەکەی هەر بەدەستەوە بوو، بێ چاوترووکاندن، چاوی لەدوڕ چاوی نەخۆشەکە دەبڕی، قەدەرێکی تێ ڕادەما.

هێندێ نەخۆشی بە گاگۆڵکێ، بەزگەخشکێ دەهێنایە ژوورەوە، بۆ بەر ئاگردانەکە. هێندێکیانی بەسەر یەک پێوە، بە هەنگڵەشەلێ، بەچواردەوری ماڵەکەیدا، چەند جارێ دەگێڕا. هێندێکیانی بە بۆنی شەمشەمەکوێرەی تۆپیو بۆ دەدا. هێندێ جاری دەسووتاند بە دووکەڵەکەی قانگی دەدا، هێندێ جار، هێسکێکی هەبوو، بەهەنیەیدا دەهێنا. ئەمانەشی هەموو مریەمۆک دابوونێ.

«ئەمانە دەرمانی هەموو دەردێکن، بەدەست هەر پیاوچاکێکەوە بن ڕۆح ڕزگار دەکەن،» گوتبووی. مریەمۆک قسەی نەکردبوو، ئەمانەی هەموو بەئیشارەت تێ گەیاندبوو، تا تێی گەیاندبوو سەعاتێ، دوو سەعاتێکی لەگەڵ خەریک بووبوو.

تاشباش ئۆغلۆ پێی گوتبا:

«قسە بکە مریەمۆک، ئەوا سوێندەکەتم خست، دەبا زمانت بکرێتەوە.»

مریەمۆک قسەی دەکرد، بەڵام تاشباش سەعاتێ ددانی بەجەرگی خۆیدا دەنێ، نەیگوتبوو، قسە بکە. ئەویش هەروا بێ سەوەو و سۆنگە بوو، سرێکی تێدابوو.

شەو بەترێکی چووبوو. کەچی لێشاوی نەخۆش هەر دوایی نەدەهات. بگرە ڕۆژ بەڕۆژ، تا دەهات پتـــر دەبوون. لە گـــوندی دوورەوە، زۆر لە دوورەوە دەیانبیستەوە، دەهاتن ئەوەی دەیبیستەوە دەهات.

خەم و خەفەتباریش لەگەڵ نەخۆشدا دەستیان بە هاتن کردبوو. هێشتا کەم دەهاتن. هەر ئەوەندە پێیان کرابایەوە... لێڕزگاربوونیان کارێکی سەخت و دژوار بوو. دنیاکە بۆ خۆی دنیای خەم و خەفەتبارە. ئینسانی بێ خەم و خەفەت نییە... سەرلەبەری بەکوڵ و کەسەری دنیا هورووژمیان دەهێنا، هی لە هیچ کەسێ ڕووێکی خۆش نەدیو، هی نامراد و بەکامی دڵ نەگەیشتوو، هی ڕووت و برسی دەهاتن. برێکیان زەویوزاریان یەک و یەکی دێنا، برێکیان زەویوزاریان سێڵاو دای شۆریبوو، بووبوو بەڕەقەن و هیچی نەدەهێنا، هێندێ هەر هیچیان هەڵنەگرتبووەوە و ڕەنجیان بە با چووبوو و کێ و کێی تر دەهاتن.

تاشباش ئۆغڵو ماوەیێ بوو بەشەونووستنی لە بیر چووبووەوە.

تاشباش ئۆغڵو نابوویەوە، شەوێ هەر لە پاش بانگی کەڵەشێران بەنەختێ، لەوناوە، نەدەما، دەچووە لای ئوزون عەلی کەپەنەکەکەی و کاڵە لبادەکەی لێ دەستاند، دەچوو، خۆی لەو کەلاوە کۆنەی ئەودیوەوە حەشار دەدا. لە پەنایەکەوە ماڵەکەی خۆی دەخستە ژێر چاوێری و خۆ لێگرتنەوە.

چاوەڕێی نەکرد، هەر لەگەڵ کەڵەشێر خوێندی، دەرفەتی هێنا، دەرپەڕی، چووە دەرەوە.

ساماڵەکەی هەر ئەوەبوو وەک تێخ دەموچاوی هەڵنەهێنێتەوە، ئەوەندە سارد بوو. بەم ساماڵە، بە کەپەنەکیشەوە، پیاو نەیدەتوانی سەعاتێ لە دەرەوە بمێنێتەوە. چیی کردبا؟ کێ دەڵێ ئەوەی دەیویست نەیدەبینی و یەک دەقیقە چییە، بەوسەرمایە چاوەڕێی دەکرد؟ ئەگەر وایش نەبوو، ئەوا ئاگرێکی خۆشی هەڵدەکرد. ئاگری هەڵدەکرد، ئەی ئەگەر دیترا؟

«عەلی کەپەنەکەکەت و کاڵە لبادەکەتم بدەیێ،» گوتی. «یەک دوو دەنکە شقارتەشم بدەیێ.»

عەلی نەیپرسی.»

«بۆ کوێ؟» نەیگوت: «بەم سەرمایە، بەم سامالّە، ڕێوی مس دەڕیێ[1] کێ دەتوانێ سەر لە مالّی خۆی دەرێنێ، نەکەی دەرچی، دەمری.» هەر یەکسەر کەپەنەک و کالّەکەی دایێ. بارانییەکەیشی بەبیرهاتەوە، ئەویشی دایێ نەیگوت:

«خواحافیز.» حەسەنیش هێشتا نەنووستبوو. چەند میوانێکیان هەبوون، لەوانی لە گوندە دوورەکانەوە بۆ کن تاشباش هاتبوون، چارەسەرێکی بەدبەختییان بکا.

حەسەنیش یەکسەر شقارتەکانی لە باغەڵ دەرێنا، دایێ. تاشباش ڕوانی پاکەتە شقارتەیەکی پڕە.

«دیدەیە من؟» گوتی، دەستی بەسەر و قژیدا هێنا و زەردەیەکی هاتێ. هەستی بەبەختەوەرییەکی زۆر دەکرد.

حەسەن بەدەنگێکی لەرزۆکی تیژەوە:

«دەیدەمە تۆ،» گوتی.

بارانەکەی لە سەرکرد، کالّەکەی لە پێ کرد، کەپەنەکەکەیشی بەشانیدا دا، دەرچوو.

«ئەمە بۆ جێگایەک دەچی! خودا ڕەحمی پێ بکا. لە سەرما ڕەق نەبێتەوە.»

مریەمۆک، وەک بلّێ، هەی لەوە، جا ئەو چۆن سەرمای دەبێ، لێی مۆڕ بووەوە، دەستێکی لە پشتی دا.

حەسەن:

---

(١) ئەم قسەیە بەتورکی سارد و سەرمای بەترەف و لە کێش بەدەر دەگەیەنێ. یەشار کەمال لە نووسینێکیدا دەلّێ، نازم حیکمەت دای هێناوە. دەمتوانی شتێکی لە جیاتی بەکوردییەکەی خۆم بلّێم، «لە سەرما تفت هەلّدایە دەیبەست»، بەلاّم حەزم کرد تەرجەمەی حەرفیی بکەم.

—وەرگێڕ—

«باوە،» گوتی. «ئەوان نە سەرمایان دەبێ،» نە دەسووتێن، نە لافاو دەیانبا. نە وەبەر بروسکەیش دەکەون. ئەوان هیچیان لێ نایە. ماریشیان پێوە نادا.»

مرێمۆک حەسەنی لە باوەش کرد، ماچی کرد.

تاشباش هات، چووە ناو کەلاوەکەوە، لەسەر بەردێ، ڕووبەڕووی ماڵەکەیان دانیشت، چاوی تێ بڕی. بۆ ئەوەی نەوەکا بخافڵێ و تیشکەکە ببەزێنێ، بەئامانوزامان چاوی لە سەربانی ماڵەکەیان هەڵنەدەنگاوت، کوتەکوت دڵی لێی دەدا، چاوەڕێی تیشک بارینی دەکرد. ها ئێستا دەباری، ها نەختێکی تر. کوا خوا کردبای، دارگوێزە زیارەتییەکەیشی بەسەر ماڵەکانەوە دیتبا... هەموو کەس دەیدیت، سەرلەبەری گوندی دەیاندیت، ئەی بۆچی نەیبینن؟

قەدەرێ هەر بەوجۆرە ڕاما و مایەوە. لە سەرما چاوی ئاوی کرد، تررووکەیەکی بۆ کرد، ئەوجا دەسەسڕەکەی دەرێنا، فرمێسکە بەسەر و ڕوومەتدا ڕێچکە بەستووەکانی سڕییەوە. وەخت بوو بەسەر ڕوومەتیەوە بمەیێن. هەر لە ئێستاوە هەندێ جێگای سمێڵی لە نزیک لووتیەوە بەستبووی.

ئێی، ئەی کامەتا تیشک؟ ئەی ئەو تیشکەی تا بەیانی بەسەر ئەم سەربانەوە دەدۆشرا کوانێ؟ ئەو دارگوێزە زیارەتییەی کە وەک لە ناوجەرگی تاریکیدا هەڵکەندرابوو و تیشکی دەپرژاند کامەتا کوانێ؟ گوایە کە تیشک بەسەر ماڵەکەیاندا دەبارێ، لە ئاسمانەوە دەنگی باڵدارێ دەهات. وەک دەنگی فیتووێکی بەحاڵ ببیسترێ و نەبیسترێ... دارگوێزە زیارەتییەکەیش لە دەور و خولدان و تیشک باراندندا، مار چۆن دەخشێ و بەحاڵ خشەیەکی لێوە دێ، ئەویش قسەیەکی ئاوهای لێوە هاتووە.

دەست و پێی لە سەرما ڕچین. چاوی لەسەر ماڵەکەیان هەرگیز ڕانەدەگوێزت. هەر هێندەی زانی برێ شەوەنگ و تارمایی، یەکێ بەپاچەوە، یەکێ بەپێمەڕەوە، مرخێش مرخێش خەریکن بەردەرگاکەیان هەڵدەکەنن.

«تفوو بەڵای خوایێم لێدان قورمساخینە،» گوتی، «بن هاسانەی دەرکەکەتان کردم بەبیر، هەی خوام دەگژ ڕاکردن. خۆ کار وا بڕوا، دیواری پێشەوەی ماڵەکەم هاکا داڕووخا و هەربینا کاولەکەمم بەسەردا تەپی. ماڵ و منداڵم

هەموو لە پێناوی وەلییایەتییەکدا... تفوو هەی بەر قار و غەزەبی خوا کەون... خوایە، خۆت بەهانا و هاوارمەوە وەرە، خۆت لەم بەڵایەم ڕزگار کە. دەسا بەهەرچی نازانم چییە، ئەگەر منیش ئەم تیشکە، ئەم دارە نەبینم... ئەگەر منیش جارێکی تر بوومەوە بەوەلی دایکیشم و ژنیشم...»

لە دوورەوە تەماشای دەکرد، هەر ئەوەبوو جەرگی لەتوپەت نەدەبوو. توورەکە لەسەر توورەکەیان لە خۆڵی بن دەرگاکەیان پڕ دەکرد و دەیانبرد.

«هەی خوا و لێ هەڵنەگرێ. کورە ئاخر هەی خوا گرتووینە. خۆ چ لاگوێلێ. چ توورەکەیێ، هەر یەکە، فەرقی نییە... دەیبەن، چەندتان حەز لێیە بیبەن. خۆ وەلی بم، یا نەبم، ئەوە زۆر چاک دەزانم. نەک خۆڵی وەلی، خۆڵی پێغەمبەریش، خۆڵی خوایش ببەن، ئەو زەویوزارە مردووەتان بۆ زیندوو ناکاتەوە. ئەو زەویوزارانە مردوون، زیندوو نابنەوە، بێ ئەقڵینە، خانووەکەم دەڕووخێنن.»

هەرچەندی پتر سەرما دەبوو، هێندەی دیکە تووڕە دەبوو. هەرچەندی بەپاچ و پێمەڕە لە پێش دەرکە ورووکانەکەی دەدیت، هێندەی دیکە دەهری دەبوو. پێشی لە هەموو شتێ پێ دەگیرا، بەڵام چۆنی بەر لەم خۆڵی بەر دەرکە دزینە گرتبا؟

ئەوەندە تووڕە بوو، مستەکۆڵەیەکی بەدەمی خۆیدا کێشا:

«خۆتان دەبیننەوە،» گوتی، هەڵستایە سەر پێیان. نەوەک بیبینن، هەر لەوێ دانیشتەوە، ئەوجا هەستا، بەپشتی ماڵێدا وەرسووڕایەوە. لە ناکاو لە پشتی ماڵێرا ڕووبەڕوویان هات. زەلامەکان هەر کە دیتیان و نەیاندیت، وشک بوون، پاشانەکێ بەسەر دەست و پێیدا کەوتن.

تاشباش ئۆغلۆ تا توانی بەدەنگێکی گڕ و بەرزەوە، بەوپەڕی پشت بەخۆ ئەستوورییەوە:

«هەستن،» گوتی، «دەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم.»

زەلامەکان دەسبەجێ ڕاست بوونەوە. دوازدە زەلام بوون. تاشباش دەستی بەهەنیەی یەکە بەیەکەیاندا هێنا.

«ئەو خۆڵی بەردەرگایە لەجێی خۆ ڕۆکەنەوە. ئەمە خۆڵی بەرەکەت نییە. ئەمنیش گەڕام، گەڕام خۆڵە بەرەکەتێکی چاکم بۆ دیتنەوە. بڕۆن لەوێ خۆڵ بێنن، بەزەویوزارەکانتانەوەی کەن. بەڵام دەبێ لە ڕۆژی خدرلیاسدا بیهێنن، لەو ڕۆژەدا نەبێ چ کەڵکی نابێ. ئەو خۆڵەی ئەوێ ڕۆژێی دەهێنن بەمەزراکانتانەوەی وەردەکەن، ئەگەر ئینسانی چاک بن، زەوییەکەتان یەک و دە دەهێنێ. هەیدێ بڕۆن، لێرە مەمێنن...»

تاشباش یەکڕاست گەڕایەوە، لەو ناو تاریکییەدا ون بوو.

زۆری نەخایاند هاتەوە بۆ کەلاوەبۆر، لە جێگەکەی خۆی دانیشتەوە. ئیدی کەس لە بەردەکە نەبوو، دیسان چاوی بڕییە سەربانی ماڵەکەیان. ئەمجارە هەر بەڕاستی، بێ چەندوچۆن تیشک دەباری. هاکا دارگوێزە زیارەتییەکەیش ئێستا هات، یا چاوترووکانێکی تر. لەوانەیە، ئێستا لەسەر چیای تەکەچەوە بەبەری ئەمدیودا داکشابێتە خوار، وێروە بێ. هەڵستایە سەر پێیان، سەیرێکی سەمتی چیای تەکەچی کرد، نە کەس دەهات و نە کەس دەڕۆیشت...

لەرزی لێ هات. دەستیشی ڕچیبوو. نەختێ پەنجەکانی بزواند، چابوو تۆزێ نەرم بوونەوە.

بۆچی ئاگرێ هەڵنەکا؟ خۆ تیشک و میشک هێشتا هیچ سەرەودەرێکی دیار نییە.

دوو سێ ڕۆژ لەمەوپێش، سووتەنییەکە لە کوێ بوو، شاوڵی کردبوو. چوو، باوەشێ سووتەنیی هێنا بۆ کەیلەکە. ئاگری بەهێندێ گزرەوە نا، سووتەنییەکە یەکسەر گڕی نەگرت. ناچار قەدەرێ دەستی بەفوو لێکردنی کرد. ها لە پاش چەند ئاگرەکە بوو بەگڕ و بڵێسە، تاشباش ئاگری تایەنی خستبووە ناو گەڵیەوە، لێی دانیشت، چاویشی لە خانووەکەیان ڕانەدەگوێزت. کوا کامەتا؟ خۆ دیار نییە، کامەتا نابارێ. هەی درۆزنینە. تیشک خۆ پیشانی پیاوچاکان دەدا. یەکێ بووبێ بە وەلی، قابیلە تیشک بەسەربانەکەیاندا ببارێ، نەیبینێ؟

دارگـوێزە شـەخـسـەکـە زۆر لـە دوورەوە دەهات. ڕێگەکـە دوورە. هـەرچی تیشکەکەیە... لە پێشـان لە پشت ئەو کەژانەوە بەدیار دەکەوێ. ئەو کەژانەیش لێرەوە زۆر دوورن...

شـوێن نییـە ئەم تیشکەی نەگاتێ. تـەنانەت دەگاتە بن کێـهە ئاو تۆ بەقـووڵی دەزانی، لە زەمانی ئەسکەرییەکەیدا ئاوێکی دیتبوو، ئاوی مرادیان پێ دەگوت، ڕەنگی لـە ڕەنگی مس، سـوور سـوور، لـە نێـوان قـایەجـاڕێکی گـەچۆڕی واوە دەڕوا، تەڵێ گـیـای لەسـەر ناڕوێ. لەبن بنـەوەی قـووڵایەکی ئێکجـار قـووڵەوە، لەبن تاوێری سـوورەوە هەڵدەقـولا، سـەوز سـەوز بوو. لە دوورەوە دەتگوت، کـوتومت شـریتـە هـەرێزە، کـە ڕۆژ لەو سـەوزییـەی دەدا، دەتگوت سـەوزاییی بەئاورینگە.

لێـرِ نەما، مـەکە نەمـا، مـەدینە نـەما نەچین، هەمـوو شـەوێ... ئـەوجا وەرە سبـەینێ ئەم هـەمـوو تیشکەیش بەسـەر سـەرتەوە ببیـن، بێ گـومـان دەیبیـن، داخوا چی هەڵبەستن و چی بڵێن؟ ئاشکرایە...

سەد هـەزار کیژە باکیرەی تەڕوپڕی جل و بەرگ سـەرتاپا سپی تاشـباش لە باوەش دەگـــرن، هـەر بەوە ڕادەگـــا ئەم باوەش و ئەو باوەشی پێ بکرێ. بەرناکەوێ!

ئۆنباشـییەک هەبوو. لە کوێخـا سەفەریش بگرە بەدخووتر بوو... هـەر مەحز بۆ کەیف و لەعینادییـان خەڵکی دارکاری دەکرد: «یەکێ لەم قەڵەمرەوەی مندا بمێنـێ، کـوتەکی من نـەخـوا دەمـرم.» هەر دوو ڕۆژ جـارێ یـەکـێکی تێـلاترێن دەکرد.

بەڕاستی داپیـرە مرێمۆکیش ژنێکی سـەیر بوو! خۆزگە دیتبـات چۆنی سـەیر کردبوو، کە داوای کەپەنەکەکەی و کاڵەکەی کردبوو؟

ئەو ئاوی مـرادەی لەبن مـسـەوە هـەڵدەقولـێ، هێندێ جـار هەمـوو مـسـێکی سەوز هەڵدەگەڕاند، تاوێری لە مسی سـوور بەو تیشکەی لە سـەوزیی ئاوەکەوە دەردەهات سـەوز هـەڵدەگەڕاند.

خشـەیەکی بەرگوێ کەوت، لە خشـەی مار دەچوو، ئینجا جیکەی باڵدارێ...

کوا تیشکەکە، کوا دارگوێزەکە؟ خۆی ئامادە کرد. نەختێکیش دڵی خۆش بوو، هاکا، ئەوەی چاوەڕێی دەکرد، دیتی. دڵی بەتەپەتەپ کەوت. لە بێ ئارامییان پشووی سواربووبوو. چاوەڕێ بوو، سەرتاپا، کرژ هەڵاتبوو، چاوەڕێی دەکرد... تیشکی نەدیت.

«دەبێ چاوم شتێکی بێ،» گوتی، «ئەگینا دەنگی هەبێ ڕەنگی نابێ؟»

بێوچان جیکەیەکی پچرپچری باڵندەیەکی دەهاتە بەرگوێ، دەبیسترا و نەدەبیسترا. گوێی هەڵخست، خوایە، ئەم دەنگە لە کوێوە دەهات؟ لە پێدەشتەکەوە دەهات. بەری بەولاوە کرد، نە تیشکەکەی دیت، نە هیچ، لە ئاسمانەوە، لە بەفرەکەوە، لە ماڵەکانەوە، لە سەرووی شارەوە، لە ئەشکەوتی پەرییانەوە، ڕووی لە هەر لایەک دەکرد، خشەیەکی بەرگوێ دەکەوت... خش خششششش، خش خششششش... هەی لە دایەی! ئەی باشە تیشکەکەی کوا؟

ئاگرەکەی بەردەمی، پشکۆیەکی لێ نەمابووەوە. ئیدی حاڵی لەرزینیشی بەبەرەوە نەمابوو. قەدەرێ هەموو ئازای لەشی ڕچی، پاشان خاوبووەوە. زۆری خەو دەهات، هەر چاوی وەسەریەک نابا، یەکسەر خەوی لێ دەکەوت و لەم کەلاوەیەدا بۆ خۆی ڕەق دەبووەوە، دەمرد، بۆ سبەینێ گوندی، کە دەیاندیتەوە، دەیانگوت: «چلمێران تاساندوویانە.»

بەنەخوایشت، بێ ئەوەی چاوی لەسەر بانی ماڵێ هەڵەنگێوێ، لە سەرەخۆ هەڵستایە سەر پێیان. چرکە لە ئەژنۆیەوە دەهات. بەرەو ماڵێ بەڕێ کەوت. گوێی پڕ بوو لە خشەخش، بەڵام ئاسەوارێ لە تیشک و میشکەوە دیارنەبوو..

«ئەمە سڕێکی تێدایە،» گوتی. «دەبێ شتێکی تێدابێ، ئەگەرنا ئەم خشەخشە چییە؟ تیشکەکان تەرەبوون،» گوتی پاشان. «لە پێش بن دەرگا هەڵکەنەکان تاران، بۆیە بەدەرنەکەوتن.»

گەیشتە بەردەرکە، بەردەرکەیان وەک بیر هەڵکەندرابوو. نەدەکرا خۆی بەسەر چاڵەکەدا ڕایەڵ کا، دەکەوتە ناویەوە. ڕۆژ چاوی هەڵێنایە، ئەم چاڵە نەحلەتییەی پڕ کردبایەوە...

بانگی کرد:

«ئافرەت،» گوتی. «دەرکە بکەوە.»

یەکسەر دەرکە کرایەوە، بەسەر چاڵەکەدا بازدێکی دا بۆ ژووری، یەکڕاست چوو بۆ بەر ئاگردانەکە. هەر وەخت بوو بچێتە ناوییەوە. دەلەرزی.

## ٤٢

شەوێ، وەکو دوێنێ ساماڵ و ڕووناک نەبوو، بەری ئاسمان هەوری ڕەش دای پۆشیبوو، بۆرانێ لەو پێدەشتەوە هەڵی کردبوو، نەختێکی دیکەی قایمتر کردبا، داری بەسەر پێوە نەدەهێشت، هەمووی لە ڕەگ و ڕیشەوە دەردێنا. تۆفەکەی تۆف نەبوو، هیچ گیانلەبەرێ، نە گورگ، نە ڕێوی، نە دەڵەک، سەری لە کونی خۆی دەرنەدەهێنا.

تاریکییەکەی تاریکی نەبوو، تۆفەدیوارێ بوو بۆ خۆی. لەو ڕۆژەوە دنیا ڕۆنرابوو، تا ئێستا هەرچی تاریکی هەبوو، هەموویان خڕ کردبووەوە، خستبوویانە سەر ئەمشەوە. تاشباش دەیگوت: «دوێنێ شەوێ دنیا زۆر ڕووناک بوو، بۆیە هیچم نەدیت. ئەمشەو خۆیەتی. هەرچی تیشک هەن، دێن، بەبن پێمەوە وەردەبن. جا وڵاتی تۆرۆس ئەوساکە با ببینێ، ئەوساکە با ببینێ، بزانێ وەلی چۆنە و چۆن دەبێ؟»

ئاگریشی هەڵنەکرد. کێ دەڵێ لە ئاگرەکەی دوێنێ شەوێ تەرە نەبووبوون و هەڵنەهاتبوون.

سێ سەعاتی ڕێک بوو چاوی بڕیبووە سەر سەربانەکەیان چاوەڕێی دەکرد. لە ناکاو خشە و جیکەی باڵداری بەرگوێ کەوت. لە خۆشییان، لە شڵەژاوییان ڕاپەڕییە سەر پێیان. بۆرانەبۆر وای بەسەر و سوورەتدا کێشا، هێندەی نەما تخێڵی عاردێی کا. ها ئێستا تیشک بەدیاردەکەوێ، ها نەختێکی تر. ها ها، وا بەدیارکەوت.

لەپڕ شەوقێکی باریک و کورت بەپێش چاویدا تێ پەڕی... پاشان هەموو شتێ تاریک داهاتەوە.

تاشباش!

«تیشک!» گوتی، «تیشک!» دڵی خۆش بوو، تیشک ها؟»

کەواتا هەرچییەکی گوندی گوتووبوویان ڕاست و دروست بوو... کەواتا وەلییە ها؟!

ئاگرە پیرۆزەکەی ناو هەناوی گەورە بووەوە، فرەوان بووەوە، گڕی گرت. زۆری شانازی بەخۆیەوە دەکرد، وەک سەرخۆشی لێ هاتبوو. تیشکی سەربانی ماڵەکەیانی دیتبوو... گوێچکەی دەزرینگایەوە، سەری دەخولایەوە...

«خش! خششش...» ئاوی مراد سەوز سەوز ڕێی دەکرد. وەک مارێکی سەوز سەوز دنیا لە گەرمان دەپیشا. ناو تاوێرە مسەکان پڕبوون لە ڕەشمار. هەر بەبارین لێی دەباری. گەواڵە هەورێ لە گەرمان هەڵدەقرچا. سێبەری لە ڕووبارەکە کردبوو.

زانایانی لە شێتیزان دەڵێن، شێت دەنگی دێتە گوێ. ئاوەکە بەرەو خوار ڕێی دەکرد، کەچی گەواڵە هەورەکە بۆ بەرەژوور هەڵدەکشا.

«خش! خششش!»

بەخۆهاتەوە، لە ترووکەیەکدا دیتبووی. هەر ئەوەندەی بەخۆی زانیبوو، وەک شەپازیللەیەکی بەبناگوێدا بکێشرێ و چاوی پڕیشک باوێ، ئاوهای لێ هات.

«ئەم جارەیان نەبوو،» گوتی. «جارێکی تر، بەڵام ئەم جارە درێژتری ببینم، ئیتر تەواو. واتە، بەتەواوەتی بووم بە وەلی.» لە جێگەی خۆی دانیشتەوە. نە کەپەنەک، نە کاڵە، نە قۆچکە و بارانە هیچی پارەی نەکرد. وشکە سەرمای ئەو پێدەشتە گوێی بەهیچ نەدەدا، کاری دەکردە نێو هێسکی. خولاسە، لە سەرما، بەحاڵێ گەیشت، پەرێشان، بەبوورانەوە، بوورایەوە. وێڕای ئەو حاڵەیش هەر وازی نەهێنا و نەڕۆیشت. بەرە بەرە خەویش هێندەی دیکەی کەشەنگ کردبوو. هەرچەندی خەو پتری پێ لێ دادەگرت و وشەوش و خشەخشەکەی گوێی هێندەی دیکە زیادی دەکرد و سەرەگێژەی دەهاتێ.

کوندەبوویێک خوێندی، تاشباش دڵی ڕاچەنی. نەهامەتییەکی بەسەر دەهات. لە ناکاو فەرماندەی جەندرمەکانی بەبیرهاتەوە. گفتی دابوویێ، جارێکی تر خۆی لە قەرەی وەلیایەتی نەدا و توخنی شتی وا نەکەوێ. کەچی ماڵەکەی

پڕبوو لە نەخۆش و دەردەدار و خەمبار و خەفەتخان... ئەم جارە بەدەست یوزباشی کەوێ، هێسکی دەهاڕێتەوە. کابرایەکی زۆر توورە و تڕۆ بوو. دەیگوت چی؟ لە سەردەمی ئاتۆمدا و کاری وا؟ کابرا هەقی بوو، بگرە لە زەوییەوە تا ئاسمانیش. لەم چەرخی نازانم چییە، ئاتۆمەدا، کە ئینسان لە فەزا باسکەمەلە دەکا، هیچ نەکەی، بێی لێرە دانیشی، چاوەڕێی تیشک دیتن بکەی!

ئەی ئەمانە کەرامەت و پەرجوو نین؟

ئەم کوندەبووە شتێکی بەد و نەگریسە. شوومە، نائۆغرە.

هەرچی بڵێ، هەرچی بکا، سوودی نییە، یوزباشی گوێی لێ ناگرێ. ئەوا سەد سوێندیشی بۆ خوارد، نەخۆش لە خۆڕا خزاونەماڵیەوە؟ بە چ دەچێ؟ بە پوولێ. یوزباشی، یوزباشی نەبوو، نووحی دەگوت، پێغەمبەری نەدەگوت. سێ شەو و سێ ڕۆژی دارکاری دەکرد، دەیکوشت، دەیبڕی. پاشانەکەیش لە بەهەشتی کەرانەوە، ئەوجا لەوێشەوە بۆ شێتخانەی دەنارد. ئەو، خوای دەکرد، تیشکەبۆری دەدیت، دارگوێزە زیارەتییەکەی بەسەر سەربانی ماڵی خۆیانەوە دەدیت، ئەوسا، یوزباشی، حوکوومەت، دنیا هەمووی... یالڵای دەکرد، پێستیان دەگروو، لەتوپەتیان دەکرد، نینۆکیان لەبن هەڵدەکێشا، هەموو جمگەکانیان لەبەر یەک دادەژەنین، هەر باکیشی پێ نەدەبوو. ئەوجا پاش هەنگێن خەڵک چییان لێ دەکرد، بیانکردبا، لە گۆشتیان دەکرد، لە لەشیان دەکرد، خۆ توخنی وەلییەتییەکەی نەدەکەوتن. خۆ هەر ئەو بەتەنیا ئینسان زوڵمی لێ نەدەکرد، ئەی بەسەدان، بەهەزاران، وەلیی خوا بەو دەردە؟ نەچووبوون؟ چما وەلی هەبوو بەرەی ئینسان ئازاری نەدابێ؟ ئەی پێغەمبەرە جوانەکەی خوا، حەزرەتی عیسایان نەبردە سەر چیای ئاگری، لە چوار مێخەیان نەکێشا؟ ئەی پاش لە چوار مێخەکێشانی، لەوێ، بەو سەرمایە بەجێیان نەهێشت؟ تا گیانی دەرچوو چما ئۆفێکی کرد، لە کەس پاڕایەوە؟

«ئاااااخ، ئاخ! خۆزگە نەمردبام، ئەو تیشکەم جارێکی دی بەچاوی خۆم دیتبایەوە. هەنگێن خۆم دەمزانی چم دەکرد...»

ماوەیێ لەرزێکی بەسامی هاتێ. دەهەژی.

بۆرە تارماییەک چییە لەماڵەکەیانەوە دیارنەبوو. دنیا سەرانسەر، نوقمی تاریکاییەکی ئەنگوست لەچاو بوو، بەڵام تاشباش جێگەی ماڵەکەیانی سەرەودەر دەکرد، هێندەی دەیتوانی چاوی کردبووەوە، ملی بستێ درێژ کردبوو، چاوەنۆڕی تیشکەکەی دەکرد، ئێشکی لێ دەگرت، بەدیارکەوێ.

«فیت، فیت! فیت! فیت... خششش! خش، خش!»

ئەوەی بەرگوێی دەکەوت، هاژەی ڕووبارێ بوو. لە تیشک، لە جێکەی باڵندەیێ بوو. تا ئەو دەنگە هەبوو، تاشباش ترسی نەبوو. ئەو دەنگە ئومێدی بوو، ئیدی چیی دەویست، ئەدی تیشکی نەدیت؟»

نانا، دەبوو چاکی ببینێ.

تا بەرەبەیان چاوەڕێی کرد، نیوە ڕچیو و نیوە لەخۆچووبوو. نێوان کەیلەکە و ماڵەکەیان سێ سەد هەنگاوێ دەبوو. بەخۆ پەلکێش کردن، تا ڕۆژهەڵات، ئەوجا توانی بگاتە بەردەرکەی ماڵێ. دەستی تەواو کەسیرە بووبوو.

کەسیرەبوون و لە سەرما ڕەق هەڵاتنی تاشباشیان لە مرێمۆک ڕاگەیاند، مرێمۆک بە هەڵەداوان گورج گەیشتێ، هەتوانی بۆ دەستی گرتەوە، دەرمانی کرد، تیماری کرد، دەنا پەنجەکانی هەڵدەوەرین.

مرێمۆک لە دڵی خۆیدا:

«چما ئەولیا نامرن، ڕەق هەڵدێن؟ کەسیرە دەبن و داوودەرمانی مرێمۆکیان فریا دەکەوێ؟»

کێچی کەوتبووە کەوڵ. تاشباش ئەمەی لە چاویڕا سۆسە کرد.

لە دڵی خۆیدا گوتی:

«ئەمشۆکەش ئێشک لە تیشکەبۆر دەگرم. ئەگەر بەچاکیم نەدیت، ئەوا منیش واز لەم وەلییایەتییە دێنم و سەری خۆم هەڵدەگرم، مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێ، بۆ کوێ دەچم. دەبا ببینم مرێمۆک! جا ئەوساکانێ هەڵبەتە منیش یەک دوو قسەیەکم دەبن، پێیان بڵێم مرێمۆک...»

## ٤٣

تاشباش له كەلاوەكە خۆی بەعاریدا دابوو، دەیگوت، «خوایە، بەکەرەمی خۆتم لەگەڵ بکە، لەلای ئەو خەڵکەم ڕووڕەش مەکە، سووک و ڕیسوام مەکە. تۆ هەموو کارێکت لە دەست دێ. دە پیشانم دە. ئەو تیشکەی بەخەڵکت پیشان داوە. بەمنیشی پیشان بدە. ئەگەر بەندەیەکی گوێ بەفەرمانی تۆم، وەلیی تۆم، دە پیشانم دە. ئەگینا من ئەم هەژار و دەستەوسانانە لە پای چی هەڵخەڵەتێنم؟ تەماشا! ماڵەکانی خوارێ چەندی نەخۆش و دەردەدار تێ خزیون، دەدەی خوای گەورەم، گەورەییی خۆت بنوێنە. لە سەرووی گەورانەوەی، لە سەرووی هەموو هێز و توانێکەوەی، ئەرز و ئاسمان بۆ خۆت ڕات ناون. بێ باکی، هەر خۆت دەتوانی ئەم تاشباشە بکەی بە وەلی. دە تیشکەکەتم پیشان بدە، با بڕوا بە وەلییایەتیی خۆم بێنم و چاکەی تۆیش لە هەموو ئینسانانی ڕووی زەوی ڕاگەیەنم.

«ئەگەر تۆیش نووری خۆتم لێ ئاشکرا ناکەی، دە منیش ئەو جوانی و چاکییەت تێمدا خەملیون لە ئینسانانی ڕووی زەویی ناگەیەنم و وەلییایەتییەکەشم قوبووڵ نییە. ئیستیحفا دەکەم.»

ڕووی لە قیولە کرد، نوێژی دابەست، پاش دوو ڕکات نوێژ، هەڵستا، دەستی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی، پاڕایەوە، دوعای کرد، لاڵایەوە، کڕووزایەوە.

«دەدەی، خوای گەورە تیشکەکەتم پیشان بدە، با ئیمان بێنم.»

تا توانی دووعای کرد و پاڕایەوە.

بەفر و بۆرانەکە لەوەنەبوو خۆی لەبەر ڕاگرێ. وەک تازیانە بەڕاست و چەپدا دای دەپلۆست. بەرەکەت دا ئەوڕۆژە خۆی چاک پێچابووەوە. مرێمۆک دەستە سەرمابردووەکانی بەگۆریە کۆن و خام و فانیلەشڕ چاک چاک پێچابووەوە.

پاش دووعاکردن، میزی هات، شانی ڕاستی بەدیوارەکەوە دا، میزێکی خەست و خۆڵی کرد، میزی تاین هەر بەزەوی دەکەوت و نەدەکەوت دەیبەست.

پێدەشتە بۆز دەیگرماند. وای دەنرکاند، هەر دەتگوت گرمەی تۆپە.

«ئەمشۆکە، یا لێرە ڕەق دەبمەوە، دەمرم، یا تیشکەکەت دەبینم خوایە. دە پیشانم دە، دەی. بۆ خۆت دەزانی. تێ گەیشتی؟»

دەنگی «خش خششش»ێکی سووکی هاتە گوێ. لە خۆشییان وەخت بوو ببوورێتەوە.

«دە دەی!»

چاوی لە تاریکییەکە زەق کردبووەوە، هەر ئەوەبوو گلێنەی چاوی دەرنەدەپەڕی، بەڵام نە تیشک و نە تەڕەماش... بەتاقی تەنیا بوو. بەو ڕاستانی چقورئۆوایەدا دەڕۆیشت، بەری بەهەرلایەکەوە دەکرد دەغڵودان بوو. گەنم گوڵی کردبوو. هێندێ شوێنی فەریک ببوو، شنەبای بەهار کەروێشکەی پێ دەکرد. هەموو شتێ لە بووژانەوەدا بوو. پێکوڕە لەو بەرخۆرەتاوە گەرمە، لە هەموو ڕەنگ، لە هەموو بابەت، فڕک و هۆڕیان بوو. ڕوانی، لە ناکاو، پێکوڕە وەک گەواڵە هەوری ڕەش بەری ئاسمانی گرت، گوندیی بەدبەخت لەو چەقی ڕێگەیەدا دەستیان بەرەو ئاسمان بڵیند کردبوو، دووعایان دەکرد: «خوایە،» دەیانگوت، «خوایە بە کەرەمی خۆتمان لەگەڵ بکە. ئەو پێکوڕە و کولۆیەمان لە کۆڵ بکەوە، لەو دەغڵە زێتر چیی دیکەمان بژیو نییە.»

پاش دوو ڕۆژ هەر بەو ڕێگەیەدا دەگەڕایەوە. تەماشای کرد، پێکوڕە گەواڵە لەسەر گەواڵە هێندەی دیکەیان ڕووی ئاسمان تەنیبوو. دەغڵودان، نە لاسک، نە گوڵ هیچی پێوە نەمابوو، لە ڕەگ و ڕیشە ماشرابوونەوە و لەولاوە، لە ناو پەلێکەوە زەلامێ دەمەوڕوو، لە ناوەندی دەغڵە کولۆ لێداوەکە کەوتبوو. کولۆ بەسەر هەر دەغڵێکدا بدا، بەو دەردەی دەبا. سەوزایی مانا بەسەر خاکەوە نایەڵێ. لە ڕێگەکە لای دا، چوو بۆ لای زەلامەکە. دانەوییەوە، تەماشایەکی کرد، دەموچاوی لە خۆڵە نمناکەکە چەقیبوو. تێ گەیشت. خوا کولۆی خۆی ناردبووە سەر تاکە بژیوی ئەم کابرایە، دەغڵەکەی بەو دەردە بردبوو. لە سەرەخۆ لە کابرا هەڵبڕا ڕۆیشت.

خاکی چقورئۆوا پڕە لە مار. لە ڕەشمار، لە بۆر، لە بازگ، لە زەرد، تیرەماری زەرد، زەردی وەک زێڕ، هی درێژ، هێندەی گوریسێ کوڵەوەیباو...

چەندی لا سەیر بوو قەتی تیرەمار نەدیتبوو تا ئەو سەردەمانە، بۆ یەکەم جار، لەبن دار هەنجیرێکیدا دیت. کانیاوێ لەبن دار هەنجیرەکەدا هەبوو. دەوروبەری بزنی لێ نووستبوو. لەپڕ شووڕکێکی لەو بن قایەجاڕەدا دیت، وەک زێڕ دەچریسکایەوە. بەزێڕ و مەعدەن و شتی لەم جۆرە بابەتانەی شوبهاند. یەکڕاست چوو بۆ لای. دانەوییەوە، دەستی بۆ برد، هەر نەختێکی مابوو هەڵی گرێ، شووڕک بزووت. بزووتن و گرزز بەحەوادا کشانی بوو بەیەک. ئیدی بەوجۆرە بەحەوادا پازدە بیست مەترێ وەک ئەستێرە کشا، کەوتە ناو قایەکانەوە، لە چاو ون بوو. داخوا چ بوو؟ لە مار دەچوو، گیانلەبەر بوو، بەڵام ئەی ئەم چریسکانەوە و ورشەورش و باریکییەی چ بوو؟ مەتر و نیوێ دەبوو. ڕاست وەک دووخ. کە گەڕایەوە ڕووداوەکەی ورد ورد بۆ گوندی گێڕایەوە.

«ئەو سەرکانیاوە، نەک یەک و دوو، زۆری لێیە،» گوتیان. «تیرە ماریان پێ دەڵێن.»

«کەواتا ئەمەبوو تیرەمار؟ ئەمە تمەز لەبەر هەندێکە بوو، گوندی توخنی ئەو کانیاوە نەدەکەوتن. ئاویان لێ نەدەخواردەوە. مەڵێ، ئەم کانیاوەش وەلی بوو. لەبن قەمەتاوێرێکی زەلامدا بوو، تەڵێ گیای خواسایی لێ نەدەڕوا. قەمە تاوێر، قەمە تاوێر نەبوو، هەر شاخێ بوو لە تاوێر، لەو ناوەندی چقورئۆوایە زەقوزۆپ قوت بووبووەوە.

لەرز و تێدار نانێکی تیرییان لە ناوەندیرا کون دەکرد، لە گەردنیان دەکرد، تا نانە تیرییەکە دەتوایەوە، ئاوی کانیاوەکەیان بەسەردا دەکرد، ئیدی لەرز و تێیەکەی لە کۆڵ دەکەوت. ئەم کانییە بۆ سەرێشە، بۆ باداری، بۆ هەموو ئێش و ئازارێکی لەش یەکاویەک بوو. هەرکەسێ شەوێ لەسەر قایەجاڕەکە نووستبا، هیچ دەرد و نەخۆشییەکی توخن نەدەکەوت.

کانی، کانی نەبوو، ئەوەندەی فەند و هونەر هەبوون لە ژمارە نەدەهاتن. سەرچاوەکەی لە ناو ئەشکەوتێکدایە. زستان بێ، هاوێن بێ، شەو بێ، ڕۆژ بێ، دنیا هەور بێ، هەلا بێ، ئاسمان سامال بێ، هەتاو بێ، ئاوی تایەن لە چریسکە و ورشەورشی خۆی ناکەوێ. زۆر بەزەوقە. بەمبەر و بەوبەری

ئەشکەوتەکـەدا دەدا، ئـاڵقــە ئاڵقــە تیــشک و شــەوق دەداتـەوە. دیســانەوە خـشـەخـشـەکـەی هاتـەوە گـوێ، هـەڵسـتـا. بایەکـە یەک دوو ڕەتی پـێ برد، کەپەنەکەکەی لێ بوو بەباڵ، هـەر ئەوەبوو، هـەڵنەفڕێ. چاک بوو خۆی گرت.

دەنگی «هـوویت هـوویت» هـات. تاشـبـاش دڵی بەلێـدان کـەوت. ئەوڕۆ تیـشک دەبیندرا. قەدەرێ بەسـەر پێوە ئێشکی گرت.

دارگوێزە شـەخسـەکە چۆن چۆنی لەسـەر چیای تەکەچەوە دادەکشـایە خوار دەهات؟ ئای لەو خـۆشـیـیـە، کـە لە دوورەوە دیتبـای، هـاتبـا... ئێشکـی گـرت، ئێشکی گرت.

سەرتاپا بووبوو بەپارچەیەک لە ئێشک گرتن.

تیشک چ تـیـشک، هـەر بەبارین بـەسـەر مـاڵەکـەیدا دەباری. ئەی چۆن؟ وەک ڕەهێـڵـە و لێـزمـەی بارانی چـقـورئـۆوا، ئەدی ناوچـوانەکـەی خـۆمـان گـەواڵە هـەورێکی سـپـیی هـەمـیـشـە بەسـەر سـەرەوە نەدەبـوو بەچەتر و سـەیوان و بۆ هـەرکـوێ تەشـریفی فـەرمـووبا ئەویش بەسـەر سـەریـەوە نەدەڕۆیشت، کـەواتا مـاڵی وەلییـەک بۆچی نابێ بەشەو تیشک بەسـەردا بباریێ؟ دارگـوێزی زیارەتی بۆچی تەشریف نەهێنێ بۆ کاولەکەی؟

ئەم دنیـایە زۆری پیاوچاک بەخۆیەوە دیتـووە، زۆری ئەولیـا و خـوداپێداو بە نۆ پلەی وەلییـایەتی گـەیشـتـوون. ئەولیـا لە ئاسـمـانەوە دێنە خـوار... ئەوانیش هـەموو هـەر یەکە لە دایک و باوکێ لە دایک بوون.

چاکە بۆ خۆی چ خـراپییـەکی هـەبوو؟ تا ئێسـتا هیچ خـراپەیەکی نەکـردبوو. لە سـەفـەر بەولاوە دڵی کەسـی نەشکاندبوو، قسـەیەکی کاڵی بەکەس نەگـوتبوو، چەندیشـی لە دەست هاتبـوو. چاکـەی لەگـەڵ هـەمـوو کـەسـێکدا کـردبوو. ئەوە چەندین سـاڵیش بوو لە پێناوی مـافـیـخوراوی گوندیش ملی لەبەر ملـی سـەفـەر نابوو، کـێـشــە و هـەرای بـوو. گـوایە پیـاوێکی وا پاک و خـاوێن کـە بسـتێ لە ڕاسـتـەڕێی خـوا لای نەدابوو و ئازاری بەمـێـرووێک نەگـەیاندبوو، بۆچی نەگـاتە نۆ پلەی وەلـیـیـایەتی؟ جگـە لەوەیش، ئەی قـابیلە ئەم هـەمـوو گـوندییـە درۆیان کـردبا؟ ژنەکـەی ئیـدی لەگەڵیـدا نەدەنووست. قـابیلە ژنـە ئەوەندە بێ ئەقڵ بوو؟

قابیله حەزی لێ نەبوو؟ عالەمولّلاکە سەرلەبەر کەرامەتیان لێ دیتبوو. هەروا پەیتا پەیتا هی دیکەیان لێ دەدیت.

ئەی گۆیا وەلییایەتییەکەی لە بەرچی قوبوولّ نەدەکرا؟ گفتێکی بەیوزباشی دابوو. سەربازیش زۆر لە ئاکامی ئەو گفتە دەترسا. وەلییایەتی شتێکی چاک بوو، خۆش بوو، شتێکی بەدەست نەدەکەوت، بەلاّم ئاکامی بەلای خراپەدا دەشکایەوە. ئەوەی تا ئێستای بیستبوو، ئاکامی وەلییایەتی، یا هەلاّواسین، یا زیندان بوو. هێندێکیش پێستیان دەگوورووون، گوایا دین دژمن.

«ئەمن،» گوتی، «ئەگەر ببم بە وەلی، نە پێستم دەگوروون و نە لە سێدارە دەدرێم. گوندی بەدەستەوەم نادەن... لەسەر هەق و هەقپەروەری، لەسەر داد و دادپەروەری ڕۆیشتنیانم دەوێ. نامەوێ زۆر بەندەی کەم بێ. نامەوێ کەس کەسێکی تر بچەوسێنێتەوە. دەمەوێ هەق لە جێگەی خۆی دابندرێ.»

«ئەی هەموو ئەولیای دنیا داوای ئەمەیان نەکردووە؟ ئەی گوایە لە سەرچی سەری هەموویان پەڕاندوون... ئەی ئەگەر داوای ئەوەیان نەکردبا، هەقی هەژار لە دەولّەمەند بستێندرێ بۆچی پێستیان دەگوروون؟ لە بەرچی کەولّیان دەکردن؟ ئەگەرنا، کێ پێی دەگوتن برۆ بەسەر چاوتانەوەیە؟ کێ توخنی مووێکیان دەکەوت.

کەس توخنی مووێکیان نەدەکەوت، بەلاّم هیچ هەژارێکیش مەرحەبای لە وەلییەک نەدەکرد و کەس پێی نەدەگوتن کەرتان بەچەند. ئەوەی وەلیی کردبوو بە وەلی هەر هەژار و دەستەوسانەکە بوو. هەژار بۆ دەچنە کن وەلی، منەییی ماریان لەکن دەکەن؟ منەییی چییان لەکن دەکەن؟ منەییی دەرمانی دەردیان، منەییی دەرمانی کەساسییان، منەییی چارەسەرێکی زولّم و زۆر لێکران، چارەسەری کوشت و کوشتار، منەییی چارەسەری شەڕوشۆڕ و دنیا وێران کردنیان لەکن دەکەن. ئا ئەمەیە سەوەو و سۆنگەی خۆ بەوەلییەوە هەلاّواسینیان. هەر کاتێکیش زانییان ئەولیا هیچیان بۆ ناکەن دەسبەرداریان دەبن و جارێکی دیکەیان ئاوڕ لێ نادەنەوە و دەستەوداوێنیان نابنەوە. ئەگەر خواستەکانیشیان بەجێ هێنان، ئەوە بێ سێ و دوو سەریان لە پێناودا

دادەنێن، خۆیانی بۆ بەخت دەکەن. ئەمەیش بەکەڵکی حوکوومەت نایە.

لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئەوە دەترسێی، تاشباش کوڕم، ئەوە دەترسێی. بەم شەوگارە ئێشک دەگری، تیشک بەسەر ماڵەکەتانەوە ببینی، کەچی ئێستاکانێ دەترسێی. تۆ تازە بووگی وە وەلی و بڕیاگەسۆ کوڕم... وەلییەکی خوداپێداوی فرە جوان و زەریفیش، بۆ خۆت گێل دەکەی. وا دیارە قەدر و بەهای ئەو بەهەشتەی خەڵاتیان کردووی، نازانی. ڕۆڵە، لەم دنیایش و لەو دنیایش... با سەرت تێدا بچێ، پێستت بگوروون. قەی چێ کا؟ سەرەنجامی هەموو وەلییەک هەر ئەمەیە. بەڵام تا ڕۆژ بازاڕی قیامەت لە دڵی ئەم هەموو ئینسانانەدا دەژیت. گومەزت لەسەر هەڵدەچنن، هەموو ڕۆژێ خەڵک بەلێشاو دێن زیارەتت دەکەن. خاکی سەر گڵکۆکەت بەبژۆڵ دەماڵن. مەترسێ تاشباش، ئەولیا هەموو گیشتوونە نەمری و بێ پایانی. لە مردن نەترساون و ناترسێن. با یوزباشی هەر بۆ خۆی بڵێ... بریا گفتت نەدابایە...»

ئەگەر تیشکە، تیشکیشی دیتبوو. ئا ئا. شەمەیەکی هەر لێ کردبوو، لچکێکی بەسەر بانەکەیانەوە دیتبوو و بەڵام... ئەم کێیە ببێ بە وەلی. گوندیی لاهەڵپچڕاوی چڵمن! قەدەرێ بێ ئەوەی چاوی لە سەربانی ماڵەکەیان هەڵەنگێوێ، کەوتە دوودڵییەوە. سەرێ بیری لە وەلیاتی کردەوە و سەرێ بیری لەو لات و لووتییەتییەی گوندی کردەوە، ئەمسەری کرد، ئەوسەری کرد. هەرچەندی دەکرد بڕیاڕی بۆ نەدەدرا. داخوا ئەگەر لە داپیرە مرێمۆکی پرسیبا...

ئەم پرسیارە چۆن دەکرا؟ تۆ بڵێی کرابا؟ داخوا دەکرا بپرسێ: «ئەرێ داپیرە مرێمۆک تۆ بڵێی من وەلی بم؟ تۆ دەڵێی چی؟» داپیرە مرێمۆک بەمە پێ نەدەکەنی؟

بەدەنگێکی بەرز: «گوێ لە هیچ ناگرم،» گوتی. «ئەگەر خوا بە وەلیی کردبم و بۆ ئەم خەڵکەی ناردبم، چاکەکانی بڵاو بکەمەوە و ببمە جارکێشی گەورەیییەکەی، دەبا تیشکەکەی بنێرێ. لە سەرما ڕەقیش بمەوە، ئیستیحفا دەکەم و سەری خۆم هەڵدەگرم و دەڕۆم. ئەوساکە سەرلەبەری گوندییەکانی

تۆرۆس بێن لێم بپارێنەوە، باڵم لێ برووێنن، سەد هەزار کیژی باکیرەم لە پێش دەرکەی وەسەما ئێخن، قایل نابم. دەبا من تیشکەکە ببینم، ئەوسا با کەوڵم کەن. حەڵاڵیان بێ. حەزدەکەن هەر ڕۆژە زوێلە چەرمێکم لێ ببڕن، بیهاونە بەر سەگان. تیشکەکە نەبینم خوا یەکە و نابێ بەدوو، قەت قوبووڵی ناکەم. من لەم گەڕەم چی؟ بۆ خۆم هەیپێی لێ دەکەم و هەڵدێم. هەر کەسیش نامدۆزێتەوە.

گوندی ئەنتاب لە کوێ و ئێرە لە کوێ؟

موسلیم چاوەش کوڕێکی چاک بوو، خەڵکی گوندی قزڵ کلیسەبوو. لە ئەسکەریدا جێگەکانیان پێکەوە بوو لە قاوەشێکدا. هەر بەتەواوی بووبوون بەهاوڕێی یەک. بەیەکەوەیش فێرە خوێندن و نووسین بووبوون، ئەو ڕۆژەی فێرە نووسینی هەوەڵ وشە بووبوون لە خۆشییان شێت و شبر بووبوون. پاشانەکی هەر پێکەوەیش خەتیان وەرگرتبوو، دواییش هەر بۆ یەک بلووکیان ناردبوون. ڕۆژێکیشیان بەقەسەتۆرە خۆیان بریندار کردبوو، خوێنی یەکتریان مشتبوو بووبوون بە برای هاوخوێن.»

کە چوو بۆ گوندی قزڵ کلیسە بۆ کنی لەو ناوچەی ئەنتابە کێ دەیدۆزییەوە؟ لە سنووری سوورییەیش نزیکە، هەر حەزیشیان لێ بووایە قاچاخچێتیی خۆیشیان دەکرد. موسلیم خۆی پێش چوونە ئەسکەری، قاچاخچی بوو. کە لە ئەسکەری دەگەڕێتەوە هەزار سوێند دەخوا، ئیتر قاچاخچێتی نەکا. کێ دەزانێ؟ ئەمە بەشەوە. ڕەنگە هەر ئەو ڕۆژە لە ئەسکەری گەڕابووەوە سەرلەنوێ تێ هەڵچووبێتەوە.

بازنە خورییەکەی چاک چاک بەسەر ڕوویەوە پێچا. بۆرانەکە بەجارێ پێی لێ هەڵبڕیبوو. وەک غەزەب لە پێدەشتەکە بەولاوەی دەکوتا. تاشباش زەلامێکی بەخۆوە نەبا، بەهێز و گوڕ نەبا، بۆران وە پێش خۆی دەدا، تا ناو کووچە و کۆڵانی شاری پەلکێش دەکرد. هێشتا زۆری مابوو ڕۆژ هەڵێ، بەم سەرما و سۆڵەیە، تا ڕۆژ هەڵدەهات ئێشک گرتن! ئەگەر ئەمشۆکە ڕەق نەبووەوە، کار لە تیشک و میشکدا نەدەما، تازە بووبوو بە وەلی بڕابووەوە. پەری و مەلایەکەت و لەو جۆرە بابەتانە پاراستبوویان.

لە دوورەوە خشـەیەکی، وەک پێش ڕەشـەبا و بۆرانەکـە کەوتبێ، بەرگـوێی کەوت... «خشششش! خشششش!»

تاشـباش گـوتی، سا دەنگ مـەکـە، ئەمـە تیـشکەکـەشی بەدوادا دێ، زۆری کـەیف پێ هاتەوە. خشـەکە بەرە بەرە نزیکتر دەبووەوە، هەتا نزیکتـر دەبووەوە دەنگی ئاشکراتر دەهـات. تاشــبــاش ترســا، لە دڵـی خـۆیدا گـوتـی، ئەمــە حەزیاکەی ئەو دەشتە نەبێ؟ حەزیا ئێشک گرەکەی ئەرجیش نەبێ؟

لە کەیلەکەوە بازێکی دا، بەرەو ماڵ دای کێشا، چواردەوری ماڵەکەی سێ و چوار جار سـەح کردەوە. خشـەکە تا دەهات گەورەتر دەبوو. چوو، لەبەر دەرکە ڕاوەستا. هێشتا چاڵی بەردەرکەی پڕ نەکردبووەوە. چاڵەکەی بەبیرهاتەوە. لە هاتنەژوورەوەدا، دەبوو وریا بوایە، نەکەوتبایە چاڵەکەوە.

قەدەرێ چاوەڕێی کرد، خشەکە هەر نەهات، تیشک و میشکیش دیار نەبوو.

«بەداخـەوە!» گـوتی، «لە دەسـتـمـان چوو. قـەت بـووە و بیـسـتـراوە تیـشک لێرانەوە، لەم بن ماڵەوە ببیندرێ!»

هەڕای کردەوە بۆ کەلاوەکە، چاوی بڕییە تاریکییـەکەی سەربانەکە. خشـەکە وەک بڵێی، قەدەرێ، دەنگی بڕا.

دەسـتی بە بۆڵە کـرد: «دەی سـەروسـەکـوتت خـواتەوە، تفـوو، تۆ وەرە وەرە تیشکەکان لە دەست چوون. خوا دەزانێ، کەی جارێکی دیکە، دێنەوە!»

سەرما، بەفر، بۆران، تا دەهات پتریان شووڵ لێ هەڵدەکێشا. کەپەنەکەکەی دەتگوت کـەتانـە، هێند لە بەریدا تـەنگ بووبووەوە. سـەرمـای بوو، دەسـتی و قـاچی هـێدی هێدی سـەرمـا دەیبـردن و کـەسـیـرە دەبوون. ئیـدی بەرگـەی نەدەگرت. سەرماکە زۆر بەرباد بوو، کاری لە ناو مۆخی دەکرد. ئـەمشـەویش ئاگـر نـەبێ، جـا ئـاگـر چۆن بە بـەفـر و بارانی وا هـەڵدەبوو؟ هـەڵیش بـا، ئەو تینەی نەدەبوو پیاو گەرم کاتەوە...

هەستی بە سووکە خشـەیەک کرد... وا دیاربوو دەهات... دڵی خۆش بوو. پاشان خشەکە بڕا.

«هەی وەجاخم کوێر کردیەوە تیشک، ئەمە تۆ بووی بە چی؟ ئەگەر لە هاتنە

با بێ.» بەجارێ ئومێدبڕ بوو.

«ئەگەر من وەلی بووایەم، ئەگەر هەر بەڕاستی خواپێداو بووایەم، ئەم لە خوا پاڕانەوەیەم، نەک تیشک، خۆریش و مانگیش و ئەستێرەکانیشی دەنارد،» گوتی بەهێواشییەکەوە. «با بڕۆم، بچمە ناو جێگە گەرم و گوڕەکەمەوە، بۆ خۆم لێی بنووم، من نە وەلیم و نە هیچم. باشە، ئەولیا چۆن لە سەرما ڕەق دەبنەوە؟ چۆن وا لە سەرما دەتۆپن؟» چۆقە چۆقی ددانی ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت. ددانی بەخۆدا دەگرت، ئەملای دەکرد، ئەولای دەکرد، هەرچەندی دەکرد، لەرزەکەی لە کۆڵ نەدەکەوت.

«توخوا ئێوە بۆ خوا بڵێن، ئەولیا ئەوها لە سەرما دەلەرزن؟

کەپەنەکەکەی چاک بەخۆوە پێچا، پشتی بەدیواری کەلاوەکەوە دا. بشمردایە، ڕەقیش هەڵاتبا، تا تیشکەکەی دەدیت، تا ڕۆژ هەڵدەهات هەر لێرە ئێشکی دەگرت، «ئەوی لێرە دوورکەوێتەوە بەر غەزەبی خوا کەوێ، بەردی لێ وارێ!»

چۆقە چۆقی ددانی، لرفە لرفی بەرە بەرە دەنیشتەوە، لەشی خاو دەبووەوە. خەو. وەک بۆخەیەکی نیوەتێن لە چوار دەوری بەرز دەبێتەوە، خەوێکی ئاوها خۆشیش دای دەگرت.

بیری لە شتهایەک، لە برێ لەق لەق کردەوە. قەتارێ لەق لەقی گەرموگوڕی خۆش بەئاسمانەوەن. ئاسمانیش، ئاسمانی چقورئۆوا. لەق لەق شینایی ئاسمانی، نەفەسبڕ، داپۆشیوە. لەق لەق لەناو تۆپە تیشکێکی بە خشەخشی ئەوەندەی چیای تۆرۆسدا دەفڕن. هەموو دەنووک بە خەنە، لاق و پێ خەنە...

لە پێدەشتەکەوە دیسان خشە هات. تاشباش نەختێ گەشایەوە. سەرنجێکی سەربانەکەی دا، کاتێ هیچی نەدیت، دیسان بایدایەوە سەر بیرکردنەوە و خەیاڵ پڵاوە بە خشە و لەق لەقاوییە تیشکنەکانی خۆی. ئەو تۆپە تیشکەی، هێندەی چیای تۆرۆس بەو ئاسمانەوە قوڵێنگی دەچوونە ناو، لەق لەقی لێوە دەردەهاتن، فرۆکەی دەچوونە ناو، مەزرالۆکەی لێوە دەردەهات. لەپڕ لێرە کاژێکی بەژن سووری چیای تۆرۆس چووە ناو تۆپە تیشکەکەوە. لە

پاشان نە تیشک، نە لێرە لەق لەق هیچیان نەمان، هەموو شتێ سڕایەوە. تاشباش نوقمی دەریای تاریکستانێ بوو.

قەدەرێ لە ناو ئەو تاریکستانەدا مایەوە. لەشی بەرە بەرە دادەهێزرا.

با هەستم برۆم، بچمەوە ناو جێگە گەرمەکەم. ئەم تیشکە لە هاتن و ماتندا نییە،» گوتی، بەڵام لە جێگەی خۆیشی نەبزووت.

دەنگی «خششششش! خششششش!» تا دەهات زیادی دەکرد.

ئاسۆ لە ڕوونبوونەوەدا بوو. تاشباش بەدەم خشەیەکی گەورەوە چاوی هەڵێنا. لەپڕ وای کرد، خەریک بوو ڕۆژ گزنگی دەدا، لە سەربانی خانووەکەیانەوە تۆپە تیشکێکی گەورەی دیت چریسکایەوە.

ئەوا تیشکیشی دیت، ئیتر چیی دەوێ؟ یەک دوو جووڵەیەکی بۆ کرد، بەڵام ڕاست نەبووەوە. خەو دای گرت. تۆپە تیشکێکی زەلامی لە پشت پێڵووی چاوەوە بوو، خەوی لێ کەوت.

هەر پاش نەختێ وەک دەنگی ژنەکەی بەر گوێ کەوتبێ وابوو، خەونی دەدیت؟ دیسان جووڵەیەکی بۆ کرد. دەبوو شتێکی بە ژنەکەی گوتبا. لەخۆ چوو.

کاتێ چاوی هەڵێنا، دەمەو نیوەڕۆ بوو، لە گوێ ئاگردانەکە هەڵکورمابوو. مریەمۆک و ئۆزون عەلی و حەسەن و ئومەخان و منداڵەکانی خۆی و ژنەکەی، هەموو لە دەوری خڕ بووبوونەوە.

عەلی:

«هەر نەختی درەنگتر ڕۆژ بوویایەوە، لە سەرما ڕەق بووبوویەوە. سبەینێ باجیم لە کەیلەکەی نەدیتبایتەوە. کە هاتم ، نە دەنگت هەبوو نە هەناسە، ترسام. بانگی دایکم کرد، ئەوەتا لە سبەینێوە دەرمان لەسەر دەرمانت بۆ دەگرێتەوە.» گوتی.

تاشباش ئۆغلۆ خۆشبەختانە، خۆشبەختانە بزەیەکی هاتێ.

***

یوزباشی: «کوێخا سەفەر،» گوتی، «من زۆر چاک دەزانم تۆ دژمنی باوکوشتەی ئەم پیاوەی. لەبەرئەوە، هەرچییەکی لە هەق دەڵێی، بەڕاستی نازانم و بڕوات پێ ناکەم. دژمنایەتییەکەت بەرانبەری لە ڕادەیەکدایە، دەستت بڕوا هەر لە پێش چاوی من دەست دەدەیە قوڕقوڕاگەی و لەتوپەتی دەکەی. بەڵام وێڕای ئەوەیش، شتێ ڕاستی لە قسەکانتدا هەیە. لەبەرئەوە، سێ جەندرمەی سەر ڕاست و گوێگر ڕادەسپێرم، جلوبەرگی گوندی لەبەر کەن، بچن بۆ لای، بڵێن نەخۆشین، بەم جۆرە بگەیەننێ. ئەو پیاوە گفتی دابوومێ خۆ لە کاری وەلیاتی و شتی وا هەڵنەقورتێنێ. لە پیاوێکی ئازا و مەرد دەچوو. وا پێ دەچوو خاوەنی گفتی خۆی بێ. لە پیاوێکی ئاقڵ و ژیر دەچوو... من تا ئێستا یەک دوو وەلیم دیون، هیچیانم وەک ئەم پیاوە نەدیت، شتاقیان لەم پیاوە نەدەچوو. بە هەرحاڵ ئەگەر قسەکانت ڕاست دەرچوون، ئیتر جارێکی دیکە نایەڵم ئەم کابرایە پێ باوێتە خاکی تۆرۆس. ڕەهەنەی دەکەم، وڵاتبەدەری دەکەم. بۆ هەرکوێ ملی دەشکێنێ با بیشکێنێ. جارێ لە پێشان جوان و زەریف هێسکی دەهاڕمەوە، ئەوجا ڕێگەیەکی بۆ دەدۆزمەوە، چۆنی لە زیندان توند کەم... ئەوجا پاش هەنگێ... بەڵام کوێخا، ئەگەر قسەکانت ڕاست دەرنەچوون بۆخۆت بیر لە ئاکامی کارەکە بکەوە. ئەوەی بەوی دەکەم، دوو هەندی بەتۆ دەکەم.»

کوێخا سەفەر بەوپەڕی پشت بەخۆ ئەستوورییەوە:

«ڕازیم، یوزباشیم، شوکری بەگم...» گوتی. «ئەگەر هێندەی مووێکت نوقسانی لە قسەکانمدا دیتەوە بەهەموو سزایەکت قایلم و بە گیان و دڵەوەم قوبووڵە.»

سەفەر نەدەبوو ئەمەی لە هەق تاشباش بکردایە، بەڵام هەرچەندی دەکرد بەسەر ڕک و کینەیدا زاڵ نەدەبوو، زۆری لێ داخ بەدڵ بوو، بەسەر دەست و پێیدا کەوت، بەڵام ئێستا و ئێستایش قسەیەکی لەگەڵ نەکرد و نەکرد،

هەرچەندی دەکـرد، ئەمــەی بۆ قــووت نەدەچوو، نـەیدەتوانـی لێی خــۆش بێ. هەرچی گوێزی لە دەستدا بوون دەیخستە گوێزێنەوە. تا دوا دەنکی هەڵدەدا. ئیــدی لەمــە بەولاوە چیی دیکە نـەبوو. لە مــردن ئاوایش بـەولاوە خــۆ ئیــدی ئاوەدانی نییە. مەسەلەکە هاتبووە سەر یا هەرە، یا وەرە[1] کێهەش بن کەوت چاوی دەرێ.

بەڵام بە هەرحاڵ، سەفەر زۆر دەترسا، ترسەکەی بەکەرەم نەبوو، بەجارێ دەماری سست کردبوو. چاکە، ئەی گوندی لەم هەموو ئیخباری لێکردنانەی بەئاگا نەدەهاتن؟ بەئاگا نەدەهاتن و مرێمۆک نەدەبوو بە کەوڵ سووری بەرلەشکریان و تێی ڕۆنەدەهاتن؟ بێ لەوەش، تاشباش کابرایەک بوو، خەڵک خۆی لێ دەپاراست. هەر کە کێرد دەگەیشتە هێسکان دەستی نەدەپاراست. کــە چاوی ســوور دەبوو هەمــوو خــراپەیەکی لێ دەوەشــایەوە و پیــاویشی دەکـوشت. باشــە، ئەی ئەگــەر ئەم تاشــبـاشــە بووبێ بە وەلی. یا تێکەڵ بەچلمێران بووبێ و گەیشتبێتە نۆ پلەی نەمران و بووبێ بەپیاوێکی پیرۆز؟ هەنگین کارەکە بەجارێ گووی خلەی تێ دەبوو. سەفەر، نە لەم دنیا، نە لەو دنیــا، نـەدەحــەوایەوە. لەم دنیــا مــــردن، لەو دنیــاش دەیانگوت ڕێزی لە خۆشەویستیی خوا نەگرتووە، زوڵمی لە پیاوچاکە پیرۆزەکە کردووە، لە مردن مردنتر دەبوو.

سەفەر بەچاوی خۆی نەیدیتبا بڕوای نەدەکرد. لە پێش چاوی خۆی پێنج دانە نەخۆشی کەفتەکاری چەند ساڵەی نێو جێگا، پێنج دانە ساڵی تەواو، هەر ئەوەندە تاشباش دەستێکی پێدا هێنابوون، وەک گوێزی ساغیان لێ هاتبوو و بەپێی خۆیان گەڕابوونەوە بۆ ماڵ. باشە ئەی مەمیدیک؟ ئەو هەموو تێ هەڵدانە، ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازاردانە، خۆ ئەوەندەی نەمابوو بمرێ، یانی چی ئێستا و ئێستایش لە قسەی خۆی پاشگەز نەبووبووەوە. ئەگەر دەم هەڵبەســتــەی خــۆی بـا، درۆی خــۆی با، چۆن لە قــســەی خـۆی پەشــیـمـان

(١) نووسەر ئەم قسە کوردییەی هەروا بەکوردی نووسیوە، بەڵام ئەو، وەک کوردیی لای خۆیانی گوتووە. «یا هەڕە، یا نەڕە»ی گوتووە. وەرگێڕ.

نەدەبووەوە؟ ئەوە مەمیدیک هیچ، ئەی هۆمەر؟ هەزار سوێند و قورئانی دەخوارد، بەچاوی خۆی دارگوێزە زیارەتییەکەی بەسەر ماڵەکەیانەوە دیوە، تیشکی باراندووە. کورە، مووسا، مووسا! خۆ پیاوی خۆیشی بوو، دۆستی هەرە نزیکی بوو، ئەگەرچی هیچی نەدەگێڕایەوە، بەڵام بێ بیسمیللا ناوی تاشباشی نەدەهێنا. تەنانەت ژنەکانیشی، کێ دەیوێرا قسەیەکی کاڵی لە پێشیان بە تاشباش گوتبا، هەر بەهەڵدڕین هەڵیان دەدڕی.

قابیل بوو ئەم هەمووە تۆزکاڵێ ڕاستییان تێدا نەبێ؟

«ئاااخ،» دەیگوت، «ئاااخ، ئاخ! هەی ناوت بەگەرووی ئاشدا چێ، تاشباش، نەدەبوو لە جیاتی وەی، بووی بەدژمنم، ببای بە دۆستم... چما ئەوسا جاڕی پاتشایەتی و سەدرولئەعزەمیم بەسەر وڵاتی تۆرۆسدا ڕانەدەهێشت؟ پیاو هەر یەک جاری لە دنیادا هەل بۆ هەڵدەکەوێ.»

لە پاش ئەمەیش بەهەزار حاڵ لەگەڵ تاشباش ئۆغڵودا ئاشت بووەوە. هەزار جاری دەست و پێی ماچ کردبوو، سەد جاری خۆ لە عاردی گەوزاندبوو، هەر ئاوڕیشی لێ نەدابووەوە، مەرحەبایشی. لێ نەکردبوو، پاشانەکێ... ئەگەر تاشباش لە پیاوچاکان حسێب بێ و بووبێ بە وەلی، خۆ دەبوو لە پێش هەمووانەوە یوزباشیی گۆج کردبا. دەزانی چەندی دارکاری کردبوو. ئەی ئەو جەندرمانەی ڕایان پێچا؟

ئەوا وەلییش بوو، خۆ هێشتا لە پێش ئێمەوە خەڵکی تر زۆرن. کاتێکی نۆرەیشم گەیشتێ خوا گڵاوی بۆ بەڕوویش کردووە، چارەسەرێکی بۆ دەدۆزینەوە.

دوو ڕۆژ دەبوو لە شار گەڕابووەوە. جەندرمەکان بە بەرگی لادێیانەی شڕوپڕەوە خۆیان کردبوو بەنەخۆش، چووبوون بۆ ماڵی تاشباش. لێی پاڕابوونەوە، دوعایان بۆ بکا. تاشباش لە ناو جێدا دەبێ، هەڵدەستێ، سەرو دووعایان بەسەردا دەخوێنێ. جەندرمەکان لەگەڵ نەخۆشی دیکەدا، لەو ماڵانەی میوانداریی نەخۆشیان دەکرد، دادەمەزرێن. هەرچی هونەر و فەندی تاشباش هەبوو، هەموو بەچاوی خۆ دەبینن.

سەفەر لەوێ ڕۆژەوە خەو لە چاوی نەدەکەوت. تا سبەینێ بەبیرکردنەوە و پەژارەی ناخۆشەوە دەتلایەوە و ئەمدیو و ئەویوی دەکرد. بەری بەهەرلایەکەوە دەکرد، کاری شلۆق بوو، فیرعەونی فریا نەدەکەوت. زۆر پەریشان بوو.

جاری وا هەبوو هێند پەشیمان بوو، هێند پەشیمان بوو... دە بڵێ لەو چەنانەی پێشوودا بۆ نەیکوشت. خۆ ئەوسا هێشتا نەبووبوو بەوەلی. ئەو وەختی کوشتبای، لەکن خوا نەدەبوو بە تاوان. لە کوێ دەیزانی بووە بە وەلی. ئەویش وەک ئێمە بەندەیەکە لە بەندەی خوا. سەربار، بەندەیەکی، تا حەزکەی، گوناهباریش. بەبیری کێدا دێ، ببێ بە وەلییەکی پیرۆز و گەورە، بەبیری کێدا دێ، نەخۆش چاکاتەوە، پیت و بەرەکەت بخاتە زەویوزارەوە، ئاو لە ئاوەڕۆ چۆڕبڕ بکا، تیشک بەسەربانانەوە ببارێنێ.

بەرەکەت دا، دیسان جومالی ئۆنباشی، خۆی دەهاتەوە بۆ بردنی تاشباش. ئەمجارە پەنجا لیرەی دەدایێ، لێی نەکا بە هەرا، ئەو ئیخباریی تاشباشی کردووە، سەرباریش لە پێناوی تاشباشدا لێدانێکی چاکی دەخوارد. سەفەر تێی دەگەیاند، ئێکجار وا بە قەستی کوشتن لێی نەدابایە. خۆ کافرستانی نییە. هەر شتە و بەئوسووڵی خۆی. جومالی ئێکجار دژمنانەی لێ دەدا. هەلێکی چاکی بۆ ڕێک کەوتبوو. خوا هەڵناگرێ، لە پیاوەتی، پیاو بوو، لە دۆستایەتی دۆست بوو، بەڵام دەست و مەچەکی، دەست و مەچەک نەبوو، ماڵم بەقوڕ گرت، ئەوەندەی قۆناخە تفەنگەکە بەرز کردەوە... با ئەوەیان قەی ناکا، بەڵام لە داهێنانەوەدا ئێکجار بێ کەرەم بوو، ئێ دە نەختێ لە سەرخۆ، نەختێ بەئەسپایی دای هێنەوە. کورە، کەی دۆست وا دەبێ، خوا بیانبڕێ، منداڵ و مەزنن. لەگەڵ شیرەی شەبەقدا جومالی ئۆنباشیی لە پێش قوت بووەوە. دوو جەندرمەیشی بەدواوە بوون.

«پەنجا لیرەم قوبووڵ نییە،» دەیگوت. «پەنجا لیرە بۆ ئیشێکی وا پارەیە؟ لە سەد و پەنجا لیرە قورۆشێ کەمتر نایەمە خوار. من دەزانم، ئەم سەد و پەنجا لیرەیە لە مردنت ڕزگار دەکا. قورۆشێکی کەم بێ قوبووڵم نییە. ئیتر کەیفی خۆتە.»

«کوره، دایکت چاک، باوکت چاک ئۆنباشی، بۆ دارێکم بەدەستەوە دەدەی هەردوو سەری بەگووەوە بێ،» دەیگوت، «ئەم هەموو نان و نمەکە، ئەم هەموو تێکەڵییە؟ هەرهیچت لە پێش چاو نییە، ئۆنباشی؟»

«یەک قورۆش نایەمە خوار. گوایە بۆچی دەبێ سەد و پەنجاکە نەدەی؟ من لە مردنت قوتار دەکەم. خۆ هێلکە ڕەنگ ناکەم. تۆ ئێستا ڕۆحت بەدەست منەوەیە، ئەدی وەنییە؟ ئەم گوندییانە، هەر پاش ئەوەی ئێمە تاشباش دەبەین، چما کەرتت ناکەن؟»

«هەمبایە، دەمداتێ. سەت و پەنجام لێ هەڵناستێ.»

«تف قووت مەدە کوێخا!»

«وەڵڵاهی نییە، بیللاهی نییە، دایکی خۆم گابێ نییە.»

«کەیفی خۆتە، نییە نییە، من چم گوتووە.»

«بە سەت لیرە نابێ؟»

جومالی ئۆنباشی تووڕە بوو، زریکاندی!

«ئەرێ کابرا،» گوتی، «ئەدی تۆ نازانی، من لە مردنت قوتار دەکەم، من لە مردنت قوتار دەکەم، کەچی تۆ پەنجا بەزۆر دەزانی؟ گیانێ بە پەنجا لیرە. بۆ تۆڵەکەیە چییە؟ ئەمە لە چ وڵاتێ وا هەرزانییە؟»

سەفەر:

«وس وس وس، قاچت ماچ دەکەم، مەیکە بە هەرا،» گوتی، بەدەستی ئۆنباشیدا نووسا. کەواتا، بێنە سەت و پەنجاکە. ئەی هەقم نییە؟ ئەرێ وەڵڵا دەیکەم بە هەرایش و قیامەتیش هەڵدەستێنم. ئەم جارەیان خاتری تۆ بێ، لێشت نادەم. دەست زۆر بەرز ناکەمەوە، لە دەست داهێنانەوەدا خاترت دەگرم. وا دەکەم قۆناخە تفەنگت بەئاستەم وێ کەوێ. لات وایە ئەمە کەمی دەستوبرد و مەهارەت دەوێ؟»

سەفەر تەماشای کرد، نەخێر کار لەوەدا نەماوە، چووە ژوورەوە، بەدەسەوارەیێ پارەوە گەڕایەوە، بە سڵەوەی لە دەوروبەری خۆی ڕووانی، پارەکەی بە هێواشییەوە ئاخنییە گیرفانی ئۆنباشییەوە.

«پەنجایم، بەقەرز لە پیریژن وەرگرت. ئۆنباشی، تۆبی خوا، وەک ئەوجارە، بە قەستی کوشتنم دەست لێ دامەهێنەوە، لە سەرەخۆ، هێواش هێواش... بەڵام هونەر و دەست ڕەنگینییەکەشت وا بنوێنە، هەموو کەسێ وا بزانێ بە قەستی کوشتن لێم دەدەی.»

ئۆنباشی بزەی هاتێ. ئەم تاشباشە دەبێ هەر بەڕاستی خواپێداو و وەلی بێ. دەبێ تێکەڵ بەچلمێران بووبێ. تێکەڵ بە نەمران بووبێ. دەبێ پیاوێکی پیرۆز بێ. مادامێکی چاکەی، هەرچی مەخلووقات هەیە بگرێتەوە، دیارە جومالی ئۆنباشیش دەگرێتەوە.

ئۆنباشی گوتی:

«سوپاس سەفەر ئاغا ئەفەندی، زۆرم ماندوو مەکە. فەرموو پێشم کەوە.. ها ها، بڕوانە، دیسان گوندی لە پێش دەرکەی ماڵی تاشباش، وەک پوورەی هەنگ ئاپۆرەیان داوە... مەسەلە چییە؟»

سەفەر:

«مەترسێ،» گوتی. «کەس دەنگی لێوە نایە. متەق ناکەن. هەموو تەعلیماتیان لە تاشباش وەلی وەرگرتووە.»

جومالی:

«ناکرێ نەختێ درەنگتر بڕۆین؟»

«قاوەیێ بخۆوە...»

جومالی گوێی نەدایێ.

«تاشباش دەمێکە چاوەڕێمان دەکا. خڕبوونەوەی ئەم گوندییانە؟...»

سەفەر:

«هیچ دڵت نەترسێ ئۆنباشیم.» گوتی. «ئەی پێم نەگوتی. تاشباش ڕێگەیان نادا. ئەگەر ئەو ڕێگای دابان، ئێستا گوندی لەمێژبوو ئێوەش و منیشیان لەتوپەت کردبوو.»

ئۆنباشی بەرەو ماڵی تاشباش دەچوو، بەڵام بەترسەوە هەنگاوی دەنا.

هێـشـتـا تەواو لـە مـاڵەکـەیان نزیک نەکـەوتبـووەوە، تـاشـبـاش لەبەر دەرگـا ڕاوەسـتـابـوو، هـەر لـە دوورەوە بەپـیریانەوە هـات. حـاڵی بەپێوە ڕاوەسـتـانی بە بەرەوە نەمـابوو. هـەر کـە بەهـاتـنی ئۆنبـاشـیی زانـیبـوو نەزانـیبـوو، لە نـێو جـێگا دەرپەڕیبـوو، جلەکانی جـێژنێی لـەبەر کردبـوو. چاوەڕێی گەیشـتـنی ئۆنبـاشـیی دەکرد.

ئـاسـمـان هـەرچەندە سـامـاڵ دیاربـوو، بەڵام خـەریک بـوو بـایەکە دەیکرد بە وەشت. لووتکە چیاکانی تەکەچ وردە وردە هـەوری خڕ دەکردەوە.

تاشباش بەوپەڕی تاڵییەوە دەستی بەپێکەنین کرد:

«فەرموو ئۆنباشیم،» گوتی، دەستی بۆ درێژکرد. ئۆنباشـی دەستی گوشی.

«ئێێێی تاشباش ئەفەندی، خۆ دیسان هاتووین بتبەین. یوزباشی ئەمجارە زۆر تووڕە بوو. هـەر دەڵێ، ئەو ئەولیایەی بەگوێی نەکردم، سـەری زمانی و بنی زمانی هـەر ئەم قسـەیەیە. ئەمجارە ناخەلەسێی. یاڵڵا با بڕۆین.»

ئۆنباشـی کـەلەپچەکەی لە دەستی جەنـدرمەکە ساند، لە مەچەکی تاشباشی کرد. لەو دەمـەدا، گرمـەگرمـێ، لە قـەرەباڵغـیـیـەکەوە هەڵسـتـا. هـەڵچـوونێکی ناخـواسـایـی لەو خـەڵکەوە پـەیدابوو. مـرێمـۆک بە دار ئاسـاکـەیەوە هـات، لە پێشیان قوت بووەوە.

تاشباش دەمی نا بەگوێی ئۆنباشییەوە:

«هـیـزە ئۆنبـاشـیم کـەلەپچـەکەم لـە مەچەک دەرێـنە، ئەمـانە هـار بوون، منیش هیچم پێ لەگەڵ ناکرێن، خێرا، خێرا!..»

ئۆنبـاشـی ڕەنگی سـوور سـوور هـەڵگەڕا، یەکسـەر کـەلەپچـەکـەی لە دەست دەرێنا.

تاشـبـاش قـەدەرێ قـەرەباڵغـیـیـەکەی بەچاو بێژت، ئەوجا هـەردوو دەسـتی بەکاوەخـۆ بۆ کـەلەپچـەکـەی، بەدەست ئۆنبـاشـیـیەوە بوو، درێژ کـرد. هـەر کـە دەسـتی درێژ کـرد و نەکرد، دیسـان گـرمـەگـرمێ لە قـەرەباڵغـیـیـەکـەوە بەرز بووەوە. ئۆنـبـاشـی لـە کـاتێکدا کـەلـەپچـەکـەی دایەوە دەست جـەندرمـەکـەی پشتیەوە، دەستی تاشباشیشی دا بەدواوە.

تاشـباشـیـان پێش کـەوت. ڕەنگی پێ نەمـابوو. تـیسکێ لە کاکۆڵەی، لە ژێر تەپلەکەیەوە بەسـەر هـەنیـەیدا کـەوتبـوو. چاوە گـەورەکـانی خـەمگین بوون. هـەر تەمـاشـای پێـشـەوەی دەکـرد. ئەوان بەدەم ڕێوە بـوون، خـاوەن نەخـۆش. بە نەخۆشەکانیانەوە دوای کەوتن، لێی دەپاڕانەوە، دەستی بە نەخۆشەکانیاندا بێنێ، هـی وا هـەبوو، دەیگوت، حـەوتوویێکە نۆرەم گـرتووە، هێـشـتـا بەرم نەکـەوتووە. هـی وا هـەبوو، دەیگـوت، هـەر جـارێکت دووعـا بۆ نـەخـۆشـەکـەم کردووە، بیکە لە ڕاهی خوا، جارێکی دیکەیشی دووعا بۆ بکە، ئیتر بەم جۆرە، لە کـۆڵی نەدەبوونەوە. تـاشـبـاشـیش هـەر نەخـۆشێ دەهات، ڕادەوەسـتـا، بە بەزەوە دەسـتـێکی بـەسـەر نەخـۆشـەکـەدا دەهێنا، قـەدەرێ دەسـتی لـەسـەر ناوچاوانی ڕادەگـرت دووعـای بۆ دەکرد، ئـەوجا بەڕێ دەکەوتـەوە. دەموچاوی بێ ڕەنگ، وەک گڵ، بێ گیان.

قـەرەباڵغیـیەکە دیسـان وەک جـاران، بێ ورتە مـرێمـۆکیـان، لە پێشـەوە بوو، ڕێیان دەکرد. کە لە ڕاستـانەکەی ناو ئاوایی ڕەت بوون، تاشبـاش سەرێکی بۆ هـەڵبـڕی، ئاوڕێکی پاشەوەی دا. چاوێکی بەناو عـەشامـاتەکەدا گێڕا، دیاربوو، ئەوەی ئەو لێی دەگـەڕا نەبوو، دەموچاوی ئەوەندەی تر تاریک بوو، سـەرلەنوێ سەری شۆڕکرد و دای کێشا.

بەڵام هـەر لەسـەر ئـەو بارودۆخـە نـەدەڕۆیشت. ناوبـەناو ئاوڕێکی دەدایەوە، چاوێکی دەگێڕا، نەیدەدۆزییەوە، دەموچاوی هێندەی دیکە گرژ و مۆنتر دەبوو.

هەر لە گـوند دەرچـوون، لەپڕ گـەشـایەوە، هاکـا ڕاوەسـتـاو لـە خـۆشـیـیـان دەستی بەپێکەنین کرد. کوێخـا سـەفـەری بەدی کردبوو. سـەفـەر بەهـەڵەداوان و هـاتوهـاوار بەرەو عەشاماتەکە دەهات. هـات هـات، خـۆی بەسـەر پێی تاشباشدا دا، باوەشـی بەهـەردوو لاقیدا کـرد، ئەژنۆی مـاچ کـرد، پێی مـاچ کـرد. تاشبـاش ڕاوەستابوو، بە بزەوە، بە نیوە تەوسێکەوە تەماشای دەکرد.

سـەفەر هـەم پێی مـاچ دەکرد، هـەم دەکڕووزایەوە:

«تاشباشەکەم، مەزنەکەم، سوڵتـانەکەم، ئەمجارە مەگەر ڕۆحم بستێنن، دەنا قەت دێڵم بتـبەن؟ قەتیـانت دەدەمێ؟ ئۆنباشـی گـوتی، ئەم چوونەت دواجارەمین

چوونتــە. یوزباشی سێ جــەندرمــەی ڕاســپــاردبوو، بەجلوبەرگی گـوندیی نەخـۆشـــەوەت بێنە کن، لە حــاڵوباڵتی ئاگــادارکـەن، تۆیش جـوان و زەریف دووعات بـۆیان کـردووە، بەگـوندیی نەخـۆشت زانیـون... فـەلاکـەتە، فـەلاکـەتە، فەلاکەت! هەیە دووعا بۆ جەندرمە بکا؟»

تاشـبـاش بەمــەی نەدەزانی، جـا وا زانیـشـی، تازە بەتـەنگ چییـەوە بێ؟ ئەی ئێسـتـا نەختێ لەمـەوپێش، لە پێش چاوی ئۆنباشـی بەئاشکرا، دووعای بۆ بڕێ نەخۆش نەکرد؟ تازە فیرعـەونیش لە دەست یوزباشیی ڕزگار ناکا. ئەو هـەر ئەوە دەزانێ بڵێ چەرخ چەرخی ئاتۆمە و بەس. جا وا لە دەستی ڕزگاریشی بوو، ئەی دواڕۆژ چۆنی لە ڕوو هاتبا چاوی بەچاوی کەوتبایەوە! گفتی دابوویێ، گفتـەکەی شکاندبوو. پیـاو خـاوەنی گفت و بەڵێنی خـۆی نەبێ بـۆچی چاکە؟ حـاڵی بەسـەر پێوە ڕاوەسـتـانی بە بەرەوە نەمـابوو. ئێکجـار، خـۆ کـە مەسـەلەی جـەندرمـەکانی بیــســتــەوە، هـەر بەجــارێ تێک چوو. هـەر کــاتێکت زانی لـەپ و ڕوو کــەوت و بووڕایەوە. لەمە زۆر دەترسا. شتێکی وای بەسـەرهـاتبا حاڵی جەندرمەکان شلۆق بوو. قـەرەباڵغییەکە هـەر یەکسـەر کاری جەندرمـەکانیـان دەدیت و دەیانکردن بە تۆز. جـا هـەنگێ فـەرمـوو بەرد لە برنج هەڵوژێرە. ئەم مـەترسـییە، بەهـۆشـە خـۆی هێنایەوە. لاقی لە دەستی سەفەر قوتار کرد، هەیپێی لێ کرد.

سـەفـەر ڕانەدەوەسـتـا، سـرەوتی نەبوو، دەیقـیـژاند، دەیزریکاند. جـومـالی ئۆنبـاشـی لەم ڕەفـتــار و کـردارەی هـێـلـنجی دەهـاتێ و دەڕشــایەوە. گــوڕی سـاندەوە، دەست لە دەست و پشت بەخـوا، قـۆناخــە تفـەنگێکی بەنـاوشـانی سـەفـەردا کێـشـا، قـورئـان بە هـەقت، بە سـاحـێبت بـەنێرەکـەری بەغدایێـتدا کێشابا، دەیتۆپاند. کە لێی دا تفێکێشی کرد:

«مـوسـتـەهـەقـە، گـەوادە،» گوتی. «با مـوورەغـەی پشـتی بشـکێ، هـەشت نۆ مانگێکی بۆ لەنێو جێدا بکەوێ...»

سەفەر یەکسـەر کەوت. لەسـەر زەوییەکە، وەک مریشکی سەربڕاو باڵەفڕێ و لەقــەفـرتێی پێ کــەوت. یەک دوو گـوندی هـاتن، ڕاســتـیـان کـردەوە، ڕاست نەبێتەوە! سـەرەنگرێی دەدا. بەلۆژەلۆژ، دیسان بەدوویان کەوتەوە.

«کوشتیمان سوڵتانەکەم، میرەکەم. مەڕۆ، هەڵێ، لە دەستیان هەڵێ. شوکری یوزباشی دەتکوژێ، کابرا بەکەرەم نییە. بۆ شێتخانە، بۆ بەهەشتی کەرانت دەنێرێ. گوندیینە، کورە نامەردتان نەکەن، سوڵتانەکەمانیان لە دەست ڕزگارکەن!...»

ئەگەر دەچوو باوەشی بەلاقی تاشباشدا دەکرد... بەڵام پشتی وەک شکابێ، هێند دێشا، هێند دێشا، ئۆقرەی لەبەر بڕابوو. هەرچەندی دەکرد، نەیاندەگەیشتێ.

«ئەرێ ئۆنباشی، جومالی ئۆنباشی، ئێمە وامان گوت؟ پیاو لەگەڵ کەسێکی ئەو هەموو نان و نمەکەی کردبێ، ئەو هەموو پا... ئەوەندە بێ بەزە، ئەوەندە دڵڕەق دەبێ؟ تۆ دین و ئیمانت نییە؟ دە بمکوژە، بمکوژە...»

گوندی هەر کە ئەم زریکەیەیان بیست و نەبیست پرینگانەوە.

سەفەر سینگی ڕووت کرد، تاوی دا، چوو لە پێش جەندرمەکان قیت ڕاوەستا، گوتی:

«خوا یەکە و نابێ بە دوو، نایبەن. ڕام لەسەر ئەمە نییە. ئەو بڕوا، ئەم گوندە خێر بەخۆیەوە نابینێ. دەفەوتێ، وێران دەبێ. پەتا و ئاهۆ ئاسەواری ناهێڵێ.»

یەخەی کراسەکەی گرتبوو. سینگی ڕووت کردبوو، لە پێش جومالی ڕاوەستابوو. جومالیش چاوی قووچاند و ناوی خوای لێ هێنا، قۆناخە تفەنگێکی تری بە هەموو هێزێکییەوە، داهێنایەوە. قۆناخە تفەنگ بەرلای ڕاستی سینگی کەوت. سەفەری تایەنی چوار هەنگاو ئەولاتر هەڵدا، بەسەر شانی ڕاستیدا کەوت، بۆ خۆی لەوێ گوڵۆڵە بوو، دەستی بەئاخ و ئۆخ کرد.

لە سەرێکەوە بەحاڵی خۆیەوە خەریک بوو و لە سەرێکی ترەوە چاوی لە بۆرە بزاوتێکی گوند خافڵ نەدەکرد. گوند وردە وردە خەریک بوون دەچوونە پاڵ ئەو، ها ئێستا، ها نەختێکی تر هەڵیان دەکردە سەر جەندرمەکان. نەختێ غیرەت، تۆزێکی تر زات، کورە خۆ ئەم جومالییە سەگباوە هیچ کوێی بەساغی ناهێڵێتەوە.

تاشباشیش سۆسەی ئەوەی کردبوو. سۆسەی دەکرد و بیری دەکردەوە، بێت و عەشاماتەکە تەقیبانەوە هیچ نەبوو بەری لێ گرتبان.

سەفەری دەم بە ناڵە و کرووزە، ئەم دەرفەت و دەراوەی لە دەستی خۆی نەدەدا، هەلێکی وای جارێکی دیکە وەگیر نەدەکەوت. ددانی بەجەرگی خۆدا نا، جارێکی دیکەیش خۆی بەسەر تاشباشدا دایەوە. زۆری نەمابوو لە ئاوایی دەرچن، جومالی قۆناخە تفەنگی حازر کرد. تاشباش بەدەست ئیشارەتی بۆ کرد، نەکەی! پاڵێکی بە سەفەریشەوە نا، دووری خستەوە. ڕووی کردە عەشاماتەکە، ئیشارەتی کردنێ، وەرن لە دەورم ئاڵقەڕێز بوەستن. عەشاماتە بۆ گرگرتن تەیار و بۆ تەقینەوە حازر و لەسەر پێیەکە لە چوار دەوری ئاڵقەیان بەست. تاشباش سەفەریشی هێنا، پێنج شەش هەنگاوێ، دوورتری ڕاگرت... پاشان گەڕایەوە. گوندییەکانی یەکە یەکە، بە چاو بێژت. قەدەرێ سەری خوارکردەوە، بیری کردەوە، ئەنجا سەری هەڵبڕی، بەدەنگێکی مردووەوە:

«گەردنم ئازاد کەن،» گوتی. زۆرتان قەدر گرتم، تەقدیستان کردم و خۆشتان ویستم، ئێوەش. خوا بەزەی پێتاندا بێتەوە، بەمهیرەبانیی خۆیتان لەگەڵدا بکا. من وا دەڕۆم، یا دەگەڕێمەوە، یا جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە... ڕەنگە جارێکی تر قەت چاوم پێتان نەکەوێتەوە.»

خەم و پەژارەکەی دەموچاوی کە هەر وات کردبا، بەدەست گرتبات، سەرتاپا بەلەشیدا دەگەڕا. پیاوێکی زل و زەلام خۆی نەگرتبا، هەر لەو دەقەی دەیدایە پرمەی گریان، خەڵکەکەیش، هەر نەختێکت بزواندبان، ئەوانیش دەستیان بەگریانێ دەکرد. تاشباش سەری خوار کردبووەوە. قەدەرێ هەر بەو ئاوایە مایەوە. لە پاشان سەری بڵیند کرد، ئەوجا نە ئاسەواری گریان، نە خەم و کول و کەسەر، هیچ بەدەموچاویەوە نەمابوو، وەک بەردی سەختی لێ هاتبوو.

«ڕەنگە جارێکی تر قەتم چاو پێتان نەکەوێتەوە.» ئەم قسەیەی لەسەر یەک، گوتەوە. پاشان بەدەنگی بەرز گوتی: «جا ئێستا دەڕۆم داوخوازێکم لێو هەیە. دەبێ ئەم داوخوازەم بەجێ بێنن. ئەگەر بەجێ نەهێنن بەلا و نەهامەتیی

گەورەتان بەسەردێ. هەتا هەتایە لە ناو دۆزەخەکەی خوادا دەسووتێن.»

بەدوورودرێژی قسەی کرد. قسەی لەو بەلا و نەهامەتییانە کرد، بەسەریان دەهات. گوتی، ژنتان قسر دەبن، دەغلودانتان گوڵ ناکا. هەرچییەکی بەبیردا هات گوتی. جاران چۆن لە گوندی توورە دەبوو و هەڵدەچوو، بەو جۆرە توورە بووبوو و هەڵچووبوو. عەشامەتەکەیش هەموو بووبوون بەگوێ و گوێیان بۆ هەڵخستبوو.

«داوخوازەکەم ئەوەیە، یەکێکی ناکەس بەچوار کتێبان کوشتن واجب کراوتان تێدایە. لەسەر ئیخبارییەی ئەو، من بۆ جەندرمەخانە ڕادەپێچرێم.»

هەرچی چاو هەبوو هەموو، ڕووی لە سەفەر کرد.

«داوخوازم ئەوەیە، ئەم زەلامە بەچوار کتێبان کوشتن واجب کراوە، هەرچەند بەچوار کتێبان کوشتن واجب کرابێتیش، نابێ بیکوژن. ئەم لە دین وەرگەڕاوە بەچوار کتێبان کوشتن واجب کراوە درۆزنە هەزار و پێنج سەد ڕووە بڵێن کێ بێ باشە؟ سەفەرە فەنیی کوێخاتانە. ئا ئەمەتا لێرە ڕاوەستاوە.»

گرمەگرمێ، غەڵبە و هەرایەکی بە ڕک و کینەوە لە عەشاماتەکەوە بڵیند بووەوە.

«داوخوازەکەم ئەوەیە، تا مردن، مێرووێکی ئەم گوندە، سەگێکی، کتکێکی ئەم گوندە، قسەی لەگەڵ نەکا. نە لەگەڵ ژنەکانی، نە لەگەڵ منداڵەکانی، نە لەگەڵ خزم و کەسیدا قسە نەکەن. ئەمە بە سەرلەبەری خەڵکی گوند، بەگوندە دووردەستەکانیش ڕاگەیەنن، بە شاریشی ڕاگەیەنن. بەهەرچی مەخلووقاتی ڕووی زەوی هەیە، ڕاگەیەنن. بەهەموو دنیای ڕاگەیەنن، نابێ کەس لەگەڵ ئەم نەحلەتییە باخێوێ. هەرکەسێ لەگەڵی باخێوێ، ئەویش. نەعلەتیبوویش دەکرێ و تا مردن نابێ ئەویش لەگەڵی باخێوێ ئەوی نەحلەتبوو دەکرێ، نابێ تامردن چاوی بە کوێخایەنیی ئەم گوندە بکەوێ و نابێ ئێوەیش بەکوێخای گوندی قوبووڵ کەن. ئەگەر حوکوومەتیش و حیزبەکانیش ویستیان، ئەوجۆرە لەحنەتبووانە بکەن بەکوێخا، ئێوە قوبووڵیان نەکەن! ئەمەیە داوخوازییەکەم

هیچی تر. ئیتر خوا حافیز. گەردنم خۆش و ئازاد کەن... جارێکی تر، یا دەگەڕێمەوە، یا ناگەڕێمەوە.»

وەپێش جەندرمەکان کەوت، بەهەنگاوی هەراوهەراو، خێرا دای کێشا. سەفەر لە جێگاکەی خۆی ڕەق هەڵاتبوو. ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو. چاوی وەک دەستیان لێ وەشاندبێ. ئەبڵەق بووبوو. هەر لە شێت دەچوو.

خەڵکەکە هەر ئاوڕیشیان لێ نەدایەوە. هەموو دوای تاشباش کەوتن.

تاشباش پاش ئەوەی لە گوند تەواو دوورکەوتەوە، ئاوڕێکی پاشەوەی دا.

«گەردنم ئازاد کەن!» گوتی.

عەشاماتەکە بەیەک دەنگ هاواریان کرد:

«گەردنت خۆش و ئازاد بێ.»

تا جەندرمەکان و تاشباش لە چاو ون بوون، هەرلەوێ ڕاوەستان، تەماشایان دەکرد. پاشان ڕێک و ڕاست بۆ گوند گەڕانەوە.

سەفەر لە جێگاکەی خۆی وشک بووبوو، دەتگوت خوێن مانا بەشارەگیدا ناگەڕێ، هەروا مابووەوە.

چما کەسێ لە عەشامەتەکە، لە گەڕانەوەدا ئاوڕێکی لێ دایەوە... چۆن لە تاعوون و ئاهۆ هەڵدەهاتن، چۆن لە چنگی مەرگ ڕایان دەکرد، لەویش بەو جۆرە هەڵدەهاتن.

***

## ٤٥

بایەکی گەرم، وەک شەپۆلێکی پەراسووتیژ، هات و تێ پەڕی. ئاسمان بەرە بەرە تاریک دادەهات. جومالی ئۆنباشی بەتیلی چاو سەرنجێکی تاشباشی دا. ئەم کابرایە بلیمەتێ بوو بۆ خۆی. لە چییەوە، چۆن بووبوو بە وەلی؟ مامۆستا و شتی وایش نەبوو. هەر بنیادەمێ بگری، هەر مەخلووقێ بگری، لایەنێکی پیرۆزی هەیە. بەڵێ هەیە، بەڵام!

جومالی ئۆنباشی یەکێ بوو لە هینەکانی سێواس. خوێندەوارێکی سمێڵ

بابڕی، ژیر و بیرکەرەوە بوو. گوایە ڕووی زەوی هیچ مەخلووقێکی دیکەی بە بەهای وەک ئینسانی بەخۆیەوە نەدیوە. تەنانەت خوای گەورەیش، خۆی لە شێوەی ئینسانی کامڵ و جواندا نوواندووە. لە پاش خوا، ئینسان خالیقی ئەرز و ئاسمانە. خوا وەک تیشک بەدیار دەکەوێ. ئەو تیشکەیش لە هەموو تیرەی ئینساندا هەیە. لە هەموو سەردەمێکدا، ڕۆژێ لە ڕۆژان چاکی چاکان لە ئینسانێکدا خۆی دەنوێنێ. هەر لەبەر ئەمەیشە هینەکانی سێواس سوژدەیان بۆ تیشک و ڕۆژ بردووە وەختی خۆی...

تاشباش ئۆغلویش ئەمەی دەزانی. لەوانەبوو تیشکی خوا، نووری خوا لەوەدا خۆی نواندبێ. لەوانەبوو گوندییش ئەم نوورەیان دیتبێ، ڕەنگە نەشیاندیتبێ، بەڵام نا. دەنا گوندی هەروا لە هیچ و خۆڕایی خۆیان پێوە هەڵنەدەواسی.

وەلی بێ، وەلی نەبێ، تاشباش لە کانگای دڵیەوە دەیویست هەستی خۆ بەپیرۆز زانین و هیچ کار تێ نەکردنی، بوونی دنیا، بەبوونی ئەوەوە و بوونی هەرچی لە دنیادا هەیە، بەهۆی بوونی ئەوەوە بگەیەنێتە ڕادەیەک، هەر ئاوها بکەی، بەدەست بیگری، هەرچەندی دەکرد و دەکۆشا نەیدەتوانی لەم هەستە خۆ نزیک خاتەوە، دەهات دەهات، تا دەگەیشتە کەوشەنی پیرۆزایەتی، هەر کە دەگەیشتە ئەو کەوشەن و ئاقارە بەختەوەریەکی باڵداری لە دڵ و دەروونندا دەچریسکایەوە.

ئیدی لەو دەمانەدا شوکری یوزباشی کێ بوو، شێتخانەی چی، زیندانی چی، هەمووی لەکن بوو بە فشە.

بەڵام گفتی دابوو بە یوزباشی. چۆنی، بە چ ڕووێکەوەی چاو پێ کەوتبایەوە؟ بەگوێی نەکردبوو. ئینسان وەلیش بێ، وەلیش نەبێ هەر ئینسانە. کە گوتت ئینسان یانی خاوەندی گفت و بەڵێنی خۆی. هەم لە پێش جەندرمەکانەوەیش دەڕۆیشت، هەم، تا دەهات، شەرمەزارییەکەی لێی دەبوو بەهەندی کێوێ. یوزباشی بەڕەنگە ڕەشتاڵەکەی و سمێڵە زلەکەیەوە هەرگیز لە پێش چاو لانەدەچوو. بە چی ڕووێکەوە بچێتە پێشی، چی بڵێ؟ بڵێ،

تەماشای نەخۆشانم نەکرد، دەست و داوێنی خۆم پێ بەماچکردن نەدان، فووپێداکردن و ئەمەو ئەوەم نەکرد؟ نەیدەگوت. بەڵام دەیتوانی بڵێ، لە بری ئەو هەمـوو شـتانەی کردوومن، لە چکێ خوێ بەولاوە چی دیکەم لێ نەستاندوون. بەڵام یوزباشی گوێی لێ دەگرت، بڕوای پێ دەکرد؟ هێندەی تێ هەڵدەدا، تا دەیکوشت. شار، تا ئێستا، لەوەتی شاربوو، کوتەک وەشێنی وەک شوکری بەگی بەخۆیەوە نەدیتبوو. کەس نەبوو بەسەروگوێلاکی خوێن و خوڕاوی و سەرشکاو و قنگدڕاوی لە پۆلیسخانە نەیەتە دەرەوە تاشباش ئۆغڵو بەهەرچی بەهایەک بوایە، نەدەبوو خۆی بەلێدان و تێ هەڵدان بدا. پیاوێکی وەکە ئەو بەو پلە و پایەیە گەیشتبێ، لە کن خوا، بەلای گوندییەوە ئەوەندە بەرز بووبێتەوە، هی ئەوەبوو دارکاری بکرێ و هەموو سەروگوێلاکی بشکێندرێ، خوێن و خوڕی پێدا بێتە خوار و دەست و لاقی هەموو شین و مۆر کرابێتەوە، بەجارێ لە پەلوپێ بخرێ.

تیشکیشی بەسەر بانی ماڵەکەی خۆیانەوە دیتبوو، نەک شوێنێکی تر ئێستا لەو دەمەدا، هەر بەتەواوی بڕوای بەدیتنی تیشکەکە کردبوو.

ئەو شەوە، ڕۆژانی پاشتر، لە ناو جێدا، دوودڵ بوو.

ئاوا لە پیاوێکی وا... بەخوا، لەوانەبوو یوزباشیش شتێکی بەسەر هاتبا. پیاو چوزانێ؟ تۆ بڵێی باسی تیشکەکەی بۆ کردبا، بڕوای نەهێنابا؟

هەر لە گوند بەملاوە سەگێکی زەلامی، لەوانی شوانانیان بەدووکەوتبوو، بەئامانوزامان لە دوویان نەدەبووەوە. تاشباش زۆری کەیف بەم سەگە هاتبووەوە. ئەم سەگە، سەگی دورمیشە کوێری دراوسێی بوو. تاشباش زۆری خۆش دەویست.

نە جومالی، نە جەندرمەکان بەدرێژاییی ڕێگا ورتەیان لەگەڵ تاشباش نەکرد. دیاربوو جومالی ئۆنباشیش لێی دەپرینگایەوە، تاشباش هەستی پێ کردبوو. زۆری بە سەیرەوە تەماشا دەکرد. دڵی بەمەیش زۆر خۆش بوو.

گەیشتنە لێرەکەی قەرە موغوون. دار و درەخت بە بەژنیانەوە، بە لک و چڵەپۆپەیانەوە بە بەفر سواغ درابوون لێڕی تایەن لە ناوی تیشکی دنیای

تیشکی سپیدا بوو. ئەو لێرە ڕەشەی هاوین هەنووکە نوقمی ناو ڕۆژ بوو. بووبوو بە خەرمانێ تیشک و ڕووناکی. سێبەری گەواڵە هەوری یەک لەدوو یەک تێ دەپەڕین. دیسانەکە وەشتەکە هەڵی کرد. سەرلووتکە کەژەکەی تەکەجیش بەرە بەرە ڕەش دادەگەڕا.

جومالی ئۆنباشی سەری خەیالاوی بوو. لەوە دەچوو بەفرەکە دەیگرتن. زۆر شارەزای داوێنی چیاکانی تۆرۆس بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: «کورە، تاشباش خۆ وەلییەکی زل و زەلامی، نامەردت نەکەن، دە بەر لەو بەفرە بگرە! پاشان بەشادییەکەوە بزەی هاتێ.

گیانلەبەرێ چییە بەدەرەوە نەبوو. نە باڵدار، نە لاور، نە درەخت... هەرچییەکی بە خەیاڵی ئینساندا بێ سپی بوو. ئەو لێرەی بەناویدا دەڕۆیشتن، لە سەرەخۆ هاشەیەکی لێوە دەهات. لک و پۆپ وەک گەڵا بوەرێن، بەستەڵەکیان دەوەراند.

هێشتا زۆریان مابوو لە لێرەکە دەرباز بن. وەک لە مەترسییەک هەڵێن، هەڵدەهاتن. لە ناکاو هەورەکانی سەر کێوی تەکەچ وەک سیاماڵ دای پۆشین، دنیا ڕەش داگەڕا. تەنیا هەر بەستەڵەکی بەژنی دارەکان سپی دەچوونەوە...

ئاسمان وەک بقەڵشێ، گرماندی. وەک ئاسمانی بەهار، لە هەموو لایەکەوە، لە ڕاستەوە، لە چەپەوە، لە پێشەوە، لە پاشەوە بایەکی نماویی شلەتێن هەڵی کردبوو. بەفری سەر لک و چڵەپۆپانی دەوروژاند. لە ناکاو دەستی بە لەنگێزە و باڕن کرد.

جومالی ئۆنباشی بۆ یەکەم جار زاری کردەوە:

«فەوتاوین، هەر بەجارێ تێداچووین،» گوتی. «ئەم بۆرانە وا بکا... حاڵمان...»

سەگەکە ئەوەندە لە تاشباش نزیک دەبووەوە، هەر ئەوەبوو بەر ئەژنۆی نەدەکەوت.

«ئەرێ لەم ناوە ئەشکەوتێ، شتێ نییە؟» ئۆنباشی پرسی. «تۆ بۆخۆت خەڵکی ئەم ناوەی، بەڵەدی، مەمەدی دۆست.»

تاشباش له دڵی خۆیدا گوتی: «له دنیادا له قزڵباشان خوێن گەرمتر نین. دینی ڕاستەقانی، دینی خۆشەویستی... ئەمانه هەموو کارێکیان لەسەر خۆشەویستی هەڵدەنێن. دەڵێن مرۆ دەپەرستین، ڕووناکی دەپەرستن، بەڵام درۆ دەکەن. ئەمانه دنیا پەرستن. ئەی خۆشەویستیی دنیایش ڕووناکییەکەی ئەو نییه؟»

جومالی ئۆنباشی هەرچەندی سامی ڕێ دەنیشت، هێندەی دیکەی بڕوا به تاشباش ئەستوورتر دەبوو. هەرچەندی دەکرد، دڵی نەدەهات بۆ پێش یوزباشیی ببا.

لێی پاڕابایەوە. ئۆنباشی گیان! ده لێرەم بەرەڵڵا که، مەمبه بۆ لای یوزباشی، هەر لەودەمی ڕەهای دەکرد، نەیدەبرد.

که بەفرەکه بەجارێ تێی کرد. له دڵی خۆیدا گوتی: «ئیشەڵڵا، ئەم بۆرانه نامگەیەنێته شار، به بن بەفرەوه دەبم و بۆخۆم ڕەق هەڵدێم، دەمرم.»

ئەمەی له تەهی دڵەوه خوایشت کردبوو.

«هەیه،» گوتی. «هەیه ئۆنباشیم هەیه، خەمت نەبێ. وا له پێشمانەوه... له پشت قایەجاڕەکەی گوێگ بوروونەوه ئەشکەوتێ هەیه، کوێره ئەشکەوتی پێ دەڵێن. پێش ئەوەی به بن بەفرەوه ببین دەیگەینێ.»

بەفری تایەن تا دەهات قایمتری تێ دەکرد، دنیا تا دەهات تاریک دادەهات، ڕەشەبا و زریان هێندەی دیکه هار دەبوون. له هەموو لایەکەوه، له هەزار و یەک لاوه هەڵیان کردبوو. بەناخونەک و چنگەکرکێ، سا هەرچۆنێ بوو، خۆیان گەیانده ئەشکەوتەکه. هەر یەکسەر ئاگرێکیان هەڵکرد، خۆیان گەرم کردەوه. سەکەکەیش لەبەر ئاگرەکه بۆ خۆی هەڵترووشکا. له ئەشکەوتەکەدا بەدووکەڵ قانگ دران، چاویان ئاوی کرد.

جومالی ئۆنباشی:

«بەوەی چاکه زۆریان توێشه پێیه،» گوتی.

تاشباش بزەیەکی هاتێ:

«تویشەی سێ ڕۆژیان بۆ داناوم.»

ئۆنباشی گوتی:

«دەتوانین لێرە سێ ڕۆژ، چوار ڕۆژ بمێنینەوە.»

نانیان خوارد. بەفرەکەی کرد بە فەرتەنە و باگەڕ. باگەڕ و باهۆزەکە هەرچی بەفری ئەو دارستان و دەشتودەرە هەبوو، هەمووی چیابەچیا ڕادەپێچا و بە بای دەکرد. لێری تایەن بەدەست فەرتەنەکەوە پەرێشان بووبوو. لە هەموو لایەکەوە قرچە دەهات، هەر دەتگوت لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەکەندرێ.

جومالی ئۆنباشی لە یەکبینە هەر دەیگوت:

«وەی باوە، وەی. تۆف و وەیشوومەی وایش... وا بڕوا، بەحەوتوویێکیش قوتار نابین. ئەم ئەشکەوتەش، ئەگەر کاک مەمەدی دۆست پیشانی نەدابین، کەوڵمان دەچووە دەباخخانە!»

تاشباش لە بێ ئۆقرەییان هەر وەخت بوو شەق بەرێ. بڕیاری خۆی دابوو، چاوەنۆڕی شەوێ بوو. لەبەرئەوە هەرگیز سەری هەڵنەدەبڕی تەماشایەکی ئۆنباشی بکا. قسەیشی نەدەکرد. جەندرمەکان هەرچییەکیان لەگەڵ دەگوت، بەیەک دوو قسان وەڵامی دەدانەوە و کڕ دەبوو و نوقمی ناو دنیای خۆی دەبوو.

ئەشکەوتەکەیان هەر زوو پڕ کردبوو لە ئێزنگ و سووتەنی. ئاگرەکە پشکۆی زەلام زەلامی لێ کەوتبووەوە. ئاگر کە بوو بەپەنگر و ئەسکڵ، ئیدی دووکەڵ ناکا، نێو ئەشکەوتەکە گەرم داهاتبوو. دەرگەی ئەشکەوتیان بە بەردی گەورە گەورە تا نیوەی هەڵچنیبوو.

پاش شێوکردن، لێی نووستن.

تاشباش بەخەبەر بوو. کە زانی ئەوان نووستوون، هەڵستا، تویشەبەرەکەی لە پشتی بەست. لە دەرگە تا نیوە بە بەرد هەڵچنراوەکەی ئەشکەوتەکەوە دەرچوو، دای کێشا. لە پشتەوە گوێی لە چرکەیەک بوو، کە ئاوڕی دایەوە سەگەکە بوو.

فەرتەنەکە وای بەدەموچاویدا کێشا، خۆی ڕانەگرتبا گلێر دەبووەوە.

لێرەکە هارەهاری بوو. تاشباش ئەمجارەیان نە کاڵەی لبادی لە پێدابوو، نە کەرک و نە کەپەنەکیشی لە بەردا بوو. تۆف و وەیشوومەکەیش و سەرما و سۆڵەکەیش لە گوێن تۆف و سەرما و سۆڵەی شەوانی گوند نەبوو. داوێنی چیای تەکەچ و تۆف و وەیشوومەی شەو!.. سەربار، تاشباشی تازە لە ئەشکەوتی گەڕموگوڕ دەرپەڕیو زۆر بێ حاڵیش بوو.

بەپرتاو هاتە خوارێ، بۆ ڕاستانی خوار ئەشکەوتەکە. لە ڕاستانەکە سەری لێ شێوا. ڕاست و چەپی خۆی هاوێر نەدەکرد. قەدەرێ لە جێگاکەی خۆی بەدەوری خۆیدا خولایەوە. تەنانەت پشووشی نەدەدا، تۆفەکەی تۆف نەبوو، غەزەبی خوا بوو.

تاشباش هێشتا هۆشی بەخۆی بوو، لە بەرخۆیەوە دەیگوت:

«ئەمەی من دەیکەم شێتییە. ڕاست بەمە دەڵێن بەدەستی خۆ، خۆکوشتن.»

لە پاشان بەهەموو شتێ، بە شێتی، بە گەلۆری، بە هەمووی ڕازی بوو:

«کێهەیان چاترە؟ تا دەتۆپی بەدەست یوزباشی تێلا بخۆی و لە ئینسانەتی بخرێی و لە دنیادا سووک و ڕیسوا بکرێی، یا بەم جۆرە بمری؟ ناوەڵلا مردنەکە خۆشترە...»

خۆشتر بوو، بەڵام هێندەیش باکی بەمردن نەبوو.

هەر لەوێندەرێ بەچۆکدا هات و دەستی بە دووعایان کرد. ئەم تۆفە نەختێ سووکی کردبا و بە سەرساغی دەرچووبا، بڕوای بەوە دەهێنا، کە پیاوێکی وەلییە.

«خوایە،» دەیگوت، «ئەدی من، بەندە، وەلییە خۆشەویستەکەی خۆت نیم؟ حەزدەکەی هەر لێرەم ڕەق کەوە. کەیفی خۆتە، بۆ خۆت چاتری لێ دەزانی.»

هەڵستا. هێز مانا لە ئەژنۆیدا نەمابوو. بیری کردەوە، بگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوتەکە. بۆ کن جەندرمەکان. بەڵام تۆفەکە تۆف نەبوو. بۆرانێکی پێوە دەهات. کورم دەویست لە ئەشکەوتەکە وەسەرکەوتبا. نەک پیاوێکی، نەخۆشی، قەڵەمی دەست و ئەژنۆ شکاو، بگرە زەلامێکی سپوساغی لێ بەسەر

نەدەکــەوت. ئەوا توانیــشی لێی بەســەرکــەوێ، بەڵام هەرگــیــز ڕێگەکــەی نەدەدۆزییەوە.

ددانی کەوتە چۆقەچۆق. قەدەرێ، بێ ئەوەی تەماشایەکی دەوروبەری خۆی بکا، گۆترەبڕ، ملی نا، لەم ناوە، نەک لەو شاخە بەرزانە، لە داوێنی یەک دوور ڕەوەزێکدا، لە سەرووی ڕاستانەکەوە، ئەشکەوتێکی دیکەی چکۆلە هەبوو، ئەشکەوتی سەرمابردەکانیان پێ دەگوت. جا بەڕاستی ناوی بەخۆیەوە بوو، کەسی لە سەرما نەدەپاراست. سەرباریش دەبوو لەو نزیکانە بێ. بەڵێ لەو نزیکانە بوو. بەڵام بەری بەکوێیەوە بوو؟ هەموو لایەکی لێ تێک چووبوو. نەیدەتوانی هەنگاویش هەڵێنێ، کێلەڕێیێ، نیشانەیەکی بەدی کردبا، ڕێگەکەی دۆزیبایەوە ئەوسا بشمردایە خەمی نەدەخوارد. هەر ئەو جێی لێی بوو، ڕێگەکەی خۆی بوو. لای ڕاستی ڕێگەکە قایەجاڕ بوو. لای چەپی ڕاستان بوو. بەلایەکدا وەرسووڕایەوە، ڕۆیشت، ڕۆیشت، نە قایەجاڕ، نە تەڕەماش.

ڕێ و ڕاست گەڕایەوە، پێی لە بەردێ هەڵەنگوت، دڵی خۆش بوو. ئەوجا دەبوو ڕووکاری باکوری دیتبایەوە. چونکە لە باکورەوە دەهاتن، بۆ باشوور دەچوون. ئەشکەوتی سەرمابردەکان نیو سەعاتێ لەولاترەوە بوو. کورە نامەردت نەکەن، خۆ لێڕ و دارستان هەبوو، لێڕ و دارستان... ئەدی نازانی دار بەلای باکوردا دەچەمێتەوە. بەدەسەکوتێ سێ و چوار ڕێواسی بەردەست کەوتن، ڕووکاری ئەشکەوتەکەی دیتەوە. ئیدی بەرەو باشوور ڕای دەکرد. پشووی دەبڕا، دەکەوت، هەڵدەستایەوە، دیسان تێ هەڵدەچووەوە، دەکەوتەوە، هەڵدەستایەوە، دیسان تێ هەڵدەچووەوە، دەکەوتەوە، ڕای دەکردەوە. سەگە زەردیش هەر لەدووی نەدەبووەوە.

وردە وردە خوێنی ڕادەوەستا، هاکا ڕەق بووەوە... هێندەی نەدەما ڕەق بێتەوە، گوڕی دەستاندەوە، هەڕای دەکرد... قەدەرێ توان و گوڕی هەڵستانەوەی بە بەرەوە نەما. دەیزانی لە ئەشکەوتەکە نزیکە، بەڵام لە حاڵی هەڵستانە سەرپێ و لە ئەشکەوت گەڕاندا نەمابوو. ددانی بەجەرگی خۆیدا نا، بەهەموو هێزێکییەوە، بۆ پێشەوە، بەگاگۆڵکێ دەچوو. هەناسەی سەگەکەی لە

دواوە بوو، ئەمەیش لە سەرێکەوە زێتری زات وەبەردەنا.

هەر بەتەواوەتی هەستی بەڕچین و ڕەقبوونەوە دەکرد. ئیدی لاقی لەدووی نەدەهات. لەشی هەڵی نەدەگرت.

لێرەکە دەیگرماند، دار و درەخت، وەک لە ڕەگ و ڕیشەڕا هەڵکەندرێن، قرچ و هۆڕیان دەهات و بەسەر یەکدا دەشکانەوە. لەپڕ برووسکەیەکی دا. دنیا سەرانسەر، ڕۆشن بووەوە. تاشباش هەر وەخت بوو لە خۆشییان شێت بێ. تاوێرە نووک تیژەکەی ئەشکەوتی سەرمابردووان بەدیارکەوتبوو. هەر نەختێ لەولایەوە بوو، لەبن لووتیدا بوو.

لەشی، سەرتاپا، خرچەی دەهات، لاقی نەدەبزووت، لە پشتێنەی بەرە خوار بەستبووی بە بەستن، بەرە بەرە، سەرووتر هەڵدەکشا، بۆ زگی دەچوو. ئینجا خەو... نەیدەزانی، خەوی دەهات، گیانی دەردەچوو. تەواو سامی ڕێ نیشت. وا مردن لە دەرگەی دەدا. کە هەستی کرد، وا بەبن بەفرەوە دەبێ. جووڵەیەکی کرد، هەرچی گوڕ و توانی هەبوو دایە بازووی، بەچنگەکرکێ و لەسەر زگ خشین، بەرەو ئەشکەوتەکە دەچوو.

سەگەکەی هەر لەکن بوو، ئەویش لە سەرەخۆ، وەک لەسەر زگ بخشێ، لەدووی دەخشی.

تاشباش برەک لە شقارتەکەی گیرفانی گەڕا.

«ئەم شقارتەیە شقارتەکەی حەسەنمە. بەیادگاری داومێ،» گوتی، دڵی پڕ بوو لە خۆشی و شادییەکی گەرموگوڕ.

***

٤٦

بەفرە وردە وردە دەستی بە توانەوە کرد. زەرداوی بە کاوکۆتەڵ و پەیناویی شلوێی نێو کووچە و کۆڵانی گوند، بەخوڕ دەهاتنە خوارێ، منداڵی ڕووتوقووتی گوند تێی کەوتبوون، یارییان دەکرد.

ماوەیێ بەفراوی سەر ترۆپک و لووتکە سوورە، ڕوونە، بلوورییەکانی

چیاکـان، وەک چڵکاو و زووخـاو و گۆتاوەڕۆ بـەنێو گونددا ڕێی دەکـرد. هاکا بەهار تەقییەوە.

کـاتێکی بەفر دەسـتـی بەچوونەوە دەکرد و لێـشـاو دۆڵ و شـیـو و کـەنداڵ و ئاودڕ و نەواڵی لێواولێو پڕ دەکرد. هـەموو سـاڵێ لەو وەختەدا مـاڵانیش ئاردیان لێ دەبڕا و برسێتی دەستی پێ دەکرد. گوندی، نەک هـەر ترسـی عادیل، ترسـی بەهاریشـیـان ڕێ دەنیـشـتـێ. ئەم ترسـی بەهـارە بەڵا بوو. تـرسـی عـادیل سـا هـەرچۆنێ بـوو هـەر ئەم سـاڵ بوو، بەڵام تـرسـەکـەی بـەهـار هـەمـوو سـاڵێ هـەڵی دەدایەوە. هـیچ هێزێکیش نەبوو ئەم ترسە لە دڵ ڕیشەکەن کا و فڕێی دا. بگرە ئەم وەلییایەتییەی تاشباشیش بەکەڵک نەدەهات.

ئاردی مـاڵان، هـەمـوو سـاڵێ، زووتر دەهـاتە بڕان. سێ سـاڵ لەمـەوپێش ئارد لە پێنجـی مـانگی نیسـاندا هـاتبـووە بڕان، کەچی ئەم سـاڵ لە یەکـی نیـسـاندا دەبڕا، ڕۆژێ دەهـات، ئیـتـر لە ناوەنـدی زسـتـانەوە، دەهـاتە بڕان. سـاڵ لە دوای سـاڵ خراتر دەبـوو. سـاڵ بەسـاڵ خـۆزگە بەپار. خۆ جارێ منداڵ بەرەکـەتێکی وای تێ کــەوتبــوو، هــەر مــەپرســە. ژمــارەی خــەڵکەکــە ڕووی لە زیـادی بوو. زەویوزاریش تا دەهات دەیدایە کـزی و بـێ بڕشـتـی. بڵێ خــەلیلە پیــر، یادی بەخێر، چیی دەگوت؟ دەیگوت:

«لە ســەردەمی باوکـمدا ئـەو زەویوزارەی یەک و سـیی دەدا، ئێـسـتـا یەک و پێنجیش نادا. لە سـەردەمی نەوەکانمدا یەک و یەکیش نادا، دنیاکەیە، تا بڵێی خـراپ بووە، مـەدمـەکەیە، تا بڵێـی بیژۆک بووە.» خـەلیلـە پیر نەخـتێکی پێوە دەنا. ئەم زەویوزارانە هـیچ وەخـتێ یەک و سیی نەدەهێنا. بەڵام وا ڕۆیشـتـبـا، یەک و یەکەکەیشی بە شـەڕەشـەق دەهێنا. لـە پاش یەک و یەکیش هـەر هیـچی نەدەهێنا، زەویوزاری چی، دەبوو بەجێ سـووتمانێ بۆ خـۆی، تەڵە گیـایەکی لێ نەدەڕوا. ئەمە ڕاستییەک بوو ئاوی لێڵ نەدەکرد.

حــاڵی گوندەکـانی دەوروبەریش هـەر بەو ئاوایە بوو. خـۆ حـاڵی گـەرمـێنێ، جــارێ ئـەوە هـەر زۆر بـەرباد و پـەرێشــان بـوو. بنـەتۆویشـــیــان لـە زەویوزار هـەڵنەدەگرتەوە. هـەر بەجارێ دەکەوتنە سەر ساجی عەلی.

گوندی لەمە نەدەترسان، بلێی هەمیشە قسەی لێ بکەن، بیری لێ بکەنەوە، نەخێر! چونکە زەوی وردە وردە لە برشت دەکەوت و پێزی لەبەر دەبڕا. ڕۆژێ دەبوو زەوی هیچی نەدەدا و دەستەوئەژنۆ لێی دادەنیشتن.

لە پێشان ئاردی ماڵی بێ کراس هاتە بڕان. زبڵاوی ناو ئاوایی هێشتا هەر لە بەری دەڕۆیشت، وشکاوی نەهێنابوو. هەموو ساڵێ لە پێش هەمووانەوە ماڵی بێ کراس ئاردیان دەهاتە بڕان، بەڵام ئەم ساڵ زوو هاتە بڕان. هەر کە ئارد دەبڕا، ئەو ترسەی کە بەدرێژاییی زستان کوڕی بێ کراس و تاشباشیشی لاواز دەکرد و هەرچەندیان دەکرد لە کۆڵیان نەدەکەوت، لەپڕ نەدەما و دەفڕی.

کوڕی بێ کراس، پیاو هەق بڵێ ژیر و بەئاوەز بوو. هەر کە ئاردی هاتە بڕان و نەهات، دڵی هێند خۆش بوو، شادییەک ڕووی تێ کرد... هەر ئەوەبوو لە خۆشییان نەدەفڕی، لەشی وەک هەموو ساڵێ سووک بووبوو، هەموو ساڵێ وای لێ دەهات.

«ئێمە،» گوتی. «بەدرێژاییی زستان نەک هەر ترسی عادیلمان ڕێ دەنیشێ، چاوەڕێی ترسی ئەم ڕۆژە، چاوەترسی ئاردبڕان بە ڕەچەڵەکماندا دەچێتە خوار و پرزە و برستمان لێ دەبڕێ و لە خۆڕایی عادیلمان کردووە بە بیانوو.»

عادیل وەنەبێ بیانوویەکی هێند گەورەیش بێ. بەڵام ئەم لە بەهار ترسانە هەموو زستانێ لە ناخی دەروونیاندا، لە مۆخیاندا هەڵی دەدایەوە و هەراسانی دەکردن، ترس ترس نەبوو، بەڵای خوا بوو.

کوڕی بێ کراس هەموو ساڵێ کە ئاردی لێ دەبڕا، دەچوو لە کوێستو ئۆغڵووی دۆستی، ئاردی دەخواستەوە. کە کوێستو ئۆغڵوویش ئاردی لێ دەبڕا، ئەویش دەچووە لای گەلحۆ، لەوی دەخواستەوە. کە گەلحۆیش ئاردی دەبڕایەوە... ئیدی بەوجۆرە هەموو گوندی ئاردیان دەهاتە بڕان و مجرۆ و موزمەحیل بۆ خۆیان بەدەستی ڕۆژی ڕەشیانەوە دادەمان، بەڵێ هی وایش هەبوو ئاردیان دەشێردەوە و بەشی ئەستوورکێکیان بەکەس نەدەدا، بەڵام ئەمانە کەم بوون. یەک دوو زەلامێ بوون. خۆ وەنەبێ حاڵی ئەوانیش زۆر

خۆش با، چونکە ئەوانیش ئاردیان دەبڕایەوە، هەنگین لە برسان مردبان کەس لاگوێلێ ئاردی وێ نەدەدان.

هەر کە دروێنە و بەرکوت دەستی پێ دەکرد، کەس هەقی کەسی بەسەر خۆیەوە نەدەهێشت. هەرچیی لەسەر با، نەمستێ کەم نە مستێ زیاد، دەیدایەوە.

هەموو بەهارهاتنێ دەبوو بەخەمێکی گەورە و گران بۆ مرێمۆک. خەمی ئەم ساڵەکەی دووسەرە بوو، جووتێ بوو. لە سەرێکەوە خەمی بەهار، لە سەرێکی ترەوە خەمی عادیل. ئاسمان بەرز و زەوی سەخت!

ئەمساڵ وەک ساڵانی برسێتی و قاتوقڕ وابوو. بەڕاستی ئەم گوندییانە لە قاتوقڕ و برسێتیدا، تا دەگەیشتنە بەرکوت کردنێ، شتێ، چییان دەخوارد؟ بەهەزار یاڵڵا و یا ڕوحوڵڵا دەگەیشتنە وەرزی دروێنە و بەرکوت. شوکور ئەم ساڵ کەس لە برسان نەمرد. گەیشتنە بەهارێ. هاکا زەوی شین بوو. تا زەوی شین دەبوو، ئەگەر دەستت بەئاردەوە گرتبا، نەترسابای، تا دەگەیشتیە بەرکوت، زێوردە و فەریکە پەیدا دەبوو، بەخۆیەوە دەتخوارد لە گۆشتی بەرخ خۆشترە. سیر و ماست، ترشۆکە، تۆڵەکە، کاردی، کەنگر، ئاڵەکۆک، پیفۆک، شنگ، بندوورە پەیدا دەبوون... توێکڵە دارکاژت دەقڵاشت یالابووکت لێ دەردێنا، دەتخوارد. هەر بۆن و بەرامەکەی بەتەنیا، پیاو تێر دەکا.

ئەمانە هەمووی، دەرووی هەویا و ئومێد بوون. ڕووناکی بەهارێ بوون هەڵیان دەکردە سەر ترسی تاریکی. خۆ دەیانزانی هیچ شتێکیش جێگەی نان و ساوار ناگرێت. ساڵانی گرانی و قات و نێز، چرۆ و هێندێ دار و درەختیان دەهاڕی، دەیانکردە سەپک و خەپلە، بەڵام قەت جێگەی نانی نەدەگرت؟ ئەرێ.

بەڵام ئەوی ڕاستی بێ بەهاریان لە عادیل زۆر بەترس و لەرزترەوە چاوەڕێ دەکرد.

ئاوی بەفر و بەستەڵەک بەدەم ترسی برسێتییەوە چۆڕبڕ بوو. هەر کە بەفر بەرەو کەژوکێو هەڵدەکشا، شینایییەکی تەڕوپڕ، ناسک لە بن خاکەوە دەتەقییەوە. ئەو بایانەی لە پێدەشتەکانەوە هەڵیان دەکرد، تێنی هەتاویان تێ

گەڕابوو، هەر بەڕاستی بای بەهار بوو، نەک گاڵتە... دەشت و دەرەکە لە باتی با و باگەڕ، لە جیاتی زستان بۆن و بەرامەی دەنارد.

ئەوانەی لە ئۆزوون دەرە، لە لاشەکەی خەلیلە پیر دەگەڕان، هێندەی نووکە دەرزییەکیان شوێنەوار نەدیتەوە. خەڵکەکە خەریک بوون بێنە سەر ئەو بڕوایە کە گورگ تیکە تیکەی کردووە، لە ناکاو لە ئاواییی ئینجەجکەوە خەبەرێ هات، گوایە خەلیلە پیر. زستان چووە بۆ ئەو ئاوایییە و لەوێ لە ماڵی کۆنە دۆستێکی پۆستی خۆی لێ ڕاخستووە و ئیدی ناگەڕێتەوە بۆ گوند. هەرچی جنێوی پیسە بەگوندی یالاخێ، بەدار و بەردی گوندی یالاخێ، بەنێر و مێی، بە کوێخای، بەتاشباشی داوە. گوتوویە، بەهەزار ناری عەلی سەری خۆم کڕیوەتەوە، ئەگینا ئەو گوندییانە کەرت کەرتیان دەکردم. کەرت کەرتیان دەکردم و هەر کەرتێکیان بە لکە دارێکەوە هەڵداواسیم. گوتوویە، نا نا، هەقیشیان دەدەمێ. هەر کەسێکی دیکە با، هەروەک ئەوانیان دەکرد. چونکە بەبرای خۆم بڵێم، لەسەر وەختی لۆکە چنینێم وەپاش ئێخستن. عادیلم لێ کردن بەگوڕنەتەڵە و بەلای سەریان. بەڵام لە دەستیان هەڵاتم، ڕزگارم بوو. هەر خۆشم لە دەست عادیلم قوتار کردن. یەک دوو قسەم لەگەڵ کرد، بەچۆکدا هات. کەفارەتی گوناهی خۆم دا، بەڵام ناگەڕێمەوە بۆ ئەو گوندە، بگەڕێمەوە، هەر بگەمێ و نەگەمێ بە حەواوە دەمبرژێن و دەمکەن بەخوری گورگ و دالاش.

ئەو خەبەرەی لە ئینجەجکەوە هاتبوو بەم جۆرە بوو. هەر لەم بابەتە خەبەرێکی دیکە لە گوندی سورمەلییەوە لەوپەڕی تۆرۆسەوە هات. گوایە ئەوەی لەوێ بەندوباو بوو، خەلیلە پیر گوتوویە، خەڵکی گوندی یالاخی، ژنیان هەموو داوێنتەڕ و حیزن، هەر ژنێکیان بە زگێ چوار منداڵی دەبێ، لەبەرئەوە خۆراکێ، ترخێنەیێ، گرارێ بۆ پیر و بەناوساڵدا چووان نامێنێتەوە و مەگەر هەر فریای ورگ تێرکردنی مندالان بن.

لە گوندەکانی دیکەوە، لە قوشدەرەوە، لە قارگوینەوە، لە ئوێزنەجکەوە دەنگوباسی جۆراوجۆر دەهات و بەندوباو و چیرۆک و حیکایەتی هەمەتەرزە

لەمەڕ خەلیلە پیرەوە بەسەر زارانەوە دەگەڕا. لە هەمـوو سـەیروسەمەرەتر ئەوەبوو، سەرەڕای ئەم هەمـوو دمگۆ و واتەواتە خەلیلە پیـر نە بووبـوو بە بن بەفرەوە، نە مردبوو، بەڵام لاشەکەشی کەس نەیدیتبوو. زیندە بەڵا مردە بەڵا.

هەرچی حوسنە و ڕەجەبیش بوون، لەسەر وەختی بەفرچوونەوەدا منداڵێکی خەڵکی گوندی بوزدەرە، هەر دوو سێ تیرهاوێژ لەولای گوندەکەیانەوە، لە دۆڵی قیمقلی دەیانبینێ. حوسنە بەقژ و کەزیە درێژەکانییەوە لەگەڵ ڕەجەبی ناوشـان پاندا، وەک لاولاو باوەشیـان بەیەکدا کـردبوو. منداڵەکە، کـە بەو جۆرەیان دەبینێ، بۆ ئەوەی بزانێ دڵداری و ئاشـقێنی چۆن دەکرێ، خۆی لە پەنا دەوەنێکی حەشار دەدا، قەدەرێ چاوەڕێ دەکا، تەماشا دەکا، نەجووڵەیان لێوە دێ و نە بەتەمای جووڵەشن... سامی ڕێ دەنیشێ، لەپشت درەختەکەوە یەک دوو بەردی چکۆلەیان بۆ دەهاوێ، بەرد لە نزیکیانەوە دەکەوێ، کەچی ئەوان هەر جووڵە ناکەن، کـوڕەش تووڕە دەبێ، ئەوەندی دەتوانێ بەردیان بۆ داوێ، دیسـان نە نق، نە جق. لە پڕ لە پشت دەوەنەکە لا دەچێ. دەچێ بۆ کنیان، بەڵام چ ببینێ، هێشتا بەستەڵەکی نێوباوەشیان نەتواوەتەوە و بۆخۆشیان بوون بە بەستەڵەک... یەکڕاست ڕا دەکاتەوە بۆ گوند خەبەر دەدا.

سێ ڕۆژ لەمەوپێش لاشەی دڵدارەکانیان بۆ گوند هێنایەوە. لە گوند لاو نەما، ژن نەما، پیر نەما سەر و لاوژە و سترانیان بەسەردا هەڵنەدا تەنانەت مرێمۆکیش لە بەرخۆیەوە، برێ لاوەی بۆ گوتن.

هەرچی تاشباش ئۆغڵو بوو ئیتر لەو ڕۆژەوە کەس بەسەر و سۆراخی نەزانی، نە وەکو دڵدارەکان لاشەکەی لەبن بەفر بەدیارکەوت، نە وەکو خەلیلە پیر لە سەد لاوە حیکایەت و ڕیوایەتی بەڕێوە بوو. هەر بەجارێ سەر و شوێنی کوێر بۆوە. تەنیا ئەوە نەبێ کە جومالی ئۆنباشی ڕووداوەکەی بۆ هەمـوو کەسێ بەم جۆرە دەگێڕایەوە:

«بەفر و بۆران تێی کرد ئەما تێی کرد، دنیا تاریکییەکی ئەنگوست لە چاو دای گرت. لەو دەمەدا دەنگێکم هاتە بەرگوێ: یا عەلی، یا عەلی، یا عەلی... ڕۆشناییی دنیا... تاشباش ئۆغڵو لە پێشەوە دەڕۆیشت، لە ناکاو تیشکێ

لەگەڵ دەنگەکەدا لە بەردەممان‌دا تەقییەوە. تیشکی چی، وەک تێسکەی تفەنگ ناڵەی کرد، بەرەو چیاکان هەڵکشا. من هاوارم کرد، تاشباش، تاشباش، کورە مەمەد تاشباش! هیچ دەنگ نییە، تا سبەینێ بانگەوازم کرد، نەبوو و نەبوو. تا ڕۆژ هەڵات لەوێ چاوەڕێم کرد. تاشباش هەر نەبوو. ئەگەر هێندەی سەرە موویێک خیلاف ڕۆیشتبێتم، ماڵ و منداڵی خۆم نەبینم. لە سفرە و خوانی عەلی بێ بەش بم، لەسەر خوانەکەیم دەرکا...»

ئیدی سەرەتای بەهار بوو. دنیا هەتاو بوو. ژنان لەم بن دیوار و لەو بن دیوار لەبەر بەربەڕۆچکە خۆیان هەڵخستبوو، سێ سێ و چوار چوار دانیشتبوون تەشییان دەڕست. گوێرەکەی لاق باریک و خنجیلانە، هەریەکە لە ڕەنگێ، لەو ناوە، لەبەر هەتاوەکە دەچریسکانەوە و تەڕاتێنیان دەکرد. شیر و ماست زۆر بووبوو، ئاخ هەزار ئاخ، خەم و خەفەتی عادیل نەبوایە، خەم و خەفەتی ئارد، خەم و خەفەتی ساوەر نەبوایە... ئاخ، خۆزگە ئینسان خەم و خەفەتی ورگی نەبوایە...

ژنان ماڵ بەماڵ، بەسەر پارچە تەنەکەی چکۆلەی ژەنگاوییەوە ئاگریان ڕادەگوێزت. ئەمە نیشانەی بەهار بوو. نیشانەی کوژانەوەی ئاگردانان بوو کە بەدرێژاییی زستان نەدەکوژانەوە. لە لادێ شتی هەرە پێویستی بە بەها شقارتەیە. زۆر کەس شقارتەی نییە. ئاگر کردنەوە ئاغڵەبە بەلێک خواستنەوە مەیسەر دەبێ. ئەمە هێشتا تاریک و لێڵەیە. بەڵام کە شەو دادێ، گوند بەجارێ دەبێ بەیەک پارچە ئەستێرەی درەخشان.

٤٧

بەیانییێک چاو هەڵدێنن لە خەو، لەپڕ تەماشا دەکەن بەهارە. بەهاری دەشت و ئاران ئاوهایە. لەپڕ دێ.

لەم پێدەشت و ئارانە بەهارهار و شێت بووبوو. لە هەموو ساڵێ بەربادتر، دار و بەرد و چەم و ڕووبار، دۆڵ و شیو، ئەرز و ئاسمان یەک پارچە سەوز دەچوونەوە. لێرەوار سەراپا نوقمی ناو بۆن و بەرامە بووبوو. وەک منداڵی

ساوا دەگرژایەوە. قەدەرێ، باڵدارێ، باڵداری سپی سپی بە لک و چڵەوە وررووکابوون.

بەڵێ بەهاری ئەو بەژە ئاوها هاتبوو. لە هەموو ساڵێ بەترەفتر. گوڵووک بەژنیان هەر هێندەی پەنجەیێ دەبێ، نابێ، کورت و کوڵەبنە دەبن. گوڵووکی بەژ و ئاران چەندی حەزدەکەی ڕەنگیان بریقەدارە. خۆ ئەگەر ئاڵ سوور بێ، لە گوێن هیچ ئاڵ و سوورێکی ئەم دنیایە نییە... زەردی، شینی، ترنجیی، هەموو لەو جۆرەن. بە تاریکەشەو دەبیندرێن. بۆنیان یەکجار تیژە، گوڵووکی لێ ڕوابێ، نەڕوابێ دابێرەوە، بۆنی خاکەکەی کە، بێنی وەک مسی لێ دێ. لاگوێلێ لە گڵەکەی لە بەرێکت کە، چەندین ڕۆژ بۆن و بەرامەی تیژ و تاڵت، لێ دێ و دەوروبەری پێ مەست و سەرخۆش دەبێ. بۆن و بەرامە لەگەڵ گڵدا ئاشقە و ماشقەن، بێ یەک هەڵناکەن.

حەسەن لە خۆشییان جێگەی بەخۆ نەدەگرت. لە یەکبینە بە ئومەخانی دەگوت:

«یاڵڵا کیژێ، یاڵڵا.»

ئومەخان لە ژوورەوە قیژاندی:

«ڕاوەستە بۆم، خۆ شەق نابەی!»

«خۆ هەر دێیە دەرێ، جا ئەو سەرە ڕشکنەت...»

«جا منیش نایەمە دەر.»

حەسەن خاو بووەوە:

«دە وەرە دەرێ، ئەی تۆ باجییە جوانەکەی خۆم نیت؟ دە وەرە دەرێ هێرِیلە!»

ئومەخان:

«وا دێم، بەلان...»

حەسەن:

«دە وەرە... چیت دەوێ دەتدەمێ.»

هەتاوەکەی ئێکجار خۆش بوو. گڵەکە هێدی هێدی هەڵمی لێ هەڵدەستا. خاک لە جۆش و خرۆشدا بوو. لە بزاوتی لە بووژانەوە و بەخەبەرهاتنێکی سامناکدا بوو. جاڵجاڵۆکە تەیروتوو مێشەنگ، گورگ، ڕێوی، ورچی لە خەوی دوورودرێژی زستان وەخەبەر هاتوو، مار، کیسەڵ، بۆق لە گەرمە و جەنگەی جووتبووندا بوون. جاڵجاڵۆکە بەدوای مێش و مەگەزەوە داوە ئاوریشمی خۆیان بۆ ڕایەڵ دەکردن، کەمەندیان بۆ داویشتن، تەیروتوو بەدوای جاڵجاڵۆکەوە، باڵندەی گەورەتر بەدوای لەخۆ چکۆڵەترەوە، ڕاویان دەنان، لووریان دەبوونێ. مێروو دەرگای شاریان وەسەر گازی پشت ئێخستبوو، بێ بزووت، خۆیان لەبەر هەتاو هەڵخستبوو. دار و درەخت، گیا و گۆڵ، با، لک و چڵ، گەلا، گەزندە و مۆرانە، تەیروتوو، سەرلەبەر تێک چڕژابوون. خاکی جەنگەڵ و لێڕ، بەیار و بوورەی دەشتودەر، زبران و ڕەقەن و زوورگ، هەموو لە بووژانەوەدا بوون، باوێشکیان دەدا، کێشمانی خۆیان دەدا.

گڵی ئەو پێدەشت و بەژە، تاوێر و بەردی ناو ئەو لێڕەوارە، دار و درەخت هێندەیان تام و لەزەت لە خاوبوونەوە و خوێن جمان وەرگرتبوو، هەر دەستت وێ کەوتبان نوقمی نێو قەنەوز و مەخمەڵی بەرد و تاوێر دەبوو.

زەردەواڵەی زەنگیانەدارو زەردەزیڕە، مێشەنگ، بە باڵە تەنکەکانیانەوە، لەم بەرهەتاوە، بەهەزاران دەچریسکانەوە، بەهەزاران لە گوڵووکی ها ئێستا ها نەختێکی تر دەپشکووتن، ورووکابوون. لە دەوروبەری هەر بڕە گوڵووکێ، پوورە هەنگێ لە ئەشقی ژیان بەزەمزەمە کەوتبوون، لە چاوترووکانێکدا هەزاران باڵی ورد ورد دەلەرینەوە.

منداڵەکان بەرەو لێڕەکە غاریان دەدا.

حەسەن:

«ئێستا وشترێ دروست دەکەم،» گوتی. «وشترێکی وەها کە قەت تێک نەچێ. وەشترەکەم لە دار ژاڵە دروست دەکەم.»

ئومەخان:

«بۆ منیشی بکە.»

حەسەن تووڕە بوو:

«لاکەوە قەرەج،» گوتی. «هەر شتێ ببینی وڕکی لێ دەگری!». ئومەخان لێی چووە پێشێ، بەپشتدا، پاڵێکی پێوەنا: «کەرە،» گوتی. «تۆ کەری. کەر نەبای شقارتەکەت دەدامەوە، کەر نەبای ئەو شقارتەیەمت، کە هەزار شەونخوونیم لەسەر کرد، دەدایەوە. من نەباما شقارتەکانی تۆیش دەدزران.»

حەسەن ملی خوارکردەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا، گوتی:

«جا بە چ دەچێ، هەر دەیدزن. دیسان عادیل دێ، شقارتەکانم لێ دەستێنێ، ئەو هەموو ئێشک لێ گرتن و پاسەوانییەشمان بۆ کرد، بە چی دەچێ؟»

ئومەخان:

«چوزانێ؟» گوتی. کشایەوە.

حەسەن:

«ئەی نابینی، باوکم ئەمە چەند ڕۆژە دەنگ ناکا. هەر تەماشای بەردەمی خۆی دەکا. کەس ناوێرێ خۆی لە قەرەی دا، ئەوەندە تووڕەیە...»

ئومەخان:

«نەخێر،» گوتی. «عادیل قەت نایە. ئەو بە بەهاران قەت نەهاتووە.»

حەسەن قیژاندی:

«وس،» گوتی. «وس کچەتیوە پیسە. شێتگیرم مەکە. عادیل لە هاتن نەبوایە، باوکم وا گرژ و مۆن دەبوو؟ تۆ قەتت وا بەو جۆرە، وەک مردوو دیتووە؟ عادیل دێتیش و شقارتەکانیشم دەبا.» دوو پاکەتە شقارتەی لە گیرفانی دەرێنا: «بگرە،» گوتی، «هەردووکیان بۆ خۆت مادامێکی عادیل هەر دەیانبا، ناوەڵڵا با بۆ تۆ بن.»

ئومەخان قەدەرێ بڕوای نەکرد، ترسا، برێ دوودڵ بوو، تۆ بڵێی ئەگەر دەستی بۆ شقارتەکان درێژ کردبا، حەسەن دەستی نەکێشابایەوە؟

حەسەن:

«کچێ ها بگرە،» گوتی.

ئومەخان هەرچەندی دەکرد بڕوای نەدەهات، دەستی بۆ درێژ کا. شقارتەکانی وەرنەدەگرت. زستانێکی دوورودرێژیان بە شەڕە دەنووک بەسەربرد. حەسەن نەک پاکەتێ، دەنکە شقارتەیەکیشی نەدابوویێ.

حەسەن:

«ها بگرە،» گوتی، بە تێخوڕینەوە. «کچێ بگرە! لە جیاتی ئەوەی عادیل بیانبا، با بۆ تۆ بێ.»

ئومەخان سەیرێکی ناو چاوی حەسەنی کرد، نەخێر هیچ گاڵتەی نەدەکرد، لە سەرەخۆ، دەستی درێژ کرد. هەر وای کرد شقارتەکانی لێ وەرگرت. فرمێسک لە چاویدا قەتیس ما، قەدەرێ بۆ خۆیشی نەیزانی چ بکا. هەر بەو ئاوایە مایەوە. جارێکی تەماشای شقارتەکان و جارێکی تەماشای حەسەنی دەکرد.

«ئێستا ئەمانە هەر لە بێ گاڵتە هی منن؟»

حەسەن بەکزییەکەوە:

«هەر بەتەواوەتی هی تۆن،» گوتی. «لە جیاتی ئەوەی عادیل بیانبا...»

ئومەخان دەستی بەپێکەنین کرد. بێ وچان پێ دەکەنی. هەر نەیدەبڕییەوە. حەسەن بەرانبەری ڕاوەستابوو سەیری پێکەنینەکەی دەکرد، زۆری بەپەرۆشەوە تەماشا دەکرد، سەرسام بوو. یەک دوو جارێ نیگایان زەق زەق لێک هەڵەنگوت. حەسەنیش دەستی بەپێکەنین کرد. خۆشک و برا بەجووتە پێ دەکەنین. لێکیان دەڕوانی و پێ دەکەنین. زۆر بەختەوەر بوون.

ئومەخان:

«هەر بەڕاستی بۆ من هەردووکیشیان؟»

حەسەن:

«هەردووکیان،» گوتی.

بەهەڕاکردن هاتن بۆ لێرەکە. حەسەن سووتەنییەکی زۆری لەسەر جێ

ئاگردانە کۆنەکەی جاران خڕ کردەوە، گزرە و چڵە وشکەکانی بەجیا دانا. ئای ئێستا ئاگرێکی چەند خۆش هەڵدەکا... دار و سووتەنیی بەهار نەوعێکە، بێنێکی خـۆشـیـان لـێ دێ، بەتەنیـشت قـایەکـەوە دانیـشت. لە چەند ڕۆژێ لەمـەوبەرەوە ئارامـی لە پێسـتی خـۆدا نەدەگـرت، هەی با بـڕۆین بۆ لێـڕەکـە، وڕکی گرتبوو، ئومەخانیش هەرچەند ئەو دەیگوت با بڕۆین، گرژ و مۆن دەبوو، پاشانەکێ وازی دەهێنا.

ئەو هەر لەسەر بەزم و بالۆرەی خۆی بوو.

لە سـەرەخـۆ پاکەتە شـقـارتەیەکی لە گیرفـانی دەرێنا، پاکەتەکەی کردەوە، دەنکە شـقارتەکانی هەمـوو ڕۆکردە کۆشی. ملی لێ نا، پێنـج پێنـج و سێ سێ پێکەوەی دادەگیرساندن. گڕ و ئالاوێکی گەورەی لێ دەکەوتەوە. گڕ و ئالاوێکی لە پێنج قلە شقارتە بەجارێ و لە دە قلە شقارتە بەجارێ گڕ و ئالاوێکی گەورە بوو. حـەسـەن چاوی لەم گڕ و ئالاوە دەبڕی، تا دەکوژایەوە تەمـاشـای دەکرد. شادییش و تاڵییشی لە دەموچاودا بەدی دەکرا. ڕەنگ و ڕووی لە ئانێکەوە بۆ ئانێ دەگۆڕا. جارێ شادمانی. جارێ بۆش و بەتاڵی، تاڵی و ئازار.

یەکەم پاکـەتی هەڵایسـاند. ئینجـا دووەم پاکەت. ئومـەخـان چاوی زەق زەق کـردبۆوە، بەرد دەجـووڵایەوە، ئەو نەدەجـووڵایەوە. تەمـاشـای حـەسـەنی دەکـرد. تەمـاشـای دەکـرد و چیـشـی نەدەگـوت. دوو سـێ جـار، ئاگـای لەخـۆ نەبوو، لە حەسەن پاڕایەوە:

«بەسە حەسەن، بەسە، براکەم،» گوتی. پاشان بێ دەنگ بوو.

حـەسـەن پاش ئەوەی هەمـوو دەنکە شـقـارتەکانی هـەڵایسـاند بەئومـەخـانی گوت:

«هینەکانی خۆیشتم دەیێ.»

ئومەخان وەک کێچ ڕاپەڕی: «نایدەم» گوتی. «تۆ شێتی، شێتی، شێت!»

حـــەســـەنیش وەک ڕاپـەڕی، هەڵـی کـــردێ، خـــۆشـک و بـرا بەشـــەڕهـاتن. تێروپڕیان یەکتر کوتا.

حـەسـەن وای لە کـڕکـڕاگـەی ئومـەخـان گـرتبـوو، هەر وەخت بوو بیتـاسـێنـێ،

وازی لێ هێنا، تا شقارتەکانی لێ ساند. ئومەخانیش لەم شەڕەدا سەروچاوی حەسەنی بەخوێن هێنابوو. خوێنی دەموچاوی نەدەوەستایەوە. بەڵام حەسەن باکی بەخوێن و شتی وا نەبوو. سەرلەنوێ، چوارمێردەکی لێی دانیشتەوە. دەستە دەستە بێ حیساب دای دەگیرساندن. گڕ و ئاڵاو وەک بتەقێتەوە بەو جۆرە هەڵدەبوو. دەستیشی لە ناو گڕدا بوو.

حەسەن بەدوا قلە شقارتەکاندا ئاگرێکی گەورەی هەڵکرد. دەستی دەبن چەناگەی نا و خەیاڵ بردیەوە، تەماشای گڕ و بڵێسەکانی بەردەمی دەکرد. قەدەرێ چاوی بڕیبووە گڕ و بڵێسەکە.

لە ناکا و زریکەیەکی کرد. ئومەخان، وەک ئاگای لەخۆ نەبێ، ڕاچڵەکی تەماشا، تەماشا، ها ها دار شەخسەکە! ها ها دارە زیارەتییەکەی سەربانی ماڵی مام تاشباش... تەماشا، تەماشا! وا نەما. وا دەڕوا... نەتدیت؟ نایبینی؟»

ئومەخان دڵ تۆراو و بەزیو:

«نایبینم، هەر هیچ نایبینم.»

حەسەن دیسان خەیاڵ بردیەوە، گڕ و بڵێسەی ئاگر نیشتەوە. حەسەن ئەو چاوەی بڕیبوویە ئاگردانەکە، نەیدەترووکاند، ها لە پاش چەند، ئەوجا وشیار بووەوە. لەشی، سەرتاپا، وەک دارکاری کرابێ، دێشا. هەڵستایە سەر پێیان، تا توانی کێشمانی خۆی دا.

«هەستە، ئومەخان،» گوتی. «پشتم تێ کە، جووڵە بکەی، ئاوڕ دەیەوە، دەتکوژم.»

بەپێچ و پەنای تاوێرەکاندا، بەماتەمات، خۆی گەیاندە لای بەردەکەی قەدەرێ لە تەکی ڕاوەستا، وەک تەماشای شتێکی پیرۆز بکا، بەوپەڕی شادی و بەختەوەرییەوە تەماشای دەکرد. دانەوییەوە، وەک بیلاوێنێ، چەند جارێکی دەست پێدا هێنا، پاشان، بەهەردوو دەستی لێی نەوی ڕاستی کردەوە. هەر ڕاستی کردەوە و نەکردەوە، وەک دەستیان لێ وەشاندبێ، ڕەق ڕاوەستا. بۆ خۆیشی نەیزانی چ بکا. بەردەکەی لەسەر قنگ دانابوو. ئەو چاوەی بڕیبوویە

جێگەی بەردەکە، بەئامان و زامان نەیدەترووکاند. دەموچاوی بەرە بەرە دەگەشایەوە و نوقمی شادی و بەختەوەری دەبوو. کەژ و کێو، دار و بەرد، خاک و خۆڵ، هەموو دەبریسکایەوە، دەگەشایەوە. حەسەن لە هەموو ئازای لەشی شادی و بەختەوەری فیچقەی دەکرد.

بانگی کرد:

«ئومەخان، ئومەخان، وەرە!»

ئاوازی شادییەک لە دەنگیدا بوو، کاری لە ئومەخانیش کرد.

ڕای کرد، هات. ئەویش تەماشای ئەو جێگەیەی کرد، حەسەن چاوی بڕیبوویێ. خوشک و برایەک هەرتکان چاویان بڕیبووە جێگەی بەردەکە و تەماشایان دەکرد. ڕەنگە تا ئێستا دەموچاوی هیچ کەسێ لە خۆشیی ڕووداوێکی خۆش بەو جۆرە، نوقمی خۆشی و بەختەوەری نەبووبێ.

لە جێگەی بەردەکە سێ گوڵووکی تازە پشکووتوو، بەسەر زەوییە ڕەشەکەدا پان بووبوونەوە:

یەکێکیان سوورێکی گەشی بەبریقەی وەک بلوور وابوو... گڕی لێ دەبووەوە... گەردن درێژ. یەکێکیشیان زەرد، لە گوێن زەردیی گوڵەگەنمی قەندەهاری، لە زەردیی خۆرەتاو، زەرد، زەرد، زەردێکی بلووری... ئەویش هەر گەردن درێژ. یەکێکیشیان شین لە گوێن شینیەتیی شەکرۆک، شینایی ئاسمان، شینایی گڕ و ئالاو، شینایی بلوور... ئەویش هەر گەردن درێژ.

حەسەن نواڕییە ناو چاوی ئومەخان، پرسی:

«دیتت؟»

«دیتم.»

«هەرسێکیشیان.»

«دیتم.»

***

# فەرهەنگۆک

### ئـ

ئاران: دەشت.

ئارەوانە: عەرەبانە.

ئاژن هێنان: هەڵمەت و هێرش هێنان.

ئاسمان قەڵاش: درزخەرە ئاسمان.

ئاڵەکۆک: هەپڵۆک.

ئامێژن: هەوێن.

ئاوبارە: سەدی بەری ئاوگرتن بۆ بەرزکردنەوەی.

ئاوروزاور: کەش و قنگ.

ئاوەز: ئەقڵ.

نووکە: ئێستا.

ئەستوورک: کولێرە.

ئەستێرک: شوقەلەت، ئەو دارودەستەیەی پێخەوی لەسەر کەڵەکە دەکرێ.

ئەشەتو: ئەشهەدوبیللا، باوەڕ پێکردن

ئەفراندە: مەخلووق.

ئەوێکانە: ئەوێ.

ئیربار: دەفر و ئامانی ناوماڵ.

ئیرۆ: ئەمڕۆ.

ئیروو: پیت و بەرەکەت.

ئێزنگ: سووتەنی.

ئیسکیف: ئەمووستیلەی دروومان، کوشتەبان.

ئیکلام: تەمەننا.

## ب

بارانه: بارانی، کڵاوباران.

باسخوون: له پڕ بەسەردادان.

باشارکردن: بەجێهێنان.

بانه: پارچه زەوی که بەهێڵ لێدان لات لات ئەکرێ بۆ کێڵان.

برش: کەڕوو.

برینگ: مەقەستی حەیوان بڕینەوه.

بزگوڕ: پارچه جلەشڕه.

بندووره: مێلاقه.

بنێس: باریک، ڕیوەڵه.

بۆرژان: هەڵاژان و چاو گەرمکردن.

به بتوونی: به خشتی، هەمووی.

بەدەین هاتم: بەئاگا هاتم.

بەرۆش: مەنجەڵ.

بەرەواژ: سەربەرەوخوار.

بەرهەڵبێن: چارۆکه.

بەریک: باخەڵ، گیرفان، بەرۆک.

بەژ: بەڕ.

بەلەنگاز: کڵۆڵ، بەدبەخت.

بەگوری: بەقوربان.

بیانگه: بیانوو.

بیژۆک: حەرامزاده، زۆڵ.

بێ وەزەنی: بێ زیانی.

## پ

پارخان: پەراسوو.

پاریاو: پاراو، خاوێن.

پشتکۆڵ: پشت دەرگا، دەرگ قایم کردن.

پشتیر: ژووری ئاژەڵ بەمەرجێ لە پشت ژووری نیشتمانەوە بێ.
پۆڕ: قژ.
پۆلوو و پەرەنگ: ئەسکڵ و پشکۆ.
پەژمردە: سیس و ژاکاو.
پەژیوان: پەشیمان.
پەسندان: مەدحکردن
پیاگ: پیاو.
پێت: گڕ.
پێتر: زێتر، پتر.
پێسیر: یەخە.
پیفۆک: پیشۆک.
پێمێردە: عیزرائیل.

## ت

تەهی: ناخی.
تەیار: ئامادە.
تیتک: قژەسەر.
تێرو: تەروو.

## ج

جاوەجاو: ژاوەژاو.
جنگز: تووڕە.

## چ

چڤیک: بلبل.
چەپاڵدان: تالانکردن، چەپاوکردن.

## ح

حسکە: جۆرە تفەنگێکی کۆنە.

## خ

خاپاندن: فریودان، خەڵەتاندن.

خرێنە: پەت.

خودک: خوو.

خور: خۆراک.

## د

دارمێشە: جۆرێکە لە داربەڕوو.

داغانکردن: پەرت و بڵاوکردنەوە.

دانار دانار بوونەوە: کرژبوونەوە وەک دەنکە برنجی پێکەوە نەنووساو.

دوردگ: بلوێر.

دۆژ: دۆزەخ.

دەراو: دەرەتان.

دەردە باریکە: سیل.

دەرگا بەتاک بوون: دەرگا کراوەیی.

دەڕۆست: دەرەقەت.

دەستاوێژ: بەڵگە (مستمسک)

دەستیاو: دەسەوا .

دەغڵمێننەوە: دەگەوزێننەوە.

دەکودهۆ: فڕوفێڵ.

دەیکاری: دەیتوانی.

دیاردی: ئیشارەت.

## ڕ

ڕانان: دانان.

ڕاوە: ڕاوەستە.

ز

زار بەشکردنەوە: دەم داچەقاندن بە سەرسوورمانەوە

س

سپە: سەگ.

سەپک: خەپڵەی بۆ سەگ دروستکراو، تێکەڵە لە ئارد و کەپەک.

سەرەنگرێ: لەتر، نووچ، ساتمە.

سەرینچاوە: سەرچاوە.

سەوز ئامان: مەیلەو سەوز.

سیخوار: زوقم.

ش

شرایە: شارراوە.

شلوێ: شێلوو، لێڵ.

شنوە: لوورەی گورگ.

شۆپ: شوێن (أثر).

شۆپ هەڵگر: شوێن پێ هەڵگر.

شە: شانە.

شەبەنگ: تاپۆ، تارمایی، شەبەح.

شەپە: دەست لێ وەشاندن،

شیشان: هەڵچوون و تووڕەبوون. (عەلی شیش)یش لەمەوە هاتووە.

ف

فڕهاوێتنەخۆ: خۆ زەمکردن.

فیسکە: پڵتۆک، پلەپیتکە.

ق

قات: بەردی چین لەسەر چین.

قۆچان: سەنەد.

## ک

کارخانە: کارگە. مەبەست شتی لە مەعمەلی چاکدا دروست کراوە.

کاردی: کاردوو، هاز، خاز.

کاوێ: جارێ.

کوارگ: قارچک.

کۆتە: کۆتەرە.

کوورکوور: قووڵ قووڵ.

کەڕە: بەری درەخت کە نەخورێ.

کەڵۆز: ملە.

کەور: بەرد ، کەڤر، کەمەر.

## گ

گاڕام: دارعاسای دەستی گاوان بۆ لێخوڕین.

گارە دا : تەقەتی کرد، قایمی کرد، پێوەی دا .

گرار: چێشت.

گرژانەوە: گەشانەوە بەپێکەنینەوە.

گۆترەبڕ: هەر لەخۆوە، بێ بەڵگە.

گەچۆڕ: زەویی سپی وەک گەچی تیابێ، شینایی لێ نەڕوێ.

گەراز: هەڵووژە.

گەمار: گڵاو.

گەوەن: لە هەندێ لا (گوێنی)ی پێ دەڵێن، کەتیرەی لێ دروست دەکرێ.

## ل

لاسامە: لافاو.

لاور: ئاژەڵ.

لاوران: ئاژەڵ.

لاومەت: لاو، هەرزەکار.

لاوە: لاواندنەوە.

لووریان دەبوونێ: تاویان دەدانێ، هەڵیان دەکردێ.
لە حەنی: لە ئاستی.
لەز: پەلە.
لەنگێزە: تاو، تاوەباران.
لەوراکە: لەولا.
لەیستۆک: بووکەڵە.
لێڕ: دارستان.
لێ ڕازان: نووستن.
لێکدی ڕۆدێن: بەردەبنە یەک.

م
ماوزەڕ: جۆرە تفەنگێکی سەردەمی عوسمانلییە.
مشکی: خۆڵەمێش.
مەتەلگ: پارەیەکی زۆر ناچیز بووە.
مەرەد: مرض، نەخۆشی.
مەستی: سۆلی پیاوان.
مەڵێ: تومەز.
مەودا: دەمی کێرد، یا هەر شتێکی تیژ.
مێکوک: داربەلەک.

ن
نابوویەوە: خۆی ئامادە کردبوو، بڕیاری دابوو.
ناقرە: قوڕقوڕاچکە.
ناگوزووری: ئیحتیاجی، ناچاری.
نکال: کەنار، قەراخ.
نۆڕ: دوعای بەد.
نەئەڕەسیا: نەئەگەیشت.
نەبان، غەریب، نەناس.
نەداخاوت: دەنگی لێوە نەدەهات.

نەواڵ: دۆڵ و شیو.
نەورایی: تەختان.
نەیدەکردەوە: خۆشی نەدەکردەوە.
نەینک: ئاوێنە.
نیر و ئاموور: نیلە و مژان، ئەسبابی جووتکردن.

و

وشت: هاندانی تانجی بۆ نێچیر گرتن.
وڵسات: ئاژەڵ و گاوگۆتاڵ.
وێجا: ئەمجا.
وێروەتر: بەملاترەوە.

ه

هاسانە: ئاسانە، کەوشکەن، سەردەرانە.
هۆک: ئارەزووی جووتبوون.
هەتوان: مەڵهەم.
هەربینا: هاکا، هەر ئەوەندەت زانی.
هەژگ: هەژک.
هەلۆرکە: هەلۆرک. جۆلانە.
هەنیە: ناوچاوان، توێڵ.
هەوێژ: هاودەنگ.
هێڕ: گێل و گەمژە.
هێلوون: هێلانە.